# ئەنفالستان

سالنامەیەکی تایبەتە بە تاوانی ئەنفال وجینۆساید

**ئەم ژمارەیە وەك ڕێزلێنان لە ساڵیادی قوربانیانی تاوانی کیمیابارانی گوندی وەرێ دەردەچێت**

**ژمارە (8)**

خاوەنی ئیمتیازوسەرنوسەر

عومەرمحمد

ئەندامی شانازی مامۆستا گەرمیانی

هاوکارانی ئەم ژمارەیە :

کـــــــــــەلار

سمکۆ سابیر- محمد سابیرکەمەر- پشکۆ محمد رۆستم

کـــەرکــــــوك: مەلا ئیدریس

کفـــــری : عاصی فرود

بازیان: مامۆستا ئەرسەلان چیمەنی

گۆپتەپە: مامۆستا هیمن عەبدولا

دیزاینی بەرگ : زانیار نجم الدین

دیزاینی ناوەوە عومەرمحمەد

وێنەی بەرگ : فرانکویس رۆبێرت

E- Anfalistan@yahoo.com
Til: 07701520287
07501223421

0 |




لەکاتێکدا سەرقاڵی دەرچوونی ئەم ژمارەیە بووم، ئەوەی بەلامەوە گرانبوو بەتاڵکردنەوەی کاسێتەکان (تفریغ) کردنو چاپکردنی ئەودیدارو چاوپێکەوتنانە بوون لەکاسێتی ڤیدیۆوە بۆ سەرکاغەز، کە لە ناوچە ئەنفالکراوەکان ئەنجامم دابوون، بەلام خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی کوردستانو تەقەکردنو کوشتنی لاوان لەسەر شەقامەکانی شار تەواو سارد یان کردمەوەو ئەوەندەی ترئەرکەکەی گرانکردم، بۆیە بە بێتاقەتیو دودڵییەکی زۆرەوە شانم دایە بەر..

منیش مرۆڤمو هەستم هەیە، لەسۆنگەی ئەم ساڵنامەیەوە رووبەرووی گەلێك نەیارو کۆسپو دژایەتی کردنی بێویژدانەنەو تۆمەتچیو خەڵکانی درۆزنگ بوومەتەوە، بەلام هەرگیز کۆڵم نەداوە، خەمساردیو بێباکی حکومەتو لوتبەرزی بە ناوپسپۆرو شارەزایانی حکومەت نەبوونە مایەی ئەوەی هەنگاوێك لەئەرکەکانم دوابخەن، بەلام کە جارێکی تر خوێنی رۆڵەکانی میللەتەکەم بەدەستی چەکدارانی حزبو هاوشاریو هاونیشتمانی خۆیان لەسەر شەقامەکان بینیەوە کە بەوپەری بێباکیو دڵرەقیەوە مامەڵە لەگەڵ دواکانیان دەکریو بە ئاژەوگێرو تێکدەرو ناوبرێن.. ئیدی باسکردن لە ئەنفالو کۆمەلکوژییەکانی سەدەی رابوردو نەك هەر خوێنەری بۆ پەیدانابێت بەڵکو رەنگە بەشێتم بزانن..

بێگومان هەموو دەسەلاتێك دژی نەتەوەو میللەتی خۆی توندوتیژی دەکات، ئەوانەی پێیانوایە دەبێت دەسەلاتی کوردستان لەم خەسڵەتە بەدەربێت بەهەڵەدا چوون، چونکە دەسەلاتی ستەمکار بەهەموو شێوەیەك روبەروی نەیارەکانی دەبێتەوە نمونەش توندوتیژی بەعس بوو دژی عەرە شیعەکانی خواروو تا ئاستی کۆمەلکوژی، بەلام ئەوەی لە دەسەلاتدارانی هەرێمی کوردستان، ناشرینە ئەوەیە ئەم میللەتە زولمی زۆری لێکراوەو مەینەتی زۆری بەدەستی ئەو حکومەتانەوە چەشتووە کە خۆیان ئۆپزسیونیان بوونو ئەم میللەتەش پشتوپەنایان بووە.

دەبوایە دەسەلاتدارانی هەرێمی کوردستان لە دوای تاوانی هەڵەبجەو ئەنفالەوە، کوشتنی کورد بەدەستی کورد هێڵی سووربوایە، ئەوەندە تەندروستو بە ویژدان بوونایە پێویستیان بە پاسەوان نەبوایە لە دوایانەوە بڕوات.. چ جای ئەوەی گەندەڵیو ناداد پەروەریان بگاتە ئاستێك لە ناوخۆوە بەردیان تێبگیرێت..؟ دەبایە ئەوەندە رەفتاریان بەرزبوایە ببونایەتە نمونەی دەستپاکیو داوێن پاکی نەك لە پارتیزانو خەباتگێڕەوە ببنە (نەوت فرۆش)و خاوەن کۆمپانیای زەبەلاح.. بەلام ئەفسووس .. ئەوان نەك هەر وانە بوون بەڵکو تۆمەتبارانی ئەنفالو هەڵەبجەشیان دالدەدا .

لەبری ئەوەی ئاوەدانیو شکۆی ئازادی بەرنەوە بۆ هەڵەبجە دەبابەیان بۆ بردەوە. ئەمە ئەو خەوشەیە کە وێنەی هەرێمی کوردستانی شێواندووە.

بەداخەوە نەك درکیان بەوە نەکرد دۆسێکانی ئەنفالو هەڵەبجە بکەنە کلیلی چارەسەری کێشەی سیاسی کوردستان، بەڵکو یادەوەریەکانی ئەنفالو هەڵەبجەشیان دابەزاندە ئاستی نمایشکردنو تەمراتێنی ئۆتۆمبیلە گرانبەهاو جام تاریکەکانیانو گەرەکیانە بەهاو مافی مرۆڤیان دابەزێننە ئاستێکی هەرزان .

# تەیمور ...گەیشتەوە نیشتمان



حکنە دویج ئەلزیدی ئەوژنە عەرەبەی تەیموری بەخێوکرد

## سەرنوسەر

وڵات بەتەواوی خرۆشابوو رۆژنامە ئازادەکان کردبویان بەهەڵایەك مەپرسە، بە مانشێتی بەگەورە نوسیبویان (تەیمور) دێتەوە، یاستارو یا ڕەزاق ئەمەیان کێەو چ کارەیە ؟ ئەوە گەیشتە شەقامی ژمارە ئەوەندە کاتژمێری ئەوەندە لە فرۆکەخانەی ( ڤێرجینیا ) سوار دەبێت، کوردەکانی تاراوگە دەستیان لە کارو کاسبی خۆیان هەڵگرتووەو بە حوزنەوە بەرێی دەکەن، میدیا حزبی وناحزبی کێبەرکێیەکیانە، وەکو خۆیان بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن هەڵخرانەدبێ، بێژەرێك هێندە خۆی سەغلەتکردبوو دەماری ملی کتومت بۆری ئاوی ماڵان دەرپەری بوو، دەیقیراندوهاواری دەکرد بەخێربێیتەوە هەی ناسنامەی جینۆسایدی نەتەوەیمان ئەوە ( سەرۆك و یاوەرەکانی لەگەڵ گەیشتنت، لە فرۆکەخانەن) رۆژنامە ئەهلیەکان سەرکۆنەی دەسەڵاتدارانیان دەکردو دەیاننوسی تەقە راگرن باتەیمور دڵی دانە خورپێ، کە پرسیم ئاخۆئەم تەیمورە چ کارەیە..؟ ووتیان: هەی هوومالێ تێنەگەیشتی تۆشمان بە قورگرت، ئەی نابیستی رۆژنامەو تەلەفزیون و ڕادیوێ لەسەر هاتنەوەی ئەو قسە دەکەن..؟ ووتم ئاخر چییە ئەم تەیمورە کێیە ؟ چ کارەیە لە بەرەبابی کام سەرۆکە..؟ ووتیان بابە سەرۆکی چی و بەرەبابی چی؟ کوڕە کەسی نەماوە ئەنفال مەحفی کردوونەتەوە، ئەو منداڵە گەرمیانیە، نەگبەتە بۆخۆشی لە بیابانەکانی سەماوە لەناو سەدچاڵی پڕلەتەرمدا بە برینداری و خەڵتانی خوێنەوە رزگاری بووە، کاتی خۆی یوئێن بردوویەتی بۆ ئەمریکاو سبەی بەسەفەر دێتەوە بۆ گەرمیان و سەردانی " کوڵەجۆ" گوندەکەی خۆیان دەکات ماوەیەك لێرەدەبێ و دەرواتەوە.ئاو بێنەو دەستبشۆ هەرئەوەندەی لەناو ئەو داڵغەیە هاتمە دەرێ ووتم: جا بۆ نا..؟ ئەگەر ئەوان لە هۆلۆکۆست رزگاریان بوایە لەم دالغەیەی من زیاتریان بۆ دەکرا.. بەسەری خۆم کۆنگرەیەك کرا بۆ گۆری بەکۆمەڵ بەندە بابەسەکە لەسەر ئەو دەربازبوانە بوو، بیست کەسی چاوشین وقژ زەردیان لە شەرق و غەرب بانگکردبوو، کەچی لەوانیان نەگیرایەوە تەنانەت تەیمور بۆخۆی هاتبووەوە هیچ خەرجیەکیشی تێنەدەچوو پێیان نەگوتبوو، ئەوانەی گوندی کورێمیش بە واسیتە بەرپرسە فەندی ئیزنیاندابوون بچن بۆ ئەو کۆنگرەیە..!! ئەوەیە دەردی میللەتی من.

# ڕێگایەکی تر بۆ یادکردنەوە

## با یادی هەڵەبجەو ئەنفال بکەینە ڕۆژی سەرنەبڕین

دوای ٢٣ساڵکۆمەلکوژیو نزیکەی ٢٠ ساڵ لە حکومڕانی کوردی، هێشتا وەك وەفادرایەك بۆ قوربانیەکانی تاوانانەکانی جینۆساید ئێمە خاوەنی پەیامێکی کۆمەڵایەتی بەرزین، جگەلەگێرانی مەراسیمەکانکە شوێنی بەڵینەجێبەجێنەکراوەکان، ناسراوە شتێکی ترمان لەو یادانە شین نەکردووە، بۆیە پێویستمان بەپەیامێکی کۆمەڵایەتی گشتگیرهەیە، کەهەم گوزارشت لە هەستێکی بەرزی کۆمەڵایەتی بکاتو شکۆیەکی بەرچاو بەکردەوەش بۆژیانی زیندوانو قوربانیەکان بگێرێتەوەو ببێتەمایەی شەرمەزاریش بۆ هەرجۆرە تاوانێك بەتایبەتی لەو ڕۆژانەدا.

بۆئەم مەبەستە چەند پێشنیارێك دەخەینە بەردەست هەرتاکێکی کورد، تاوەك ئەرکێکی ئینسانیونەتەوەیی بەکردەوە شکۆ بۆهای ژیان دابنێت

**پێشنیارەکان:**

- دوو ڕۆژ بۆ سەرنەبرین ، واتە لەهەردوو یادەوەری ٣/١٦ و ٤/١٤ هیچ پەلەوەرو ئاژەلێك سەرنەبڕدرێتو قەسابخانەکانو چێشتخانەکان پابەندبن بەم پەیامە کۆمەڵایەتیەوەوگۆشت نەفرۆشن. بەپێچەوانەوە خواردنو فرۆشتنی ببێتە عەیبێکی گەورەو هەموتاکێکی کورد گۆشتخواردن لەخۆی قەدەغە بکات.

هەرتاوانێکی خوێن رشتن لەدژی مرۆڤ حوکمەکەی دووئەوەندەی برگە یاساییەکان بێت کە لەیاسای دەوڵەتدا هاتووەو وەك ڕەنگدانەوەی کەلتوری کۆمەڵایەتی بۆ ڕەتکردنەوەی توندوتیژیو کۆمەڵکوژی لەدەسوریشدا جیگەی بۆبکرێتەوە.

- ڕۆیشتن بۆسەرمەزاری قوربانیەکان لەهەڵەبجە، بالیسان، بانی مەقان، دێبنە، گۆپتەپە، کوڕێمێ، بارزان لەسەنتری شارەکانەوە بەپیادە بێتو لەدوری چەند کیلۆمەترێکی دیاریکراوەوە ئۆتۆمبیل یاساغ بێت، تا وەك ڕێپێوانێکی ڕێزلێنان بچینە سەرمەزاری قوربانیان.
- لەیەکێك لەو یادەوەریانەدا کۆمەڵگەی کوردستان یاداشتێك ئاڕاستەی دەوڵەتی عێراق بکات بۆئەوەی لە یاسای دەوڵەتدا سزای لەسێدارەدان هەڵگرێ .

**ئامانجی پێشنیارەکان :**

- وەك کاردانەو پەرچەکردارێکی ئاشتیخوازانە دژبەکۆمەڵکوژیوجینۆسایدی گەلی کورد.
- هەموومان دەزانین لەجیهانی ئیسلامدا ڕۆژانی جەژنی قوربان دەبێتە ڕۆژی سەربرینوکوشتار، زۆرترین ئاژەڵوپەلەوەر سەردەبڕدرێت. لەساڵی ١٩٨٨ دا بەتایبەتی کەتاوانی ئەنفال لەناوچەی گەرمیاندا کەوتە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوەوئەنفالی قۆناغی چوارەمیش ناوچەی شوانو قەڵاسیوکەو شێخ بزێنیو دەشتی کۆیەی گرتەوە لەنێوان ئەو دووجەژنەدا دەیان هەزارخەڵك نەك هەرفریای

جەژنکردن و گۆشتخواردن نەکەوتن بەڵکو، سەرباری برسیکردنیان لەکەمپی تۆپزاوا پۆلێنکران بۆکۆمەڵکوژی، بەپێی قسەی دەربازبووەکانی کۆمەڵکوژی دوای برسیکردن و تینوکردن و بێهێزکردنیان پرۆسەی کۆمەڵکوژیەکە ئەنجامدراوە،ئەوانەشی برابوون بۆ نوگرەسەلمان شەش مانگی ژیانیان بەبرسێتی بەسەربرد.

- هەڵەبجەیی و بالیسانیەکانیش لەئێوارەی ١٦/٣ و١٦/٤ دا لەبری ژەمە خواردن ژەهریان دەردخواردرا. بۆیە جوانترە لەورۆژانەدا ماتەمینی ڕاستەقینە رابگەیەنین.
- رۆژی سەرنەبرین وگۆشت نەخواردن لەو رۆژانەدا، بەواتای ڕۆژی رێزگرتن لە ژیان دێت.
- رەنگە ئەم نەریتە ببێتە مایەی سەرنجی میدیای جیهانی و پشتیوانیەکی گەورەی نێونەتەویی بۆناساندنی تاوانی جینۆساید لەجیهاندا و هەنگاوێکیش بێت بۆ چارەسەری کێشەی سیاسی کورد. لەداهاتووشدا کۆمەڵگەی کوردی بەکردەوە دەباتە سەر رێگاکانی ژیاندۆستی و تەندروستر مامەڵە لەگەڵ ناکۆکی و ململانێ سیاسیەکانی دەکات .و رەگەزەکانی دڵرەقی و توندرەفتاری کاڵدەکاتەوە.
- لەگازباران و پەلامارەکانی ئەنفالدا نەك هەرمرۆڤ بەڵکو ئاژەڵ و باڵندەش بوونە قوربانی و بەهۆی گازی کیمیاویەوە منداربوونەتەوەو گیانیان لەدەستداوە.

**تێبینی :**

ئەم پێشنیارانە لەئەنجامی ئەو بەدواداچوون و دیدارە رۆژنامەوانیانەی ئەنفالستانەوە هاتوون لەماوەی ئەوحەوت ساڵەی دەرچوونیدا، دەردەکەوێت کەزۆربەی کەسوکاری کیمیاباران و ئەنفالکراوەکان تائەوکاتەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە موچەیان بۆبراوەتەوە لەجەژندا توانای گۆشت کرینیان نەبووەو جەژنیان نەکردووە، هەروەها زۆربەیان دوای هاوسەرگیری وماڵپێکەوە نانەوەش ئەگەرتواناشیان هەبووبێ جەژنیان نەکریووە تائەوکاتەی منداڵەکانیان گەورەبوون، ئێستاش زۆربەیان لەبەرخاتری پیرۆزی بۆنەکەو هەستی منداڵەکانیان رۆژانی جەژن گۆشت دەخۆن.

کەوایە دەتوانین ئێمەش لەو دوو رۆژەدا هەم هاوخەمی قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران بین و هەم وەك بەرچەکردارێکی کۆمەڵکوژی ئەو رۆژانە بکەینە دژی ( سەربرین) تا لەرێگایەوە توندوتیژیش کەمبکەینەوەو کۆمەڵگایەکی ژیاندۆست و تەندروست بین .

خوێنەری بەرێز تۆش وەك مرۆڤێك و وەکو تاکێکی کورد پابەندبە بەم ئەرکە کۆمەلاّیەتیەوە .

**بەفەرمی ناسینی جینۆسایدی بارزانیەکان لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە کلیلێکی ترە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی کورد.**

# ئەم ساڵنامەیە وەك پرۆژە

بەداخەوە کەپاش (٨) ژمارە، ئەنفالستان هێشتا نەبووەتە گۆڤارێکی مانگانە یان وەرزی، هەربۆیەش ناتوانێ وەکو پێویست بەئەرکەکانی خۆی هەستێت، بەڵکو لەئێستادا تەنها وەك ساڵنامەیەکی چاپکراو، هەرئەوەندەی پێ جێبەجێدەکرێت ئەویش بەکۆلێك کەموکوڕیو هەڵەی چاپو دیزاینەوە، دەکەوێتە بەردیدەی خوینەرانی.

هۆکارەکشی لەبەرئەوەیە ئەم بلاّوکراوەیە جگە لەکۆمەککارەکانی خۆی هیچ سەرچاوەیەکی ئابوری نیە، تابتوانێ بەلای کەمەوە لەرێگەی ماڵپەرێکی تایبەتمەندەوە چیرۆکەکان بەزارەکیش پەخش بکات، بۆیە ئەوەندەی توانای بەسەریدا بشکێ لەسەر نوسینەوەی چیرۆکەکان، دۆزینەوەو چاپکردنی بەڵگەنامەکان، بەتایبەتی لەگەڵ قوربانیەکانی دەستی ڕژێمی بەعس لەساڵانی سەرەتای هەشتاکانەوە، هەرلەگەڵ پاکتاوکردنودەربەدەری کوردە فەیلیەکانەوە تادەستنیشانکردنو بێ سەروشوێنکردنی بارزانیەکانو دواتریش کیمیابارانکردنی گوندەکانی کوردستانو پەلامارەکانی ئەنفال لەساڵی ١٩٨٨ دا. بەبێ گوێدانە ڕووخساری قوربانیو بیروباوەڕی مەزهەبی و ئایدیۆلۆژی پەیڕەوی کاری خۆی دەکات

بێگومان قوربانی لەعێراقدا تەنها کورد نەبووە، بەڵام ئەم گۆڤارە تەنها لەسەر قوربانییانی جینۆساید دەوەستێ کە بێگومانین قوربانیەکانیش هەرعێراقیین بەکوردوعەربو تورکمانەوە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن ڕژێمی حیزبی بەعسەوە ڕوبەڕوی توندوتیژی و ستەمکاری بوونەتەوە، قوربانیەکانی جینۆساید ئەگەر کۆمەڵکوژ وبێسەروشوێنیش نەکرابن ئەوا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ تووشی زیان بوون .

ئەو بابەتانەی لەم ساڵنامەیەدا بەرچاو دەکەون بێگومان بێ کەموکوڕی نین بەڵام بەلای کەمەوە جۆرێك کاری پرۆفیشنالیتیش لەخۆدەگرێ، بەکەموکوڕیو کاری کرچوکاڵیشەوە چ نمایشکردنی ئەو بەڵگەنامانەی لەگۆڤارەکەدان یان، گێڕانەوەی چیرۆكو بەسەرهاتەکان لەلایەن قوربانیانەوە کۆی ژمارەکانی ئەم ساڵنامەیە پێکدەهێنن.

کۆششی ئەنفالستان لەوپێناوەدایە کەچیرۆکی ئەم قوربانیانە بەدوور لە دەمارگیری نەتەوەییو توندڕەوی ئایدیۆلۆژی بخاتەڕوو، ئەمەش بۆئەوەیە بەشداری کاریگەری هەبێت لە بنیاتنانەوەی هوشیاریو کلتوری لێبوردەییو ڕەتکردنەوەی توندوتیژی و بیری دواکەوتوانەی تۆڵسەندنەوە بەهەموو جۆرەکانیەوەو بەهیچ پاساوێك شەرعییەتی پێنەدات .

ئەرکەکانی ئەمساڵنامەیە لەم هەنگاوانەدا کۆدەبنەوە :

ئەوەندەی لە توانایدابێتو بۆی بلوێت لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر لایەنە شاراوەکانی ئەنفال بکات. بەڵام ژیانی دەربازبووەکانو قوربانییەکانو کەسوکاریشیان بەهەند دەگرێو کاری جدی لەسەر دەکات .

لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوبەڵگەنامانەی بەدەستیان دەهێنین و بلاّویاندەکەینەوە چ (نوسراو یان بیستراو) کە زۆرجار قوربانیاکانو هەندێك جاریش تیوەگلاوەکانو هەندێکجاری کەمیش تاوانبارەکان پێشکەشمان دەکەن، بێگومان لەهەموو حاڵەتەکاندا ئەرکی ساڵنامەکە ئەوەیە بەدواداچوون بکاتو لەڕاستییەکان دڵنیابێت، تاکو وەك بەڵگەنامەیەکی جێی متمانە بیانداتە دەستەوەو گومان لە سەر ڕاستو دروستی نەمێنێ .

ئەگەرچی لەئێستا ئەم ساڵنامەیە تۆمارکردنی ئەو بەڵگانە تەنها لەرێگەی نوسراوەوە نمایش دەکات، بەڵام

وەنەبێ بەڵگەکان بەدەنگ و وێنە فەامۆش بکات، بەپێچەوانەوە هەڵگرتنی ئەو لایەنانە هەڵدەپەسێرین بۆ ئەوکاتەی کە توانای دانانی سەنتەرێکی شایستەمان دەبێت بۆ وەها ئەرکێك یان بەلای کەمەوە ماڵپەڕێکی گونجاومان دەبێت ..

بێگومان پرۆژەی ئەم ساڵنامەیە ڕەخنەی زۆری لەسەرەو پڕ کەمو کوڕیە بەلاَم دەبێت ئەوە بڵێین کە یەکبالَیو نەبوونی سەرچاوەیەکی دارایی‌و سەرقاڵبوون بە بژێوی ژیانەوە هۆکاری پێشنەکەوتنی بوون، خوێنەر دەبێت ئەوەی لەبەر چاوگرتبێ کە تەنیا دیدارێك نەك هەر پارەو پولێکی ویستووە بەڵکو کاتێکی زۆریشی ویستووە تا ئامادەکراوەو خراوەتە بەردەستی خوێنەر. ئەمە جگە لەوەی کە تۆمارکردنی هەردیدارێك بەکاسێت یان بەڤیدیۆ و خستنەوەی بۆسەر کاغەز کاریکی ئاسان نیە.

هەوڵدان بۆ دەستکەوتنی بەڵگەنامە( نوسراو و بیستراو) وێنەو نوسراوەکانی حکومەت یان قوربانی، هەرگیز لەتوانای تاکە کەسێکی وەکو سەرنوسەر یان خاوەنی ئەم ساڵنامەیەدا نیە، بەلاَم لەم بارەیەشەوە توانیومانە ببینە بەشێك لەو ئەرشیفەی کە لەداهاتوودا ببینە هاوکارێك یان رەگەزێکی بنیاتنانی مۆزەخانەیەکی نیشتمانی چ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بێت یان لەسەر ئاستی عێراق .

بەرهەم هێنانی فیلمی سینەمایی‌و دۆکۆمینتاری هەرگیز لەتوانای پرۆژەیەکی وەکو ئەم ساڵنامەیەدا نییە کە لەسەر ژیانی قوربانییەکان ( دەربازبوان‌و بێسەرو شوێنەکان) ئەنجامیبدات. ئەمە نەك لەبەرئەوەی پێویست نیە بەڵکو لەبەرئەوەی کاریکی گران‌و پڕخەرجیە.

نووسین و لێکۆڵینەوە لەسەر قوربانییەکان، حاڵ‌و ژیانی پێشوتریان واتە بەرلەوەی ببنە ئامانجی کۆمەڵکوژی، لەسەر کۆکردنەوەو گرتن‌و ئازادکردنیان‌و ژیانی ئێستایان، بێگومان ئەمەش بەشێوەیەکی زانستی‌و بێلایەنانە. چونکە ئەنفالستان هیچ ناسنامەیەکی حزبی‌و سیاسی نادات بە ئەنفالکراوان تەنها ناسنامەی نەتەوەیی نەبێت .

ئەنفالستان پابەندە بە میتۆدی بێلایەنی‌و زانستییەوە، ئەمە هێڵی گشتی و چەسپاوی کارکردنی ئەم ساڵنامەیەیە، بەم میتۆدی کارکدنەیەوە دەیەوێت، ببێتە بەشێك لەسەرچاوەکانی دۆکۆمینت بۆ ئەنفال‌و گازبارانکردنی کوردو کۆمەڵکوژی پێشتری گروپەکانی تری کورد وەکو فەیلیەکان‌و بارزانیەکان‌و بخرێتە بەردەم توێژەرەوان و پسپۆرانی بواری جینۆساید .

بێگومان ئامانجی ئەم ساڵنامەیە لەوەش واوەتر کە هەندێك دەستخۆشیمان لێدەکەن لەبەرئەوەی پێیانوایە ئەمە گرنگە بۆئەوەی نەوەی دوا ڕۆژ بزانن چی بەسەر میللەتەکەیاندا هاتووە..ئەگەر ئەوە بەشێکی ئامانجەکەبێت ئەوا کۆی ئامانجی ئەم پرۆژەیە هوشیاری پەیداکردنە لە پێناوی دووبارە نەبوونەوەی تاوانەکە، کە بێگومانین بەشێکی زۆری لەسۆنگەی بێدەنگیەوە بوو، هەڵبەت کاتێك مرۆڤ لەمەترسیەکانی بێدەنگی تێدەگات ئامادە باشی زیاتری هەیە بۆئەوەی کولتورێك دامەزرێنێ کە لەناخەوە مرۆڤ، ڕێز لەمرۆڤ بگرێت . هەمووومان دەزانین کاتێك دەستبەرداری ئەو ریزگرتنە دەبێت بەپیسی‌و پۆخەڵی خۆیەوە ناوەستێ بەڵکو سروشت‌و ژینگەی مرۆڤایەتی‌و ئاژەڵانیش ویران دەکات.

لەگۆڤارەکەدان یان، گێڕانەوەی چیرۆك‌و بەسەرهاتەکان لەلایەن قوربانیانەوە کۆی ژمارەکانی ئەم ساڵنامەیە پێکدەهێنن.

کۆششی ئەنفالستان لەوپێناوەدایە کەچیرۆکی ئەم قوربانیانە بەدوور لە دەمارگیری نەتەوەیی‌و توندڕەوی ئایدیۆلۆژی بخاتەڕوو، ئەمەش بۆئەوەیە بەشداری

کاریگەری هەبێت لە بنیاتنانەوەی هوشیاریو کلتوری لێبوردەییو ڕەتکردنەوەی توندوتیژی و بیری دواکەوتوانەی تۆڵسەندنەوە بەهەموو جۆرەکانیەوەو بەهیچ پاساوێك شەرعییەتی پێنەدات .

ئەرکەکانی ئەمسالنامەیە لەم هەنگاوانەدا کۆدەبنەوە :

ئەوەندەی لە توانایدابێتو بۆی بلوێت لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر لایەنە شاراوەکانی ئەنفال بکات. بەڵام ژیانی دەربازبووەکانو قوربانییەکانو کەسوکاریشیان بەهەند دەگرێو کاری جدی لەسەر دەکات .لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوبەڵگەنامانەی بەدەستیان دەهێنین و بڵاویاندەکەینەوە چ (نوسراو یان بیستراو) کە زۆرجار قوربانیاکانو هەندێك جاریش تیوەگلاوەکانو هەندێکجاری کەمیش تاوانبارەکان پێشکەشمان دەکەن، بێگومان لەهەموو حاڵەتەکاندا ئەرکی سالنامەکە ئەوەیە بەدواداچوون بکاتو لەڕاستییەکان دڵنیابێت، تاکو وەك بەڵگەنامەیەکی جێی متمانە بیانداتە دەستەوەو گومان لە سەر ڕاستو دروستی نەمێنێ .

ئەگەرچی لەئێستا ئەم سالنامەیە تۆمارکردنی ئەو بەڵگانە تەنها لەرێگەی نوسراوەوە نمایش دەکات، بەڵام وەنەبێ بەڵگەکان بەدەنگ و وێنە فەامۆش بکات، بەپێچەوانەوە هەڵگرتنی ئەو لایەنانە هەڵدەپەسێرین بۆ ئەوکاتەی کە توانای دانانی سەنتەرێکی شایستەمان دەبێت بۆ وەها ئەرکێك یان بەلای کەمەوە ماڵپەرێکی گونجاومان دەبێت ..

بێگومان پرۆژەی ئەم سالنامەیە پڕ کەموکوڕیە بەڵام دەبێت ئەوە بڵێین کە یەکباڵیو نەبوونی سەرچاوەیەکی داراییو سەرقاڵبوون بە بژێوی ژیانەوە هۆکاری پێشنەکەوتنی بوون، خوێنەردەبێت ئەوەی لەبەرچاوگرتبێ کە تەنیا دیدارێك نەك هەرپارەو پولێکی ویستووە بەڵکو کاتێکی زۆریشی ویستووە تا ئامادەکراوەو خراوەتە بەردەستی. ئەمە جگە لەوەی کە تۆمارکردنی هەردیدارێك بەکاسێت یان بەڤیدیۆ گواستنەوەی بۆسەر کاغەز کاریکی ئاسان نیە.

هەوڵدان بۆ دەستکەوتنی بەڵگەنامە( نوسراو و بیستراو) وێنەو نوسراوەکانی حکومەت یان قوربانی، هەرگیز لە توانای تاکە کەسێکی وەکوخاوەنی ئەم سالنامەیەدا نیە، بەڵام لەم بارەیەشەوە توانیومانە ببینە بەشێك لەو ئەرشیفەی کە لەداهاتوودا ببینە هاوکارێك یان رەگەزێکی بنیاتنانی مۆزەخانەیەکی نیشتمانی چ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بێت یان لەسەرئاستی عێراق .

ئەنفالستان تەنها پرۆژەیەك نییە بۆ دۆکۆمینتکردن بەڵکو پرۆژەیەکیشە بۆ بنیاتنانەوەی خۆشەویستی، ئەمەپێداویستیەکی زۆرگرنگە کورد لەدوای ئەنفالەوە بیری لێبکاتەوەو لەسەر زەمینەی واقع پیادەی بکات.. چ گەورەییەکە لە رۆژانی ٣/١٦ یان ٤/١٤ ببینە خاوەنی بریاروپەیامێکی کۆمەڵایەتی بەرز پەیامێك بەهەموو جیهان رابگەیەنین. لەم یادەدا داوادەکەین سزای لەسێدارەدان لەوڵاتدا هەڵبگیرێو ئاشتی جیهانی بەرقەرار بێت

ئەم سالنامەیە ئەگەر بەدەستکورتیو هەژارانەش بێت کۆشش دەکات بۆ رێزگرتن لە قوربانیو متمانەکردن بە هاوڵاتیبوونو پیرۆزراگرتنی بەهاکانی مرۆڤ، ئەمەش لەپێناو ئەوەدایە بگەینە دانپێدانانێکی مرۆڤانە، بەقەد قەبارەی تاوانەکە، شکۆ بۆ مرۆڤی کورد بگەڕێتەوە.

بەرهەم هێنانی فیلمی سینەماییو دۆکۆمینتاری هەرگیز لەتوانای پرۆژەیەکی وەکو ئەم سالنامەیەدا نییە کە لەسەر ژیانی قوربانییەکان ( دەربازبوانو بێسەرو شوێنەکان) ئەنجامیبدات. ئەمە نەك لەبەرئەوەی پێویست نیە بەڵکو لەبەرئەوەی کاریکی گرانو پڕخەرجیە.

نووسین و لێکۆڵینەوە لەسەر قوربانییەکان، حاڵو ژیانی پێشوتریان بەرلەوەی ببنە ئامانجی کۆمەڵکوژی، لەسەر کۆکردنەوەوگرتنو ئازادکردنیانو ژیانی ئێستایان، بێگومان ئەمەش بەشێوەیەکی زانستیو بێلایەنانە. چونکە ئەنفالستان هیچ ناسنامەیەکی حزبیو سیاسی نادات بە ئەنفالکراوان تەنها ناسنامەی ئینسانیو نەتەوەیی نەبێت .

ئەنفالستان پابەندە بە میتۆدی بێلایەنیو زانستییەوە، ئەمە هێڵی گشتی و چەسپاوی کارکردنیەتی، بەم میتۆدی کارکدنەیەوە دەیەوێت، ببێتە بەشێك لەسەرچاوەکانی دۆکۆمێنت بۆ ئەنفالو گازبارانکردنی کوردوکۆمەڵکوژی پێشتری گروپەکانی تری کورد وەکو فەیلیەکانو بارزانیەکانو بخرێتە بەردەم توێژەرەوان و پسپۆرانی بواری جینۆساید

بێگومان ئامانجی ئەم ساڵنامەیە لەوەش واوەتر کە هەندێك دەستخۆشیمان لێدەکەن لەبەرئەوەی پێیانوایە ئەمە گرنگە بۆئەوەی نەوەی دوا ڕۆژ بزانن چی بەسەر میللەتەکەیاندا هاتووە.. ئەگەر ئەوە بەشێکی ئامانجەکە بێت ئەوا ئامانجی ئەم پرۆژەیە هوشیاری پەیداکردنە لە پێناوی دووبارە نەبوونەوەی تاوانەکە، کە بێگومانین بە شێکی زۆری لە سۆنگەی بێدەنگیەوە بوو، هەڵبەت کاتێك مرۆڤ لە مەترسیەکانی بێدەنگی تێدەگات ئامادە باشی زیاتری هەیە بۆئەوەی کولتورێك دامەزرێنێ کە لە ناخەوە مرۆڤ، ڕێز لە مرۆڤ بوونی خۆی بگرێت . بەلاَم کاتێك دەستبەرداری ئەو رێزگرتنە دەبێت بە پیسیو پۆخەڵی خۆیەوە ناوەستێ بەڵکو بەعسیانە سروشتو ژینگەی مرۆڤایەتیو ئاژەڵانیش ویران دەکات .

## زمانی میدیای ئازاد وادەبێ ..؟

**ماڵپەرو هەفتەنامەی ئاوێنە بێباکانە نوسیویێتی : " قێزم لەو کەسانە دەبێتەوە کار بۆ ئەنفال دەکەن" لەو ووتارە خرا پۆکەیەدا پە نجە بۆ بەندەو ئەم ساڵنامەیەش راکێشراوە گوایە بەقەد موچەی ٣ ساڵی ئەنفالکراوێك سواڵ کۆدەکەمەوەو گۆڤارێکی بەخۆرایی پێدەردەکەم و خۆشم بە یەکەم قارەمانی ئەنفال دەزانم .. ڕووی قسەم لە قەڵەمە کوالیتی نزمەکەی ئاوێنە نیە، چونکە لەوە باشتری نەکردووەو دەمێکە جنێودان پیشەیەتی تەنانەت بەخودی خۆشی، ئەو تۆمەتانە دەخاتە پاڵ خەڵك کەخۆی پێی عەییدارە، بەلاَم بە" ئاوێنە" دەڵێم، عەیبە میدیای ئازاد کار بۆشکاندن بکاتو فلتەری ئەوەندە شاش بێت قسەی ئاوا نزمی پێدا تێپەڕێ ..من نەسواڵکەرمو نە ڕوزەردی بەردەمی ویژدانی خۆمم، سەربەرزم بەوەی گۆڤارێك بلاَودەکەمەوەونایفرۆشم، وەك گۆشە نوسەکەی ئاوێنە سواڵکەری بەردەم قاپی بەرپرسان بم و لە ئاوێنەشەوە جنێویان پێبدەم..!! بەرێزان من قارەمانی ئەنفالنیم. پلارەکانی ئاوێنە بەڵگەن کە قوربانی ئەنفالم.. قارەمانەکانی ئەنفال هێشتا دادگایی نەکراون، بەڵکو نانی ئەنفالو مەدالیای ئازایەتیی دەخۆن هەی سەلامەت بن .**

# ئەو مرۆڤانەی لەدۆزخ هاتنەوە



**حکومەتی هەرێمی کوردستان بەچییەوە شانازی دەکات کە لەکۆی کۆمەڵکوژی ئەنفالدا تەنها ١٣ کەس لەگۆڕی بەکۆمەڵدا دەربازبووبن و ئێستا هەندێکیان ئاوارەی وڵاتانی تربن و لە ژێرکاری تاقەت پڕوکێندا بناڵێنن، ئەوانەشی لە کوردستانن پۆلیس وپاسەوانی بەرپرسان بن..؟!**

**کەچی ئەوانەی سەرشۆڕی بەردەم ئەنفالکراوەکان و میللەتەکەیانن بە موچەی بەرزەوە لەم وڵاتەدا تەراتێن بکەن ..؟**

ئەو دەکەسەی ئەمساڵ بوونە میوانی ژمارەی ئەنفالستان، لەناو گۆڕی بەکۆمەڵ رزگاریان بووە، ئەوکسانە دەبوایە لەدوای ئەنفالەوە شکۆدارترین و خۆشەویستترین کسایەتی ناو کۆمەڵگەی کوردستان بوونایە، ماڵەکانیان لەماڵی پەرلەمان پۆشتە ترو حصانەی ژیان و سەلامەتیان لەهی پەرلەمانتاران و سەرۆکەکان زیاتر بووایە، چونکە ناسنامەی کۆمەڵکوژی و حینۆسایدی نەتەوەیەکیان لە باخەڵدایەو تەنهاو تەنها بەهۆی بەخت و بەرەنگاریی خۆیانەوە دەربازبوون و هیچ بەزەییەك لەلایەن جەلادەوە نەبووە هۆی رزگاربوونیان، ئەو کەسانە کلیلی دۆسیێیەکی گرنگی ئەم نەتەوەیەیان بەدەستەوەیە.

ئەمڕۆ لەدوای٢٣ ساڵ لەتاوانی ئەنفال تەنها گێرانەوەی چیرۆکی دەربازبوونی ئەوان، بەسە بۆ ئەوەی لەمرۆڤ بوونی خۆمان بکەوینە گومانەوە (ئایا ئێمە مرۆڤین یان بونەوەرێکی تر) ئەگەر مرۆڤین پێویستە لەمرۆڤ بوونی خۆمان نزیکتر بینەوە ئیتر پێویست بەوە ناکات رۆشنبیرانی ناو هۆتێلەکان نان و پیازیان پێوەبخۆن، ئاخر ئەوە چ ناسنامەیەکی رۆشنبیریت پێدەبەخشێت، ئەوان لە مەینەتی و ژیانی پڕ لەکولەمەرگی و کاری تاقەت پڕۆکێندا بژین و رۆشنبیرانێکیش هەبن خۆیان بە گێرانەوەی دۆسیێکانیانەوە بادەن و بەپێشچاویشیانەوە ئەنفالچییەکان بەسەری شۆڕڕموچەی بەرزەوە بسوڕێنەوە..

فەرەجی تۆپخانە لەدیدارێکدا پێی گووتم : دەبوایە ئێمە ئەوەندە رێزمان لێبگیرایە خەڵکی کوردستان ئاواتی بخواستایە، کەسێکی ئەنفال بێت، بەڵام بەداخەوە ئێمە بووینە فلیم خێرو بێرەکەمان بۆخەڵکەوخەم و مەینەتیەکەشی بۆخۆمان

هەریەك لەعەبدولکەریم نایف و عەبدلقهار خەلیل ئاسایشن ..؟ ئەبابکر پاسەوانی ماڵی بەرپرسێکە دەزانن ئەمە چ تاوانێکە..؟ ئاخر ئەگەر کەمێك هەستە ئینسانیەکانمان کاریان کردبایە هەرگیز نەدەبوو ئەوان جارێکی تر چەکیان بدرایەتەوە دەست . کێ دەڵێت لەچرکەیەکدا ناگەڕێتەوە ناو هەمان ئەو چرکەساتەی ئەوانی تێدا کۆمەڵکوژ دەکران، باشە ئەگەر پۆستاڵ سورێك، عەرەب زمانێك بداتە بەر رێژنەی گوللەو تاوانێك روبدات کێ لێی بەرپرسیارە..؟

دەبوایە ئەم دەبازبوانە تا ئێستا دە ئاهەنگی رێزلێنانیان بۆبگێردرایەوخەڵاتی ژیان ومەدالیای شەرەف وئازایەتیان پێببەخشرایەو لە پرسگەی هیچ فەرمانگەو وەزارەتێکی حکومەت، رانەگیرانایەو لە کاتی سەردانیان بۆ هەر فەرمانگەیەك بەرزترین بەرپرس بهاتبایەتە پێشوازییان و سەری رێزی بۆ دابنەواند نایە .. بێگومان ئەمرۆش نەبێت سبەی دەبێت ئەوە بکرێت .چ جای ئەوەی ئەوان خۆیان کارگوزارو شاگردی چێشتخانەو پۆلیس و پاسەوان و فەرمانبەری سادەی حکومەتبن..؟! ئیتر من هیچ نالێم دۆسێکانیان بخوێنەرەوەو کەمێك لە روخساریان هەڵبڕوانە دادوەری ئەم ناهقیەش بە .



# عوزێر

**ناوی ڕاستەقینەی عەزیز وەهاب محمد سلێمانە.**

خەڵکی گوندی تەرجیلی ناحیەی لەیلانی پارێزگای کەرکوکەو هەرلەوێ لەدایکبووە.

لەکاتی ئەنفالدا تەمەنی بیستو پێنج ساڵ بوو، وەکو سەربازێکی

هەڵاتوو، لەگوندی (خدر ڕەیحان )ی ناوچەی قادرکەرەم گیرسابووەوە،.

لە ١٠ ی نیساندا ئەنفالکراوە، وەکو هەزاران کەسی ناوچەکە خۆیدا بەدەست جاشەکانی قاسم ئاغای کۆیەوە هەر دوای چەند سەعاتێك رادەستی ئەمنی قادرکەرەم کراو دواتر بەکاروانێك زیلی سەربازی رەوانەی لیوای سەربازی چەمچەماڵ کران، لە١٤ ی نیساندا لەگەڵ هەزاران ئەنفالکراوی تردا لەتۆپزاوا خۆیان دیتەوە.

١٦/٤/١٩٨٨ لەتۆپزاواوە بۆ شوێنی کۆمەڵکوژیەکە بەرێخران، لەکاتی بارکردنیاندا عوزیر (٣٧٥) سێسەدو حەفتاوپێنجەمین ناوبووە، هەروەك خۆی دەڵێت : ( کە ناوەکانیان دەخوێندەوە یەکە یەکە ئەم ژمارد، سێسەدو حەفتاوچوار ناوی تری پێش من خوێندەوە ! ئیتر نازانم دوای منیش چەنێکیتری خوێندەوە ) عوزێر دیقەتی ژمارەی ئەوپاصەشی داوە کەسوارکراوە ( شورتەی موسل- ژمارە- (٥٠٣٦یان٥٠٣٧ ) بوو. تێبینی ئەوەی کردووە کەناوسەیارەکەپاشماوەی خەڵکی تیابووە ( لەقەد کوشنەکان بەقەڵەم جاف و بەخەتی شین نوسرابوو: بردمانیان بۆ حدودی ئوردن، بردمانیان بۆ حدودی سعودییە) بەوە زانیویانە پێش ئەوانیش خەڵکیان گواستۆتەوە بۆ شوێنی جیاجیا ) لە لۆفەیەکیشدا توانیویێتی لەئاوێنەی سایەقەکەوە ٣٤ سەیارە بژمێرێ ( کەوەك دەنکی تەزبیح بەدوای یەکترییەوە بوون ( چەند سەیارەیەکی شۆفرلێت لەپاش و پێشەوە ڕەشاشیان لەسەر بووپارێزگارییان دەکردن.. هەمان رۆژ لە سەعات ٧:٣٠ ی ئێوارە لە قەراغی گۆرێکی بیاباندا خۆیان دیتەوەو بینیان وا لە بەر بازنەی رۆشنایی لایتی پاصەکەی هاوسەفەریان دوو دوو بەندیەکان دادەگرن و دیانکوژن بۆیە کەوتنە تەکبیرو بەرهەلستی .. سەرئەنجام دوای ئەوەی جەلادەکە دێتە ژوورەوە ئەمان لەسەر ئەو نەخشەیەی دایاننابوو پەلاماریاندا، بەڵام دوای دووهەوڵی جیاواز سەرکەوتوونەبوون و هەرلەناو پاصەکەدا گوللەبارانیان کردن، عوزێرو سێ کەسی تر لەم کۆمەڵکوژیە رزگاریان بوو. عوزێر ئێستا لە ویلایەتی ڤێرجینیای ئەمریکا دەژی و بەکاری تاقەت پروکێن بەرێوە دەچێت.

# فەرەج



**فەرەج محەمەد عەزیز** لەدایك بووی ساڵی ١٩٥٠ گوندی تۆپخانەی ١٢ماڵەی سەربە ناحیەی قادرکەرەمە.

کە ئەنفالکرا باوکی ٩ منداڵ بوو، لەئەنفالی سێدا گیراوەو خۆی داوەتە دەست موستەشار شێخ موعتەسەم بەرزنجیەوەو بەکەمپی قادرکەرەمو چەمچەماڵوتۆپزاوادا ڕەت بوو.

لەبەرواری ١٦ی نیسانی ١٩٨٨ بەرەو شوێنی کۆمەڵکوژیەکەی بیابانی رومادی براون. ئەویش هەرئەو بەیانیە لەگەڵ ئەوکاروانەی عوزیرو رەمەزانو واحیدو ئەنوەرتەیاردالە پاصێکی تردا بەرێگایەکی دوورودرێژدا بەرەو رومادی براون.

لەشوێنی کۆمەڵکوژییەکە دوو دوو پەلکێشکراونەتە دەرەوە، ئەو لەگەڵ صالحی ئامۆزایدا پێکەوە بەجامادەنێی سالح چاویان بەستراوەتەوەو بەپشتێنەکەی فەرەجیش دەستیان بەستراوەو لەتاریکیدا هیچیان نەبینیوە، بەڵام لە هەموولایەکەوە دەستڕێژی گوللەبووە، زانیویانە ئێرە شوێنی کوشتنیانە،لەو کاتەدا فەرەج بیری لەوەکردووەتەوە نۆرە بری لەداگرتنی دوو کوری گەنجی جوان بکات بۆ ئەوەی مەرگی ئەوان بەچاوی خۆی نەبینێ کەچی قەدەر وای کرد تەرمی ئەوانیش بەسەر ئەمدا لەچاڵکەوە فرێدرانە خوارەوە.

گاردەکان کە فەرجو صالحی ئامۆزایان داگرتە خوارەوە، بەخێرایی پشکنیان، بەڵام ئەو ٢٠٠ دینارەی لەناودەرپی کورتەکەیدا شاردبوویەوە لەویش بۆیان نەدۆزرابووەوە. دوای ئەوە بەرەو لێواری چاڵێك پاڵدران، ئینجا فەرمانیان پێکردن شایەتمان بهێننو ڕاکشێن فەرەج لەبەرخۆیەوە کەوتە ئایەتەلکورسی خوێندن: "اللّٰه لا الـهٰ الا هوَ الحیُ القیّوم" فەرماندرا بیانکوژن لەم ساتەدا جەلادەکەش شتێکی دەخوێند وەکو ئایەتەلکورسی یان قسەیەك صدام بوو، گوڕوهووڕی بلدۆزەریش دەهات، هێندەی نەبرد کلاشینکۆف کەوتەکار لەتەنیشتیەوە هەستی بەناڵەیەك کرد ، دەسڕێژەکە وەستاو فەرەجو صالحیان بەنوکە شەقێك هەڵدایە چاڵێکەوە کەپێشتر تەرمی زۆری تێفرێدرابوو. فەرەج کەزانی نەپێکراوە، هەوڵیدا بەلایەکدا دزە بکات، کە کەوتە جووڵە هەستی کرد هەموو چواردەوری لاشەیە، ئینجادەستوچاوی کردەوە، هێندەی پێنەچوو دوو بەندیی تریان هێناو لەسەر چاڵەکەدا پاڵیانخستن و بەگوللە دایانبێژانو فرێیاندانە خوارەوە کەتەرمی ئەو دووگەنجە جوانەبوون کە فەرەج نەیدەویست مەرگیان ببینێ .

فەرەج ڕوانی تاچاو برِکا چاڵەکە درێژەوپڕبوو لەلاشە، لەوەدا بوو بجولێو خۆی بدزێتەوە بەڵام جەلادێك هاتەناوچاڵەکەوهەرچی ببینیایە دەجولێتەوە دەیدایە بەرگوللە لەوکاتەدا بەخەیالیدا هاتبوو پەلاماری بدات، بەڵام ئەوەی نەکردبوو، وای بەخەیالدا هاتبوو کە ئەو سەربازەش بکوژێت خۆی هەردەکوژرێت .

شۆفێرەکە چاوڕێی فەرمان بوو بۆ داپۆشینی تەرمەکان ماوەی چارەکە سەعاتێك لەشوێنی خۆیداماوەیەوە گوێی هەڵخستبوو بەڵام تەقەی بچڕبچڕ دەیان ترساندو نەیدەوێرا بجولێ پاش ماوەیەك سودی لەکپیو بێدەنگی وەرگرت، بەئەسپاییو ترسەوە بەسەر لاشەکاندا تێپەڕیو لەتیمەکانی گوللەباران دووركەوتەوە.

ئەوەی فەرەجی تۆقاندبوو ئەوە بوو کەدیبووی دەوروبەری هەموی هەرچاڵە (بۆیە فەرەج لەدڵی خۆیدا ووتی کورد نەما) کەدورکەوتەوە، ئینجا کەوتە ڕاکردنو نەوەستا، بەڵام لەو بیابانە ترسناکەدا سەگەل بەبۆنی خوێندا شوێنی کەوتن و لێینە دەبوونەوەو تەواو سەغڵەتیان کردبوو ناچار خۆی وەکو جۆرە درندەیەك پیشاندابوو بەو ئەندازەیەی سەگەکان لێی ترسابوونو دورکەوتبوونەوە، ئەوشەوە خۆی لە هەر ڕووناکیەك بەدورگرتو نەیوێراوە نزیکیان بکەوێت، ریگەی کەوتبووە سەر ئاوێك هەرچۆنێك بووە خوێنکەی لەخۆی کردبووە.

کەدنیا ڕوناك بووەوە بەسەر ڕێگایەکی خۆڵدا تێپەڕی بەرەو ئاوەدانیەك بەڵام چیرۆکێکی بۆخۆی دارشتبوو کەگەیشتبووە شوانیێکی پیر پرسیاری لێکردبوو،شوانەکە لەوەڵامدا وتبووی ئێرە پارێزگای "ڕومادی" یەو ئەوانیش کوردی ئێرانینو لێرە نیشتەجی ٚکراون (٦) کابرا مەبەستی بوو بزانیٚ بۆچی فەرەج پێی پەتییە، فەرەجش لەوەڵامدا ووتبووی: سایەقی حوکومەتمو ئۆتۆمبیلەکەم وەرگەراوەو هەرچی بەڵگەو ناسنامەیەکم پێبووە لە ئۆتۆمبیلەکەدا بەجێیماوە بۆیە خۆم لەخاڵی پشکنینی سەربازی دەپارێزم، شوانەکە ناونیشانێکی دایەوپێشی گوتبوو چۆن دزە بکاتە ناوئۆردوگاکەوە، بەو ناونیشانە گەیشتبووە ناوماڵەکان، لەماڵێك ژنێك نانێکی دابوویەو پرسیاری لێکردبوو ئەم شوێنە کوێیە، ژنەش وتبووی کۆمەڵگایەکە بۆ کوردە ئێرانیەکان دروستکراوە، کەخاوەن ماڵەکە هاتەوە فەرەج سیناریوی وەرگەڕانی بۆئەویش گێڕایەوەو لێیپرسی چۆن بگەڕێتەوە بۆ بەغدا، ووتبووی پاسێك لەکۆمەڵگاکەوە بۆ ڕومادی دەردەچێت وئامۆژگاریشی کردبوو چۆن لەخاڵی پشکنین دەربازببێت و هەندیٚ خواردن و جووتیٚ نەعلیشی پێدابوو، فەرەج چوو بۆ ئەو شوێنەی کابرا رێی پیشاندابوو. بەڵام کەپاسەکە هاتبوو فەرەج زۆر ترسابوو جێگە بۆئەو نەمابیٚ بۆیە زۆر لە یەزدان پاراوەتەوە هەلێگریٚو لەم مەینەتیە رزگاری بێت، کاتیٚ بەترسەوە سواری پاسەکە بوو هێشتا شڵەژابوو کەسەرنشینێك بانگی کردبوو، ووتبووی کاك فەرەج وەرە ئێرە لەلای خۆیەوە جێگەی بۆکردبووەوە هەرچەندە فەرەج زۆرترسابوو، بەڵام ئەوکەسەش هەمان چیرۆکی هەبوو ئەویش عوزێر بوو. ئێستا فەرەجیش لە گەڵ عوزێر لە لاوتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژی .

شایانی باسە فەرەجو عوزێرو واحیدو رەمەزانو تەیمور لەگەڵ دەربازبوانی تری کۆمەڵکوژی گوندی کورێمیٚ بەشداری دادگای باڵای تاوانەکانیان کردووەو لەدۆسێی ئەنفالدا شایەتیان لەسەر ئەو کۆمەڵکوژیەداوە.

**چ وێنەیەکی شێواوە..؟**

**ئەم دەربازبوانەی گۆڕی بە کۆمەڵ ئاوارەی وڵاتان بن و بۆ بژی ژیانیان کاری تاقەت پڕوکێن بکەن.. کەچی تاوانبارانی ئەنفال بە سەری شۆڕو موچەی بەرزەوە لە کوردستان تەراتێن بکەن..؟**

(٦) لەمبارەیەوە پەراوێزی راپۆرتەکەی میدل ئێست وۆچ دەلێت: بێگومان ئەم پیرەمێردە شوانە یەکێك بووە لەوهەزاران کوردە ئێرانیەی کەوا لەگوندەکانی ناوچەکانی سنوورەوە ڕاگوێزراون پاش ئەوەی سوپای عێراق لەساڵی ١٩٨٠دا بەشێك لەپارێزگای کرماشانی ئێرانی داگیرکرد، ئەو شوێنەی کەفەرەج باسی دەکات زۆر پێدەچێت ئەوکەمپە بێت کە ناوی ئەلتاش (الگاش) بووە لە نزیك ڕەمادییەوە. بە پێی کۆمیتەی نێودەوڵەتیی خاچی سوورکەوا هاتوچۆی کەمپەکەی دەکرد، نزیکەی ١٢ - ١٥ هەزاردەسبەسەر لەوکەمپەداماونەتەوە لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٢دا. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووٚچ، جنێڤ، ١٤ ی تەمووزی ١٩٩٢. سەرچاوە میدل ئیست وۆچ

# واحید



واحید حەمە سەعید عەبدول لەدایکبووی : ساڵی 1965/7/1

خەلکی گوندی کانی قادری ناحیێ قادر کەرەمە.

ئەو کاتە باوکی دوو منداڵ بوو

کورێکیشی لە بۆمبارانێکی سامناکی فرۆکەکانی بەعسدا زۆر ترسابوو، هەربەو ترسەش گیانی لەدەستدابوو.

لەناوەڕاستی نیسانی 1988. لەنزیك قادر کەرەم خۆی داوەتە دەست جاشەکانی قاسماغاوەو دەستگیرکراوە، ئەویش بەبنکەی کۆکردنەوەی قادرکەرەمو چەمچەماڵدا رەتبووەو لە 14 نیسان لەگەڵ هەزاران کەسی تردا گەیەنراوەتە گرتووخانەی تۆپزاوا، لەبەرەبەیانی 16 نیساندا بە کاروانێك کە 35 پاصی شێوە ئیسعاف بوون، لەگەڵ عوزێرو رەمەزانو ئەنوەرتەیار بە بەکێك لەوپاصانە بەرێخراون دوای 10 کاتژمێر رێگە برین گەیەنراونەتە بیابانەکانی پارێزگای رومادی .

لەهەمان ئەو کۆمەلکوژیەی رومادیدا لە قەراغ گۆرێکی بەکۆمەڵدا لەگەڵ عوزێرورەمەزانو ئەنوەرتەیاردا گوللەبارانکران، بەلآم ئەویش بەخت یاوەری بوو کە بەبریندداری رزگاری بوو، شەوێك تابەیانی رێگەی بریبوو تا لە ئاوەدانیەك کە خۆی نازانێ کوێیە بۆماوەی دوو رۆژ لەماڵی پیاوێکی عەرەب مابووەوەو هەندێك برینەکەیان بۆ تەداوی کردبوو.. دواجار خۆی گەیاندبووەوە دوزخورماتوو. خۆی شاردبووەوە تا لێبوردنە گشتیەکەی ئەیلولی ساڵی 1988. ساڵی 1992 لەرێگەی هیومان رایتس وۆچەوە براون بۆ ئەمریکاو ئێستا لەوڵاتی ڤێرجینیا دەژی و بژێوی ژیان لەفرۆکەخانە کاری تاقەت پروکێنی شۆفێری دەکات. لەپەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ ساڵنامەی ئەنفالستان واحید گووتی: لەراستیدا ئێمە حالمان زۆر خراپە، بەوەنیە لە ئەمریکا دەژین، ئەگەر رۆژانە کارنەکەین ناتوانین بژین.



# ڕەمەزان

**ڕەمەزان عەلی سلێمان** لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٦ خەڵکی (جافان)ی ناوچەی قەرەحەسەن بوو. لەسەروەختی ئەنفال وەکو سەربازێکی هەڵاتوو لەگوندی (خدرریحان) گیرسابووەوەو لە هەردەکان خۆی شاردبووەوەو دوای دوو ڕۆژ خۆی دابووە دەست جاشەکانی قاسم ئاغاوە.

لەقادرکەرەمەوە براون بۆ لیوای چەمچەماڵ لەوێ لەگەڵ عوزێر یەکیانگرتەوە، ڕۆژی ١٤/٤ پێکەوە بردبوونیان بۆتۆپزاوا. عوزێرو ڕەمەزانو واحیدو ئەنوەرتەیار لەتۆپزاوا پێکەوە راپێچی ناوپاسێك کران .

شوێنی کۆمەڵکوژی (ڕەمەزانو عوزیرو فەرەجو واحیدو ئەنوەر تەیار) لەناوچەیەکی سەر بەپارێزگای رومادی بووە نزیك کامپی ئەڵتاش، کەئاوارەی کوردی ئێرانی تێدابوو.

ڕەمەزان بری ٦٠٠ دیناری پێبووە بەڵام تەنها ١٥ دینار لە گیرفانی کراسەکەیدا بەجیماوەو ئەوەی تری لەکاتی پشکنیندا لەگەڵ دەفتەری خزمەتی سەربازیەکەی لێدەستێنن، دوای ئەوەی لەشوینی کۆمەڵکوژیەکە دوردەکەوێتەوە ئەو شەوە تا رۆژ دەبێتەوە بەبێ وەستان ڕێگا دەبڕێت، بۆ بەیانی دەگاتە ئاوەدانیەك کەخۆی نازانێت کوێیە، بەڵام وەختێك دەپرسێت ئێرە کوێیە عەرەبێك وەك گاڵتەی بکات پێی دەڵێت (بەغداد جدیدەیە) ئیتر سواری تەکسیەك دەبێت بۆ بەغدا لەوێ هەرچەندە خزمی زۆر دەبێت بەڵام ماڵی کەسیان پێنازانێ کە دەچێتە گەراج یەکێك لەوشۆفێری تەکسیانە دەخاتە دڵی خۆیەوەو پێی دەڵێت من حاڵێکی خراپم هەیەو دەمەوێت بمبەیتەوە بۆکەرکوك.. شۆفێرەکە دەڵێت مادام تۆ وەزعەکەت ئاوایە دەتبەمەوە. ئەویش لەبەغداوە کەسواری تەکسیەك ببوو بۆ کەرکوك، لەوکاتەدا ڕێکەوتێکی سەیردروست ببوو، ئەوەبوو کە شۆفێرەکە خاڵۆی عوزێربوو کەلەخەتی بەغدا ئیشی تەکسی دەکرد ، لەڕێگە ڕەمەزان هەموو روداوەکەی بۆ گێڕابووەوە، خاڵۆی عوزێرپرسیاری لێئەکات ئەڵا باشە کوڕێك ئەناسم ناوی عوزێرە بلێی ئەویش گیرابێ، بەڵام نەیوتبوو من خاڵۆی ئەوم، ڕەمەزان سوێندی بۆ خواردبوو، ووتبووی کەلەناو یەك سەیارەدا بووین و ئەویش کوژرا )

پێدەچێت ڕەمەزانیش چوبێتە هەمان ئەو ئۆردوگایەی کوردە ئێرانیەکان فەرەجو عوزێری پێدا تێپەرین، هەرچۆنێك بووە خۆی گەیاندبووە کەرکوكو دوزخورماتوو، ئیتر ئەویش خۆی گەیاندبووەوە بۆلای چەند خزمێکی خۆی لەسەرچەمی ئاوەسپیو تا لێبوردنەگشتیەکە لەوێ خۆی شاردبووەوە.

ڕەمەزانیش ئێستا لە ڤێرجینیای ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژی.

**ئەنفالستان بۆ فرۆشتن نیە ..**
**بیخوێنەرەوەو ڕێز لە چیرۆکەکانی بگرە**

# تەیمور



**تەیموور عەبدولا** ، تاکەمندالّی پێزانراوەکە لەکۆمەڵکوژی ئەنفال دەرباز بوو بێت.

لەدایکبووی ١٩٧٨ ی گوندی کوللەجۆی حاجی حەمە جانی سەربەناحیێی تیلەکۆیە، کە ئەنفالکران تەمەنی ١٢ ساڵان بوو.

تەیمور تاقە شایەتە کەخۆی قوربانی بێت و کۆمەڵکوژی ئافرەت و منداڵی بەچاوی خۆی بینیبێت.١ خانەوادەی تەیموور بەکشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریک بوون،لەپەلاماری ئەنفالی سێدا لەگەڵ باوك و دایکی و هەرسێ خوشکە بچووکەکەی، ئەنفالکران و بەرەو ملەسورەو قۆرەتووبران، کە ئەنفال گەیشتەلایان ئەوانیش وەکو حەمەعەلی بەهیوای ئەوە بوون بەسواری تراکتۆرەکەیان بگەنە کۆمەڵگای سموود بەلاّم نەیانتوانی، هەربەعەرەبانەوتراکتۆرەکانی خۆیان بردیانن بۆ قەلاّی قۆرەتوو. پاشان بەکاروانێکی سەربازی گەیەنرانە تۆپزاوا لەوێ باوکیان جیاکردەوەو لەپەنجەرەی هۆڵەکەوە بینیبووی پیاوەکان قۆڵبەستکران و تەنانەت جلوبەرگیشیان لەبەرداکەندن ئیتر هەرئەوەبوو جارێکیتر چاویان بەیەکتر نەکەوتەوە . لە تۆپزاوا بەرەبەیانێك گاردەکان بەریز ناویان خویندنەوەو ئەنفالکراوەکانیان کردە حەوشەو دواتر بە کاروانێك ئۆتۆمبیل گوازرانەوە بۆ بیابانی پارێزگای سەماوە، لە هەرپاسێکداپەنجا تا شەست ژن و منداڵی تێدا بووە، ئەمانیش تاخۆرئاوا بەسەر ڕێگایەکی قیردا برابوون گەرما شپرزەی کردوون، بێئەوەی قومێك ئاو بیخۆنەوە.

کە سەرباز بەندیەکانیان کردووەتە دەرەوە، تەیموور جگە لەسێ ئۆمبیلی کاروانەکەو بیابانێکی تاریك هیچی نەبینیوە.

پاشئەوەی لەوەستانێکدا چاوی هەریەکەیان بەپەڕۆ بەستوەتەوە، تەیموور توانیبووی پەڕۆکەی سەرچاوی بکاتەوە، کاروانەکە کەوتووەتەوە ڕێ و بەهەڵبەزو دابەز پاش نیوسەعاتو ڕێیەك هەر ئۆتۆمبیلێك بەرانبەر چاڵێك وەستاوەو دواتر سەرباز بەزۆر بەندیەکانیان پاڵناوە بۆلێواری چاڵەکان و دەسبەجێ بەکلاّشینکۆف کەوتوونەتەگوللەبارانکردنیان.

تەیموورشانی چەپی پێکراوەو بەدەم گریانەوە هەنگاوی بۆلای ئەو سەربازە هەڵهێناوەتەوە کە تەقەی لێکردبوو، بەلاّم کەپەلەقاازەی ئەوەی کردووە لەچاڵەکەبێتەدەرەوە، دیسانەوە بەرگوللەی داوەتەوە. ئەمجارەشیان گوللەیەك لای ڕاستی تەیمووری گرتبوو خستبووی.

پاش ئەوەی سەربازەکان ڕۆیشتوون بەخێرایی خۆی خزاندبووە ناوچاڵێکی تر، هەتا گەیشتە دوایین چاڵی پڕ لەتەرم کەلەوانەش هاتە دەرەوە چاڵەکانی تریشی بەبەتاڵی بینیبوو.

لەکپیو بێدەنگیدا ،شەشەم کۆمەڵە خۆڵی تێدەپەڕاندولەوشەوە خوێناویەدا دایكوخوشکەکانی لەگۆڕێکی پڕ لەلاشەو بیابانێکی ترسناکدا بەجێهیشت (١٣) بۆخۆشی خوێن لەبرینەکانی دەڕۆی.

---

١- سەرگورشتەکەی لەهەردوو کتێبی دڵرەقی و بێدەنگی کەنعان مەکیەو جینۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد) بە باشی دۆکیومێنت کراوەو لەدادگای باڵای تاوانەکانیش بووە شایەتحاڵێکی ئەوتاوانە

(١٣) تەیموور بەدایكوباوكوخوشکەکانیەوە ٢٨ کەسی ترلەخزم وکەسی نزیکی لەئەنفالدا تێداچوون. مامێکی بە ناوی عومەر ئەحمەد قادر، پووری بەناوی عەینەو مێردەکەی حمە سعید محی الدین عبدالکریم وسێ منداڵیان. پوورێکی تری بەناوی مەحسە محمد محمودبە ٩ منداڵەوە، پوورێکی تری بەناوی حمدیەکە هێشتا شووی نەکردبوو، خاڵی عوسمان محمدو ژنەکەی ئامینە علی عزیزوچواردە منداڵیان. سەرچاوە جینۆساید



## منیش لەیادی هەڵەبجەو ئەنفالدا گۆشت ناخۆم

لە نامەیەکی ئەلەکترۆنیدا پێشمەرگەی دێرین (ئاسۆ مەمەند) بۆ ساڵنامەی ئەنفالستانی نوسیووە : سەبارەت بەسەر نەبرینی پەلەوەرو گیانداران‌و گۆشتنەخواردن ، پێشنیارێکی زۆرجوانە، بەڵین بێت لە یادەکانی هەڵەبجەو ئەنفال ١٦،٠٣. و ١٤،٠٤ لەمەودوا ئێمەیەکێك دەبین لە پەیرەوانی ئەو بۆچونە، هەر بۆ زانیاری بەڕێزتان کە ئەمە یەکەمجارە ئاشکرای دەکەم، هاوسەرەکەم ئاگادارە ماوەی دووساڵ خەیارم نەخوارد کاتێك بیستم یەکێك لەو ژنە بەندکراوانەی سەربازگەی دبس منداڵەکەی برسی بوووە حەزی لەخەیار کردووە، دەستیان نەکەوتووە بۆیە بە ناچاری تاکە نەعلێکی رەنگی سەوزی لە جیاتی خەیارخستووەتە دەمییەوەو هەتاگیانی پیرۆزی ئەو منداڵە فڕی‌و گەیشتەلای خوا، نەعلەکەی جووی، بۆ پرۆتۆتستۆی ئەو تاوانەو رێزگرتن لە ڕۆحی ئەو منداڵە دوو ساڵ خەیارم نەخوارد ئێستاش کە خەیاردەخۆم منداڵەکە دێتەوە بیرم. هەرچەندە قەدەر نەیکرد دەنا دەبوو ئێستا جێگەیەك بۆمنیش لە مەزاری گۆپتەپە بوایەو شەهیدێکی ئەو کیمیابارانە بومایە.

تەیمور بەمیدل ئیست ۆچی راگەیاندووەلە هەلآتنیدا کەوتووەتە ناوبیست چاڵی بەتاڵەوە: (دێتەوە یادی کە وتوویەتی : " گەر بەسەلامەتی رزگاربم،پێنج دینار دەکەمە خێر "

لەدوای دووکاتژمێر رێگە برین بەبیابانێکی ترسناکدا گەیشتە ماڵێکی دەوارنشین. ماڵەکە زۆر سەرسام بوون کەبینیان وا منداڵێك بەبەرگی کوردییەوە سەرتاپای خوێنە..؟! هەرچەندە نەیانتوانیبوو لەیەکتر تێبگەن، ئەوان لەکوردی دەگەیشتن ونەتەیموریش عەرەبیی دەزانی، بەڵام بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەخێوەتەکەیدا شاردیەوەو پاشان بەئۆتۆمبیلەکەی خۆی بردبووی بۆ شاری سەماوە.

دووساڵ ( خانەوادەی ال ئعێشم اصفاح) داڵدەی تەیموریاندا ، سەرئەنجام بەهۆی (فازیل)ی کوڕیانەوە کەسەرباز بوولەکوردستان، لەگەڵ کوردێکی ناوچەی شارەزوور پێکەوەبوون، فازل‌و ئەسعەد متمانەیان بەیەك هەبوو،کەبەنهێنی سۆراخی کەسوکاری تەیموری دەکرد ، یەکەم کەس کەلەلای درکاندبووی ئەسعەد بوو، ئەویش پاشەوەی وردەکاری دەربازبوونی تەیموری بیستبوو باوکی ناردبوو بۆناحیێی سەرقەلا کەماڵی پورێکی تەیموری لێبوو ، لەوێ پوری تەیمور ڕاستی برازاکەی‌و ناونیشانەکەی پشتڕاستکردبووەوە چووبون بۆکۆمەڵگای صمود کەمامێکی تەیمور بەناوی ( رەوف )ی لێنیشتەجێ بوو، لەئۆکتۆبەری ١٩٩٠دا تەیمورو مامەکانی بەیەکتر شادبوتەوە، پاش ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ چیرۆکی تەیمور بەیەکجاری بڵاوبووەوە بۆ یەکەمجار لەرێگەی تەیمورەوە زانرا کە تاوانی ئەنفال چەند دراندانەو تۆقێنەر بووە .

---

لەعێراقو پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد – چاپی کوردی ٢٠٠٤ وەرگیرانی محمد حەمەصالح توفیق . چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ لە گەڵ تەیموور عبدالله أحمد، کۆمەڵگای سموود، ٢٩ ی تەمووزی ١٩٩٢.



# حەمە عەلی

**حەمە عەلی** لەدایکبووی سالّی ١٩٥٦ دانیشتووی گوندی عەلیانی تیلەکۆیە.

لەناوەڕاستی نیسانی ١٩٨٨ ئەنفالکراوە، ئەوکاتە مێردی دوو ژنو ٧ منداڵ بووە.لەتۆپزاوا لەیەکتری جیاکرانەوە، ئیتر جارێکی تر یەکتریان نەبینیەوە چونکە هیچکامیان نەگەڕانەوە. هەرلە عەلیاواوە بەسواری بەتراکتۆرەکەی خۆی براون بۆ قەڵای قۆرەتووی بارەگای سەرەکی فرقەی ٢١. دوای سێ ڕۆژ دەستبەسەرکردنیان بەزیلی سەربازی براون بۆ تۆپزاواو لەوێ جیاکرانەوەو دوای دوو ڕۆژ براون بۆ بیابانەکانی پارێزگای موسل (شوێنی کۆمەڵکوژی) ئەنفالکراوەکان ، لەقەراغ گۆڕێکی بەکۆمەڵی ناوچەی حەزەری پارێزگای موصلّ هەلاّتوو رزگاری بووە .

ماوەی شەش کاتژمێری ڕێگا بەسەر ڕێگایەکی قیردا بووەو ماوەی کاتژمێریکیش بەڕێگەیەکی هەڵبەزو دابەزی خۆڵدا بردویانن، لەگەڵ وەستانی کاروانەکەدا ئۆتۆمبیلەکان هێشتا دەنگی مەکینەکانیان دەهات کەگوێی لە دەنگی تەقەبوو، سەربازهاتوونو بەپاڵ جایانگرتوونەتە خوارەوە، هەر کەپشکنین تەواوبوو بەپەتێکی درێژ بەیەك ڕیز دەستی ١٨ کەسیان بەستەوە، پاشان فەرمانیان پێدان لەلێواری چاڵێکی هەڵکەندراو بوەستن، بۆگوللەبارانکردن . لەوەدا بەخت یاوەری بوو کەگرێی پەتەکەی دەستی شل بەسترابوو پێشئەوەی تەقەیان لێ بکەن حەمەعەلی ڕایکردوە، سەیر لەوەدا بوو کە کەس دوای نەکەوت دیارە جەلادەکان بەگەرمی سەرقالّی لە کوڵکردنەوەی ئەوانەی تر بوون هەرگیز بەخەیالّیاندا نەهاتووە کەسێك رزگاری بێت .

هەر ئەوشەوە لە چاڵەکانی مەرگ دورکەوتەوە، بێ هیچ خواردنێك، چوار ڕۆژ بەترسو شەلەژانەوە لەبیابانەدا بەبریندارى ڕێگەی بریوە، هەتا بەناچاری وترسێکی زۆرەوە خۆی بە گوندێکدا کرد ، لەو گوندەدا خەڵکی لێی کۆبوونەوەو بە سەر سورمانەوە تەماشایان کردووەو بەهەموویان لێیانداوەو ئەزیەتیانداوە .

بەسەرهاتی حەمەعەلی وەکو ئەوانی ترلێرە لە گێڕانەوە نایات، بۆیە سەرنجتان راکێشم بۆ ئەو دیدارەی یوست هیلّتەرمان کەلەگەلیدا ئەنجامیداوە (٢) و بەشێکی گرنگیشی لەراپۆرتەکەی میل ئێست وۆچ دایە لەژێرناوی بەسەرهاتی محمد (٣ ) عەرەبەکانی ئەو گوندە بەهانایەوە نەهاتن، بەڵکو لەلایەن خەڵکەکەیەوە گیراوەو لێیانداوەو پاشان دراوەتە دەست پۆلیسو جارێکیتر خراوەتەوە زیندان،پەتپەتێنی زۆری پێکراوەو سەرئەنجام رزگاری بووە .

**بەختو زیرەکی :**

[2]بروانە یوست هیلتەرمان –پیداچوونەوەی نەجمەدین فەقی عەبدولاّ - ئاسۆ- ژمارەکانی٦٩٦ ٦٩٧- ٦٩٨ نیسانی ٢٠٠٨

[3] بروانە جینۆساید لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد- بەشی نۆهەم – لاپەرە ١١٣ ـ١١٥ تیمەکانی گوللەبارانو بەسەرهاتی محمد .

بەختی هەبوو کەگیرایەوە کەوتە دەستی پۆلیس، زیرەکبوو کەچیرۆکەکەی نەگۆڕیبوو، گوایە قصابەو جاشی (فەتاح بەگ)ی کەلارە،پۆلیسی عێراقیش هیچ زانیاریەکیان لەسەرکۆمەڵکوژیی ئەنفال نەبووە. بەڵام ئاسایش کەئەنفالی زۆر بەتوندی گرتبوو بەکێشەکەیان نەزانیبوو.

حەمەعەلی سومبلی کلۆڵی نەتەوەی کوردە چونکە گرنگترین شایەتحاڵی کۆمەڵکوژیی ئەنفال بوو، کەچی پاشئەوەی رزگاری بوو، لەشەڕی ناوخۆدا کوژرا..!لەبری ئەوەی وەکو ئەمانەتێکی گرنگ، بەبایەخەوە لەشوێنی ئەمین بپارێزرێت وچاودێری تەندروستیو ژیانێکی شایستەی بۆ دەستەبەر بکرێت، بەمەش گرنگترین شایەتحاڵی کۆمەڵکوژی لەدەست دادگا چووە.



چیمەن تاقە کچی حمە عەلی



نەسرین سێهەم خێزانی حمە عەلی



حمە عەلی پێش ئەنفالکردنی

## ئاگاداریەك لە گۆڤاری ئەنفالستانەوە

**بۆهەموو ئەو نوسەرو رۆژنامەنوسە بەرێزانەی بابەت و رێپۆرتاژو دیداری رۆژنامەوانی بۆ ئەم سالنامەیە دەنێرن، تکایە رەچاوی ئەم خالانە بکەن:**

**١. ئەنفالستان دەستەواژەی کارەسات لەبری تاوان بەکارناهێنێ چونکە هیچ کام لەتاوانەکانی کیمیاباران و ئەنفال و جینۆسایدکردنی بارزانیەکان و کۆمەڵ:وژی و وڵاتبەدەرکردنی کوردانی فەیلیکارەسات نین، هەتا بەهۆی رووداوێکی سروشتی وەکو تسوویونامی و بومەلەرزەوە بووبێت.. بۆیە ئەو مافە دەدەینە خۆمان ووشەی کارەسات بگۆڕین بەتاوان لەبەرامبەر ئەو دۆسیێیانەدا .**

**٢. ووشەی پەلامار بەشیاوتر دەزانین بۆ ئەنفال لەبری شالاو**

**٣. هیچ بابەتێکی دەستونس و تایپ نەکراو وەرناگرین. تکایە بابەتەکانتان بەتاسپکراوی رەوانە بکەن**

**٤. کۆمەك وەرنەگرتن لەخەڵکانی نەخوازراوو کۆنەبەعسی و کۆنەجاش پرەنسیپێکی ئەخلاقییەو پێیەوە پابەند دەبین بەبەڵگەی دروستەوە ئاگادارمان بکەنەوە لەهەرکۆمەککارێکی لەو جۆرە .**

# ئەنوەر تەیار



## ناوی ڕاستەقینەی ئەنوەرمحمد ڕەزایە.

لەدایکبووی سالی ١٩٥٤ .

بەئەنوەرتەیار ناسراوە، لەبەرئەوەی سایەقێکی تیژڕەو بووە.خەلکی گوندی چەم سورخاوی قادرکەرەمە.

لەناوەڕاستی مانگی نیسانی ١٩٨٨ خۆی داوەتە دەست جاشەکانی قاسم اغا، دواتر تەسلیم کراوە بە ئیستخباراتی قادرکەرەمەو بە قۆناغەکانی گرتنو گواستنەوەو پۆلێنکردندا تێپەڕیووە .

١٤ی نیسان گەیەنراوەتە تۆپزاواو لە هەمان ئەو هۆڵەدا زینندانی کرا کەعوزیرو واحیدو ڕەمەزانو سەلام قەشقەی تێدابوو.

١٦ی نیسان بەهەمان پاصی سەرداخراو کە عوزیرو واخیدو ڕەمەزانی تێدا بوو سەر لەبەیانیەك لەتۆپزاوا سوارکراونو ماوەی ١٠ کاتژمێر ڕێگایان بەسەرجادەی قیردا بڕیووەو ماوەی سەعاتێکیش بەسەرڕێگایەکی هەڵبەزودابەزی خۆڵدا ڕۆیشتوون.

لەو پاسەدا کە گوللەبارانکرانو عوزیرو ڕەمەزانو واحیدی تێدابووە.

، ئەنوەر ڕۆلێکی بەرچاوی بینیوە لەبەرەنگاری ئەوفسەرەدا، کە بەندکراوەکان پەلاماریانداوە.

لە گوللەبارانکردنەکەدا دوو فیشەك بەردەستو قاچی کەوتووە، بەلام خۆی دەربازکردووەو گەیشتووەتە ئۆردوگایەکی عەرەب نشین کە هەندێك خانووی چۆڵی تێدابووەو ماوەی سێ ڕۆژ لەیەکێك لەخانووانەدا خۆی شاردووەتەوە.

چیرۆکێکی بۆخۆی دروستکردووە: گوایە شۆفێری سەیارەیەکی بار هەلگربووەو چیمەنتۆی بارکردووەو وەرگەڕاوەو بەهۆی ئەو ڕوداوەوە هیچ ناسنامەیەکی پێنەماوە، بەڕێکەوت سێ کوردی بینیوە کەلەحالێ پەرێشانو شپرزەییان پرسیوەو بەکوردی قسەیان کردووە، ئەنوەر تەیار ڕێكو ڕەوان هەموو چیرۆکی دەربازبوونی خۆی لەبارەی کۆمەڵکوژی ئەنفالەوە بۆ باسکردوون، بەلام یەکێك لەوان بەخوێن ساردییەوە گوتوویەتی : باشە کە ئەمە بۆ ئێمە باس دەکەیت تۆ دەزانی ئێمە چینو کێین؟ ئێمە هەرسێکمان ئەمنو ئیستخباراتین..؟! ئەویش لەوەلامدا پێیان دەلێت هەرچییەك بن ئێوە کوردن، ئەوەش بەوان دەلێت ( کورد نەما ) بەلام یەکێکیان بەسۆزەوە پێی دەلێت ئەوەی غیرەتی هەبێت دەبێت هاوکاریت بکات، تەنانەت شەرواڵێکی نیلی دەلینگ کورتی پێدەداو ئەنوەرتەیار لەبەری دەکات، دواتر توشی دەبێت بەپیاوێکی عەرەبەوە چیرۆکی وەرگەڕانی سەیارەکەی بۆدەگێڕێتەوە ئەویش نانی پێدابوو ڕێنمایی کردووە کە بەسواری شەمەندەفەر بڕواتەوە بۆ بەغدا سەلامەتترە، ئەویش هەروای کردبوو. دەمەو بەیانێکی زوو دەگاتە شاری ڕومادیو لەوێشەوە بەسواری شەمەندەفەرگەیشتووەتە بەغدا، لەوێ ماوەی مانگێك لەماڵی پورێکی بەناوی (صفیە ئەحمەد محمودو مێردەکەی جمال محێ دین عەلی ) دەمێنێتەوە، ئیتر تەدوای برینەکەیان بۆکردووەو دواتر بەترسودلەراوکێیەوەگەڕاوەتەوە بۆ چەمچەماڵ، بەلام بەداخەوە پاش ماوەیەك دیسانەوە بێسەرووشوێنکرایەوە..!

**کورد نەما**

(چۆمانی تاقانە) كوڕی ئەنوەرتەیار كەبرای دوو خوشكە بەناوەكانی بۆتانو تاران، دەربارەی دەربازبوونی باوكی بۆ ئەنفالستان دواو ووتی: پاش ئەوەی لەوكۆمەڵكوژیە رزگاری بوو، كە هاتەوە بۆ چەمچەماڵ دەیگووت: ( كورد نەما) بۆیە هەر لەژێر كاریگەری ئەو ترسەی لەكۆمەڵكوژیەكە بینیوێتی ناتوانێ لەچمەچەماڵ بمێنێتەوەو جارێكی تر خۆی دەگەیەنێتەوە گوندەكانی گەرمیانو لەسەر چەمی ئاوەسپی خۆی دەشارێتەوە، (چۆمانی كوڕی) دەیگێرایەوە كە باوكی بەبرینداری گەیشتووەتەوەلامان بەنامۆیی تەماشای ئێمەی كردووەو ووتوویەتی ( كورد نەما و ئەوەشی ماوە هەرنامێنێ) بۆیە دەرۆمەوە بۆ ئەو هەردەو هەتا صدام لەسەر حوكم بێت نایەمەوە.باگورگ بمخوا باشترە چونكە من مردووم چۆن ئێوەماون..؟ چۆمان بەبیانووی داروپوش هێنانەوە توانیوێتی جاربەجارسەردانی بكات، نانو دەرمانی بۆدەبردووەو بەزۆریش لەناو قەبرستانەكەی هەردوو گوندی ( تەپەدێو لەژێر دارەكەی فەیزاوا) هاوكاری باوكی كردووە لەتەداویی كردنی برینەكانیدا كەپاش مانگێك هێشتا بەتەری مابوونەوە .

ئەنوەرتەیار لەبەرئەوەی پیاوێكی بەهیمەت بووە خۆشی توانیوێتی بەهاوكاری چۆمانی كوڕی تەدوای خۆی بكات، بەڵام بەداخەوە چیرۆكی بەزیندوومانەوەی لێرەوە كۆتایی دێتو ئیتر لەوناوە دیارنەماو بەیەكجاری ونبوو، هەتا ئێستاش بێسەرو شوێنەو دیارنەمانی چیرۆكێكی ئاڵۆزە ...!

دەربارەی ئازایەتی ئەنوەرتەیار هەریەكە لە رەمەزانو واحیدو عوزێر بۆ ئەنفالستان دوانو باسیان لەوە كرد ئەگەر ئەنوەرتەیارنەبوایە كەسمان دەرنەدەچووین.

میدل ئێست وچ نوسیوێتی : لەكاروانەكەدا بۆ شوێنی كۆمەڵكوژیەكە ئەنوەر تەیار لەلای پێشەوەی پاسەكەوە دانیشتبوو لەبەر ئەوەی پێشتر شۆفێربووە ڕێگاوبانەكان شارەزابوو، بەندیەكان داوایان لێكردبوو لەدەلاقەكەوە تەماشای دەرەوە بكات، بزانێ ڕوویان لەكوێیە، كەبەدزییەوە تەماشای كرد، یەكەمجار وای بۆچوو كەڕێگای مووسڵیان گرتووە، بۆیە هەموو بەجارێ تۆقین وهەناسەسواربوون، چوونكە " موصل بەناوبانگ بوو بەشوێنی ئیعدامكردنی كوردەكانو زۆربەی پیاوكوژانی حوكومەتیش خەڵكی مووسڵ بوون (٤)" بۆیە ئەنفالكراوەكان بەجارێك تۆقین . بەڵام كەبەرەو باشورلایاندا وتی: "مژدە ڕزگارمان بوو" ڕەنگە لەدوای ئەو مژدەیەوە بەندییەكان ڕێگا دورودرێژەكەیان بۆ بەندیخانەیەكی تر لێكدابووەوە،دەنا ئەگەر بۆكوشتن بێت ١٠ سەعات ڕێگای دوری بۆچیە...؟ كاتێك لەلای پۆلیسخانەیەك وەستان ئاڵوگۆڕیك كرابوو س جێیان گرتنەوە ،(دیارە دەستەی گوللەبارانكردن بوون) دوولاندكروز دوو بلدۆزەركەوتنە تەك پاسەكان، بلدۆزەرەكان پێشكەوتن، بەتەنیشت ئاوی فوراتدا بەڕێكەوتن، بەڵام چەند پاسێكیان لێجیابوونەوە.




چۆمان تاقە كوری ئەنەوەر تەیار

**بازرگانی بەئەنفالو ئەنوەرتەیارەوە:**

لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق چۆمانو دوو خوشكەكەی تارانو بۆتان لەگەڵ دایكیدا دەچنەوە بۆ

---

موسڵاویەكان لەسوپای عێراقدا بەشێوەیەكی گشتی مەترسیدارترین كەسانێك بوون، كەهاوڵاتیان بەتایبەتی كورد لێیان دەترسان، هەروەها زیندانی موصلیش جیگەی زۆرترین ئیعدامكراوانی كوردەو لەكوردستان بە قەسابخانەی موسل ناسراوە.

گوندی قەیتول لەوکاتەدا شێخێك پەیدا دەبێ خەڵکی دۆڵ پەموو شیخەکە پروپاگەندەی ئەوە بڵاودەکاتەوە کە ئەنوەر تەیار زیندووەو ورچێك بردوویەتی ، چۆمان دەلێت : ماوەی ٩ رۆژ ئیمە ١٥- ١٦ کەس بەو
جەولانەدا دەگەراین‌و شێخەکەش شتی سەیری پێدەوتین بۆنمونە دەیگووت: ( بگەرێن ئەوە لێی نزیك بوونەوە، ئەوە لێی دورکەوتنەوەو ئەمە جۆرە شتانە) رۆژێك لەودەشتە کەچامان لێنا قۆرییەکەمان کەوت‌و چایەکەمان رژا کە ئێوارە هاتینەوە شێخەکە هەندێك شتی پێگوتین لەبارەی جموجۆڵی ئەو رۆژەمانەوە یەکێك لەوانە رژانی قۆریە چاکەمان بوو، ماوەی ئەو ٩ رۆژە ئیمە لە ئەندێشەیەکی سەیردا بووین نزکەی ١٠٠٠٠ دەهەزار دیناری سویسریمان خەرجکردو نەگەیشتینە



هیچ ئەنجامێك، بێجگە لەئێمەش کەسوکاری ئەنفال دەهاتن لەبەردەم ماڵ پورم
قەتارەیان دەبەست‌و داوای چارەنوسی ئەنفالکراوەکانیان لێ دەکرد ، ئەویش پێی دەگوتن کوری تۆ جلێکی سپی لەبەردایە یان بەڵگەی مان‌و نەمانی بەدەستی خۆتەوەیە مەبەستی بەڵگەنامەی مردن‌و قشام شەرعی بوو، بەلاّم دواتر ئاسایش ئەو شێخەیان گرتوو ئەویش تورەبوو وتی: ئیتر من بۆتان نادۆزمەوەو هەقم بەسەرییەوە نیە. ئیتر ئەو شێخە رۆیشت‌و نەمان بینیەوە، بەلاّم ئەوەی راستی بێت ئێمە هێشتا خۆمان بەهەتیو نازانین هەتا ئێستا چاوەروانین باوکمان بێتەوە.
بەداخەوە ئەنوەر تەیار ئێستا لەبەرێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان‌و ئەنفالکراوان وەکو شەهیدی سەنگەرناوی تۆمارکراوە.. لەکاتێکدا ئەو ئەنفالکردن‌و شەهید بوونیشی جیاوازە ..

**هەڵوەشاندنەوەی دادگای بالاّی تاوانەکان غەدرێکە لە قوربانیانی تاوانی جینۆسایدو خۆدزینەوەیەتی لە راپەراندنی ئەرکی ئەخلاقیو یاسایی خۆی دەرهەق بەتاوانی نێودەوڵەتی.**



ئەو سوالکەرەی هەفتەنامەی ئاوێنە باسی دەکات ئەزم



# هاشم

## ناوی هاشم محمد ڕەشیدە.

لەدایكبووی ساڵی ١٩٦٣ی شاری سلیمانی لەگەڕەکی سەرکارێزە..

دەرچووی قۆناغی دووەمی ناوەندیە.

لە ساڵی ١٩٨١ كە عێراق‌و ئێران لەجەنگێكی وێرانكەردا بوون، لەخزمەتی سەربازی هەڵاتووەو چووە بۆ گوندی كورێمێ لەبەرئەوەی ماڵی خاڵی لەوێ بوون، لەناوچەی بادینان، ناحیێی مانگێش سەربەپارێزگای دهۆك.

ماوەیەك بووەتە پێشمەرگەی پارتی دیموكراتی كوردستان‌وتا ئابی ساڵی ١٩٨٨ پێشمەرگەبووە.

لە پەلامارەكانی ئەنفالی هەشتی بادینان‌دا پاشئەوەی هیچ چارەیەكیان نەماوە لەبەرواری ٢٨/٨/١٩٨٨ لەگوندی كورێمێ لەگەڵ تەواوی خەڵكی ئەو گوندەدا خۆیان داوەتە دەست سوپاوە.

هەمان ڕۆژو لەهەمان گوند پاشئەوەی ژن‌و پیاویان لە یەكتری جیاكردووەتەوە هەرلەجێدا ٢٠٠ مەترخوار گوندی كورێمێ كۆی پیاوەكانیان جیاكردەوە كە ژمارەیان ٣٣ كەس بوو بەریزبردنیان بۆ خوارووی گوندەكەو بەكۆمەڵ بەفەرمانی دوو ئەفسەر بەناوەكانی عەباس‌و محەمەد لەلایەن ١٠ سەربازی سوپاوە گوللەباران كران، هەرچەندە بە گوللەی سەربازەكان هاشم هیچ گوللەیەكی بەرنەكەوتبوو، بەڵام پاشئەوەی سەربازێك بەفەرمانی ئەفسەرەكە هاتبووە سەرتەرمەكان‌و وتبووی یەكیەك گولەی ڕەحمەتیان پێوەبنێ هاشم لەوەشدا بەختی هەبوو كە سەری كەوتبووە نیوان هەردوو قاچی سەربازەكەو كە تەقەی لێكردبوو بەرسمت‌و قاچی كەوتبوو، دواتر بەبریندارى رزگاری بوو.

پاشئەوەی دەرباوزبوو ماوەی ٨ ڕۆژ خۆیان لەچیا شاردبووەوە لە لێبوردنی گشتی هەمان ساڵدا لە بەرواری ٨ی ئەیلول بەبریندارى خۆی دایەدەستەوە، هەرچەندە بردبویانن بۆ قەڵای نزاركێ بەڵام دواتر ڕەوانەی ئۆردوگایانكردبوون‌و تائازاری ساڵی ١٩٩١ لە ئۆردوگای جێژنیكان دەستبەسەربووە.

ئێستا هاوسەر گیری كردووەو باوكی سێ منداڵەو نیشتەجێی شاری سلێمانیە.

هاوڵاتیەكی دڵشكاوفەرمانبەرێكی موچە نزمی حكومەتی هەرێمی كوردستانە. هەرلەبارەی دەربازبوون‌و كۆمەڵكوژی گوندی كورێمێ لەم ژمارەیەی ئەنفالستادا بەسەرهاتی هاشم بخوێنەرەوە.



عبدالقهار

## عەبدالقهارخەلیل.

لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٢ی گوندی کوریمێی سەربەناحیێی مانگێشی پارێزگای دهۆکە.

لە ساڵی ١٩٨٨ دانیشتووی گوندی کوریمێ بووە.

ئەوسەروەختە پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستانبووە تا ئابی ساڵی ١٩٨٨

لەپەلامارەکانی ئەنفالی هەشتی بادیناندا پاشئەوەی هیچ چارەیەکیان نەماوە لەبەرواری ٢٨/٨/١٩٨٨ لەگوندی کوریمێ لەگەڵ تەواوی خانەوادەکەیو منداڵەکانیو خەڵکی گوندی کوریمێ خۆیان داوەتە دەست سوپاوە.

هەمان ڕۆژو لەهەمان گوند پاشئەوەی ژنوپیاویان لەیەکتری جیاکردووەتەوە، عەبدوالقهارو مام خەلیلی باوکیان لەمنداڵەکانیان جیاکردەوەو تێکەڵ بەو ٣٣ پیاوەکرد کە دواتر هەر لەجێدا ٢٠٠ مەترخوارگوندی کوریمێ بەفەرمانی دوو ئەفسەرەکەی بریاربەدەست بوون، لەلایەن ١٠ سەربازی سوپاوە گوللەباران کران، لەوکۆمەلکوژیەدا عەبدالقهار بەبرینداری رزگاری بوو. هەرچەندە دوو فیشەک بەر پشتی کەوتبوو بەلام توانی لەناو تەرمەکان هەستێتەوەو دەربازی بێت، بەلام باوکی بەناوی خەلیل محمد لەهەمان کۆمەلکوژیدا کوژراو

ساڵی ١٩٩٢ لەلایەن تیمێکی پزیشکی داوەری بەسەرپەرشتی (سۆنی ترامبل) تەرمی ئەوقوربانیانە دەرهێنایەوەو یەکێك لەوانە خەلیل باوکی عەبداقهاربوو.

پاشئەوەی لە لێبوردنی گشتی هەمان ساڵدا لە بەرواری ٨ی ئەیلول بەبرینداری خۆی دایەدەستەوە، تا ئازاری ساڵی ١٩٩١ لە ئۆردوگای جێژنیکان لەگەڵ هاشم محمدی پورزای دەستبەسەربووە.

هەرئەوسەروەختە باوکی سێ منداڵ بووەو تەواوی خانەوادەکەی ئەنفالکراونو دواتر لە ئەمنی مانگەێشت کەسێ‌ی خزمیان توانیبووی بیاندزێتەوەو خۆیان دەربازکردبوو، ئێستا نیشتەجێی مانگێشك شاری دهۆکە.

شایانی باسە عەبدولقهاریش لەگەڵ عەبدولکەریمو ئەبابەکر ساڵی ٢٠٠٦ وەکو شایەتحاڵیکی کۆمەڵکوژی گوندی کوریمێ ئامادەی دادگای باڵای تاوانەکان بوو، روبەرووی صدام عەلی حسەن مەجید بووەوەو لەبەردەمی دادوەر برینەکەی پیشانی تۆمەتبارانی ئەنفالدا.

هاوڵاتیەکی دڵشکاوەو لەبریوەبەرایەتی ئاسایشی دهۆك دەوام دەکات.

**ئەنفالستان و کۆمەك بەخشەکانی کارێکی شەرافە تمەندانە دەکەن، ئەوە کۆنەبەعسی و سوالکەرەکانی بە قاپی بەرپرسانن لە بلندی کارەکە دادەبەزێنن و وێنەی سوالکەرمان بۆ دادەتاشن .**



# عبدالكريم

## عەبدوالکەریم نایف

لەدایکبووی سالّی ١٩٦٧ی گوندی کورێمێی، سەربەناحیێ مانگیێشی پارێزگای دهۆکە.دەرچووی قۆناغی دووەمی ناوەندیە.

لە سالّی ١٩٨٨ دانیشتووی گوندی کورێمێ بووە.

ئەو سەروەختە پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستانبووە تا ئابی سالّی ١٩٨٨

لە پەلامارەکانی ئەنفالی هەشتی بادینانندا پاشئەوەی هیچ چارەیەکیان نەماوە لەبەرواری ١٩٨٨/٨/٢٨ لەگوندی کورێمێ لەگەلّ تەواوی خەلّکی ئەوگوندەدا خۆیان داوەتە دەست سوپاوە.

هەمان رۆژو لەهەمان گوند پاشئەوەی ژنوپیاویان لەیەکتری جیاکردووەتەوە هەر لەجێدا ٢٠٠ مەترخوارگوندی کورێمێ کۆی پیاوەکان کە ژمارەیان ٣٣ کەس بوو بەفەرمانی دوو ئەفسەر بەناوەکانی عەباس‌ومحمەد لەلایەن ١٠ سەربازی سوپاوە گوللەباران کران، لەو کۆمەلّکوژیەدا عەبدالکریم گوللەیەك بەرشانی کەوتبوو، بەلاّم بەبریندار‌ی رزگاری بوو.

باوکی بەناوی حاجی نایف ئەنفالکراو بران بۆکەمپی سەلامیەو دواتر رەوانەی بەحرکەکراون.

پاشئەوەی لە لێبوردنی گشتی هەمان سالّدا لەبەرواری ٨ی ئەیلول بەربریندار‌ی خۆی دایەدەستەوە، تا ئازاری سالّی ١٩٩١ لە ئۆردوگای جێژنیکان لەگەلّ هاشم محمدی پورزای دەستبەسەربووە.

هەرئەو سەروەختە تەواوی خانەوادەکەی ئەنفالکراون‌وبراوان بۆ کەمپی سەلامیەو دواتر براون بۆ بەحرکە. عەبدولکەریم لەجێژنیکا هاوسەرگیری کردووەو ئێستا نیشتەجێی شاری دهۆکە .

عەبدولکەریم سالّی ٢٠٠٦ وەکو شایەتحالّیکی کۆمەلّکوژی گوندی کورێمێ ئامادەی دادگای بالاّی تاوانەکان بوو، روبەرووی صدام عەلی حەسەن مەجید بووەوە.

باوکی پێنج  مندالّەو خەریکی تەواوکردنی خویندنەو لەشەشەمی ویژەیی

هاولاّتیەکی دلّشکاوەو لەبەرێوەبەرایەتی ئاسایشی دهۆك دەوام دەکات.

**دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال سومبلی جینۆسایدکردنی نەتەوەی کوردن ..**

**نابێ هیچتر حکومەتی هەرێمی کوردستان بێباکانە لێیان بڕوانێ**

# ئەبا بەکر



## ئەبابەکر عەلی سەعید

لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٤ی گوندی کوریمێی سەربەناحیێی مانگێشی پارێزگای دهۆکە.

له ساڵی ١٩٨٨ دانیشتووی گوندی کورێمیٚ بووە.

کە پەلامارەکانی قۆناغیە هەشتەمی بادینان دەستیان پێکرد ئەبابکر پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستانبو، تا رۆژی ٢٨ی ئابی ساڵی ١٩٨٨ بەناچاری لەگەڵ خەڵکیٚی زۆر خۆیان رادەستی سوپای رژێمی بەعس کرد، لەهەمان رۆژدا پاشئەوەیچەکەکانیان تەسلیم کرد، ژنو پیاویان لە یەکتری جیاکردووەتەوە هەر لەجێدا ٢٠٠ مەترخوارگوندی کورێمیٚ کۆی پیاوەکان کەژمارەیان ٣٣ کەس بوو لەلایەن دوو ئەفسەری رەزاگرانەوە کەناوەکانیان عەباسو محمەدبو بەفەرمانی ئەوان ١٠ سەربازی سوپا، گوندنشینەکانیان ریزکردبوو دواتر گوللەباران کران، لەو کۆمەڵکوژیەدا ئەبابکر بەرلەوەی گوللەباران دەستپێبکات پرکێشی کردبوو توانیبوی لەریزەکە، بێتە دەروەورابکات، بەڵام هەروا ١٠٠ مەترێك رای کردبوو کە جەلادەکان دایانگرتووەتەوەوگوللە قاچەکانیان پێکاوەو کەوتووە، ئەبابەکر باشئەوەی بیرماوە کە لەدورەوە سێجار بە رەشاش تەقەیان لێکردووە، بەڵام سەربازەکان بە حسابی مردوو بەحێیانهێشتبوو، ئەوشەوە تابەیانی لە نزیك تەرمی قوربانیەکان بە برینداری ماوەتەوە بەڵام کە رۆژبووەتەوە کەوتووەتە دەست کۆمەڵێك جاشو بردبویان بۆ مانگێش کەچی لەویٚ هەمان ئەو ئەفسەرەی بینیبوو کە فەرمانی رەمی کردنەکەی دابوو، ئەفسەرەکش کە ناسیبوویەوە بە پۆستاڵ قاچەبریندارەکانی شێلابوو بەجۆرێك ئازاری ئەبابەکری دابوو هەتا ئێستاش شوینی لێدانەکانی پێوەدیارە کەچی سەیرلەوەدابوو، بریاری کوشتنی نەدابوو، رادەستی قەلای نزارکێی کردبوو، وبەرێکەوت لەوکاتە بریاری لێبوردنی گشتی دەرچووەوبەهۆیەوە رزگاری بوو.

ئەو سەروەختە باوکی سیٚ منداڵ بوو، ئەوان ئەنفالکرانو بران بۆکەمپی سەلامییە، برایەکی بەناوی سەعید لەو کۆمەڵکوژیەدا کوژراو برایەکی تریشی بەناوی کامەران شەهید بوو.ئێستا نیشتەجێی شاری دهۆکە.هێشتا پێشمرگەیەو دەوام دەکات.

**ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە مەدالیای رێزلێنان ببخشێتە دەربازبوانی گۆری بەکۆمەڵو خانەنشینیان بکات .**



# صدقی

**ناوی سیانی صدقی عبدوالقادر فتاحە**

لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٣ی گوندی چەلکێی سەربەناحێی مانگێشی پارێزگای دهۆکە.

کە لەگەڵ کورێمێ دراوسێ گوند بوون،

دەرچووی قۆناغی دووەمی ناوەندیە.

لە ساڵی ١٩٨٨ دانیشتووی گوندی چەلکێ نزیکی کورێمێ بووە.

ئەو سەروەختە پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستانبووە تا ئابی ساڵی ١٩٨٨

لە پەلامارەکانی ئەنفالی هەشتی بادینانندا لەبەرواری ١٩٨٨/٨/٢٨ لەگوندی کورێمێ لەگەڵ فەتاحی برای و تەواوی خەڵکی ئەوگوندەدا خۆیان داوەتە دەست سوپاوە.

هەمان رۆژو لەهەمان گوند پاشئەوەی ژنوپیاویان لەیەکتری جیاکردووەتەوە هەر لەجێدا ٢٠٠ مەترخوارگوندی کورێمێ لەگەڵ کۆی پیاوەکان کە ژمارەیان ٣٣ کەس بوو بەفەرمانی دوو ئەفسەر بەناوەکانی عەباس و محەمەد لەلایەن ١٠ سەربازی سوپاوە گوللەباران کران، لەو کۆمەڵکوژیەدا صدقی تەنها گوللەیەکی بەرکەوتبوو ئەویش پەنجەیەکی پێکاوە، پاشئەوەی لە ناوتەرمەکان هەستاوەتەوەو دورکەوتووەتەوە توشی بە کەریمو عەبدالقهاروهاشمەوە بووەو لە چیا خۆیان شاردووەتەوە، هەرلەوکاتەدا عەبدولقهارو هاورێکانی بەبێ بەنج بەچەقۆیەك پەنجە بریندارەکەیان بۆ بریوەتەوە.

لە لێبووردنی گشتی، رۆژی ٨ی ئەیلول خۆی داوەتە دەستەوەو بەلێبوردنەکە رزگاری بوو.

برایەکی تریشی بەناوی فەتاخ لەهەمان کۆمەڵکوژیدا دەربازبووە، بەڵام فتاح هەریەکجار بینراوەو واتر بێسەروشوێنکرایەوەو هەتا ئێستاش بێسەروشوێنە.

## وەڵامێکی بەجێ

هاوڵاتیەکی کورد بەناوی علی تەیب جەباری، ئەمساڵ چووبوو بۆ عەمرە، لەکاتێکدا قورئانەکەی لەسەر زەوی دانابوو، کابرایەکی عەرەب بە تورەیی پێی گوتبوو، ئەوە بۆ ئەو قورئانەت لەسەر زەوی فرێداوە گوناهەت دەگات..؟ عەلیش ووتبووی لە ئەنفالدا، ٤٠٠٠ گوندمان روخا، هەموویان مزگەوتیان هەبوو، ئەوانیش تەختی زەوی کران لەناویاندا زیاتر لە ٤٠٠٠ قورئان سوتێنران و سوکایەتیان پێکرا، ئەوە بۆ لەو کاتەدا هیچ موسولمانێکتان ورتەتان لێنەهات ئێستا من بەرێزەوە قورئانەکەم لەبەردەمم داناوە ..کەچی پێت وایە گوناهم دەگات ..؟



## پێشنیار بۆ ژیانی داهاتووی دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ

ناوەندی هەڵەبجە

دژبەئەنفالکردن وجینۆسایدکردنی گەلی کورد – چاک

The centre of Halabja against Anfalization and genocide of the Kurds – CHAK

بۆ بەڕێزان:

سەرۆکی هەرێمی کوردستان .

بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

بەڕێز : وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان

**بابەت: بەیاخدان بە دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ**

ئاگادارتان دەکەینەوە کە لەکۆی کۆمەڵکوژی ئەنفال ( ئەوانەی لەشوێنی کۆمەڵکوژی و لەناو گۆڕەکان بەبرینداری ) دەربازبوون، تەنها 13 کەس بوون ئەمەش ژمارەیەکی زۆر کەمە لەکۆی دەیان هەزار کەس کە کۆمەڵکوژکراون. بەداخەوە لەوانە سێ کەسیان شەهید یان بێسەروشوێنکراون و 10 کەسیان لە ژیانداماون لەناو ئەوانەشدا 5 کەسیان لەئەمریکاو یەك کەسیان لەو لاتی سویدو 4 کەسیان لەهەرێمی کوردستان بە ئاوارەیی و مەینەتی دەژین.
بێگومان دوای 20 ساڵ بەڕێوەبردنی حوکمی خۆجێیەتی و روخانی یەکجاری حکومەتی بەعس پەراوێز خستنی ئەو ژمارە کەمەی دەربازبووانی گۆڕی بەکۆمەڵ لەکۆی دەیان هەزار کەس، یەکێکە لەزەقترین خەو شەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی و کۆمەڵگەی کوردستانیش بەگشتی .. بەتایبەتی کەئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەتوانایدایە ژیانێکی شایستەو شکۆمەندانەیان بۆ دابین بکات، لەوەش خراپتر تۆمەتبارانی ئەنفال ئێستا لەهەرێمی کوردستان لەژیانێکی دەیان جار باشترو هەڵکشاوتردا دەژین .

ئێمە وەکو ناوەندی چاك و ساڵنامەی ئەنفالستان پێشنیار دەکەین کە:

1. لەیادی کۆمەڵکوژی ئەنفالدا مەراسیمێکی رێزلێنانی شایستەیان لەسەرئاستی هەرێم بۆ سازبدرێت .
2. شەرف ومەدالیای رێزلێنانیان پێببەخشرێ و ئەوانەشی لە ژیاندا نەماون هەمان مەدالیاو ئیمتیازات بدرێتە نزیکترین کەسیان.
3. ئەوانەی ئێستا لەتاراوگە دەژین بانگهێشتبکرێنەوە بۆ نیشتمان و بریاربدرێت " شێوەیەکی ئارەزومەندانە" لە کوردستان بژین و بە پێی ژمارەی خێزان و تایبەتمەندێتی خۆیان موچەی شایستەیان بۆ دابین بکرێت.
4. ئەوانەی لەهەرێمی کوردستان دەژین شوێنی کارەکانیان نەگونجاوە ( بۆنمونە لەدەزگا ئەمنیەکان کار دەکەن..؟! لەکاتێکدا هەڵەیەکی گەورەیە ئەوان چەکیان بەدەستەوە بێت.
5. لەرووی تەندروستی و ئەمنیەوە ژیانیان پارێزراوبێت.
6. ئۆفیسێکی تایبەتیان بۆ بکرێتەوەو دەوامی فەرمیان لەو ئۆفیسەدا بێت، بەومەبەستەی هەر وەفدێك یان گەریدەیەك بۆ لێکۆلینەوە لەسەر جینۆسایدکردنی کورد هاتە کوردستان بتوانێت، سەردانیان بکات و زانیاریان لێوەربگرێت .

7. کەناڵی تایبەت و گشتیان بەڕووی جیهاندا بۆ بکرێتەوە، چونکە ئەوان ناسنامەی جینۆسایدی کوردن و سودێکی زۆر بەدواڕۆژی گەلی کوردستان دەگەیەنن.

ناوەندی چاکوساڵنامەی ئەنفالستان بەهاوکاری وهەماهەنگی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان ئامادەی سەرخستنی پرۆژەکەین، بۆئەوەی جێگەورێگەیەکی شایستە بۆ دەربازبووەکانی کۆمەڵکوژی ئەنفال دابین بکرێت، ئەمە دەبێتە دەروازەیەکیش بەڕوی جیهاندا بۆناساندنی حینۆسایدی گەلی کوردولە سبەینێی ئاڵوگۆڕەکانیشدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێ لەدیاری کردنی مافی چارەنوسماندا بەوپێیەی کە جینۆسایدکراوە.

بەپێی نزیکمان لەومرۆڤانەو بەپێی ئەو زانیاریانەی لامانە، ئەوانەی ئێستا لەوڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژین لەساڵی 1993 لەلایەن ڕێکخراوی هیۆمان رایتس وۆچەوە لەبەرپاراستنی ژیانیان وسەلامەتیان براون. بەڵام کە ئێستا هەریمی کوردستان ئازادە بەداخەوە ئەوان چ لەوێ و چ لێرە لەژێر کاری تاقەت پرۆکێندا ڕۆژگار بەرێدەکەن و ژیانێك دەژین کەشایانی ئەوان نیە، چونکە داهاتی ڕۆژانەیان لە ئاستێکی خراپدایەو ئەوانەشی لەهەرێمی کوردستان دەژین حاڵیان لەوان بشترنیە .

| ز | ناوی قوربانی | تەمەنی ئەوسا | نیشتەجێ بوونی رابوردوو | نیشتەجێی ئێستا | شوێنی کۆمەڵکوژییەکەی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | فەرەج محمەد رەشید | 38 ساڵ | قادرکەرەم – گوندی تۆپخانە | ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا–مێرلاند | بیابانەکانی رومادی |
| 2 | عوزیر– عەزیز وەهاب محمد | لەدایکبووی 1963 | قادرکەرەم – گوندی خدر رێحان | ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا – ڤێرجینیا | بیابانەکانی رومادی |
| 3 | واحید حەمە سەعید عەبدول | | قادرکەرەم – گوندی کانی قادر | ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا – ڤێرجینیا | بیابانەکانی رومادی |
| 4 | رەمەزان عەلی سلێمان | 1966 | جاف – قەرەحەسەن | ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا – ڤێرجینیا | بیابانەکانی رومادی |
| 5 | محمد عەلی ئەحمەد (حەمە عەلی) | لەدایکبووی -1956 | تیلەکۆ – گوندی عەلیان | لەشەڕی ناوخۆدا کوژراوە | بیابانەکانی حەزەر |
| 6 | ئەنوەر محمد رەزا | 1954 | گوندی چەم سورخاو– قادرکەرەم | بێسەروشوێنکرایەوە | بیابانەکانی رومادی |
| 7 | تەیمور عەبداله | 1976 | تیلەکۆ– گوندی کوڵەجۆ | ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا | بیابانەکانی سەماوە |
| 8 | ئەبابەکر عەلی سعید | | کورێمێ – دهۆك | دهۆك | کورێمێ – دهۆك |
| 9 | عەبدالقهار خەلیل | | کورێمێ – دهۆك | دهۆك | کورێمێ – دهۆك |
| 10 | عەبدالکەریم نایف حەسەن | 1967 | کورێمێ – دهۆك | دهۆك– گرێباس | کورێمێ – دهۆك |
| 11 | صدقی عبدالقادر فتاح | | چەلکی – دهۆك | دهۆك | سوید |
| 12 | فتاح عەبدالقادر فتاح | | چەلکی | بێسەروشوێن | بێسەروشوێن |
| **13** | **هاشم محمد رشید** | **1963** | **سلێمانی– سەرکارێز** | **سلێمانی– سەرکارێز** | **کورێمێ – دهۆك** |

ساڵی ١٩٩٢ لەلایەن تیمێکی پزیشکی داوەری بەسەرپەرشتی (سۆنی ترامبل) تەرمی ئەو قوربانیانەیان دەرهێنایەوە کە لەوکۆمەڵکوژیەدا شەهید بوون.

صدقی ئێستا هاوسەرگیری کردووەو باوکی دوو منداڵە



**هاشم محمد پرسەشیان نەکردەوە**

لەدوای ساڵی ١٩٩١ کوردستانی بەجێهێشتووەو بەهەوڵو توانای خۆی گەیشتووەتە هەندەران، ئێستا هاوڵاتیەکی دڵشکاوەو بەناهەندەیی لەوڵاتی سوید دەژی .

بەداخەوە پاش پەیوەندی تەلەفۆنیو چاوەروانیەکی زۆر نەمانتوانی وێنەسەکی خۆیو فتاحی برای بەدەست بهێنین.

**:**

**بۆ دانابووین هەتا خۆمان تەسلیم نەیانزانی بوو کە ئێمە ماوین .**

لەدوارۆژەکانی کۆتایی ساڵی رابوردودا پاش بیستودوو ساڵ لە پەلاماری ئەنفالو کۆمەڵۆژی گوندی کورێمی ناوچەی بادینان دیدارێکم لەگەڵ بەرێز " هاشم محمد رەشید" سازکرد، کە یەکێکە لەوکەسانەی بە برینداری لەکۆمەڵکوژی دەربازبوە . هاشم لە ساڵی ١٩٦٣ لە شاری زاخۆ لە دایکبووە، تەمەنی پێنج ساڵان بووە کە هاتوونەتەوە بۆشاری سلێمانی، لەوکاتەوە هەر لەگەرەکی سەرکارێزی شاری سلیمانی ژیاوە، بەڵام لەبەرئەوەی ماڵی خاڵی لەگوندی کورێمێی ناوچەی بادینان نیشتەجێبوون، ئەویش لەسەرەتاکانی حەنگی عێراق- ئێراندا وەك سەربازێکی هەڵاتوو دەچێت لەوگوندە نیشتەجێدەبێت، وەکو خۆی دەلێت: دایکم پێی خۆش بوو بچمە ماڵی خاڵمو وەکو ئامانەت بەخاڵمی سپاردم، ئیتر لەوێ دەمێنێتەوە، دواتر دەبێتە پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەو ناوچەیە دەمێنێتەوە تا پەلامارەکانی هەشتی ناوچەی بادینان، پاشئەوەی هیچ رێگە چارەیەکیان نامێنێو سوپاش هەواڵیان بۆ دەنێرێت کە بێنو لەسەرشەرەفی صدام حسێن خۆیان بدەنە دەستەوە هیچیان بۆ نابێت، ئیتر پاش تەکبیرورای خۆیان بریاریاندا خۆیان رادەستی سوپابکەن، هاشم یەکێکە لەو کەسانەی لەگوندی کورێمێ لەگەڵ پیاوەکانی گوندەکە پاش ئەوەی کۆکراونەتەوەو پۆلێنکراون، دواتر بەفەرمانی ئەفسەرەکان دراونەتە بەردەسترێژی گوللەو بەچاوی خۆی کۆمەڵکوژییەکەی گوندی کورێمێی دیووەو خۆشی بەرێکەوتێکی سەرسورهێنەر بەبرینداری رزگاری بووە. لەودیدارەدا هاشم زۆر بەوردی باسی دەربازبوونی خۆیو رۆژانی دوای دەربازبوون دەگێرێتەوەو زۆریش نیگەرانی دەربری لەوەی حکومەت بەکەم تەرخەمیەوە مامەلەیان لەگەڵدا دەکاتو دەلێت : ( هەتا ئەم چرکە ساتەش لەناوهیچ دامو دەزگایەکی ئەنفالدا ناوم نیە، نەدەشزانن من هەم )

**دەقی دیدارەکە :**

**ئەگەر خۆت بناسێنیت ؟**

ناوم هاشم محمد رەشیدە لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٣م لەشاری سلیمانی لەگەرەکی سەرکارێز لەدایکبوومو ئێستاش هەرلەو گەرەکەی شاری سلیمانی دەژیم .

**پلەی خویندەواریت چەندە ؟**

دەرچووی قۆناغی دووەمی ناوەندیم .

**تۆ خەلکی سلیمانی بوویت، چۆن گەیشتوویتە بادینان و بۆچی لەوێ کەوتیتە بەرپەلاماری ئەنفال ..؟**

لەبەرئەوەی ماڵی خاڵم لەوێ بوون، من ساڵی ١٩٨١ لەسەربازی هەلاتم، تاقەسەرپەناشم ئەوەبوو بچمە لادێ وەك هەر سەربازێکی تر کەدانیشتووی شاربوایە هەلدەهات بۆ ئاواییەکان، منیش چوومەلای خالەکانم لە کورێمێ.

**باشە بۆچی مالی خالەکانت کەوتبوونە ئەوناوچە دورە دەستەوە؟**

باوکم کاتی خۆی لەبادینان دایکمی خواستووەو منیش کە لەخزمەتی سەربازی هەلاتم چووم بۆلادێو ئەوەش ئاواتێکی دایکم بوو کە بچم لەماڵی خاڵم بمێنمەوە ئیتر بەقسەم کردوو چووم لەگوندی کورێمێ سەربەناحێی مانگێش کە پێی دەلێن "دۆسکی" .

**کورێمێ چەندە لەناحێکەوە دورە ؟**

رەنگە بەسەیارە هەر پێنج دەقەیەك ببێت بەلام بە بەپێ سێ چارەك دەبیێت، ناگاتە کاتژمێرێك نزیکە.

**شوێنەکەی دەزانین کە گوندی کورێمێ یە ئەی بەرواری تەواوی رۆژی کۆمەلکوژییەکەت لەیادماوە ؟**

١٩٨٨/٨/٢٨ رێك ئەو بەروارە بوو

**کۆمەڵکوژی گوندی کورێمێ تاکە حاڵەتی ئەنفالە، پێشتر کوشتنی ئەنفالکراوەکان لەشوێنی خۆیان لەهیچ شوێنێک ولەهیچ قۆناغیکی تر روینەدابوو..!! وەک دەزانی ئەنفالکراوەکان کۆدەکرانەوەو دەبرانە قەڵای نزارکێ لە بادینان و لەگەرمیانیش دەبرانە قەڵای قۆرەتوو، بەلام لە کورێمی زۆر جیاواز بوو هەرلەجێدا ئەنفالکراوەکان کۆمەلکوژکران..! ئایا تۆ هۆکارێک شک دەبەیت ؟ بەبروای تۆ بۆچی ئەم حاڵەتەی ئێوە لەهی شوێنانی ترجیاوازبوو..؟**

من وای بۆدەچم لەبەرئەوە بوبێت کە گوندی کورێمێ هەرلەکۆنەوە لەکاتی شۆرشدا تاکە گوندبووە کە بەرهەلستی حکومەتیان کردووە، ئەوکاتەی منیش لەوێ بووم زۆرجار پێشمەرگە دەهاتنەوە گوندی کورێمێ دەنوستن چونکە کورانی گوندەکە وریابوون و پێشمەرگەش بەوە دلخۆش بوون، هەروا من بزانم شەش تاحەوت جار هێرشکراوەتە سەر گوندەکە بەلام چۆن هێرشێك بە کۆپتەرو دەبابەوە . هیچیشیان نەیانتوانیوە بگەنە ناو گوندەکە تەنها لەساڵی ١٩٨٥دا جارێك گرتی و هەموو گوندەکانی سوتاند.. بەلام بائەوەشم لەیاد نەچێت کە هەرهەمان رۆژی ١٩٨٨/٨/٢٨ لەپەلاماری ئەنفالدا گوندێکی تر هەیە بەرانبەری گوندی کورێمێ دێی تیرێی پێدەلێن (گەلی تیرێ) بەهەمان شێوەی ئێمە هەمان حاڵەت هەموو پیاوەکانیان جیاکردبووەو کۆیانکردبوونەوە، بەهەمان شێوەی ئێمە چاوبەستو قۆڵبەستیش کرابوون، تەنها مابووەوە سەرئەوەی فەرمانی گوللەبارانیان بدەن، بەلام ئەو ئەفسەرەی لەوێ بوو وتبووی من ئەو گوناهە ناحەمە ئەستۆی خۆم من پیاوێکی عەسکەریم دەیانێرم بۆ دهۆك باکەسێکی ترئەو کارە جێبەجێ بکات ..

**کەوایە ئەوانەی لای ئێوەش دەیانتوانی وەکو ئەو ئەفسەرەبکەن ..؟**

لەلای ئێمە دوو ئەفسەربوون لەناوخۆیاندا مقۆمقۆیەکیانکردو جیهازیان کرد ئینجا تاوانەکەیان ئەنجامدا .

**ناویانتان نەزانی ؟**

بەڵێ ناویان محمدو عەباس بوو، هەردوکیشیان ملازم بوون بەڵام یەکێکیان بەوەی تری دەگوت (گەورەم) رەنگە هۆکاری ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ پلەی حزبیدیارە یەکێکیان لەوی تریان حزبدا گەورەتربووبێت.

**ئێوە چەندکەستان پێشمەرگە بوون کە خۆتان دایە دەستەوە..؟**

چوارکەسمان پێشمەرگەبووین هەمووشمان دەربازبووین (عەبدالقهار، ئەبابەکر، کەریم نایف، من ). ناوی عەبدولجباریش هەرپێشمەرگە بوو بەڵام ئەو دەرنەچوو.

**ئەویش هەر لەکۆمەلکوژییەکەدابوو ؟**

بەڵێ لە ٨/٢٨ .

**ئەفسەرەکان دەیانزانی ئێوە پێشمەرگەن ؟**

هەموومان بەچەکەوە گیرایین ئەوانەی پێشمەرگش نەبوون چەکیان هەبوو. ئەوانەی ترهاولاتی گوندەکە بوون.

**ماڵی خالیشت هەموویان کوژکران.؟**

بەڵێ بەداخەوە خالّم دەرنەچوو(خەلیل محمد عەبدولا) باوکی عەبدالقهارە، بەڵام عەبدالقهار رزگاری بوو .؟

**یانی عەبدالقهاریش کەدەربازبوویەکی ترە خالۆزاتە ؟**

بەڵێ کوڕی خالّمە بەداخەوە خالّم لەوکۆمەڵکوژییەدا دەربازنەبوو شەهیدکرا. خالّم منی زۆرخۆش دەویست منی لەهەموویان جیاتەماشادەکرد چوونکە دایکم منی بە ئامانەت ڕادەستی ئەوکردبوو، بەڕاستی رۆڵیکی زۆرگەورەی لەژیانی مندا بینی .

**ناوی ئەفسەرەکانت هێنا، چۆن زانیت ئەوانە ناویان محمدو عەباسە ؟**

بانگی یەکتریان دەکرد بەوەدا زانیمان.

**ناوچەی بادینان لەپێشەوە بەچەکی کیمیایی هێرشی دەکرایە سەرو دواتر پەلاماردەدرا لەلای ئێوەش هەروابوو مەبەستم ئەوەیە کورێمیش پێشتر بەچەکی کیمیاوی لێدرا..؟**

لە ٨/٢٥ /١٩٨٨ سێ رۆژ پێش پەلاماردانی ئێمە ٤ دێ بوویان ٥ بوو کیمیابارانکران یەکێك لەوانە گوندی برجینیّو ورمێلیّ، تیكو بەرکەفرا بەرچەکی کیمیایی کەوتن لەوێ شاخیی هەمزا هەیە وەکو گوێژەی لای خۆمان وایە ئەمدیو ئەودیو، ئەو رۆژە سەعات ٧-٨ لەو دەورەدابوو کە تەیارە هات لە ورمێلیّ دا، ئیتر کە ئەو بۆمبارانە بوو لە ٨/٢٦ ئێمە بەرەو سنوری تورکیا رۆیشتین، بە خێزانەوە، منداڵو ژنمان لەگەڵدابوو بەو ڕێگایەدا رۆیشتین کە بەرواری بلاّدەکاتە دوو بەشەوە ئێمە بە پشتی جادەکەدا رۆیشتین، ئەو شەوەی کە ئێمە رۆیشتین ( ماوەیەك وەستان ) باس ناکرێت چ رۆژی حەشرێك بوو باوەرکا بەدەم باسناکرێت زمان دەرقەتی ئەو دیمەنە تراژیدیایە نایات، شەوێکی مەترسیدار پڕلەهاوار قیژەو زریکەی منداڵ گریانی ژن، لێقەومان ترس وبرسێتی، ئیتر رۆژی حەشر کەباسی رۆژی حەشر دەکەن ئەوەبووکە ئێمە بینیمان. چونکە کە کارگەیشتە ئەوەی ئینسان منداڵی خۆی بەجێبهێڵێ چۆن دەهێنێتە پێشچاو چۆن گوزارشتی لێدەکەیت..؟ ئەستەمە زۆر ئەستەمە بتوانم ئێستا وەکو خۆی بیگێڕمەوە. ڕێگاکەی ئێمە زۆر زەحمەت بوو ڕێگایەك لەنێوان دووشاخدابوو، پێشتریش بۆمبارانی وەرمیلیّو برجینیّو گوندەکانی تریان دیبوو بەچەکی کیمیاوی زۆر ترسناك بوو خەڵك چاوەڕوانی مەرگی بەکۆمەڵی دەکرد.

**ئێوە لەهەوڵی ئەوەدابوون بگەنە سنوری تورکیا بەڵام دیارە چەکی کیمیاوی تۆقاندبوونی..؟**

بێگومان ئەو چەکە کاریگەری زۆری هەبوو بەسەرمانەوە ئەوە هەوڵی یەکەمان بوو، ئەو شەوە دەرۆیشتین، بەڵام لەبەرقەرەباڵغی و هاتوچۆی سەیارەی سەرباز گەراینەوە بۆشوێنی خۆمان ئێوارەی ٢٧ مانگ گەیشتینەوە ناوچەکەی خۆمان لەو رەبایانەی دەوروبەری کورێمیّو ناحیێ مانگیش هاتن بۆلامان پرسیاری بارودۆخەکەمان لێکردن وتیان: وەزع زۆر خراپە لە تەمەنی ١٠ ساڵ بۆ سەرەوە هەرچی ببینن دەیکوژن کەس دەربازنابێت .

**ئەو گەنجانە چۆن ئەو زانیاریانەیان زانیبوو؟**

لەرەبایەکان بیستبوویان ئەوان هەموو خەڵکی ئەو ناوچەیە بوون، هەندێکیان خەڵکی گوندی باسێ بوون، جاش بوون، ئێمە ئێوارەی ٢٧ی مانگ دیسانەوە شوێنی خۆمان گواستەوە.

**ئەو گەنجانە بۆهاوکاری ئێوە هاتن .؟**

نەخێر ئەوانیش کەسوکاریان هەبوو لەناوچەکە هاتبوون ئەو هەواڵەیان پێدەدن. لەوێ زۆن هەبوو ئەوشوێنانە بوون کەخەڵك گوندەکانی چۆڵکردبوو لەناودۆڵو ئەشکەوتەکاندا شوێنی بۆخۆی چاککردبوو. ئەوانیش لەوێوە هاتن ئێمە بینیمان بانگمانکردن، ئیتر کە زانیاریمان لێوەرگرتن دیسانەوە ڕۆیشتین بەرەو باتوفە، بەلام پێسودبوو چونکە ئەو ریگایانە هەمووی گیرابوون، ئیتر ئێمە کەوتینە خوارجادەوە کە بینیمان جادەکە گیراوە، جاشەکان لەپێش سەربازەکانەوە دەهاتن تەقەیان دەکرد، بیگومان ئەوەش کاریکی باش بوو بۆخەڵك چونکە رێپیشاندەربوو ئەوتەقانە باش بوون بۆ ئەوەی نەکەوینە بۆسەکانیانەوە.

**تۆ دلنیایت بۆ رێپیشاندان تەقەیان دەکرد ؟**

من بەبەڵگەوە موستەشارهەبوو لەو ناوچەیە بەدەیان کەسی گرتووەو رزگاری کردووە، ئێمە دواجار هەرئەوان فریامانکەوتن.. من چەندجارێك سەردانیم کردووە هەتا کە چوومەلای نەیناسیومەتەوەو خۆم خۆم پێناساندووە. بەلام هەبوو خراپبوون تەقەیان لەئێمە دەکرد ئەوانە جاشی هەولیری بوون مەفرەزەخاصەیەك بوو عەلییان پێدەگووت.

**ئەوموستەشارە ناوی چی بوو ؟**

خالید شیخۆ . ئەو ئێستا لە ئەلمانیادەژی کە هاتەوە چوم بۆلای سەردانم کرد. نەشیدەناسینەوە ئێمە خۆمان پێناساندووە.

**ئێوە چۆن کەوتنە بەردەستی بەعس خۆتان تەسلیم کرد یان گیران..؟**

لەگوندی هەمزا بووین جادەیەك هەیە لەپشتیەوە ئەویشگیرا، بەلام هاتینەوە بەرەو کوریمێ لەوێ چەمێکی لێە کەپەرێنەوە هاتینەوە گوندی کوریمێو بەرۆشکێو هەمزاو پاسێ، ئەوانە هەمووی گیرابوون سوپای تیدابوو، لەمدیوی بەرواری بالاوە ئەوهیلەش هەمووی گیرابوونو گەمارۆ درابوون، بۆ مبارانێکی زۆرهەبوو بەدەبابەو تۆپ لەهەرکوێیەکەوە تروسکاییەك ئاگرێکیان بدیبایە تەقەیان لێدەکرد، شەوی ٨/٢٨ ئێمە لەپشتی گوندی کوریمێ بووین ئیتر مشتومڕی ئەوەمان بوو چی بکەینو چی نەکەین، ئێمە خەلکێکی زۆربووین عائیلەشمان لەگەڵدابوو یەکێك لەوانە مالی خالم بوون (خەلیل عەبدولا) خالم هەموومانی کۆکردەوەو پێی ووتین ئێوە بڕۆن ئێمە دەمێنینەوە بشمانگرن لەئێوە سەلامەترین زۆر هەلیدا کەس بەقسەی نەکردو ئێمەش لەگەڵیاندامایینەوە، جەیشوجاشیش هەروا ٧٠٠ مەترێك لێمانەوە دووربوو، دیاربوو حساباتی تایبەتیان بۆ گوندی کوریمێ کردبوو، نەخشەیەکی وایان بۆدانابوو کە تاقە منداڵێکیش دەرنەچێت، تانەت ئاژەڵەکانیش لەوپەلامارەدا بەسەلامەتی دەرنەچن.. تەنانەت هەندێك سەربازیان خستبووە پێشەوە چەکەکانیان فیشەکی تیدانەبوو لەوانەبوون کە تازە خۆیان تەسلیمکردبووەوە ئەوانە لە ئەهوارەکانەوە هێنابوویانن، بۆئەوەی ئەگەر شەڕیش بێت لەپێشەوە ئەوانە بکوژرێن.

**چۆن ئەو زانیارییەت دەستکەوت ؟**

من ئەمەم دوایی زانی لەقەلاکەی دهۆك زانیم.

**سەرئەنجام چۆن کەوتنە دەست هێزەکانی سوپا هەتا گوللەبارانتان بکەن.**

هیچ رێگایەك نەما دوا ریگا ئەوەبووکە خۆبەدەستەوە بدەین، کەخۆشمان دایە دەستەوە کۆمەڵکوژکراین.. بەلام بەداخەوە ئەوەی بەسەر ئێمەهاتو ئەوەی ئێمە دیمان لە گێرانەوە نایات.. ئێستاش بەداخەوە .. بایەخ بەو دۆسییە نادرێت لەلایەن حکومەتی هەرێمو کەسانی بەرپرسەوە، پارە بۆزۆر شتی ناپێویست خەرج دەکرێتو ئەم دۆسییەش ئاوامەوەتەوە.

**دواتر باس لەو لایەنەش دەکەین، بەلام پێمخۆشە جارێ هەر لەکوریمێ بووەستین،**

**دەمەوێت بزانم چۆن ئێوە کەوتنە دەست هێزەکەی سوپا..؟**

ئەو بەیانیەی تاوانەکەی تێدا ئەنجامدرا ١٩٨٨/٨/٢٨ کۆمەڵێك خەڵك لەوانە حاجی لەتیف (باوکی کەریم نایف) خۆی ناوی نایفە بەڵام هەر بەحاجی لەتیف ناسراوە، لەگەڵ خاڵم و کۆمەڵێکی تر چوون قسەیان لەگەڵ سوپا کردبوو، لەسەر قسەی خۆیان و لەسەر کەلام شەرەفی ئەوان و سەرۆك گوایە لێبوردنێکی رانەگەیەنراویش هەیە ئێمە دابەزین و خۆماندایە دەستەوە، لەراستیشدا هیچ رێگەیەکمان بەدەستەوە نەمابوو هەموو بەرزاییەکان گیرابوون، لەدۆڵێکدابووین، هەرچوارلامان گیرابوو، هاوین بوو کاتژمێر ٧:٣٠ ی بەیانی بوو کەچووینە ناویان، ئەوکۆمەڵە ریش سپییە کەوتنە پێشمانەوەو پەرۆیەکی سپیان کردە دارێکەوەو رۆیشتین، هەرکە گەیشتینە لایان، هەرچی چەك و تاقمی فیشەك و ئەوانەبوو لێیان سەندین. سەرەتا جیایان نەکردینەوە ژن و منداڵەکانیشمان هەرلەگەڵ بوو کەچەکیان کردین، دوای ئەوەی چەکەکانمان دانا کەوتنە پشکنینمان تەنانەت ئەوەی چەقۆیەکیشی پێبوو لێیان سەند، ئینجا پۆلێنکراین و ژن و منداڵەکانیان جیاکردەوەو بەرەو خوار ئاواییەکەی کورێمێ بردنیان، دواتر هاتن کۆمەڵێك پیریشیان جیاکردەوە.

**جارێکی تریش پۆلێنکرانەوە ؟**

بەڵێ سێجار پۆلێنکران لەو نێوانەدا خەڵاتی خاڵم بە رێکەوت رزگاری بوو ئەویش برای عەبدالقهاربوو، ئەو منداڵبوو ددوجار ناردمانەوە ناو ژن و منداڵەکان و عەسکەرەکان دەیانهێنایەوە لای خۆمان بۆجاری سێهەم ناردمانەوە ناو ژن و منداڵەکان باش بوو ئەوجارە رزگاری بوو ئێستا خەڵات ماوە. دەنا ئەویش دەبوایە وەکو ئێمە گوللەباران بکرایە. ئیتر کە پۆلین تەواو بوو ئێمە پیاوەکان ٣٣ کەسماینەوە. کە ریزیانکردین بەرەو خوار ئاواییەکە بردیانین هەروا ٢٠٠ مەترێك لەخواردێییەکەوە رایانگرتین، لەریزەکەدا لەراستەوە بۆ چەپ دووەم کەس من بووم، بەڵام کە لەچەپەوە بهاتیتایە من دەبوومە ئەخیرکەس ، کە گەیشتینە خوارەوە رەزێکی لێبوو، لەوێ فەرمانیان پێکردین دانیشین هەربەتەنیش رێگەکەوە کە بەدەم رەزەکەدا دەرۆیشت. من زوو دڵم خەبەری دا وتم : ئیتر ئێمە کۆتایمان هات دەمانکوژن.. بڕوا بکە کورێکی پوری خۆم لەتەنیشتمەوە بوو ناوی حەمید بوو ئەویش لەوێدا شەهیدبوو پێم ووت دەمانکوژن..

**چۆن دەتزانی دەتانکوژن .. ؟**

دیاربوو لەدەموچاوی ئەفسەرەکاندا دیاربوو، شتێکی رون و ئاشکرابوو کە ئەو مامەڵەیە بۆکوشتنمان بوو. جموحۆڵێکی زۆریان هەبوو هەردەهاتن و دەچوون و جیهازیان دەکرد، جەیش و جاشێکی زۆر بەوناوەدا بڵاوو ببووەوە، ماوەیەك ماینەوە ئاویان بۆهێناین.. ئینجا هاتنە پێشەوە ووتیان هەستن هەستاین و بردیانینە خوارتر لەوکاتەدا مان کەوتمە پێشەوە یەکەم کەس بووم لەریزەکەدا عەبدالقهار دووەم کەس بوو، لەدوامەوە بوو، کەمێك شۆربوینەوەو فەرمانیان پێکردینەوە دانیشن. بەرلەوە تەقەیەکی زۆ زۆر بوو لەهەمولایەکەوە تەقەبوو. ئێمەش نەماندەزانی چییە. خواریشمانەوە بە جاش گیرابوو.

**ئەو سەربازانەی تەقەیان لێکردن هەر سەربازی سوپای عێراق بوون، یان هێزی تایبەت بوون ؟**

نەخێر سەربازی ئاسایی (نیزامی) سوپا بوون.

**شوینی گوللە بارانکردنەکە لەناوگوندەکەدا نەبووە ..؟**

نا نزیکەی دوو سەد ٢٠٠ م دوریان خستینەوە شوێنەکە لەنزماییەکەدا بوو کە بەریز بردیانین من لەپێشەوە بووم هەتا لە گوندەکەوە دیارنەماین ٣٣ کەس بووین، سەربازەکان دوومەترێك لە سەروی ئێمەوە لەبەرزاییەکەوە وەستابوون فەرمانیان پێکردین بەلای ئەواندا وەرگەڕێین .

**ئەوەی ئەمری پێکردن پلەداربوو یان هەر سەربازێکی ئاسایی بوو ؟**

نا ئەفسەرێکیان بوو ملازم بوو.

**کامیان بوو عەباس بوو یان محمد؟**

وەڵڵە ئەوەیان نازانم کامیان بوو. ئیتر هەرکە ڕومان بۆلای ئەوان وەرگێڕا فەرمانیان پێکردینەوە کە دانیشین، من کەدانیشتمو سەرم بەرزکردەوە سەربازەکانی سەرووی خۆمانم دەدەی لەبەرئەوەی ئەوان دومەترێك بەرزتربوون لەئێمە بەڵام ئەوانەی ئەولاترم دەبینی. ئیتر هەرئەوەندەی دانیشتین ئەوەندەی پێنەچوو فەرمانی کرد (ارمی) گوللەبارانیان کردین .. ئیتر خۆ ناگێڕدرێتەوە ( هاشم لێرەدا لەقسەکردن وەستا ) ئەو گوللەبارانکردنە عەشوائی بوو، تەقەیەکی زۆریان لێکردین، ئیتر مخزەنەکانیان گۆڕی جاری دووەم فەرمانی پێکردنەوە بەڵام ئەم جارە فیشەکەکان تەپەیان دەهات دیاربوو بەر گۆشتو تەرمەکان دەکەوت. ئیتر ناڵەو هاوار بەرزبووەوە من قەهاری کوڕی خاڵم لەتەنیشتمەوە بوو کەناڵەی لێهەستا هی ئەوەبوو فیشەکێك بەرشانی کەوتبوو لە پەراسووەکانی خوارەوەیدا وەستابوو کەسەرمان نابوو بەئەرزەکەوە ووتی من بریندارم ووتم: من هیچم بەرنەکەوتووە. من ئاگام لێبوو کە فیشەکەکان لەنزیك سەرم دەکەوتن بەردوخۆڵەکان دەکەوتنە سەرم ، بە ئەسپایی پێمگووت من هیچم لێنەهاتووە ئەگەر دەرچووین من هاوکاریت دەکەم، ئەوەی پاڵم زۆرخراپ بەری کەوتبوو هەموو لەشی لەخوێندابوو، کە تەقەکان تەواو بوون جاری سێهەم فەرمانی گوللەبارانکردنماندرایەوە ئەوجارەشە هەر سەلامەتبووم، ئینجا گوێم لێبوو ووتی بڕۆن (خللی اچربهم واحد واحد) یەك یەك گوللەیان پێوە بنێن . سەربازێك ڕێك لەئاستی سەری منەوە هاتە خوارەوە ڕێك لەسەرسەری من وەستا، سەرم کەوتە نێوان هەردوو پۆستاڵەکەیەوە.

**ئەگەر باشتر بۆم روونبکەیتەوە ؟**

ئەوان کە لەبەرزییەوە بوون سەربازەکە بەلێژاییەکەدا هاتە خوارەوە ڕێك هاتەخوارەوە لەسەر سەری من وەستا کە قاچی بڵاوکردەوە بۆ تەقەکردن سەرم کەتە نێوان هەردوو قاچییەوە ئیتر دەڵێن رۆح لە شوێنێکی قوڵدایەو بەئاسانی نایەتە دەرەوە ئەگینا من ئەو رۆحەی کە مابووشم ئەو هەناسەیەی کە پێشتر دەمدا نەمابوو.. کە گوێم لەدەنگی تەقەکە بوو هەستم کرد قاچم وەك کارەبا لێی بدا تەزوویەکی پێداهات قاچم بڵاوبووەوە .. ئیتر لەسەر سەری من لاچوو چووە سەر عەبدالقهار بەڵام تەقەی لەو نەکرد رەنگە لەبەرئەوە بووبێت ئەو تەرمەی بەسەرئەودا کەوتبوو خوێنەکەی هەمووی بەسەر قەهاردا رژابوو هەموو جەستەی سوربوو، لە عبدالقهار تێپەری دەستی بەبەلەپیتکەی تفنگەکەیدا نا بەرێز دەستی لەسەرهەڵنەگرتن هەتا هەموو ریزەکەی تەواو کرد کە فیشەکەکان بەتاڵبوونەوە ئیتر رۆیشتەوە سەرەوە.

**دوای ئەوە کەسی تر بۆتان نەهاتە خوارەوە ؟**

نا ئیترکشانەوە، ئاوا نزیکەی ٥٠٠ – ٦٠٠ مەترێك کشانەوە بەڵام ئیتر شوێنەکەی ئێمە نەدیووبوو، شوێنەکەی ئێمە لەوانەوە دیارنەبوو، هەرچەندێك کشابنەوە ئێمە لەوانەوە دیارنەماین. بەڵام ئیتر دەستیاکرد بەتەقاندنی قازیفەو هاوەن رەنگە ئەمەش بۆ ئەوە بووبێت بڵێن ئەوانەمان لەشەڕدا کوشتووە.

**ئیتر بەجێیان هێشتنو دایان نەپۆشین ؟**

نا ئەوان رۆیشتنو بەو شێوەیە بەجێیان هێشتین.. بەڵام گڕبەربووەوە پوشو پەڵاشەکە، ئەگەر هەڵنستاینایەتەوە دەسوتاین، ئیتر من هەستامەوە لەدوای من عەبدالقهاریش هەستایەوە ووتم منیش برینداربووم قەهار دەیتوانی بڕوا، بەڵام من نەمدەتوانی، لەوەدابووین بڕۆین کەریم نایف لە بەشی سەرەوەی ریزەکەدا بوو بەسەرچەنگ بەرەو لای ئێمە هات ئەویش سەلامەت بوو تەنها فیشەکێك سەرچیغ شانی گرتبوو، ئەویش کەوتبووە ژێر تەرمەکانەوە ئێمە هێشتا لەوێ بووین ئاگر کەوتەناو جەنازەکانەوە .. عبدالقهار بەکەریمی گوت بزانە ئەو ئاگرە ناکوژێنیتەوە با جەنازەکان نەسوتێن کەریم کەمێك خەریك بوو، ئەو تازە پێدەگەیشت ئەو شتانەی نەدیبوو، کەریم گەرایەوە نەیتوانی ئەوئاگرە بکوژێنێتەوە، تولە رێگایەك هەبوو منیان پەراندەوە پشتییاندام بە کەندێکەوە بۆئەوەی نەسوتێم ئەوە کەمێك لەتەرمەکان دورکەوتبووینەوە.. تائەوکاتە

وامانزانی هەر ئەوسیانە ماوین.. بەعەبدولقهارو کەریمم ووت: ئێوە بڕۆن دوربکەونەوە، قهار ووتی دەڕۆم، ئەگەر نەمردم شەو دێمەوە بەدواتدا ئەگەر مردیشم ئەوە چارنیە.. ئەوان ڕۆیشتن، بەڵام ووتم زوو ئاورم لێبدەنەوە.

**لەهیچ شوێنێکەوە جەیش دیارنەبوو ..؟**

نا ئەوانە ڕۆیشتبوونەوە ناو دێ. هەروا ٢٠٠ مەتریك لێمانەوە دووربوون. ئیتر من مامەوە کە ئاوڕم بۆلای تەرمەکان دەدایەوە چاوم هیچی نەدەبینی وەك تارماییەکی ڕەش دەهاتە بەرچاوم لەپێشچاومدا گرێکی سەوزیان لێ بەرزدەبووەوە.

**ئەی تۆ بۆمایتەوە ؟**

ئاخر من کە عەسکەرەکە هاتە سەرمان فیشەکەکانی بەقاچمەوە نا، ئیتر من نەم دەتوانی بڕۆم، ئەوان ماوەی ٢٠ دەقەیەك دەبوو ڕۆیشتبوون، من چنگم لە ئەرزەکە گیرکردو هێزم دایە بەرخۆم هەستامە سەرپێ خەریکبوو بکەوم، هەرچۆنێك بووخۆم گرتەوە جووتێك پێڵاوی ئەدیداسی ئێرانیم لەپێدابوو، هەرکە قاچم دانا خوێن لەپێڵاوەکانمەوە فیچقەی کرد. ئیتر ڕۆیشتم هەروا ٢٠ مەترێك دورکەوتمەوە ئەبابەکریشم بینی .

**ئەو چۆن دەربازببوو ؟**

ئەو هەر لەکاتی تەقەکاندا رایکردبوو ئەو مسافەیە دورکەوتبووەوە لەریزەکە دەرچووبوو لەدوورەوە لێیاندابوو کەوتبوو ئەویش برینداربوو، ووتم ئەبابەکر چیبکەین ..؟ ووتی تۆبڕۆ خۆت نەجاتبدە تۆخۆت دیوە چیت لێهاتووە..؟ ووتم بڕۆ عەبدالقهارو کەریمیش ڕۆیشتوون، بەوحاڵەوە ڕۆیشتین، نزیکە ٧٠٠ مەتریك دورکەوتبووینەوە نەشمان دەوێرا بەرێگاکەدا بڕۆین لەبەرئەوەی خوێنمان لێ دەڕۆیشت نەبا بماندۆزنەوە.. لەکوێوە پوش زۆربوایە لەوێوە دەڕۆیشتم گەیشتمە چەمێك پێی دەڵێن چەمی بۆسەی شێری پێدەڵێن . کەچووم لەوێ کەریمو قەهارم بەدی کرد دووجاربانگم کردن گوێیان لێنەبووجارێکی تر بانگم کردن خۆیاندا بەزەویدادا چونکە ترسان.. ئیتر بانگم کردنەوە ووتم منم.. وتیان چۆن هاتوویت وگەیشتوویتە ئێرە. ؟ وتم گەیشتووم، ئیتر لەو قسانەدابووین کۆپتەرهاتە سەرمان، خۆمان شاردەوە تا کۆپتەرەکە ڕۆیشت ئیتر وڵاخێك ئەسپێك لەناوچەمەکەدا بوو چوون گرتیانەوەو هێنایان منیان خستەسەری و ڕۆیشتین لەوناوە کەپرۆشتی خۆمانی لێبوو هەندێك دەرمانو شتیشمان هەبوو کەکاتی خۆی شاردبوومانەوە، ئیتر کەوتنە گەران هەندێك جلەکۆن و شەرواڵو جامانەو پەڕۆوپاتاڵیان دۆزییەوە بۆئەوەی برینەکانمانی پێبپێچین. عبدالقهار ووتی: من شوێنێك پێدەزانم دەچین لەوێ خۆمان دەشارینەوە.. شارەزای چەمەکەش بووین، لەوێ دارێك هەیە پێی دەڵێن قاچ دارێکە وەکو سنەوبەر وایە بەڵام درکاوییە، لەلای ئەو دارە کەندرێك هەبوو دورە رێگاو چەپەك بوو عەبدالقهار دەیزانی چوینەئەوێ خۆمان شاردەوە، کەریم جانتایەکی شاردبووەوە لەو شوێنەی پێش تەسلیم بوون خۆمان لێشاردبووەوە ئەو جانتایە دەرزیو چەقۆومەقستوئەو شتانەی تێدابوو، ئەو ڕۆیشت جانتاکە بینێ ئێمەش لەوێ ماینەوەو خۆمان پاککردەوەو ئەوەندەی توانیمان خوێنو پیسیەکەمان لەخۆمانکردەوە، زۆری پێنەچوو گوێمان لەدەنگی خەڵك بوو، کەنزیکبوونەوە کەریم بوو صدقیشی لەگەڵدابوو، ئەویش دەربازبوو.

**صدقیش لەو کۆمەڵکوژییەدا بوو..؟**

بەڵێ ئەویش لەناو تەرمەکاندا دەربازبوو ئەو خەڵکی گوندێکی تربوو گوندی چەلکی .

**ئەی چۆن کەریم دۆزیبوویەوە ؟**

کەریم کەچووبوو جانتاکە بینێ بینیبووی ناسیبوویەوە بەڵام صدقی سەری لێتێکچووبوو بەرەو ناحیەکە ڕۆیشتبوو کەریم بانگی کردبوو ووتبووی ئەوە بۆکوێ دەچیت ئەو بەترسەوە پێی گوتبوو دەڕۆم بۆتورکیا ئینجا هێنابوویەوە بۆلای خۆمان پێی وتبوو کەوا هاشمو عەبدولقهاریش دەربازبوونو دەتبەم بۆلای ئەوان.. ئیتر پێکەوە هاتن .

**واتا ئەگەر ئەو جانتایە نەبوایەو کەریم نەرۆیشتایە صدقی جارێکی تر دەکەوتەوە دەست بەعس‌و ڕەنگە دەربازنەبوایە ..**

بێگومان چونکە صدقی برایەکی تریشی بەناوی فەتاح دەربازبوو، بەڵام بەداخەوە ئەوجارێکی تر ونبوو کەس نەیزانی چی بەسەرهات.

**کەواتە ئێوە ٦ کەستان لەو ٣٣ کەسە دەربازبوون ؟**

بەڵێ بەفەتاحەوە ٦ کەس بەبرینداری دەربازبووین، بەڵام فەتاح وەکو وتم جارێکی تر وون بوو ئێستا ماوینەتەوە ٤ کەس .

**ئەی باسی ئەبابەکرت کرد ئەو لەگەڵ تۆ نەهات بۆ چەمەکە .**

نا ئەبابەکر ئەو شەوە هەتا بەیانی لەشوێنی خۆی مابووەوە بەقسەی خۆی کە دەیگێڕێتەوە. ئەوکاتە زۆریشم پێگوت بابڕۆین ووتی بەخواناتوانم ئەویش فیشەك لەقاچی دابوو. ئەو نەیدەزانی ئێمە بۆکوێ چووین .

**ئیتر کەریم کەهاتەوە جانتاکەی هێنا ؟**

ئا جانتاکەی هێنا صدقی لەگەڵدابوو ئیتر سودمان لە شتەکانی بینی خۆمان یەکترمان تەداوی دەکرد .

**ئەو گولانە کوێی گرتبوو تەنها قاچت بوو ؟**

من هەتا شەرواڵەکەشم دانەکەند نەمدەزانی چۆن بەرم کەوتووە بەڵام دابووی لە قاچم لەرەگی پێمەوە دەرچووبوو ؟

**چەکەکە کلاشینکۆف بوو ؟**

بەڵێ دوایی بە ڕاپۆرتی پزیشکی زانیمان کە فیشەکەکانیش گرداربوون،

**دوای ئەوە هەرلەوێ مانەوە ؟**

بەڵێ بۆکوێ بچین ؟ کەخۆمان پاککردەوە پەڕۆ خوێناویەکانمان‌و شەرواڵەکانمان شاردەوە چاڵێکمان کردوودامان پۆشین. ئەو شەوە هەرلەوێ ماینەوە دنیایەکی ترسناك‌و کش‌ومات، بڕوا بکە هەوایەکی بەتین بهاتبایە دەترساین ڕۆژانێك بوون ، هەرگیز شایانی لەبیرچوونەوە نین.. مەرگێگ باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو بۆنی خوێن، مەرگی مرۆڤو تەنانەت دارودەوەنەکانیشم وەك شەهیدەکان دەهاتە بەرچاو. هەرچۆنێك بوو ئەو شەوەمان ڕۆژ کردەوە.. بەیانی زوو دەوری سەعات ٨ قەهار چووە سەرەوە گردێك لە پشتمانەوە بوو.

**چۆن دەیتوانی سەرکەوێت ئەی ئەویش بریندارنەبوو ؟ ئەو چەند فیشەکی بەرکەوتبوو ؟**

ئەوباشتربوو دەیتوانی بڕوات، چونکە تەنها فیشەکێك لەسەرشانی دابوو لە ناوسکی وەستابوو. دەرنەچوو بەڵام هەناسەی توند دەبوو.

بۆچی دەچوو بۆ سەرەوە مەگەر دەتانتوانی خۆتان دەربخەن..؟

چووە سەرەوە بزانێ چی باسە، لەڕاستیدا ئێمە نەماندەزانی ئەنفال چیەومەرامی حکومەت چیە وامان دەزانی ئیتر هەرئامانجەکەی پێکا دەگەڕێتەوە، فەوجێك هەبوو لە نزیکی ناحێکەوە کە عبدالقەهار هاتە خوارەوە ووتی: وەڵڵا جەیش ماوەو دەبابەیەکیش هەر لەشوێنی خۆیەتی نەجولاوە. بێگومان نەماندەتوانی خۆمان دەربخەین‌و زۆریش دەترساین چلێك دارمان پەیدا کردبوو کەدەچوونە دەرەوە دەبوایە شوێن پێکان بسڕێتەوە.

**شوێنەکەتان ئەمین بوو ؟**

شوێنەکە ئاودرێك بوو نزیکەی نیومەترێك قوڵ بوو، ئاودری بووی دوانمان لەچاڵەکەدا دەنوستین من لەناوچاڵەکەدابووم ئەوانیش بەم بەرەوەوبەری چاڵەکەدا

دەخـــەوتن.. ئــەو ئەســپەی بردمـــان كورتـــانی پێوەبوومنیـــان خستەناوكورتانی ولاخەكــەوە. دەرەكـــەش زۆر گـــەورە بـــوو بنەلاولاوێكیشی تێ ئالأبوو زۆر تاریكی كردبوو.

**ئەی خواردنتان چۆن دەستكەوت.**

برســیو بێئـــاوبووین وەزعمـــان زۆرخـــراپ بـــوو، هیچـــمان پێنـــەبوو بـــەلأم عەبدولكـــەریم چـــوو هەنـــدێك تەماتـــەی هێنـــا بنەگوێنیـــەك بادەمیشـــی هێنـــا، ئـــەوە بـــۆ ئێمـــە زۆر بەســـود بـــوو رۆژانـــە بـــە جصـــە بەشـــی خۆمانمـــان دەخـــوارد رۆژی یـــەكی ٢٧ دەنـــك بایـــەمان بەردەكـــەوت ناچـــاربووین دەســـتی پێـــوە بگـــرین، نـــەدەبوو یـــەكی ٢٨ دەنـــك بخـــوات. لـــەماوەی وەو ٨ رۆژەدا دوو كالـــەكمان پێبـــوو تـــەنها یـــەكێكیمان هـــوارد، بـــەلأم بـــاش بـــوو رۆژێـــك كـــەریم چـــووبووە نزیـــك گوندەكـــە ســـەگێكی بینیبـــوو بەســـەر نانـــەوە وردەنـــان دەری كردبـــوو هێنـــای ئـــەوە كـــەمێك بـــەفریامان كـــەوت، ئـــیتر لـــە ٢٩ مانگـــەوە رۆژێـــك دوای تاوانەكـــە چـــارەنوسمان نادیـــاربوو نەمانـــدەزانی چـــی بكـــەین، هـــیچ ئاســـۆیەكمان لێوەدیارنـــەبوو، بەراســـتی تەنگانـــە بـــوو. بـــەلأم بـــەوە زۆر ورەمـــان دەروخـــاو بـــێ ئومێـــد دەبـــووین كـــە هـــەموو رۆژێ تـــا ٥ مـــانگ عەبـــدالقهار دەچـــووە ســـەرەوە كـــە دەگەرایـــەوە لامـــان دەیگـــوت دەبابەكـــە هەرلـــەوێ مـــاوەو نەرۆیشـــتووە.. ئـــیتر بەتـــەواوی ورەمـــان نـــەدەماو دەروخـــاین. هۆكـــاری نەرۆیشـــتنی دەبابەكـــەش دیارنـــەبوو، زۆر هەولمـــدا ئـــەوان بـــرۆنو بـــەجێمبهێلن بـــەلأم قـــەهار كـــوری خـــالم بـــوو وتـــی: كاكـــە باســـی رۆیشـــتن مەكـــە مەگـــەر بتكـــوژم ئینجـــا بەجێت دەهێلم.

**ئەی ئەبابەكر چۆن گەیشتەلاتان .**

ئەبابـــەكر هەرنەگەیشـــتەلای ئێمـــە شـــەوەكەی هـــەر لـــەوێ نزیكـــی شـــوێنی كۆمەلكوژیەكـــە مـــابووەوە رۆژێـــك دوای ئـــەوە كە ئیتر جاش چووبن گرتبوویان بردبویان .

**چەند رۆژ ئاوا مانەوە ؟**

٨ رۆژ بـــەو حالـــە ماینـــەوە بـــەلأم لـــە رۆژی هەشـــتەمدا ئـــیتر جموجۆلمـــان هەســـت پێكـــرد گوێمـــان لـــە دەنگـــی ســـەربازبوو بەعـــەرەبی قســـەیان دەكـــرد (تعـــال.. تعـــال) تەقـــەیان دەكـــرد . دیاربوو هەستێكیان كردبوو كە ئێمە دەرچووین..

**بەچیدا هەستیانكردبوو ..؟**

كـــە ئـــەبابكریان دۆزیبـــووەوەو تەرمـــەكانیان شـــاردبووەوە دیـــارە ژماردوویـــانن كـــەم بوونـــەوە چـــونكە ئێمـــە ٣٣ كـــەس بـــووین كـــە "رەمیـــی " گوللـــەبارانیانكردین. فـــەتاحیش دەرچـــووبوو .. مابوونـــەوە ٢٧ تـــەرم . ئـــیتر هـــەموو رۆژێ تەمشـــیتیان دەكـــرد كێومالیـــان دەكـــرد ئـــیتر تـــەواو بێئومێـــد بـــووین، بـــەلأم شـــوێنەكەمان زۆرنـــەدیوو بـــوو ئێمـــەش تەنانـــەت قســـەمان لەگـــەل خۆشمانـــدا نـــەدەكرد چـــاوەروانبووین لـــە پرێكـــدا بماندۆزنـــەوەو بمـــانكوژن. ئـــیتر بانگیـــان دەكـــرد ســـەربازەكان بانگی یەكتریان دەكرد ..

**ناوێـــك هەیـــە لەبیرەوەریتـــدا مابێتـــەوە مبەســـتم نـــاوی ئـــەو سەربازانەیە كە بانگی یەكتریان دەكرد.**

نـــەخێر بـــیرم نـــەماوە . بـــەلأم بـــانگو تعـــال تعـــالم بـــیرە فیشەكیشـــیان زۆر دەتەقانـــد. ئـــیتر بۆشـــەوەكەی بیرمـــان كـــردەوە لـــەوەی كـــە شـــوێنەكەمان بـــەجێبهێلین قـــەهاردوربینێكی هێنـــابوو، بـــردی ووتـــی بـــزانم هێســـترەكە نادۆزمـــەوە بیهێـــنم تـــۆی پـــێ بـــەرین، دۆزیبـــەوەو هێســـترەكەیان هێنایـــەوە منیـــان ســـواركرد، بـــەلأم ســـنگم زۆر ئـــازاری گەیشـــت كەوتمـــە خـــوارەوە، بـــەلأم خێـــرا باوەشـــیان پێـــدا كـــردم گرتیانمـــەوە، بەهـــەحال رۆیشـــتین نزیكـــەی كیلۆمـــەترێك لـــە شـــوێنی خۆمـــان دوركەوتبووینـــەوە لـــەوێ ئەشـــكەوتێكی لێیـــە ئەشـــكەوتە رەشـــی پێـــدەلێن لـــەوێ نزیكـــەی ٢ كاتـــژمێرێك ماینـــەوە گوێمـــان لەســـەگ وەرێكـــی زۆر بووشـــەوێكی زۆرتاریـــك بـــوو، دەرمـــان كـــەم پێمـــابوو خواردنمـــان نـــەمابوو وەزعێكـــی زۆر ســـەختو ترســـناك بـــوو. ئـــیتر كـــەریمو قـــەهار رۆیشـــتن بـــۆ ئـــەوەی بـــزانن دەنگوبـــاسو جموجـــۆل چـــیە تـــەنها مـــنو صـــدقی مابووینـــەوە .. بائـــەوەش هەربۆخۆشـــی بگێرمـــەوە ئـــەو بەیانیـــە كـــەریم خـــەریكی نوێـــژكردن بـــوو، قـــەهاریش ووتـــی: كـــەریم نوێـــژی چـــی دەكـــەی ئـــەوە هەتاوگەیشـــتە ســـەرمان، لەكـــەریمیش وایـــە دەلێـــت نوێـــژی چـــی دەكـــەیت وا جـــەیش گەیشـــتە ســـەرمان، ئـــیتر كـــەریم لەســـەر نوێژەكـــە هەســـتاو رای كـــرد وتـــی: كـــوا جـــەیش..؟ قـــەهار وتـــی نـــالێم جەیش دەلێم كاتی نوێژی بەیانی نەماوە .

**بیرم چوو ئەو پرسیارەت لێبکەم صدقی گوللەبەرکوێی کەوتبوو ..؟**

**ئەویش برینداربوو** ؟ئەویش برینداربوو بەڵام ئەو تەنها پەنجەیەکی گرتبوو لێی کردبووەوە ئەوپەنجەی فڕێ دابوو. ئیتر ئەوان نیو سەعاتێك دەبوو ڕۆیشتبوون ئاگامان لێیان نەما بەڵام لەچەمەکەوە دەنگە دەنگێك دهات، منیش ووتم صدقی وەرە ڕاکشێ ووتی: بۆ ووتم ئەوە جاشن دێنە سەرچەمەکە یان خۆیان دەشۆن یان جل دەشۆن بانەمانبینن، بۆچوونەکەی من ڕاست دەرچوو جاش هاتن، تومەس کەریمو قەهار بێ ئەوەی بە ئێمە بلێن چووبون بۆ فەوجەکە خۆیان تەسلیم کردبوو، ئامر سرێیەکی لێبوو پێیان گوتبوو حاڵمان ئاوایەو دوکەسی تریشمان برینداڕن ئیتر جاشەکان هاتن تەواو نزیك بوونەوە گوێم لێبوو یەکێکیان ووتی: لێرەن ئیتر ئێمە هیچمان بەدەستەوە نەما تومەس کەریم لەگەڵیان بوو لە دواوە پێشئەوەی کەریم وەڵام بداتەوە بۆخۆم گوتم بەڵێ لێرەین بەڵام ئێوە خەڵکی کوێن..؟ ووتی ئێمە سندین ئیتر هانایەکم پێداهاتەوە ووتم دەی قەیناکا. ئەو ترسەم نەما چونکە تەیاری عەشایەری زۆر بەهێزبوو لەوناوچەیە ئەوە کاتە ئەوەش لە بەرژەوەندیماندابوو، لەم قسانەدابووین لەگەڵ کابرای جاشدا کەریم لەخوارەوە هاواری کرد مەترسن ئەوە من دێم، زۆرم پێناخۆش بوو ووتم ئێباشە ئەگەر بەنیازی شتێکی ئاوان قسەتان بکردایە.

**تۆ لەوکاتەدا ئەوەت بەبیردا هات کەریم ئیخباری کردبن ..؟**

نا هەرگیز ئەوەم بەخەیاڵدا نەهات، چونکە ئەوەیان لێنەدەوەشایەوە .. ئیتر مەنجەلێکی بچکۆلەیان پێبوو پڕیان کردبوو لە گۆشت، ئێمەش هەشت ڕۆژ بوو، خواردنێکی وامان نەخواردبوو ئەوە بەلامەوە زۆر خۆش بوو، کالەکێکمان هەر پێمابوو بۆ تەنگانە. ئیتر یەکی کەمێك لەو گۆشتەمان خواردوو وتیان دەبێت بڕۆین، هێسترەکەیان هێنایەوە جاشەکان هەڵیانگرتمو سواریانکردم ووتیان ئەوشتانەی تر مەهێنن شتی چی لیڤەیەکم پێبوو لایەکی سوربوو لایەکی سپی بوو لاسپیەکەشی لەخوێندا سوربوو.

**ئامرسریەکەی فریاتنان کەوت کێ بوو ناوی چی بوو. ؟**

ناوی عیسا بوو بەڵام نازانم بەچی ناسراوەو ناوی باوکیشی نازانم .

**دواتر بردیانن تەسلیمیان کردنەوە ؟**

نا کە ئێمەیان هەلگرت بەپەلە بردینیانین لەنزیکی فەوجەکە شوێکی لێبوو خستیانینیانە ناو ئەو شیوەوە ووتیان لێرەبن بالەناو فەوجەکەشدا کەس نەتان بینێت چونکە لەوێش خەڵکی ئیستخباراتی تێدایە. ئیخباریتان بکەن بۆ ئێمە ناخۆشە. ئیتر ئێمەیان لە دۆلێکی نزیك فەوجەکە دانا دواتر دوجاش هاتنەلامان قۆریو کتریو چاو جگەرەو یاتاغیان بۆ هێناینو ووتیان ئیتر ئێمە ئەوەندە نایەین بەلاتاندا بۆئەوەی نەبنە جێگەی تەرکیز.

**ئەی تەداوی کردنتان ئەوان یارمەتیان نەدان..؟**

نا هەرئەوەبوو کەخۆمان تەداوی خۆمانمانکردبوو، زۆریش لەناویان نەمایەنەوە هەروا سێ سەعاتێك لەناوجاشەکاندامایەنەوە، ئەوکاتە هەرمنو صدقی بووین نەماندەزانی قەهارو کەریم لەکوێن، ڕۆژی ٩/٦ بوو دەوری کاتژمێر یەکی نیوەڕۆبوو بووبەتەقە تەقەیەکی زۆر کرا لەحەد بەدەربوو، صدقی دەستی کرد بەگریان ووتی: بەخوا کەریمو قەهاریان ڕەمی کردووە، ڕێك ئەوکاتەی بیرکەوتبووەوە کە ئێمەیان گوللەبارانکرد ئاخر ئێمە ١٠ سەرباز پێکەوە بەکلاشینکۆف تەقەیان لێدەکردین. منیش ووتم مردن یەکجارە من بەو قسانە دڵخۆشی صدقیم دەدایەوەو تەقەش هەربەردەوام بوو کەریم بەڕاکردن هاتەخوارەوە بۆلای ئێمە ئیتر ووتی مەترسن مژدەیەکی خۆشم پێیە، ووتم چیە ئەو مژدەخۆشە ووتی: لێبوردنی گشتی دەرچووە.. ئەو تەقانەش هی ئەوەیە تەقەی خۆشییە. ووتم ئەی کوا قەهار ووتی: ئەو لەگەڵ خالید شێخۆیە " موستەشارەکە" هێندەی پێنەچوو سێ چوارجاش هاتنە خوارەوە هەڵیانگرتمو بردیانمە سەرەوە من قاچم زۆر ئاوسابوو ووتیان ئەو لەفافو شتانە لەبرینەکەی بکەنەوە بانەلێن تەداویتان کردووە منیش جامانەکەم تێپێچا، ئیتر

ئەوەندەی پێنەچوو موستەشارەکە هات بۆلامان تەوقەی لەگەڵ کردین‌و ئێمەش سوپاسمانکرد، ئەو منی نەدەناسی بەڵام دیاربووماڵی خالمی دەناسی‌و ووتی باسبەی گللەیم لێنەکەن بلێن خزمی من کەوتووەتە دەستتان ڕێزتان لێنەگرتوون، خواهەڵناگرێت زۆر ڕێزی لێگرتین، ووتی ئەمشەویش لێرە بمێننەوە سبەی دەتانبەم بۆمانگێش .. ئیتر رۆژی ٧ی ئەیلول بردیانین بۆمانگێش لەوێ تەسلیم بە مدیری مونەزەمەی مانگێشیانکردین دانیشاندین‌و کەوتە لێکۆڵینەوەلێمان .. بەڵام شێخ جەمال هات بۆلای ووتی: ئەمانە خزمی منن لە کورێمی رزگاریان بووە.. سەید الرئیس عافواتی داوەوەو هاتوونەتەوە ریزی نیشتمانی ..

**ئەو شێخ جەماله ڕاستیەکەی پێگوت ..؟**

بەڵی ڕێك‌و ڕەوان پێی گووت ئەمانە لەوکۆمەڵکوژییەی کورێمیٚ رزگاریان بووە. کابرایەکی لێبوو ناوی بایز بوو بە بەرپرسی مونەزەمەی دەگوت ئەمە قەهارخەلیلە لەفلاّن شوێن کەمینی داناوەو ئەمەی کردووەو ئەوەی کردووە، بەرپرسی مونەزەمەش پێی گووت بریاری سیدالرئیسە هەرچییەکی کردبێت دەبەخشرێت.

**ئەی دوایی چییان لێکردن ..؟**

هەر ئەو رۆژە ئێمەیان برد بۆ وەحدەیەکی مەیدان تووبی (یەکەیەکی پزیشکی سەربازی ) هەرلەناو ناحێکەی مانگیشدا بوو، ئیتر تەداویش چی بوو هەربە ئاوی سارد بۆیان شۆردم کابرایەك هات ووتی: تۆ لەکویٚ تەداویت کردووە ..؟ ووتم هەرخۆم کردوومەو بەئاوی سارد شۆردوومە ووتی: نابێت تۆ یان لەخەستەخانە تەداوی کراوی یان جاش بۆیان تەداوی کردوویت..

**ئەو کابرایه چی بوو ؟**

ئەویش پیاوێکی سەربازیی بوو لەیەکە پزیشکیەکە بوو لەژێرخێمەیەکدا بوو. ئیتر پێی ناخۆش بوو ئێمە هاتووینەتەوە ئیتر لەوێ ماینەوە هەتا عەصرێکی درەنگ ئیتر شێخ جەمال هات بۆلامان ..

**ئەو شێخ جەماله چی بوو ؟**

ئەو خەتیب‌وئیمامی مزگەوتی مانگێش بوو مدیری مونەزەمە رێگەی دابوو بێت بۆلامان . ئیتر دوای ئەوە سەیارەیان هێناو سواریانکردین ناردیانین بۆ لیوایەکی سەربازی لە باتوفە. هەرهەمان رۆژ ناردیانین بۆ ناحیێ بیرسپی لەلای زاحۆ سەیارەیەکی ئیسعافیان هێنا ناردیانین بۆ ئەویٚ مەئومورێك‌و من‌و قەهار رۆیشتین. لەویٚ سەرلەنویٚ برینەکانیان کردینەوە بۆتەداوی لەویٚ دکتۆرێکی بەغدایی لێبوو زۆر ڕێزی لێگرتین شەوێك لەویٚ ماینەوە لەو ماوەیەدا دایکم‌و ئەوانیش هاتن بۆلامان ئێمەیان بینی ..؟

**بۆچی ئەوان زانیبوویان کەماون ..؟**

بەڵیٚ زانیبوویان .

**ئەی کۆمەڵکوژیەکەی کورێمی یان نەبیستبوو ؟**

با چۆن تازێشیان بۆ دانابووین کە خۆمان تەسلیم کردەوە زانیان ئێمە ماوین . ئەو شەوە ئێمە لەویٚ ماینەوە لەویٚ کورێکی گەنجی لێبوو. هەردەهات‌ودەچوو دەیویست بزانیٚ ئێمە چین، ئیشارەتی دەکردو دەهات‌و دەچوو، ئێمە لەچادرێکی درێژدابووین، دواجار هات ووتی: ددانم دێشێت ئینجا ووتی : دەتوانم ئەو جەماعەتە ببینم ئیتر هات ووتی ئێوەچین جاشن پێشمەرگەن چین.. ئیتر ئێوارە نانی بۆهێناین ئیتر ئەوشەوە لەویٚ بووین بەیانی ووتیان دەتانبەین بۆ دهۆك بەیانی کەسواریانکردین نائب زابتێکی موصلاویان بەمەئمور لەگەڵ ناردین ناوی ئەحمەدبوو کە گەیشتینە باتووفە داوامانکرد لە باتووفە تەنها ئەوەندە لەماڵێکی ناسیاو بووەستین پێیان بلێین ئێمە دەبەن بۆ دهۆك ووتی ئاسانە کەچووین بۆماڵی ئامۆزاکانی عەبدالقهار نائب زابتەکەیان دەناسی زۆریانلێکردین نیوەڕۆ لەویٚ بمێنینەوە ئیتر هەرچوارمان (من‌و صدقی‌و قەهارو کەریم) لەگەڵ مەئمورەکە دابەزین لەویٚ نانی نیوەرۆمانخواردو دواتر بردیانین بۆ قەڵای نزارکیٚ لەدهۆك تراژیدیا لەویٚ بوو، ئێمە نەمان دەزانیٚ کیٚ ماوەو کیٚ نەماوە ئیتر ناسیاوەکانی خۆمان هاتن لێمان کۆبوونەوە ئێمەیان بردەسەرەوە، بەو وەزعەوە رۆژی دەجار هەربۆ ئازاردانمان دەیانبردینە سەرەوەودەیانهێنانیە خوارەوە. خەڵك لەوەزعێکی زۆرخراپدا راگیرابوو نەخواردن هەبوو، ئیتر ئەو خەڵکە جیاوازیەك لەنیوان مردن‌و ژیانیدا نەمابوو، پێش لێبوردنەکەش پیاوەکانیان بەپێشچاوی

خەڵکیان بە بلۆك کوشتبوو، ئەوانەی لەوێ بوون دەیانگیرایەوە.

**هیچ پیاوی تێدامابوو ..؟**

پێش عافواتەکە گەنجەکانیان بردبوو خەڵکیان بەبلۆك کوشتبوو سەریان تەقاندبوون، بەڵام ئەوەی دوای عافواتەکە چوو کوشتن نەمابوو کە ئێمە چووین ئەبابەکریش لەوێ بوو پێش ئێمە بردبوویان.

**چەند رۆژ لەوێ مانەوە ؟**

هەموو دوسێ رۆژماینەوە دواتر باریانکردین بۆ ئۆردوگای بەحرکە، داوام لە ئەفسەرێك کرد بە ئیسعاف بمبەن لەبەرئەوەی قاچم ئاوابوو ووتی: ئیسعاف نیە، بەڵام دەتخەمە پێشی ئیڤایەکەوە ئیتر هەرواشی کرد منیان خستە پێشی ئیڤایەکەوەو سەیارەکەیان پڕکردوو رۆیشتین. لەو کاروانەشدا هەموومان پێکەوە بووین ئەجارە ئەبابکریشمان لەگەڵ بوو ئەوانیان خستەدواوەومنیش لەپێشی لۆریەکەدابووم.

**بورە دەتبرم چەند سەیارەبوون ..؟**

زۆر، زۆر بوون بەوەجبات دەیانهێنایە دەرەوە هەموومانیان بەناو شاری دهۆکدابرد ئەوخەڵکە وەك پەرژین بەتەنیشت یەکەوە وەستابوون سەیریان دەکردین، ئیتر لەوێوە بە ریگای موصلدا بردیانین .

**شۆقێرەکەش هەر سەربازی ئاسایی بوو یان ئیستخباراتو ئەمن .**

پرسیارێکە زۆر گرنگە ئێستا وەڵامی ئەو پرسیارەت ڕاستردەدەمەوە کەزووتر لێتکردم ووتت بەچیدا زانیووتە ئەو سەربازانەی هێرشیان دەکرد لەوانە بوونکە لەهۆرەکانەوە هاتبوونەوە تەسلیم ببوون، ئەو سایەقەی ئێمەی برد یەکێك بوو لەو کەسانە تەنانەت ئەویش تفەنگەکەی فیشەکی تێدانەبوو، تفەنگەکەی کلاشینکۆف بوو لەرێگە ووتی: ئێوە شانسی باشتان هەیە ووتم بۆ؟ ووتی ئێوە ٢٠ ساڵە لەحکومەت دەکوژنو عافوات دەتانگرێتەوە بەڵام ئێمە وانین، ووتم بۆچی تۆ خەڵکی کوێیت هەر عێراقی نیت ؟ ووتی: بابەڵام ئێمە ئەهلی ئەهوارین بەچاوێکی ترەوە سەیرمان دەکەن، ئیتر ئەوەی دەیگوت دوبارەی نەدەکردەوە لە جنێو لەمەینەتیو داماوی باسی ئەوەی کرد ئەوەتە تفەنگەکەم فیشەکی تێدانیە ئیتر کەرووبەروی ئێوەمان دەکەنەوە ئێمە بکوژرێین یان ئیوە بکوژین هەردووکی بۆ بەعس قازانجە. ئیتر هەتا گەیشتینە جێژنکا هەرقسەمانکردو هەریەکەمان باسی مەینەتیەکانی خۆمان بۆیەکتر دەگێرایەوە.

**بۆجێژنکا یان بەحرکە ؟**

دوایی بردیانین بۆ جێژنکا ئێمە هەرلەوێ ماینەوە لەبەحرکە رایان نەگرتین. لەوێ جیش شعبی لێبوو کابرایەکم لێپەیدابوو ناوی محمد بوو لەوێ جەیش شعبی بوو، یەکسەر خێمەیەکی تۆزاوی پێداینو ووتی: هەرچییەکتان پێویستبێت من هاوکاریتان دەکەم، زۆرباش بوو لەگەڵ من. ئیتر دوایش خەلکی هەولێر زۆر هاتن فریامان کەوتن بەڕاستی ئەوەی خەڵکی هەولێر کردیان مێژووییە ئەگەر ئەوان نەبوونایە خەلك زۆرلەبرسان دەمردن. هەرچی پێویست بوو هێنابوویان لە صمونو خواردنی زۆر کەبابو مریشكو باتانیو هەرچی لەتوانایاندا هەبوو کردیان..

**ئەی رێگریان لەخەڵک نەدەکرد ..؟**

چۆن نەیاندەکرد با بەڵام لەسەرەتاوە دەسەڵاتیان بەسەریاندا، نەشکا بەڵام دواتر دەیانگرتن لێیان دەدانو فەلاقەیان دەکردن لەسەر ئەو هاوکارییەی بۆ ئێمەیانهێنابوو. رۆژێك سەیارەیەکی بەرازیلی بەلامدا رۆیشت وەزعم زۆر خراپ بوو، داوام لێکرد کەمێك دورمبخاتەوە بۆئەوەی دەست بەئاوبگەیەنم، ئەویش کورێکی سیانزە ساڵانی لەگەڵدابوو تەماشایەکی کردمو رۆیشت منیش بێ ئومێدبووم ووتم نایاتەوە بەڵام دوایی هاتەوە بۆلام وتی: کوا ئەو پیاوەی لەبن ئەو خێمەیەدایە ئیتر هات کردمیە ناو سەیارە بەرازیلیەکەیەوەو ووتی: ئێمە ناموسمان نەما سەیارەم بۆچیە بۆ ئێوە نەبێ بۆکوێ دەڵێیت دەتبەم ئەوکابرایە دیاربوو ئەنفال زۆر کاری تێکردبوو، هێنامییەوە بۆ ژێرچادرەکە ئیتر بۆ ئێوارەکەی منیان برد بۆ خەستەخانە ئەو کاك محمەدەی پێشتر چادرەکەی پێدام

خۆی هاوکاری کردین عەبدالهاریان نەهێنا بەڵام ئەبابکریان هێنا بردیانین ئەویانبردە تەوارییەکە بەڕاستی من زۆر مەمنونیانم ئەو هەولێریانە لەو ڕۆژەدا کارێکیان بۆکردین لەباسکردن نایە بردیانین بۆ خەستەخانە ئەشیعەو هەموو شتێکیان بۆکردین بێگومان هەمووشی بە قاچاغ دەکرا، چونکە هەرچوونە دەرەوەمان قاچاغ بوو، ئێمە کەفەحصو تەبەلەیان بۆکردین نەخۆشی دکتۆر (ئەدیب تۆما) بووین ئەو شەوەی ئێمەیانبرد بۆ خەستەخانە وەزیرێك هات بۆ هەولێر نازانم وەزیری چی بوو، هاتبوو بۆئەوەی ڕێگەلەوە بگرێ خەلکی هەولێر یارمەتیەکانیان بەرن بۆ جەژنیکا، هەرئەو شەوە وەزیرەکە هات بۆخەستەخانە لەوکاتەدا سستەرێك هەندێك لەفافو دەرمانی پێبوو بۆئێمە بەپەلە شتەکانی کۆکردەوەو ڕۆیشتەدەرەوە خۆی لەشاردەوە هەتا وەزیرەکە ڕۆیی مەبەستی ئەوە بوو نەزانێ دۆسیەکەی ئێمە چیە..؟

**بۆچی ئەوانەی ترکەهاوکاریان کردن دۆسێکەی ئێوەوکۆمەڵکوژییەکەی کورێمێیان بیستبوو ..؟**

ئابەڵێ دەیانزانی ..

**ئەی دکتۆرەکان ؟**

ئەوانیش دەیانزانی ئێمە پێشمەرگەبووین بەڵام ئەوان وەکو ئەویاننانسین کە بەلێبوردن هاتوینەتەوەو تەسلیم بووین، بەڵام دواتر هەستیان بەشتێك کردبوو چونکە کەخەڵك دەهات بۆمواجەمان قسە دەکرا.. ڕۆژێك دکتۆرەکان لەناوخۆیاندا مقۆمقۆیان بوو گەیانگوت ئەمە جاشەو یەکێکی تردەیگوت جاش نیە، گوێم لێبوو دکتۆر ئەدیب تۆما ووتی نا ئەوانە جاش نین پێشمەرگەن تەسلیم بوونەتەوە.

تاکەی لەخەستەخانە مانەوە..؟

وەلا ئێمە نزیکەی هەفتەیەك لەخەستەخانەی هەولێر ماینەوە بەڵام هەرئەوشەوە لەتەواری ماینەوە بۆبەیانیەکەی ئێمەیان گواستەوە بۆ خەستەخانەی جمهوری ئەبابکر نەشتەرگەرییەکیان بۆکردو سحبی قاچیان بۆکرد دوای ئەوە ئێمەیان گواستەوە بۆ خەستەخانەی جمهوری . من لە ٩/٢٩ نەشتەرگەرییەکی تری قاچیان بۆکردم دکتۆر محمد بەجەلالی بۆی کردم بەداخەوە لە شەڕی ناوخۆ لەهەولێر ئەویش شەهیدکرا. دوای هەفتەکە ئێمەیان بردەوە بۆ جێژنکا ئیتر باشتربووم دەمتوانی بەدارشەق بڕۆمو جارجاریش ئاوا هەفتەی جارێك سەردانی دکتۆر ئەدیبم دەکردەوە بۆ هەولێر. زۆر هاوکارم بوو کە پارەشم بدایە دواتر بانگی فەراشەکەی دەکرد دەیگوت: پارەکەی بدەرەوە.

**بۆچی لە جەژنیکا هێشتبووباننەوە ئێوە بەرلێبوردن نەکەوتبوون..؟**

ئێمە تارادەیەك دەسبەسەربووین.. ڕاستە ئۆردوگابوو بەڵام ئازادنەبووین وەرقەیان بۆ دەکردین بۆ چوونەدەرەوە من نزیکەی هەفتەیەك لەماڵی کوڕێکی پورم بووم لەهەولێر دواتر پروپاگەندەیەك بلاوکرایەوە ووتیان هەرکەسێکی ناوچە ئەنفالکراوەکان لەماڵان بگرن ئەوانیش ئەنفال دەکەن، ئەوشەوە هەسام بەدارشەقەوە چووم بۆماڵی مامۆستایەکی خۆم کاتی خۆی لەسلێمانی دەرسی پێگوتبووم، بە ڕێکەوت کەوتمە کەمینی جەیش شەعبییەوە بەڵام چونکە قەمسەڵەیەکی مغاویریم لەبەردابوو دارشەقم پێبوو ووتیان ئەوە بریندارى قادسییەیە بابروات، لەوێ دووسێ شەومامەوە ئیتر منیش گەرامەوە بۆ جێژنکا ووتم بائەوانیش تووش نەکەم. چونکە ئەوکاتەی هاتبوومە هەولێر هێشتا وەرقەیان بۆکەس نەکردبوو دوایی ئەو نیزامی وەرقەکردنە هاتەئاراوە.

**دواتر دەتوانی بەو وەرقەی ڕێپیدانە بەکەیفی خۆت سەردانی دکتۆر بکەیت..؟**

ئەو وەرقەی ڕێپیدانە لەسەعات ٥٨ بەیانیەوە تا ٦ی ئێوارەبوو بەڵام من چوومەلای بەرێوبەری ئەو ئۆردوگایە ووتم ئەوە حاڵی ئێمەیەو پێویستم بەهاوکاری هەیە، ئەو جیش شەعبیە کاك محمدەکەی پێشتر باسمکرد، هاوکاری کردین لەپێشەوە مۆڵەت بۆدەرەوەی پارێزگای هەولێرنەبوو، دواتر مۆڵەتی دەرەوەی هەولێریش کرایەوە، ئەوکاك محمدە هاوکاری کردین ماوەی شەش ڕۆژی بۆکردین، بەڵام شتێکی سەیر روویدا من و قەهاربەهەردووکمان یەك وەرقەی بۆکردبووین واتا بۆهەر شوێنێك برۆیشتینایە دەبوایە پێکەوە بووینایە نەماندەتوانی

لێك جیاببینەوە.. بەلآم کەهاتمەوە بۆ سلیمانی هەرلە تاسلوجەوە دڵم پڕبوو من چەند ساڵ بوو سلێمانیم نەبینیبوو.. لەوکۆمەڵکوژییە دەرابزییەت و لەژێرخیمەی جەژنیکاوە بێیتەوە سلیمانی ببینیتەوە ئەوهەستە باسناکرێت.. ئیترماوەی ٥ رۆژ لێرە ماینەوە ئاهێکمان پێداهاتەوە.

**ئێوەماوەی چەند لە جێژنیکا مانەوە ..؟**

هەتا راپەرینی ساڵی ١٩٩٢ ئێمە لەویٚ ماینەوە من و قەهار لەژێر یەك خێمەدا ماینەوە هەرپێکەوە بووین.. کەراپەین بوو بۆخۆم چوومە ناو مونەزمەکەوە.

**ئەی لەویٚ چۆن دەژیان بەچی بەرێوە دەچوون ..؟**

بەچی بەرێوەبچین وەزعمان زۆر خراپ بوو لەویٚ قەهار بووبەسایەق گەلآبە جارجار ئیشی دەکرد ویستمان هەربە قوربورد خانوویەك بۆخۆمان پێکەوە بنێین لەخێمە رزگارمان بێت..

**وتت خاڵت باوکی قەهار لە کۆمەڵکوژییەکە کوژرا ؟**

بەڵی ئەو لەناوکۆمەڵکوژییەکە دەرنەچوو.

**جگەلەوکۆمەڵکوژییە لەکورێمیٚ چەندکەس ئەنقالکران.؟**

خەڵکێکی زۆری ئەنفالکراو نەگەرانەوە، بەلآم خاڵەتێك هەبوو ئەوکاتەی ژن و مندالٚو پیروپەکەوتەکانیان بردبوو بۆ ناحێکەی مانگێش خەڵك دەهاتن لەدهۆکەوە لەناومەکتەبەکەی مانگیش هەندێك خەڵکیان دزیبووەوە ئەگینا یەك کەس لەکورێمیٚ رزگاری نەدەبوو. مندالٚەکانی قەهاریش هەندێکیان لەموچالٚ بوون و هەندێکیان لەزاخۆ بوون.

**واتا مندالٚەکانی عەبدالقهاریش ئەنفالبوون و دزراونەتەوە..؟**

بەڵیٚ هەرلەمانگیش خەڵك دەریکردبوون ئەوانیش لەناومەکتەبەکەدابوون. ئەگینا زۆربەیان لە قەلآی نزارکیٚ و سەلامیە کوژران و بێسەروشوێنکران.

**ئەو ژن و مندالآنەی بران بۆمانگێش و نزارکیٚ چەند کەسیان تێداچوون ؟**

زۆربەی ژن و مندالەکان دەرچوون بەلآم گەنجەکان تێداچوون .

## دوای راپەرینی ئازاری ١٩٩١ هاشم چۆن دەژیا

هەتا راپەرین لە جێژنیکا مامەوە لەدوای راپەرین هاتمەوە بۆسلیمانی لە کۆرەوەکەی ساڵی ١٩٩١ رۆیشتین بۆ ئێران و ماوەی دوو ساڵ لەویٚ ماینەوە لەگەڵ دایکم و خوشکەکانم. دوای ئەوەی هاتینەوە بۆ کوردستان ماوەیەکی کەم لە سلێمانی ژیام دووایی رۆیشتمەوە بۆ ناوچەی بادینان و لەویش چووم لەدهۆك نیشتەجیٚ بووم، لەوێش ماوەیەك بەکاری حزبیەوە سەرقاڵبووم، هێزێکمان هەبوو، لەویٚ عەبدالقهار فەرماندەی هێزبوو من ئەفسەری کارگێڕی بووم، کە پەرلەمان هەڵبژێردراو حکومەت تەشکیلکرا بوومە ئاسایش و لەویٚ مفوزی ئاسایش بووم لە دخۆك هەتا پێش شەڕی ناوخۆ دەستم لە ئاسایش کێشایەوە ئیتر دەستمکرد بەکاروکاسبی خۆم، خەریکی بەنزین فرۆشی بووم، هەتا ساڵی ١٩٩٥ خەریکی کاری بەنزین فرۆشی بووم ئیتر ١٩٩٥ گەرامەوە بۆ سلێمانی دیسانەوە ساڵی ١٩٩٥ جارێکی تر بەخۆم و ماڵ و مندالٚەوە لەگەڵ دایکم و خوشکێکم گەڕامەوە بۆدهۆك خێزانەکەم مامۆستابوو . نزیکەی شەش ساڵ لە زاخۆ ماینەوە، لەویٚ لەگەڵ نوسینگەیەکی فرێربوونی شۆفێری کارم دەکرد ، ئیتر هەرلەوناوچەیە بووم هەتا پرۆسەی سەراسەری عێراق جارێکی ترگەراینەوە بۆشاری سلێمانی ئیتر لەدائیرەیەك دامەزرام و ماوەی حەوت ساڵە لەویٚ کاردەکەم و فەرمانبەری حکومەتم.

**بێگومان بە موچەیەکی کەم ..؟**

بە هەموو شتێکەوە ٣٠٠ هەزار زیاتر وەردەگرم ) بە پێکەنینەوە) . بەلآم گرنگ ئەوەیە من بەتوانایەکی باشەوە کارەکەم دەکەم و زۆریش رێز لەوکەسانە دەگرم کە پێکەوە کاردەکەین.

**باسی خێزانت کرد ساڵی چەند هاوسەرگیریت کرد ؟**

ساڵی ١٩٩٥ .

**خەلکی سلیمانیە ؟**

بەڵی .

**منداڵتان هەیە ؟**

بەڵی کورو کچێکمان هەیە کچەکەم ناوی هۆنیایەو مەوالیدی ١٩٩٦ەو کوڕەکەشم ناوی وارڤین)ە ساڵی ٢٠٠٣ لەدایکبووە.

**هەقوابوو ناوی بنێی کورێمێ ..**

حەزم نەکرد .

**ئەوان بە چیرۆکی تراژیدیای تۆ دەزانن ؟**

بەڵی دەیزانن بۆم باسکردوون. بەڵام خێزانم پێشئەوەی هاوسەرگیری بکەن پێی نەدەزانی.

**هاوسەرەکەت چۆن ئەو کۆمەڵ:وژیەو ژیانی تۆ دەخوێنێتەوە ؟**

وەللە ئەوەی ڕاستی بێت توشی نامۆییو سەرسوڕمان بووە کەچۆن ماومو کەچۆن ئەم حکومەتە ئاوا پشتگوێی خستووم. هەلویستیشی زۆرجانە بەرامبەرمو سوپاس گوزاریم . چونکە ئەویش بەهۆی منەوە توشی نارەحەتی بووە هەر هیچ نەبێت گرێیەکی لەلا دروست بووە بلێت ئاخ بۆ کورد.

**بۆچی توشی نارەخەتی بووە..؟**

ئاخر دووسێ جار راپۆرتیان لەسەرم نووسیوە خەریکبوو بمکوژن لەسەرئەوەی دەیانگوت تۆ ئیش بۆ یەکێتی دەکەیت، ئەویشیان بانگ دەکرد دەیانگوت چۆن هاشم حزبی نیە.

**چۆن لە ئەنفال دەروانی هەم وەکو وردێک هەم وەکو ئینسانێک هەم وەکو قوربانیەک کەتۆ لەناو دۆزەخەکەی هاتوویتەدەرەوەو بەرێکەوت رزگاربووە .**

ئەنفال باسناکرێتو ناگێردرێتەوە، ئەوەی من بینیم بە فلمو چیرۆکو نوسینەوە گوزارشتی لێناکرێت .

**ناشکرێت باسی نەکەینو چیرۆکەکەی تۆ فەرامۆش بکەین ؟**

ڕاستەوایە بەڵام من هیچ دلسۆزییەك نابینم ، چونکە ئەنفالو کوشتنی ئێمە پەیوەندی بەوەوە نەبوو کە پێشمەرگەبووین، پەیوەندی بەوەشەوە نەبوو کەسەربازی هەلاتووبوین، پەوەندی بەوەوە هەبوو کەکوردبووین..تەنها لەبەر کوردبوونمان بووتەواو.. بەڵام بەداخەوە ئەوەتە ئەمرۆ لەسایەی دەسەڵاتی کوردیشەوە حەقیقەتەکان دەبینین.

**تۆ پێت خۆشە بەسەرهاتەکەت بلاوببێتەوە لەدوتێی گۆڤارێکدا یان کتێبێکدا ؟**

ئەی بۆنا بێگومان پێمخۆشە .

**ئەی چۆنە تا ئێستا چیرۆکی دەربازبوونی تۆ بلاونەکراوەتەوە ؟**

یەکجار شوێنێك هاتن رێکخراوێکی ئەمریکی بوو کەسێك هات بەناوی کاك ئومێد دیداری لەگەڵ کردم ئێستاش ئەدرەسو شتیم ماوە" مەبەستی لە پەیمانگای ) سەربەزانکۆی دیپۆڵ " ە بەڵام من خۆشم زۆر باسم نەکردووە.

**بۆچی باست نەکردووە ؟**

ئاخر لەبەرئەوەی ئێمە هیچ زەمانەتێکی ئەمنیمان نەبوو، ئێستاش نیمانە. هەموو کاتێکیش ئێمە لەژێر هەرەشەی لەناوچچووندابووین، هەرگیز هیچ ئارامییەکم بەخۆمەوە نەدیوە. ئێستاش هەریەکێك لە ئێمە ژیانی پارێزراونیە (کەریم، ئەبابکر، قەهار) صدقیش ئێستا لە سویدە.

**کاک هاشم باست لە ئەفسەرێک کرد کەجارێک لە موصڵ بینیوتە ئەگەر بۆم باس بکەیت ..**

ئەوە ساڵی ١٩٨٩ بوو زستان بوو، لەگەڵ قەهاربووین لەگەراجی جەژنیکان بووین حەمامێکی لێیە ناوی حەمام سەرچنارە ئەوە پەناگای منو قەهاربوو، خاوەنەکەی ببوە ناسیاومان رۆژێك سەربازێكو ئەفسەرێك هاتن ووتم قەهار سەیرێکی ئەو کابرایە بکە ئەو بەرەو گەراج شمال دەرۆیشت باخێك هەیە نزیکەی ١٠٠ مەترێك بەدوای کەوتین دوجار پێشودوای کەوتین دەمانەویست باش دەموچاوی ببینین، ئێمە بەو ئەفسەرە تێگەیشتین کە فەرمانی کوشتنمانی دا ..

**حاکەئەوبوایە دەتانناسییەوە ؟**

ئا بەڵێ دەمانناسییەوە ؟

**ئەی ئێستا ببینی نایناسیتەوە؟**

باوەڕناکەم ئێستا بیستوسێ ساڵی بەسەردا تێپەڕیووە..

**دواجار چیتان کرد ؟**

وازمان لێهێنا کولماندا.

**ئەوکاتەی لە جێژنکا بوون لە خۆتان ئەمین بوون .؟**

هەرگیز ئەمین نەبووین کە سەردانی سلێمانیشم دەکردەوە هەر زۆر دەترسام.

**تاچەند لە ئەدای حکومەتو دەسەڵاتی کورد رازیت ؟**

من هەتا ئەم چرکە ساتەش لەناو هیچ دامودەزگایەکی ئەنفالدا ناوم نیە، نەوەزارەت و نەدەزگایەکی ئەنفال نەناوم دەزانن و نەدەشزانن من هەم ..

**پێتخۆش بزانن ؟**

پێمخۆش بوو من وەکو هاورێکانم شتێکم هەبوایە .

**جا هاورێکانت چییان بۆکراوە ..؟**

چۆن بەلای کەمەوە ئەوان چۆن بۆ مەحکەمەی بەغداو لەدژی صدام و داروودەستەکەی شاهیدیاندا .. من تەنانەت لە سەنتەری ئەنفالیش ناوم نیە ..!! تۆ بیهێنەرە پێشچاووت تەنانەت پارەچە وەرەقەیەکی مۆرکراوم پێ نیە کەمن لەو وەزعە رزگارم بووە.

**جا سەنتەری ئەنفال چیت بۆ بکەن ؟**

هەموو وەڵامەکەی عەلی بەندی لەسەنتەری ئەنفالی دهۆك ئەوە پێم دەلێت تۆ عایدی دهۆك نیت.. لەگەڵ رێزێکی زۆرم ئەوانەی لەکاروباری ئەنفال دانراون هیچیان شایانی ئەو شوێنانەنین.. دەبوایە خەلکانێك بوونایە معاناتی ئێمە تێبگەیشتنایە.

**بەڵام عەلی بەندی ناتوانێت هیچ بۆتۆ بکات چونکە ئەو چی بەدەستە؟ خۆ سەنتەرەکەی ئەوانیش حکومی نیە ؟**

خۆ ئەگەر پێناسێکیان بۆمن بکردایە سەبەرزی بوو بۆ سەنتەرەکەی خۆیان. چۆن من شایانی ئەوەنەبووم پارچە وەرەقەیەکم بدەنێ بلێن تۆ لەمەرگی ئەنفال دەربازبوویت. ئێستاش لە ٪٨٠ ی هاوڕێو نزیکەکانی خۆم نازانن من توشی ئەو تاوانەگەورەیە بووم ئیتر میللەتەکەم چۆن بیزانێت...؟

**بە کورتی پێم بلێ بەبڕوای تۆ چی بۆ ئەنفال کراوە . ؟**

هیچ

**صدقی دەربازبوویەکی تری کۆمەڵکوژی کورێمێیە بەڵام من نایناسم لە کوێ دەژی ؟**

ئەو ئێستا لەوڵاتی سویدە .

**پەیوەندیت هەیە لەگەڵی ...؟**

بەڵێ

**خۆی رۆیشت یان رێکخراوەکان بردویانە..؟**

بە هەوڵی خۆی رۆیشتووە..

**فەتاح برای صدقی بوو..؟**

بەڵی .

**ئەو چۆن دەربازبوو، دواتر چۆن بێسەروشوێنکرا..؟**

هەرئەوەندە دەزانم ئەویش دەربازبووە، لەوەدەچێت هەرلەکاتی تەقەکاندا ری کردبێت، کەسمان فەتاحمان نەدیت لەناوتەرمەکاندا بجولێتەوە یان هەستێتەوە، دواتر لەناو تەرمەکانیشدا نەبوو، ئیتر وونبوو.

**حەزت کردووە لەبارەی ئەو تاوانەوە دیدارێکی تەلەفزیونیت لەگەڵدا سازبکرێت ..؟**

قەت هەوڵم نەداوە .

هەوڵنالیم دەلیم حەزدەکەیت ؟

وەڵاهی تازە بیست وسێ ساڵ تێپەڕی و خۆشم زۆر حەزم نەکردووە دەربکەوم. هەتا ئێستا هەر برادەرەکانم دەرکەوتوون، منوام لێهاتووە هەربەجارێك وازلەقسەکردنیش بهێنم لەسەرئەوتاوانە.

**ئەی ئەوەنیە گللەیت هەیە لەسەرئەوەی برادەرەکانت دەرکەوتوون و تۆ دەرنەکەوتوویت..؟ پێمخۆشە بزانم ئەوەی وای لێکردوویت دەربکەویت چییە ؟**

حزبە کەدەست دەخاتە ناو ئەوکاروبارانەوە، سەنتەری ئەنغالە، وەزارەتی شەهیدوئەنفالە زۆرهۆکارهەن. ئەو دۆسیێە دۆسیێی پارتی و یەکێتی نین خۆ کەئێمە گوللەبارانکراین لەسەر پارتی و یەکێتی بوونمان نەبوو.. لەسەر کوردبونمان بووە. هیچ سەرکردەو حزبێك مافی ئەوەی نیە بلیێت ئەنفال هی منە..

**مەبەستت ئەوەیە بلێیت ئەنفال ناسنامەی حزبی نیە ناسنامەی نەتەوەیی هەیە.**

بەڵێ .. بیگومان .. ئەمە ناسنامەیەکی نەتەوەیی هەیە ژن و منداڵ و پیروپەککەوتەو خەلکی بێچەك شاهیدی ئەوەن کە ئەوانە هیچ ناسنامەیەکی حزبییان نەبووە.

**دوبارەی دەکەمەوە پێتخۆشە ئەم دیدارە لە ئەنفالستاندا، یان بە کتێبێك بلاوبکرێتەوە..؟**

بەڵێ

من لەخزمەتی هەموو خەمخۆرێکی ڕاستەقینەدام . کاك ئومێدێك هات بۆلام لەو رێکخراوەی کەباسم کرد ژمارەتەلەفۆن و ئەدرەسیم لایە، خەلکی سلیمانیە دیداری لەگەڵ کردم. ئەویش هەستمکرد نیازپاکە ..

**من شتێکم نەماوە ئەگەر خۆت شتێکت هەبێت باسی بکەیت.**

من زۆر زۆر خۆشحاڵ بووم بەناسینت، دەزانم ئەمە ئەرکێکی قورسە بێگومان ئەوەی لەتوانای مندابێت هاوکاریت دەکەم، هیوادارم سەرکەوتووبیت لەم ئەرکە پیرۆزەدا، هیوادارم هیچ شتێك نەبێتە رێگر لەبەردەمتدا، زۆر سوپاسی کاك شوانیش دەکەم کە ئەورکی وێنە گرتنەکەی گرتە ئەستۆ ، هیوادارم خکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەم دۆسیّیە فەرامۆش نەکات.

# گەشتێك بۆ ئۆمەربل



# گەشتێك بۆ ئۆمەربل

١٩کانونی دووەمی ٢٠١١ لەسلیمانیەوە بەتەنیا بەرێکەوتم بەرەو گەرمیان ئامانجیشم گەیشتن بوو بەگوندی ئۆمەربلی سەربە ناحیێی سەرقەڵای کفری، تیمێکی کامیرای فلمی دۆکۆمینتاری لەوێ چاوەروانیان دەکردم، رۆیشتنی منیش بۆ دوو مەبەست بوو یەکەمیان بۆ هاوکاری ئەوتیمەبوو کە هونەرمەندی فلم ساز تەهای کەریمی سەرپەرشتی دەکردن، بۆ ئەوەش زانیاری لەسەر ئەنفالکردنی گوندەکەیان وەربگرمو چەند دیدارێکی رۆژنامەوانی لەگەڵ قوربانیەکانی ئەنفال ئەنجامبدەم .

گوندی ئۆمەربل، پێش ئەنفال(١٢٠)ماڵی تێدابووە، لەڕووی ئیدارییەوە سەربەناحیەی سەرقەڵایەو(١١)کم لێیەوە دوورە، دەکەوێتەباشووری رۆژئاوای ناحیەکەو باکوری شاری کفریەوە، گوندەکانی هۆمەرفەتاحو بەکرەشەڵو سەی جەژنی دەکەونە رۆژهەڵاتیەوە، لەنێوان هەردوو ناوچەی ئێلی زەنگنەودواودی گیرساوەتەوە، ئەم ناوچەیەش لەپەلامارەکانی ئەنفالدا زەرەرو زیانی ماڵیو گیانی زۆریان بەرکەوتو لەکۆمەڵکوژی ئەنفالدا وەکو هەرناوچەیەکی تری گەرمیان بەشی شێریان بەرکەوتووە، تەنیا گوندی ئۆمەربل بەتەنیا ٢٣٣ ئەنفالکراویان لەژنو منداڵ هەیە، ( ٤٠ ) شەهیدی سەنگەریان هەیە، وەلێ ئەفسووس لەدەستکەوتەکانی راپەرینیشدا کەمترین خێریان پێبڕاوە. بێگومان قسەکردن لەسەر ئەنفالی گەرمیانو هۆکارەکانیو ئەو قوربانیدانو بەرگریەی لەگەرمیاندا کراوە، لە بەسەرکردنەوەو نوسینێکدا تەواو نابێت، چونکە گەرمیان مەملەکەتێکی بەرینە لەبەرگریو قوربانیدانو مەینەتیو ئازایەتی، بۆیە ئێستا تەنها لەسەر گوندی ئۆمەربل دەوەستین، ئەم گوندە لەدرێژەی ستەمکاریەکانی رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی دەوڵەتی عێراقدا گەلێك جار گورزی کەمرشکێنی بەرکەوتووەو دانیشتوانەکەی لەلایەن سوپاو دامو دەزگا ئەمنییەکانی دەوڵەتەوە مەینەتی زۆری چەشتووە، ئۆمەربلو گوندەکانی دەوروبەری چەندینجار ماڵوحاڵیان سوتاوەو مەڕوماڵاتیان بەتاڵان براوە، بەر لەپەلامارەکانی ئەنفالیش چەند شەرێکی قورسی تێداکراوە، هۆکاری سەرەکی هەموو ئەو مەینەتیانەی گوندنشینەکان تەنها ئەوە بوو ملکەچی سیاسەتەکانی ستەمکاریو داگیرکاری نەدەبوونو لەهەموو جوڵانەوەیەکی رزگاری خوازی گەلی کوردستاندا ئۆمەربلیەکان رۆڵی کاریەگەریان بووەو کوڕانو پیاوانی گوندی ئۆمەربلیش بەپیرجولانەوەی رزگاری خوازی گەلی



کوردستانەوە چوون.

خەڵکی گوندی ئۆمەربل زۆر میواندۆستن، ئەو دوو رۆژەی لەوێ بووم بەهیچ شێوەیەك نەیانهێشت هەست بەنامۆیی بکەم، بەپێچەوانەوە کەماڵئاوایم لێکردن زۆردڵتەنگ بووم، چونکە لەدڵەوە پێمخۆش بوو ماوەیەکی زۆرتر لەگەڵیاندا بمێنمەوە، ٤-٥ گەنجیان (نعمان، بەختیار سابیر،حسن، مەریوان ) بەیانی هاتن بۆ ماڵئاوایی لێکردنمان و زۆریش حەخیتان لەوە دەکردوە کە دەبێت ئەم پەیوەندیە بەردەوام بێت، ئەوەی لەئۆمەربل تیبینیم کرد ، خولقۆخۆومیواندۆستیەکی جوان بوو، بەهەرکامیان دەگەیشتی ئەگەر قسەی یەکەمیان بەخێرهاتن بووبێ ئەوا دوهەمیان خولق بوو بۆئەوەی نیوەرۆیان ئێوارەکەی میوانیان بین، من کەیەکەم رۆژ لەعەسرێکی درەنگ وەختدا گەیشتمە ئۆمەربل ، بەرلەوەی بگەمە ناو گوندەکە لەلای ئەو

گەنجانە گیرسامەوە کە بەیالەکەی خۆرهەلاتەوە کۆمەڵبین بەدیار ئەو تیمی کامیرامانەی هونەرمەندی سینەماکار تەهای کەریمی سەرپەرشتی دەکردن‌و بەنیازبوون فلمیك لەسەر ئەنفال تۆماربکەن‌و منیش هاوکاریان بووم، ئیوارە لەماڵی کەسێك گیرساینەوە بەناوی بەختیارحاجی سەعید، جگە لەخۆمان کە ٦ کەس بووین، هەر بۆ گەرمکردنی کۆڕی میواندارییەکەمان نزیکەی ٨ کەسی تریان لەسەر سفرەی ناخواردن ئامادەبوون‌و دواتریش چەند کەسێکیان هاتن‌و کۆڕێکی لادێییانەی گەرمی پڕ لەگفتوگۆ دامەزرابوو، هەرچەندە من زۆر هەوڵمدا ئایا ئەم گوندە ناوی (ئۆمەربل یان ئۆمەرمل )ە نەگەیشتمە ئەنجام، لەو گفتوگۆیەدابووین کەباسی ئەوەیانکرد کتێبێك لەسەر ئۆمەربل یان ئۆمەرمل نوسراوە لەلایەن کەسێکی دانیشتووی گوندەکەوە، بەناوی ئەکبەری حاجی رۆستەم، دوای ناخوارد پیاوێکی لادێیی نەریت هات بۆلامان بە قەمسەلەیەکی سەربازییەوە هاتە ژوورەوەو سەلامی کرد، ئەو پیاوە ئەکبەری حاجی رۆستەم بوو پیاوێکی قسەخۆش و هەتا بلێی سوێر قسەیە، کەسێکی چوست‌و چالاکەو مێردی سێ ژن‌و باوکی ٢٣ منداڵ بوو. لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٠ وە بووەتە پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان‌و گەلێك جارتوشی نەهامەتی بووەو زۆریش تەنگانەی دیوەو بەشداری چەندین شەری قورسی کردووە یان سەرکردایەتی کردووە، ئەوەی لەبارەی ئازایەتی ئەکبەربووە دەیانگێرایەوە زیاتر لە ئەفسانە دەچوو، کە لەشەڕی ئۆمەربلدا ( ووتویەتی ئەم برە دەبابەیە بۆمن دابنێن‌و هەقتان نەبێت، بەقسەی خەڵکی گوندەکە نزیکەی ١٧ دەبابەی لە سوپاکە برکردووەو شکستی پێهێناون‌و سوتاندونی) لەدوای ساڵی ١٩٩١ وە چووەتە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەکبەری حاجی رۆستەم پیاوێکی قسە لەرووە، کتێبێکی لەسەر گوندی ئۆمەربل نووسیوە کە بریتیە لەدوبەرگ بەڵام بەهەردوو بەرگەکە کتێبێکی تەواویان تێدانابێت، زانیاریەکانی زۆرتر پشتیان بەگێرانەوە بەستووەو لەبەرگی یەکەمی وێنەیەکی خۆی‌و لەبەرگی دووهەمیشی وێنەی دایکی خۆی چاپکردووە.

خەڵکی گوندی گوندی ئۆمەربل هەرچەندە لەلایەن هیچ حکومەتێك وەکو پێویست خزمەتگوزاریان بۆ نەبراوە بەحکومەتی هەرێمیشەوە، لەسەردەمی حکومەتی بەعسدا ئۆمەربل مەکتەبی تێدانەبووە، بەڵام سەرباری نەخوێندەوارییەکی کوشندەش خەڵکێکی وریاو




چاوکراوەی تیدایە، ئەمەش لەبەرئەوەی هەمیشە لەبەرەی خەبات‌و بەرگریدابوون، بێجگەلەوەی چەندین پێشمەرگەی ئازایان هەبوو لە تیپەکانی گەرمیان، زۆربەیان هێزی پشتگیری بوون‌و لەگەڵ بەعس دەجەنگان، لەدوای ئەنفالیش زۆربەی پێشمەرگەکانیان لەو پارتیزانانەبوون کەلەگەرمیاندا مانەوە خەلکەکەی بە کشتوکاڵ‌و ئاژەڵدارییەوە خەریکبوون لەپەلامارەکانی ئەنفالدا ٢٣٣ کەسیان ئەنفالکراوەو ٤٠ شەهیدی سەنگەریشیان هەیە، لەوگوندەدا لانی کەم ٥ کەسم بەرچاوکەوت کە تاکە دەربازبووی خانوادەکەیانن لە تاوانی ئەنفالدا، بەڵام لەناو ئەو تاکە دەربازبوانەدا کاریگەرترین دیمەن ماڵی پیرەمێردێکە بەناوی مام صدیق کە ٢٢ کەسی ئەنفالکراوەو ئێستا بەتەنها لەخانوویەکدا بەمەینەتییەوە رۆژگار بەرێ دەکاو چاوەروانی مەرگێکی لەسەرخۆ یان لەناکاوە، دیمەنێکی تری تراژیدی ئۆمەربل ئەوەیە کەلەپشتی ئاواییەوە

ئارامگای شەهیدەکانیانە کە لە سەنگەردا شەهیدبوونو لەسەر ئەرکی کۆسرەت رەسوڵی جێگری تاڵەبانی دیوارێکی مەرمەڕیان بۆهەڵبەستراوەو خۆشنوسێکی ناشی بەخەتی ڕەش بەرێز ناوی شەهیدەکانیانی لەسەر نوسیوەوە.

ئەو ماڵەی ئێوارە لێی ماینەوە برای یەکێك لەو شەهیدانەبوو کە ناوی لەو ریزە شەهیدەدانوسرابوو بەناوی کامەران حاجی سەعید کە بە "کامەرانە رەش" ناسراوە، سابیرو بەختیاری برای ئەو شەهیدە هەردوو رۆژەکە لەتەکماندا بوونو زۆر هاوکاریبیانکردم. من بەنیازبووم ئەو ماوەیەی لە ئۆمەربل دەمێنمەوە دیدار لەگەڵ زۆرترین کەسی گوندەکەدا بکەم، چونکە سەربەهەرماڵێکدا بکەیت زیاد لە چیرۆکێك تیایدا بەفەرامۆشکراوی ماوەتەوەو هێشتا چاوی کامیرایەكو روخساری رۆژنامەنوسێکی بیانیو خۆماڵیان نەبینیوە، بەڵگەش بۆئەم قسەیە تەنیا دەربازبوویەکی ئەنفال بوو بەناوی نوعمان کە بۆخۆی دانی پێدا ناو ووتی: من حەزدەکەم باسی ژیانی خۆم بکەم بەڵام لەرووم نایات قسە بۆ کامیرا بکەم، بەڵام ئەگەر هەرخۆت قسەم بۆبەیت لەخزمەتدام ئەمەش ئەوە دسەلمێنێت پەراویز خراوترین تویژی مەینەتبار کەسوکاری ئەنفالکراوانن بەتایبەتیش ئەو گوندانەی دوورەدەستن، دەنا ئەوانەی نزیك شارەکان هەیانە بووەتە پالەوانی شاشەو زیاد لەجاریكو دوان خراونەتە سەرشاشەی تەلەفزیونو لاپەرەی رۆژنامەکانو زیاد لەجاریك پاداشتی راپۆرتو کاری رۆژنامەوانیان پێوەرگیراوە.

کەمی خزمەت گوزاری ئۆمەربل لەسەر نەخشەی عێراق نەبووە، بەڵام قەرەباڵغترین گوندی قەزای کفری بووە لەسەردەمی پێش ئەنفال، هەتا ئێستاش نەخوێندەواری دەردێکی کوشندەی خەڵکی ئەو گوندەیە کە زۆرترین شەهیدو قوربانیان داوەو خەباتێکی زۆریان کردووە، بەو حاڵەشەوە ئۆمەربل بە چارەکێکی ماڵی سەرەك خێڵێکی بۆ نەکراوە، ئۆمەرب لەدوای گوندی عەنەبی نزیك هەڵەبجەو عەسکەری ناوچەی ئاغجەلەر تاکە گوندی غەدر لێکراوە کە سەرباری ئەو هەموو خەباتو قوربانییەش حکومەتی هەرێم پشتگوێی خستووەو خزمەت گوزاری بۆنەبردووە، بەشێوەیەکی گشتی خەڵکی ئەو گوندە لەئەدای کاوەهەڵسوکەوتی حکومەت نارازین.

ئەو شەڕەی وا جەژنەکەی لێشواندین.

خەڵکی ئۆمەربل بەزۆری باسی دوو شەڕی گەورە دەکەن کەیەکێکیان لەساڵی ١٩٨٣ و ئەو شەرانەی تریش لەرۆژی ١٨ی ئایاری لەساڵی ١٩٨٧ و ١٨/٦ی



هەمان ساڵدابووە، شەری یەکەمیان لەساڵی ١٩٨٣ جەژنی رەمەزاندابووە، هەرچەندە دوژمن بەسەری شۆرو لوتی شکاوەوە گەڕاوەتەوە بەڵام وەزعەکەی لێشیواندوونو ئاوارەی گوندەکانی دەوروبەریان بوون، توشی هەرکەسێکی ئۆمەربل بێتو تەمەنی یاریدەی بدات باسی ئەو شەڕەی ساڵی ١٩٨٣ دەکات بەزۆریش بەوە پێناسەی دەکەن ( ئەوشەرەی وا جەژنەکەی لێشیواندین) شەری دووهەمو سێهەمیان لەساڵی ١٩٨٧ دابووەو تەنها مانگێك نێوانیان بووە، هەرچەندە بوونەوی ئەوەی ئۆمەربلیەکان لە شوێنی خۆیان هەڵکەندرین بەڵام دوژمن بەتەواوی شپرزە بووە، لەجاری سێهەمی پەلاماردانەدا بەهێزێکی لەرادەبەدەر زەبەلاحەوە هاتووەتەوە گیانی خەڵکی گوندی ئۆمەربل بەنیازی وێرانکردنی، شەری حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧ ئەوەندە زەبەلاح بووەو رژێم واهاتبوو ریشەی ئەو گوندە

هەڵکێشیێ بۆیە لەگەڵ هێزەکەدا نزیکە ٥٠ شۆفڵی بردووەو نزیکەی ٢٧٠ دەبابە هێرشی کردووەتە سەر ئەو گوندە، حسن عەلی جاجی فەرەج باس لە هێنانی ١٦٤ دەبابە دەکات، بەڵام سەرئەنجام خراپ تێکشکاوە تەنانەت لەراپۆرتەکەی میدل ئیست وۆچیشدا جێگەیەك بۆ شەری ئۆمەربل کراوەتەوەو باس لە ئازایەتی پێشمەرگەو خەلکی گوندی ئۆمەربل دەکات، ئەوەی لێرەدا دەبێتە سەرچاوەی ئەم نوسینە زیاتر گێرانەوەی خەڵکی گوندەکەیە، کە ئەوان پێیان وایە شەڕی ساڵی ١٩٨٧ شکستولوتشکاندنێکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێناوە بۆحکومەتی عێراق، گوندنشینەکان کە هەندێکیان ئەوکاتە تەمەنیان لەنێوان ٨- ١٢ ساڵدا بووەو هەندێکیشیان ئەو پیاوانە بوون کە ڕاستەوخۆ لەو سەروەختەدا بەشداری شەرەکەیان کردووە، بەگشتی کۆکن لەسەر ئەوەی ١٨ شۆفڵ بەساغی گیراونو دواتر لە پشتی گوندی ئۆمەربلەوە خانوو سەنگەریان پێدروستکردون، من چومە سەر ئەو شوێنانەی کە بەو شۆفلانە خانووەکانیان لەشێوەی ژێر زەمیندا بەدرێژی دروستکردووە، یەکێك لەوکەسانەی لەگەڵماندا هات بۆ شوێنەکە سەرداری حاجی رەشید بوو یەك یەك دەستی بۆ ژێر زەمینەکان درێژ دەکردو دەیگوت: ئەمە ماڵ مامەم عەلی حاجی فەرەج بوو، ئەوە کەیان ماڵ تەهای مەلا بوو ئەوەیان ماڵ فلان بوو، بەختیارو سایر لە سەرقەراغی یەکێك لەو کۆنە هەوارانە وەستابوونو پێکەوە قسەیان بۆ دەکردم بەختیار روخسەتی لە سابیری برای خواستو وتی: من ئەو کاتە تەمەنم هەشت ساڵانبوو، بەڵام بیرم دێت کەماڵمان هاتە ئەم جەوەڵەو بەو شۆفلانەی کە گیرابوون ئەم ماڵانە دروستکران، دواتر سابیری برای قسەکەی لەدەم وەرگرتەوەو وتی: لەساڵی ١٩٨٧ ئیمە توشی دوو شەری زۆر گەورەبووین لەم گوندە ئیتر ناچاربووین بچینە چەمەکان، چونکە حکومەت لەسەرقەڵاوە تۆپێکی تایبەتی بۆ ئەم گوندەدانابوو بەردەوام بۆمبارانی دەکردین، ئیتر شۆفلیێکیان بەکرێ هێنا وابزانم رۆژی ئەی سەعاتی بە ٢٥ دیناری ئەوکاتە ئیشی بۆ دەرکدین، ٧ ماڵبووین هاتینە ئەم جەوەڵەو وازمان لەچەمەکە هێنا، ئیتر ئەوەبوو ئەو شۆفلانە گیرانو هێنایانن ئالێرەدا ئەم ماڵانەمان پێدروستکرد لێرە ماینەوە هەتا رۆژی ٩ی نیسانی ١٩٨٨ کە ئیتر ئەوە کۆتایی بوو پەلاماری ئەنفال بوو لێرە هەڵکەندرایینو رۆیشتین بەرەو ملەسورە. ئیمە لەکارێزەوە رۆیشتین، سابیریش وەك سەردار کەوتە ناساندنی ماڵەکان ئەوە ماڵ ئێمەبوو ئەوە ماڵ حاجی سەعید فەرەج بوو، ئەوەماڵی حەمەومین ئەحمەد نەزەر بوو، ئەوان هەموویان ١٧ کەس بوون تێدا چوون، ئەوەش ماڵ فریادبوو ئەوانە گشتیان ئەنفالن کەسیان نەماوە هیچ کەسێکیان دەرنەچوو، ماڵ کاك عەلی تەنها حسن ماوە کە ئێستا والەگەڵمان، سابیر یادەوەریەکی بیر بەختیار هێنایەوە وتی: ئەم بەختیارە منداڵ بوو کە کەوتنینە رێ پشیلەکەی هەتا ئەو عەمودانە لای ئەو جەوەلە لەگەڵیاندا رۆیی ئیتر دەستی کردە گریان بۆ پشیلەکەی، دواتر حەسەنی عەلی حاجی فەرەج کە تاکە دەربازبووی خانەوادەکەیەتی لەسەر قەراغی یەکێك لەو شوێن خانوانە وەستابوو وتی: ئەمە شوێن دیوەخانەکەی باوکی منە ئێرە جاری واهەبوو ٢٥ پێشمەرگە تیایدا دانیشتوونو قسەیانکردووەو نانیان خواردووە، ئەگەر کاتێکی زیاترم پێبدەی باشترە، ووتیك ئامانجی بەعس سرینەوەی ناسنامەی نەتەوەی کوردبوو ئەم خانوانە شوێنی مانەوەی بەرگری بوو لەو ناسنامەیە، کاتێك حکومەتی بەعس هەرچی گوندی سەرجادەکانە وێرانی کردبوو ئەم گوندانە مابوون، لێرەش پێشمەرگە هەبوو بەرەنگاری ئەو سیاسەتەیان دەکرد گوندەکەی ئێمەش کەوتبووە ژێر فشاری بەعسەوە، ١٨ی ئایاری ساڵی ١٩٨٧ کە حکومەت شکاو زەرەرێکی قورسی بەرکەوت ئیمە لەنزیکی چارشاخ بووین هاتینەوە بۆ ئۆمەربل، مانگێك دوای ئەوە حکومەتی عێراقی بۆتۆڵەکردنەوەی ئەو شکستەی

پێشوو بە جەیشیکی زۆرو تەکنەلۆجیای جەنگو هێزێکی پڕچەکەوە بە شۆفڵو دەبابەیەکی زۆرەوە پەلاماری داینەوە، بەڵام هەر چۆڵمان نەکرد سەرەتا چوین شۆفڵمان لەرێگەی هەندێك قەومەوە بەکرێ هێنا بیرم دێت لە گوندی قەیتەوەن هاوردیان، بۆئەوەی لەم جەوەڵانە خانووی تۆکمە دروست بکەین‌و درێژە بە ژیان بدەینەوە، حسەن ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە شۆفلەکە سەعاتی بە ٢٥ دیناری سویسری هێناویانە،ئەویش تەنها بەشەو دەیتوانی ئیش بکات بەرۆژ لەبەر تەیارە نەیدەتوانی دەربکەوێت، ئیتر لێرە درێژەمان بەژیاندا هەتا پەلامارەکانی ئەنفال، ٧ی نیسان داودە کەوتە بەرپەلاماری ئەنفال، ٨ی نیسان حکومەت دوو بۆمبی تەقاند دوکەڵ بوو لەراستیدا کیمیاوی نەبوو بەڵام بۆ تۆقاندن‌و بەچۆکداهێنان‌ووره شکاندنی پێشمەرگەو خەڵك بوو، سەبارەت بەو شۆفلانەی کە لە ئۆمەربل گیراون حسن ووتی: ١٨ شۆفل گیران‌و دواتر خۆمان ئەم خانوانەمان پێدروستکرد. بەو شۆفلانە دوو مەتر قوڵ چاڵمان کردوو دارو پەرچیشمان لەچەمەکەوە هێنا سەریمان پێگرت‌و کردمانە خانوو، هەموو دەرگاکان رویان لە خۆرئاوابوو گونیەی بۆر بەدەرگاکانمانەوە بوو بۆئەوەی تەیارە نەی بینێت رۆژانە تەیارە دەهاتە ئاسمانی ناوچەکەو هەموو شتێك لەم ناوە مەحکوم بوو بەکوشتن، ئێرە ناوچەی قەدەغەکراوبوو، ئەوان لەوجەوەڵانەدا بەمانەوەی خۆیان بەرگرییان لە زیدی خۆیان دەکردو بەرپەرچی سیاسەتەکەی عەلی حسن مەجیدیان دەدایەوە، شوێنێکی بێئاو ماوەیەکی زۆر لەپشتی گوندی ئۆمەربلەوە چەند خێزانێك ئارامیان گرتبوو، ئەگەر ئەوان نەبونایە نەئاوی لێبوو نەئاوەدانی، هەربەو شۆفلانە شوێنێکیشیان بۆ تەنکەرێکی ئاوچاککردبوو کەشەوانە دەچوون لەدوری ٥ کم لە چەمەکەی ئۆمەربلەوە بەمەکینە دەیان هێنا، چونکە ئەو شوێنەی بنەیان لێخستبو هیچ سەرچاوەیەکی ئاوی تێدانەبوو، حسن دەڵێت هەتا ئێستا ئەو تەنکەرەمان ماوەو چەندین جار داوایانکردووە پێیان بفرۆشم بەڵام بۆ یادگاری باوکم‌و وەکو هیماو یادەوەرییەکی ئەنفال هەر هێشتوومەتەوە‌و نایفرۆشم بۆیە هەرماوە، ئەویش بەهۆی سەعید حەمەغەریب جافەوە دەستمان کەوتەوە. شایانی باسە ئەو ژێرزەمینە درێژانەی حەوت ماڵەکەی ئۆمەربل دروستیان کردبوو لەئەنفالیشدا نەدۆزرابوونەوە، بەڵام دواتر لەساڵی ١٩٩١ تەیارە پەی پێبردن‌و بۆمبارانی کردن‌و ئینجا سەرباز هاتبوون روخاندبویان.

**ئەنفالی ئۆمەربل .**

پاشئەوەی هێزەکانی بەعس ناوچەی داودەیان وێرانکرد کاتژمێر٣٠: ٦ ی سەرلەبەیانیی ٩ ی نیسانی ساڵی ١٩٨٨ ڕەتڵی یەکەمی هێزەکانی بەعس لە شارۆچکەی کفرییەوە بە نیازی وێرانکردنی رۆژهەڵاتی ئەوناوچەیە بەگشتی و بەتایبەتیش بۆئۆمەربل کەوتەڕێ. هەرلەهەمان بەیانیدا چەند ڕەتڵێکی ترلەمۆلگەکانیانەوە لەکەلارو پێبازو پوونگڵەوە کەوتبوونە پێشڕەوی، ستراتیجیەتی سەرەکیشیان هەمان ئەوەی باکووری گەرمیان بوو کە بریتیبوو لەپرۆسەی ئابلۆوقەدانێکی فراوان لەچەندین لاوەو ڕەشبگیری تەواوی ئەوخەڵکە مەدەنییەی کەملیان بە سیاسەتی راگواستن‌و بریاری ٤٠٠٨ ی نوسینکەی باکور نەدابوو، تاوانی ئەو خەڵکەش هەرئەوە بوو کەگەرەکیان بوو لەسەرزێدی خۆیان بژین‌و بمرن، ئامانجەکەی رژێمیش پێچەوانەی ئەم خواستەی خەڵك بوو، کەدەیویست گەمارۆیان بداو گوندەکانیان برۆوخێنی‌و ریشەی کورد لەوناوچە نەوتییە هەڵبکێشێ‌و لە ئۆردوگاکاندا وەك جوجەڵەی مریشك ئاسا بیانخاتە بن باڵی خۆیەوە، گەرەکی بوو لەوپەلامارەدا کۆزەیان بکات بۆ سەر رێگاسەرەکیەکان، یان بۆئەو شوێنانەی پێشتر داینابون بۆ کۆکردنەوە. لەوانەش مللە سورە، بەشێوەکی کاتی دیاری کرابوو، ئینجا بەبەرنامە ئەنفالیان بکات، پێشمەرگش ناچار بکەن بەرەو شوێنە داخراوەکان بڕۆن. هەنگاوی یەکەم بۆ ئەم سیاسەتە تێکشکاندنی بنکەو

سەنگەرە دیارەکانی پێشمەرگەبوو. ئەوکاتە تەنها هێزی سەرەکی مەگەرتاكوتەراو دەگمەن پێشمەرگەی لایەنەکانی ترهەبوون دەنا هەر یەکێتی نیشتمانی بوون.

یەکەم ئامانجی ڕەتڵەکەی کفری بە فەرماندەیی عەمید سامی لە فەیلەقی یەك، گوندی هۆمەربل بوو، کە گەورەتین گوندە لەنیوان هۆزەکانی جافوزەنگنەو داودەدا لەنگەری گرتووەو هەربەهۆمەربلیەکان ناسراون ، هۆمەربل ئەو سەروەختە بارەگایەکی پێشمەرگەی یەکێتی لێ بوو، لەڕاستیدا خەلکی ئەم گوندە هاوسۆزییەکی زۆریشیان لەگەڵ پێشمەرگەدا هەبوو زۆریش لەکورانی گوند پێشمەرگە بوونو لەسەرەتای دامەزراندنی یەکێتیەوە لە ساڵی ١٩٧٦دا. قۆڵیان لێهەڵالیبوو،ئەوکاتەی کەسوپا هێرشی دەهێنایە سەر ئۆمەربل جگەلەو پێشمەرگانەی لەوێ بوون کورانی جوتیارو گوندنشینیش دەستیان داوەتە چەكو بەرەنگاری هێزەکانی جاشو جەیشیان کردووە، بەم هۆیەشەوە حکومەتی بەعس دەمێك بوو لێوی لێدەکرۆشتن.. وا ئەمجارە لەپەلاماری ئەنفالدا دەیەوێت تۆڵەی هەموو ئەو شکستو لوتشکاندنەی پێشووی بکاتەوە کەلەم گوندە توشی هاتبوو، بەلاّم ئەمجارە جیاواز بوو ئیتر شەرکردن بێهودەبوو، بەو حاڵەشەوە کەهێزی ئەنفالچی بە سەرپەرشتی عەمید سامیو بە یاوەری ١٤ فەوجی جاش لەچێشتەنگاودا گەیشتنە هۆمەربل، بەلاّم وەکو شوێنانی تربەبێ ئارەق دەرنەچوون بەڵکو بەرەوڕووی بەرەنگارییەکی قارەمانانەی پێشمەرگە بوونەوە، بۆ ماوەی دورۆژ، بەلاّم هێرشی ئەمجارەی ئەنفال یەکلایی کەرەوەبوو، رۆژێکیش پێش پەلاماری ئەنفال دوبۆمبی دوکەلاّوی بۆ چاوترساندنو تۆقاندن تەقاندبوو، تا پێشمەرگەکان وابزانن چەکی کیمیاویەو ناوچەکە چۆڵبکەن، ئەمەش تاکتیکێکی سوپابوو، بەلاّم ئەنفالچییەکان بەدەست ئەو روبەرووبونەوە توندەی پێشمەرگەوە گیریان خواردبوو، تانەت ئەم پەلامارە زۆر جیگەی تیرامانی بەعسو پیاوە پلەدارەکانی هەوالگریو



ئەفسەرانی سوپاش بووە، هەروەك میدل ئیست ۆچ یاداشتی کردووەو لەو بارەیەوە نوسیویەتی : پێشمەرگەگان بەتوندی روبەرووی هێزەکەی عەمید سامی بوونەوە) بەلاّم سوپا بۆ شکاندنی ورەی خەڵكو پێشمەرگە هێزێکی ناردە گوندەکانی دەوروبەر هەتا ئەرکێکی لاوەکی ئەنجامبدەن ئەویش ڕووخاندنی ئەو گوندانەی ڕاستەوخۆ دەکەوتنە پشت ئامانجە سەربازیەکەوە. کە گوندی ئۆمەربلو شکاندنی پێشمەرگەکان بوو برووسکەیەکی ١٠ ی نیسان موخابەراتی بەعس باسی ئەوە دەکات کە "لە کاتژمێر ١٠:١٥ دا گوندی چوارشاخ گیراو تەختکرا."[٤] لەوکاتەدا هۆمەربل لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ درابوو، پێشمەرگە بۆیان دەرکەوت چیتر بەرگریکردن بێسوودە، ئێوارە لە تاریکیدابەناچاری پاشەکشەیان کرد. هەرچەندە خەڵکی گوندی هۆمەربل لەوکاتەدا هەلاّتبوون، بەلاّم هێزەکانی حوکومەت لە هەردەوجەوەڵەکاندا دەوریان دەگرتنو دەسگیریان کردنو بە ئیڤا ڕەوانەیان دەکردن بۆ بنکەکانی کۆکردنەوە . سەرئەنجام خەڵکێکی زۆری هۆمەربل کەوتنە دەست هێزەکانی سوپاو نزیکەی٣٠٠ کەسیان ئەنفالکرانو ٢٣٠ کەسیان هەرنەگەرانەوە.

رۆژی دواتر ڕەتڵە سەرەکیەکەی سوپا بەرەو ژورپێشڕەویی کردوگوندی تووکنیشی گرت کە بارەگایەکی

---

[٤] ( گوندی چوارشاخ ماوەی سێ میل دەکەوتە باکوورەوە.)

پێشمەرگەی یەکێتی لێبوو، ئینجا گوندەکانی دەوروبەری سوتاند، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا هەتا سەرچەمی ئاوەسپی ڕۆیشت. لەوانە گوندی عەلیانی تازە بوو، کە تاقمێك پێشمەرگەی‌شکستخواردوویی یەکێتی سەنگەری بەرگرییان تێدا لێدا بوو (٥). "یەکێك لەگرنگترین ئەو شایەتحالانەی ئەنفال حەمە عەلی عەلیانی تەمەنی ٣٢ ساڵ بوو کەهەرلە عەلیانەوە جۆری تاوانەکەی لەگرتن‌و کۆکردنەوەو گولەبارانکردن بەچاوی خۆی دیبوو، دواتر لەگۆڕێکی بەکۆمەڵی ناوچەی حەزەری پارێزگای موصل رزگاری بوو.

### بەرەو بنکەی پارتیزانەکانی گەرمیان




هەرئەو رۆژە لەگەڵ بەختیارو سابیربڕیارماندا بچین بۆ بنکەی پارتیزانەکانی دوای ئەنفال، بێگومان مانەوەی ئەو پێشمەرگانە لەم بنکانەدا بە راپۆرتێك تەواو نابێت چونکە هەرئەو دوو بنکەیەنین کە ئیمە سەردانمان کردن، بەڵکو لە زۆربەی ناوچەکانی تر بنکەی پارتیزانەکانی دوای ئەنفال‌و دەستەی بچوك بچوکی پێشمەرگە هەبوون، بەڵام ژیانی هیچیان بەقەد پارتیزانەکانی گەرمیان ئەستەم نەبووە، چونکە دەشتایەکانی گەرمیان‌و نەبوونی پەناگاو سەرچاوەی ئاوو دورەدەستی لە ئاوەدانی لە ناوچەکانی تر زەحمەت تربووە، تەنها سوسەکردنێکی بەعس‌و ئاشکرابوونیان بەس بوو بۆ ئەوەی بکوژرێن، ژیان لەم ناوچانە لەدوای ئەنفال لەمەحالیش مەحالتربووە، بریاری ٢٠٠٨ی نوسینگەی رێکخستنی باکور کە لەلایەن عەلی حسەن مەجیدەوە دەرچووبوو خۆی چاودێری‌و سەرپەرشتیاری ڕاستەوخۆ بوو، جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ژیان لەناوچە قەدەغەکراوەکاندا بۆ هەر زیندەوەرێك تیایدا مەحکومە بە کوشتن چ جای پێشمەرگە کە بەرهەڵستی رژێمیان دەکرد، هەربۆیەشە لەکاتی کیۆماڵکردن‌و پەیدابوونی کۆپتەرەکاندا مەڵ‌و ئاژەڵی کێویش خۆیان دەخزانە کون‌و کەلەبەرەوە، ئەو کەروهێسترانەی پێشمەرگە پارتیزانەکان هەیانبوو ئەگەر بە وریایی پەنا نە درانایەو حەشارگەیان بۆ نەکرابێ ئەوا کۆپتەرکوشتوونی، لەخۆڕا نەبووە ئەو مریشکانەی لە دوای ئەنفالکراوەکان بە جێمابوون‌و نەکەوتبوونە دەست هێزە تالانچیەکەی ئەنفال، لەکاتی هەردەنگێکی نامۆدا لەپێش پارتی زانەکان خۆیان بە بەوکولانەیەدا کردووە کەبەتەنیشت بنکەی پارتیزانەکانەوە بۆیان کرابوو.

### بەرەو جەوڵەکانی مازۆح

جەوەڵ مازۆخ ئەو شوێنە بنکەوحەشارگەی هەندێك لە پارتیزانەکانی لێبوو، کە دەکەوێتە رۆژئاوی ئۆمەربل‌و نێوان داودەو زەنگنەو ئۆمەربلەوە، لەو گەشتەمدا ئەوەی بینیم ناتوانم بەنوسین وێنای بکەم، ئەمجارەش دەیلێمەوە کە لەهەرکوێیەك گەرمیانیت لەگەڵدا بێت چاوەروانی شکست مەبە، کە سواری جێب وازە بۆرەکە بووین، بەختیاری تەمەن ٣٢ ساڵ وەك شۆفێرێکی کارامە خۆی هەڵدایە پشتی سوکانەکەوە هەر ئەوەندەی سلفی لێدا جیبەکە وەك ئاسك دەرچوو، بەناو ئەو دەشتە بەردەڵانەدا بێئەوەی ریگەی ئۆتۆمبیل بێت بەرەو هەوراز ملی پێوەنا، منیش بەزمانی سوتاوم ووتم ئەم جێبە بەناو ئەوبەردانەدا دەردەچێت..؟ بەختیارووتی: ئەوە تۆ چی یژی مامۆستا هێشتا هیچت نەدیوە، لەم قسانەدا بووین ملی بە هەورازێکەوە نا ئیتر لەترسی ئەوەی بە شلەشاریم تێنەگەن‌و نەکەومە بەر پلاری لادێییەوە دانم بەخۆمدا گرت‌و زۆر بەسەرخۆم نەهێنا ، یەکدوجاریش چاوم

نوقاندو خەریکبوو بلێم: ئەریّ براتۆ بەنیازی هەڵماندێری..؟ جیب وازی تاین دەتوت بە رۆنی سەگ چەورکراوە، وەك ئاسك تیسكەی دەکردو بەهەڵتەكو داتەك دەرۆیشتو نەدەوەستا هەرچەندە هەموو ناوسكم هەڵتەکی بەلآم کاتێك خۆم لە بەرزاییەك دیتەوە خەریکبوو زەندەقم بچێت کە لەژێر ئاسمانێکی سافو روناکدا بەسەر دۆڵێکی زۆر قوڵدا دەیڕوانی ووتم ئێستا قلپ دەبینەوە، بەلآم هەیهو هەرئەوەندەم زانی بەختیاری شۆفێر باسکی سوڕاندو سوکانی سەیارەی بادا جیبەکە لوتی سوراندو بەسەر تیلمە شاخێکی باریکدا شۆر بووەوە کە ئەمدیوئەودیوی دۆڵێکی قوڵبوو، ئەگەربلێم دنیام بەچاوی خۆم بینیوە بە درۆ لێم مەگرن، هەرچەندە خۆم بەکەسێکی ترسنۆك نازانم بەلآم بەڕاستی ئەو رۆیشتنو هەلزانانو شۆربوونەوەیەی جیب وازە فەندی زارەترەکی کردبووم، بەلآم لەبەر ئەوەی بینینی شوێنی ئەو پارتیزانانەی دوای ئەنفال یەکێك بوو لەخەونەکانم، بەلامەوە گرنگ بوو هەرچۆنێك بووە بیبینم، بەختیار بە لێهاتوویی خۆی سەلماندی کەشۆفێریکی شارەزایەو لە درێژەی رێکردنماندا وردەوردە هێمن بوومەوەو شڵەژانم نەما، پاش ماوەیەك لە سەربەرزترین لوتکەی ئەوجەولآنەی پشتی ئۆمەربل وەستاین کە دابەزین، شوێنێك بوو بەسەرهەموو ناوچەکەدا دەیڕوانی.

**جەوڵ مازۆخ**





ئەمە ناوچەی پارتیزانەکانی گەرمیانە کەمن پیشتر بیرەوەریەکانیانم خویندبووەوە وەکو ئەفسانە دەهاتە بەرچاوم. لەو سەروەختەدا کەماونەتەوە تەنها حەرسێکیان سەرکەوتووەتە سەرەوەو لێرەوە چاودێری هەموو ناوچەکەی کردووە ئەویش لەرێگەی خاڵێکی ئێشکگرتنەوە کە زۆرشارەزایانەو بەوریایی دااینابوو، بەپێچەوانەی خاڵی ئیشکگرتنی بەرپرسەکانی ئێستاوە خالّەکە چۆن بوو ..؟ لەمەیلانێکی گردەکەدا بەدیوی رۆژ ئاوادا چالێکی قوڵیان کردبوو، وەك چاڵی ترخێنە کە تائەوکاتەی ئێمە چوینە سەری هێشتا ئەژنۆیەك قوڵ بوو، لە شوێنێکی لار هەڵکەندرابوو بۆ ئەوەی کە دوژمنیش بێتە سەرگردەکە سەیارەکانیان بەسەریدا نەسورێنەوەو شوینی خەرەسەکەیان ئاشکرانەبێت، ئەو ئیشکگرەش لەناوچاڵکەدا ماوەتەوەو گونێیەکی بەسەرخۆیدا داوە، ئەوچاڵە بەشێوەیەکی بازنەییو بەنیوەی باڵآ زەلامێك لە خاکێکی بەردەلآندا هەڵکەندرابوو، ئەوەندە بەنهێنی کرابوو تەنانەت ئەوخۆڵو وردە بەردەشی لێیان دەرهێنابوو، کەزیاتر وردە چەوبووە بۆ دوری ٥٠٠ م بە گونیّ دوریان خستووەتەوەو لە دۆلەکەدا رۆیانکردبوو لەویش لە شوێنیکدا فرێیاندابوو کەئاوی بارانآوی پێدا دەروات، بۆئەوەی ئاوییباو ئاسەواری هەڵکەندنو خۆڵی تازەی پێوە نەمێنیّ نەکا لە کێومالّکردنی دوژمندا ئاشکرایان بکات، لە دۆڵێکی قوڵی خوارخاڵی ئێشکگرتنەکەشدا پارتیزانەکان هەربەدەستی خۆیانو بەپاچوخاکەناز کە

لەوگوندە روخاوانەدا پەیدایان کردبوو، سێ چاڵی لاکێشەیی تریان هەڵکەندبوو بۆ پشودان کە روبەرەکەیان هەروا ٢+ ٣ مەتر دەبن، دوانیان بۆشوێنی خەوتنو خۆشاردنەوەی پێشمەرگەکانو یەکێکیشیان بۆ شوێنی خواردنو زەخیرە، ئەوەیان کەوتبووە نێوان هەردوو حەشارگەکەی تری پێشمەرگەکانەوە، دەرگاکانیان کەوتبوو سەرجۆگەلەیەکی باریك کەتەنها لەبارانبارینەدا ئاوی پێدا دەروات، ئەو دەرگایە تەنها یەك کەسی پێدا رۆیشتووە، ئەویش هەمیشە بە گونێی بۆر داپۆشراوە لەبەرئەوەی دوژمن لەکێومالّدا یان فرۆکە لە ئاسمانەوە نەی بینێ، مەلارەحیمی سەرقەلاّ کە خۆی یەکێك بووە لەو پێشمەرگە پارتیزانانەی ناو ئەو بنکانە ووتی: هەموو شتەکانمان لەوگوندانە کۆکردبووەوە هەر لەپاچو خاکەنازەوە هەتا بە داروچینکۆو گونێ وتەنانەت خواردنی سالێکیشمان هەربەجیماوی گوندنشینەکان بوو، ئێمە ئیدارەمان پێدەکرد.

بێباکیو نەگبەتی کورد.

هەرکەچوومە شوێنی پارتیزانەکان بینیم خەشارگەکان تەنها چاڵەکانیان ماوەتەوەو سەربانەکە روخێنراوەو داروچینکۆکانیان بردووە هەستم کرد ئەم میللەتە بەرامبەر بەمێژووکەلەپوری خۆی زۆر نەزانو نەگبەتە ئاخر دەبێت پاراستنی تەنها دوو ژوری ئەو پارتیزانانە چ زەحمەتێك بێت، لەوێوە تێگەیشتم هێشتا عەقلیەتی روخاندنو وێرانکاری زالترە لە بنیاتنانەوە، ئەو بنکانە تەنها شوێنی رازونهێنی چەند پارتیزانێك نین بەڵکو شوێنی بەرگری نەتەوەیەکیشن لە رۆژگاری عاسێی ستەمکاریو بەربەریێتی بەعسدا، ئیتر هەڵوەشاندنو روخاندنیان لەپێناوی چەند دارێکی رزیوو یەك دوو چینکۆدا چ تاوانێکە بەرامبەر بەمێژوو ..!؟ خۆزگە خەڵکی گوندی ئۆمەربلو ئەو پێشمەرگە پارتیزانانە دروستیان دەکردنەوەو بۆمێژوو دەپارێزران، چونکە ئەوە شوێنی کۆمەڵێك مرۆڤە کە تا ئەوپەری بەسەربەرزیو ئازایەتی خۆیان دورلە ئاوەدانیو هەناسەکانی ژیان ئەوان بە ئومێدەوە تیایدا ژیاونو چاوەروانی دەرفەت بوون بۆ هێرشکردنە سەر قەلاّکانی ستەمکاری بەعس .

**نهێنی پارێزی ڕۆژانی سەخت**

ئەو شوێنانەی پارتیزانەکانی لێمابوونەوە ناویان بۆ



دانابوون بەتایبەتی لەپەیوەندیکردنیاندا بەجیهاز ناوی ڕاستەقینەی شوێنەکانیان نەدەبرد ئەوەش بۆ ئەوەبوو کە دوژمن زەفەر بە شوێنەکانیان نەبات، بۆ نمونە ئەو قەندیل ناوی نهێنی جەوڵ مازۆخ بوو ئەو شوێنەی خالّی ئێشکگرەکەیان لێدانابوو.

صابیرحاجی سەعید جاربەجار سەردانی ئەم پارتیزانانەی کردووەو هاوکاری کردوون، ئەو کە لەگەشتەکەدا لەگەڵمان بوو بۆ ئەنفالستان دواو وتی: ( من لەبەرواری ١٥/١/١٩٩٠ هاتم بۆ ئێرە بۆلای پارتیزانەکان. من ئەوکاتە تەمەنم ١٦ ساڵان بوو، دوو کەس بووین کەهاتین بۆلایان دیارە پێشترحەرەسەکە ئاگاداری کردوون ٤ پێشمەرگە هاتنە سەر رێگەمان مەبەستیان ئەوەبوو شوێنەکەیان نەزانینو نەشیان دەزانی ئێمەین لەو چوار پێشمەرگەیە یەکێکیان عوسمانی حاجی محمود بوو کاك عوسمان زۆری پێناخۆش بوو کە ئێمەچووین، ووتی بۆچی هاتوون بۆ ئێرە سەبەی ئێوە بڕۆنەوە حکومەت بتانگرێت یەکی زللەیەکتان لێبدەن ئیمەش ئاشکرا دەبینو شوێنەکانمان لەدەست دەدەین ئیمەش وتمان ئیمە بۆئەوە نەهاتووین برۆینەوە.. کاك عوسمان زۆر هەولیدا

ووتی: دەبێت بڕۆنەوە ئێمە نەشوێنمان هەیەو نەخواردنو پێویستمان بە پێشمەرگە نیە.. ئێوەش تەحمولی ئەم وەزعە ناکەن.. ئیتر ٤ رۆژ لەلایان ماینەوەو ناردیانیانینەوە.. سابیر زۆر بەماتیەوە باسی ئەو پێشمەرگانەی کرد کەلەم بنکانەدا ماونەتەوە، من دواتر



لەنهێنی ماتیو خەمبارییەکەی سابیر تێگەیشتم، چونکە لەپێشەوە باسی ئەوانەی کرد کەشەهیدبوونویەکێکیش لەو شەهیدانە برای خۆی بوو بەناوی " کامەرانە ڕەش" . ئەوانەی مابوونەوە بریتی بوون لە ( شەهیدان ئەحمەدی حاجی رەشید، حەمەڕەش، کامەرانە رەش، شەهید مامەقالە، لەوانەش کەماون عوسمانی حاجی محمود، جەمال وارانی، مەلارەحیمی سەرقەڵا ، حسن ئۆمەربلی، عەلی مامەنوریو شوکر قەرەبڵاخیو عەلی غائبصباحی شێخ حەمید بوو ) ووتی: ئەو شوێنەی کەئێستا من لەسەری وەستاوم چێشتخانەکە بوو ساڵی ١٩٩٠ رۆژێك روخا باش بوو کەسی تێدا نەبوو دەنا هەمان کارەساتی ئەشکەوتەکەی داری خلە دوبارە دەبووەوە، ئێستاش کەهەڵی بدەینەوە تەباخو قاپوقاچاغی پێشمەرگەکانی تێدایە.. ) بەداخەوە ئەو شوێنە کە ئێستا فەرمۆشکراوە پیشاندەری ئەو ڕاستیە تاڵەیە کە کورد نە کەلەپوری خۆیو نە مێژووی خۆی بەهەندناگرێو ئەوەندەی پارە لە دیاردەو بۆنەی ناپێویستدا خەرج دەکات ئەوەندە بەتەنگ نوسینەوەی مێژووی خۆیەوە نیە دەنا روخاندنو فەرامۆشکردنی ئەو بنکانە بەسوك تەماشاکردنی خەباتوخەونو خەمی کسانێکە کە رۆژانێك زۆربەزەحمەت بەرەنگاری ستەمکاریو دەسەڵاتێکی دڵڕەقو توندرەفتاربوونەتەوە .. بێگومان ژیان لەوبنکانەدا زۆر دەلالەتی هەیە، چونکە بەسەربردنی رۆژگارەکانی ناو ئەم حەشارگانە تەنها سەختی ژیانی چەند پارتیزانێکی تێکۆشەر نەبوە بەڵکو بەرەنگاربوونەوەی ئازاترین کورانی نەتەوەیەك بوون.

**یادەوەریە خۆشەکانی ناو ئەم بنکانە :**

رۆژێك شەهید حەمەرەش بەجیهاز بەکاك عوسمانی حاجی محمود دەلێت : ئێمە ئامادەین دوو پێشمەرگە بنێرە بۆ هێسترەکان، جەمال وارانیش گوێی لێدەبێت، دەچێت بەکاك عوسمان دەلێت کاك عوسمان حەبی سەر ئێشەت پێنیە وەڵاهی وا کاسەی سەرم بەردەبێتەوە، کاك عوسمانیش پێی دەلێت : تۆ برۆ هێسترەکان بێنە خوا کەریمە وەڵاهی دەچیت ئەوە گوێت لەجیهازەکەبووە دەزانیت سەرەتە دەتەوێت خۆت بدزیتەوە... کاك صابیر[٦] شتێکی تریشی گێرایەوە گێرایەوە : ئەو کاك عوسمانە خەریکبوو تەرسی کەری کۆدەکردەوە لچکێ:ی قەمیسەکەی گرتبووەوە تەرسە کەرەکانی تێدەکرد منیش لە صمودەوە هاتبووم کەچاوم پێی کەوت چووم هاوکاری بکەم تەنەکەیەك لەوێ بوو هەڵمگرتو چووم بەرەو پیریو منیش دەستمکردە تەرس کۆکردنەوە بۆئەوەی چێشتی پێ لێبنێین، کاك عوسمان سەیرێکی کردم ووتی: ئەوەچیە سابیر دوورۆژە چویتە مجمع بەتەمای خۆتم لێبەکەیت بە شاری ...یەکێکی تر لە بەسەرهاتە خۆشەکانی ئەو پارتیزانانە ئەوەیە کە شەهید مامە قالە بەرەحمەت بێت لە بنکەکە هاتبووە دەرەوە بەدۆلەباریکەدا بەبێ

---

[٦] صابیر ئەو کەسەبوو کە لەئۆمەربلەوە هاوەلی کردینو برای یەکێك لەو پارتیزانانەیەو خۆشی ماوەی چەندرۆژێك لەگەڵیاندا ماوەتەوە.

چەك سەرەو خواری دابوویە، یەكێك لە پێشمەرگەكان پێی ووتبوو كورە ئەوە بۆكوێ دەرۆیت بەبێ چەك دورنەكەویتەوە ناوچەكە قەدەغەكراوبوو تەنانەت ئاژەلیش مەحكوم بوو بەكوشتن، ئەویش ووتبووی كورە چەك نابەم نەبادا حكومەت بمگرێت ئەگەربشمگرن با وابزانێ عەشایەرم. دواجارسابیروبەختیار بردیانمە سەرشوێنێك ووتیان ئائێرە شوێنی كولانەی مریشكی پێشمەرگەكان بوو، دووسێ مریشكیان هەبوو، هەر هی ئەو گوندانە بووە بەجێماوە پێشمەرگەكان لێرە كولانەیان بۆ كردبوون ئیتر ئەو مریشكانە واراهاتبوون هەركە كۆپتەر بهاتبایە بەر لەپێشمەرگەكان خۆیان رایاندەكردە كولانەكەیانەوە. دەگێرنەوە جارێك پارتیزانەكان گەراون بەدوای داردا بۆئەوەی ئاگری پێبكەنەوەو بیسوتێنن، سەرئەنجام بێشكەیەكیان دۆزیوەتەوە، بەلام مەلا رەحیمی سەرقەلا رێگەی نەدابوو بیسووتێنن و وتبووی ئەوە مێژووی منداڵانی بێگوناهی ئەم میللەتە ئەنفالكراوەیە .

**یادەوەریە ناخۆشەكان :**

سیخورێكی بەعس بەناوی جەمال چووبووە بن كلێشەی ئەحمەد كەیەكێك بوو لەوكەسانەی پێش ئەنفال پێشمەرگە بووەو دواتردابراوەوتەسلیم بووەتەوە، گوایە جەمال دەیبات بۆلای پارتیزانەكان و شوێنەكەیان پێدەزانێت، ئەویش لەگەلیدا رۆیشتبوو، بەلام جەمال نامەردی نواندبوو لەودەشتە كوشتبووی وسەری بریبوو، هەرچەندە لەبەرخراپەكاری چەندینجارلەناو ئۆردوگای رزگاری تەقەی لێكرا بەلام بەرنەكەوتبوو تەنیا جارێك برینداربوو، لە دوای راپەرین، دەنگۆی ئەوە بلاوكرایەوە كەخزم وكەسەكانی خۆیان لەسەر ئەو تاوانە كوشتوویانە.




## بێباكیو خەمساردی كورد.

كەچوومە شوێنی پارتیزانەكان بینیم حەشارگەكان تەنها چاڵەكانیان ماوەتەوەو سەربانەكە روخێنراوەو داروچینكۆكانیان بردووە، لەوكاتەدا زیاتر هەستم بەوە كرد ئەم میللەتە بەرامبەر بەمێژووكەلەپوری خۆی زۆر نەزان و نەگبەتە، ئاخر دەبێت پاراستنی تەنها دوو ژوری لە شاخدا هەلكەندراوی ئەو پارتیزانانە چ زەحمەتێك بێت، لەوێوە تێگەیشتم هێشتا عەقلیەتی روخاندن و وێرانكاری زالترە لە بنیاتنانەوە، ئەو بنكانە تەنها شوێنی رازو نهێنی چەند مرۆڤێكی بەئیرادەو حەشارگەی چەند پارتیزانێك نین بەلكو شوێنی بەرگری نەتەوەیەكین كە لە رۆژگاری عاسێی ستەمكاری و بەربەرێتی بەعسدا، ماونەتەوەوچۆكیان دانەداوە، ئیتر هەلوەشاندن و روخاندنیان لە پێناوی چەند دارێكی رزیوو یەك دوو چینكۆدا چ تاوانێكە بەرامبەر بەمێژوو ..!؟ خۆزگە خەلكی گوندی ئۆمەربل و ئەو پێشمەرگە پارتیزانانە دروستیان دەكردنەوەو بۆمێژوو دەپارێزران، چونكە ئەوە شوێنی كۆمەلێك مرۆڤە كە تا ئەوپەری بەسەربەرزی و ئازایەتی دورلەئاوەدانی و هەناسەكانی ژیان ئەوان بە ئومێدەوە تیایدا ژیاون و چاوەروانی دەرفەت بوون بۆ هێرشكردنە سەر قەلاكانی ستەمكاری بەعس .

# دیمەنێك لە بەرگی سێهەمی ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال

## دكتۆرێك لەنێو ڕەشەبای ژەهروئەنفال

عەبدوڵا كەریم محمود



دكتۆر ناصیح فاتیح عوسمان ناسراوە بە ناصح قەرەداغی لە ١٩٦٠ گەرەكی خەباتی شاری سلێمانی لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩٨٤ كۆلیژی پزیشكی زانكۆی بەغدای تەواو كردووە، ساڵی ١٩٨٦ بووەتە پێشمەرگەو دكتۆری مەلبەندی یەكی یەكێتی نیشتمانی كوردستان، دكتۆر ناسیح جگە لەوەی دكتۆرێكی ماندوو رۆژانی سەختی پێشمەرگایەتی بووە، قەڵەمێكی بەتواناشە لە بواری ئەدەب و وەرگێران وچەندین بواری جیاجیای تردا. شارەزاییەكی وردی زمانەو كەسایەتیەكی سادەو متوازع و خۆشەویستە لەكاتی چالاكی و داستانەكانی پێشمەرگەو پەلامارەكانی سوپای عێراق وكیمیاباران و بۆردومانی فرۆكە جەنگیەكانی عێراق لەگەڵ پزیشكەكانی هاوڕێی و كارمەندانی تەندروستی دا رۆڵی دیاری گێڕاوە، لە دیدارێكدا لەوەڵامی چەند پرسیارێكدا ئاماژەی بەوەكرد :

**دەنگی بۆمبەكان :**

لەكاتژمێر شەشی شەوی ١٩/٢٠ /٤/ ١٩٨٧ بەرەی كوردستانی لەسەر نەخشەو بەرنامەیەك توانیان دەستەی پزیشكانی مەلبەندی یەك كە بریتی بوون لە ( د. فایەق گوڵپی، جەلال عوسمان، د. جەبار نەریمان . د.ناجح گوڵپی ) من و پێشمەرگەیەك بەناوی عومەرو كاك جەبار لە ١٩٨٧/٤/١٩ لە گوندی زێوەربووین، وەگ تیمی پزیشكی بۆ فریاكەوتنی ئەو پێشمەرگەو هاوڵاتیانەی كە دەگەیەنرایە لامان.

كاتژمێر ٧:٣٠ ی ئێوارەی ٤/٢١ /١٩٨٧ (١٠) فڕۆكەی جەنگی گەیشتنە سە ئاسمانی ناوچەی قەرەداغ و كیمیابارانی ئەم گوندانەیان كرد كە بریتی بوون لە ( زیوەمەر ، دارزاین ، گۆشان ، جافەران ) لەوكاتە من لەناو ئاوایی زێوەمەر بووم بە چاوی خۆم فڕۆكەكانم بینی نزم دەبونەوە بۆردومانیان ئەكرد ، ئێمەش لەگەڵ خەڵكی گوندەكە بەپەلە خۆمان گەیاندە ژێر پردو ئەشكەوتەكانی نزیك گوندەكە ، لەو كاتەدا ئێمە چاوەڕوانی دەنگی بەرزی تەقینەوەی بۆمبەكانمان دەكرد بەلاَم كە گوێمان لە دەنگی تلّپ ..... تلّپی كپی بۆمبەكان بوو توشی تێڕامان بووین بەلامانەوە سەیر بوو لەك بۆردومانە هیچ حاڵی نەبووین تا ئەو كاتە فڕۆكەكان ئاسمانی ناوچەكەیان بەجێ هێشت، ئێمەش لە ژێر پردەكە هاتینە دەرەوە، لەچەند جێگایەكی جیا جیا دوكەڵێكی چڕ وگەورەمان بینی بەرەوئاسمان بەرزدەبوەوە ، دوكەڵەكان لە ئێمەوە نزیك بوون ، لەبەر ئەوە یەكسەرهەستم كرد، ئەم دوكەڵە هەردەبێت كیمیایی بێت ، یەكسەر بەهەموو هێزێكمەوە بە دەنگی بەرز بەخەڵكی گوندەكەو پێشمەرگەكانم ووت : ( ئەمە كیمیاییە ، هەمووتان ڕوو بكەنە شوێنە بەرزەكان).

هەموومان چوینە بەرزاییەکان، لەهەندێك شوێن خەڵك ئاگریان بۆ خۆ پاراستن لە ژەهری کیمیاییەکە کردبووەوە، هەتا دنیا تاریك بوو بەوجۆرە ماینەوە، دواتر گەڕاینەوە بۆناوگوندەکە ، لەم کیمیابارانەدا نزیکەی هەشتا ژن و پیاو منداڵ بریندداربوون، یەکێك لەبریندارەکان پیاوێکی خەڵکی زێوەمەر بوو تەمەنی ٣٠ساڵ دەبووچووبوە ناوچاڵی شوێنی تەقینەوەی بۆمبە کیمیاییەکە، هەردوو پێی ولاقەکانی وناوڕانی سوتابوەوە، بڵقی کردبوو، ئازارێکی زۆری هەبوو، زۆربەی بریندارەکان بەهۆی جێگۆڕکێی هەواوە کە گازی ژەهری کیمیاییەکەی گواستبوە، بەرجەستەیان کەوتبوو، دووچاری سوتانەوە وفرمێسك و سوربونەوەی چاوببون، دەرمانمان پێ بوو چارەسەرمان بۆ کردن ، هەر کە ناوچەکە ئارام ببووەوە ، بریندارەکانمان ڕەوانەی نەخۆشخانەی مەڵبەندکرد لە بەلەکجار، خۆشم لەزێوەرمەر مامەوە .

سەعات (٣)ی پاش نیوەڕۆی (١٩٨٧/٤/٢٢) دکتۆر ناسح لە خوار گوندی زێوەمەربوو، چاوەڕوانی ئوتۆمبێلێکی مەڵبەند ببو بۆ ئەوەی تراکتۆرێکی لە گوندەکانی دەوروبەری مەڵبەند بۆ پەیدا بکات، بۆ گواستنەوەی بریندارەکانی زێوەمەر بۆ نەخۆشخانەی مەلبەند لەبەلەکجاڕ.

دکتۆر ناسح ڕوداوە پڕ لە تراژیدیا یەك لەدوای یەکەکانی بەوردی بۆ دەگێرامەوە:

ـلەوکاتەدا لاندرۆفەرێکی مەڵبەند لە جادە قیرەکەوە لای داوچوە سەر ڕێگای خۆڵەکە، لەوکاتەشدا من چاوەڕوانی بووم بۆئەوەی ڕاسپاردەکەی پێ بگەیەنم، بۆئەوەی ڕوو بکاتە گوندەکان وتراکتۆرەکەمان بۆدابین کات، لەناکاو



دوو کۆپتەری غەزال گەیشتنە سەر ئاسمانی گوندەکە، دیاربوو جیبەکەیان بەدی کردبوو، هەردوو کۆپتەرەکە نیشتنە سەری ، جێبەکەش بە خێرایی خۆیی کرد بەناوئاواییدا، لەوکاتەدا من فریانەکەوتم بگەڕێمەوە بۆ ئەشکەوتەکە، بەپەلە خۆم کرد بەکەندڕێکدا ، لەسەرپشت پاڵکەوتم، بۆ بەدبەختی من ئیسعافێك ٢٠ مەترلەولامەوەبوو، ئەوئیسعافەمان لەکاتی ئازادکردنی قەرەداغ دا لەنەخۆشخانەی قەرەداغ گرتبوو، دەمانویست بیبەین بۆنەخۆشخانەی مەڵبەند، لەوێ وەستا بوو، کپتەرەکان بۆماوەی ٤٥ دەقیقەی تەواو بە شێوەیەکی بازنەیی دیاریی کراو لەسەرمان بوو، دەورو بەری ئیسعافەکەی بە شەستیر دادەگرتەوەوگیزەی گوللەکان دیار بوو نیشانەیان لە ئیسعافەکە دەگرتەوە ، بەڕێکەوت فیشەکم بەر نەکەوت، لەو کاتەدا هیچ بەتەمای خۆم نەبووم بۆ ١٩٨٧/٤/٢٣ بریندارەکانم بە تراکتۆر ڕەوانەی نەخۆشخانەی مەڵبەندی یەك لەبەلەکجارکرد.

ئەمە یەکەم جار بوو کیمیابارانی قەرەداغ بکرێت، بەبۆ چونی خۆم ئەو مادانەی کیمیایانەی لەم بۆردومانەدا بەکارهێنران بریتی بوون ( لەمادە گازە بڵقێنەرەکان بوون لەجۆری خەردەل)

کاك علی قەلاقایمەزی یەکێك بوو لەپیاوە قسەخۆشەکان ونان بدەکان بوو، مرۆڤێکی توندوسەرسەخت بوو، تەنیا ماڵ بوو لەناو قەدی کێوی قەلاّ قایمزدا، کەدۆڵی قەرەداغ دەکات بەدوو بەشەوە گوندێکی ئاوەدان کردبوۆوە بەئاژەڵداری گوزەرانی خۆی بەڕێوە دەبرد، لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە تا کاتی ئەنفال دۆڵی رۆژئاوایی قەرەداغ لەبرەودا بوو، ئەو سەروەختە گوندی سێوسێنان ڕۆڵی شارۆچکەیەکی دەبینی بۆ ئەوکەسانەی نەیاندەتوانی بچنە شار، زۆربەی بارەگاکانی مەڵبەندی یەکی یەکێتی وحیزبەکانی تریش لە سێوسێنان وگوندەکانی ئەودۆڵەدا بوون ، هەرچەندە قەلاّقایمەز لەناو قەدی چیایەکی کوڕی بالاّبەرز دابوو، بەلاّم لە سەرکوترین ڕێگابوو بۆ ئەو ڕێبوارانەی لەگوندەکانی ئەم دیوەوە یان لەشارەزوورەوە ڕویان دەکردە سێوسێنان و تەکیە و بەلەکجاڕ، کەم کەس هەیە بەو ڕێگەدا گوزەریی کردبیٚ وحەپەی سەگەکانی دیٚ دڵی دانە خورپاندبیٚ و لەخزمەتی کاك عەلی قەلاّ قایمەزیدا پشویەکی نەدابیٚ و جامیٚ ئاوی فێنك و چایەکی گەرمی نەخواردبێتەوە.

دکتور ناسح دەڵێت لەکاتی گەڕانەوەم لەگەڵ کاك عمری پێشمەرگەدا لە گوندی زیوەمەرەوە بۆ بەلەکجاڕ بەگوندی قەلاّ قایەبەزدا تێپەڕیم.

وەك جارەکانی تر کاك عەلی خولکی چایەکی کردم ،پێکەوە لەهەیوانەکە دانیشتین وکەوتینە قسەکردن، دوای باسی شەڕوشۆڕو بۆردومانی بۆ کردم ، لەو کاتەدا کاك عەلی کراسەکەی هەڵدایەوەولاکەلەکەی ڕاستی نیشاندام وتی : دکتۆر جەراجەراحەیە داویەتی بەلاقەبرغەمەوە ، سەیرێکی بکە بزانە هیچی کەرەك نی یە؟

وەك کلّپەی ئاگر سوتاندبێتی ئەوەندەی لەپێك زیاتر لەکەلەکەی ڕەش ببووە، هەندیٚ شوێنی تلۆقی کردبوو، ئەگەر جەراحە (دوپشکی کلك شۆڕ) بە هەرکەسێکەوە بدات زۆر ترسناکەو تەنانەت کوشندەشە، بە وردی سەیری برینەکەی عەلی قەلاقایمزم کرد، لەسوتان دەچوو، نەك پێوەدان، دوای ئەوەی چەند پرسیاریکم لیٚ کرد لەبارەی هۆی سوتانەکەوسوربونەوەی لەهی ئەم بۆردومانەی دوایبوو، نامەبن دەستم وهێنامەوەوتم : عەقلّم نایبڕیٚ ئەوە پەیوەندی بەم زامەوە هەبێت.

ئەو کاتە کەم کەس دەیزانی کیمیایی چیە وکاریگەری چۆنە، ئەوانیش بیستبویان باوەڕیان نەدەکرد، ڕۆژیکی ئاوا بێتە ڕێیان، کاك عەلی ناهەقی نەبوو سوربیٚ لەسەرئەوەی جەراحە پێوەی داوە، چونکە باوەڕی نەدەکرد، کوتە ئاسنێنکی سارد بتوانیٚ لایەك لە قەبرغەی بسوتێنی .

لە قەلاّقیمەزەوە تولە ڕێیەك بۆ سەر شاخ سەردەکەوت و تدادەبەزی بەرەو سێوسٚنان، سەرشاخ تەخت وچەندەها تەبارە زەوی کێڵدراوی لیٚ بوو، هەرکە ئاودیو بووم ، بەدیوی سێوسێناندا شۆڕبوومەوە، لەدەورو بەری ڕێگەکە چەندها شوێنی تەقینەوەوگوللە تۆپی نەتەقاوەم بینی، چاڵی تۆپەکان بچوك بوون، گیاکەی دەوریان ڕەش داگەڕابوو، ئەم ناوچەیە لەدەوروبەری دەربەندیخان وشاخی گولاّنەوە دەبینرا، پیٚ دەچووهەر لەوێشەوە بۆردومانکرابیٚ، دیاربووئەوبۆردمانەی تۆپە دوور هاوێژەکان کیمیایی بوون، ئەوگوللە تۆپەش کاك عەلی خسبویەبن دەستی ئاساری

ماده كیمیاییەكەی پێوەمابوو، ببووە هۆی سوتانی.

ئەومادده كیمیایانەی كە ڕژێم لە سەرەتادا بەكاریدەهێنا، لەمادە تلۆقێنەرەكان بوون، وەك خەردەل و لویزایت، ئەمانە گەر هەر كەسێ نەكەوتنە ناو دوكەڵی ژەهری كیمیایەكەوە كوشندەنین ، دوای ئەم ڕووداوە چەند جارێكی تر ناوچەی قەرەداغ كەوتبەركیمیاباران، سەدەها كەس بریندارببوون، لە نەخۆشخانەی مەڵبەند چارەسەركران ، بەڵام هەتا ئێوارەی تراژیدیای تاوانی كیمیابارانی گوندی قەرەباڵغی سێوسێنان، تەنیا یەك كەس گیانی لەدەست دابوو.

دوای ئەو زنجیرە كیمیابارانەی ناوچەی قەرەداغ و بالیسان وهەڵەدن وناوچە جیاجیاكان لەلایەن بەشی تۆپخانەی سوپای عێراق و فرۆكە جەنگییەكانەوە كران، بە بڕیاری سەركردایەتی ئێمەكە برینی بووین لەمن وسێ جێگری پزیشكاری (عەبدوڵڵا ، حەسەن ، شوان) لە مەڵبەندی یەكی قەرەداغەوە گەیشتینە یاخسەمەر.

١٩٨٧/٨/٢٥یەكەم ڕۆژی خولەكەمان بوو لەبارەی (ناسین و خۆپاراستن لە چەكە كیمیاییەكان لەلایەن پزیشكی سپۆڕی بواری چەكی كیمیایی لە یاخسەمەر ، ئەم خولە بۆ هەموو پزیشك و كارمەندانی هەرسێ مەڵبەندەكەی (ی.ن.ك) كرایەوە.

لە ١٩٨٧/٨/٢٩ ئێمە بەبارێك دەرمانەوە بە ئێسترێكەوە گواستەوە بۆ مەڵبەندی یەك لە قەرەداغ.

لە گوندی زیوە، گوێدرێژێكم لەخاوەنەكەی بە ( ٣٨ )دینار كڕی لەپشت گوندی قازان ، شەوێك مانگە شەو بوو لەسەر ڕێگاكە گەیشتین بە جۆگەلەیەكی باریك، گوێ درێژەكەوەستاوسڵی كردەوە، بە هیچ جورێك هەنگاوی بەسەرجۆگەلەكەدا نەدەنا بۆپەڕینەوە، چەند جلەوكەیم ڕاكێشاو هەوڵم لەگەڵدا، هیچ سودێكی نەبوو، لەشوێنی چەقی، دواتر بە ناچاری بارەكەمان لێ كردەوە (٥) كەس بەتوندی گوێ درێژەكەمان ڕاكێشاوپاڵمان پێوە نا تا لەم بەری جۆگەكەوە بەزۆر كردمانە ئەوبەری جۆگەكە ڕۆژی ٣/٩/ ١٩٨٧ بەو شێوەیە گەیشتینە بەلەكجار.

د.ناسیح لەبارەی كیمیابارانی نەخۆشخانەی مەڵبەندی یەك ، لەلایەن فرۆكە جەنگییەكانی عێراقەوە و كاریگەریی ئەو ژەهرو چونیەتی فریاكەوتنی بریندارەكانەوە ،ئەو مەرگە ساتەی ئاوا بۆ گێڕاینەوە.

چەند جارێك گوندەكانی ناوچەی قەرەداغ كیمیاباران كرابوو، ئێمە هەموو توانای خۆمان خستبوە گەڕ بۆ بەهانا چون و فریاكەوتنی بریندارەكان بەڵام ئەم جارەیان بۆ یەكەم جار لە نزیكەوە نەخۆشخانەكەمان بێتە نیشانەی فرۆكە جەنگییەكانی ڕژێم و كیمیابارانی بكات.

نەخۆشخانەی مەڵبەندی یەك لە پەناچەمۆلكەیەكدا بوو لە دۆڵێكی بچوك لە دەرەوەی گوندی بەلەكجار ، بەلاشانی بەرزاییەكی بچوكەوە و ڕووەو دەربەند بەرەوڵی و حەوشی گەورەی كێوی سەركەش و دیوار ئاسی قوپی قەرەداغ ، بە چوار دەوری نەخۆشخانەكەدا تا چەند سەد مەتریش هیچ بینایەكی تر نەبوو،نەخۆشخانەكە تا ئەو كاتە شوێنێكی ئەمین بوو، پێ دەچوو ، هیچ نەبێ ، خۆمان وامان هەست دەكرد، كە نەبوبێتە جێی

سەرنجی فڕۆکەکانی ڕژێم ، کەزۆر جار بەسەر ئاسمانی ئەو ناوەدا سوڕبونەوە و بۆردمانیان کردبوو ، کارمەندانی نەخۆشخانە جگەر لە بەندە ، بریتی بوون لە دکتۆر فایەق ئەو ساتە لە ناو مەڵبەند بوو، دکتۆر جەلال ئەوکات لەگەڵ هێزدا لە مەڵبەندی دوو بوو، دکتۆر مەحمود ، دکتۆر ناجح ، پزیشکیارەکان بریتی بوون لە (بۆتان و حەسەن و عوسمان برایم و جوتیار و شوان و سەرکەوت) جگەر لە مام برایم و چەند پێشمەرگەیەکی تر.

٢٧ی شوباتی ١٩٨٨ بوو، ڕۆژێکی نیچمە سامالّی زستان بوو، هەوا لە چاو چلەیەکی درەنگ وەختا گەرم، ئاسمان شین و دیدە روون بوو ،چەند گەواڵە هەورێك شینایی ئاسمانیان لە نێوان خۆیان دابەش کردبوو، شەش نەخۆشمان هەبوو لە دوو ژووری نەخۆشخانەکەدا ڕاکشابوون، ئێمەش هەریەکەمان لە ژوور و دەشتی بەردەم نەخۆشخانەکەدا سەرقاڵی شتێك بوین، سەعات سێ و نیو بوو، لەناکاو گرمەی فڕۆکە جەنگیەکانی عێراق، کپی و خامۆشی سەرایا ناوچەکەی هەژاند،سەرمان بەرزکردەوە ، چەند فڕۆکەیەکمان بینی بە سەر ئاسمانی بەلەکجاڕ دەسوڕانەوە، هەرکە نزم ....نزمتر بوونەوە دیار بوو نیازی ئەو ناوەیان هەیە، بە پەلە و بە فڕکان خۆمان گەیاندە ئەو پەناگەیەی کە لەبەردەم نەخۆشخانەکە دروستمان کردبوو، ئەوانە لەو نزیکانە بوون و فریاکەتن بە پڕتاو خۆیان خزاندە ناو پەناگەکەوە، ئەوەی بۆردومانی فڕۆکەی جەنگی بینیبێ یا موشەك و تۆپ بەرەو ڕووی هاتبێ، ناسینەوەی دەنگی بۆردمان بەرەو رووت زور ئاسانە، ویژەیەکی قایم تا دێ زیاد دەکات و واهەست دەکەی بۆمبە ڕاست بەرەو تۆ دێ و هەر ئێستا ئێسك و پروسكت دەبا بە ئاسمانا. ویژەی دابەزینی فڕۆکە تا دەهات زیاتر دەبوو، ئێمەش هەناسەمان لە خۆمان بڕیبوو،کەس هیچی بۆ نەدەهات، خواخوامان بوو هەرچی زوترە بۆمبەکە بدات لە ئەرز و لە چاوەڕوانییە ڕزگارمان ببێ، ویژەی دابەزینی فڕۆکە گەیشتە ئەو پەڕی و دەنگێکی کپ وتی: (ترپ). لە دڵی خۆم دا وتم : ئەمە هی ئەودابەزینە نەبوو.

لەبەر ئەوەی من لە خولێکی ڕاهێنانی کیمیایی دا لە گوندی یاخسەمەردا بەشداریم کرد، لەبەر ئەوە زۆر سەیر نەبوو بەلامەوە ، کە دەنگی فڕۆکەکەم بووەوە، یەکسەر لە پەناگەکەوە سەرم هێنایە دەرەوە،ڕیك بەرامبەر کونی پەناگەکە بە پەنجا مەترێك دوور لە خۆمان بە سەر بەرزاییەکەوە دوکەڵێکی سپیم بینی دەچوو بە ئاسمانا. لەو کاتە بە هاوڕێکانم وت: کوڕینە وەرنەدەرەوە کیمیاییە . هەمووMان بە پەلەو بە شپرزەی لە پەناگەکە هاتینە دەرەوە بە پێ ی ڕێنماییەکان دەبوایە بە پێچەوانەی ئاڕاستەی چولەی باوە ، هەمووMان هەڵگەڕژین بەرەو بەرزاییەکانی ، لەسەرەتا خۆمان کرد بەژووری نەخۆشەکان دا و پێمان وتن : کیمیاییە ، دەبێت ئاگاتان لە خۆتان بێت و خۆتان بپارێزن ، بە خێرایی پەردەی دەرگا و پەنجەرەکانمان دادایەو، دەرگا و پەنجەرەکانمان لەسەر داخستن، پێمان وتن خاولیەك تەڕبکەن و بیدەن بە سەر دەم و چاوتان داو نەچنە دەرەوە تا خۆمان پێتان دەڵێین ، دواتر خۆمان بە ڕاکردن بەرەو بەرزاییەکانی بەرامبەر نەخۆشخانەکە

سەرکەتین ، لە بن بەردەکان دا خۆمان مەڵاس دا، وچاودێری وردی بارودۆخەکەمان دەکرد..

فرۆکە جەنگیەکان نزیکەی ٢٠ دەقیقە مانەوە و چەند سوڕێکی تریان بەسەر ناوچەکەدا خواردن نزیکەی ٤٠ بۆمبی کیمیایان بەسەر ئەو شوێنەدا هاویشت، سێ بۆمبی تریشیان بە دووری (٥٠_١٠٠ )مەتر لە دەوروبەری نەخۆشخانەکە دایان لە زەوی ، هەر ئەو کاتە فرۆکە جەنگییەکان گازبارانی گوندی (بەلەکجاڕ و بەردێ و تەکییە و بە ڵەخەو گۆمەتە و مەڵبەند، یان کرد.

دواتر فرۆکەکان ئاسمانی ناوچەکەیان بە جێ هێشت، ئێمەش لە بەرزاییەکانەوە دابەزینە خوارەوە ، ئەو ڕۆژە نەمان وێرا بچینە سەر شوێنی بۆمبەکان، بەڵام لە دوورەوە سەیر نزیکترین شوێنی تەقینەوەی بۆمبەکانمان دەکرد، ڕێك لە بەردەمی ئەو ئەمبولانسەدا دابوی لە زەوی ، دیار بوو فرۆکەکان ئەمبولانسەکەیان بینی بوو، ئەو ئەمبولانسەمان لە ئازادکردنی شارۆچکەی قەرەداغ دا دەستگیرکردبوو،بە قوڕ سواغمان دابوو، لە ژێر دار بەڕویەکدا دامان نابوو، بەڵام ڕۆژی پێشووتر باران باری بوو، قوڕەکەی شۆرابوەوە،دیار بوو،بریقەی ئەمبولانسەکە خەبەری ئێمەی بە فرۆکەوانەکان دابوو..

یەکسەر خۆمان گەیاندە لای نەخۆشەکان، هەموویان سەلامەت بوون دوای دوو سەعات،چەندان برینداری کیمیایی لە گوندەکانەوە سەریان هەڵدا،بەردێ و بەڵەکجاڕ زیانی زۆریان لێ کەوتبوو،زیاتر لەسی سەربزن و چەند مانگایەکی کوشتبوو، بۆمبێکیان ڕاست لە بەردەم بارەگایی لەشکری بەدردا دابوی لە زەوی، ئەوانیش خۆیان نەپاڕاستبوو،تێر بە دەوری دا گەڕابوون،زۆربەی بریندارەکان ، زیاتر لە ٨٠٪ ی هی لەشکری بەدر بوو (ڕەنگە ئامانجی بۆردومانەکەش هەر بۆ ئەوان بوبێت، چونکە چەند ڕۆژێك لەوەوبەرنچالاکیەکان لەسەر ڕێگەی سەنگاو ئەنجام دابوو،جگەر لە خۆمان ستافی نەخۆشخانەکە ئەو کاتە بە خۆمان نەزانی، نیشانەی بریندارەکانبریتی بوو لە (چاو سور بوونەوە ، ئاوکردن، ڕشانەوە، کۆکە، تەنگەنەفەسی، بلۆق)، هەموو ئەمانە نیشانەی گازە بلۆقێنەرەکان بوو لە جۆری خەردەل و ئەوانی تر. ئەم گازانە کوشتندە نین، ئەگەر مرۆڤ زۆریان لێ هەڵنەمژێ، من پێشوتر لە کاتی ئازادکرنی قەرەداغ دا ، ئەم جۆرە بۆمبانەم بینی بوو ، بریندارانی ئەم جۆرە بۆمبانەم چارەسەرکردبوو، ئەو عەسرە تا نیوەی شەو ناو بە ناو بریندارمان بۆ دەهات و چارەسەرمان بۆ دەکرد، دوایی ئەوەی نەخۆشەکە خۆی دەشت و خۆی پاکدەکردەوە، قەترەی سڕکەری زایلۆکاین بۆ ئازاری چاومان دەکردە چاوەکانی، دەرمانی ڕشانەوەمان دەدایە.. چەند برینداریکی لەشکری بەدرمان لە نەخۆشخانەکە خەواند، گازەکە کاری لەسییەکانیان کردبوو،ئەو بریندارانە دوو هەفتە لە نەخۆشخانە مانەوە ، یەکێکیان گیانی سپارد، ئەمە یەکەم قوربانی گازی کیمیایی بوو پێش کیمیابارانی سێوسێنان لە ناوچەی قەرەداغ.

دکتۆر ناسیح لە ڕۆژمێرەکەی بەرباخەڵی جلە خاکیەکەیدا دەڵێت : ئە ڕۆژە و ڕۆژی دوایی بەردەم نەخۆشخانەکەمان وەك بەردەم مەرقەدی شێخ عبدولقادری گەیلانی وابوو، هەرکەسەو بەتانیەکی دابوو بە شانی داو لە پەنا دیوار و لە

حەوشەی نەخۆشخانەکەدا کزۆڵەی کردبوو، چاوەڕوان بوو جار جارە قەترەیەك یا دەرزیەکی بەرکەوێت ، تا کەمێك لە ئازارەکانی بشکێ ، ئێمە بەو شێوەیە سەرقاڵی چارەسەرکردن و خزمەتی بریندارەکان بووین ، نەماندەزانی خۆشمان بریندار بووین،سەیر لەوە دابوو ئێمە خەمی نەخۆشەکانی خۆمان بوین کە بە جێمان هێشتبوو، بە حساب ئێمە دوور کەوتبووینەوە لە شوێنی بۆمبەکان، ئەو کاتانەی خەتێکی مۆلیدەمان لە مەڵبەندەوە بۆ هاتبوو،شەوان کارەبایان بۆ هەڵدەکردین، ئەو شەمە زۆر بە لامانەوە سەیر بوو کارەبا هاتبووەوبەلاّم گلۆپەکان تینی ڕووناکیان کز بوو، هەموومان لە قەراغی سفرەکە دانیشتبووین،هەندێك مشت و مڕمان کرد لەسەر ئەوەی بۆچی گلۆپەکان تینیان نیە ، هەرکەسە شتێکی دەوت،یەکێك بە سوعبەتەوە وتی : دیارە مۆلیدەکە کیمیایی لێی داوە بۆیە گلۆپەکان بەکزی داگیرساوە ، هەموومان وتمان دیارە ئەم شەو ناتەواوە، سەعات هەشتی شەو بوو کە دەچوین دەرمان بدەین بە بریندارەکان، یەکێك لە برادەرەکانی بە نەخۆشەکانی تری ووتبو ئەمشەو گلۆپەکان تینیان نیە، نەخۆشەکانیش ئەو قسەیان بەلاوە سەیر بوو، وتبویان : وەڵلاّهیچ عەیبی نیە ، گلۆپەکان هەر وەك شەوانی ترە، ئەویش حەپەسابوو، چۆن شتی وا ئەبێ لای پێشمەرگەکان گلۆپ کزە و لای نەخۆشەکان ئاسیی!

هەر کە برادەرەکەمان بە ئێمەی ووت : هەموو سەیرمان لێ هات، باوەڕمان نەدەکرد گلۆپەکان لای ئێمە کز بێت و لای ئەوان ئاسایی بوو، هەموومان بۆ دڵنیایی چوینە لای نە خۆشەکان ، ئەوان گاڵتەیان پێ کردین، ووتیان هەر وەك شەوانە هیچ فەرقی نیە !!

بەلامانە و سەیری بوو دیارە چاومان تەڵخ بووە و کاریگەری کیمیاییەکەیە، شتەکانی ترم بیستبوو لەوێنەی چاو سووربونەوەو ئاوکردن و ئازار، ئێمە هیچمان نەبوو، بەلاّم کزبوونی چاو بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی تری لەگەڵدابێ،ئەمەم نەبیستبوو،ئەمجا گوما نمان کرد ووتمان دیارە کیمیاییە کاری لەچاومان کردووە، هەموومان دامان قاقای پێکەنین، گەرچی نیگەرانیش بووین ، ئیتر بەلاقرتییەوە بە



یەکمان دەوت : (بەڵێ گلۆپەکان کزبوون).

ئەو شەوە بەدەم نیگەرانیی چاومانەوە خەومان لێ کەوت، بەیانی کە لە خەو هەستاین ، هەموومان توشی چاو سوربونەوە بووبووین، ئینجا دڵنیا بوین بەڵێ گوایە ئێمە چوبووینە بەرزاییەکان و خۆمان پاڕاستبوو، کیمیایی کاری لێ کردووین، کەچی نەخۆشەکان لە ژوورەکان دامانەوە پارێزراو بوون، لێکدانەوەکان بۆ ئەمە ئەوە بوون ئێمە زۆر لەیەکەوە نزیك بووین، لەیەکەم بۆمب و لە کاتێك چوینە تەوەلانەخۆشەکان و دواتر تا گەیشتووینەتە بەرزاییەکان هەوای جولاّو هەندێ لە گازەکەی

مالیوە بەسەرچاومان دا بەلام نەخۆشەکان چونکە لە شوێنێکی قەپاتدا بوون، گازەکە زەفەری پێ نەبردون.

ڕۆژی دوایی بارانێکی چاك باری، شوێنی بۆمبەکانی بە تەواوی شۆربوەو پاکی کردبووەوە، من چومە سەر جێگەی بۆمبی لای ئەمبولانسەکە تا بزانم چۆنە، چالێك بوو بە تیرەی سێ چ مەتر و قولایی یەك مەتر، لە ناو چالەکەدا پارچە بۆمبێکم دۆزییەوە لێ ی نوسرابوو LVZاوا بزانم کوریەی لویزایتە، یەکێکە لە گازە بلۆقێنەرەکان

**ناوی ٦٧ شەهیدم تۆمارکرد:**

د.ناسح لەبارەی کیمیابارانی سێوسێنان و ناوچەکانی تر و چۆنیەتی فریاکەوتن و چارەسەرکردنی بریندارەکان سەعات ٦:٤٥ دەقیقەی ئێوارەی ١٩٨٨/٣/٢٢ من لە نەخۆشخانەی مەلبەند بووم لە بەلەکجار، لەو کاتەدا دەستم دەشت بۆ ئەوەی نانی ئێوارە بخۆم، تازە بالی تاریکی بەسەر ناوچەکەدا دەکێشا، لە ناکاو بروسکەیەکی ڕوناکیم بینی، یەکسەر زانیم ئەوە راجیمەیە و لە دەربەندیخانەوە ئاراستەی شوێنك کراوە ئێمە نانمان خوارد، دوای سەعاتێك ٣ کوڕی گەنج بە هەلەوەدان خۆیان کرد بە ناو نەخۆشخانەکەدا وتیان:

(سێوسێنانیان کیمیاباران کراوە و کەسی تیا نەماوە ).لەوێ بە خێرایی پشکنینم بۆ کردن، دیار بوو کاریگەری ژەهری کیمیاییان بەسەرەوە بوو، نیشانەکانیان بریتی بوو لە (قرخە قرخ، لێکێکی زۆر بە دەمیان دا دەهاتە خوارەوە ، بەبەردەوامی دەکۆکین، هەناسەیان تەنگ دەبوو، بیلبیلەی چاویان تەواو بچوك ببووەوە) هەموو ئەم نیشانانە دەریان خست گازی ژەهراوی دەمارن، یەکسەر چارەسەری ئەوانەمان کرد.

بە خێرایی مەفرەزەیەکمان لەگەڵ دوو پزیشکیار نارد بۆ چەمە گەورەکەی نێوان بەلەکجار و سێوسێنان، بۆ ئەوەی لە ڕیگای نەخۆشەکان لەو چەمە بشۆن و چارەسەری سەرەتای بۆ بریندارەکان بکەن، دواتر بریندارەکان بە پێ ی خۆیان و بە تراکتۆر و ولاخ گەیەنرانە نەخۆشخانەی بەلەکجار، بە درێژایی ئەو شەوە چارەسەرمان تەنیا یەك ژن و مرد ، ئەویش فریای چارەسەری سەرەتای نەکەوت ، لە رێگا گیانی سپارد.

چارەسەرەکامان بریتی بوو لە خۆشتن لە گەرماوی نەخۆشخانە،جل گۆڕینی دەرزی ئەتروپینی بریندارەکان دەبوایە جلەکانیان دابکەنن و خۆیان بشۆن بۆ ئەوەی کاریگەری کیمیاییەکە لەسەر پێست و جەستەو قژیان نەمێنێت، دواتر دەرزی ئەترۆپین-مان لە هەموو بریندارەکان دا ، ئەو دەرزی ئەترۆپین-مان لە کاتی گرتنی ناحیەی قەرەداغ دا دەستگیر کرد.

چەند بریندارێکیان کاریگەری ژەهری کیمیاییەکە زۆر بە توندی و چڕییەوە بەسەرەوە بوو، پێویستیان بە ژمارەیەکی زۆر (ئەترۆپین)هەبوو،لەناو بریندارەکان دا،ژمارەیەکی زۆر دەرزی ئەترۆپین-مان بۆ دوو بریندار کرد، یەکێکیان کاك عەلی ڕەشیدبوو فەرماندەیەکی دیار و ناسراو بوو بنکەکەیان لەناو گوندی سێوسێنان دا بوو،ئەم مرۆڤە هەموو توانای خۆی خستبوە گەڕ بۆ دەربازکردنی بریندارەکان،بەمەش ژەهری کیمیاییەکی زۆر کاری تێ کردبوو ، نزیکەی ٦٠ دانە دەرزی ئەترۆپین_مان بە دەمار بۆ کرد.

بریندارە سەختەکەی تریان کاک عوبید مەحمود بوو، بۆ ئەمەش نزیکەی (٥٠) دەرزی ئەترۆپین_مان بۆ کرد، کاک عوبێد بێ هۆش بوو، هیچ ئاگای لە خۆی نەما بوو، هاوسەرەکەی وهەموو جگەر گۆشەکانی بەهۆی کاریگەری کیمیاییەکەوە شەهیدکران، ڕۆژانی دوایی من ناوی (٦٧) شەهیدی سیۆسێنانم لە ڕۆژمێرەکەی بەرباخەڵمدا تۆمار کرد.

سەعات ١١ی شەوی ٢٢/١٩٨٨/٣/٢٣ بەشی تۆپخانەی سوپای عێراق لە دەربەندیخانەوە بە راجیمە کیمیابارانی گوندی دوکانی کرد، کە یەکێك بوو لە گوندە گەورەکانی دۆڵی قەرەداغ، بنکەی تیپی دەی قەرەداغ_ی لێ بوو، ئێمە بریندارەکانی گوندی دوکان_مان نەبینی ، بەڵام زانیاریمان پێ گەشت دوو کەسیان لێ شەهید بوو...

**بریسکەی ڕوناکی راجیمەکان:**




بەشی تۆبخانەی سوپای عێراق لە سەعات ١٠:٣٠ی شەوی ٢٣/ ٢٤/ ٣/ ١٩٨٨ جارێکی تر لەسەر بازگەی دەربەندیخانەوە بەراجیمە کیمیابارانی گوندی بەلەکجارە ناومەڵبەندی کرد، لەم ژەهەربارانەدا تەنیا کاك هوشیاری عەدەد جیهازی مەڵبەندی یەك شەهیدکرا، لەوکاتەدا ئێمە لەناو نەخۆشخانەکەی مەڵبەند دابوین کە لەدەرەوەی گوندەکەدا بوو، لەناکا و کاك شێرکۆ جدی و کاك هەڵکەوت _ی ئەندازیار بانگی ئێمەیان کردوتیان:

وەرنەدەرەوە کیمیابارانی مەڵبەند کراوە، ئەوان لەسەر گردەکانی نزیك مەڵبەند بوون، چاودێری دەربەندیخانیان دەکرد،نەبادا لەناکاو کیمیابارانی گوندەکەبکەن، لە ناکاو بروسکەی ڕووناکی راجیمەکانمان بینیبوو لە دەربەندیخانەوە بەرەو بەلەکجار دەهات،ئەوانیش یەکسەر بەرەولای ئێمە رایان کرد، بەڵام کاك هوشیاری عەدەد جیهازیان لەگەڵدا نەبوو، ووتیان زۆر لەگەڵ کاك هوشیار دا هەوڵمان داوە بەڵام ئەو لەگەڵمان دا نەهاتوە، ئەو بوو لەوەی مایەوە، کیمیایەکە بەتوندی و چڕی کاری تێ کردبوو،لەشوێنی خۆی دواهەناسەی سپارد بوو.

هاوشانی ئەم هێرشە کیمیاییانە پەلاماری هێزی زەمینی دوژمنیش لە دەربەندیخان وشارەزوورشاخی دارە ڕەشەوە دەستی پێ کرد، لەچەند قۆڵێکەوە پەلاماری ناوچە ئازادەکانی قەرەداخیان دا، ئێمەش (١٩٨٨/٣/٢٥) نەخۆشخانەکەمان گواستەوە بۆناوشاخی قۆپی...

# ئەنفالکردنی ڕەواندوز

**ماموٚستا - زریان**



## ئەنفالکراوەکانی ڕەواندوز



رواندز هەمیشەوخەلکە تێکۆشەرەکەی لە شۆرشەکانی کوردستان دەورێکی بالایان هەبووە لەخەباتی سیاسی ورۆشنبیری هیچ کاتێك لەبەردەم زولم و چەوسانەوە بێ دەنگ نەبووە ئەگەر بمانەوێت باسی سەروەری و ئازایەتی خەلکی چاونەترسی ئەم دەڤەرە بکەین ئەوا بەچەند لاپەرەیەك و لەراپۆرتێکدا کۆتایی نایەت بۆیە لێرەدا تەنها بە کورتی باسێکی راپەرینە جەماوەریەکەی رواندز وپەلامارەکەی ئەنفال دەکەین لەم ناوچەیەدا، هەمومان دەزانین کەئازارو ئەشکەنجەدانی هاولاتیان وفشارخستنە سەرکەسوکاری پێشمەرگە بەبەشێکبوو لەژیانو کەلتوریان، بەعسیەکان هەمیشە لەدەرفەت دەگەران بۆدەرخستنی درندەیی خۆیان لەبەرەبەیانێکی زوودا کە خەلکی ئەمشارە خەریکی ژیانی ئاسای خۆیان بوون سوپاوپیاوانی بەعس لەمشارە بە شۆفل دەستیانکرد بە روخاندنی خانووی ژمارەیەك لە پێشمەرگەوکەسوکاری پێشمەرگە لەگەرەکی (گەروی ناورەزان ) کە ئێستا ناوەکەی گۆراوە گورەکی(نەورۆز) لەماوەکی کەمدا ژمارەیەك خانوولەگەل زەوی تەختکران،ئەمکارە نامرۆڤانەی بەعس تورەیی خەلکی ئەم شارەی زیاترکردوئەم تورەیان کرد بەدەرفەتێکو لەبەرەبەیانی ١٩-٥-١٩٨٧-لەهەموو لایەکەوە خەلکی ئەمشارە بەهەموچین وتوێژێك لەدامودەزگاکانی بەعس راپەرین لە چاو تروکانێکدا تەواوی ئەم شارەودامودەزگاکانی بەعس کەوتنە دەست خەلکی راپەریوی رواندز لەو راپەرینەدا (٥٠) سەربازوئەمنی بەعس لەوشارەکوژران،رواندزیش بۆماوەی یەك سال کەوتە دەستی خەلك وپێشمەرگە، لەگەل ئەوەی ئەم ڕاپەرینە جەماوەریە چاوی دوژمنی شکاندبوو بەرامبەرخەلکی ئەمسنورە بەلام تا دات دوژمنی لە بەرامبەر ناوچەکە رق ئەستورتر دەبوو پیاوانی بەعس هەمووهەلێکیدا بۆئەوەی جارێکی تر رواندز بخاتەوە ژێر رکێفی خۆیەوە بۆئەوەی چۆنکراو چۆنی ویست کەفوکولی دلی خۆی بە هاولاتیانی ئەم سنورە بریژیت بە پێی بەلگەنامەکان لەبەرئازایەتی و جولانەوە شۆرشگێریانەکەی ئەم سنورە، پەلاماری ئەنفال و داگیرکردنەوەی رواندز دووا خراوە ( لیوا روکن یونس محمد الزروب ) فەرماندەی فەیلەقی پێنج نامەیەك بەوپەری ( نهێنیی وشخسی ) بۆ سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا بە ژمارە ١٤٧٥ بەرواری ٣٠-مایس ١٩٨٨- دەنێرێت وداوا دەکات کە ئەم پەلامارە بۆ سەر رواندز دوابخەن بۆکاتێکی تر لەبەر باروو دۆخی ناوچەکە.

وەلامی ئەم نامەیە هەشت رۆژبەرلە ئەنفالی رواندز لەلایەن سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپاوە بە ژمارە ٥١٩ لە بەرواریی ٧ی حوزەیرانی ١٩٨٨ دەدرێتەوە بۆ ئەوەی پەلامارەکە لە رواندز دەست پێبکات، دیارە ئەم پەلامارە بەچاوساغی وبەکرێگیراوان لەم شارەوە کارئاسانی تەواو بۆکرابوو، لە دەستنیشانکردنی مالی

پێشـــمەرگەو ڕێکخســـتنە نهێنیەکان‌وهەڵســـوڕێنەرانی ئـــەم ڕاپەرینـــە کـــە لـــە ١٩-٥-١٩٨٧ لەرواندز ئەنجامـــدرا ئـــەوەبوو لەبەرەبـــەیانی ١٥-٦-١٩٨٨ ســـوپای ڕژێمـــی بـــەعس بـــە هێزێکـــی زۆرو پرچـــەك لـــە چـــەندان لاوە پـــەلاماری رواندزیانـــدا لـــەو پـــەلامارەدا زیـــاتر لـــە ١٨٠ کـــەس دەســـتگیرکران وبـــەزیلی ســـەربازی بەرەوهـــەولێر بـــەرێکران هـــەر چـــۆنێك بـــوو ژمارەیـــەکی زۆر لـــەم کەســـانە بەهـــەوڵ مانـــدوو بـــونێکی زۆر ئـــازادکران بـــەلام تـــاکو ئێســـتا چارەنوســـی ١٣ کەســـیان نادیـــارە، ئـــەم (١٣) کســـەکە لـــە هـــەموو چـــین و توێـــژەکان پێکهـــاتبون تـــاکو ئێســـتا تەنانەت گۆری هەندێکیشیان نەدۆزراوەتەوە .

کەســـوکاریان ئێســـتا لـــە چـــاوەروانی وســـۆراخی ڕۆڵەکانیانـــدان بـــۆ ئـــەوەی هـــیچ نـــەبێت گۆرەکانیـــان بدۆزنـــەوە ئەگەرچـــی لەلایـــەن دەســـتەی داکـــۆکی لـــە ئـــەنفالکراوەکانی رواندز وێـــرای هـــەول ومانـــدووبونێکی زۆرتـــوانرا هەنـــدێك بەلگـــە لسەرچـــۆنیەتی کوشـــتنی ئـــەم ١٣ کەســـە بدۆزنـــەوەوگۆری هەنـــدێکیان دیـــاری بکـــەن لەهـــەولێر . دامەزرانـــدنی دەســـتەی داکـــۆکی لـــە ئـــەنفالکراوەکانی روانـــدز و دەوروبـــەری لەگـــەل دەســـتپێکردنی دادگـــای کردنـــی تاوانبـــاران و ئەونـــەی دەســـتیان هـــەبوە لەجینۆســـایدکردنی خـــەلکی عـــراق بەگشـــتی وخـــەلکی کوردســـتان بـــە تایبـــەتی دادگـــای کردنـــی ســـەدام و ئەوانـــەی دەســـتیان هـــەبوە لەئـــەنفالکردنی هاولاتیـــان لەبـــەرواری ٢٤/٨/٢٠٠٦ لـــە شـــاری روانـــدز لەلایـــەن دەســـتەیەك لـــە خـــەمخۆران و خێـــزان وکەســـوکاری شـــەهیدان بریـــاری دامەزرانـــدنی دەســـتەیەك درابـــە نـــاوی ( دەســـــــــتەی داکـــــــۆکیکردنی ئـــــــەنفالکراوەکانی رواندزودەرووبـــەری) کـــە ئەمـــەش نـــاوی ئەنـــدامانی دەستەکەیە .



| ژ | ناوی ئەنفالکراو | سالو شوێنی لەدایك بوون | پیشە | باری خێزان | شوێن و کاتی ئەنفال |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ١ | شێخملاخدر وەرتی | گوندی وەرتی ١٩٤٠ | وتار خوێن لە مزگەوتی خانەقا | خێزاندار | رواندز١٥/٦/١٩٨٨ |
| ٢ | وریاسعید رزاق | رواندز ١٩٥٤ | فەرمانبەر لە ئیشغال | خێزاندار | رواندز١٥/٦/١٩٨٨ |
| ٣ | حسن علی حسێن | رواندز ١٩٦٤ | فەرمانبەر لە ئیشغال | خێزاندار | رواندز١٥/٦/١٩٨٨ |
| ٤ | عبدللە خدر جۆلا | رواندز ١٩٦٩ | خوێندکاری زانکۆ | خێزاندار | رواندز١٥/٦/١٩٨٨ |
| ٥ | اسماعیل حاجی صدرالدین | گوندی گەرەوان ١٩٥٣ | فەرمانبەر لە ئیشغال | خێزاندار | رواندز١٥/٦/١٩٨٨ |
| ٦ | سەلیم احمد | رواندز ١٩٦٥ | | خێزاندار | رواندز١٥/٦/١٩٨٨ |
| ٧ | ئەمین ناوخۆش | رواندز ١٩٥٧ | کاسب | خێزاندار | رواندز١٥/٦/١٩٨٨ |
| ٨ | سەردار تەها بەکر | رواندز ١٩٦٣ | فیتەری میکانیك | خێزاندار | رواندز١٥/٦/١٩٨٨ |
| ٩ | فازیل وەستا شافی | رواندز ١٩٥٧ | کاسب | خێزاندار | رواندز١٥/٦/١٩٨٨ |
| ١٠ | رێبوار حسن یوسف | رواندز ١٩٦٤ | کاسب | خێزاندار | رواندز١٥/٦/١٩٨٨ |
| ١١ | عیسا محمد علی | رواندز ١٩٦٤ | نانەواچی لە رواندز | خێزاندار | رواندز١٥/٦/١٩٨٨ |
| ١٢ | شێرزادجبارما شێخ | رواندز ١٩٦٦ | نانەواچی لە رواندز | | رواندز١٥/٦/١٩٨٨ |
| ١٣ | عبدالرزاق خدر مامشێخ | | خوێندکاری پەیمانگا | سەلت | رواندز١٥/٦/١٩٨٨ |

# ئەنفال و یادەوری

ئەم وێنەیە بەکامێرایەکی هاکەزایی رەش و سپی گیراوە، ساڵی ١٩٨٢ لەناوچەی سورداش. ئەو سەروەختە تەنها ئەنفالمان وەك ئایەتێك بەرگوێ کەوتبوو، ئێمەهەریەك لە ( یوسف حەمە مستەفا "مەلا یوسف"، مەلا زوراب، سەلاح راجی و مـن) خوێندکاری ناوەندی و هاوڕێ و هاوخەبات بووین، هەرچوارمان لەریزەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا رێکخرابووین و هەریەکەمان بەرپرسیێك سەرپەرشتی دەکردین و لەشانەی جیاوازدا رێکخرابووین، بەڵام لەبەر نزیکی و برواپونمان بەیەکتری و جۆرێك مامەڵەی هەرزەکارانەشمانەوە ئاگامان لەکەین و بەینی یەکتری بوو. تەنها مەلایوسف مابوو.. رێکبخرێ بەر لەوەی داوای لێبکەم بێتە ریزەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە پرسم بەبەرپرسی شانەکەم کرد ، بەڵام هەتا ئەو وەڵامی دامەوە من سنورم بەزاندبوو، مانگێك زیاتر دەبوو کەمسەلەکەم لەلا باسکرد بوو ، کاتێکیش لەگەڵ بەرپرسی شانەکەمان کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ کادری ناوچەکە (شەهید رزگار جەلال- هێمن) کرد ، رەزامەندی دەربری لەسەر ئەوەی داوا لەمەلا یوسف بکەین بێتە ریزی ریکخستنەوە، بەڵام من راستەو رەوان نەم شاردەوەو پێم وتن کە کارەکەم تەواو کردووەو رێکمخستووە، بەڵام ئەوان چ شەهید رزگارو چ پیرەمێرد- فەرەیدون) بەتوندی رەخنەیان لێگرتم، لەڕاستیدا ئەوان لەسەرهەق بوون، چونکە مەبەستیان بوو گیانمان سەلامەتبێ و رێکخستنەکانیش تۆکمەترو لەچاوی سیخورەکانی رژێم پارێزراوبین، کە ئەوسا موختارەکان رۆڵی خراپیان دەگێراو بەعسیش دلڕەقانە مامەڵەی دەکرد .

بەهەرحاڵ (مەلایوسف) لەگەڵماندا هاتە ریزی خەباتی ژێر زەمینیەوە، ئەو کاتەی داوای هاتنە ریزی رێکخستنم لێکرد ، نەك هەر رەتی نەکردەوە بەڵکو بەزمانێکی شیرین و بەرپرسیارانە وەڵامی دامەوەو وتی: چۆن نایەم بۆ نیشتمان بێ و لەگەڵ ئێوە بۆ دوژمنیش ئامادەم، لەڕاستیشدا هەروا بوو، ئەو بەهەژاری خوێندنی تەواو کردو دواتریش وەکو سەربازێکی هەڵاتوو هەر لەگوند دەژیاو رۆژ گارفرێیدایە ناو دۆزەخی ئەنفالەوە.. وەلی ئەفسوس .. رۆژگارەکان بە دلڕەقی تێپەرین، ئێمەش بەمەینەتی و سەر گەردانییەکی زۆرەوە ئەو رۆژگارانەمان




تێپەڕاند، هەریەکەمان بەجۆرێك بووینە قوربانی ستەمکاری و توند رەفتاری بەعسیەکان و بێ وەفایی و بێباکی سەرکردایەتی و هاو سەنگەرەکانمان، لە ناوماندا مەلا یوسف،لە ناوچەی ئەنفالی چوار دەستگیرکراو ئیتر رۆیشتو نەبینرایەوە.

وەکو لەوێنەکەدا دیارە یوسف گەنجێکی باریکەلەی رەشتاڵەبوو، بەڵام زۆر لەسەرخۆو بەهیمەت بوو، هەتابڵێی حەزی لەخوێندنەوەی شیعری شاعیران دەکرد، لەخێزانێکی هەژاردا دەژیا، باوکی لەژیاندا نەمابوو، تەنها برایەکی هەبوو بەناوی (محمد ئەمین) پێشمەرگە بوو، دواتر ئەویش شەهید کراو لەبەر ئەوە تادەهات ژیانیان بە هەژاریدا رۆ دەچوو، بەڵام هەژاری و مەینەتیەکانی رۆژگار هەرگیز نەیانتوانی روخۆشی و خەندەی سەرلیوانی لێ زەوت بکەن. مەگەر لەرۆژی حەشری ئەنفال و کۆکردنەوەو پۆلینکردندا یوسف تورەو گرژبووبێت دەنا ئەو هەمیشە هیمن و هەمیشە دەم بەخەندەبوو.

هەر بەهۆی رۆح سوکی خۆیەوە بوو، لە قۆناغی ناوەندی مامۆستا حمە رەشیدی کوردی، بەمەلا یوسف بانگی دەکرد ، بۆیە ئێمەش هەروا پێمان دەگوت مەلایوسف، ئەگەرچی ئەوپێی خۆش نەبوو، ئەو نازناوەی پێوە بێت، هەموو جارێك دەگوت ( ئەومەلایە لەقونگم بکەنەوە) ئێمەش تێرپێدەکەنین.

مەلا یوسف لەپەلامارەکانی ئەنفالی چواردا لەگەڵ کۆمەڵێك هاورێ و هاوسەنگەری خۆی کەوتە دەست هێزی ئەنفالچیان و ئەنفالکرا، ئیتر هەرگیز نەبینرایەوە. هەژارانە بەڵام سەربەرزانە ژیاو مردنێك مرد کە تەنانەت مەلایەکیش نەبوو یاسینی لەسەربخوێنێ .

**عەلی حەمە ئەمین گوندی میلقاسم :**

## ئەگەر جاش نەبوایە سەرباز نەیدەتوانی بماندۆزێتەوە . هەقە دادگایی بکرێن بۆ ئەوەی ببنە پەندوعیبرەت.

**دیداری ئەنفالستان**

**بەروار: ٢٠١١/١/٢٩**

**گوندی میلقاسم – کاتژمێر ٢٠ :١١**

رۆژی ٢٩/١/٢٠١١ لە گوندی وەلی هەیەرەوە بە سواری جێب وازێکی پەرپوت، بەرێکەوتین، بەرەو گوندی میلقاسم، کە گەیشتینە گوندی میلقاسمی ١٢ ماڵە، هیچ پەڵە هەورێ: بەئاسمانەوە نەبوو بەڵام ئەوەندەی نەبرد کە وەك رۆژێکی بەهار هەورەکان هاتنو بارانی داباراندە سەرگوندەکە، لەو کەشە باراناویەدا پرسیارم دەربارەی ئەو ماڵانەکرد، کەخۆیان یان کەسوکاریان ئەنفالکراون، لەوەڵامدا. ووتیان، چەند کەسێك ئەنفالنو هەتا ئێستاش بێ سەروشوێنن، پاشئەوەی لەماڵی بەسێی ئەنفالکراو هاتمە دەرەوە توشم بوو بە دووپیاوەوە، ئەوان یەکێکیان پیرەمێردێك بوو کە بەرێکەوت رزگاری ببوو، ئەو پیاوە حاجی محمدی گوندی میلقاسم بوو بەڵام ئامادەنەبوو هیچ قسەیەك بۆ ئەنفالستان بکات، چونکە دەیگوت: من دەمەوێت بۆ تەلەفزیونێك قسەبکەمو دەردی دڵی خۆم هەڵرێژم دیاربوو زۆر پڕبوو لەگەندەڵی بەرپرسانو بەتایبەتیش لەئیمتیازو پلەوپایەی جاشەکانو پەراوێزخستنی کەسوکاری ئەنفالکراوان، حاجی محمەدیش وەکو حسەن بەگی گوندی نەوتی چوو بوو بەسۆراخی منداڵەکانیەوە خۆشی گیرابوو.

عەلی حەمەئەمین کە لەگەڵ حاجیدا وەستا بوو ووتی: من پێمخۆشە قسەت بۆبکەم، یەکێك لەو ماڵانەی کەچوومە دیدەنیان ماڵی ئەوان بوو، عەلی لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٥ ئەو کاتەی ئەنفالکراون ، خەریکی ئاژەڵداریو کشتوکاڵ بوون، عەلیو خورشیدە ساڵی





١٩٨٤ چوارساڵ پێش ئەنفالی گەرمیان هاوسەرگیریان کردووە، ئەو کاتەی کەئەنفالکران تەنها تارای تەمەنی دووساڵیان هەبوو، ئەویش لەگرتووخانەی دبس لەبرسان مردووەو پاش شەش مانگ خورشیدەی دایکی ئازاد بووە، ئێستا عەلیو خورشیدە لەمیلقاسم دەژینو دایكوباوکی ٥ کوڕوکچنو یەکێك لەکچەکانیان بەناوی تاراوە ناو ناوەتەوە .

هێشتانە گەیشتبوینە ماڵ کە عەلی سەری قسەی دامەزراندبوو، چۆن ئەنفالکراونو چۆن خۆی دەربازکردووەو ئەو مەینەتیانەی بەدەست جەیشوجاشەوە بینیوێتی، من تا کامێراکەم دابەست ئەو هەر قسەی بۆ دەکردم، لەڕاستیدا ئەوپیاوە چیرۆكو قسەی زۆری لەسەر ئەنفالو دەربازبوونو بێسەروشوێنکردنی خەڵكو ماڵوێرانی پێبوو، بەسەرهاتی خۆیان چیرۆکێکە مەگەر هەر لەلای میللەتی ئێمە بەبێباکیەوە تەماشابکرێت.

عەلی حەمە ئەمین زۆردڵخۆش بوو کەخۆی لەبەرامبەر کامیرایەکدا دەبینیەوەو باسی مەینەتیەکانی دەگێڕایەوە ووتی: ئەمە یەکەمجارە کەسێك دەربارەی مەینەتیو ماڵوێرانییمان پرسیارم لێبکات، لەدرێژەی قسەکانی عەلیدا دەرکەوت کە ئەوکاتە جوتیارێرێکی هەژاری

گوندی میلقاسم بووەو خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بووە، لەپێشەوە کۆپتەر ئاسمانی ناوچەکەی تەنیوەو کەوتووەتە بۆردومان کردن " لەهەموولایەکەوە زرمەو دوکەڵ بوو" ئەو خەڵکەی گەرمیان بەو جەوەلانەدا بلاوبوونەتەوەو وەکو مەلی هیلانە لێتێکچوو بەپیادەو سواری بەیەکدا دەهاتن و دەچوون، عەلی هەمان ئەو قسەیەی پیاوەکەی گوندی حەسیرەی دووپاتکرد وە ووتی: ئێمە لەگوندی حەسیرەی وێرانکراو گیرماخوارد ١١٠ تراکتۆر لەوێ کۆببوینەوە، جەیش و جاش دەوروی دابووین، بەلام ئەم توانیبووی خۆی تێکەڵی جاشەکانی حەمەصالح عەبدولا بکات و بەهۆیەوە دەربازببێت. ئەو خەڵکەی گەرمیان پێشتر لەلایەن فەتاح بەگی جافەوە ئاگادار کرابوونەوە کەبێن خۆیان تەسلیم بکەن و ئەو دەیان پارێزێ بەلام ئەمان گوێیان پێنەدابوو. عەلی ووتی: دوسێ ڕیش چەرموو چووبوون بۆلای فەتاح بەگ ئەویش ئەو جوابەی بۆمان ناردبوو، بەلام کشەردەستی پێکەرد فەوجەکەی فەتاح بەگ لەم ناوەدابوو (فەوجی ٣٥) ئیتر هەرچی خەڵکی ئاواییەکانە لەداودەو جافو زەنگنە گشتی هاتەخوارەوەو لەمللە سورە کۆبوونەوە. بەلام تازە کارلەکارترازبوو ئەو کەسی پێ ڕزگارنەدەکرا، ئەمە قسەی عەلی حەمەدەمینی گوندی میلقاسم بوو.

## گردبوونەوەی خەڵك لە مللە سورە بە هۆی فەتاح بەگەوە بوو

عەلی ووتی ئەو خەڵکە کەهاتن لەمللەسورە کۆبوونەوە وتیان بەلکو فەتاح بەگ فریامان بکەوێت و قسەنەکات ..بەلام ئیتر ئەوەبوو فریای کەس نەکەوت و ئەوخەڵکە هەمووی فەوتا. لەوەلامی ئەو پرسیارەشدا کەچۆن خانەوادەکەی ئەنفالکراون عەلی بەم شێوەیە قسەی کرد: کە هاتینەخوارەوە بەمەکینەی خۆمان هاتین (دایکم باوکم و خوشکێکم و خێزانەکەم و یەك کچم هەبوو دوسالان بوو کورێکی خەڵکی تەپەسوزیشمان لەگەڵدا سواربوو، ناوی فایەق بوو کوڕی حەمەصالحی عەولقادری ئالێجان بوو، ڕۆیشتین من تاقم و تفەنگم پێبوو کە گەیشتینە نزیك مللەسورە باوکم زۆری لێکردم ووتی: تۆ دابەزە وەزعەکە زۆر خراپ بوو منیش مەکینەکەم دایە فایەق ئەو سایەقی دەزانی، خۆم دابەزیم بەچەکەوە خۆم کردە ناو جاشەکانی حەمە صالح عەبدولاوە، دواتریش خۆم لێیان دزییەوە خۆم شاردەوە بەلام دوایی کە هەموو کەسوکارمان لە مللەسورە کۆکرابوونەوە، منیش چووم بۆلای ڕانەکەمان و شەو بە ڕانەوە خۆمکردە صمودا هەربەرانەوە، لەویش زۆر ئەترسام ووتم بەخوا خەڵك ئیخبارێان دەکات، ئیتر حەمەسەعی حاجی سلێمان چووبوو بۆلای سەعید حەمەغەریب موستەشاری فەوجی ٢٥١ بوو پێی ووتبوو هەندێك خزمم هەیە بابێنە لات ئەویش وتبووی با خۆیان بشارنەوە هەتاکو دەرفەتێکیان بۆدەدۆزمەوەو تەسلیمیان دەکەمەوە، وەلا هەفتەیەك دوان خۆمان شاردەوە سەعید جاف خۆی چووبوو بۆلای کاحەمەسەعیدی حاجی سلێمان ووتبووی چی قەومت هەیە بیانهێنە تەسلیمیان دەکەمەوە ناهێلم هیچیان بۆبێبێت، ئیتر بردمانی بۆ ئیستخبارات بەلام چۆن خەریکبوو زیرەمان دەکرد، کاتێکم زانی خەڵکێکی زۆری تری هاورد لەجافوزەنگنەو داوێ و ئۆمەربلی و عەزیز قادر زۆربووین ئەو ڕۆژە ٨٠کەس بووین هەرلەبەیانی یەوە هەتا ٩ی شەو ئینجا ئیفادەمان تەواو بوو، لەوێ بەکەم کەس براکەی منی بانگ کرد (حبیب)ی ناوبوو لەوی پرسی ئێوە چی بوون و لەکوێ بوون، ووتی: ئێمە خەریکی فەلاحەت بووین وفەقیری مالی خۆمانین کابرای ئیستخبارات هەستا دەستی نایە بینە قاقای حەبیب، ووتی _ احچی) ئەوە سەعید جاف ماوە لەوێ بوو ووتی: بلێ پێشمەرگە بووین، ئیتر کابرا یەك یەك ناوی شەرەکانی دەهێنا شەری ئۆمەربل هەی کوێ و کوێ وتمان بەڵێ لەهەمووی شەڕمان کردووە بە زۆرکراین بە پێشمەرگە . ئێمە سەعیدجاف فریامان

کەوت ئەگینا دەرنەدەچووین‌و خۆشمان دەکراینە ژێرخۆڵەوە. هەرچەندە ئەوماوەیەی بەتەنیا مابووینەوە مردن بوو من حەوت مانگ بێ ماڵ‌و حاڵ بووم ماوەی سێ مانگ لەماڵی عەلی حاجی ئەحمەدی پیازە جار بووم‌و ئەوان داڵدەیان دابووم . ئێمە هیچمان نەما خراپ لێمان قەوماو ماڵ وێران بووین.

لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا ئاخۆ فەتاح بگی جاف هیچ بەڵێنێکی بەخەڵك دابوو هەتا خەڵك بەقسەی ئەو بێتەوەو خۆی بخاتە تەنوری ئەنفالەوە ..؟ عەلی ووتی: نەبەخوا هیچ بەڵێنێکی بەکەس نەدابوو خەڵك هەرلەخۆیەوە دەیگوت بەشکم فریامان بکەوێت، خەڵکەکە چووبوون بۆلای فەتاح بەگ پێی گوتبوون هیچم پێناکرێت ئەوە شەڕەو حکومەت لەهەموو لایەکەوە هێرشی کردووە تازە هیچم پێناکرێت.. فەتاح بەگ دەسەڵاتی بوو عەمید بوو لەجەیشدا . ئیتر ئەو خەڵکەی لەداوێ‌و زەنگنەو جاف هاتە خوارەوە بۆ ملەسورە جەیش راپێچی کرد ئەوەی تراکتۆرو سەیارەی بوو بەسواری سەیارەو تراکتۆری خۆی‌و ئەوەی نەیبوو خرایە زیلی عەسکەریەوە، بۆ قۆرەتوو، لەوێوەش دوای یەکدوو رۆژ بردیانن بۆتۆپزاوا، ئیتر ئەوخەڵکە فەوتا هەندێك ڕیشچەرموو لەنوگرەسەلمان هاتنەوە ئەوەی تری بەتایبەتی ئەوەی کە وەکو ئێمە گەنج بوو کەس نەما رۆیشت‌و نەگەرایەوە .

سەبارەت بەچارەنوسی باوك‌ودایکی‌و ژن‌ومنداڵەکەی عەلی ووتی: حەوت مانگ ئێمە بێ ماڵ‌وحاڵ بووین، هەرچەندە دوای سێ مانگ باوکم‌و خوشکێکم لە نوگرەسەلمان بەربوون‌و هاتنەوە بەڵام هاتنەوەی چی حسابکە مەیتێکمان بۆهاتەوە ئەتوت لە قەبرسان هاوردویانەتەوە. ژن‌ومنداڵەکەشم هەر گیرابوون کچێکی دووساڵانم هەبوو لەگەڵ دایکیدابوو ئەو لەدبس لەگەرماو لەبرسا مرد، دوای شەش حەوت مانگ هاوسەرەکەشم لەدبس گەرایەوەو هاتەوە بۆکەلار.

## دادگایی کردنی جاشەکان

دادگایی کردنی جاش‌وموستەشارەکان گرێیەکی دەرونی گەورەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانە، عەلی ووتی: ئێمە جاش ماڵوێرانی کردین ئەگەر ئەوان نەبوونایە عەسکەری نەیدەتوانی بگاتە هەموو شوێنێك بۆیە هیوادەخوازم ئەو پیاوخراپانە دادگایی بکرێن‌و سزای خۆیان وەربگرن. بۆئەوەی ببنە پەندو عیبرەت‌و حاریکی تر جاشایەتی دروست نەبێتەوەو میللەت ماڵوێران نەبێت، عەلی جەختی کردەوە ئەگەرجاشی فەتاح بەگ‌و عەدنان دیسکۆو حەمەی عیساو سمایلی عەزیزاغا نەبوایە لەناو زەنگنەو داوەدا عەسکەر دەیتوانی بمانشکێنێ و خەڵك بگرێ ..؟ عەلی وتی: جگە لە سەعیدجاف‌و حەمە صالح عەبدولا یەك کەسیان باش نەبوون هەر ئەوان خەڵکیان رزگارکردووە کەسیان خەلکیان رزگارنەکردووە. ئێستا برا خۆمن جافم فەتاح بەگ خۆی بەسەرۆکی جاف دەزانێ وەڵا برا ئەوانە خراپەیان زۆر بووە. سمایلی عەزیزاغاش زەنگنەیە قەومەکەی خۆی نەبێ کەسی رزگارنەکردووەو پاکی تیاچوو. عەدانان دیسکۆ خراپی وەکو خۆی نەبوو.

## خورشیدە محمود محمد

خورشیدە لەدایکبووی ساڵی ( ١٩٦٨) گەرکی خەباتی شاری سلێمانیە، لەگەڵ هاوسەرەکەی خاڵۆزاو پورزان‌و ساڵی ١٩٨٤ شووی بەعەلی حەمەئەمینی گوندی میلقاسم کردووە، لەپەلاماری ئەنفالی سیدا گیراوەو بە



سواری تراکتۆرەکەی خۆیان بردویانن بۆ قۆرەتوو، دوای سێ رۆژ مانەوە لەترس ولەرزدا بەسواری کۆمەڵێك زیلی عەسکەری گوازراونەتەوە بۆ تۆپزاوا، کە لەنیوان هەر دو زیلی سەربازیدا سەیارەیەکی پاسەوانیش هەبووەو لەناو هەر زیلیکیشدا لەگەڵ ئەنفالکراوەکاندا سەربازێك بەکلاشینکۆفەوە سواربووە، بردویانن بۆ تۆپزاوا. خورشیدە دەگێرێتەوە کە گەیشتوونەتە تۆپزاوا یەکسەر خراونەتە هۆلێکی گەورەوە، کە خەڵکێکی زۆری تێکرابوو تەنها جێگەی دانیشتنیان هەبووە بۆیە نەی توانیبوو بخەوێت، بەیانی لەهۆلەکە دەریان کردوونەتە دەرەوەو دوبارە کردوویانەتەوە ناو هۆڵەکە ئەوساکە هێشتا خەسووی لەگەڵدابووەو تارای کچیشی پێبووە، ئیتر لەناو هۆڵەکە کەوتوونەتە ناونوسکردنیان و پاش ماوەیەکی کەم سەیارەی داخراویان بۆهێناون و بردویانن کاتێك دایانبەزاندوون لە معسکرێکدا خۆیان دیوەتەوە پێیان ووتووە دبس، بەڵام مەینەتی ئەو ژنانە لەوە دابوو کە لە تۆپزاواوە نەیانهێشتووە هیچ شتێك لەگەڵ خۆیاندا بەرن، لەوێش خراونەتە ناو کۆمەڵێك هۆڵی پیس وپۆخەڵەوە کە چواردەوریان بە گونێی خۆڵ گیراوە، ئیتر هەرچۆنێك بووە توانیویانە مقەبایەك بدۆزنەوە تارای تەمەن دوساڵی بەخەنەسەر ئیتر وردەوردە عەسکەرەکان (کە سەربە سوپای میللی بوون) نەرمییەکیان نواندبوو لەچاو ئەوانەی تۆپزاوا مقەباو گونێی بەتاڵیان پێدابوون تا ئەنفالکراوەکان لەسەری بخەون، بەڵام لەوێ تارای تەمەن دووساڵ لە گەرماو لەبرسا توانای نەماو بەئاواتی تەماتەیەکەوە گیانی لەدەستداو عەسکەرەکان هەرئەو شەوە لەدایکیان سەندوەو بردویانە بێئەوەی دایکی بزانێت ناشتوویانە یان فرێیانداوە .

خورشیدە سەرباری ئەو هەموو مەینەتی و ئازارەی لەگوندەکەیانەوە تا دبس دیبووی، ناخۆشترین کات ئەوچرکەساتە بوو کە تارای کچی گیانی لەدەستداوەو برسا مردووە، بەتایبەتیش ئەوکاتەی گریاوە بۆ تەماتەو ئەویش لەئەنفالکراوەکان وەکو هەر شتێکی تر حەرام بوو، ئەوان کە بەزەحمەت نانیان دەست دەکەوت چۆن تەماتە بۆ تارا پەیدا بکەن.

خورشیدە کاتێك ئەو چیرۆکەی بۆ دەگێرامەوە وام هەست دەکرد لەناو زیندانەکەی دبسەوە قسەم بۆدەکات،بەتایبەتی ئەوکاتەی باسی داواکەی تارای تەمەن دووساڵی بۆ دەگێڕایەوە ( ژنێکمان لەگەڵدابوو ناوی نەجیبە بوو لەبنەرەتەوە خەڵکی کەرکوك بوو لێرە شووی کردبوو پێم ووت: دادە نەجیبە من عارەبی نازانم بەشکم بەمام نوری بڵێیت تەماتەیەکم بۆ پەیدا بکات کچەکەم نەخۆشە داوای تەماتەم لێدەکات وەڵا ماڵی ئاوابێت نەجیبە چووبوو بۆلای مام نوری ئەویش مەسئول بوو لەدبس کەهاتەوە ووتی: بەخوا نەیداومەتێ ئیتر کچەش بەو ئاواتی تەماتەوە دوای دوورۆژ سەری نایەوەو تۆ خۆش.. ئەم بەسەرهاتەی خورشیدەو تارا کتومت چیرۆکی نەبات فایەق و منداڵەکەیەتی کەداوای خەیاری لێکردبوو دەستی نەکەوتبوو دواتر منداڵەکە تاکەنەعلیکی سەوزی منداڵانەی نابووە دەمی هەتاکو گیانی دەرچووبوو جوبووی ) تارای خورشیدەش بەهەمان مەرد چوو ئەویش دەمی نەگەیشتە تەماتەو گیانی لەدەستداو هەرئەوشەوە لەدایکیان سەندو هەتا ئێستاش گۆڕ وونە. خورشیدە ووتی: زۆرمنداڵ لەدبس مردن هەرئەوەی من نەبوو ژنێکی تریش لەدرۆزنە منداڵەکەی مرد هەربەمەردی من چوو ..ژنێکی تریش هەرخەڵك درۆزنەبوو کورێکی نوقسانی پێبوو کورەکەی ناوی کاروان بوو هەرلەوێ مرد .

بەرەو دۆزەخی نوگرەسلمان :

خورشیدە ئەوەندە بەکەساسی و بەماتیی قسەی بۆدەکردم، زۆرجار زۆرم لەخۆم دەکرد کە پرسیاری ئاراستە بکەم، هەستم دەکرد غەدرێکی گەورەی لێدەکەم کە دەیگێرمەوە بۆرژگارە مەینەتبارەکانی ئەنفال، بەڵام بەوە هانی خۆم دەدا کە ئەمە دۆکۆمێنتکردنەو

نوسینەوەی چیرۆکی مرۆڤێکە بۆ مێژوو دیاربوو ئەویش هەربەو نیازە قسەی بۆدەکردم، کاتێك باسی بردنیانی کرد بۆ نوگرە سەلان، ووتی: ڕۆژێکیان هەرزوو هاتنە ناومانەوە دەستیانکردە ناونوسینمان، ئیتر سەیارەیان هێناو بارمانیان کرد ، بەیانیەك بوو کەوتینەرێ بەلاَم ریگاکە نەدەبرایەوە مەغریب گەیشتینە لای قەلاَیەکی سپی گەورە لەوێ دایانبەزاندین ووتیان ئەمە نوگرەسەلانە بەلاَم نوگرەسەلانی چی تۆ بێژە دۆزەخ .. بەلاَم لەرێگا دالغەی وامان بوو دەمانگووت رەنگە بمانبەن لە چۆلەوانیەك فرێمانبدەن یان بمانکوژن ووتمان ئەگەر دامانیان گرت ئیمەش هەربەبەرد سایەقەکان دەکوژین بائەوانیش لەگەلَ ئێمە بمرن، بەو لەونە گەیشتینە نوگرەسەلان شوێنیَی قەرەبالغ نە ئاومان دەست دەکەوت نەکارەبا هەبوو تاریكو قەرەبالغ هەر شوێن نەبوو دابنیشین خەسووم لەوێ سۆراخی خەزوورەمی کرد ووتیان وەلاَ ئەوە ناویان نوسیوە هەربەو سەیارەی ئێوە دەیانبەن ئیتر زۆر گەراین نەماندۆزییەوە.. ئەویش پیربوو لەبرسا کوشتبوونیان هیزیان لەبەربرابوو، خوایە ئەو شەوەمان چۆن رۆژکردەوە برواو نەیەتەوە هەتا تاریکبوو باشتربوو حالی خەلکەکەمان وەچاونەدیبوو بەیانی کەرۆژ بووەوە چی ببینین ئەو خەلکە لاکەی ئەهات لەبرسان‌و لەتینوان ، پێمانیان ووت خۆزگە بمردنایەو نەهاتنایە بۆ ئێرە.. ئینجا لەوێ سجنێکی تریش هەبوو ئەوە یان جیابوو نەیاندەهێشت کەس بیانبینێ نەمان زانی ئەوانە چی بوون. .. نوگرەسەلان ناگێڕدرێتەوە ڕەزالەت بوو هەتا خواحەزکات ناخۆش بوو برسێتی‌و نەهامەتی بەدەم باس ناکرێت. شەوی واهەبوو ١٥ کەس لەبرسا دەمرد ، ژنێکی خەلکی گوندی درۆزنەمان لەتەکابوو بەپێشچاومەوە خۆشی‌و مندالَەکەشی مردن ژنەکە ناوی سەرگولَ بوو، بەلاَم مندالەکە ناوەکەی نازانم، ئەوەی زۆرترسناك بوو بینینی حەجاج بوو بە کێبلَ لەخەلَیَ ئەدا لەمندالَی ئەدا بڕواو نەیبینینەوە.. ئەو ئەفسەرە زۆر ترسناكو خراپەکاربوو.

خورشیدەو دشەکەی‌و خەسووی هەمیشە پێکەوە بوون، ئەوان دوا پۆلی بەندکراوەکانی نوگرەسەلان بوون کەبەردران‌و سواری سەیارەیانکردن بەکاروانێك لە نوگرەسەلان هێنایاننە دەرەوەو بردبویانن بۆ سەماوە لەوێ ماوەی پێن رۆژێك هیلَرابوونەوەو خواردنی باشیان پێدابوون‌و رێگەیان پێدابوون خۆیان بشۆرن بۆئەوەی تۆزێك رەنگ هەلَبهێننەوە، شەوانیش کۆیانکردوونەتەوەو قسەیان بۆکردوون دەربارەی دەستکەوتەکانی شۆرش‌و بەخشندەیی سەرۆکی فەرماندە.

دواپرسیاری من ئەوەبوو کەئەم قسانەی تۆ بلاَوبکەمەوە خورشیدەی ئەنفال چەشتوو ووتی: ئەریَ بەخوا زۆر حەزدەکەم بلاَوبێتەوە چونکە هەتا ئێستا کەس پرسیاری لێم نەکردووە. پێمخۆشە بلاَو ببێتەوەو هەمووکەس بەو بەسەرهاتە ناخۆشەمان بزانێت ..

سەبارەت بەدادگایی کردنی جاشەکان خورشیدە ووتی: ئەی چۆن حەزناکەم دادگایی بکرێت‌و سزابدرێن ئەوانەی خراپەیان کردووە با سزای خۆیان وەرگرن.

## دالَدەدانی جەلاد سوکایەتیە بە بەمافی قوربانی‌و هەیبەتی دادگاکان

## بەسێ حەمە ڕەوف فەرەج :

# دەم لوسێك هات ووتی: دایکەکەم خوشکەکەم وەرن خۆتان تەسلیم بکەن حکومەت بەرەحمەو هیچتان بۆنابێت.

دیداری ئەنفالستان.

کات : ١١:٣٠ بەرواری ٢٠١١/١/٣٠

شوێن : گوندی میلقاسم

سەعات ١١ ی پێش نیوەڕۆ بەجێب وازێکی رەنگ شین لەگوندی میلقاسم دابەزین، ئەمە پاشئەوەی بەرێگایەکی خراپدا بەهەڵە لە ڕۆژهەلاتی گوندی وەلی هەیەرەوە بەلارێیەکدا بەناو قوڕدا تیمانکرد، لەراستیدا ڕێگای میلقاسم زۆریش خۆشبوو، بەلام ئێمە کەو تینە ناو وەردێکەوە کەبارانی زۆری شەوی ڕابوردوو، وای لێکردبوو بەراز تێیدا دەرنەچێت چ جای جێبێکی شەکەتی پیاوێکی هەژاری کەم دەرامەتی وەکو سیروان.

یەکەم ماڵ کەبەرێکەوت لەبەردەرگایان دابەزین بەلای منەوە زۆر سەرنج ڕاکێش بوو، لەبەرئەوەی کوڵەکەی ماڵەکەیان و تەنانەت دارەڕای خانوو نەوای مەرەکانیشیان لە پاشماوەی قەوانی گوللە تۆپ وراجیمەکانی سوپای بەعس دروستکردبوو، دواتر چوومە ماڵێک بەناوی بەسێ کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٢ە

ئەو ژنە سێ مانگبوو چووبوە ماڵ و مێردی خۆی لە گوندی پەلەوشک لەگەڵ ڕەوف هاوسەرگیرییان کردبوو، هەرلەسەرەتای دیدارەکەمانەوە بەحەسرەتێکەوە تەماشای کردم و ووتی: لەمانگی ١٢ بوو ئێمە لەگەڵ ڕەوفزەماوەندمان کرد، لەمانگی چوار ئەنفالکراین وهەموو شتێکمان لێ شێوا، لەگوندی پەلەوشک، تراکتۆرمان بوو وەزعمان باشبوو بەلام ئەنفالە دوابراوەکە ژیانی لێتێکدداین. پیاوەکەم وخوشکێکم بەناوی گەلاوێژبە ٧ منداڵەوە ئەنفالکران و نەهاتنەوە.

بەسێ لە تۆپزاوا جلوبەرگی ئەنفالکراوەکانی بینیوە کە هەڵدراونەتەوەو بەکۆمەڵ دانراون، پرسیاری لە



سەربازێک کردبوو کوا خاوەنی ئەم جلوبەرگانە لەوەڵامدا پێی ووتبوو: هەموویان ( کەللەپچەکران) بەلام ئەو بۆ دوا هەمینجار لەوبەردەرگایە ڕەوفی مێردی بینیوە، بەوەدا زانیبووی نای بینێتەوە کە رووتیان کردوونەتەوەو ئەویش جلەکانی بەکۆمەڵ بینیبوو. دەڵێت من سێ چوارمانگ بوو شووم کردبوو کە لێم قەوما خۆم سجن و پیاوم ئەنفالکرا، ئێستاش حاڵمان دەبینی ؟ بەدەم ئەوقسانەوە چوینە ناو دیدارێکی پڕ ئازارەوە:

ئەگەر ناوی سیانی خۆتم پێبلێیت..؟

بەسێ حەمە ڕەوف فەرەج

ئەوکاتەی ئەنفال گەیشتە گوندەکەتان لەکوێ بوون و بەچییەوە سەرقاڵ بوون ؟

لە پەلەوشك بووین، تازە ماڵمان نابووە یەکەوەو هەرخەریك مەرداری و کشتوکاڵبووین، کە ئەنفالەکەبووبە مەکینەی خۆمان ڕۆیشتین یەکەمجار چووینە قەڵاقۆچاڵی شەوێك دووان ماینەوە، پیاوێك لەوێ هاتەلامان دەم لوسێك بوو ووتی: دایکەکەم خوشکەکەم وەرن خۆتان تەسلیم کەن حکومەت بەرەحمەو هیچتان بۆنابێت، وەرن لەوبەر هەموو خێمەتان بۆهەڵدرياوە سەرتان سەلامەت دەبێ و بەخوا گیسکێکتان نافەوتێ، ئەو دەم لوسە فریووی داین، ئەگینا ئێمە کەسوکارمان لەکەلاربوو دەهاتنە شوێنماندا.دەردەچووین هەرچی هەوڵیاندا، ئێمە نەڕۆیشتین لەگەڵیاندا ئەگینا ڕزگارماندەبوو.

نازانی ئەو پیاوە کێ بوو ؟

پیاوی حکومەت بوو .

**ئاخرجاش بوو ئیستخبارات بوو چیبوو ؟**

هەرپیاوی حکومەت بوو وەڵا بێژم چی بوو نازانم ، ئەو پیاوەی وا ئەو قسەی بۆ ئێمەکرد لە قەڵاقۆچاڵی لە کەرکوکیش بینیم، ناوو شتی نازانم بەڵام لەوێش هەربەدەم لووسی ووتی: دایکەکەم خوشکەکەم بچنە قاعەکانەوە هیچتان بۆنابێت.

**ئەوکاتەی ئەو پیاوە هات بۆ قەڵقۆچاڵی کاتەکەی کەی بوو ؟**

بەخوا ڕۆژسەعاتێك دوانی مابوو. ئیتر وەتراکتۆرخۆمان ڕۆیشتین پیاوەکەم دوو ژنی بوو ماڵەکەی منی کردە تراکتۆرەکەی خۆمانەوەو هێین ژنەکەی تریشی کردە تراکتۆرێکی ترەوە، کەوتینەڕێوبەبان ملەسوورەدا ڕۆیشتین بەرەوکەلار، ئەوناوە هەمووی جاش‌و عەسکەرییەودەبابەگرتبووی، ئەوخەڵکە ماڵ لێشێواو بەیەکدا دەهات‌ودەچوو دەتووت ڕۆژی حەشرە، ڕۆیشتین نەیان هێشت بووەستین تاشەوگەیاندیانینە قەڵای قۆرەتوو لەمەیدان، زۆری پێنەچوو هاتنە گیانمان ناو بنوسن کێ عەشایەرەو کێ موخەربە پیاوەکەم (ڕەوف) چوو ناوی خۆی نوسی ووتبووی : من فەقیرماڵ خۆمم فەلاحم، ئینجا جارێکی ترهاتنەوە گیانمان کێ پێشمەرگەیەو کێ چەکی پێیە.. ئیترماینەوە بۆبەیانیەکەی زوو چایمان کردبوو هاتنەوە گیانمان ووتیان وەرن ناوتان ئەنوسن، ڕۆیشتین ناومان نوسی‌و سەیارەی عەسکەریان هاورد ئەوهەموو خەڵکە بارکریاین لۆری وەستابوو نەیەك‌ونەدوان خۆشمان نەمان دەزانی بۆکوێمان دەبەن، بەڵام ووتیان کێ کەل‌وپەل دەهێنێ بابیهێنێ منیش تازە شوم کردووە ئاڵتون‌و گەردان‌وپشتوێن هەمووی لەپشتمابوو، ئیتر کردمە ناو باوڵەکەم‌و لەو بێنەوبەرەیا لەناو تراکتۆرەکەی خۆماندا گشتیم لەقۆرەتوو جێما، کەل‌وپەل خۆم‌و پیاوم هەمووی جێما. باریانکردین‌و کەوتینەڕێ ناشزانین بۆکوێ دەبرێین. ئیتر هەریەکەو قسەیەکی ئەکرد یەکێك ئەی ووت بۆ کەرکوکە یەکێك ئەی گوت بۆ جنووبە کۆپتەربەبان سەرمانەوە تا گەیشتینە تۆپزاوا.

**چەند سەیارە دەبوون ؟**

کوڕە لەکێشا نەبوو، ئەوەندە زۆربوو کێ دەیتوانی بزانێت، کەگەیشتین ێژن جەهەنەم بەخوا جەهەنەم بوو هەرگەیشتین پیامانا هاتن وەك گورگ پەلاماریاندا‌ین پیاوەکانیان جیاکردەوە، هەروەك گورگ پەلاماریاندان‌و بردنیان هەربەدار پێچایاننەوە پۆلپۆل بردنیان بۆ قاعەکان وردە وردە باران دەباری لەوێ کابرای دەم لوسمان لێ پەیدابووەوە ئەوەی لە قەڵاقۆچانی هات بۆلامان ووتی: دایکەکەم خوشکەکەم ئەوە بارانە بڕۆنە قاعەکانەوە بەخوا ڕەنگە دوو هەزار ژنیان کردبێتە ئەو قاعەیەوە کە ئێمەی تێدابوو هەروا دەتتوانی دابنیشیت‌و تەواو ئیتر جێگەنەبوو، بەخوا وابزانم دووڕۆژ ماینەوە ئاوا بەو لەونەبووین، ئیتر برێك صەمون‌و شتیان بۆمان هاوردو دوایی کردینیانەوە ساحەکە، وەڵا دووان لەکەنیشکەکان (سەمیعەو لەمیعە) لەژنەکەی تربوون ووتیان ئەها ئەوە باوکمانە لەپەنجەرەیەکەوە دیبوویان، وەڵا ڕەوف هەوڵیدا بێتە دەرەوە حەرەسێك لەبەردەم قاعەکەیابوو نەیهێشت چاوم تێوەی بوو دەستی ئاوا لێدەکرد (وەك بلێ دەستم دەشۆم) نەیهێشت ئیترمنیش ڕۆیشتمە نزیك دەرگاکە عەسکەرەکە هەربە ئیشارەت ووتی: بڕۆ مەمنوعە ئیتر دانیشتم هەرگریام بێسودبوو، وەڵا ئیتر دوو ڕۆژی ترماینەوە سەیارەیان هاورد ووتیان یالا بارمانیانکردو بردینیان بۆ دبس معەسکەربوو، کەبردیانین خەڵکی تریان هاوردە شوێنەکانمان .. کەگەیشتینە دبس معسکەرێك بوو پووش هەڵسابوو، ئیتر ژیانێکی ناخۆش ئاودەستی پیس بڕوابکە صندوقی فیشەك هەیە لەوەدا ئاومان گەرم کردووەو لەناو ئەوئاودەستانە سەرمان پێشۆردووە.

**حەرەسەکانی دبس باشتربوون لەوانەی تۆپزاوا ..؟**

کەمێك باشتربوون‌و خواردنیشمان هەرباشتربوو، بەڵام ئێمە چۆن باشتربووین جارێکی تر لەوێش گواستیانینەوە بۆڵای مەکتەبەکە لەوێ برێك باشتربووین لەوەکەی تر، شوێنەکەی پێشوو عارەبێکی ڕەشی قەڵەوبوو کە سەرەمان دەگرت بۆخواردن پڕی

ئەدایە لەگەڵو تەشتەکانمانەوە توڕی ئەدایە ناو باخەکەوە لێمانی دەستاندو فڕێی ئەدا، سجلێك گەورەی بەدەستەوە بوو دەفتەرێکی گەورەی بەرگ ڕەق بوو کەئەیدایە ئەو بان شانەمانا لێی ئەدەین ئەیگوت تەنها خواو سەیدرەئیس چارەی ئێوە دەکات .. ئەی گووت ئێوە ئەوەندە پیسن هیچ دەوڵەتێك وەری نەگرتن صدام حسێن نەبێت، کەهاوردیانینە ئێرە برێك باشتربووین، بەڵام من لەوێش تووشی دەردێك بووم پەنجەم تووش دەردێك بوو گۆشتی لێهەڵدەوری لە کوردەواری خۆمان پێی ئەڵێن موو، من هەتا لەوێ بووم دەست هەرلەملا بوو، ئۆقرەم نەبوو جارێکیان لەتاو ئازار دامە دەشتەوە چوومە دەرەوەی قاعەکە هەرلەناوحەوشەی سجنەکە سەگەل دەوریاندابووم سەگی معسکەرەکە ژنەکان تر هاتن بۆلام ووتیان ئەوەتۆ خەریك چیت، بۆ هاتوویتەدەرەوە ئیتر منیش ووتم ئەی چیبکەم ئەوە حاڵەکەمە، هەتا ئێستاش ئەم پەنجەیەم هەرسەقەتە هی ئەوکاتیە.

چەند لە دبس مانەوە ؟

ماوەی سێ مانگو نیو ماینەوە ئینجا بەردرایان .. عافواتێکی دا ئێمە لەو عافواتەدا بەربووین. بەڵام ئەوانەی لەتۆپزاوەوە ڕەوانەی خوارەوە کران گەنجەکان زۆریان هەرفەوتانو هەتا ئێستا سۆراخیان نەما.

لەناو عەسکەرەکانی دبس کەسیان هەبوو بەزەییو ڕەحمی هەبێت ؟

وەڵا پیاوباشیشیان تێدابوو..

ناوی کەسیان نازانی ؟

ناوەڵا ناویان نازانم، بەس کابرایەك بوو ئەیانگوت ئەمنە ئەوە بەشەوو ڕۆژ بەسەرمانەوە دەگەڕا ناوی سامی بوو، یەکێکی تریان بوو پێیان دەگووت مامە نووری، مامە محمودێکیان تێدابوو، خواهەڵناگرێ یەکدووجاریش بردیانم بۆ خەستەخانەکەی دبس ژنێکیش بوو لەلای خۆمان دەیزانی دەرزی بدات دەرزیەکەی بۆ ئەکردم، ئەوانەی دەڵێم باش بوون هێن دێ یەکە هی دبس ئەلیم پیاوباشیان تێدابوو.. عەسکەرەکان ناڵێم کەدەڵێم باشتربوون ئەوانە جەیش شەعبی بوون عەشایەر ناو دبس بوون، وەك ئەوانەی تۆپزاوا بەعسی نەبوون.

ناخۆشترین دیمەن کەهەرگیز لەبیرت ناچێتەوە لە دبسو تۆپزاوا چییە؟

ئەوکاتەی پەنجەم زۆر ئازاری دامو سەگەکان دەوریان گرتبووم .

بێجگە لەئازاری پەنجەت کەسێك لێی درابێت کەسێك منداڵی مردبێت بەبەرچاوتەوە ؟

بەخوا ڕەنگە ٤٠٠ منداڵ مردبێت لەدبس ئەوەوە زۆرناخۆش بوو، بەڵام ئەوەی تۆ ئێژی ئەوەیە ڕۆژێك کچەکان هی ژنەکەی تر پشتیان دابووە دیواری قاعەکەوە ووتی: باوکە گیان ئێستا تۆ لەکوێیت ؟ ئێمەش وا لەبرسا دەمرین ئیتر ئەوە زۆرناخۆش بوو زۆرگریاین، بەڵام لەوەش ناخۆشتر ئەوەبوو کە جارجار پێیان دەگوتین ئەوانەی بەسەیارە موقەپەتەکان براون هەموویان کوژراون ئەوەش زۆر ناخۆش بوو.

ئەمە کێ پێی دەگووتن .؟

ئەمە حەرەسەکان دەیانگوت. ئا با ئەوەشم بیرەوە نەچێت ئێمە ٥٠٠ کەس بووین حەرەسەکان باشتربوون یەك دووجار لەقاعەکانی ئەولاتر بارکریان ووتیان ئەوانەشیان بردووە بۆکوشتن، مام نووری ووتی: دووجاریش هاتوون ئێوە بەرن نەمان هێشتووە، جارێك هاتن بمانبەن هەموو جلەکان خۆمانمان لەبەرکرد بۆئەوەی زیادەکانمان لێنەسەنن، ئەوجارەش نەیانهێڵابوو بمانبەن.

ووتت ٤٠ منداڵ مردوون تۆ کەسیانت دەناسی یان دایکیانت دەناسی ؟

ژنی وابوو ٥ منداڵی پێبوو هەرپێنجەکەی مرد.

ناوی نازانی یان ناوی منداڵەکانت بیرنیە..؟

بەخوا ئەوە نازانم بەڵام ژنێکی تر بوو وابزانم (مەحسەنەی ناوبوو) دوو کچ کەنیشکی پێبوو هەردووکیان نەخۆشبوون مردن نەیانهێڵا کفنو دفنیشی بکات لێیان سەندو بردیان . جێبێك بوو هەرچەندە هاواری کرد نەیانهێڵا بردیان بۆ قەبرسانەکەی حەویجە هەر لەدبس بوو پێیان دەگوت

حەویجە. بەڵام لەدوایدا باشتربوون جارجار سابون‌و کفنەکەشیان ئەهاورد بۆخۆیان ئەیانشۆردو جارجار دایکەکانیشیان ئەبرد لەگەڵیاندا کە ئەیاننناشتن. ئیتر ئەوە گریان‌و فیزاق . ئیتر ڕەزالەتێکی زۆرمان دیت ..

**ئەی کچەکانی مێردەکەت ئەوانیش بەربوون ؟**

وەڵا شوکر کەسیان نەمردن ئەویش ٥ کەنیشك‌و کوڕێکی پێبوو بەربوون لەگەڵمانا بەڵام پیاوەکەمان نەهاتەوە ئەنفالکریا.

**پێش پەلامارەکانی ئەنفال تۆ ووشەی ئەنفالت بیستبوو ؟**

نەوەڵا قەت نەم بیستبوو، هەرنەمان دەزانی ئەنفال چیەو مانای چییە.

**تاکەی چاوەڕوانی ڕەوفی مێردت بوویت ؟**

بەخوا تا شووم کردە باوك ئەم منداڵانە ١١ ساڵ هەر چاوەڕوان بووم.

**ئەی چۆن بەردران ؟**

لەپێشەوە پێمانیان ووت ئێوە هەرلێرە بەرتان ئەدەین، بەڵام ڕۆژێك لۆرییان هاورد ئامرێکیان لەتەکدابوو ڕیزمانیان کرد سجلێك گەورەیان وەدەستەوە بوو، هەرکەسێك سواردەبوو یەکی یەك داری لێئەدا من کۆلێکم پێبوو ویستم بیخەمە ناو لۆرییەکەوە ئامرەکە دارێکی لێمداو لێمی سەند توڕیدا نەیهێشت بیهێنم لەتەك خۆمدا، زۆرم پێناخۆش بوو، لەتەك ژنێکی تردا ناوی نەخشە بوو خەڵك وارە بەرزە بوو لەهی تریشیدا، ئیتر هاوردمانیانە عەربەت هەتا ئەوێ بەسەیارەی موقەپەت حکومی ڕۆیشتین دوایی ناردیانینەوە بۆ کەلار، ئیتر لەوێ خزم‌و کەسوکار چاوەڕێمان بوون.

**ئەو سەیارە موقەپەتە چۆن بوو ؟**

سەوز بوو سایەقەکەی دەرگای جیابوو. هەربەو سەیارانەش لەتۆپزاواوە بردیانین بۆ دبس .

**هیچ جارێکی تر ئەوسەیارانەت بینیوەتەوە ؟**

نەبەخوا نەمبینیوەتەوە هەر ئەو دووجارە بوو هی حکومی بوو .

**حەزتکرد صدام‌و عەلی حسەن مەجید دادگایی کران ؟**



ئەی چۆن زۆریش .

**ئەی پێت باشە تۆمەتبارانی تر بە جاشەکوردەکانیشەوە دادگایی بکرێن یان ئەوەندە بەسە؟**

ئەرێبەخوا زۆرحەز دەکەم من ئیش‌و کارم هەرگریانبووە، من سێ مانگ بوو شووم کردبوو کە ئاوایان لێکردین ئەرێوەڵا حەزدەکەم خۆ هەر من نیم هەزارانی وەك من ئاواتەخوازن ئەو جاشانانە دادگایی بکرێن .

**چالاکوانانی ئەنفال مەرجە خەڵکانی دامەزراو زمان شیرین‌و عەقڵانی بن، کەسانی دەمارگیرو توند ڕەفتار ناتوانن بابەتیانە تاوانی ئەنفال بە جیهان بناسێنن .**

# چەند دێڕێك لەسەر ئەنفال‌و کیمیابارانکردنی گۆپتەپە.

## یادەوەری هاوراز شەهید حاکم ڕێبوار .

لەو رۆژەوەی حزبی بەعس لەعێراقدا دەسەڵاتی گرتووەتەدەست، ئەویش وەکو حکومەتەکانی پێشخۆی نەك هەر وەکو ئەوانی کرد، بەڵکو بەشێچوەیەکی دلرەقانەترو بەسیستماتیکتر کەوتە کار بۆ دژایەتی کردنی گەلی کورد، تەنانەت بەرنامەی بۆ لەناوبردنیشی دارشت، کە دواجار ئەم بەرنامە رێژیەلەئەنفالدا خۆی بینیەوە .

لەوەرزی بەهاردا خەڵکی گوندی گۆپتەپەش وەکو باقی گوندەکانی ترخەریکی کاروکاسبی خۆیان بوون، گوندنشینەکان زۆربەیان چووبوونە دەم زێ ( چەمە خڕکە، شانزادە، ڕەندی خان) ئەوەش هەم بۆ بەرێوەبردنی کاروباری کشوکاڵ‌و هەم بۆ ئەوەی خۆیان لەبۆردومان‌و دەستدرێژیەکانی سوپای بەعس بپارێزن .

ئەو کاتە هێزێکی زۆری پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی لە سنورەکەمان بوون، بۆ روبەرووبونەوەی هەرهێرشێکی چاوەڕوانکراوی حکومەتی عێراق ، بەڵام ئەوکاتە قۆناغەکانی ئەنفالی یەکی دۆڵی جافایەتی‌و دوو قەرەداغ کۆتاییان هاتبوو، هەواڵی ئەنفالی سێی گەرمیانیش خەڵکەکەی تۆقاندبوو، هەرچەندە ئەو قۆناغەش تەواو ببوو، گەرمیان وێرانکرابوو بەڵام وەکو ئەوەی رویدابوو نەگەیشتبووە ناوچەکەمان.

ئەوەبوو لەرۆژی ٣/٥/١٩٨٨ کە مانگی رەمەزان بوو ١٧ رۆژی رۆیشتبوو، لەدەمەو ئێوارەیەکدا تاوانی کیمیابارانی هەردو گوندی گۆپتەپەوعەسکەر رویدا، ئەوکاتە ئێمە ماڵمان لەدەم زێیەکە بوو، لە ( چەمەخرکە) من ئەو کاتە تەمەنم ١٥ ساڵان بوو، بیرم دێت کە پۆلێك تەیارە هاتنە ئاسمانی ناوچەکەمان " قەلاسێوکە" دواتر هاتنە سەر گوندی گۆپتەپە، من لەگەڵ باوکم بووم ، چەند پێشمەرگەیەکی تریش وەستابوون، هەموو سەیری تەیارەکانمان دەکرد، پاش ئەوەی چەند جارێك بەسەر گوندەکەدا سوڕانەوە ئینجا کەوتنە بۆردومان‌و بۆمبەکانیان بەسەر گوندی گۆپتەپەدا بارانdو هەروەها بۆمبێکیشیان ئاراستەی ناو زێیەکەکرد، ئەو بۆمبانە دەنگیان زۆر کەم‌ونزم بوو، بەڵام دوکەلێکی زۆریان لێبەرزدەبووەوە، ئێمە چونکە لەناوزێیەکە بوین‌و شوێنەکەمان نزم بوو وامانزانی ماڵی سوتاندووە، هاوکات چەند بۆمبێکیان لەگوندی عەسکەرو چەمی رێزانیش دابوو.



ئینجا ئێمە بەپەلەرۆیشتین بەرەو ناودێی گۆپتەپە، بینیمان لەناوزێیەکەدا بۆمبەکان ماسی زۆری کوشتبوو، بەڵام ئێمە تانەگەیشتینەناو گوندەکە نەمانزانی کە ئەو بۆمبارانە کیمیاویە، ئینجا تێگەیشتین کە چ تاوانێك ئەنجامدراوە، لەناو زێیەکەی دابوو بۆئەوەی ئاوەکە ژەهراوی بکات، بۆئەوەی ئەوانەی لێی دەخۆنەوە یان هانای بۆدەبەن رزگاریان نەبێ‌و ئەونیش شەهیدبن. بەهەرحاڵ ئەوەی من بیرم دێت خەڵکێکی زۆر لەگۆپتەپە مردبوون‌و لاڵ‌وپاڵ لەوناوە لەبەردەرگاو کۆلانەکان کەوتبوون، بەهەر حاڵێك بێت گەیشتینە بوڵقامیش ، لەلای گوندەکەوە ڕەزو باخەکە پێی ئەڵێن سەروکانی ، چەند ماڵێکی گوندەکە لەوێ بوون ، ئێمە چوینە لای ماڵی خاڵم کە ڕەزو باخیان هەبوو،کاتژمێر(١١)ی شەو بووئێمە زۆرمان برسی بوو نانی ئێوارەمان نەخواردبوو، تا بەری بەیان لەناوئەو باخەدا هەبوو بووین چەند ئەشکەوتێك لەخوارووی باخەکانەوە بوون یەکێك لەوانە پێیان ئەوت (گۆزەڵە مردوو) کە تائێستاش

هەموو کەسێك نازانێ ئەشکەوتە ، زۆر قایم بوو، ئێمە چوینە ئەوێ تا شەو لەوێ بووین جێگەمان زۆر تەنگ بوو ، ئەو ڕۆژە جەیش و جاشیش گەیشتبونە ئەوێ ، شەو نیوەمان بەڕێ کەوتین بۆ ئەشکەوتێکی تر بەدووری یەك کیلۆمەتر لەبەینی گوندی کلێسە و بۆگد دا جەیش و جاشێکی زۆری لێبوو ، تەنیا زێیەکەمان بەین بوو زۆر بەبێ دەنگی ئەڕۆیشتین تاوەکو پێمان نەزانن ، کاتژمێر (١٠)ی شەو بوو کە گەیشتینە ئەشکەوتەکە تەختیەکی پان بوو لەناوەڕاستی تەختیەکە چالێك هەبوو بەقوڵی (٨) مەتر پێیان ئەوت ئەشکەوتی چالە بروسکە ، ئەو شەوە لەوێ بووین کاتژمێر (٨)ی بەیانی ڕۆژی ٥/٥ جاشێك کە لەتالآن ئەگەڕا هاتە ناو ئەشکەوتەکە ژن و منداڵەکان لەقولآیی ئەشکەوتەکەدا بوون ئێمەش لە سەروتر، ئەو ئێمەی نەبینیبوو چونکە زۆر تاریك بوو بەلآم ئێمە بەباشی ئەومان بینی عومەری دادە خاوەر کە خەڵکی بولقامیش بوو بەباوکمی ووت تەقەی لێ ئەکەم ، باوکم ئیشارەتی بۆکرد کە مەیکوژن بەڵکو بەدیل بیگرن ، بەلآم ئەو تەقەی لێکردو کوشتی ، نەمانهێشت ژن و منداڵەکان بزانن لاماندایە پەنایەك و بەتانیەکمان پێدادا ، ئێمە نەمانزانی کە کەسی تری لەگەڵدا بووە ، ڕائەکاتە ناوباخەکە کە کردبویانە مەقەڕ پێیان ئەڵێ چوینەتە ئەشکەوتێکەوە تەقەیان لێکردین ئەونەگەڕاوەتەوە، ئەکەونە گەڕان چەند جارێکیش بەلای ئێمەدا ڕۆیشتبون ئێمەیان نەدۆزیبۆوە دواتر دوو کەس ئەگرن کە نامەوێ ناوەکانیان بهێنم پێیان ئەڵێن ئەشکەوتێك هەیە لەوجۆرە ئەگەر پێمان نەڵێن ئەتانکوژین ، ئەوانیش لەترسی ڕۆحی خۆیان ئەشکەوتەکەیان پێ وتبوون نەشیانزانی کەئێمەی تیاین ، کاتژمێر (١)ی پاش نیوەڕۆ بوو غەڵبە غەڵب پەیدا بوو جاشەکان هاتن دەوری ئەشکەوتەکەیان تەوق کرد بانگیان ئەکرد وەرنەدەرێ تەسلیم بن ئێمە هەستمان لەخۆمان بڕیبوو ، باوکم وتی نەهێڵن منداڵ بگری پەڕۆبخەنە دەمیانەوە،ئەگەربشخنکێن با ئاشکرا نەبین ، ئەوان نەیانزانی کەئاوەدانە ، منداڵێك گریا ئێمەئاشکرا بووین تەقە دەستی پێکرد ، ماوەی سێ کاتژمێر شەڕمان کرد فیشەکیشمان لە کەمبوندابوو، ئێمە ئەمانویست هەرچۆنێك بێ بگەینە شەو تادنیا تاریك ببێت وبتوانین دەرباز ببین ، ئەوان بانگیان ئەکرد: ئەگەرنەیەنە دەرێ وتەسلیم نەبن ئەوا لەناو بولقامیش شۆفڵی لێیەو ئەیهێنین ئەشکەوتەکەتان بەسەردا پڕئەکەینەوە، باوکم وتی من ئەزانم ئەگەرتەسلیم ببم بێ هیچ شتێك حکومەت ئیعدامم ئەکات ، بەلآم من خۆم ئەکەم بەقوربانی ئەو ژن و منالآنە بائەوان بمێنن، چوینە دەرەوە چەك و تاقمەکانیان لێ سەندین ، ئەوان جاشێکی تریشیان لێ کوژرابوو دوانی تریشیان برینداربوون، ئێمەش تەنها مامەم ئیسماعیل بەسەختی برینداربوو بەلۆکە ئاومان لەدەم ئەکرد ئێمەیان بردوو ئەویان بەجێهێشت وتیان بۆخۆی ئەمرێ ، بردمانیانە ناو باخەکانەوە کۆیان کردینەوە ، برای یەکێك لەجاشە کوژراوەکان زۆرداخ لەدڵ بوو قسەی سوکی زۆر پێکردین، مستەشارەکە وتی ئەوانەی کەجاشەکانیان کوشتووە ئەیانکوژینەوە ، دەستی باوکم و دوانی کەیان بەست وجیایان کردنەوە بۆ ڕەمی کردن، برای جاشە کوژراوەکەیان ووت تۆ بیانکوژە ، بەلآم ئەو وتی من نایانکوژم تەسلیم بە حکومەتیان ئەکەم

، باوكم وتى من لەسالى ١٩٧٦ ەوە پێشمەرگەم هيچ قسورم نەكردووە بەرامبەر بەحكومەت، ئەوەى لەدەستم هاتبێ كردوومە بێ منەتم لێتان لێشتان ناپارێمەوە ئێستاش حاكمى سنورى تيپى ٢٥ ى خاڵخالانم، ئێوەش چيتان لەدەست دێت بيكەن، دواجار بيستمان كە جاشەكان لەچمچەماڵ وتبويان ئەوئازايەتيەى لەوحاكمەمان بينيوە تا ئێستا لە هيچ كەسمان نەبينيوە زۆر بەبێ منەتانە قسەى كردوە . دنيا تاريك بوو كە جيايان كردينەوە ، من تەمەنم (١٥) ساڵ بوو بە ژن و منداڵەكان كەوتم ، باوكم و ئەوان كە ژمارەيان (٣٥) پێشمەرگە بوو كرديانە ژورێكەوە تابەيانى كە رۆژ بووەوە كوێتەر هات (١٧)جار نيشتەوە تا دواجار باوكم و ئەوانيان برد بە ئێمەشيان وت بۆكوێ ئەچن بچن، تا دنيا تاريك بوو لەناو باخەكان بوين ، دوايى چوين مامە ئيسماعيلمان بەكوڵ برد بوودەم زێ ، جاشەكان بەرى كلێسە كەڵەكيان بۆ هەڵبەستين ، پەڕينەوە بەرى كلێسە، مامميان بەسەيارەيەك نارد بۆ دوكان بۆ ماڵى كوێخا ئيسماعيلى تەلان، ئێمەش سەرمان لێ شێوابوو نەمانئەزانى چى بكەين ، لەلايەك مامم و كۆمەڵێك لەخزمان بە كيميايى شەهيد بوون لەلايەكى تر باوكم و ئەوان دەستگيركرابوون .

كەدنيا روناك بووەوە رۆيشتين بەرەو گوندى كلێسە ، جاشێك بەراكردن هات و وتى ناوكلێسە جەيشى تيايە ، چوينە ناو دۆڵێك كە لەملاى كلێسەوە بوو ، خۆمان پەنادا تا جەيشەكە نەمانبينێ ، ئەوەندەى پێ نەچوو هيليكوپتەرێك هات ، باش بوو ئێمەى نەبينى ، نەمانئەزانى چى بكەين لەو دۆڵەدا عاسى بوين لەو كاتەدا كاك فايەق و وەستا تاهير كە ئامر سريەى جاشەكان بوون هات ئێمەى بەو حاڵەوە بينى زۆرى پێ ناخۆش بوو يەكێك لە چەكدارەكانى خۆى نارد بۆ گوندى كلێسە ، گەلابەيەكيان هێنا ئێمەيان تێكرد هەر لەوێ جاشەكان مەخزەنى سەر تفەنگەكانيان گۆڕى و فيشەكيان خستە بەرو هاتنە ناو گەلابەكەوە وتيان ئەگەر ئاشكرا ببين ئەوا تەقە ئەكەين ، بەراستى لەو رۆژەدا كاك فايەق و كاك خەليل كانى سپيكەيى و كاك ئيسماعيل نەديم بەفريامان كەوتن ئەوان پياوى حكومەت نەبوون بەڵكو كوردپەروەر بوون ئا لەو رۆژەدا بەهەزاران خۆفرۆش هەبوو لەبەرامبەر برێك پارەى كەمدا يان ئافەرينێكى بەعسيەكان رۆڵەى كورديان لەناو ئەبرد ، داواى لێبووردن لەو كەسانش ئەكەم كە ناويانم بيرنەماوە ، لە كلێسەوە بەرێ كەوتين گەشتينە شاخى كلكە سماق لەناو كەلێنەكەدا تايەى گەلابەكەمان تەقى بەسەرومانەوە رەبايەيەك هەبوو ، بانگيان كردين تايەى گەلابەكەتان تەقيوە ئێمە ئەمانزانى بەلام تا دوور نەكەوتينەوە نەوەستاين ئەوجا رايان گرتين ، لاندكرۆزيان بۆمان هێناو ئێمەيان تێكرد بەرێ كەوتين بەرەو تەكيە چوينە ماڵى كاك فايەق تا كەس و كارمان هات و برديانين بۆ ماڵى خۆيان ، بەراستى كاك فايەق خزمەتى زۆرى كردين ، زۆر سوپاسى كاك فايەق و هەموو ئەو كەسانەى كە لەگەڵيان بوون ئەكەين ، بەراستى لەو رۆژەدا كە ئێمەيان رزگاركرد قوتاغێك بوو لە خەباتى كوردايەتى لە سەختترين كاتدا ، هەر لەكۆنەوە وابووە زەرورەت واى كردوە پێويست بخولقێنێت بە ئاوات و ئامانجەكانى خۆمان شاد بين رۆڵەى باوك ئەنفال و دايكى شەهيد فرمێسكى چاوانيان بسرن و پێكەوە بڵێين بەخۆشى بێت ئەم ئازاديە كە خوێنى هەزاران شەهيد و ئەنفال و

بێسەرو شوێنەکان تۆڵەی هەزاران گوندی روخاو تۆڵەی هەزاران خەڵکی بێتاوانە تۆڵەی ئەوانەیە کەبەرەو بیابانەکانی عەرعەر بران کە تاکە دەوڵەتێکی دنیا نارەزاییەکی دەرنەبری کە ئێمە ئەنفال کراین تاکە دەوڵەتێکیش سەفارەتی خۆی لە عێراق نەکێشایەوە کە بەبەرچاوی دنیاوە ئەوەمان بەسەرهات کە لەهیچ قاموسێکدا نەبوو منداڵی ناو لانک زیندەبەچاڵ بکرێت و هەزار منداڵ لەبرسا بمرێت کە تائێستا دایکە پیرەکان بە چاوەروانیەوە سەر ئەنێنەوە بەلاَم ئێستا دایکان و باوکان شادو دلخۆشن بەم ئازادیەی ئەمرۆ کە خوێنی رۆڵەکانیان ، براکانیان ، کسوکاریان بەفیرۆ نەرۆیشت ئیستا شادن بەوەی رۆڵەیەکی ماندوو کوڵنەدەری هەڵگیرسانەوەی شۆرشی نوێی گەلەکەمان هەڤاڵ (مام جەلال) سەروك کۆماری عێراقە . شەهیدەکان شادن بەوەی خوێنیان بە فیرۆ نەرۆیی ، ئازادی ئێمەش بەرهەمی خوێنی ئەوانە ، من ئەو کاتە منداڵ بووم کەلای باوکم دائەنیشتم ئەیوت ئێمە نامێنین بەلاَم رۆژێك ئەبێت ئەبینە حکومەت بەلاَم بۆ ئێمە نی یە بۆ نەوەکانمان ئەبێت ، ئەو رۆژەیان لەبەرچاو بوو ، نەیانئەزانی بەڵگە راستیەکانیش ئەوە بوو کە ئەنفال کراین و هاتین بۆ ناو شار ، بەلاَم نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کە گۆپتەپە لانکی پێگەیاندنی چەندین قارەمان بووە ، خاوەنی (٢٠٠) شەهیدی کیمیاباران و (٤٥٠) ئەنفالکراوە ...

شەهید رەفیق کریم محمد ناسراو بە (حاکم رێبوار)

شەهید علی مجید محمد

شەهید عبدالرحمان ئیسماعیل کریم

شەهید حەسۆ قادر داود

شەهید حمە امین احمد مولود

شەهید ئامانج احمد جمیل

شەهید ئیسماعیل عمر صالح

شەهید رەزا عمر صالح

شەهید سعید عمر صالح

شەهید قادر عمر صالح

شەهید کریم احمد مولود

شەهید مجید احمد مولود

شەهید حامد احمد مولود

شەهید عادل مەلا محمد

شەهید فەرهاد محمود فەرەج

شەهید علی عبدالرحمان

شەهید محمود محمد ئیسماعیل

گوندی گۆپتەپە دەکەوێتە سەر زێ ی بچوك سەربە ناحیەی ئاغجەلەرە خەڵکەکەی ساڵی (١٩٨٨) خەریکی باخ وباخات و زەرعات و مەرداری بوون، بەپێ ی هەڵکەوتویی شوێنەکەی شوێنێکی زەراعیە ، کاتێك ئەنفالی (١) و (٢) و (٣) دەستی پێکرد ئێمە بەئاگا بوین ئەمانزانی کە سەرکردایەتی گیراوە خەڵکی پاش ماوەی ئەنفالی (١) زۆربەیان رویان لە ناوچەکەی ئێمە کرد پێیان ئەوتین سەرکردایەتی گیراوە ئێوە چی ئەکەن لێرە بۆ نارۆن بۆ شارەکان بەلاَم ئێمە قەناعەتی تەواومان بەوە بوو کە لە شوێنەکەی خۆمان بمێنینەوەو بەهیچ شێوەیەك گوندەکەی خۆمان بەجێنەهێڵین بەجێنەهێشتنی ئەو شوێنەی کە باوو باپیرمانی لەسەر ژیاوە بەجێهێشتنی زۆر زەحمەتە وە دڵنیاشم لەوەی کە ئەگەر رژێم کیمیایی بەکارنەهێنایە ئامادە نەبوین برۆین لە گوندەکەی خۆمان بەلاَم کیمیابارانکردنی گۆپتەپە پشتی مەنتیقەکەی شکاندبوو ورەی خەڵکی روخاندبوو رژێمیش بۆیە گۆپتەپەی کردە ئامانج



چونکە گەورەترین گوندی سنورەکەش بوو ئەو کاتە نزیکەی (٥٠٠)ماڵی تێدابوو بیروڕای خەڵکی وابوو کە ڕژێم هجوممان بۆ ئەکات و بۆماوەی چەند ڕۆژێك دواتر ئەگەڕێتەوە وەکو ساڵی (١٩٨٤) بەلاّم نەمانزانی دوژمنی داخ لەدڵ ئەمجارەیان بەرنامەکەی خەلاس کردنی گەلی کوردو تەخت کردنی گوندەکانەو بردنی پیاوو ژن و منداڵ و کچ و کوڕی بێتاوانە بەرەو شوێنێکی نادیار .

ئەنفال تاوانێکی گەورەبوو بەرامبەر بەگەلێکی بێدەسەلاّت و بێ پاڵپشت و بێکەسکرا ئەوەندە جەرگبڕە قەت لەبیر ناکرێ بەلاّم بۆ لە بیرنەکردنی کەسوکارەکانمان ئەرکی سەرشانی هەموانە بەسەرهاتی ڕابردومان بنوسینەوە بۆ نەوەکانی داهاتومان بیخوێننەوە و بزانن چیمان بەسەرهاتووە لەسەر خاکی خۆمان بۆردومانیان کردین کیمیابارانیان کردین ئەنفالییان کردین هەرلەبەر ئەوەی کە کوردبووین داوای مافی خۆمان ئەکرد لە ڕژێمی داگیرکەر بەلاّم هەقی خۆیەتی لێرەشدا باسی ئەو جاشانە بکەین کە خۆیا فرۆشتبوو بۆ پارەو پول دوای ڕژێمی بەعسی کوردکوژ کەوتبوون دوڵ بە دوڵ بەشوێنی کوردا ئەگەڕان بۆ ئەوەی بیکەنە دیاری دەستیان بۆ ئاغاکانیان وە بڕێك پارە وەربگرن ، ئەوەی جاشەکان کردیان لە ئەنفالدا مەگەر چەپەڵ کردبێتی لە قەلاّی دم دم بەرامبەر خانی لەپ زێڕین کە کانیەکەی بە خیانەت تەسلیم بە دوژمنان کرد بەلاّم خیانەت کردنی جاشەکانی ئێمە زۆر زۆر لەوە گەورەتر بوو من خۆم یەکێك بووم لەوانەی کە جاش لەناو ئەشکەوتدا دەریان هێناوین و پاش جیاکردنەوەمان لەبەر ئەوەی کە منداڵ بووم ئازادیان کردم بەلاّم ئەوانەی تر کە لەگەڵمان بوون و لەخۆم گەورەتر بوون تەسلیم بە جاشیان کرد بەسەرپەرشتی ئەشرەت زێباری تاوانبار و خیانەتکار کە ئەگەر ئەوان پێش جەیش نەکەوتنایە ئەوا قەت قەت جەیش ئەو شوێنەی نەئەزانی بەلاّم ئەوان کون بە کون دوڵ بە دوڵ ئەشکەوت بە ئەشکەوت بەدوای تالاّنی خەڵکی دا ئەگەڕان هەڵەکەش بۆ ئەوان لەبار بوو پێشمەرگەش پاشەکشەی کردبوو لە ناوچەکەدا کاتی ئەوەبوو دەنگ مەکەو با ڕەت بێ ئەوانیش بە هەوەسی خۆیان خەڵکیان ئەدۆزییەوە ، لەناوچونی ئەو هەموو خەڵکە لە ئەستۆی ئەواندایە ، من خۆم یەکێکم لەوانەی کە زیاتر لە (٤٠) کەسم ئەنفالە جگەلەوەی کە مەنتیقەکەمان زەرەرمەندی گەورە بووە لە ئەنفالی (٤) دا لەناوچەی قەلاّ سێوکەو شوان وشێخ بزێنی کە خەڵکێکی زۆر تیاچوون.

**جاشایەتی و کرێگەرتەی چەکداری دزێوترین ڕەفتاری کوردە، نابێت دوبارە بێتەوە**

## حەسەن بەگ :

## بە دوای کوڕەکانمدا چووم کەچی خۆم لە دۆزەخی نوگرە سەلمان دیتەوە.




حەسەن کەریم سەعید لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٣٠ یە و لەگوندی نەوتی سەربەناحیەی قەرەداغ نیشتەجێبوون و هاوسەرگیریشی هەرلەو گوندەدا کردووە هەرلەویش ژیاوە تاساڵی ١٩٨٨ هەتا کاتی پەلامارەکەی ئەنفالی دووی ناوچەی قەرەداغ لە گوندەکەی خۆیاندا خەریکی کاروکاسبی خۆیان بوون، کەبەئاژەڵداری و مەڕو ماڵاتەوە خەریکبوون.

ئەو کاتەی گوندی سیوسێنان و تەکیەو دوکان و بەلەکجاڕ کەوتنە بەر بۆمبارانی چەکی کیمیاوی و پەلاماری ئەنفال تەنگی پێهەڵچنین حەسەن بەگ تەمەنی نزیکەی ٦٠ ساڵی بووە، ئەوان بەهەرسێك براکەی نزیکەی ٣٠٠ سەرێك مەڕو ماڵاتیان هەبوو، وەك سەرچاوەی بژێوی خۆیان پێوە خەریککردبوو، بەڵام ئەنفال ترسێکی گەورە بوو، بۆیە کوڕو برازاکانی بەرەو گەرمیان و خۆشیان وەك کۆی خەلکەکە کەوتنە خۆو هەرچۆنێك بووە لەئەنفالی دوو توانیبویان خۆیان دەرباز بکەن و بەناو تەونی جاڵجاڵۆکەئاسای هێزەکانی سوپاو ئەمن و تەواریدا بگەنە شاری سلێمانی، بەڵام کاتێك هەواڵی ناخۆش دەگەیشتە شار ئەویش ئاگری سۆزی باوکایەتی هەڵیدەگیرسان و بەسۆراخی عەتای کوڕی و برازاکانیەوە بەرەو گەرمیان کەوتووتە ڕێ و لەسەرجادەی گشتی کەلار دەربەندیخان نزیك ئاوە خوێری کەوتووتە دەست سوپاو گیراوە لەوێوە ڕاستەوخۆ براوە بۆ قەڵای قۆرەتوو کەشوێنی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوەکانی گەرمیان بوو، لەویش دوای سێ ڕۆژ مانەوە بردویانن بۆ تۆپزاوا، باش بیری ماوە کە لەقەڵای قۆرەتوو جیایان کردوونەتەوە پۆلێك پیاوی پیرەمێرد بوون و بەسێ سەیارەی سەربازی ڕەوانەی تۆپزاوایان کردوون، پاشئەوەی ناویان دەنوسن و هەموو شتێکیان لێدەستێنن، تەنانەت هەموو بەتانی و پێخەف و کەلوپەلی ئەنفالکراوەکان کۆکراونەتەوە، هەرلەوێ پۆلێن دەکرێن لەتەمەنی ٥٠ ساڵیەوە تا حەفتا ساڵی جیایان دەکەنەوە و لەهۆڵێکدا دەیانهێڵنەوە و دوای سێ ڕۆژ بەرەو نوگرەسەلمان بە (٩) پاسی سەربازی سەرداپۆشراو کە هەریەکەیان سەربازێکی تێدابوو بەچەکی کلاشینکۆفەوە بە ڕێگایەکی دوورودرێژدا بەڕێدەخرێن، حەسەن بەگ دەڵێت: دوانیوەڕۆیەك بەڕێخراین و بەیانی گەیشتینە تۆپزاوا ئیتر لەوێ هەڵیان ڕشتین بەڕەزالەت ماینەوە هەتا سێ مانگونیو دەستبەسەرکراین، دوای ئازاردانێکی دەروونی بەردراین.

لەگێڕانەوەی حاڵی خۆیاندا حەسەن بەگ بەزەردەخەنەیەکەوە ڕوی تێکردم و ئینجا سەرێکی ڕاوەشاندو گووتی: کوڕە چیت بۆباسبکەم ناگێڕدرێتەوە نازانم چۆن ماوین و چۆن هاتووینەتەوە ..!! بەدوو ڕۆژ چوار صەمونیان دەداینێ لەگەڵ ئاوێکی سوێر کە بەتەنکەر دەیانهێنا و ئێمەش بەتەنەکەو قوتوو وەرماندەگرت، بەشی نەدەکرد مەجبور بووین ئیدارەی پێبکەین. ئەوەی لە یادەوەری حەسەن بەگدا هێشتا زیندووە، مردنی ٩ کەسی ئەنفالکراوە کەبەیانی

هەستاون ئەو دیمەنە زۆر ترسناك بووە، هەروەها لێدانی پیاوێکی بەندکراو بووە بەناوی عەزە برەو هەڵواسینو بەستنەوەی یەکێکی تر بووە بەناوی شێخ حسێنی تەکیە لەبەر قرچەی گەرمادا. ئەم دیمەنانە هەتا ئێستاش لەیادەوەری ئەم پیرەمێردە ئەنفالکراوەدا زیندوونو وەك خۆی دەڵێت: دوای بیستو سێ ساڵو بەو تەمەنە هەڵکشاوەوە لەبیری ناچنەوە . سەبارەت بە سەگەرشەکانی نوگرسەلمانو خواردنی تەرمی ئەنفالکراوەکان مام حسەن دەڵێت: من بەچاوی خۆم نەمبینیوە سەگ تەرمەکان بخوات بەڵام باسیان دەکرد ، ئەوانەی دەچوون بۆ ناشتنیان ئەوەیان باس دەکرد ، زۆریش حەزم دەکرد بچم بۆناشتنی تەرمەکان بەڵام نەیاندەهێشت بچم دەیانگوت تۆپیریتو ئەوکارە بەتۆ ناکرێت منیش حەزم دەکرد بچم جارێك دەرەوە ببینم .

پاش سێ مانگو نیو مانەوەی لە نوگرسەلمان دوای لێبوردنە گشتیەکەی رژێمی عێراق، حسەن بەگو کۆمەڵێك لەهاوتەمەنە بەندکراوەکانی دووەمین پۆل بوون کە شەوێکی مانگی ئەیلول سەعات هەشت خرانە سەیارەی سەربازییەوە لەدەرگا گەورەکەی نوگرسەلمان هاتنە دەرەوە بەرەو شاری سەماوە هاتن ئەو شەوە لەوێ مانەوەو بەیانی هێنانیانەوە بۆ تۆپزاواو لەوێش تەنها شەوێك مانەوەو ئینجا بەرێخرانەوە بۆ سلێمانی، لەسلێمانی لە یاریگای سەرەکی شار دایانگرتن، بەڵام پیاوانی رژێم دووبارە حسەن بەگو کۆمەڵێك خەڵکی تریان بەپێی پۆلێنکردنێك خستەوە ناو سەیارەو بردبوویانن لەبازیان هەڵیان رشتبوون، بەڵام حسەن بەگ دوبارە سواری سەیارەیەك بووەو هاتبووەوە بۆماڵەکەی خۆی لەشاری سلێمانی کەلەسەردەمی ئەنفالدا پێکیەوە نابوو بەڵام تەنها ١٥ رۆژی تێدا رۆژ کردبووەوە کە بەسۆراخی کوڕەکانیەوە رۆیشتبوو بۆ گەرمیان، بەڵام ئەو رۆیشتنە سەفەرێکی پرلەگریوگۆڵو پڕلەمەینەتی بوو، سەفەرێك بۆ سۆراخی کوڕەکانی بوو بەڵام ماوەی سێ مانگو نیو بەبێ سۆراخ مایەوە.

مام حسەن بەنیگەرانییەوە ووتی: هەتا ئێستاش کەس لێی نەپرسیووم، زۆر حەزم دەکرد حکومەتی کوردستان گوندەکانی ئاوەدان بکردایەتەوەو منیش بچوومایەتەوە بۆ گوندی نەوتی، بەڵام نەمتوانی ئەو ئاواتەم بەدی بهێنم.





تابلۆکانی هونەرمەند : فرانکویس رۆبێرت

## کاوە رەشید حەمە صالح :
## کەخاڵم لەکۆمەلکوژیەکەی بیابان گەرایەوە بەناراستەوخۆ پێی گوتین چیتر چاوەروانی ئەنفالککراوەکان مەکەن.

کاوە رەشید حەمە صالح، کە ئێستا لە ناحیێی رزگاری دادەنیشێت، لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٤ی گوندی بنەکەیە. تاکەدەربازبووی خانەوادەیەکی شەش کەسییە، هەرچەندە کەم خوێندویەتی بەلاّم خویندەواریەکەی باشەو بەردەوام رۆژنامەو گۆڤارەکان دەخوێنێتەوە.

ئەنفالکراوەکانی خانەوادەکەیان بریتین لە: دایك و بواکی ( جەواهێرئەحەمەد محمەدو رەشید حەمە صالح، خوشکەکانیشی شیرین،شنۆ ، هەروەها برایەکی بەناوی دلێر بەهەموویان ٥ کەس لەخانەوادەکەی خۆی ئەنفالکراون. هەرچەندە کاوە کورێکی خۆراگرو مرۆڤێکی پڕلەسۆزەو ئێستا باوکی ٥ منداڵەو خێزانێکی سەرکەوتووی پێکەوە ناوە، بەلاّم کاریگەریەکی زۆری ئەنفالی بەسەرەوەیەو هێشتا خۆی بەقوربانی ئەنفال دەزانێ.. چونکە ماوەیەکی زۆر بەمەینەتی ژیاوەو رۆژگاری رەشی ئەنفالو خەمساردیو بێباکی دەسەلاّتی خۆماڵی کاریگەرییەکی دەرونی زۆریان بەسەر پێکهاتەی کەسایەتی کاوەوە بەجێهێشتووە. کاوە هەتا ئێستا ئاواتەخوازە تەرمی کەسوکارەکەی بۆبهێنرێتەوە خۆزگەدەخوازێت کە سەرکردەکانی کورد کاتێك ١٩ خالیان خستەبەردەمی نوری مالکی بکرایەتە ٢٠ خاڵویەکێکیان هێنانەوەی تەرمی ئەنفالکراوەکان بوایە بۆئەوەی ئەوانیش ئیسراحتیان بکردایە.

کاوە رەشید تاکە دەربازبووی خانەوادەیەکی قەرەباڵغی خەلکی بنەکەیە گوندەکەیان گەورەترین گوندی ناوچەی گەرمیانبوو، لەپەلامارەکانی ئەنفالی سیدا خەڵکێکی زۆری بێسەروشوێنکرانو خەڵکەکەی تریشی هەتا ئەمرۆ بوونە قوربانی، ٢٦٤ کەس لەگەنجو پیروژنو منداڵ کە لەناویاندا هەموو ئەندامانی خانەوادەکەی کاوەی تێدایە بێسەروشوێنن، ئەوەی لەبنەکە بووەتە دیاردە مانەوەی تاکە کەسێکە لەخانەوادەیەك. هەڵبەتە پێش ئەنفالیش چەند جارێك لەلایەن رژێمەکانی دەوڵەتی عێراقەوە بەرپەلامار کەوتووەو زیانی ماڵیو گیانی بەرکەوتووە.



کاوە رەشید لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٤ ە تەمەنی چواردەساڵ بووە کەپەلامارەکانی ئەنفال گەیشتە سەرگوندەکەیانو هەموو خەلکی ناوچەکەیانی راپێچی تەنوری کۆمەلکوژی ئەنفالکردووە، کاوە ئەوەی بیرە کەحکومەت بانگهێشتی کردوون بۆسەر ژمێری گشتیو وتوویەتی ئەوەی نەیەتەوە ئەوا بەعێراقی حساب ناکرێن، بەلاّم کەس نەچوو بەدەم داواکەیەوە لەبەر ئەوەش کەس نەچوو، نەدەچووە عەقڵەوە حکومەت بەو شێوەیە پەلاماربداتو لە توانای پێشمەرگەدا نەبێ بەرپەرچی بداتەوە، بەلاّم هێرشی ئەنفال جیاوازبوو، بەلاّم ئەوجارە لەتوانای هیچ هێزێکدا نەبوو پێش بە لەشکری ئەنفال بگرێت، پێشتر پێشمەرگە بەرپەرچیان ئەدایەوە کاوە وای بۆ دەچێت کەوا لەدەوروبەری ٥ ی نیساندابووە ئەنفالکراون. لەهەموولایەکەوە هێرشەکانی دەستپێکردبوو، لەنەوجولو دوزخورماتووەوە لە تیلەکۆوە لە قادرکەرەمەوە لەکفریو کەلارەوە هەروەها لەباوەنورو مەیدانەوە بەرەو شێخ تەویلو بەکربایەف لە هەموو قۆڵەکانەوە هێرش کرایە سەر گەرمیانو گوندی بنەکەش یەکێك بوو لەو گوندانەی بووە ئامانجی وێران کردن.. ( بنەکە ببووە ئامانجی تۆپەکانی سەرقەلاّی کفری) ئەمە قسەی کاوەی تاکەدەربازبووی ئەنفال بوو. کاوە درێژەی بە قسەکانی داو ووتی: ئیتر خەڵکەکە

لەدوایو عەزیز قادرەوە هات بەرەو ناوچەی جاف و بەگشتی لە مللە سورە کۆبوونەوە.

**بەهارلەگەرمیان یادەوەری تاڵی بەجێهشتووە.**

دوای ئەنفالەوە بەهاربۆگەرمیانیەکان بووەتە یادەوەرییەکی تاڵ، کاوە وەکو زۆربەی گەرمیانیەکان لەبری ئەوەی چێژ لەجوانی بەهاربببینێت لەو مانگەدا یادەوەرییە تاڵەکان ئازاری دەدەنو رۆژانی سەختی ئەنفالو دەستگیرکردنی دایكو باوكو براو خوشکەکانی بیردەکەوێتەوە.ئەمە کاوە باش بەبیری دێت کەخەڵکەکەلەترسی کیمیاوی تۆقیبوون چونکە هەواڵی کۆمەڵکوژی هەڵەبجەوسیوسێنانی بیستبوو، دەنگوباسی ناخۆشی پەلامارەکانی ئەنفالوسورانەوەی کۆپتەر بەڕاسەرەوەودڕندەییو نامەردیجاشو ئەفسەرانی سوپا تەواوگەرمیانیەکانی شپرزەکردبوو، پێدەچوو عەلی حەسەن مەجیدیش توند ڕەفتارترین ئەفسەرانی بۆپەلامارادنی ئەنفالی گەرمیان هەڵبژاردبێ، لەوانە بارق حاج حنتە روڵێکی زۆرنامەردانەودراندانەی بینیو جاشەکانی حەمەی ئەحەفەراشو فەوجی ٣٥و جاشەکانی تری ناوچەکە تەواولەیادەوەری کاوەدا ڕەگیان داکوتاوە، ئیترلەگەڵ شپرزەبی خەڵکدا کەسوکاری ئەویش کەوتنە خۆوپێیان گوتبووتۆ چاوت لەمەڕومالاًتەکەوە بێت، بەڵکو ئیمە بچین سۆراخێك بکەینوخۆمان بکەین بەناوئۆردوگای صموددا بەڵام هەرئەورۆیشتنەبوو.

ئیترکاوە چاوی بەکەسوکارەکەی نەکەوتووەتەوەوخۆشی ماوەی ٩ شەو لەو جەوەڵانەی گەرمیانەدا بەترسو لەدڵەڕاوکێدا ماوەتەوەو چاوەڕاوانی فریاد ڕەسێك بووە لەرۆژی حەشری ئەنفال رزگاری بکات،

ساڵی ١٩٨٨ هەرنەهامەتی نەبوو بۆ کەسە تەنیاکەوتووەکانی وەکو کاوەوعەلی گوندی بنەکە، بەڵکو نەهامەتی بوو هەموو کورد ، بەو موستەشارانەشەوە کەهەتائەمرۆ بەپلەوپایەو موچەی بڵندەوە بەڵام بەسەری شۆڕەوە دەژین. ئیتربەناچاری ئەوانیش هەر بەڕانەمەرەکانیانەوەخۆیانکردووە بە نێو حەشاماتی ماڵێتێکچووی مللەسورەدا، لەوێ فەرماندەی سرێیەکی جاش بەناوی عەباس جەیران کە سەربەفەوجەکەی سەعید جاف بووە پێی ووتوون برۆن خۆتان بشارنەوە چونکە ئەمجارە حکومەت نیازی خۆی دەربازبکات ئیتر دەچنەوە بۆناوچەکانی خۆتان یان خۆتان دەکەن بەشارەکانندا ئەوە خۆتان دەیزانن لەڕاستیدا خەلکێکی زۆر سودی لەوقسانەی عەباس جەیران بینی، کاوە ووتی: تەنانەت باوکم بەقسەی عەباس جەیران گەرایە دواوە ئەوەبوو لەگەڵ دایکمو خوشكوبراکانمدا رۆیشتبوون بەدزی جەیشەکەوە خۆیان بکەن بەصمودا، بەڵام گەرابووەوە ووتبووی من شارەزای ڕیگاکە نیم ئەترسم بەسەر رەبایەیەکدا بکەوومنداڵەکانم بفەوتێن، ئەمە بابای بۆی گێڕابووەوە.

وتی: هات بۆ صمود من لەماڵی خزمێکمان بووم ئەوەی بۆگێرمەوە ووتی: ئەوان خۆیان رادەستی سوپا کردو سواری زیلی عەسکەری کران، ئیتر برابوون بۆ قۆرەتوو لەدوای سێ رۆژ بارکرابوون بۆ تۆپزاواو ئیتر رۆیشتنو نەبینرانەوە. خۆ نازانین چۆن کوژرانو چۆن مردنو چییان پێکریاو لەکوێ نێژران.

ئیمەلەوجەوەڵانەداچاوەڕوانی فریاد رەسێك بووین، باوام ( حەمە صالح عەلی ) باوکی باوکم هات بەدەممانەوە، رۆیشتین بەرەوصمود بێئەوەی ریگا شارەزابینبەلاًم کەنزیك بووینەوە توشمان بوو بەپیاوێکی زۆرباشەوە لێمان هاتە پێشەوەو وتی: کاکە ئەوە بۆکوێ دەچن ووتمان غەریبینوهیچ کوێ شارەزانین، ئەوپیاوە بۆمان بووە فریاد رەس، بردینیە ماڵی خۆیان خۆمانو ماڵاتەکەش، من هەتا ئەمرم مەمنونی ئەوپیاوەم هەتا ئێستاش عەودالم بیدۆزمەوە زۆرهەواڵی دەپرسم نایدۆزمەوە، چونکە بەڕاستی هاوکارییەکی چاکی کردین. هەرئەوشەوە قەصابێکی هێنا مەڕەکانمان،

پێفرۆشت ئیمە زۆرمەمنون بووین چونکە خواخوامان بوو مالاتەکەمان لەکۆڵ بکەینەوە،نزیکەی ٣٠ سەرئاژەڵمان پێبووهەموویمان فرۆشت بە٢٠٠٠ دوهەزاردینار، ئەوەش بۆ ئەوکاتەوئەو وەزعەنالەبارە بۆئیمەزۆربوو، ئیتربابام چووبۆماڵی برایەکی لەشاری کفری‌ومنیش لەصمود لەماڵی خزمێکی خۆمان مامەوە دوایی ڕۆیشتم بۆلای پورم لەدوزخورماتووماوەی ساڵێك لەوێ لەماڵی پورەلەیلام مامەوە( لەیلا حەمەصالح عەلی) خوشکی باوکم بوو ئێستا لەلای خۆمە لەصمود.

لەبەرئەوەی باوکم بەمندالی مواليدەکەمی گەورە نوسیبوو ناوم هاتەوە بۆسەربازی ماوەی شەش مانگێك سەربازیم کرد لەمەرکەزتەدریبی سلێمانی، ئەوەناخۆشترین کاتم بوو، بەتایبەتی کەهاوڕێکانم بەمۆڵەت دەهاتنەوە، من لەوێ هەرلەسەربازگەکەدا دەمامەوە لەبەرئەوەی شوێنم نەبوو، ماڵم نەبوو، ئیتر بۆچی‌و بۆکوێ بهاتمایەتەوە ؟

کاوە بەنیگەرانییەکی زۆرەوە باسی ژیانی پڕلەخەم‌ومەینەتی رابوردووی خۆی بۆ ئەنفالستان گێڕایەوە، ڕێك و ڕەوان ئەوەی گووت: ئەگەربۆئەنفالستان نەبوایە،هەرگیز قسەم بۆنەدەکردی چونکە ئێمە ئەوەندەمان چەشتووە، زوڵمە بازرگانی بەچیرۆکەکانمانەوە بکرێت،درێژەی بەقسەکانیداو وتی: من منداڵێك بووم تەنیاکەوتبووم، لەچاوەروانی هاتنەوەی دایك‌وباوك‌و خوشکەکانمدا، بێ سەرپەناو بێ کارو بێ پارەمابوومەوە هیچ کەسێکی نزیکم نەمابوو، ماوەیەکی زۆر لەماڵی مامێکی باوکم مامەوە، ئەو رۆژگارانەم بەزەحمەت تێپەڕین‌و ژیانم زۆر ناخۆش بوو، هەرچەندە لەگەڵم باشبوون بەڵام ئینسان لەماڵی خۆیدانەبێت ئارام ناگرێت، ووتی: بروا بکە کەس وەکو منی لێنەقەوما بوو کەسم نەمابوو، نەتەمەنم بەکەڵکی کریکاری دەهات‌و نەکارێکیش هەبوو بۆمن بشێت، ژیانی ناخۆشی من..هەرگیز لەگێرانەوە نایات.

## کە گوێم لە وشەی دایك دەبێت موچڕکەم پێدادێت.

هەتا ئێستاش کاوە حەزناکات هیچ کەسێك لەبەرامبەریدا بانگی دایکی خۆی بکات، چونکە هەرکەس بانگی دایکی بکات ئەو موچوڕکە بەگیانیدا دێت.. ئەمە قسەی کاوەی تەنیاکەوتووی دوای ئەنفالە.

وەنەبێ کاوە تەنها خانەوادەکەی بەپەلاماری ئەنفالکەوتبن نەخێر ئەوچەندین کەسی تریشی بەر کۆمەڵکوژی ئەنفال کەوتوون، دایکی خوشکی حەمەعەلی عالیان بوو ئەوپیاوەی لەکۆمەڵکوژی حەزەربەمەینەتیەوە گەرایەوەو لەکوردستانیش لەشەڕی ناوخۆی حزبەکاندا کوژرا..ئەو ئەنفالکراوەی بەتەنها بووە مایەی شەرمەزاری‌ودەرخستنی هەژاری‌و کلۆڵی نەتەوەیەکی ئەنفالکراو.کاوە زۆر نیگەرانە لەوەی خەڵکانێك بەسەردەکرێنەوەو دیداریشیان لەگەڵدا سازدەکرێ بێ ئەوەی کەسێکی نزیکیان ئەنفالکرابێ ..؟ ئەمە یەکێکە لەونیگەرانیانەی کاوە .

ناخۆشترین یادەوەری‌کاوە ئەوکاتەیە کەبەزۆر راپێچی خزمەتی سەربازی کراوە، " وەرە سەرباز هەموو کەسوکارت ئەنفال بکەن‌و هۆشت ببیتە سەرباز..! ئەمە کۆستە کەسەربازەکانی تر لەمۆلەت دەگەڕانەوە ناوساجی‌وخواردنیان لەگەڵ خۆیان دەبرد ، ئیتر کاوە دەکەوتە بیرکردنەوەی دایك‌وخوشکەکانی‌وبەناچاری لەوکۆڕی نانخواردنانەش دورکەوتووەتەوە " دەچومە دەشتەوەو بۆخۆم دەگریام" ئەوەو دەیان یادەوەری تاڵ کەهەرگیز لەبیرم ناچێتەوە.ئەمەقسەی کاوەی تاقانە کەوتووی ئەنفال بوو لە ئۆردوگای رزگاری، کە بۆ ساڵنامەی ئەنفالستانی گێڕایەوە. نیگەرانییەکی تری کاوە کەمی خوێندەوارییەتی هەرچەندە باش دەتوانێ بخوێنێتەوە بەڵام لەبەرئەوەی حکومەتی بەعس بەبریارێك

هەمووخزمەتگوزاریەکانی لەگوندە قەدەغەکراوەکان کێشایەوە، لەوانەمامۆستاوقۆتابخانەکانیش کەبووە هۆی خستنەوەی توێژیکی بەرین لەمندالانی ئەوسەردەمەی گوندنشین. کاوەسەرباری ئەوەی پابەندە بەئاینی ئیسلامەوەو نوێژ دەکات بەلام تا پەلامارەکانی ئەنفال هەرگیز ووشەی ئەنفالی بەرگوێ نەکەوتبوو. ئەویش وەکو زۆربەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان تا ساڵی ٢٠٠٣ یش هەرچاوەڕوانی هاتنەوەی ئەنفالکراوەکان بووەو لەدوای دەرکەوتنی گۆڕەبەکۆمەڵکان ئیتر لەگەڕانەوەیان نائومید بوو .

## هەتا شەهیدبوو ریشی نەتاشی :

حەمە عەلی عالیان ئەو پیاوەی کەدەربازبوویەکی گۆڕی بەکۆمەڵی ناوچەی حەزەری پارێزگای موصل بوو بەهەرمەینەتیەک بووە توانیبووی خۆی دەربازبکاتو بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، ئەو کەکۆمەڵکوژییەکەی ئەنفالی بەچاوی خۆی بینیبوو، جاربەجار پرسیاری لە کاوە کردووە : ( خاڵۆ تۆ چاوەڕوانی دایکتو باوکت دەکەی ؟) کاوە بەخەمباریەکی زۆرەوە ووتی : خاڵۆ ە لەوێ هەموو شتێکی بەچاوی خۆی بینیبوو جاربەجار لێمی دەپرسیو دەیگوت: خاڵۆ (جاهەر پێمی دەگوت خاڵۆ ) تۆ چاوەڕوانی کەسوکارەکەت دەکەیت ؟ کە دەگوت بەڵی چاوەڕوانیان دەکەم دەیگوت خاڵۆ چاوەڕوانیان مەبە، ئەو بە وردی هەموو شتێکی بەمن نەوت رەنگە لەبەرئەوە بووبێت کە مندالّ بووم.. بەلام لە چاوی خالۆمدا هەموو شتێکم خوێندەوە هەمیشەخەمباربوو شەهید بوو ریشی نەتاشی .

کاوە لەوەلامی ئەو پرسیارەدا بۆ ئەنفالستان دواو ووتی: زۆر جار زۆربەی کاتەکان خەون بەدایکمو باوکمو هەموویانەوە دەبینم بەتایبەتی دایکم زۆرجاردێتە خەونم. زۆرجاریش خزمەکانم پێیم دەڵێن: دایکت هاتووەتە خەومانو یژێ بەکاوە بێژن با بێت سەرم لێبدات منیش دەچم بۆسەر گۆرستانەکەی دێبنە ێزم بلێی یەکێك لەوتەرمانە دایکم بێت ..؟

## هەرگیز ناچیٚ بۆ پرسەی جاش وموستەشارەکان

کاوە دەڵێت هەرگیز ناچم بۆ پرسەی جاش وموستەشارەکان، ئەمەش وەکو رقێك نا بەلکو ئەخلاقم ریگەم نادات، کە خەلکانێك بوونە باعیسی گرتنی هەزاران مرۆڤی بێتاوانی وەکو دایكوباوكوخوشكوبراكانی و بێسەرو شوێنکران و هەتا ئێستاش نازانن گۆڕیان لەکوێ یە..؟ حزناکەم بیانبینم پرسەی چی ؟ ( ئەمە قسەی کاوەی تەنیا کەوتووی ئەنفالە) .

سەبارەت بەیادکردنەوەی ئەنفالکراوەکان قسەی خۆی هەیە، ئەو پێی خۆشە بەجۆرێك یاد بکرێنەوە کەشکۆی راستەقینە بۆ ئەنفالکراوەکان بگەرێتەوەو لەمرۆتین دەربچێت، سەبارەت بەپێشنیارەی ئەنفالستان کە لەو رۆژەدا سەربرین و گۆشت خواردن قەدەغە بێتو بکرێتە رۆژی سەرنەبرین و خوێن رشتن ووتی: هەر زۆر زۆر جوانەو بەتەواوی پشتگیری لێدەکەمو بریار بێت من پەیرەوی بکەم . هەروەها پشتگیری ئەوەش دەکات کە خەلك بەپێی وەك رێو رەسمێك بچنە یادی ئەنفال.

سەبارەت بەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان تاچەندە رێزی لێگرتوون کاوە پێی وایە وەکو پێویست نیە، هەقوابوو ئەوەندە رێز لەکەسوکاری ئەنفال بگیرایە خەلکانی ترئاواتیان بخواستایە کەسێکیان ئەنفال بوایە، ئەوسەرباری ئەوەی لەمامەڵەی کارمەندانی بەرێوەبەرایەتیەکانی وەزارەتی شەهیدانو ئەنفال رازیەو هیچ گلەییەکی لە مامەڵەکردنیان نیە، زۆریش سوپاس گوزاری چەند کارمەندێکە لەوبەرێوەبەرایەتیانە لەوانەش مامۆستا کامەرانو شادان خانو کاك بەیان لەبەرێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان . بەلام دەڵێت: دەبوایە حکومەت پلانی هەبوایە بۆنمونە موچە وەرگرتنی مانگانە دەکرا بەمیکانیزمێکی ئاسانتر بوایە

بەتایبەتی بۆ پیروپەکەوتووەکان کە زەحمەتێکی زۆر دەکێشن. پیرەژنی وایە هەیە بەکۆڵ دەیبەن بۆ موچە وەرگرتن بۆیە دەکرا لیژنەیەك پێکبهێنرایە بۆئەو کەسانە.. ئەمە کارێکی قورس نیە دەکرێت ئەوکەسانە موچەکانیان بۆ برێتەماڵەوە.

کاوە ئەولێبوردنە گشتیەی بەرەی کوردستانی، سەبارەت بەتاوانی ئەنفال بەباش نازانێتو دەلێت : تاوانبارانی ئەنفال مافی خەلکیان بەسەرەوەیەو هەقە بچنە بەردەمی دادگاو ئێمەش بەبریاری دادگا قایلین. ئەوپێی وایە ئەگەردادگایش بکرێن لە هەرێمی کوردستان نەبێت ، لەبەر ئەوەی دادگایەکی دادپەروەرو عادل بێتو نەبێتەوە بەواستەو واستەکاری کیٚ تاوانبارە با سزای خۆی وەرگریٚ

لەکۆتایشدا ووتی ئەمە یەکەمین دیدارمە لەبارەی ئەنفالەوە دلنیابە ئەگەر بۆئەنفالستان نەبوایە ئامادەی قسەکردن نەدەبووم بەلاٚم من ئەنفالستانم خۆش دەویٚو ژمارەکانی تریشیم خویندووەتەوە.

## قوربانیە شاراوە کانی تاوانی کیمابارانی هەڵەبجە.

**هەورامان عەلی**



گوردانیشوان (تیپیشوان) یەکێك لەچالاکترین پێشمەرگە ئازاوبوێرەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بوون، کە لەکاتی کیمیابارانەکەی هەڵەبجەو دەشتی شارەزوردا بارەگایان لە بیارەبوو، لەکاتی پاشەکشەدا زۆر بەیان بەرچەکی کیمیاوی کەوتبوون، کاتێك لەکەناری ئاوی سیروان بوون لەلایەن هەزاران پاسدارو هێزەکانی فیلەقی بەدرەوەگەمارۆدران، " بە هیلاکەتیو برینداراەوە شەڕیان بەسەردا سەپا، سەرەنجام دوای شەرێکی قارەمانانە ٥٨ کەسیان هەرلەو شەڕەو بۆردومانی کیمیایی گیانیانبەختکرد " خالّی لاوازی پێشمەرگەکان ئەوە بوو پێشتر بەگازی کیمیاوی ئالّودەببوون لەو ژمارەیە تەنها ٢ کەسیان بە ناوەکانی "جەلالی کاکی فەرەجو نەسرین یرەمەزان عەلی ڕزگاریان بوو ئەویش هەرچۆنێك بووەخۆیان تێکەڵی خەڵك کرد بوو ".١٢ کەسیشیان دیلکران، دوایی بە فەرمانی راستەوخۆی خومەینی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ هەزاران زیندانی دیکە لەقەتلوعامی سالّی ١٩٨٨گوللەبارانی کردن، لەو تاوانەدا بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەلکی کوردسانی رۆژهەلات ٧٠ پێشمەرگەوکادری لە دەستدا.



# گەرمیانیەکی تر خواردنی خەیاری لەخۆی حەرام کرد

پاشئەوەی ژمارە (٧)ی سالنامەی ئەنفالستان بلاوکرایەوە تیایدا نوسینێکی کازم جەباری خویندبووە مەلا رەحیمی مەلارەشیدی سەرقەلا لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پێی راگەیاندم ئەوە منیش وازم لەخواردنی خەیارهێنا. چیرۆکی وازهێنانی خواردن لەخەیار دەگەرێتەوە بۆ دایکی منداڵێکی ئەنفالکراو لە کەمپی دوبز کە ژن‌ومنداڵە ئەنفالکراوەکانی ناوچەی گەرمیان‌و چەمچەماڵی تێدا بەندکرابوون، نەبات قایەق دایکی دوو منداڵی ئەنفالکراوبوولەکەمپی دوبز لەکاتێکدا کچە ٦ ساڵانەکەی بەناوی ( شارۆ) نەخۆش دەبێت بەدەم نەخۆشییەوە بۆ خەیار دەکروزێتەوەو خەیاریش لەزیندانی بەعسیان‌و بەتایبەتیش لەزیندانی تۆپزاوو دوبزو نوگرەسەلمان لەمەحاڵیش مەحاڵتربوو، ئیتر کاتێك نەبات فایەقی دایك دەبینێ وا منداڵەکەی تاکێك نەعلی سەوزی منداڵانەی خستووەتە دەمییەوەو بەخەیاڵ‌وتاسوقی خەیارەوە دەیجوێ، دوای ئەم دیمەنە دەستدەکا بەهاوارو عەسکەرەکان دێن پەلی منداڵەکە دەگرن‌و دەیبەن. لەوساتەوە ئەمە بووەتە گرێیەکی گەورە لەلای نەبات فایەقی دایکی، پێشتریش لە کتێبی شایەتحاڵەکانی ئەنفالدا ئەوەی راگەیاندبوو کە " خواردنی خەیاری لەخۆی حەرامکرووە" شایانی باسە نەبات هەمان قسەی بۆ کازم جەباری دوبارە کردبووەوپاشئەوەی مەلارەحیمی سەرقەلا ئەم چیرۆکە لەژمارە ٧ی ئەنفالستاندا دەخوێنێتەوە لەپەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا راگەیاند ئەوە منیش هەتا مردن خواردنی خەیارم لەخۆم خەرامکرد.

**چالاکوانانی ئەنفال مەرجە خەڵکانی دامەزراو زمان شیرین‌و عەقڵانی بن، کەسانی دەمارگیرو توند رەفتار ناتوانن تاوانی ئەنفال بە جیهان بناسێنن**

## ئەحمەدعەلی :

# مللە سورە ڕۆژی حەشر بوو ڕێك لە عاشورا دەچوو .

ئەحمەد عەلی خەڵکی گوندی بەکرەشەلی سەر بەناحیێی سەرقەڵایە، لەپەلاماری ئەنفالدا خەڵکێکی زۆری ئەنفالکراوە خانەوادەکەی ئەحمەد دایکیو دوو خوشکیو دوبرای لەپەلاماری ئەنفالدا لەلایەن هێزەکەی بارق حاجی حنتەوە گیراونو هەتا ئێستا بێسەروشوێنن، ئەحمەدو زێنەب دەربازبووی ئەو خانەوادەیەن، هەرچی ئەحمەدە پێی وایە ئەنفالکراوەکان کەسیان لەژیاندا نەماون، لەوەڵامی ئەوپرسیارەدا کە ئایا بەکرەشەل چەند جار بەر بۆمیبارانی رژێمەکانی عێراق کەوتووە ووتی : لەساڵی ١٩٦١ وە پێشئەوەی من فام بکەمەوە دایکمو باوکم بۆیان گێراومەتەوە کە زۆرجار بەرپەلاماری فرۆکەو تۆپبارانی سوپا کەوتووە، لەوەتەی خۆشم بیرم دێت ماڵمان دەسوتیٚو خانوومان دەرمیٚو ئێمە دروستی دەکەینەوە، لەوەتای من هەم گویم لەباوکم بووە رۆڵە ئەمە خشتی ساڵی ئەوەندەیەو ئەوە دەرگای ساڵی ئەوەندەیە حکومەت سوتاندوویەتی.

ئەو ڕۆژەی ئەنفال گەیشتە گوندەکەیان ئەحمەد لەگەڵ دایكوخوشکە ئەنفالکراوەکانی نەبوو، لەبەرئەوەی پێشمەرگە بوو، ئەوان لەگوندی ئۆمەربل دراوسیٚ دامەزرابوون، وەك پێشمەرگەیەکیش بەشداری شەری بە ناوبانگی ئۆمەربلی کردووە، بەڵام شەڕی ئەمجارە وەکو ئەوەی ساڵی رابووردوو نەبوو کەپێشمەرگە لەئۆمەربل سوپای بەعسیان هەراسان کرد بوو، شکاندبوویانو بەزیانێکی زۆرەوە گەرایەوەو چەندین تانكوشۆفڵی بەحیٚهێشت، ئەحمەد عەلی دەلێت: سەرباری ئەوەی پێشمەرگەیەکی زۆری یەکێتیو سۆسیالستو شیوعیو هێزی بەرگری لەئۆمەربل سەنگەریان لەهێزە زەبەلاحەکەی بەعس گرتبوو بەڵام سەرئەنجام ناچاربوون



پاشەکشیٚ بکەن، بۆ گوندەکانی توکنو عەزیز قادر ئیتر ئەو لۆژیکە هاتەپێشەوە (ئایا ولآت شیرینە یان کەس شیرینە) ئەحمەد ووتی: بەداخەوە، باسێکی تاڵو ناخۆشە.

### قیامەتی مللەسورە:

ئەحمەد بۆ ئەنفالستان دواو ووتی: لەدوای پاشەکشیٚ گەیشتینە گوندی عەلەیانو لەویٚ وتیان بارودۆخەکە زۆرخراپەو بەرگری ناکریٚ، سوپا هەمووناوچەکەی تەنی بوو هەموو بناری گلی گرتبوو کۆپتەر دەسوڕایەوە، رۆیشتم لەهەوارە قوڵە دایکمو ئەوانم دۆزییەوە، دنیا شێواوە وەك ڕۆژی حەشروایە لەگوندی پەلەوشك مەکینەیەکی ماڵی فەتاح حەمەی عەلی سێقران هات( ئێستاش زۆر مەنونیانم) کە دایکمیان هەلگرت دایکم تەمەنی هەبوو



لەدایکبووی ١٩٤٥ بوو، نەخۆشی شەکری بوو، رۆیشتین گەیشتینە ملەسورە . ئیتر دەڵێن ڕۆژی حەشر، ڕۆژی حەشر بوو، لەتەلەفزیوندا عاشورا دەبینین

ڕێك وەك ئەو ڕۆژە خەڵك کۆببووەوە ئیتر هەر خەڵك بوو دەهات بەناو یەکدا لەهەموو لایەکەوە خەڵك ئەهاتو خۆی ئەکرد بەناو مللسورەدا، ئیتر ئەو خەڵکە بەماڵاتیەوە بە مەکینەو تراکتۆرییەوە کۆببونەوە ئەو شەوە ماینەوە باران دایکرد ئەوەندەی تر سەری لێمان شێواند .

## ئە حمەد چۆن دەربازی بوو

لەدرێژەی باسەکەیدا ووتی محمدی مامە تۆفیقم شارەزابوو وتی: هەرچۆنێك بێت ئەمشەو خۆمان دەکەین بەناو( صمود ) دا [7] ڕۆیشتینە بانەکە لەوێ مامەم و دولبەر خوشکمو (بەیان) ئەم خێزانەم کە ئەوسا نەم هاوردبوو توشهاتن مامەم ئەگریا دڵیمدایەوە ووتم: خواکەریمە ئەویش ووتی: ڕۆڵە ئەمە بەشی ئێمەیە وا هەموو ڕەمەزانێك لێمان دەقەومێ مانگی ڕەمەزان بووە یان دوو ڕۆژی ماوە بۆ ڕەمەزان . ئیتر شەو لەنێوان ئەو ناوچەیەی کەئێستا شریکەی نەوتی لێیە ماونەتەوەو لە تەکبیرو رادابوون ( چیبکەنو چۆن دەربازیان بێت) خەڵك هەروا دێو دەروا ئەحمەد بەهەمان دیمەنی کۆڕەو وێنای دەکاو دەڵێت: (ئەوەی کۆرەوەکەی ساڵی ١٩٩١ ی بینیبێ ئاوهابوو، کە خۆیان گەیاندە میلقاسم کاتژمێرێك یان زیاتر ڕۆژی مابوو) لەوێ ئۆتۆمبیلێکی جیئێم سی سوور گەیشتووەتە لایان. ئەویش موستەشاری جاش سەعید حەمەغەریب جاف ( ٨ ) بووە پاشئەوەی خەڵك دەوریان داوە مامەی ئەحمەد بەناوی حەمەخورشید پرسیاری لەموستەشارەکە کردووە ئاخۆ چییان لێدەکەن ؟ ئەویش درۆی لەگەڵنەکردبوون ڕێكو ڕەوان لەوەڵامدا ووتی ئەم ناوچەیە ئەمشەو لەژێردەستی مندایە، ئەوەی دەیەوێت دەربازبێت با بڕوات لە ڕێگا چەکدارم داناوە، بە ڕۆژ کەسم پێ ڕزگار ناکرێت.. باسی دڵنەرمی ئەو موستەشارە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: ( ژنێك کەخەڵکی گوندی بنەکەبوو، بە موستەشارەکەی گوت جا ڕۆڵە ئێمە بێ پارەو پول بۆکوێ بڕۆینو چۆن دەربازمان بێت ئەویش گوێی لێبوو ووتی: ئەوەکێ یە دەڵێت پارەم پێنیە؟ دەستی کرد بە گیرفانیدا دوو ٢٥ دیناری صدامی [9] دەرهێنا دەستاودەست بۆی ڕەوانەکرد تاگەیشتە ژنەکە، دیسانەوە یەکێك هاواری لێبەرزبووەوە ووتی: برسیمانە، یەك فەردە سەمونی حەجەری لە سەیارەکەی داگرت دایە دەست خەڵکەکەوەو هەروا یەکی لەتێکمان بەرکەوت) ئیتر ئێمە ئەو شەوە بەناو کەمینەکانی جاشی سەعید جافدا بەمەروماڵاتەکانمانەوە دەربازبووین. هەتا مردن



مەمنونی ئەوین چونکە سەری نەیگوت بێنەوە هیچتان بۆنابێتو هیچ نیە ووتی: خۆتان ڕزگار بکەن. ئەحمەد ئاماژە بە نزیکە ٥٠٠ تا ٦٠٠ کەس دەکات دوای ئەوەش خەڵکێکی زۆری بردووەتە ماڵەکەی خۆی، ئەحمەد لەماڵی مامەی دابڕاوە هەتا لیبوردنی نادیمەنەکە چاوی پێیان نەکەوتەوەو لەدایكو خوشکەکانیشی بێخەبەربوو،

---

[7] - ئۆردوگایەکی بەدناو بوو ساڵی ١٩٨٧ بۆ ڕاگوێزراوەکانی ناوچەی گەرمیان دروستکرابوو ئێستاش ئاوەدانەو ناوی ڕزگاری لێنراوە ..

[8] سەعید حەمە غەریب جاف ئەوموستەشارەیە کە لەژمارە ٦ی ئەم ساڵنامەیەدا باسی ئازایەتی کراوەو کەچۆن لە دەربازکردنی خەڵکی گەرمیاندا ڕۆڵی گێراوە، بەداخەوە ئەو پیاوە سەرباری ئەوەی خەڵکێکی زۆری ڕزگار کردووە ئێستا لە بارێکی زۆرخراپدا دەژی.

[9] - ئەو سەروەختە ٢٥دیناری عێراقی چاپی سویسری وێنەی صدام حسینی پێوەبوو خەڵك پێیان دەگووت بیستوپێنجی صدامی

هەتا پیاوێك لە نوگرەسەلمان گەرابووەوە بۆی باسكردبوو كەچۆن گیراون و چییان بەسەرهاتووە.

ئەحمەد عەلی زوزو جەختی دەكردەوە كەهەتامردن مەمنونی سەعیدحاف وسمایلی عەزیزخانی دەلۆیە كە لەتەنگانەدا فریای كەوتوون (ئەوان منیان ئازاد كردووەوچاكەیان بەسەرمەوە هەیە جا لەگەڵ كێی تر خراپەیان كردووە یەوەیان شتێكی ترە) هەتا ئەم چركە ساتەش نازانێ من ماڵم لەكوێیەو منیش خۆم بەرامبەری بە مقصر دەزانم، درێژەی بەقسەكانی داو وتی: رەمەزان برایم خەڵكی گلاَباتە وتی: وەرە بۆ ئێرە، زاوایەكمان لەشاردا بوو منی برد بۆ گڵێاباد، لەوێ ١٥ رۆژ مامەوە .

## یادەوەری تاڵ

دوورۆژ بوو لەوماڵە بووم، ئەوەش بۆ من زۆر ناخۆش بوو، ئەوانیش كورێكیان هەبوو ناوی ئەحمەد بوو، پێم وت: من دەچمە لای مەڕەكانتان و دەبم بەشوان هەركەسێك پرسیاری منی كرد ئێوە بڵێن كورێكی فەقیرەو گرتوومانە بەشوان، ئیتر جلیكی شڕم كردە بەرم و چوومە لای مەڕ، گلاَباد بەشێكیان توركمان بوون و موختارەكەشیان توركمان بوو، بیرەوەرییەكی زۆرتاڵم هەیە لەوێ ، كانیەك هەبوو ژنان دەچوونە سەركانییەكە، دەبوایە رۆژانە منیش مەڕەكان بەرەمە سەرئەو كانیە بۆ ئەوەی ئاویانبدەم، نیوەرۆیەك مەڕەكانم هێنایە سەر كانیەكە، لەلای جەبارەوە لاندرۆڤەرێك هاتە خوارەوە خەریك بوو زیرە بكەم، ووتم بەخوا ئەوە بەدوای مندا دەگەرێ ، حەیوانم پێچایەوە بۆ بان حەیوانەكانیش تینویان بوو ملیان دەنا بۆخوار ، دەمەویست یەكێك بێت لێی بپرسم ئەو جێبە چیە..؟ ئافرەتێك هاتەلای كانیەكە لێم دەپرسی ئەو جێبەچیبوو ئەوحاڵی نەدەبوو تومەس كەڕولاڵ بوو، ئیتر بەئیشارەت تێمگەیاند ئەویش توانی تێم بگەیەنێ كەجێبەكە لەماڵی موختارەكەیە، حەیوانەكانم پێچایەوە بۆماڵەكەو ووتم وەڵا سەیارەی ئیستخبارات وا لە ماڵی موختارەكەیە، وام دەزانی بۆمن هاتوون بمگرن، بەو نیوەرۆیە بەرخێكیان تێخست و رۆیشتن ئیتر چوون بۆلای سمایل عەزیزخان تێیانگەیاند بوو كەمن وەزعێكی ئاوام هەیە ئەویش ووتبووی بێهێنن بۆلای من ئەگەر سوارەی كورم دابێتە دەستەوە ناهێڵم ئەو بفەوتێ. ئیتر مەجید كوردی هات بۆلام عەدم تعروزێكی بۆم هاوردو بردمیان بۆعەربەت فەوجەكەی سمایل خان لەوێ بوو، كە چووم لەوێ خەڵك ئۆمەربل و ئاوایی خۆمانی لێبوو پێیانشادبوومەوەو لەگەڵ ئەوان مامەوەو ئاوها شاردمیانەوە..

## ئەو دیمەنەی تا قیامەت بیرم ناچێتەوە.

ئەحمەد لەدرێژەی قسەكانیدا نە دەپەرژایە سەر ئەوەی لەناو ئەو تراژیدیایەی گەرامیاندا كامیان بگێرێتەوە، بۆیە وازی لەباسی خۆی و دایك و خوشكەكانی هێناوو وتی: دیمەنێكم بینیووە قەت لەبیرم ناچێتەوە هەمیشەوا

> **رۆژێكیان خەریكبوو گوللەیەك بنێم بەسەری خۆمەوە، لە بەرئەوەی رۆژانی هەینی خەڵك دەچنە سەرگۆڕی ئازیزانیان، ئێمە نازانین روبكەینە كام گۆڕستان ؟**

لەبەرچاوم (كابرایەك خەڵكی ناوچەی سەنگاو، رەشمەی هێسترێكی بەدەستەوە بوو هێسترێكی تریشی بە ئەوەی پێشەوەیان بەستبووەوە هەگبەی پێوە بووە منداڵەكانی كردبووە ناو هەگبەكەوە تەماشامكرد منداڵێكیان لەناو هەگبەكەدا ئەوەندە ملی هاتبوو چووبوو بن گەردنی سور هەلگەرابوو خوێنی تێزابوو) وتووم بەكابرا خالە ئەو منداڵە خەریكە ملی دەبرێتەوە، كابرا ووتی: كورە رۆڵە چی بكەم لەگیان خۆمان بێزارین ئیتر هاوكاریمان

کورد بەتانیەکمان هێنا چەمانمانەوە بەقەراغی هەگبەکەدا.

## یەکەم سۆراخی ئەنفالکراوەکان

ئەحمەد هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو ووتی: جابابێینە سەرباسی کەس‌وکارەکەی خۆم، هیچ هەواڵێکیان نەبوو هەتا مام فایەق لەنوگرەسەلمان گەرایەوە کە بۆ حەمەی مامە تۆفیقی باسکردبوو، ئەوانیش ڕۆیشتبوون بەو نیازەی بگەنە ناو صمود، بەڵام لە نزیک سەعداوا لەوێ مابوونەوە شێخ حسینی هەزارکانی بەسواری ماینێکی سپییەوە دەچێتە بان چەمەکە لەوێ سەرباز بە دیانکرد بوو، ئەنیشنە سەریان‌و دۆزیبوویاننەوەو لیوای قوات خاصەی بارق هەموویانیان گرتبوو راپێچیان کردبوون، هەتا ئێستا لەگەڵ کاک شێخ حسێن‌و منداڵەکانی حەمەی مامە توفیق‌و دایکم‌و خوشك‌و براکانم ڕۆیشت‌و نەگەرانەوە لەو کاتەدا (ئەحمەد ئەو لافتەرەشەی بەرزکردەوە کە لەیادی ئەنفالداو لەکاتی بەخاك سپاردنی تەرمی ١٨٧ ئەنفالکراوەکەی گەرمیاندا، وەکو کراسێکی ڕەشی ئاودامان پۆشیبووی‌و ناوی هەموو ئەنفالکراوەکانی خۆی لەسەرنوسیبوو ) .

ئەحمەد ووتی: زینەتی خوشکم لە نوگرەسەلمان دوای شەش مانگ بە هیلاکەتی گەرایەوە، وتی: لە تۆپزاوا دایکم‌و ئەوانم بینیووە، لەوکاتەدا بوخچەیەك لەبان سەری بووەو دەستی عومەری برامی گرتبوو (عومەر تەمەنی ٨ ساڵان بوو) زینەت ووتی بانگم کردوون: ( دایە وەرە بۆلای ئێمە) بەڵام لەوکاتەدا سەربازێك هاتە گیانمان بەدایکمی ووت: بگەرێرەوە بۆ شوێنی خۆت ئەگەر هەرئەوەندە سەربازەکە چاوی لێی نەبوایە دایکم بهاتبایەتە هۆلەکەی ئێمە دەبرا بۆ نوگرەسەلمان‌و دەگەڕایەوە بەڵام ئەو عەسکەرە گێراوێتیەوە. زینەت ئەوەشی بۆ ئەحمەد گێراوەتەوە کە ئەو عەسکەرە تورەبووەو وتوویەتی نابێت تەماشای دایکت بکەیت .. ئیتر بۆ بەیانی سەیارەی سەرداپۆشراویان هێناوەو باریانکردون‌و بردویانن بۆنوگرەسەلمان‌و لەدایکی‌و خوشك‌و براکانی بێئاگابووە.

لەوکاتەوە هەتا ئێستا چاو دەگێرێت لەجۆری ئەوسەیارانەی نەبینیووەتەوە. ئەحمەد دەلێت چی جارێك زینەت خوشکم نەخۆشبێت ئەیبەم بۆکەرکوك یان ئەیبەم بۆ دوزخورماتوو دەڵێم زینەت خوشکم لەهەرکوێییەك ئەو سەیارانەت بینی نیشانمی بدە بەڵام ئەڵی ئەو




سەیارانە نین‌و نایانبینمەوە.

## ئەو وێنەیەی نەمهێشت بفەوتێ

ئەحمەد ووتی: شتێکی تریش هەیە بباسی بکەین، یاسین حەمەی سەلیم دانیشتووی سەرقەڵایە ئەویش لەنوگرەسەلمان گەراوەتەوە ووتی : کابرایەك لەنوگرەسەلمان وێنەیەکی پێشمەرگەی پێمابوو ووتی: نەیدەزانی چی لێبکات دیوارەکە درزی بردبوو، وێنەکەم لەکابراوەرگرت‌و خستوومەتە ناو درزی ئەو دیوارەوە، نەمهێشت بفەوتێ هەرکاتێك بمبەنەوە ئەوێ بەتەلێك دەری ئەهێنمەوە. ئەوە بەڵگەیەکی زۆر گرنگە .

## خۆشحالین بەو بریارە

لەوەلامی ئەو پرسیارەشدا کە ئاخۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان تاچەند هاوکاری کەسوکاری ئەنفالی کردووە، ئەحمەد عەلی ووتی: حکومەتی هەریم کاری بۆکردوین پارچەیەك زەوی پێداوین‌و ٢٣٥٠٠ بیست‌وسێ هەزارو پێنجسەد دۆلاری داوەپێمان، ئەگەر پارەکە بەشی نەکرد

دەتوانین لەسلفەی عەقاریش سود مەندبینو بەدڵی خۆمان خانوەکانمانی پێتەواو بکەین، ئێمەش خۆشحالین بەو بریارە. حکومەتی خۆمانەو لەسەرخوینی شەهیدانو جینۆساید دامەزراوە، من بۆخۆم یەکێکم لەوکەسانەی سێ موچە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرم یەکێکی ئەنفالکراوەکانم، یەکێکی پێشمەرگەی دێرین، زەوییەکی مافی خۆمی پێشمەرگایەتی داوە پێمو زەویەکی ئەنفالکراوەکانیشم وەرگرتووە، حکومەت بۆ شەهیدانو ئەنفالکراوەکان کەمتەرخەمی نەکردووە، ئەوە هەمووی لەبەرچاومانە من ناتوانم درۆبکەمو بڵێم حکومەت هیچی بۆمان نەکردووە.

## ئەوەی تاوانبارە با سزای خۆی وەرگرێ .

لەوەلامی ئەوە پرسیارەدا کەحکومەت تۆمەتبارانی ئەنفالی دالدەداوە ئەحمەد عەلی ووتی: ئەوەی تاوانبارە باسزای خۆی وەرگرێو ئەوەشی بێتاوانە بابەسەربەرزی بچێتەوە ناو کەسوکاری، ئەو حکومەتی عێراق بەکەمتەرخەم دەزانێ و دەلێت تەنانەت کار بۆ هێنانەوەی ڕوفاتی ئەنفالکراوان ناکات، دەستی دەستی بەکێشەکەدەکات ڕۆژێکیان خەریکبوو گوللەیەك بنێم بەسەری خۆمەوە، لەبەرئەوەی ڕۆژانی هەینی خەڵك دەچنە سەر گۆڕی ئازیزانیان، ئێمە نازانین ڕوبکەینە کام گۆڕستان ؟ نازانین گۆڕی کەسوکارمان لە کوێن؟ لافتەکەی بەرزکردەوە کەناوی خوشكو دایكو برا ئەنفالکراوەکانی لەسەر بوو کوا کامە گۆڕی دایکمە؟ کامە هی گەلاوێژە..؟ کامە هی ئاسکەیە ؟ کامە هی عومەرە..؟ ئەمە کارەساتە من تەنها دەتوانم خێریان بۆبکەم ناتوانم بچمە سەرگۆریان لەبەرئەوەی نازانم لەکوێن..؟ ئەمەش تەنها کێشەی من نیە کێشەی سەدانو هەزاران کەسە (لێرەدا ئەحمەد بەربینی گیراو چاوەکانی فرمێسکیان پێداهاتە خوارەوەو ماوەیەك بە بێدەنگی ماینەوە) .

## عومەروگەلاوێژ

ئەحمەد وێنەی ئەنفالکراوەکانی لەسەر ( ئێم دی ئێف)



چاپکردووەو لەماڵەوە هەڵیواسینو لەناویاندا عومەری تەمەن هەشتساڵە کە دەستێکی بەدەستی گەلاوێژی خوشکییەوەیەو بەدەستەکەی تریشی کولێرەیەکی تەنوری لادێی گرتووە، ئەحمەد هەمیشە عومەرو گەلاوێژی خوشی لەیادە هەرجارێك ئەحمەد ببینم بەهەناسەیەکی قوڵەوە باسی گەلاوێژو عومەر دەکات. لەو وێنەیەدا زۆر بەروونی بەرائەتی گوندنشینەکانو توندرەفتاری بەعس دەبینی دلڕەقیو بەدکاری جەلادو بێگوناهی نەتەوەیەك کە هەرگیز شایانی جینۆساید نەبوو، کەچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەئاستی ئەوتاوانە بێدەنگو کوردیش بەگشتی هەتا ئێستا لە ئاستیدا بێباكو بێهەلوێستە، جگەلە وێنەکان ئەحمەد وەك وەفادارییەك کراسێکی ئاودامانی ڕەشیشی لەقوماشی لافیتەیەکی ڕەش بە دوریندراوەو لەپێشەوە بەڕیز ناوی هەموو ئەنفالکراوەکانی خانەوادەکەی لەسەر نوسیووەو لەدواشەوە بەخەتێکی گەورە ڕۆژی ئەنفال ٤/١٤ی لەسەرنوسیووە.

# لە بەرەی دوو دایك تەنها من ماوم، زۆر دەترسم بمرمو دوو ئاواتەم نەیەنە دی

ئۆمەربل : 20/1/2011

ئامادەکردنی ئەنفالستان

کەچووم بۆماڵی حسن علی حاجی فەرەج، کەسێکی نامۆ نەبوو بەلامەوە لەبەرئەوەی تاگەیشتمە گوندەکاەیان زیاد لە جارێكو دوان تەلەفۆنی بۆکردمو پێشتریش زۆر هاوکاری تیمەکەی هونەرمەندتەهای کەریمی کردبوو، حسن یەکێکە لەوکەسانەی ئەوەندە چیرۆکی ئەنفالی لایە لەگێرانەوەیاندا ناپەرژێتە سەرئەوەی باسی کامیان بکات، باس هەر حزمێك یان کەسێکی گوندەکەی خۆیانی بکردایە ناوی کۆمەڵێك ئەنفالکراویشی دەهێنا کە ئەوە بەگەنجی ئەنفالکراوەو زۆر خۆشەویستمە ئەوە لە فلانە رۆژداو لەفلانە شوێن ئەنفالکراوەو فلان خانەوادە ئەوەندە کەسی ئەنفالکراوە لە ڕاستیدا منیش هەر بەمەبەستی زانیاری وەرگرتنی زیاتر لەسەر ئەنفالکردنی گوندەکەیانو خانەوادەکەی چوم بۆدیدەنی دەنا پێشتر قسەی زۆری بۆکردبووم، لە پەنجەرەی چەند دێرە شعرێکەوە شۆڕبووینەوە بۆناوچیرۆکە تراژیدیاکانی ئەنفالی ئۆمەربل، بێگومان تاوانی ئەنفال بەتەنیا چیرۆکی تێکشکاندنو مردنو قوربانی لەخۆ نەگرتووە، بەڵکو لەناو تاوانو دۆزەخی ئەنفالدا چەندین چیرۆکی بەرەنگاری قارەمانانەو مرۆڤدۆستیش لەلایەن گوندنشینەکانەوە هەن کە بەر پەلاماری نامەردانی جاشوجەیش کەوتن، گوندی ئۆمەربل چەندین چیرۆكوحیکایەتی مقاوەمەتو بەرهەلستی تێدا بەجێماوە، بەداخەوە میدیاکارانی کورد ماوەی ١٩ ساڵەبەبێباکیەوە بەسەریدا تێدەپەرنو ئاوڕی لێنادەنەوە. بۆکەسێك بییەوێ چیرۆکی ئەنفال بگێرێتەوە چ پێویست دەکات ئەنفالکراوێك زیاد لەجارێك بکاتە کارەکتەری نوسینو ریپۆرتاژەکانی ..؟ ئاحر کەناڵ هەیە زیاتر لە ١٠ جارتەنیا پیرەژنێکی کردووەتە میوانی شاشەکەی..؟!

حەسەن عەلی حاجی فەرەج



فەیلی، هەڵەبجە، ئەنفال قوربانی
لەگەڵ هەشت هەزار کوردی بارزانی،
کورد ئەنفالکرا بەناو دینەوە
جیهان نەکەوتە ناڵەو شینەوە .

حسەن تاکە دەربازبووی خانەوادەیەکی قەرەباڵغە کوڕی پیاوێکی ناسراوو خاوەن دیوەخانی ناوچەکەیە وەك حسن ووتی: لەبەرەی دوو ژن تەنها من رزگارم بووە، ئەو ئێوارەیەم لەبیرە لە ژێرزەمینەکانی خۆرئاوی ئۆمەربل کە ١٠کەس لەسەرسفرەیەك کۆببوینەوەوباوکم لەگەڵمان دانیشتبوو، بەداخەوە هەموویان ئەنفالکران، تەنها من رزگارم بووە، ماوەیەك لەگەڵ نەنکە پیرێکم ( فاتمە سەمین دایکی باوکم بوو) ژیام کە لەنوگرە سەلمان گەرایەوەو دواتر ئەویش وەفاتی کرد. لەهەموو ماڵی ئیمە تەنها شتێك کەماوەتەوە ئەو تەنکەرەیە کە ئاومان پێدەبرد بۆ ژێر زەمینەکانی پشتەوە چەندین جار داوایانکردووە پێیان بفرۆشم بەڵام بۆ یادگاری باوکمو وەکو هیماو یادەوەرییەکی ئەنفال هەرهێشتوومەتەوەو نایفرۆشم، ئەویش جاش بردبوویان بەتاڵانی بەهۆی سەعید حەمەغەریب جافەوە دەستمان کەوتەوە.

ئێوارەی ٨ی نیسان دوو بۆمبی دوکەڵ درا لە ئۆمەربل سەرەتا بە کیمیایی تێگەیشتین بەڵام کیمیاوی نەبوو بەڵکو بۆ تۆقاندنو بەچۆکدا هێنانی خەڵكو پێشمەرگە بوو، ئەوەش لەبەرئەوەبوو کە پێشتر کیمیاوی لە سیوێنان بەکارهاتبوو خەڵك هەواڵی ئەو کۆمەڵکوژییەیان بیستبوو، خەڵکەکە پەرۆی تەرکردوو چووە بەرزیەکە، بەڵام ئەوە هەر شەڕێکی سایکۆلۆژی بوو لەگەڵ خەڵکدا کردی. ئەوەبوو لەبەرواری ٩ی

نیسانی ١٩٨٨ حکومەت بە هێزێکی زۆر زەبەلاحەوە پەلاماری ئۆمەربلی دا، بێ زیادەڕۆیی ١٠٠ تۆپ ئەیدا لەزەوی ١٠٠ بە ئاسمانەوە بوو، ناوی ١٤ فەوجی جاشم لایە کەبەشداری پەلاماری گەرمیانو ئۆمەربلی کردووە، وەکو درندە پەلاماری خەڵکی گەرمیانو ئاژەڵەکانیانەدداو خەڵکیان دەگرتو تاڵانیان دەکرد، جگە لەوانەش ڕەنگە چەندین لیوا بەشداری کردبێت، لیوای گورگ (لیوا ژئیت) بەشداربوو، ئەو لیوایە لەجەنگی ئێران دەورێکی باڵای هەبوو، صدام خۆی ناوی لێنا لیوای گورگ لەبەرئەوەی شوێنێکی گرنگی لەئێرانیەکان سەندەوە. ئەو لیوایە لە ئۆمەربلیش زۆر بێرەحمانە جولایەوە... منو کوڕێکی پورزام پێکەوە بووبن، مامەی خۆی جێی هێشت ئەو ڕۆژەبوو کەدەلێن باوك لە ئەولاد ناپرسێ.ماڵی ئاوایێت کاك حەسەنێك هەلیگرت تراکتۆری پێبوو، کاك حسن خۆشی لەکفری گیراوئەنفالکرا. ئیتر ئەوخەڵکە تووشی شڵەژانێکی خراپ بوو، ئێمە بەرانەکانمانەوە رومانکردە جەوەڵەکانی مازۆخ، ڕۆژی ١٠ی نیسان سەعات ٣:٣٠ جەیش گەیشتووەتە ناو ئۆمەربلەوە، بەڵام ڕاستیەکەی وابوو تەنها بەشی خوارەوەی گوندەکە گیراو بەشی سەرەوەی هەر بەدەستی پێشمەرگەوە بوو تا ئێوارە، دواتر لەتاریکیدا پێشمەرگەش کشانەوە، لەوشەرەدا پێشمەرگەیەك گیرا خەڵکی ئێرە نەبوو تەیارەکان بردیان دوایی شایەتحالەکانی ئەنفال بینیبوویان ئەوەش ئەو ڕاستیەدەردەخات کە جکومەت جیاوازی لەنیوان منداڵێكو پیرە پیاوێكو پێشمەرگەیەکدا نەکردووە.

حسن دەڵێت: جاشەکان ناوەکانیان لامەو لەکتێبێکدا بەناوی سێ کوچکەی ئەنفالی گەرمیان بلاوی کراوەتەوە کە نوسەرەکەی مەلا هاوارە. ئەوبڕوای وایە فتاح بەگی جاف ڕۆڵی زۆر خراپی گێراوەو لەو کاتەشەوە ناوی جافی لێکردووەتەوەو دەڵێت گوناهە پێی بلێیت فتاح بەگی جاف باشتروایە لەدوای ئەنفالەوە بە فتاح بەگی جاش ناوی ببرێ، ئەوەشی گوت هەموو جاشەکان ڕۆلی نامەردانەیان بینیوە، سەعید حەمە غەریبی لێدەرچێت من هەموو جاشەکان وەکو یەك مەحکوم دەکەم. بۆیە وەکو کەسوکاری ئەنفال شانازی بەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراقو بریارەکانیەوە دەکەم.

داواش لەدەسەڵاتدارانی هەرێم دەکاتە حاشەکوردەکانیش رادەستی دادگا بکات.

بازرگانی بەئەنفالەوە

زۆر نیگەرانە لەوکەسانەی نانو پیازبەئەنفالەوە دەخۆنوبازرگانی پێوە دەکەن، داوای ئەوەش لەکەسوکاری ئەنفال دەکات بەهوشیارییەوە لەوکەسانە بروانںو ئەگەر بۆیان دەرکەوت ئەوکارە قێزە ونەدەکەن داوای یاساییان لەسەر تۆماربکەن. هەموو شتێك دیارە ئێمەی کەسوکاری ئەنفال لەهەمووکەس باشتر دەزانین کێ خەخۆرەوکێ بازرگانی دەکات . ئەوانەش لەلای خەڵك ناسراون هەمووکەس دەزانێت کێنو ڕۆژگاریش حسابی خۆیان لەگەڵ دەکات.

## یادەوەریی تاڵ

حسن یادەوەری ئەو ڕۆژەی لەبیناچێتەوە کەدایکی لەگوندی قەڵاچەرمەڵە ٤ دیناری پێداوە، دوای کە شۆربوونەتەوە بۆمیلقاسمولەوێشەوە بۆسەرجادەی گشتی کفری کەلار بەلای رەبایەیەکی جاشدا تێپەریوون هیچ هاوکارییان نەکردوون بەڵکو جیهازیان کردووە بۆ لیوای ٤٤٤ سەیارەیەکی ئیڤایان هێناوە لەوێ باوکیشی بینیبوو ئەویش ٢٠ دیناری پێداوە دایکی (ئامینە)وپوری(سەوسەن حاجی فەرەج)یان کردووەتە ناویولەرۆیشتندا هەردەستی بۆحەسەن بەرز کردووەتە، حسن دەڵێت، پورم کە لە نوگرسەلمان بەربووهاتەوە، باسی ئەوەی بۆکردم کە دایکم چەندە دڵی لای من بووەو هەرباسی منو چارەنوسی منی کردووە، خۆشم چەندجار دایکم دێتە خەوم ئەو دەستەی هەربە ئاسمانەوەیەو ئەو دەستە بەرزکردنەوەی دایکم وەك مۆرێك وایە بەدیوارێکەوە هەرگیز لە بیرم



ناچێتەوە. شایەتحاڵ هەیەکە بەزمانی بەرۆژووەوە خراوەتە گۆڕەوە.

بۆشەوەکەی جێگری ئامرسرێیەکی جاش چووەتەلایان بەناوی حسن عەلی رۆستەم لەگەڵ برایەکیدا پێی ووتن برۆن لێرە مەمێنن رێی پیشاندابوون لەکوێوە برۆنو خۆیان دەربازبکەن، شەوەکەی توانیبویان خۆیان بدزنەوەو بەرەو ناوچە عەرەبیەکە برۆن بۆ گوندێك بەناوی علی خەڵەف. بەوشێوەیە رزگاری بوو.

حسن عەلی حاجی فەرەج لە ٢٧/٩/ ١٩٩١ هاوسەرگیری کردووە، تا ئەوکاتەی منداڵەکانیان هەستیان کردووە هیچ جەژنێکیان نەکردووەو ژەمی ئاساییان بەرێکردووە، بەڵام دوای ئەوەی منداڵیان هاتووەتە ژیانەوە لەبەرخاتری منداڵەکانیان خواردنیان بۆجەژن ئامادەکردووە. حسن تا دوای پرۆسەی ئازادیش هەرچاوەروانی کەسوکاری کردووە.

لەگوندی بنەکەی خەپەکوێر هەمان چیرۆك دوبارەدەبێتەوە، حەسەنیش بەهەمان شێوەی کاوەی گوندی بنەکە بەخەمی ئەنفالەوە رۆیشت بەدەم بانگهێشتی خزمەتی سەربازییەوە، ئەو کە هەموو خانەوادەکەی لەلایەن ئەوسوپایە ئەنفالکرابوون، وا ئێستا بەناچاری دەچێت پۆستاڵو جلی سەربازی دەپۆشێ، ئەمەش حاڵەتی نەفسی زۆر ناخۆشی بۆ دروستکردوون، ئەویش بەهەمان شێوەی کاوە لەکاتی مۆڵەتی سەربازیدا نەدەهاتەوە بۆ گەرمیان کاتێك لە عەین زالەو زمار سەربازبووە هەرلەو یەکە سەربازییەدا ماوەتەوەو مۆلەتەکەی لەوێ تەواو کردووە، ئەفسەرە گەمژەکانیش بە سەرسوڕمانو بێباکییەوە، تەماشای حسنیان دەکرد کاتێك مۆڵەتیان دەدایەو ئەو دەیگووت: من مۆڵەتم ناوێ (بابە شبیك انت اکو احد مابريد اجازه)..؟! بەڵام هەرگیز نەیاندەتوانی بۆچرکەیەك لەگەمژەیی خۆیان دوربکەونەوەو بزانن هۆکاری وەرنەگرتنی ئەومۆلەتە چیە.. لەکاتێکدا جاری واهەبووە دوومانگ لەو یەکەسەربازییەدا ماوەتەوەو نەهاتووەتەوە بۆ گەرمیان هۆکارەکەشی ئەوە بوو کەسی نەمابوو بێتەوە سەردانی بکات.

## بێشعوری بەرامبەر ئەنفال .

ئەو تاقە دەربازووەی ئەنفال زۆرنیگەران بوو لەوەی، وەك پێویست ناتوانین رێز لەکەلەپورو قوربانیەکانمان بگرین، رۆژای یادی ئەنفال دێبنە دەبێتە رۆژی تەراتێنی سەیارەی کەشخە، هەقوایە خەڵك بەپێ بڕوات بۆ یادی ئەنفال، بەرپرس هەبووە لە رۆژی بەخاکسپاردنەوەی ١٨٧ تەرمەکانی دێبنە کە لە نەجەفەوە هێنرابوونەوە رای وابووە کە ئەو هەموو تەرمە بە شۆفڵ بان بدرێنەوە، ئێمەوەك کەسوکاری ئەنفال ئەوەمان پێقبوڵ نەکراوخۆمان دامانپۆشینەوە .

## بەراشکاوی قسەدەکەم.

من ئامادەم لە رێگەی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیەوە بچم لە بەغدا یادی ئەنفال بکەینەوە.. حسن لەباری سیاسیەوە سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانە سەبارەت بە تۆمەتبارانی ئەنفال ووتی: من راشکاوانە قسەدەکەمو رەئی خۆشم نەشاردووەتەوە، ئەو رەنگە لەحزبەکەی منیشدا هەبێ پلەوپایەشیان هەبێ بەڵام من وەکو کوڕە ئەنفالکراوێك بە گلاّویان دەزانم بەخوابەخوا سەد کەسیان بە پێشچاومەوە بمرێت بە پرسەیاندا نچم. بەڵام بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی حزبەکەی من داڵدەی جاشو موستەشاری دابێت برادەرێکم هەیە حەزناکەم ناوەکەی بێنم ووتی: چووینە دیداری سەرۆکی هەرێم ووتی، پەنجەم بەرزکردووەتەوە ووتوومە جەنابی سەرۆك تاکەی داڵدەی تاوانبارانی ئەنفال دەدەی سەرۆکی هەرێم ئاوا وەڵامی دابووەوە کەمن داڵدەی تۆمەتبارانی ئەنفال نادەمو کێ دەعوای لە سەریان هەیە بابچێت بۆ دادگاومن پشتیوانی کەسوکاری ئەنفالم. نەك تۆمەتبارانی ئەنفال .

## ئەوەی حسن ئاسودە دەکات.

لەلای حسن ئەوەی زۆر بەلایەوە گرنگە هێنانەوەی تەرمی ئەنفالکراوەکانە، دۆزینەوەو هێنانەوەیانە، هەروەها دادگایی کردنی تۆمەتبارانی ئەنفال بەتایبەتیش ئەوانەی دادگا داوای کردوون، ئەوانە بابرێن بۆ دادگا ئەگەر تاوانبارن باسزای خۆیان وەرگرنو ئەگەر بێتاوانیشن بابێنەوە لەناو ماڵو منداڵی خۆیان دانیشن. بەڵام زۆر دەترسم بمرمو ئەو دوو ئاواتەم نەیەنە دی .

## صمەد ئۆمەربلی:

# چۆن بۆ پرسەوشایی جاش وموستەشارەکان هەر شەرم نیە خیانەتیشە بۆیە من ئەوە ناکەم .

ئۆمەربل: ٢٠/١/٢٠١١

ئامادەکردنی ئەنفالستان .

صمد ئۆمەربلی لەسەروەختی پەلاماری قۆناغی دوومی ئەنفالدا لە قەرەداغ پێشمەرگەی تیپی ٥٣ی شێروانەو بەرپرسی قۆلێکی شەربووە لە شاخی زەردە، لەوێ بریندداربووەو هاوسەنگەرەکانی دەربازیان کردووە، ئەو سەروەختە مێردی دووژن و باوکی دوکورو کچێك بوو، لەپەلامارەکانی ئەنفالدا یەکێ لەژنەکانی و کچێکی ئەنفالکراوە، لەگفتەکەمدا بۆ ئۆمەربل لەسەر داوای گەنجەکان شەویکی درەنگ وەخت چوومە دیدەنی و بەسەرهاتی خۆی بۆگێرامەوە .

یەکێکە لەکسایەتیەناسراوەکانی ئەوناوچەیەو پێشتریش پێشمەرگەی ئەیلول بووە هەتا نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ بەلام لەئێران دەمێنێتەوە، دوای گەرانەوشی ساڵی ١٩٨٠ لەترسی سوسەی چاوی جاسوسەکانی بەعس دەچێتەوە بۆ گوندەکەی " ئۆمەربل" ساڵی ١٩٨١ دەبێتەوە بە پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەماوەی پێشمەرگایەتیدا ٥ جاربریندداربووە، بەشداری زۆربەی شەرەکانی ناوچەی گەرمیان و شوێنانی تری کردووە. سەرباری نەخوێندەواریشی کەسێکی چاوکراوەیە، شەرو نەبەردی و خوێن و مەینەتی زۆری دیوە کەچی پیاوێکی زۆر هەست ناسکە، بەهەناسەیەکی ساردەوە وتی ئێمە هەر لەم گوندەدا ٤٠ پێشمەرگەمان شەهیدبوون، ١٥ یان لە شەری ناوخۆدا بووە، هەربۆیەشە هەست بە رەنج بەحەساری خۆی دەکات، لەخانەوادەکەشیاندا برایەکی و ٤ ئامۆزای شەهیدکراون. لەسەروەختی ئەنفالدا دوو ژن و سێ منداڵی هەبووە جەواهێرو کچێکی لەرێگەی مللە سورەوە رۆیشتوون ئەنفالکراون، ئیتر ئەوانیش هەموو هەواڵێکیان هەتا



تۆپزاوابووەولەوێیەوە ئیتر کەسی ترنەیبینیون، ژنێکی تریشی لەگەڵ کورەکانی بەرەوصەمود رۆیشتوون لەوێ فەرماندەیەکی جاش بەناوی حسن فتاح ناسیبوونی‌ودالدەی دابوون. سەبارەت بەدواین هەواڵی جەواهێری خێزانی کەئەوسا تەمەنی ٣٢ ساڵ بووە، دەڵێت: پیاوێکی خزمان لەتۆپزاوا بینیبوونی شایەتی ئەوەی داوە کە جەواهێر لەتسەجیلێکی بەدەستەوە بووە، صەمدیش ئەوە پشت راستدەکاتەوە کە تسەجیلێکی لەوجۆرەیان هەبووە. ئیتر لەوکاتەوە بەتەواوی لێیان بێئومێدبووەو دڵی خەبەریداوە کەئەوانە دەکوژرێن و جارێکی ترناگەرێنەوە ناومالو حالی خۆیان. دڕندایەتی بەعسی ناسیوە.

ئۆمەربلی ئەگەرچی تەمەنی هەلکشاوەو تەمەنی شەست ساڵە هەتا ساڵی ١٩٩٨ پێشمەرگە بووەو هەتا خانەنشینکراوە چەندین پلەی پێشمەرگایەتی بریووە، دواجارجێگری لەشکری فەرماندەیی شارەزوور بووە.. بەلام بروایەکی زۆری بە گەنجو داهاتووەیە وتی: من ئێستا خۆم بە پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان نازانم ئێستا بزووتنەوەی گۆڕانم و بڕواشم وایە دەتوانین گۆڕانکارییەك بکەین چونکە ئەوانەی کە وازیان هێناوەو بوون بە گۆڕان هیوایان ماوە، بەهیوام عەدالەتی کۆمەلایەتی مسۆگەربکرێت چونکە ئێمەکە پێشمەرگەبووین‌وبۆ ئەو عەدالەتە شەهیدماندا و ئەنفالکراین.

صمد ئۆمەربلی لەبەر برینداربوونی ئاگای لەئەنفالی سێ نیە، ووتی: ئەوەی دەیزانم بۆیان گیراومەتەوە بەچاوی خۆم نەمبینیوە، چونکە هەرچۆنێك بووە هاوسەنگەرەکانی توانیوویانە بریندارەکان بەرەو مەلبەندی سێ بەرن‌و رزگاریان بکەن. بەلام لەبەرئەوەی ناوچەکان

ئـالۆزبوون بـە زەحمـەت گەیەنراونەتـەجێ، هێشـتا لەناوچـەی قەلاسـێوکەبوون کـە ئـەنفالی چـوار دەسـتی پێکـردووەو کیمیابـارانی گۆپتەپـەی بەچـاوی خـۆی بینیـووە، بەتایبـەتی کـوژران و برینـداربوونی ئـەو ژنومنـدالو پێشـمەرگانەی لەناوچـەمی گۆپتەپـە شـەهیدکران و ئـەمان خۆشـیان بـۆنی گـازی کیمیـاوی بەسـەریانداهاتووەو توشـی نارەحـەتی کردوون .

لـەو دیـدارەدا دوو خـالی گـرنگم بـۆ روونبـووەوە یەکـەم سـەرکردایەتی کـورد زانیـویتی ئەنفالـدەکرێن، قـەبارەی هێـرش و پەلامارەکەشـیان زانیـوە، بـەلام بـەو حالەشـەوە هـەر سـووربوون لەسـەرمانەوو تارادەیـەکیش بـەرگری کـردن دووهـەمیان ئـەوەبووە هێشـتا لـەدیوی ئێـران بـوون کەبەوەیان زانیوە کە ئەنفالکراوەکان کۆمەلکوژکراون.

## لێبوردنەکە حیکمەت نەبوو:

سـەبارەت بـە لێبـوردنی گشـتی بـەرەی کوردسـتانی بـۆ جاشـە کوردەکـان ئـەو پێشـمەرگە دێرینـە دەلێـت : مـن تـا سـالی ١٩٩٤ پـش واتێگەیشـتبووم ئـەوە تـاکتیکێکی کاتیـەو جزبەکـەم ئـاوا بەئاسـانی لێیـان خـۆش نابێـت، بـەلام لـەدوای سـالی ١٩٩٤ وە تێگەیشـتم کـە ئەمـە تاکتیـك نیـە، سـەبارەت بـەوەی کـە ئەمـە حیکمـەتی سیاسـەتمەداری کـورد بێـت صـمد ئۆمـەربلی ووتـی: حیکمەتەکـەی لـە کوێدایـە.. بـاوەش کردنـەوە بـۆ خـەلکی تاوانباروخـائینی نیشتمانی دەبێت چ حیکمەتێکی تیدابێت..؟

صـمد ئۆمـەربلی دەلـێ دەبوایـە ریشەکێشـکردنی بـەعس لەسەردەسـتی کوردەکـان پـێش شـیعەکان بکەوتایـە، دەبوایـە داهێنـەری ئـەو سیاسـەتە بوونایـە، کەچـی بەداخـەوە ئـەوان داوای ریشەکێشـکردنی بـەعس دەکـەن و سـەرکردایەتی کـورد داکـۆکی لـە کۆنەبەعسـیەکان دەکـەن. وەکـو پێشـمەرگەیەك رای دەگەیـەنێ نـەك هاورێیـەتیو هاوسـەنگەری بـەلکو چـوون بـۆ پرسـەی کۆنەبەعسـیو کۆنەجاشـەکانیش بەشـەرم دەزانم و بـەش بـەحالی خـۆم بـە خیانـەتی دەزانم و هـەرگیز نایکـەم. ئۆمـەربلی زۆر دلگرانەلـەوەی گونـدێکی وەکـو ئۆمـەربل خـاوەنی ٢٣٣ ئـەنفال و ٤٠ شـەهیدی سـەنگەرو ئـەو هـەموو بەرهەلسـتیو خـەبات و قوربانیـە بێـت بەقـەد مـالی سـەرۆك عەشـیرەتێك بایـەخی پێنـەدرێت و بـەئارەزووی خۆیـان یـاری بـە سـەروەت و سـامانی ئـەم میللەتـەوە بکـەن و ئێسـتا ئـەو کەسـانە فەرماندەرکـەن کـە تـا دوێنـێ خائین و دژایـەتی شۆرشـیان کردووە.

ئەوکاتـەی سـەبارەت بـەوە پرسـیارم لێکـرد چـۆن وابکـەین دەولـەتی عێـراق داوای لێبوردنمـان لێبکـات.. ووتـی: دەبێـت لـە خۆمانـەوە دەسـت پێبکـەین کـە مـام جـەلال وکاك مەسـعود داوای لێبوردنیـانکرد بەرامبـەر بەشـەری نـاوخۆ، تـەرمی شـەهیدە بێسەروشـوێنەکانیان دایـەوە دەسـت خاوەنیـان و چارەنوسـی بێسەروشـوێنەکانی شـەری ناوخۆیـان ئاشـکرا کـرد دەتـوانین بەسـەربەرزی و روسـوورییەوە ئـەو داوایـەش لـە حکومـەتی عێـراق بکـەین و مافی خۆشمانە.

لـەدوا ووتەیـدا ئەوپێشـمەرگە دێرینـە ووتـی: هیـوادارم راگەیانـدن رۆلـی خـۆی ببینـێ و ببنـە پێشـەنگ و زیـاتر چـاوی خـەلك بکەنـەوە بەتایبـەتی ئـەم ناوچـە ئەنفالکراوانـە زۆرمەغـدورن ئـەوەی مـن بۆتـۆی بـاس دەکـەم دلـۆپێکیش نیـە لـەدەریای تـاوان و غـەدر لەخـەلك، هەمووکـەس خـاوەنی چیرۆکە لـەم ناوچـانە. کارسـات و روداو زۆر هەیـە کـە رەنگـە مـن هەرنەمبیسـتبێ ئـەوە ئـەرکی راگەیاندنەکانـە . ووتـی: ئومێـدم بـە گـەنجی داهـاتووەو هـیچ ئومێـدێکم بـەم سـەرکردایەتیە نیـەو پێناچـێت ئـەم ولاتـە بـەهی خۆیـان بـزانن، بەلگەشـم ئەوەیـە مـالی خۆیـان وێرانـەو خـەریکی رێکخسـتنەوەی مـالی خـەلکن ..! هـەر عـەرەبێك لێـی بقـەومێ ئـەمان پێشـوازی لێدەکـەن و ئـامێزی بۆدەکەنـەوە ئـەوە کـارێکی باشـە بـەلام خراپیەکـەی لەوەدایـە کـە کوردەکـانی جەلـەولا لێیـان دەقـەومێ لەکـەلاریش خانوویان بەکرێ دەست ناکەوێت.



# ئەنفال و ئاسەوارەکانی گوندی جوامێراغا

ئامادەکردنی : ئەنفالستان .

٢٠١١/١/٢٠

پاشئەوەی حشارگەی پارتیزانەکانمان لە جەوڵ مازوو بەجێهیشت بەرەو لای هونەرمەند تەهای کەریمی و ستافەکەی رۆیشتین کە لەناو خانووە روخاوەکانی گوندی جوامێراغا سەرقاڵی وێنەگرتن بوون.

گوندی جوامێراغا سەربە ناحیێی سەرقەڵایە لەسەروەختی ئەنفالدا تەنها دوو ماڵبوون و بە زۆریش بە ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵ بوون، هەرلەسەرای دروستبوونەوەی شۆرشی نوێوە داڵدەی زۆر پێشمەرگەیانداوە، لەکاتی بەرلەئەنفالیش کە خەڵکی ئۆمەربل لێیان قەوماوە رویانکردووەتە ئێرەو داڵدەی پێنج ماڵی گوندی ئۆمەربلی داوە، ئێرە دوو خانەوادەی ناسراوی تێدا ژیاون، ئەوانیش ماڵی حاجی فەریق و ماڵی کەریم خورشید اغا بوون، خەلکی ئۆمەربل زۆر بەرێزەوە لەبارەیانەوە دەدوان، لەوبارەیەوە سەردار رشیدو حسەن عەلی حاجی فەرەج کە هەردووکیان تەنیا دەربازبووی خانەوادەکانیان لەبارەی ئەم گوندنشینانەی جوامێراغاوە بۆ ئەنفالستان دوان: کەریم خورشید کە هەقوایە هەمیشە بەرێزەوە یاد بکرێنەوە خۆی و ژنەکەی و ٥ کوڕی بەناوەکانی ( محمد، ئەحمەد ، سەلیم و غالب و سالب) و دووکچی ئەنفالکران تەنها خێزانەکەی لەدوای ٦ مانگ و ١٢ رۆژ لە نوگرسەلمان گەرایەوە، ماڵی حاجی فەریقیش جگە لەوو کوری بچوکیان دەرچوون، ئەوانی تر هەموویان ئەنفالکران خۆی و ژنەکەی و کچەکانی لەنوگرە سەلمان گەرانەوە بەلاّم هەرسێ کورەکەی (صالح فەریق، محمد فەریق، ئەحمەد فەریق) ئەنفالکران و نەگەرانەوە. شایانی باسە لەبەرئەوەی هەردوو گوندی ئۆمەربل و جوامێراغا لەسەر نەخشەی عێراق نەبوون دوومانگ دوای ئەنفال رژێم هاتووەتەوە سەریان سوتاندونی و تەختی زەوی کردوون. بەپێی زانیاریەکانی سەردارو حسەن حاجی فەریق پاشئەوەی لەنوگرەسەلمانگەرایەوە بۆ ماوەیەك لە دوزخورماتوو نیشتەجێبوو، ئیتر لەوێشەوە تەرحیلیانکردبوو بۆ کۆمەلگای کەورگروسك لەهەولێر ئیتر لەوێ بە بێکەسی سەری نایەوەو کۆچی دوایی کرد.

**سوپاس بۆ هەموو ئەو بەرێزانەی پشتگیری خۆیان بۆ پێشنیاری پرۆژەی (سەرنەبرین) لە ساڵیادی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفال دەربڕی و بەگەرمو گوڕییەوە هەوڵیاندا لەگوندو شارۆچکەکان پیادە بکرێت، بەهیواین لە ساڵانی داهاتوودا کاری جدی تری بۆبکەین و لە پەرلەمانی کوردستانیش وەکو پرۆژە یاسایەك پەسەند بکرێت.**

**ساڵنامەی ئەنفالستان**



# فرمێسکەکانی عەلی

عەلی مەجید حەمەجان گوندی بنەکەی خەپەکوێر، تاکە دەربازبووی خانەوادەیەکی گوندی بنەکەی سەربەناخێی تیلەکۆیە، ئەو گوندەی ئەنفال بە دڵرەقیەوە مامەڵەی لەگەڵداکردوە، ژنومنداڵو پیروپەککەوتەی وەك یەك ڕەوانەی تەنوری کۆمەڵکوژی ئەنفالکرد، گوندی بنەکەی خەپەکوێر ٢٦٤ کەسیان ئەنفالکراونو هەتا ئێستاش بێسەروشوێنن، دایكوباوكوخوشکەکانی عەلی ٦ ژمارەی ناو خشتەی قوربانیانی گوندی خەپەکوێرن.

ئەوکاتەی هاتە سەر گێرانەوەی قسەکانی باوای کە لەنوگرە سەلمانەوە بە کەنەفتی گەرابووەو باسی جیاکردنەوەی باوکیو دایکیو خوشکەکانی بۆ گێرابووەوەو عەلیش دەیویست لەزاری باوایەوە بیگوازێتەوە بۆناو کامێراکە.. وردەوردە لەناوەوەرا هێزێك شالآوی بۆدەهێنا هێزێك کە لیوان بوو لە هەستی ئینسانی عەلی هەرچەندە نەخوێندەوارەو لەجلوبەرگوروخساریشدا وادەردەکەوێت جەنگاوەرێك بێت تازە لە شەڕی ناوخۆ گەرابێتەوە بەڵام کە دەیدوێنیت کورێکی روح سوکوبە ئەمەکە من زۆر کەسم دواندووەو زۆر دیدارم لەگەڵ کەسوکاری ئەنفالدا کردووە، زۆرحەمو ئەشكو ئازاری ئەنفالکراوەکانم دیوە، بەڵام فرمێسكو گریانی کەسیان ئەوەندەی عەلی گوندی بنەکەی راینەچڵەکاندووم. ئەوکاتەی عەلی باسی ئەوەی کرد کە یەکێك لە کچەکانی خۆی بەناوی خوشکەکەیەوە ناوناوە ماوەیەکی زۆرمنو کامێراکەم بەبێدەنگی بەدیار هەنسكو فرمێسەکەکانی عەلیەوە وەستاین، من لەنیوان دوو ڕێگادابووم ئایا سوریم لەسەرئەوەی برینی زیاتری بکولێنمەوە یان فەرامۆشی بکەمو لێگەرێم ئەم چیرۆکەش وونبێت .. دواجار بریارمدا بەردەوام بم ..

ئەو کاتەی ئەنفال گەیشتە ناوچەکەیان، عەلی منداڵ بووە، دەڵێت یادەوەری منداڵی خۆشە بەڵام ئێمە لەو یادەوەریانەش بێبەشین، ئەو لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٤وە تەمەنی تەنها ١٤ ساڵ بووە، کە پەلامارەکانی ئەنفال گەیشتووەتە ناوچەکەیان یەکێك لەیادەوەریە خۆشەکانی عەلی ئەو شاییو زەماوەندانەبوون کە لەگوندەکەیاندا کراوە، بەتایبەتی کە دەهۆڵو زورنا بەبۆنەی بووك گواستنەوە چووەتە گوندەکەیان عەلیو هاوتەمەنەکانی زۆر کەیفیان پێهاتووەو چێژێکی تایبەتیان لێوەرگرتووە، بەڵام وەك خۆی دەڵێت ئەنفال کارێکی پێمان کرد ، هەتاهەتا یە لەبیرمان نەچێتەوە، بەرپرسانی وەڵاتەکەشمان ئەوەندە لاموباڵاتو خەمساردبوون هیچی لە ئازارەکانیان کەم نەکردووەتەوە.

عەلی دەڵێت لەیادەوەریو بەسەرهاتنی ناخۆش پەکمان ناکەوێت چەندی بێژی لامان دەستدەکەوێت، بەرلەوەی ئەنفال بگاتە ئێمە دەنگوباسێك بڵاو بووەوە کە کیمیایی داوێتی لە سێوسێنانی قەراغو خەڵکێکی زۆری کوشتووە، بەراستی ئێمە بەعەقلماندا نەدەچوو، بەڵام زۆری پێنەچوو کە ماڵی شێخ لە قەرەداغەوە ئاوارەبوون هاتنە ماڵی ئێمە راستی هەواڵەکەی پشت راستکردەوە وتیان بابە

درۆی چـی قـەرەداغ پێشـمەرگەی تێدانـەماوەو هـەمووی گـیراوەو ئێمـە کیمیـایی لێیـداوین و ئنسـان و مـەروماڵاتی وەکـو یـەك کوشـتووە، ئـەو عالەمـە کراوەتـە ژێـر خۆڵـەوە، ئـیتر ماڵەکـە دوورۆژ لـەلای ئێمـە مانـەوە بـەرەو دوزخورمـاتوو ڕۆیشـتن، بـەڵام ئـەوانیش گـیران و ئـەنفالکران. ئـیتر زۆری نـەبرد هێرشـکرایە سـەر ناوچـەکەی ئێمـەش نـاوداوی و ئۆمـەربل و زەنگنـە لەهـەموو لایەکـەوە هـەر جـەیش و جاش هجـومی دەکـردو تـەیارە بەراسـەرەوە دەسـوورایەوەو بۆمبـارانی دەکـرد. ئـیتر ئـەو خەڵکـە وەك مـەلی هیلانـە لێتێکچـوو بەناویـەکا ئـەهات و ئەچـوو ئێمـەش وەك ئـەو خەڵکـە مـن منـداڵ بـووم بـەلای ڕانـەوە، هـاتین بـەرەو ملـە سـورە شـەوێك لـە هـەوارە قوڵـە ماینـەوە، ئـیتر ئـەو خەڵکـە ڕۆیشـت هـەمووی لـە مللسـورە خڕبـووەوە دەتـوت ڕۆژی حەشـرە ئـەوەی مللـە سـورەی نـەدیبێ نـازانێ چـەندێك خـەڵك فـەوتاوە، خـۆی ئـەوەی لـەوێ بـووە مەگـەر تـاك و تـەرا بـەزۆری پیروپەککەوتـە ئـەگینا یـەك کەسی نەگەڕاوەتەوە.

ئێمـە سـێ چـوار ڕۆژ لەمللـە سـورەماینەوە، ئێسـتا ئەمانبـەن سـبەی ئەمانبـەن نـەشمان دەزانـی بۆکوێمـان دەبـەن خـەڵك وای دەزانـی دەیبـەن خـانووی بـۆ دەکـەن و لـە مجمع دایـدەنێن کـێ بەعەقلیـدا دەهـات ئـەو هـەموو خەڵکـە بفـەوتێنن.. جـەیش و جاش ئـەوناوەی تـەنیبوو بەدەبابـەوە لـەوناوە وەسـتابوون کۆپتـەریش هـەر ئەسـوورایەوەو گونـدەکانی بۆردومـان دەکـردو خـەری ئەکردنـەوەو ئـەیکردن بـەناو مللـە سـورەدا. بیرمـەدێ دوو کەسـی دراوسـێ گونـدی خۆمـان بـەو بۆمبارانـە کوژران.

## دیمەنی گوندەکەمان :

بـۆ ئـاخر جـار لـە دوورەوە سـەیرمان دەکـرد گوندەکـەمان ( بنەکـە)ی درایەبـەر تـۆپ ئـیتر ئـەوە زۆر بـەئازاربوو خـاڵۆم ئەحمـەد صـاڵح و میمکـێکم لەمللسـورەوە گەڕایانـەوە بـۆ ئاواییەکـەی خۆمـان لـەو کاتـەدا کەوتنـە ناوجەیشـەکەوە گـیران ئێسـتاش شـوێنەکەیان ئـەزانم، هـەر بەقـەد گوندەکەمانـەوە گـیران لـەوێ کۆپتـەرباریانی کـردو بردبـوونی لـە قۆرەتـوو دایـانگرتبوون، ڕۆیشـتن ئـەنفالکران. خـاڵۆم و مـیمکم گـەنج بـوون ئێسـتاش بێسەروشوێنن بەڵام باوام لە نوگرەسلمان هاتەوە .

## بۆ دواجار دایکم و باوکم و خوشکەکانم لەمللەسورە بینی

دایکـم و بـاوکم و دوو خوشـکم لەمللـە سـورە بـوون، تراکتۆرمـان بـوو هەربەتراکتۆرەکـەی خۆمـان بردبوویانیـان بـۆ قۆرەتـوو، مامـەکانم وەلی و کاکـە خـان و ڕەحمـان ئەمانـە هـەموویان بـوون بـران بـۆ قۆرەتـوو، ئـەو خەڵکـەیان فریـودا سـەعید جـاف نـەبێت جاشـەکانی تردەیـانگوت: ئەتانبـەین بـۆ مەیـدان لـەوێ حکومـەت خانووتـان بۆدەکـات. سـەلیبێکمان هـەبووهێنامان دامانـە دەسـت کوڕەکـەی سـەعید جافەوە.

## خاڵۆیەکی باوکم خەریکبوو لەسەر ئێمە بفەوتێ

وتیـان ڕانـەکانتان بێـنن بەرەوکـەلار ڕێگـە هەیـە دەرچـیت، ئێمـەش منـداڵ و نەشـارەزا بـووین، خۆمـان دزییـەوە نزیکـەی ١٢ ڕۆژ لەوجەوەڵانـە ماینـەوە، بـەردەوام بـاران دەبـاری وەزعمـان زۆر خـراپ بـوو نانمـان پێنـەبوو برسـیمان بـوو، مـن پیڵاوەکـانم دڕابـوو پـێم هـەمووی بـوو بـە زام، هـەر بەسـەر زەویەکـەوە بـوو، لەودەشـتەدا لێمـان قـەومابوو، ئێوارانێکیـان بـاران دەبـاری سـتاری حـاجی ڕەشـید "خـاڵۆی بـاوکم" بـوو لەبـەینی ڕەبایەکانـەوە دزەی کردبـوو هاتـە هاوارمانـەوە ئـەو کاتـە لـەتوران بـووین، مامـەم (حەمـەی مینیـا)مـان لەتەکـدا بـوو ئـەو دەربـازبوو، هـەتا کـاك سـتار نـەهات نەمانـدەزانی چـی قـەوماوە کـە هـات وتـی: ئێـوە خـەرکی چـین، بۆکـوێ دەڕۆن کـەلاری چـی و ڕانەمـەڕی چـی کسـوکارتان هـەمووی گـیرا خـەڵك نـەما ئێمـە

چەند رۆژە تەماشایاندەکەین چۆن دەیانبەن.. ووتی: باسی هیچ مەکەن ئێستا دەتانبەم بۆ ماڵی خۆمان رانەکەتان بفرۆشنو ئیتر خۆتان بشارنەوە ئەو خەڵکەی رۆیی مەگەر بەس خواو صدام بزانن چارەنوسیان چیە، ئەو ئەگریاوئێمەش دەگریاین.

## جاشەکان نامەردیان کرد :

هەرچۆنێك بوو ئێمەیان قەناعەت پێکرد برۆین، منو محمد هاتینو گەیشتینە صمود، هەریەکەمانیان لەماڵێك دانا، بۆ شەوی دوایی رانەکەیان هاورد رەبایەکی تایەری وەسمان کەوتنە تەقەو تەنویر هەڵدان، ئێستە شوێنی رەبایەکە دەزانم بەم شەوە برۆین دەچمە بانی، تەنانەت تەقەیان لە مەرکەنایش دەکرد ئێمە لەسەربانەوە ئاوا تەماشامان دەکرد، ماڵ خلۆکەی باوکم پشتی بەرەبایەکەوە بوو دەیانویست رانەکە بێننە ئەو ماڵەو بیفرۆشین، بەڵام جاشەکان نەیان ئەهیلا، قیشەك تەنیا بەر زەلامەکان نەکەوتبوو کاك ستار چوو زۆر لێیان پارایەوە، ووتیان نەخێر ئەوە هی ئەنفالە، دوایی وتبووی دەیبرا خۆ ئەنفال هەمووی کوردەو هەموو رۆییو کەسیان نەماوەو گوناهتان دەگات، بابیبەین بۆیان بفرۆشین بێسود بوو، هەتا برێك جنێویشیان پێدابوو، لەراستیدا کاك ستاریش تورەببوو برێك قسەی پێیانکرد، ووتیان قسەی زیاد بکەیت ئەتدەینە دەست ئیستخباراتەوە، ئەو شەوە گرتیان رانەکەیان بەرنەدا هەتا بەیانی، بەیانی خاڵۆی باوکم رۆیشتەوە بۆلایان وەرقەی عقارەکەی بۆیان بردبوو، ووتبووی ئەمە ران خۆمە، ووتبویان تازە عەسکەرییەکە پێی زانیووە ناتوانین بەریدەین، رانەکەیان برد بۆشوێن مقر شیوعیەکەی ئێستا ئەوسا ملازم کەریم بوو، ئیستخباراتیٚی پیس بوو، هات ئەو رانەکەی گرت، تاوانی زۆرە لەم صموددا، هەرکەسێك بگیرابایە دەبوایە ئەو بەریبدایە، رانەکەیان بارکردو بردیان، ئێمەش لەماڵ خۆمان قایمکردووە خواخوامانبوو خۆمانیش نەگرن، وەختێکمان زانی هاتن وتیان خاوەن ئەو رانە کێیە ..؟ وەڵا کاك ستارو کورێکیان برد، ئەمە بۆ ئێمە زۆر ناخۆش بوو، حسابکە لەسەر ئێمە گیران، لەوێ کورەکەیان بەردابوو چونکە ئەو عەسکەر بوو، بەڵام چاوی خاڵۆم ستاریان بەستبووەوە، شەوێك لەوێ سجن بوو ناردبوویان بۆ فەوجێکی تر، بەڵام بەرێکەوت کورێك چووبوو بۆلای ئەفسەرەکە ناوی بەکربوو خاڵۆم ناسیبووی پێی وتبوو کورە فریام نەکەویت قەوتاوم باشبوو ئەو لەوێ فریای کەوتبوو بەریدابوو، ئەگینا ئەویش خەریکبوو لەسایەی ئێمەوە بفەوتیٚ.

## ژیان لە صمود ژیان لەدۆزەخ :

کە گەیشتینە صمود ئاژەڵەکانمان فرۆشت، ئەوسا ئێرە پێیان دەگوت صمود ئێستاش هەرسمودە رزگاری چی..؟! کەسمان نەمابوو من تەنیا مابوومەوە، هەتا ساڵی ١٩٩١ من لەلای مامەمو لەلای خەڵك بووم خەڵك لەرای خوا هاوکاری دەکردم، صمود بۆمن دۆزەخ بوو ئێستاش کە دەڵێن رزگاری گاڵتەم پێی دێت من هەربەصمودی دەزانم.. رزگاری چی بڵێ دۆزەخ. ئیتر کە لە ساڵی ١٩٩١ بەشێکی حکومەت روخاو پێشمەرگە هاتە خوارەوە من بوومە پێشمەرگە هەتا ساڵی ١٩٩٦ لەوە بەدوا رۆیشتینەوە بۆ گوندەکەی خۆمان . بەڵام دواجار هەژاریو بەیاخ نەدان بەگوندەکەیانو هەرەشەی ووشکە ساڵی ناچاری کردووە بێتەوە بۆ صمود بەتایبەتی کە حکومەت خانووی بۆ کەسوکاری ئەنفال دروستکردووە.

## فرمێسکەکانی عەلی :

ئەوکاتەی هاتە سەرگێرانەوەی قسەکانی باوای کە لە نوگرە سەلانەوە بە کەنەفتی گەرابووەو باسی جیاکردنەوەی باوکیو دایکیو خوشکەکانی بۆ

گیرابووەوەوعەلیش دەیویست لەزاری باوایەوە بیگوازێتەوە بۆناوکامیراکە.. وردەورە لەناوەوەراهێزێك شالاّوی بۆدەهێنا کە لیوان بوو لەهەستی ئینسانی بۆ ( مجیدی باوکیو بەفراو سالح کەریمی دایکیو خوشکەکانی ئاوازوسەولّەی تەمەنیان حەوت سالو دە سالّ) عەلی هەرچەندە نەخویندەوارەو لە جلو بەرگوروخساریشدا وادەرناکەوێت، زیاتر لەجەنگاوەرێك دەچێت تازە لە بەرەکانی شەڕی ناوخۆگەرابێتەوە بەلاّم کە دەیدوێنیت کورێکی روح سوكو بە ئەمەکە من زۆر کەسم دواندووەو زۆر دیدارم لەگەلّ کەسوکاری ئەنفالدا کردووە، زۆرحەمو ئەشكو ئازاری ئەنفالکراوەکانم دیوە، بەلاّم فرمێسكو گریانی کەسیان ئەوەندەی عەلی گوندی بنەکەی راینەچلّەکاندووم. ئەوکاتەی عەلی باسی ئەوەی کرد کە یەکێك لە کچەکانی خۆی بەناوی خوشکەکەیەوە ناوناوە خۆی پێنەگیراو ماوەیەکی زۆرمنو کامیراکەم بەبێدەنگی بەدیار هەنسكو فرمێسەکەکانی عەلیەوە وەستاین، من لەنیوان دوو رێگادابووم ئایا سوربم لسەرئەوەی برینی زیاتری بکولێنمەوە یان فەرامۆشی بکەمو لێگەرێم ئەم چیرۆکش ونبێت .. دواجار بریارمدا بەردەوام بم .. بەلاّم کە سەری هەلّبڕیو داوای لێبوردنم لێکرد ووتی: نا بە پێچەوانەوە کارێکی باشت کرد لەوەتای من حالّم ئاوایە.

## چاوەروانی کوشتمانی :

عەلی وەکو هەموخەلّکی بنەکە لەدوای سالّی ١٩٩١ وە بەردەوام چاوەروانی گەرانەوەی دایكوباوكو خوشکەکانی بووە، تەنانەت لە ئاوەرایی سالّی ١٩٩١ لە ئێران بیری لەوەکردووەتەوە کە بێتو ئەوان بگەرێنەوە بچنەکوێ کەئیمە ئاوا ئاوارەبووین. ئیتر ئەمچاوەروانیە هەتا دواچرکەساتەکانی روخانی یەکجاری بەعس لەگەلّیاندابووە، هەتا دەرکەوتنی گۆرەبەۆمەلّەکان ئینجا بەتەواوی هیوا براو بوو، عەلی دەلّێت ئێمە چاوەروانی کەسوکارەکەمانو چاوەروانی چاك بوونی وەزعی هەرێمی کوردستانو جێبەجێکردنی بەلێنەکانیان کوشتمانی، وەکو بەعس ئەوەندە درندەو دکتاتۆر بوو ئەم دەسەلاّتەش ئەوەندە چاك نەبوو لەتەکماندا ئەوەتا ئەوهەموو جاشومستەشارە بوونەتەوە بەکەلّ’گاو هەرچاوەروانین دادگایی بکرێن.

## دولبەرلەنوگرەسەلمان هاتووەتەوە.

دولبەر کە ئێستا هاوسەری عەلی یە، میمکزای خۆیەتیو ئەویش کەسوکاری ئەنفالکراوەو بەمندالّی ماوەی ٦ مانگ زیاتر لەزیندانە نەفرەتیەکەی نوگرەسەلمان بووە. ئێستا دایکی چوار کچو کورێکە بەناوەکانی (ئاوازوپێبازودلسۆزو کانیو کورەکەشیان بەرهەم) عەلی رێزێکی تایبەت لەدلبەر دەگرێت لەبەرئەوەی هەم ئەنفالکراوەو هەم هاوسەروهاوخەمێتی .

## ٤/١٤ گۆشت ناخۆین.

عەلی دەلّێت لەدوای ئەنفالەوە کەمالّمان نەماولەمالّ ئەوخالّۆیەمومامەم بووم،هەتا ئێستاش جەژنم نیە، ئێستاش لەبەر مندالّەکانم نەبێت قەت جەژن ناکەم.. ئەوە لێرەوە بریارمدا ئەو پێشنیارەی ئەنفالستان قبولّ دەکەمو رۆژی ٤/١٤ گۆشت ناکرمو لەمالّەوە نایخۆین جا هەرکەسێك میوانم بێت.

## بەرپرسان زۆر بیّ وەفا بوون.

ئەو بەرپرسانەی وا ئێستا ئەنفالیان بیرچووەتەوە ئەوانە لەگوندەکەی ئێمە زۆریان خزمەتکراون لەهەموو گوندێك رێزیان لێگیراوە، کەچی ئێستا هەرگوندەکەی ئێمە نەکارەبای هەیە نەجادەی هەیە نەئاوی خواردنەوە من خۆم لەبەر بێئاوی هاتمەوە بۆ

صمود دەنا چیم داوە لێرە، ئێستاش کە بێتاقەت دەبم سواری سەیارە دەبم دەچمەوە بۆ بنەکە سەبوریم پێی دێتو دڵم پێی دەکرێتەوە. بروابکە تەنها بۆ ئەوە دەچم خەفەتەکانم لەدڵم دەرکەم . عەلی لەیادەکانی ئەنفال هەست بەتاڵییەکی زۆر دەکەم بەرپرسان وەك بۆ سەیران بێن ئاوایە، هەست بە دلسۆزی ناکەم تیایاندا.. میمکە جەمیلە لێرە تەنیا کەوتووە خێزانی مام عەلی پیرۆزە هەتا ئەوان خانەدان کاك سامان گەرمیانی کە دەهات بۆ بنەکە لەماڵ ئەوان نەبوایە لای کەس لای نەدەدا، کەچی ئەوەتا میمکە جەمیلە کەس نیە سەردانی بکات، من هەمووجارێ دەچم بۆلای تێر تێر پێکەوە دەگرین مێردەکەی لە بنکە کوژراو هێنایان لەکفری بەشۆفڵ دایانپۆشی ساڵی ١٩٩١ کە تەرمەکەیمان دەرکرد هێشتا سەعاتەکەی دەستی لەکارنەکەوتبوو، من لەبەرێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان زۆر مەمنونی مامۆستا شادانو مامۆستا کامەرانم کەزۆر رێز لەکەسوکاری ئەنفال دەگرن. زۆر مەمنون تارقم لەبەرێوەبەرایتی شەهیدانی ئێرە بەراستی کارمەندەکانی بەرێزن، بەڵام بەراستی حزبە کوردستانیەکان وەفایان نەبوو. ئێمە چەندێکە دەناڵێنین هەموومان توشی نەخۆشی بووین. گوناه نیە کەسوکاری شەهیدو ئەنفال کۆمەکی بۆ کۆبکرێتەوە بۆ عیلاج ئەی حکومەت کاری چیەو پارەی ئەو نەوتە چی لێدەکات ..؟ ئێمە کەسوکاری ئەنفال لەئازایەتی خۆی ماوەتەوە. ئەو ژنانەی لەدوای ئەنفال مانەوەو منداڵەکانیان گەورە کرد خاوەنی رێزی گەورەن، ئەوانە نەئەوکاتەو نەئێستاش هیچیان



بۆنەکراوە ئەوانە قارەمانن.

## پارێزگاری کردن لەتاوانبارحکمەتەکەی لە کوێدایە..؟

بەبروای عەلی دادگایی کردنی جاشەکان مافی کوردوکەسوکاری ئەنفالکراوەکانو شەهیدەکانە، ئەوەی بەرەی کوردستانی کردی حیکمەت نەبوو، بە پێچەوانەوە غەدرێکی گەورە بوو، هەقوایەئەومەسەلەیە ببرێتەوەئەوەی داواکراوەوسکاڵای لەسەرە بدرێنە دادگاو کێ تاوانبارە سزای خۆی وەرگرێ .

**جوانترین بەرپەرچدانەوەی ئەنفال رێزگرتنە لەمافی مرۆڤ، چونکە ئەنفال گەورەترین سوکایەتی بوو بە مرۆڤ .**



## مەریوان عومەر فەرج

## ئەورۆژەم بیرناچێتەوە کە جلوبەرگمان بۆ کریبوون، چاوەڕوانی هاتنەوەیان بووین بەڵام هەرنەهاتنەوە.

ئامادەکردنی ئەنفالستان.

ئۆمەربل: ٢٠/١/٢٠١١

ساڵی ١٩٧٥ لە گوندی ئۆمەربل لەدایکبووە، بە ئاژەڵدارییەوە خەریکبوون، لەساڵی ١٩٨٧ باریاکردووەو چوونەتە گوندی جوامێراغا، کاتی ئەنفال مەریوان لەگەڵ دایکیو باوکیدانەبووە، شوان بووە لە ماڵی مامەی ژیاوە، کە وەزع تیکچووە ئەویش هەولیداوە بگەڕێتەوە بۆلای دایکیو باوکی، تەنها دوو شەوپێکەوە بوون، بەڵام لەگەڵ کوری مامەکەی چونەتەوە بۆلای ئاژەڵو دیسانەوە لەماڵەوە دابراون، ئەوانیش ڕۆیشتوون بەرەو صمود بەنیازی دەربازبوون، بەڵام لەسەرجادەگیراون، کە مامەیو باوکیان بینیوە ڕێنماییان کردوون خۆیان بدزنەوەو بڕۆن بۆ جەوڵەکانی ئەو دەوروبەرە بەڵام گرفتی مەریوانو حەسەن ئەوەبووە منداڵبوونو نەشارەزاش بوون، ڕۆیشتنو دوبارە گەراونەتەوە بۆلای سوپا ئەنفالچییەکە ئیتر سەرلەنوێ جەیشو جاشگرتبوییاننەوە، ئەوانیش وەکو سەرداری حاجی قادری تەپەسەوز ئەو لۆریانەیان بینیوە کە مەروماڵاتیان بەشوانەکانەوە بارکردووەو ئەوانیش لەچاوەڕوانی ئەوەدابوون باریان بکەنو سوپا بیانبات بەرەو چارەنوسیێ نادیار، بەرێکەوت بووە کە ئەوان بارنەکراون، لەو چاوەڕوانیەدا بوون کە جاشەکانی سەعید حەمە غەریب جاف فریایان کەوتبوو، وتبوویان بەیانی ئێوە ئاخر وەجبەدەبن بارتان دەکەن هەرچۆنێك بووە بەشەو خۆتان لە جەیشەکە بدزنەوە، ئەگەر نەشتان توانی ڕانەکە دەرکەن خۆتان بەسەڵتی دەربازبن، مەن بەیانی خەڵکتان بۆدەنێرم رزگارتان بکات. باشبوو حەسەنو کامەران تەمەنیان لەوان زیاتربووەو تارادەیەك شارەزاتر بوون، ئەوان توانیان هاوکاربن ڕانەکانیشمان دەرکردو ڕۆیشتین بەرەو گوندی عەرەبەکان لەلای ناوچەی سەی حسێن، ئیترڕانەکەشمان هەرزانفرۆشکرد.

مەریوان لەوپەلامارە دایکیو باوکیو سێ براو سێ خوشكو براژنەکەی ئەنفالکران، باوکی بەناوی عومەرو دایکی بەناوی فاتمە، براکانی ( پیشتیوان، قارەمان، شێروان، خوشکەکانیشی سەبریو سەدریو سنەوبەر) براژنەکەشی حەسیبە، خوشكوبراکانی هیچیان هاوسەرگیریان نەکردبوو، مەریوانیش بەرێکەوت دەربازبووە، ئەوەی هەتا ئێستا گرێیە لەدڵیدا هەرئەوجارە بیننی کەلەملەسورە لێکدابڕابوون، ئەوان زانیویانە کە خانەوادەکەیان گیراونو براون بۆ قۆرەتوو، بەڵام هەرئەوجارەبوو ئیترنەبینرانەوەو تراژیداو مەینەتی دەستی پێکرد، چونکە کەوتنە بەردلرەقی ڕۆژگارو لە ماڵی خەڵك دەمانەوە خەڵکیش بەومەینەتیو قاتو نارەختەوە، مەریوان بە سوپاسەوە باسی ئەو ماڵانە دەکات کە داڵدەیان داونو زەحمەتیان لەگەڵدا کێشا، هەرچەندە خزمیانبوون، بەڵام ئەو ڕۆژگارانە زۆر سەخت بوون چونکە خۆشیان خەڵکی لێقەوماو بوون، لەوانە ماڵی میمکی(مینا فەرەج) کە ٥٣ کەسی براوبرازای ئەنفال بوو ماڵی ئامۆزایەکی دایکم بوون ڕۆستەم فەرەج بەهەمان شێوە لێقەومابوون. دوایی بەناچاری دەچێت دەبیت بەشوانی ماڵێك لە کفری.. مەریوان ماوەیەکی زۆر هەتا ڕوخانی بەعسیش چاوەڕوانی گەرانەوەی ئەنفالکراوەکانی کردووە، ئەو چاوەڕوانیە ئەوەندە وەرسی کردووە ئێستاش بە ئاشکرا بە

روخسارییەوە دیارە، ئەو دەپرسێ چاوەروانی منداڵێکی ١٣ساڵ بۆ گەرانەوەیان تا تەمەنی ٢٧ساڵی دەبێت چ کارەساتێك بێت ووتی: چاوەروانی هەموو تەمەنی ئێمەی برد. لەو سۆنگەیەوە ناخۆشترین یادەوەری دەگێرێتەوە کە هەواڵێك هاتووە سبەینێ کەسوکارتان دێنەوە ئەوانیش بەو مەینەتیەوە جلوبەرگ بۆ براو خوشکەکانیان دەکرڕن‌و چاوەڕوان دەبن، کاتێك دەچن بۆ پێشوازی هەندێك لە پیرەکانی ئەنفال دێنەوە هیچ کەسێکی ئەوانی تێدا نەبووە. دەلێت: ناخۆشترین رۆژ بووە لە ژیانمدا. تەنانەت دادگایی کردن‌و سزا دانی تاوانبارانی ئەنفالیش کە بەلای مەریوانەوە زۆر خۆشبووە نەیتوانیوە ئازاری ئەو چاوەڕوانیە کەم بکاتەوە. مەریوان ساڵی ١٩٩١ دەگەرێتەوە بۆ ئۆمەریل لەوێ هاوسەرگیری کردووەو ئێستاش لەوێ دەژی. ئاواتە خوازە یاسا سەروەربێت‌و ئەوانەی دەستیان لە تاوانی ئەنفالدایە بەجاشە سوکەکانیشەوە دادگایی بکرێن‌و سزای خۆیان وەربگرن.

## ساتێك لەگەڵ یوست هیڵتەرمان

لەوپەری سەرقاڵیمدا بووم بۆ دەرچوونی ئەم ژمارەیە کە برای بەرێزم کاك فەلاح مراد خان زنگێکی بۆکردم‌و سڵاوی یوست هیلتەرمانی پێڕاگەیاندم، ووتی: پێیخۆشە چاوی پێت بکەوێت، بێگومان ئەودەرفەتە بۆمنیش گرنگ‌و قابیلی رەتکردنەوە نەبوو، ئیتر دەمەو عەسرێك لە هۆتیل ئاسۆسی شاری سلێمانی بەدەم چاخواردنەوەوە بەناو قسەوباس لەسەر دۆسێی هەلەبجەو تاوانی ئەنفالدا ڕۆچووینەخوارەوە، ئەوەی لەلای هیڵتەرمان هێشتا مایەی نیگەرانیە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێشوازییەکی ئەوتۆی لە کتێبەکەی نەکردووە سەبارەت بە جینۆسایدی کورد..

دیارە ئەو پێشتریش لەشوێنی تر ئەم نیگەرانیەی راگەیاندووە، ئەو لەپێشەکی کتێبێکدا لەسەرهەمان دۆسێی جینۆسایدکردنی کورد ئەو نیگەرانیەی نوسیوە کە دەبوایە ولاتانی زلهێزو بەرپرس بۆ دۆسێی کورد تێبکەوتنایەو لێنەگەرابان ئەوتاوانە ئاوا بەئاسانی تێپەڕێ.



لەدوای راپەرینەکەی ئازاری ساڵی ١٩٩١ ەوە هەردوو رێکخراوی هیومان رایتس وۆچ‌و میدل ئیست وۆچ هاتنەکوردستان بە مەبەستی بەدواداچوونی دۆسێی ئەنفال کە هەردوو توێژەری مەیدانیی خاوەن ئەزموون، جیمێرا ڕۆن Rone Jemera و یووست هیڵتەرمان Hiltermann Joost کە ئەوسەروەختە بەرێوەبەری پرۆژەی کوردبوو لە میدڵ ئیست ووۆچ‌و جیمێرا ڕۆن Rone Jemera، ڕاوێژکاربوو لە چاودێریی مافی مرۆڤدا، ماوەی شەش مانگیان لە کوردستان بەسەربردووە لە نێوان نیسان و ئەیلوولی ١٩٩٢دا، کە تێیدا خەریکی کۆکردنەوەی بەڵگەو زانیاری بوون لەسەر تاوانی ئەنفال (بڕوانە جینۆساید لەعێراق‌و پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد – محمەد حەمە صالح توفیق).

لەنیوان قسەو باسەکانماندا کە هاتینە سەر دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ ووتی: ئەوانە هاورێی منن، کاتێك گەراینەوە بۆ سەرەتاکانی کارکردنی لەو دۆسێیەدا ووتی: یەکەمین دەربازبووی گۆڕی بەکۆمەڵ، کە روبەروی بووینەوە تەیمورعەبدولای تەمەن دوانزە ساڵ تاقە دەربازبووی کۆمەڵکوژییەکی پارێزگای سەماوەبوو کە تیایدا خەڵکێکی زۆری پیاو و ژن‌و منداڵی کوردی ناوچەی گەرمیان بوون، دواتر تیمەکەی میدڵ ئیست ووچ لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکەکەیاندا ٧ دەربازبووی تری کۆمەڵکوژیەکەیان دۆزیەوەو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردن کە تێیدا بە وردی‌و دوورو درێژییەکی قەناعەت بەخشەوە تاوانەکانیان گێڕاوەتەوەو ئێستاش ئەو دەربازبووانە جگە لە خەمەعەلی عەلەیان هەموویان دۆستی هیڵتەرمانن.

# پێچەوانە

زۆردەستەواژە هەن لەلای ئێمە پێویستیان بە هەڵگێڕانەوە هەیە.. چونکە بێباکی ئێمەن بەشبەحاڵی خۆم زیاد لە جارێك لەسەرئەم بابەتانەم نوسیوەوئاماجیشم ئەوەیە لەریشەوە تێگەیشتنەکە راست بکەمەوە، باچەند نمونەیەك بهێنینەوە :

**هەڵەبجەی شەهید..؟** ئەم دەستەواژەیە پێویستی بە هەڵگێڕانەوە هەیە، چونکە لەگەڵ لۆژیکی ژیانو ئاوەدانی ناتەبایە پێموایە هەڵەبجە شەهید نیە بەڵکو بریندارە، ئەگەرمانەوێت گوزارشت لە زۆری شەهیدەکانی ئەو شارە بکەین رەنگە هەڵەبجەی شەهیدان شیاو ترو جوانتر بێت.. باشە ئەگەر هەڵەبجە شەهید بێت چ پێویستی بە ئاوادانکردنەوەو خزمەتگوزاری هەیە..؟ باشتروایە بیکەین بە مەزارێکی سەرنج راکێشی شەهیدان .

**پاشماوەی ئەنفال ..!!** چ دەستەواژەیەکی ناجۆرو نەشیاوە بۆ مرۆڤ چ جای قوربانی گەورەترین تاوانیش بێت..؟! لە بنەرەتەوە ووشەی پاشماوە بۆ ئینسان نالەبارونەگونجاوە، "ئەمە ئەگەرنەلێین جۆرێکیشە لە سوکایەتی پێکردن" بۆیە پێموایە ووشەی قوربانی جوانتروگونجاوتربێت بۆ ئەوکەسانەی لەئەنفال دەربازبوون .

**کارەسات:** دەبیستین لەبەرامبەر تاوانی ئەنفالوکیمیاباران ووشەی کارەسات بەکاردەهێنرێت.. ئەمە دەستەواژەیەکە لە بەرامبەرتاوانێك کە لە دنیادا بەتاوانی نێونەتەوەیی و لەیاسادا بە تاوانی جینۆساید ناسراوە، کەچی هەتا ئەمرۆش سیاسەتمەدارو کەنالەکانی راگەیاندنو تەنانەت یاساناسو مافپەروەرانیش بەکارەسات ناوی دەبەن، ئەمەش جۆرێکە لەبێباکی و خەمساردی ئێمە.. بەداخەوە ئەمە سێهەمینجارە لەسەرئەم (کارەساتە) دەنوسمو کەس گوێی لێناگرێت.. سەیر لەوەدایە ئەمساڵ لەیادی تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا وتارێکم لەسەرکەناڵێکی راگەیاندنی پربینەر نوسی، کە بەتاوانی کیمیابارانی دەگوت کارەسات.. کەچی ئەوکەناڵە سەرباری ئەوەی تەلەفۆنم بۆکردنو بەئیمایلیش وتارەکەمم بۆم رەوانەکردبوون، گوێیان پێی نەداو لەتاوانی ئەنفالیشدا بەهەمان نەفس بینی پێوەنا بوو، لەوەش کارەساتتر ئەوەبوو بێژەرەکە کتێبێکی لەسەر تاوانی ئەنفال نوسیوە بەناوی (ئەنفالو رەهەندە سۆسیۆلۆجییەکان ..!! لەکاتێکدا دەشێت بومەلەرزەولافاو یان هەر رووداوێکی سروشتی کارەسات بخولقێننو کۆمەڵکوژیش بخەنەوە وەکو لەنزیك یادی هەڵەبجەدا لەکەنالەکانی راگەیاندنەوە بینیمان تسۆنامیەکەی ژاپۆن چ وێرانکاری وکۆمەڵکوژییەکی لێکەوتەوە بەڵام ئایا کێی لەسەر دادگایی دەکرێت ..؟



# تاوانەکەی ئاواییتەکیەی قەرەداغ
# لە پەرلەمانی بەریتانیا

شێرکۆعادل / لەندەن
sherkoedel@hotmail.co.uk

**پرۆفایل**

- شێرکۆعادل لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٨ سلێمانی.
- خێزاندارەو باوکی‌دوومنداڵە.
- خوێندکاری بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلیمانی بووە، بەڵام سالی ١٩٨٦ لەلایەن دەزگاکانی ئەمنی سلیمانیەوە راونراوەو بەهۆیەوە لەخوێندن دەرکراوەو نەیتوانیوە پەیمانگا تەواو بکات.
- ساڵی ١٩٨٦ بووەتە پێشمەرگەی حیزبی شیوعی عێراق.
- لە٢٠/٤/١٩٨٧ لەگرتن یشاری قەرەداغ بریندداربووە،لە٢٧/٣/١٩٨٨ لەگوندی تەکیەی قەرەداغ بە (بۆمبی گازی کیمیایی سارین سۆمان بریندداربووە) لەچەندین چالاکی ئەوکاتە لەقەرەداغ وگەرمیان بەشداربووە، پەلامارەکانی ئەنفالی : دووسیٌو چواری بینیوەو بەمەینەتیەکی زۆرەوە دەربازبووە،بیبێجگەلە چالاکی پێشمەرگایەتی لەبواری هونەرو ڕاگەیانداچالاکبووە.
- لەپێش ڕاپەڕینی ئازار ١٩٩٠ ودوای ڕاپەڕین لەچەندین چالاکی بەشداربووە، وەك پێشمەرگەیەکی شیوعی سەربەخۆ،٢٤ چالاکی پێشمەرگایەتی‌و٣٥ چالاکی سیاسی‌و دەیان چالاکی هوونەری

شێرکۆ عادل بەوپێیەی بەرکەوتوو یان بریندارێکی چەکی کیمیاوی ناوچەی قەرەداغەو تا ئێستاش چارەسەرێکی پێویستی بۆنەکراوە، ساڵ بەساڵباری تەندروستی خراپتر دەبێت، وەکو خۆی لە نامەیەکی ئیلەکترۆنیدا بۆ ئەنفالستانی نوسیووەو دەڵێت : ( بەتایبەتیش لەوەتەی دەکەومە تەمەنەوە زیاترو زۆرتر هەست بەئازارو نارەحەتی نەخۆشیەکانم دەکەم بەهۆی بریندداربوونم بەچەکی کیمیکاڵی،من بەردەوام لە ئازاردام و لە ژێر چارەسەردام، لەئێران‌و ئەڵمانیاو بریتانیا تائێستا پێنج جار نەشتەرگەریم بۆکراوە. بەردەوامبەدەست ژاراویبوونی ئەندامەکانی لەشمەوە دەناڵێنم ودەبێت لەژێر چارەسەردابم‌و بەردەوام دەرمانبەکاربێنم بەڵگەی دکتۆرو خەستەخانەکانم زۆرن.

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٩/٣/١٦ ، یادی تاوانی گازبارانی هەڵەبجەی کوردستانی باشور لەهۆڵی ژمارە (١٧)ی پەرلەمانی بەریتانیا لەلەندەن بەسترا،ئێوارەکشی هەمان کۆڕ و یاد درێژەی کێشا، چەند ئەندام پەرلەمان و کاربەدەستی پەرلەمان تیایدا ئامادە بوون ،لەناویاندا دوو میوانی عەرەبیش هاتبوون ، ئێمەش جگە لە من و خێزانەکەم و منداڵەکەمان، دوو ئافرەتی تێکۆشەری سلێمانی کەسی تر ئامادە نەبوو، گەرچی ڕێکخراوێکی کوردی ئێمەیان داوەت کرد بوو بەڵام خۆشیان نەهاتبوون ! منیش چەند سیاسییەك و هونەر مەندێکم داوەت کردبوو کەس دیار نەبوو ، چاوەڕوانی ناو هۆڵە قەبزو کۆنەکەی باڵەخانەی پەرلەمان و بێدەنگی و بۆنی کۆنی باڵەخانەکە زۆر نارەحەتی کردبووم ، لە پاش چاوەڕوانیەکی زۆر ئەندام پەرلەمانێك

بێدەنگیەکەی شکاندوو، ووتی گەر کەسی تر نایەت بائێتر دەست پێ بکەین، کەس نەدوا بۆیە دەستیان کرد بەکردنەوەی باسەکە و قسەو باسێکی گشتیان لەسەر کردوو و پاشان میوانە عەرەبەکانیش کەوتنە قسە کردن، ئەوان باسی کیمیاویان نەکرد ! باسی شێوازی دیموکراتیەت و هاتنەسەر حوکمی ئەدۆڵف هیتلەریان کرد لە چوار چێوەی دیموکراتیدا ! ، ئەم قسانەیان هەموومانی پەست و بێزار کرد بە تایبەتی ئەندام پەرلەمانەکان، ئەی ئێمەی میوان چیمان بکردایە ؟! من ئەوەم بە باش دەزانی لە شوێنێکی ئاوا ڕەسمی و کۆڕێکی تایبەتدا دەبێت بە بەرنامەو زمانێکی پاراو و ئاستێکی سیاسی باش لەسەر بابەتەکە بدوێیت ، بەڵام من نە بەرنامەم هەبوو نە خۆشم ئامادە کردبوو، هەروەها شێوازی زمانەکەشم لەو ئاستەدا نەبوو ، بۆیە قسەکانم بە میوانە عەرەبەکان بڕی و ڕووم کردە ئەندام پەرلەمانەکان و کەوتمە قسە، بەڵام باسەکەی من لەسەر بۆمببارانی کیمیاوی هەڵەبجە نەبوو ، دەربارەی ڕوداوی تاوانەکەی کیمیاوی ئاوایی تەکیەی قەرەداغ بوو کەخۆم لەوناوە بووم و ئاگاداری بووم، ئەوکاتە من ( پ.م ) ی لایەنێکی سیاسی بووم و لەدەزگای ڕاگەیاندن کارم دەکرد، بارەگامان لە نێوانی گوندی تەکیە و ئەستێلی سەروی قەرەداغ دا بوو، وەك شایەتحاڵێك. زۆر بە ووردی چاودێری بەرکەوتووەکانم دەکرد و لەخەستەخانەی بارەگاکەمان کە دکتۆرێکی عەرەب سەرپەرشتی دەکرد، هەموو تاوانەکە دوای نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٣/٣/١٩٨٨ ی ئاوایی تەکیەی پەنجا ماڵیم بۆ باس کردن و زیاتریش بابەتی جۆری بۆمباکەوکاریگەری و بەرکەوتەکانی وگەلێ بابەتی ترم خستەبەرچاویان، ئەوانیش بابەتی تاوانەکەیان بە سەیر و تازە بیستراو هاتە بەر چاو، چەند کتێبێکیان نیشان دام کە ئەو باسەی منی تیا نەبوو ، لەپاش پرسیارەکانیان داوایان کرد کەوا ئەم بابەتە بکەمە نوسراوو کتێب و بە زمانی ئینلیزی بلاوی بکەمەوە ، لەجیاتی جارێك چەند جارێ دووبارەیان کردەوە و منیش تا ئێستا دستم تێ وەر نەداوە.

جیاوازی ئەم تاوانە لەگەڵ تاوانەکانی چەکی کیمیاوی بۆ سەرکوردستان ، زۆر لەبەرچاوترە، چونکە جۆری گازە ژەهراویەکەوشێوازی کاریگەریەکانی و مردنەکەی زۆر زیاتر تاوانبارونامرۆڤانەیە. بەرکەوتەی ئەم گازە بێ لەچەشتنی ئازارێکی زۆر، لیك، ئاوی دەم و لووت و چاو، سکچون وخۆپیس کردن، گەشکە،لەرز،پاشان شێت بوون وپاش ٢٤ کات ژمێر لەئازارێکی زۆر تووندا دەی کوژێت .بریندارەکان زۆر بە ترسناکی دەگریان و قاقای پێکەنینیان دەی تۆقاندم ، ڕەفتاری زۆر سەیر و ترسناکیان دەکرد ، پێکەنین پاشان گریان دواتر قاقا لێدان و پاشان هاوار و ئازارو خۆپیس کردن دوایی بە ئازارێکی زۆر نارەحەت دەمردن ، ئائەمەبوو داهێنانی زانایانی عێراقی و هاوکارە پاکستانیەکانیان لە دروست کردنی چەکی بایەلۆجی و کیمیاکاڵی ، کە سەدام لە کۆبوونەوە کایدا بە پێکەنینەوە بۆ ترساندنی خەڵکی و وولاتانی دەوروبەری عێراق لە ساڵی ١٩٨٧ دا ووتی : ئێمە خاوەنی چەکی کیمیاوی تێکەڵەین ؟



ئەندام پەرلەمانەکان ڕاستیان دەکرد ئەو تاوانی کیمیابارانکردنی ئاوایی تەکیەی کەمن بۆم باسکردن لە کتێبەکانیاندا نەبوو زۆرترسناك ترو وجیاوازترە لەکیمیاوی کردنی ناوچەکانی تری کوردستان، گازە ژاراویەکە: سارین و سۆمان و تابوونی تێکەڵ بووە و بێجگەلە تێکەڵ کردنی بۆن وگازی ژاراوی تر،ئەمانە:( سارین، سۆمان وتابون ) گازی (دەماریی)(بێ ڕەنگ وبۆنە) وسەر بەکۆمەڵەی فۆسفاتی کیمیاویەولە بەرهەمهێنانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕووسیاوعێراقە کەوەك تاریفی زانستی نوێی جیهانی باسی دەکات: سارین، لەجەنگی جیهانی یەکەم لەبەرەکانی شەڕدابەکارهاتووە پاشتر لەجەنگی جیهانی دووەم و تازەترین بەرهەمیشی لە عێهراق بووە و دوا تاقیگەشی لە کوردستان بووە ؟!

( تێکەڵکردنی گازە ژاراوییەکان بۆ داهێنانی ئاوا ترسناك، بۆنموونە تێکەڵکردنی گازە ژاراوییەکانی وەك سۆمان،تێکەڵکردن وداهێنانی ئاوامەترسیدارلەگازەژاراویەکانی سۆمان،سارین و تابوونوپێکهاتە کیمیاویەکانی تربێئابڕوترین تاوانی قێزەونە بەرامبەر بە مرۆڤایەتی و بەهاپیرۆزەکانی هەموو بەشەریەت گاڵتەکردنە بەشێوازی مردنی مرۆڤ، تەنها گازی سارین ٢٦ جار



پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلیمانی سالی ١٩٨٥ - شێرکۆ لەگەڵ هاورێکانی پەیمانگایدا

لەگازی سیانید مەترسی دار ترەوکاریگەر ترە. تاریفی ئەم چەکەکیمیکالاّنە زۆرمەترسیدارو زیانبارە، من ئەوکاتە بەلای پشتی ئەو گوندەدا تێپەڕ دەبووم، لەدۆڵێکی پچوکدا گیرخواردبوو بەدەست پاش ماوەی گازە کەوە، بەسوکی چەند هەناسەیەکم لیێ هەڵمژی بە نارەحەتی لێی ڕزگار بووم و تا ئێستاش ئاسەواری لەسەرم ماوە و کاریگەری بەسەرمەوە هەیە ، ئەوکاتەشی لە هۆڵی پەرلەمان لە چاوەڕوانی ئامادە بوونی خەڵکی دا بووین ، بۆنی کۆنی باڵە خانەکانی پەرلەمان هەمان بۆن و تاوانی وەبیر دەهێنامەوە و ڕۆحی کوژراو و بەرکەوتەکانی ئاوایی تەکیەش بە ناو هۆڵی پەرلەمان و بەسەر سەر مانەوە بە قاقا لێدان دەسوڕانەوە ، تەنانەت لە پاش کۆبونەوەکە لە قاوەخانەی پەرلەمانیش ئەوەندە نەمامەوە، بەپەلە دەستی منداڵ و خێزانەکەم گرت و چوینە دەرەوە بۆ بەر بارانی سەر شەقامەکە.

## سەرچاوەکان :


١) هەڕەشەی بایەلۆجی و کیمیاویەکان ، وەرگێڕانی د.ناسیح قەرەداغی ٢٠٠٣ کوردستان

٢) وێنەکانی کامێرای سرحد یونس . کوردستان

٣) manbir on line

٤) e Medicine specialties

٥) weapons of mass destruction ( chem. / bio )

٦) Wikipedia / soma-sarin-tabun

٧) CBRNE –nerre agents,G-series Tabun,Sarin,Soman


## چیرۆکی پێڵاوەکانی شێرکۆ

**لەسەردانەکەیدا بۆ کوردستان شێرکۆ بۆی گێرامەوە کە پاشئەوەی پێشمەرگە دەشکێن و لەگەرمیانەوە پاشەکشە دەکەن و دەگەنە ناوچەی ئاغجەلەرو قەلاسیۆکە چەند رۆژێک بەرلەوەی پەلاماری چواری ئەنفال دەست پێبکات، مەفرەزەکەی شێرکۆ دەچنە گوندی عەسکەر شێرکۆ پێلاوی لەپێدانەمابوو، لەو گوندە بەقاڵیك پەیدا دەبێت پێڵاو کالای ئێرانی دەفرۆشێت، بەلام شێرکۆ پارەی پێنابێت پێلاوی پێبکرێت و بەرپرسەکەشیان ئامادەنیە بۆی بکرێت، بەناچاری جوتێک پێلاوی لەکابرا دزییوو، بەلام پاش ئەوەی ماوەیەك دەڕوا دواجار لەم کارەی پەشیمان دەبێتەوەو دەگەرێتەوەو پێلاوەکانی بۆ دەباتەوە . بەپێی پەتی و فاچی خوێناویەوە ری دەبرێ کەچی ئێستا شێرکۆ عادل یەکێکە لە پێشمەرگە برینداره پەراوێز کەوتووەکانی چەکی کیمیاوی لەوڵاتی بەریتانیاو دزە گەورەکانیش تەراتێن لەکوردستانی ئازاددا دەکەن..؟!**

# دۆسێی جینۆسادکردنی گەلی کوردستانلەتەرازووی دادگای ناوخۆییو نێودەوڵەتیدا



سالار مەحمود

بەر لەدامەزراندنی دادگای باڵای تاوانەکان لەعیراقو پاشتریش، گفتوگۆو باسو خواستی دادگاییکردنی تاوانبارانی شاڵاوی ئەنفال لەدادگایەکی ناوخۆیی نیشتمانییدا" یان دادگای نێودەوڵەتیدا کامیان بەقازانجی دۆزی کوردو سزای رەوای تاوانباران دەکەوێتەوە. هەندێك بۆ ئێستاش پێیان وابوو بۆ زیاتر گەیاندنی دەنگو دۆزی کورد بەجیهانو" ناساندنی تاوانەکانی دژ بەخەڵکی کوردستان بەدنیاو" گواستنەوەی کێشەکان بۆنێو مەحفەلی نێودەوڵەتی، دادگاییکردنی تاوانباران لەدادگای نێودەوڵەتیدا باشترە ئەنجام بدرێت.

لەلایەکی ترەوە رای فرەلایەن و بەهێزیش ئەوەبوو" لەناوخۆدا تاوانباران دادگایی بکرێن. چونکە دادگای عیراقی دەرفەتی ئیدانەی راستەوخۆو پرەنسیپەکانی قەرەبووی مادی و مەعنەوی کەسوکاری قوربانیان و نەتەوەی خاك سوتماککراوی تیدا بەرجەستە دەبێت و دونیای عەرەب و رۆژهەڵاتی زیاتر لێ شەرمەزارتر دەبێت، کاتێك دادوەری ناوخۆو بەتایبەتی دادوەرانی عیراقی لەکوردو عەرەب رەوتی دادگاییەکە بەرێوەدەبەن،لەگەڵ سزای تردەرهەق بەتاوانباران.

ئەمە جگەلەوەی لەرەوتی بەدیهێنانی لانی کەمی عەدالەت لەپرۆسەی ساریژبوونی برینی خەڵکی کوردستانو عیراقو" گێرانەوەی سەنگو سەروەریی بۆ دەسەڵاتی یاساوحوکم لەعیراقدا دادگایی ناوخۆییان لا پەسەندتر بوو.

رای گشتی وچاودێرانی یاساییو بەتایبەتیش هێزە سیاسیەکان لەناویاندا تایبەتتر کوردوشیعە لایان گونجاوتر بوو لەعیراقدا تاوانباران دادگایی بکرێن. ئاکام بەیاساوبڕیاری عیراقی لەناو ولاتدا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێتوبڕیارلە چارەنووسی بەشێك لەتوانباران بدرێت.

بەرێژەیەکی کەمیش کەنەبووە جێی مشتومڕ مەترسی ئەوەش لەئارادا بوو" رەوتو ئاراستەی سیاسیو بەرژەوەندییەکانو فشاری چاوەڕوان نەکراو دروست ببن" یان لەعیراقدا جۆرێك لەگۆڕانکاریی بەسەردابێتودادگایی تاوانباران بکرێتە سیناریۆیەکی سیاسی.

دیارە دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆتۆمەتباران، لەهەموحاڵەتێکدا پێویستی بەرەزامەندییو بڕیاری نێودەوڵەتی هەبوو، بەتایبەتیش ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەوەش بەهۆی هەڵوێستی ناڕوونی چەند ولاتێکی وەکو روسیاوچینو فەرەنساوچەند ولاتێکی تر، ئەو ئەگەرە بەزەحمەت دەخوێنرایەوە. لەوانەش بوو ماوەیەکی زۆر زیاتر بخایەنێت بۆمصادەقەکردن لەسەردروستکردنی دادگاکە.وەك زانراوە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە" بیرۆکەی دروستکردنی دادگای نێودەوڵەتی بۆ تاوانە گەورەکانی دژ بەمرۆڤایەتیو تاوانی جەنگو جینۆساید هاتنە کایەوە. لەوانە دادگای نێودەوڵەتی تۆکیۆو، دادگای نێودەوڵەتی نۆرمبێرگ. ئەم دوو دادگایە نەیانتوانی ئەزموونی دادگای نێودەوڵەتی بەتەواوییو لەئاستی پێویستی جیهانیدا بچەسپێنن. هەروەها لەسەرەتای نەوەتەکانی سەدەی رابردووشەوە دادگای لاهای

بۆتاوانبارانی شەڕی یۆگسلاڤیا دروستکرا. لەودادگایەدا تەنیا (سلۆدان میلۆسۆڤیچ)ی تێیدا درایە دادگا.

لێرەوە دەبینین دەرئەنجام دادگای باڵای تاوانەکان لەعێراق لەلایەن رای گشتی ناوخۆییەوە، پێشوازی یاسایی‌وجەماوەریی لێکرا. بەتایبەتی دوای دەرکەوتنی تاوانباران لەبەردەم دادگاداو ئەو تاوانانەی کەئەنجامیان داوە، لەچوارچێوەی تۆمەتدا رووبەڕوویان کرایەوە.

لەو پێناوەشدا بەوردبییەوە میدیاکانی جیهان‌و ناوەندە جیاجیاکانی داکۆکیکار لەمافی مرۆڤو رێکخراوە یاساییەکان‌و چاودێرانی سیاسی‌و دەوڵەتان چاودێریی بەڕێوەچوونی دانیشتنی دادگاییەکەیان کرد.

لەو سەرەتایەشەوە دادگا توانی سەنگو سەروەریی خۆی بپارێزێو" لەهەمان کاتدا وەك تۆمەتبارێکی ئاسایی لەگەڵ گەورە دیکتاتۆرو دەسەڵاتدارە زلەکانی دوێنێی عێراقدا مامەڵە بکات.

دوای ئەوەی یاسا رەوتی ئاسایی خۆی وەرگرتوو توانی چەند بڕیارێك دەربکات، بەڵام هێشتا نەتوانراوە بەشێکی گرنگی تری بڕیارەکانی دادگا لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە کاری لەسەر بکرێت لەوانە :

١. پێویستە حکومەتی ئیتحادی بەفەرمی داوای لێبوردن لەگەڵی کورد بکات لە پای تاوانەکانی جینۆسایدی گەلی کوردستان.. چونکە لە ژێر سایەو ناسنامەو سیادەی حکومەتی پێشووی عێراقدا ئەو تاوانانە ئەنجامدران. ناکرێت حکومەتی ئیستا بەوە ولامبداتەوە کە سەرکردەوە رابەران و پێکهێنەرانی ئەو دۆخە نوێیەی حوکمرانی خۆیانیش قوربانی بوون وەکو گەڵ ومەزهەب ئەوە راستە، بەڵام بەرپرسیارێتی فەرمی و سیادی لە ئەستۆیاندایەوە پرەنسیپەکانی نێودەوڵەتی و ناوخۆییش ئەوەیان لێ داوا دەکات وەك پرۆتۆکۆل داوای لێبوردنی فەرمی بکەن وەك هەوڵێکی مەلوس و بەرجەستە لە بەرگرتن لە مەترسییەکانی دووبارە نەبوونەوەی تاوانی تر...

٢. هەوڵی راستەوخۆی دیبلۆماسی بدرێت بۆ ناساندنی دۆسیێی جینۆسایدی گەلی کوردستان لە ئاستی نێودەوڵەتییدا.. سەفارەت و نوسینگەکانی حکومەتی ئیتحادی و هەرێم ئەبێت ئەجندای جدیان لەم ئەرکە نیشتمانی و ئینسانیەدا هەبێت.. کەمتەرخەمی بەبەرچاوەوەیە لەم بارەیەوە، دونیا سۆزی خۆی بۆ گەلی کوردو ئایندەی دیموکراسی کوردستان پیشانداوە، بۆ ئێمەش پێویستە قوربانییەکان و تاوانەکانی دەرهەق بەگەلەکەمان بکەینە دیکومێنت و بەڵگە لە مەحافیلی نیودەوڵەتیدا.

٣. ئەمساڵ لە ناو بارەگای یەکێتی ئەورووپاو بارەگای نەتەوەیەکگرتوەکان لە جنێف‌و پەرلەمانی بەریتانیاو ناوەندە سیاسەکانی ئەمریکا کۆنفرانسی یادو ناساندنی تاوانەکانی گەلی کوردستان رێکخران، دەبوو حکومەتی ئیتحادی ئیمکانیاتی دیبلۆماسی گەورەی لەو پێناوەدا بخستایەتە گەڕ بەڵام نەبینرا.

٤. پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی ئەورووپا بەگشتی و پارتی سۆسیالدیموکراتی سویدی‌و پارتی چەپی سویدی‌و چەند پارتێکی نەرویجی‌و فنلندی کە بەفەرمی جینۆسایدی گەلی کوردستانیان ناساندوە، هاندەرە لەگۆڕەپانی نێودەوڵەتییدا باشتر کار لەسەرناساندن و پشتگیریی لەدۆزی کوردودادانی دادگای نێودەوڵەتی بکرێت.

٥. دادگای باڵای تاوانەکان لەناوخۆدا لەدۆسیێکانی تاوانی دەرهەق بەخاك وخەڵکی کوردستان وەك دۆسیێی کیمیابارانی هەڵەبجەو فەیلییەکان و راپەڕین وکۆڕەوو ئەنفال و بارزانییەکان و راگواستن بەردەوامەوبەشێکیان بڕیاری یەکلایی

کەرەوەی وەرگرتووە. بەڵام هەوڵی راستەوخۆ بۆ کردنەوەی دادگای نێودەوڵەتیش لە رەهەندێکی ترەوە پێویستیەکی یاسایی و ئاکاریی و نیشتمانییەوبەتایبەتی بۆ دۆزی گەلی کوردو راستی توانەکان چونکە بەشێك لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەشداربوونە لەو تاوانانەو چەندین کۆمپانیای زەبەلاحیش تۆمەتباری راستەقینەن لەهاوکاری سەدام حسێن لەدەوڵەمەندکردنی بەچەکی کۆکوژ.

٦. یەکێکی تر لەداخوازییەکانی کەسوکاری ئەنفال و کیمیاباران و خەڵکی کوردستان ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە لە ئاستی نیودەوڵەتیدا پێویستە هەوڵەکان چڕتر بکرێنەوە لەم پێناوەدا. چونکە لە پاڵ دادگای نیشتمانیدا تای تەرازوو ئەو کاتە هاوسەنگ دەبێت کەلە دادگای نێودەوڵەتیشدا جینایەتەکانی وەك جینوسایدی گەلی کورد بەفەرمی بناسرێن و بەشێك لە تۆمەتبارە هەڵاتووەکان و تۆمەتبارە بیانییەکان (وەك خاوەن کۆمپانیاکان) لەبەردەم دادگادا ئامادە بکرێن. پرۆسەی ئەنفال کە بەهەشت قۆناغدا تێ پەڕی لەوانە دڕندانەترین پەلاماری قۆناغی سێیەم بوو کە ناوچەی گەرمیانی گرتەوە کە لە ٧ ی نیسانی ١٩٨٨ تا ٢٠ ی نیسانی هەمان ساڵی خایاند، ئەوەی کە هوشیاریەکی کەمی هەبێت لەسەرئەنفال لەلای رونە کە قۆناغی سێهەم بەدڕندانەترین، شێوە پیادەکراوە کە کۆمەڵکوژیەکی مەترسیداری خستەوە، کە نزیکەی (٥٠٠٠٠ ) پەنجا هەزار کەس بوونە قوربانیو زۆربەی هەرە زۆریشیان لەوانە نەگەرانەوەو بەپێی شایەتحاڵەکانی کۆمەڵکوژی کە ٧ کەسیان خەڵکی گەرمیان بوون، لە بیابەناکانی عەربستان کۆمەڵکوژکراون زۆریشیان هەر بە زیندووی زیندە بەچاڵکراون.

# عەلی تازەدێیی



عەلی تازە دێی یەکێکە لە شێوەکارەکانی گەرمیان و لە دوای راپەڕینەوە هەموو ساڵێك لە یادی هەڵەبجە و ئەنفالدا پێشانگای تایبەتی دەکاتەوە

دوو ساڵ بەخۆبەخش لە ڕزگاری (مەڵبەندی ئەنفالکراوەکانی گەرمیان) وانەی بە قوتابییان وتووەتەوە.

ئەندامی کارای هونەرمەندانی کوردستانە .

لەهەموو فیستیڤاڵەکانی رۆشنبیری کەرکوك و پێشانگا هاوبەشەکانی هونەرمەندانی گەرمیان بەشداربووە .

لە ٢٠٠٧/٣/١٦ لەپێشانگایەکی نێو دەوڵەتیدا لەسەرئەنفال لەولاتی نەرویج بە تابلۆیەك بەشداری کردووە .

پێشانگایەکی لەسەرئەنفال لەلایەن بەرپرسی جینۆسایدی جیهانی (گریگۆری ستانت) لە ڕزگاری کرایەوە

عەلی تازەدێیی "دەڵێت " تا لەژیاندابم لە یادەکانی ئەنفال وهەڵەبجەدا ئەگەر جلەکانی بەرم فرۆشتووە پێشانگای تایب



هیوای

# ئەنفالی گەرمیان

## گوندی " تالاو" وەك نمونە

ئامادەکردنی / شادی غازی عبدالکریم.

لە گەڵ ئەوەی کەرژێمی توتالیتاری ورەگەز پەرستی بەعس بەهەموو شێوەیەك هەوڵی لەناو بردنی میللەتی کوردی دەدا، ئالۆزترین پرۆسەی پەلامارێش بۆ ئەو مەبەستەو سرخستنی نیازوپلانەکانی لەناوبردنی گەلی کورد پەلامارەکانی ئەنفالی بەدناوبوو کە سەرئەنجام گەورەترین کارەساتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجی لێ کەوتەوەو تاوانەکە بووە هۆی لە ناو بردنوبێ سەرو شوێنکردنی سەدوهەشتاودوو هەزارمرۆڤی سڤیلی گوندنشین، لەژن و منداڵ وپیرو گەنج

١٤_٤_١٩٨٨ بووە لوتکەی تاوان و رەشبگیری گوندنشینەکان، بە پێی خەملاندنی کۆمیتەی بەرگری کردن لە مافی قوربانیانی ئەنفال نزیکەی ( ٢٠٠٠٠ ) بیست هەزارکوردی بێ تاوان لە هێرشی ئەنفالدا لەو رۆژەدا رەوانەی قەڵا سەربازیەکەی قۆرەتووکران ولەوێشەوە بەرەو تۆپزاوا براون و دوای پۆلێنکردنیان بەرەو چارەنوسی نادیاربران، هەر بۆیە ئەو رۆژە کرا بە رۆژی ئەنفال .

ئەم قۆناغە لە ٧ ی نیسان بە بۆنەی جەژنی شومی دامەزراندنی حیزبی بەعسەوە دەستی پێ کردووە بەرفراوانترین وکاریگەرترین پەلامار دادەنرێت بۆ سەرناوچەکانی ( چەمچەماڵ ، سەنگاو ، قادرکەرەم ، دووز ، کفری ، کەلار ، پێباز، تیلەکۆ ) کەپێنج هەزارگوندی گرتەوە لەگەڵ تەختکردنی چوار ناحیە .

یەکێك لەوگوندانە (تالاو) ی سەر بە ناحیەی نەوجولی قەزای دووز خورماتوو بوو، تالاو گوندێکە دەکەویتە رۆژهەڵاتی قەزای دووزخوورماتووەوە، خەڵکەکەی بەزۆری بەکشتوکاڵ و ئاژەڵداریەوە سەرقاڵبوون، بەرلە پەلامارەکانی ئەنفال نزیکەی ٧٥ خێزانی تێدا ژیاوەو زیاترپشتیان بەئاوی ژێر زەوی بەستووە بۆخواردنەوە، وە بۆ بژێوی ژیانیشیان زیاتربە خێوکردنی مەروماڵاتەوە خەریکبوون، لەرووی کشتوکالیشەوە بەزۆری دانەوێڵەوگەنم وجۆیان بەرهەمهێناوە.

گوندی تالاو لەیەکەمین رۆژی پەلاماری ئەنفالی سێدا لە ٧ی نیسان کەوتە بەرهەڵمەتی دڵڕەقانەی ئەفسەرانی سوپاو جاشەکوردەکانەوە زەرەرێکی گیانی زۆریان لێکەوت، کەبەداخەوە ( ١٠١ ) سەد و یەك کەس لە ژن ومنداڵ و گەنج و پیری بێ تاوانی لێ ئەنفال کراوە و بەرەو شوێنی نادیاربران و سەروەت و ماڵیشیان بە تالان بران و خانووەکانیان لەگەڵ زەوی تەختکران. وە بەرلە شالاوی ئەنفالیش چەند جارێك ئەوگوندە سوتێنراوەو خەلکەکەی دەربەدەرکراوە . گورزی ئەنفال ئەوندەکاریگەربوو تەنانەت دوای پرۆسەی ئازادی عێراقیش وەکو پێویست ئاوەدان نەکرایەوە جگەلەوەی چەند خێزانێکی کەمیان چوونەوە گوندەکەیان وبە شێوەیەکی هەژارانە ژیان دەگوزەرێنن، هەروا خانووی قوری هاکەزایی و نائەندازەییان دروست کردوەتەوە، بەیاخ نەدانەوە بەگوندێکی وەکو تالاو نیشانەی ئەوەیە کە حکومەتی عێراق بەرامبەر کورد خەمساردوخاوەنی هەمان عەقلیەتی پشتگوێ خستن و بەپلەدوو تەماشاکردنە.



نەبوونی خزمەتگوزاری (کارەباو ئاوی خواردنەوە) نیشانەی ئەوپەری پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤە چ جای ئەوەی ئەو مرۆڤانە لەلایەن دەولەتی پێشووەوە جینۆسایدکرابن..؟ گوندێکی وەکو تالاو کە ئاوی بیرەکانیان سوێرو تاڵەو بۆخواردنەوە دەست نادات، ئەرکی دەوڵەتی عێراقە بەتەنگیانەوە بێتو ئەرکی نوێنەرانی کوردیشە لە بەغدا فشاربخەنە سەر دەسەلاتی ناوەند تا بەئەرکی خۆی هەستێت. چونکە ئەو گوندەو زۆر گوندی تری دەوروبەری لەبەرئەوەی لەلایەن حکومەتەوە ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە ناچاربوون بەوەی جارێکی تر گوندەکەیان چۆڵ بکەنەوە .

## دۆسێی بارزانیەکان بە جینۆساید بریاری لێدرا .

دادگای بالای تاوانەکانی عێراق لە ٣٩ هەمین دانیشتی خۆیدا بۆ دادگایی کردنی دۆسێی بارزانیەکان رۆژی ٣/٥/٢٠١١ بریاری کۆتایی لەمەر دۆسێی کۆمەڵکوژی بارزانیەکان یەکلایی کردەوەو تیایدا هەریەك لە سەعدون شاکرو حامد حمادیو تارق عەزیزو سفیان حامد سزایان بەسەردا سەپێنراو وەتبان ئیبراهیمیش بەبێ تاوان دەرچوو.

بێگومان سزای تاوانبارانی کۆمەڵکوژی بارزانیەکان هەرچەندێك بێت بەقەد ئەوەنیە کە دۆسێی تاوانەکە بە جینۆساید بریاری لەبارەیەوە درا .. بێگومان ئەمەش دەستکەوتێکی ترە بۆگەلی کورد لەدوای روخانی رژێمی صدام حسێنەوە.

مایەی بیرهێنانەوەیە کە بارزانیەکان سالی ١٩٨٣ لە کۆمەڵگاکانی خۆیان پەلاماردرانو ٨٠٠٠ پیاویان لەتەمەنی ١٢ سالیەوە بۆ ٧٠ سالی گرتو دواتر کۆکرانەوەو پاش پۆلێنکردنیان بێسەروشوێنکران.

ماوەتەوە بلێن : خۆزگە کورد کۆمەڵکوژنەکرایەو خاوەنی ئەم دەستکەوتەش نەبووینایە.

# بۆچی باوکی بەهێ پێش هاوڕێکانی گولله بارانکرا، کەی ؟ و لەکوێ ؟

مامۆستا عەلی محەمەد وەلی _ خورماتوو



پاش ئەوەی نوسینێکی تایبەتم دەربارەی چۆنێتی ئەنفالکردنی مام عەلی لە گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە (٧) ساڵی ٢٠١٠ بڵاو بووە وە بە ناو نیشانی " بۆچی مام عەلی و بەهێ پاش دەربازبوونیان گەڕانەوە بۆ گوندەکەیان "

دوای چەند ڕۆژێك كاك خدر عزیز عارف پارەپارەیی توشم هات پاش ئەوەی دەستخۆشی ئەونوسینەی لێکردم وتی: مامۆستا عەلی ئەو نوسینەت دەربارەی مام عەلیو بەهێی کچی کارێکی زۆرباشەمیش سوپاسمکردو چاوەروانی سەرنجو تێبینیەکانی بوم،كاك خدر وتی : ئایا دەزانی مام عەلی خزمی منە ؟ وتم نە والله پارەپارەیی وتی : تۆ دەزانی مام عەلی گولله باران کراوە..؟ منیش وەلامیم دایەوەو وتم چۆن دەزانیت ؟ چۆنو لەکوێ ؟

كاك خدر لەوەلامدا وتی : گوێ بگرە بزانە چۆن ؟ وتی: ئەوکاتەی ئەنفالکراوە پیرەکانی ناوچەی داوودە و خورماتوو لەنوگرسەلمان ئازادکرانو هاتنەوە، پرسیاری مام عەلی م لێیان کرد ، وتیان : مام عەلی لەگەڵ ئێمەدا نەبوو، داوام کرد ڕاستیم پێ بڵێن، وتیان هێشتا لە (تکریت) بووین کە مام عەلییان لەئێمە جیا کردەوە ئیتر نازانین چی بەسەر هات .

پیرەکان وتیان:

دوای ئەوەی ئەنفالکراوەکانی ناوچەی داوودە و خورماتوویان بارکرد بردیانین بۆ تکریت لەوێشەوە بۆ (معسكر الجيش الشعبي ) لە ڕێگای شاری (دۆز) دوای ئەوەی دامانیان گرت لە ئۆتۆمبێلەکان دستیان کرد بە تەعدا و جوێندان و تەقەکردن بەبان سەرماندا ئینجا هەستان بە جیا کردنەوەی گەنجەکان کوروکچە گەنجەکان و منداڵەکانیان جیاکردەوە دەنگی ئێمە گەیشتە لای خوای گەورە، وەك ڕۆژی حەشر وا بوو بەلام ئەو زاڵمانە دڵیان بەکەس نەسوتاو ڕەحمیان بەکەس نەدەکرد، ئیتر لەوساوە نەمان زانی بۆ کوێیانیان برد و چیان بە سەر هات، تەنها ئێمەی پیرە پیاو و پیرە ژن ماینەوە تا ماوەیەك هەرلەوێ بووین شەوێك ئەو زاڵمانە هاتن بۆ ناومان بۆ گاڵتە کردن و تۆقاندنمان ، گەورەکەیان وتی:

کێ ئەبێ بە بەعسی باهەستێتە سەرپێ ئازادی ئەکەین، ئێمەش هەمومان لەترسا هەستاینە سەرپێ، بەلام مام عەلی لەشوێن خۆی هەڵنەسا،لێیان پرسی بۆ تۆ هەڵناسی ؟ نابیتە بەعسی ؟ دوایی خراپت بەسەردێنین ، گوللەبارانت دەکەین مام عەلی وتی : نەخێر نابم بەبەعسی ئەوەی ئێوە کردوتانە هیچ ئاینێ قبوڵی ناکاو چیتان لەدەست دێت بیکەن، ئیتر ئەو زاڵمانە مام عەلیان قوڵ بەستکرد و بەو شەوە دەریانکردە دەرەوە، ئیتر نەمانزانی چی بە سەر هات.

ئینجا كاك خدر پارەپارەیی وتی :

خۆشم لە ساڵی ١٩٩١ لە فرنێك لەشاری تکریت كارم دەكرد ، ڕۆژێك شخصێك هات بۆ فرنەکەمان نان بکڕێ وتیان ئەمە زانیاری دەربارەی ئەنفالکراوەکان هەیە.

كاك خدر پارەپارەیی درێژەی بەقسەکانیداو ووتی: ڕۆژێك لێم پرسی کەخزمێکمان لەگەڵ ئەنفالکراوەکاندا بووە نازانم چی بەسەر هاتووە ئەگەر زانیارییەکت لەسەری هەیە پێمبڵێ، ئەویش وتی ناوی چییە؟ منیش ناوی چواریم پێدا بەلام هەر کەسەیری ناوەکەی کرد وتی : ئەم ناوە نەماوە، گوللەبارانکرا ووتم چۆن ؟ کابرا ووتی: دوای ئەوەی شەوێك لەسجن ڕازی نەبوو ببێ بەبەعسی کاتێ پرسیاریان لەئەنفالکراوە پیرەکان کردبو بونەبەعسی

بەرتان ئەدەین تەنها ئەو ڕازی نەبوو و وتوبوی چی لەدەستان دێت بیکەن .

ئەمە بەسەرهاتی ئەنفاکراوێکی ناوچەی داودەی گەرمیانە ، ئیتر بۆ ئەنفالچییەکان ریسوای دنیا و قیامەت نەبن . مردنو سەرشۆڕی بۆ ئێوە ئەی خوێن مژەکان . زۆر حەمدو سەنا بۆ خوای گەورە کەڕسوای دنیاتانی کرد و ڕسوای ئاخرەتی توندترە وەکو خوای گەورە فەرموویەتی " و لعذاب الآخرة اشد لو کانوا یعلمون " هەزارەها سڵاو لەگیانی پاکی مام عەلی و بەهێی کچی و هەموو ئەنفالکراوەکان وهەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردو کوردستان.

پێغەمبەر (ص) فەرمویەتی " الشهداء في قبة خضراء علی بارق نهر بالجنة تخرج الیهم رزقهم من الجنة " دوا مەنزڵگاتان بەهەشتی فیردەوس بێت أنشاوالله

---



## ساتێك لەگەڵ یوست هێڵتەرمان

لەوپەری سەرقاڵیمدا بووم بۆ دەرچوونی ئەم ژمارەیە کە برای بەڕێزم کاك فەلاح مراد خان زنگێکی بۆکردمو سڵاوی یوست هیلتەرمانی پێڕاگەیاندم، ووتی: پێیخۆشە چاوی پێت بکەوێت، بێگومان ئەوددەرفەتە بۆمنیش گرنگو قابیلی ڕەتکردنەوە نەبوو، ئیتر دەمەو عسرێك لە هۆتیل ئاسۆسی شاری سلێمانی بەدەم چاخواردنەوەوە بەناو قسەوباس لەسەر دۆسێی هەڵەبجەو تاوانی ئەنفالدا ڕۆچووینەخوارەوە، ئەوەی لەلای هیلتەرمان هێشتا مایەی نیگەرانیە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێشوازییەکی ئەوتۆی لە کتێبەکەی نەکردووە سەبارەت بە جینۆسایدی کورد..

دیارە ئەو پێشتریش لەشوێنی تر ئەم نیگەرانیەی ڕاگەیاندووە، ئەو لەپێشەکی کتێبێکدا لەسەرهەمان دۆسێی جینۆسایدکردنی کورد ئەو نیگەرانیەی نوسیوە کە دەبوایە وڵاتانی زلهێزو بەرپرس بۆ دۆسێی کورد تێبکەوتنایەو لێنەگەرابان ئەوتاوانە ئاوا بەئاسانی تێپەڕێ.

لەدوای ڕاپەرینەکەی ئازاری ساڵی ١٩٩١ ەوە هەردوو ڕێکخراوی هیومان رایتس وۆچ و میدل ئیست وۆچ هاتنەکوردستان بە مەبەستی بەدواداچوونی دۆسێی ئەنفال کە هەردوو توێژەری مەیدانیی خاوەن ئەزموون، جێمێرا ڕۆن Rone Jemera و یووست هیلتەرمان Hiltermann Joost کە ئەوسەروەختە بەڕێوەبەری پرۆژەی کوردبوو لە میدڵ ئیست ووۆچ و جێمێرا ڕۆن Rone Jemera، ڕاوێژکاربوو لە چاودێریی مافی مرۆڤدا، ماوەی شەش مانگیان لە کوردستان بەسەربردووە لە نێوان نیسان و ئەیلولی ١٩٩٢دا، کە تێیدا خەریکی کۆکردنەوەی بەڵگەو زانیاری بوون لەسەر تاوانی ئەنفال (بڕوانە جینۆساید لەعێراقو پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد – محمد حەمە صالح توفیق).

لەنیوان قسەو باسەکانماندا کە هاتینە سەر دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ ووتی: ئەوانە هاورێی منن، کاتێك گەراینەوە بۆ سەرەتاکانی کارکردنی لەو دۆسێیەدا ووتی: یەکەمین دەربازبووی گۆڕی بەکۆمەڵ، کە روبەروی بووینەوە تەیمورعەبدولڵای تەمەن دوانزە ساڵ تاقە دەربازبووی کۆمەڵکوژییەکی پارێزگای سەماوەبوو کە تیایدا خەڵکێکی زۆری پیاو و ژنو منداڵی کوردی ناوچەی گەرمیان بوون، دواتر تیمەکەی میدڵ ئیست ووچ لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکەکەیاندا ٧ دەربازبووی تری کۆمەڵکوژیەکەیان دۆزیەوەو چاوپێکەوتنیان لە گەڵ کردن کە تێیدا بە وردیو دوورو درێژییەکی قەناعەت بەخشەوە تاوانەکانیان گێڕاوەتەوەو ئێستاش ئەو دەربازبووانە جگە لە حەمەعەلی عەلەیان هەموویان دۆستی هیلتەرمانن.

حسێن عەزیز برزو :

# ئێمە جەرگ براوی ئەنفال بووینو خزمەتی دوژمنیشمان دەکرد، بەزۆر کرابووینە سەرباز .

دیدار: ئەنفالستان .

٢٠١١/١/٣٠ گوندی حەسیرە .

ئیمە لەگوندی میلقاسم سەرقاڵی وێنەگرتنی فلمێکی سینەمایی و دیدارە رۆژنامەوانیەکان بووین کە کامیل حسێن پێی راگەیاندین من دەچمەوە بۆگوندی حەسیرەولەماڵی خۆمان چاوەروانتان دەکەم، کامیل کەخۆی تاکە کوری دەربازبووی خانەوادەکەیەتی لەتاوانی ئەنفالدا ، لە گوندی میلقاسم چەندی لەگەڵیدا کۆشام نەئامادەبوو قسەم بۆبکا نوێنەیەکیشی بگرم، دەمەو عەسرێك گەیشتینە ماڵیانو نانی نیوەری بۆ ئامادەکردین، بەهۆی خولقوخۆ گەرمەکەیەوە ئێوارەش هەر لەماڵی ئەوان بووین، بۆئێوارە مام حسێنی باوکی کامیل هاتە لامان کە ژنەکەی بەناوی بەهیەو شەش کورو کچی ئەنفالکرابوون، ئەوەی دەرباز بوون تەنها خۆیو کامیلی کوری بوون، کە سەعید جافی موستەشار داڵدەی دابوون، مام حسێن عەزیز پیاوێکی مەینەتبارو خۆی ووتەنی جەرگ براوی ئەنفالە، پیاوێکی راستگۆو بێ پێچو پەنایە، لەپاش چاوەروانیەکی زۆر بەناچاری هاوسەرگیری کردووەتەوەو ئێستا باوکی چەند منداڵێکی ترە، دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ وەخت هاتەلامانو لەبارەی مەینەتیەکانی خۆیو تاوانی ئەنفالەوە قسەی بۆ ئەنفالستان کردوو وتی: ئێمە هەرلە کۆنەوە لەم گوندی حەسیرە ژیاوینو هەرلێرەش ژنم هێناوە، باوکی حەوت منداڵ بووم کە ئەنفال خستمیە سەر ساجی عەلی) پێش ئەنفالیش گوندی حەسیرە زۆر جار بۆمباردانکراوەو ماڵوحاڵی جوتیاران سوتاوەو حەیوانیان کوژراوەو بەتاڵان براوە.



ئەو پیرە مێردەی گوندی حەسیرە لە درێژەی قسەکانیدا ووتی: من هەژاری ماڵی خۆم بووم لەژیانمدا فیشەکێکم نەتەقاندووە نەلە پێشمەرگایەتیداو نەلە عەسکەریدا، لەپەلاماری ئەنفالیشدا گوندی حەسیرە چەندین کەسیان لێ ئەنفالکراوە، هەرچەندی هەوڵمدا بزانم چەند کەسی تر لەم گوندە ئەنفالکراوە بەلام مام حسێن ووتی: باوەربکە لەمنداڵەکان خۆم زیاتر کەسی ترنازانم، کورە بێقەزابێ کێ ئەنفالی لەبیرە کوا ئەو دڵسۆزە هەیە بێت باسی بکاتو هەڵیبگرێت بۆ مێژوو، نەوەڵا خەڵك هەرباسی ناکات . حسێن عەزیز دەڵێت من جەرگم بریاوەو حەزدەکەم باسی ئەنفال بکرێتو نەهێڵن لەبیر خەڵك بچێتەوە ئەو پیرەمێردە ماندووە، لە هەمووی زیاتر چاوەروانی منداڵەکانی ئەو دەڵێت : من شەویش خەوم نیە هەمیشە وام لەدالغەی منداڵەکانمدا لەگەڵ ئەو دەربرینەدا ماوەیەکی زۆر بەدیار کامیراکەوە بێدەنگبوو فرمێسکەکان بە رومەتیدا دەهاتنە خوارەوە، کەمەینەتیەکانی رۆژگار چرچو لۆچی کردبوون، ئەو بیری نیە چ رۆژێك ئەنفال گەیشتووەتە سەر گوندەکەیان بەلام دەزانێ لە بەهاری ساڵی ١٩٨٨ دابووەو مانگی رەمەزان بووە، دەڵێت خەڵکەکە لێی قەومابوو جەیشو جاش هەموو ناوچەکەی تەنی بوو ئێمە لەچاو گوندەکانی تر نزیکتر بووین لەجادەکەوە، نزیکەی ١١٠ مەکینەی تراکتۆری گوندنشینەکانی دەوروبەریان لە گوندی حەسیرە کۆبوونەتەوەو بەشوێن دەروازەیەکدادەگەران لێوەی دەربازبن، بەلام هەموویان لەم گوندەدا گیرانو رەوانەی مللسورەولەوێشەوە بۆ قورەتو کران، وەك

مام حسێنی گوندی جەسیرە ووتی: بەخوا باوەرناکەم یەك تاکە کەسیان دەربازبوویێت . کە قەوما جاشەکان ویستیان ئەوەبکەنە پیاوەتی خۆیان ووتیان ئیمە هیچمان پێناکرێت‌وخۆتان دەربازبکەن، بەلاّم دوای چی دوای ئەوەی مالی خەلکیان وێرانکرد ، بێجگە لەسەعید جاف کەسیان خەلکیان روگارنەکرد من خۆم‌و کورەکەم‌و زۆرکەسی تریش ئەو رزگاری کردین. ئەگینا جاشەکان لەعەسکەرییەکە خراپتربوون.

کورو کچەکانی حسێن عەزیز، هەرلەگوندی حەسیرە دەستگیرکرابوون‌و راپێچکرابوون، ئەوان سەرباری ناخۆشی بارودۆخەکەش چاوەروانی ئەو قات‌و قڕی‌و کۆمەلّکوژییەیان نەکردبوو، تازە خانوویان کردبوو کە سوپاو جاش دای بەسەریانداو هەموو خانوەکانی لەگەلّ زەوی تەختکردوخەلّکەکشی راپێچی قۆرەتووی کردن، لەوەلاّمی ئەو پرسیارەدا کە چۆن خۆی‌و کامیلی کوڕی دەربازبوون ووتی: ئیمە مەڕومالاّتێکی زۆرمان هەبوو بەلای حەیوانەوە بووین جەیشەکە بەرانەکانمانەوە راپێچی کردین بۆ لیواکە، عەسکەرێکی زۆر چواردەوری گرتبووین، خەلّکێکی زۆرو مەڕو مالاّتێکی زۆر لەوناوە بلاّوببووە خوا سەعید جافی بۆ کردینە واسیتەو بە فریامان کەوت ماوەی دووسیٚ مانگ لەلای خۆی قایمی کردین‌و ئیستخباراتی فریودا، ئیمە دوای ئەوەش دووسیٚ جار ئیستخبارات بانگی کردین، بەلاّم سەعید جاف وەرەقەی بۆمان کردبوو کە تەسلیم بووینەتەوە. دوایی سەیارەیەکی بۆمان هاورد کردینیە ناوی‌و ناردینی بۆ صمود ووتی: لەویٚ خۆتان بشارنەوەو منیش چاوم لێتانەوە دەبێت، خواهەلّناگریٚ ئەگەر ئەونەبوایە ئێمەیش فەوتابووین ئەوە هەر ئێمە نا خەلّکیکی زۆری تری پەنادابوو. سەرکردەکانی کورد ئەوەندەی سەعید جاف کەلّکیان بۆ کورد نەبووە، ئەگەر سەعید جاف خەلّکێکی رزگار کردووە ئەوا ١٨٢ هەزار کورد کراوەتە قورگی سیاسەتەکانی حکومەتی عیراقیدا، ئەگەر ئەوهەموو کۆمەلکوژیە نەبوایە ئەمریکاش صدامی نەدە روخاند ) ئەمە قسەی ئەوپیرەمێردەی گوندی حەسیری ناوچەی گەرمیانە.

مام حسێن‌و کامیلی کوڕی پاشئەوماوەیەی لەصمود



خۆیان شاردووەتەوە، لەعەفووی نادیمەنەکەدا خۆیان داوەتە دەستەوەو براون بۆ خزمەتی سەربازی‌و لەوماوەیەشدا کە جلی سەربازیان پۆشیبوو لەژن‌و مندالّە ئەنفالکراوەکانیشیان بێخەبەربوون، دەلێت: کە سەربازبوون کاتێك نان دەخورا من خۆم دوردەخستەوە نانم بۆ نەدەخورا هەرلەدالّغەی ئەومندالاّنەمدابووم، ئاخر برا بیهێنە پێشچاوی خۆت حسابکە ئێمە خزمەتی دوژمنمان دەکرد ئەو مالّ‌و مندالّی ئەنفالکردبووین ئیمەش بەزۆرکرابووینە عەسکەر ..! حسابکە ئەمەش تاوانێکی تربوو مام حسێن لەکاتی گێرانەوەی مەینەتیەکانی خۆیدا ووتی کە سەربازبووین هەر کاروانێکی سەربازیم بدیایە ڕام دەکرد دەمگووت بەلّکو ئەوە مندالّەکانی ئێمەی تێدابیٚ ..؟ ئیتر لەم کاتەدا زمانی لەگۆ کەوت‌و ماوەیەکی زۆر بەدیار کامێراکەوە گریاو قسەی بۆنەکردین‌و بەدیار فرمێسکەکانیەوە وەستاین. کەکەوتەوە قسە بەدەم هەنسك‌و فرمێسك سرینەوە گووتی: تاوانێك دەرهەق ئێمە کرایا دەرهەق کەس نەکریا (دوومندالّ بچوك ) لەگەلّ ژنەکەمدا بوون، تاوانیان چی بوو ..؟

ڕۆیشتن‌و نەیانمان بینیەوە . مام حسێن لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا کە تاچەند چاوەڕێی کوروکچە ئەنفالکراوەکانی کردووە.. ووتی: کورە بەخوا ئێستەش چاوەڕوانیانم بەخوای گەورە ئائیستە ئەم چرکەساتە چاوەروانیانم . خۆ خەوم نەماوە چاوەروانی کوشتمی . نەبووە نە ئەوتاوانە لەباسکردن نایات ئەو چاوەروانیەی ئێمە باس ناکرێت ..؟ ئەرێ برا تۆ ئەم تاوانەت لەبیر دەچێتەوە ؟ تاوانمان چی بوو .؟

مام حسێن زۆر حەسرەتی ئەوەی هەبوو دەڵێت ئەو تاوانەی دەرهەق بەئێمە کرا لەبری هیچ نەکەوت.. ئاخر ژنم‌و ٦ منداڵم ڕۆیی ئەمە کەمە ؟ فەرموو برۆ بەرخێك لە دایکی بسەنە هەتا بەیانی ئەبارێنێ ، ئێمە کەس نەبوو گوێ لەناڵەمان بگرێ .. مام حسێن قسەی شۆفێری تەکسیەك لەدڵیدا بووەتە گرێ دەڵێت : ڕۆژێك لە دەربەندیخانەوە سواربووم بۆ کەلار شۆفێرەکە بەکرەیەکی گۆرانی خستبووە سەر ووتی: ڕەحمەت لەو ئەنفالانە ئەوە بەری ئەوانە ئێستا ئێمە واین لە فەرەحیدا ) هەرچەندە نەیووتبوو من منداڵەکانم ئەنفالن بەڵام هێشتا دوای ٤ساڵ ئەو قسەیەی لەبیرنەچووەتەوە . مام حسێنیش سەرباری ئەوەی خۆی بە موسلمان دەزانێ‌و عیبادەت دەکات دەڵێت: هەتا ئەوکاتەی ئەنفالەکە ناوی ئەنفالم هەرنەبیستبوو..

بەبروای ئەو پیاوە جەرگ براوەی گوندی حەسیرە ئەگەر جاش‌و موستەشارەکان نەبوونایە ئەو خەلکە ئەوەندە زەرەر مەند نەدەبوو چونکە جەیش نەیدەتوانی بگاتە سەریان‌و بیاندۆزێتەوە، لەوەڵامی ئەو پرسیارەشدا ئاخۆ پێت باشە جاشەکان دادگایی بکرێن حسێن عەزیز بەنائومیدیەوە ووتی: هەمووی کلاواتە کێ لێیان دەپرسێتەوە ؟ بەڵام ئەگەر بەمن بێت لێیانخۆش نابم‌و دەبێت سزای خۆیان وەرگرن. ئەگەر مەبەستیان بێت منی بۆچییە بچم سکاڵا تۆماربکەم من ئەو شتانە بەکلاوات دێتە پێشچاوم . ئەوان ئەوەتا لە سلێمانی‌و کەلارو لە هەموو شوێنێکن‌و هەموو کەسیش دەزانێ تاوانبارن‌و لە ئێمەش بە حورمەتترن . لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا وەك کەسوکاری ئەنفال تاچەند لەناو کۆمەڵگادا ڕێزیان لێدەگیریت، حسێن عەزیز دەڵێت: لەناو خەڵکدا کەوتووەتە سەرکەسەکان، هەیە زۆر ڕێزمان دەگرێ‌و هەشە بێباکە سەبارەت بە حکومەتیش وتی: من شەش منداڵ‌و ژنەکەم ئەنفالکراوە حکومەتی هەرێم موچەی بۆ بریوینەتەوەخانوشی بۆکردوین ئەوە هاوکارییەکی باش بوو .




**چیرۆکەکانی ئەنفال سەروەتی نەتەوەیی‌و نیشتمانین پارێزگارییان لێبکە.**

## سەردارقادرحسن -گوندی تەپەسەوز:

### رۆژی ٤/١٤ گۆشت خواردن لەماڵمان قەدەغە دەکەین جا هەرکەسێك میوانمان بێت.

لەخانەوادەیەکی گەورە تەنها خۆم دەربازببووم ئەگەرخزمێك خولقی بکردمایە بۆماڵەوە، لەدڵی خۆمدا دەمگوت تۆبلێی بەڕاستی بێت.

ئێوارەی ڕۆژی( 28/1/2011) تیمەکەمان لەگوندی بەکرەشەل گەرانەوە بۆ کفری کەمن لەسلێمانیەوە گەیشتمەلایان ئەوان کارەکانیان تەواوببوو، ئێمە هێشتا لەمشتومڕی ئەوەدابووین کە ئاخۆ شەو لەشاری کفری بمێنینەوە یان بچینە ناحیێی ڕزگاری، یەکێك لەئەندامانی تیمەکە پێی ڕاگەیاندین : لە ڕزگاری نانمان بۆ ئامادەکراوەو لەوێ چاوەڕوانمان دەکەن، کە زانیم بۆ ماڵی ئەنفالکراوێکەو خاوەن ماڵ تاکە دەربازبووی ئەنفالە لەخانەوادەکەیان من بێ دوودڵی ڕەزامەندیم دەربڕی، خۆمان کۆکردەوەو بەڕێکەوتین، بەرەو ئۆردوگای ڕزگاری گەیشتین کاك سەردارقادر پێشوازییەکی گەرمی لێکردین، خۆشبەختانە خانەوادەیەکی ئەوەندە روخۆش‌و بەخولقوخۆبوون، هیچ هەستمان بە نامۆیی نەکرد، سەردار پیاوێکی بەهەیکەل‌و تەمەنی لەنیوان ١٥-١٦ساڵاندابووە کە ئەنفال گەیشتووەتە گوندەکەیان کوڕی حاجی قادری تەپە سەوزەو هەموخانەوادەکەیان ئەنفالکراون، ئەویش بەلای ئاژەڵەوەبووە، کە سەعیدجافی موستەشاربە هانایانەوە چووەودالدەی داوە. ئەنفالکراوەکانی خانەوادەکەی بریتین لە (دایکی‌و ٥ برای‌و دوو خوشکی‌و هاوسەرەکەشی بەدوو منداڵەوە) پاشئەو لێقەومانە ماوەی دوو ساڵ بێ خانەولانەبووەو هەرشەوەی لەماڵێك حەواوەتەوەو زۆر شەویش لەهیچ ماڵێك نەماوەتەوەو لەدەرەوە لەلای مزەخەی ئاوەکەی صمود شەوی ڕۆژکردووەتەوە، تا ئەو کاتەی باوکی لەنوگرە سەلمان گەراوەتەوەو پێکەوە سەرپەنایەکیان پێکەوە ناوە.



سەردار لەدایکی خۆی هیچ خوشك‌وبرایەکی دەربازنەبوون، حاجی قادری باوکی دوو ژنی هەبوو، ئەنفالکراوەکانی ماڵی سەردار جگە لەباوکی کە گەراوەتەوە ١١ کەسی بێسەروشوێنن کەبریتین لە:

خاوەر (دایکی سەردار) محمد ، قازی ، بەختیار، حسێن ، حەمەخان، خوشکەکانی لەمیعە، گەشاو هاوسەرەکەشی بەناوی حەیات، منداڵەکانیشی بەناوی شەهلاو شنۆ . بێجگە لەوانەش دەیان ئامۆزاو پورزاو خاڵۆزای تری ئەنفالکراون‌و هەتا ئێستا بێسەروشوێنن.

تاوانی ئەنفال لە گوندی تەپەسەوز

گوندی تەپەسەوز لەکۆی ٣٠ ماڵ ١٢٣ کەسی ئەنفالکراوە. ئەو گوندە چیرۆکی زۆر تراژیدی‌و ئالۆزی لە خۆگرتووە، نزیکەی حەوت خانەوادە هەن، لەوگوندە تاکە یەك کەسیان نەماوە ببێتە وارسیان‌و موچەکەیان وەربگرێت، خانەوادەی وای تێدایە ٣٢ کەسیان ئەنفالکراوەو تەنها کەسێکیان ماوە ئەوانی تر ئەنفال بردنی نەگەرانەوە. لەدیدارێکی تایبەتدا بۆساڵنامەی ئەنفالستان سەردار ووتی: گوندەکەمان تەپە سەوز هەروا ٣٠ ماڵێك دەبوو، هەمومان، بەکشتوکاڵ‌و ئاژەڵدارییەوە خەریکبووین‌وخەریکی ژیانی خۆمان بووین، ئەوکاتە جەنگی ئێران عێراق پێی نابووە هەشت ساڵەوە، پێش ئەنفالیش ئێمە وەزعمان زۆرباش نەبوو چەندینجار بەتۆپ‌وتەیارە بۆردومانکرابووین‌و ساڵێك پێش ئەنفالیش جارێك شەر لەگوندەکەماندا رویدا لەنێوان حکومەت‌و پێشمەرگەدا، بەڵام ئەوەی لەئەنفالدا رویدا وەك ئەوانی

ترنەبوو جاران حکومەت دەهاتو پێشمەرگە لێیان دەداو دەگەرایەوە، لەبەهاردا بوو کە حکومەت لەچەند قۆڵێکەوە بەچڕی هێرشی کردە سەرناوچەکە، گوندەکەی ئێمەش وەکو هەموو ناوچەکە لێی قەوما کەس نەیدەزانی ئەنفال واتای چییەوحکومەت ئەوە نیازەکەیەتی، وامان دەزانی ئەوەی پێشمەرگەیە لێبووردنی بۆدەردەچێو ئەوەی مەدەنیشەلە شوێنێکی وەکو صمود دای دەنێن، خانوومان بۆ دەکەنو ئەو دۆخە کۆتایی دێت، بەڵام ئەوتاوانەی لێکەوتەوە کەهەموومان دەیزانین.

سەردار ئەو ئێوارەیەی لەیادماوە کە خەڵ‍ی گوند خەریکی تەکبیر بوون لەحاڵی خۆیان " باوکم وەکو کوێخای گوند وابوو خاحی ڕەفعەتی تەرخانی هات وتی: بەخوا هیچ چارە نەماوەو دەبێت بڕۆین، باوکم بەخەڵکی گوندی تەپەسەوزی ڕاگەیاند ئیتر بچن مشوری خۆتان بخۆن هەرکەس چۆن خۆی ڕزگار دەکات بابروات. ئینجا خەلك کەوتەخۆ کۆکردنەوە ئەوەی بەپێ دەرۆی بەپێو ئەوەی هەیبوبە تراکتۆر، حکومەتیش فیلێکی کردبوو بەموستەشارەکاندا جوابی دەنارد بابێن خۆیان تەسلیم بکەن هیچیان بۆ نابێت، بەهەرحاڵ پێبەپێ دەرۆیشتین هەتا هاتینە مللە سورە، سەردار ئێستاش بە سەر سوڕمانەوە لەو حەشاماتە دەڕوانێ کە لە مللەسورە کۆببوونەوە (بڕوابکە منداڵی خۆت لێ وونبووایە نەتدە دۆزییەوە، دەڵێن قیامەت، بڕوا بکە قیامەت بوو) ئەوهەمووخەلکە ئەو هەموو مەڕومالاّتە هەمووی ڕۆیی هیچی نەما..!! لەو هەمووحەشاماتە کەمێك پیروپەککەوتە گەڕانەوە . سەردار چۆن دەربازبوو

سەردار ئەوکاتە خۆی بەلای ئاژەڵەوە بووە کە خانەوادەکەی بەرەو مللەسورەو میلقاسم کەوتوونەتەڕێ، ئەویش لەگەڵ ئاژەڵەکانیدا پێ بەپێ بەرەو مللەسورە کەوتووەتەرێ لەکاتێکدا گەیشتووەتە نزیکی جادەی نێوان کفریو کەلارلەخوارگوندی میلقاسمەوە تراکتۆریکی گوندنشین هاتووە عەسکەر سواری بوون، کەپێی گەیشتبوون ئەفسەرێك فەرمانی پێکردبوو کەسەرکەوێت، بەڵام بەرێکەوت مەکینەکە کوژابووەوسەربازەکان پاڵیان پێوە نابوو، بەلاّم سەربازێکی کوردی خانەقین داوای لێکردبوو کەلەگەڵیان دابەزێت پاڵبنێت، کەسەردار کەمتەرخەمی کردبوو سەربازەکە بەتورەیی وتبووی دابەزە، بەڵام لەکاتی پاڵناندا پێی وتبوو نەگبەت ئەنفالە ئەنفال برۆ خۆت بدزەرەوە، سەردار ئێستاش سوپاس گوزاری ئەو سەربازەیە، سەرباری ئەوەی نوێژی دەکردو مسوڵمان بوو بەڵام تائەوکاتە نەیزانیبوو ئەنفال واتای چی بەڵام کە سۆزی سەربازەکەی بینیبوو ئیتر لەوە تێگەیشتبوو کەووشەی ئەنفال شتێکی خراپە بۆیە بەقسەی سەربازەکەی کردبوو هەرکە مەکینەکەیان خستبووەوە ئێش، سەردارخۆی دزیبووەوە لەوەدا بەختی هەبوو کەئەفسەرەکەش لێی بێئاگابووە.

درێژەی پێداو وتی: ئیتر کەگەیشتمە ناوچەمەکەی میلقاسم زۆرکەسم بینی پێمگوتن کەوا سەربازێك وای پێگوتووم بڕۆن خۆتان بشارنەوە بەڵام خەڵك باوەری پێنەکردمو دەیانگووت کورە بابە چیمان بۆ باس دەکەی .. ئیتر باش بوو ئاوا ماینەوە دەمەو عەسرێك سەیارەیەك هات چوار پێنج چەکداری جاشی لەتەکدابوو ئەو پیاوە سەعید جافی موستەشاری ٢٥١ بوو، هات زۆر باوکەڕۆی کرد، دەیگوت باوکە ڕۆ کورد ڕۆ وەکو ئێستالەبیرمە کورد ڕۆو باوکەڕۆی دەکرد، جلێکی سەوزی عەسکەری لە بەردابوو لە سەیارەکەیدا فەردەیەك نانی داگرت صمون بوو هەریەکەو کوتێکمان بەرکەوت، چوومەلای ووتم کاك سەعید من کوڕی حاجی قادری تەپە سەوزم چۆن دەربازم دەکەی ووتی: کاکە من ئێستا دەچمەوە بۆسەرجادە ئەگەرکەمین هەبوو ئەوا دێمەوە بۆلاتانو پێتان دەلێم، ئەگەرکەمین نەبوو ئەوا خۆم لەسەر جادە دەوەستمو ڕزگارتان دەکەم، ئێمەش مەڕومالاّتمان پێبوو. ئینجا بەپشتیوانی ئەو ڕۆیشتین لەجادەکە پەرینەوە بۆئەوبەری عەولاّقوت، لەوێ رەبایەی سەربازی دانرابوو دووسێ ئەسپیشیان بەستبووەوە هی عەشایەربوو گرتبوویان، سەربازەکان سواری دەبوونو سوڕیان دەخوارد، کەمن پەریمەوە لەوێ ڕانەکەی ماڵی عەلی فەرەجی ئۆمەربلم بینی بەبێ کەس" عەلی حاجی فەرەج خۆیوهەموو خانەوادەکەی ئەنفالکران، تەنها حەسنیان ماوە).

بەچاوی خۆم بینیم شوان‌ومەڕیان دەکردە لۆریەکانەوە.

ئێمە کە سەعیدجاف دەری کردین دوبارە گیراینەوە، عەسکەرەکان هاتن ووتیان بۆخۆتان لەم ناوە بخەون، مەبەستیان تالآنی بوو، بەشۆفل چاڵێکیان کردبوو، لۆری گەورەو درێژی عەسکەری بەگی دادەناو دەهاتە ناوچاڵەکەو دەرگاکەی دەکردەوەو بەلێواری چاڵەکەوە جووتی دەکرد، ئیترمەرو ماڵاتەکەیان لەوچاڵەوە باردەکرد، ئینجا شوانەکانیشیان دەخستەپێشی سەیارەکەوەودەیانبرد، بەچاوی خۆم بینیم چەندین شوانیان ئاوا بەمەروماڵاتەکانیانەوە ئەنفالکرد، تەنانەت ئەوەی کەری پێبوایە کەرەکەشیان دەخستەناولۆریەکەوە لەگەڵ مەرەکان‌و شوانەکانیشیان دەخستەپێشی لۆریەکەوە. شەش ڕۆژ ئەو تالآنیەم بەچاوی خۆم بینیوە، بەلآم لەوماوەیەدا لەبەر زۆری مەروماڵاتەکە فریا نەکەوتن، هەموومان بەرن. سەرداروهاوەڵەکانیشی کە زانیویانە چارەنوسیان وەکو ئەوانی ترە لە ڕۆژی چوارەمەوە کەوتوونەتە تەکبیرکردن‌و لەشەوی پێنجەمدا لەگەڵ چەند شوانێکی تردا بەرەو ناوچە عەرەبییەکە ڕۆیشتوون، چونکە ئەوییان بەسەلامەتتر زانیبوو، ئەوانەی لەگەڵیدابوون ( بورهانی حەمە باقی‌و براکەی، حسین عەزیزی لاڵە مەجید بوو، تەهای کاك فەقێ حسەنی کانی ماران بوو ) خۆماندزییەوە ڕۆیشتین ساڵح عەلی جوولا ڕێنمایی کردوون بەرەو ناوچەی عەرەبەکان بڕۆن، سەردار وتی: زۆر دورکەوتینەوە، من دوربینم پێبوو لەبان یالێکەوە بۆماوەی دوڕۆژ چاودێریم کرد بارکردن هەربەردەوام بوو. شارەزا بووین بەلآم برسێتی تەنگی پێمان هەڵچنین نە دەمانتوانی بەرەوناوچەکە بێینەوە نەکەسیش دەیتوانی بێت بەهانامانەوە، ئیتر ناچار هەموو ئێوارەیەك بەرخی یەکمان سەردەبڕی، بەلآم من پرکێشیمکرد شەو بەتاقی تەنیا بەدزییەوە هاتمەوە بۆلای ئەو جەماعەتەی کە لەلای عەسکەرەکان بوون، کوڕێکی حاجی ڕۆستەمی تەپسپی (ئەمینی ناوە) شوان بوو بینیم ئەگریا، ووتی: ٣٠٠ مەڕم بوو هەموویان لێسەندووم‌و خۆشیان کوتاوە زۆر هیلاك بوو، ئیترئەمین بەو لێدانە تووشی نەخۆشییەك بوو دوای ماوەیەك مرد. بەخوا لەترسا مرد .

سەردار درێژەی بەقسەکانیداو ووتی: ڕۆژانێکی سەخت بوو بوەتوشمانەوە ئیتر ماوەی ٢ مانگ ئێمە ئاوا ماینەوە بەلآم نەماندەتوانی ئیدارە بکەین، مەروماڵاتەکانیشمان پەرتەوازە بوو عەسکەر هەندێکی بردو کەمێکیشمان بۆمایەوە فرۆشتمان ئیتر خۆمانکردە ناو صموداو خۆمان تەسلیم کرد لێرەیش وەزعمان زۆر خراپ بوو، دەچوینە هەرماڵێك دەترسا بەهۆی ئێمەوە ئەویش تووش بێت، یان وەزعیان زۆرخراپبوو جایەکێکی تریش ببێتەبار بەسەرییەوە، بەو شێوەیە نەمان دەتوانی خۆمان دەرخەین، ئیتر بیرم کردەوە پارەم لەپیاوێك قەرزکرد تراکتۆرێکم کڕیو دەستمکرد بەئاو فرۆشتن لە ئۆردوگاکادا، ئەوە لەدووسێ سەرەوە بۆمن باش بوو، بەتەنکەرە ئاوەوە بچومایەتە هەرماڵێك ڕەزام گران نەبوو لەبەرئەوەی ئاوم پێبوو ئاو قاتی بوو لەصمود دەست نەدەکەوت‌و گرانیش بوو، ئەوشوانانش نەچومایەتە ماڵی کەس لەلای بیرە ئیرتیوازیەکان دەخەوتم، بۆئەوەی ئەگەر یەکێك بیبینیمایە دەمگوت سەرەم بۆ ئاوگرتووە، بەلآم لەڕاستیدالەبەربێ جیگایی من لەوێ دەخەوتم. سێ دانە ساڵ ئەوە حاڵی من بوو . ئەگەریەکێك پێی بگوتایە بابچین بۆماڵەوە لەدڵی خۆمدا دەمگوت تۆبلێی بەراستی بێ‌و ئەم ئێوارەیە بمباتەوە بۆماڵی خۆیان‌و نانم پێبدات ؟. لەڕاستیدا ئەو خەڵکەش ناهەقی نەبوو هەبوو پێی خۆش بوو ڕۆژی دەکەس بەرێتەوە بۆ ماڵەکەی بەلآم توانای نەبوو، حکومەتیش زۆر خراپ بوو. ئەویش دەیگوت ئەنفالم دەکەن، ڕۆژێك موختارەکە هات بۆلام ووتی: ئیخباری کراوی وتوویانە سەردار پێشمەرگەیە ئەگەر دەزانی لەخۆت دەترسی لێرە برۆ مشوری خۆت بخۆوخۆت بشارەوە ئەگەر دەشچیت بۆ ئەمن ئەوە کەیفی خۆتە، منیش ووتم خۆمن لەبراکانم زیاتر نیم توخوا بامنیش ببەن، هەستام چووم بۆ دائیرەی ئەمن نەقیب خالیدێك بەرێوەبەری ئەمن بوو ووتی: تۆ پێشمەرگەیت چی دەکەیت لەناو صمود منیش ووتم من کاسبم‌و کاتی خۆی خۆم تەسلیم کردووەتەوە، ئیترهەندێك شەپازلەی پیامدا کێشاو ئەو جارەش نەجاتم بوو، ئەوەش کەسێك ئیخباری کردبووم ئێستاش وا لێرەیە.

حاجی قادری تەپەسەوز بەپیرەمرگەوە چوو کەچی ئازادبوو:

حاجی قادری گوندی تەپسەوز، کەباوکی سەرداره، خۆیو هەردو ژنەکەیو منداڵەکانی ئەنفالکرابوون، ئێستاشی لەگەڵ بێت خاوەری هاوسەریو ٥ کوڕیو دوکچی نەگەڕانەوە بۆخۆشی ماوەی سێ مانگێك لە نوگرەسلمان مایەوەو بەهۆی خوشکێکیەوە بەناوی پیرۆز رزگاری بووە، لەبەرئەوەی پیرۆز نابینابووەو لە نوگرەسلمان هیلاك بووە، لەوێ کەناویان نوسیوە بۆبەردان وتبوویان کێی نزیکی خۆی لەگەڵدایە بابێت بڕوات، بەڵام ئەوەی زۆرمایەی تێرامانە تکایان لەحاجی قادرکردبوو کە لەگەڵیدانەڕوات، چونکە ئەنفالکراوەکان بڕوایان نەبووە بەوەی ئازاد بکرێن، بەڵکو پروپاگەندەی ئەوە بڵاوکرابووەوە ئەوانەی پیرو هیلاکن بۆخۆراکی ماسی دەخرێنە دەریاکەی لای سەماوەوە، بەڵام حاجی قادر ووتبووی جا لە گەرماو لەبرسابمرم‌ولەناوئاودا بخنکێم جیاوازیان چیە مردن هەرمردنە، دەڕۆم لەم مەینەتیو ڕەزالەتە ڕۆژێك زوتر ڕزگارمان بێت. حاجی قادر سێ ڕۆژ پێشئەوە مام فەرجی کوڵەجۆی حاجی حەمەجانی بەدەستی خۆی ناشتبوو، هەربە بەچەقۆکەی خۆی جلەکانی لەبەرداڕیبوو لە بری کفن تێیەوە پێچابوو کەچی دوایی بەچاوی خۆی بینیبووی کەسەگ تەرمەکەی دەرهێناوەتەوەو خواردوویەتی (شایانی باسە هەتا ئێستاش چەقۆکەی مام فەرەج ماوە پێشتر لەلای حاجی قادری تەپە سەوزبووەو دوایی وەك یادگاری داوێتی بەکچەکەی مام فەرەج بەناوی سەعدە ئەوچەقۆیە هەڵگیراوە). بۆیە حاجی قادر ووتبووی ڕۆژێك زوتربڕین باشترە، کەواتە ئەو بەپیرەمرگەوە چووە، بەڵام لەوەدا بەخت یاوەری بوو کەناونوسینی ئەوجارە بۆ ڕزگاربوون بوو. حاجی قادری تەپە سەوز لە هەوڵی بیۆچانیدا بۆسۆراخی ژن‌ومنداڵەکەی توانیبووی کەسێك بدۆزێتەوە لە تۆپزاوا ئەو کەسە لستێك ناوی پیشاندابوو پێی ووتبوو: ئەم ناوانە لێرە لەلای ئێمەنەماون بۆیان مەگەڕێ، لەوانە ژن‌و منداڵەکەی خۆیو ژن‌ومنداڵەکانی حمەدی حاجی حەمەجانی کوڵەجۆو ئەوانەی مللەسورەو رێك ئەوانەی لەگەڵ تەیموردا بوون دابووی بەباوکم پێی ووتبوو ئەمانە ڕۆیشتن‌و لەلای ئێمە نەماون بۆیان مەگەڕێ..ئەوانەش ئەوکۆمەڵەکەسەبوون کەکراون بەژێرخۆڵەوە هەتا ناوی تەیموریشی تێدابووە .

سەبارەت بەدوا هەواڵی کەسوکارەکەی قسەکانی باوکی‌وودوو پوری خۆی بەناوی خاوەرولەیلای بۆ گێراینەوە کە هەتا تۆپزاواش پێکەوەبوون لەوانە باسی حەمەخانی برایان بۆگێرابووەوە کەبرینداربووەو خۆی خستووەتە ناو ژنەکانەوە لەگەڵ دایکیدابووەو پۆلیسێك هاوکاری کردووە حەپی گولاجی بۆ هێناوەو کردوویەتی بە برینەکەیەوە، ئیتر ئەو ڕۆژەی ئەمانیان بردووە بۆ نوگرە سلمان لێیان بێ ئاگابوون‌و هەتا ئێستاش بەبێ سۆراخ ماونەتەوە.

سەردار لە ساڵی ١٩٩٣ هاوسەرگیری کردووەو ئێستا پێکەوە لەئۆردوگای ڕزگاری لەوخانووەدا دەژین کە حکومەتی هەرێم زەویەکەی پێداون‌و هاوکاری کردون‌و دایك‌و باوکی چەند منداڵێکی چاوگەشن. بەڵام ئەو گڵەییەشی هەیە کە لەپەنای ئەنفالدا خەڵکێکی زۆر سودمەندبووەو بەناوی ئەنفالەوە زەوییە ڕوکنەکانیان داوە بەخەڵکی ناسەتەحەق، زۆرخەڵك زەوی وەرگرتووە، هەرباسی ئەوەی ئەنفال دەکەن. خۆ زەوی‌و موچەش هەموو شتێك نیە کەسوکاری ئەنفال هەیە لەم ناحییەدا دەژی ناتوانێ سواری سەیارە بێت، ئەوەشی پێناخۆشە کە کوڕی موستەشارەکان پلەوپایەیان لەکەسوکاری ئەنفال بەرزترە. ئەوەی هێشتا گرێیەکی گەورەیە لەدڵی سەرداردا نەبوونی عەدالەت‌و دادپەروەریە، ئەو پێی وایە ئەم ئەزموونە بەری خوێنی ئەنفالکراوان‌و کیمیاباران‌و ئەو کەسانەیە گیان‌و ماڵی خۆیان کردە قوربانی بۆیە پێویستە دادپەروەرانەش بژین. ووتی: لایەکی ژنی سلیمانی بەپێشمەرگەی شاخ خانەنشین کراون بێ ئەوەی شاخیان بینیبێ ؟ ماڵیش هەیە شەوتابەیانی پێشمەرگە نەیهێشتووە بخەوێت بەخزمەتکردن کەچی ئێستا ئاوڕی لێنەدراوەتەوە..!



سەبارەت بەلێبوردنەکەی بەرەی کوردستانی بۆجاشەکان سەردار بڕوای وایە ئەوانەی لەساڵی ١٩٩١ بەلێبوردنەکە ڕازی بوونو لەکوردستان مانەوە هەقی لێبوردنیان هەیە بەمەرجێك سکاڵای کەسیان لە سەر نەبێت، سەردار ووتی: ئەوەش بزانە بەشبەحاڵی خۆم جاشێتی بە عەیبەیەکی گەورە دەزانم ئێستا پێم بڵێن جاش زۆرم پێناخۆشە، ڕەنگە فیشەکێك بەخۆمەوە بنیم خۆم بکوژم، بۆیە هەقوایە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت بۆئەوەی جاشێتی ڕیشەکێش بکرێتو جاشی پارچەکانی تری کوردستانیش لەلێپرسینەوە بترسنوببنە عیبرەت، چونکە ئەو وڵاتانەی ئەمرۆ حاکمی جیهاننو دەسەڵاتیان هەیە ئەم ئەزموونانەیان هەیەو پێموانیە ئەوان لەخائینو خۆفرۆشان خۆشبووبن . سەرداری تەپەسەوز ووتی: کارەساتە موستەشار بچێت واسیتە بۆخەڵك بکات، موچەیان بۆخۆیو کوڕی بڕیووەتەوە، ئەی چۆن ئەو دیاردەیە شەرمەزاربکەین ..؟ کوا ئەوە ڕەوایە وەکو مەحکەمەی ناکەیت ئیمتیازیشی بدەنێ، ئەویش بابروات کاسبی بکات، مەرداری بکات وەك هەر هاوڵاتییەکی تر .

لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا کەئاخۆ ئەو قەت دەچێت بۆپرسەی موستەشارەکان سەرداری حاجی قادر ووتی: تا ئێستا بۆپرسەی یەك موستەشار چووم ئەویش لە پێشمەرگایەتی پیکەوە بووین، ئەگینا ناچم چونکە قورسن لەبەرچاومان پێمخۆشە کەسوکاری ئەنفالیش نەچنە پرسەیان. مەگەر کەسێکی وەکو سەعید جاف یەك کەسێکی تریش هەبوو حەمە صالح عەبدوڵا ئەویش خەڵکی زۆر ڕزگارکردووە. ئەوپیاوەش وتی: ئیعدامیشم دەکەن بەجەهەنەم خۆ لەئێوە زیاتر نیم، من شایەتی بۆ ئەو دوو کەسە دەدەم ، ئەوانەی ترنا.

بڕیار بێت لەو ڕۆژەدا گۆشت نەخۆم

دوا پرسیارم وەکو زۆرکەسی تر لە سەرداری حاجی قادریش کرد ، ئەویش ئەوە بوو ئایا تۆ پێت خۆشە ڕۆژی ٤/١٤ بکەینە ڕۆژی سەرنەبرینو گۆشت نەخواردن ؟ ئایا تۆ پێت باشە ئەو ڕۆژە خەلك لە کەلارو کفریو شارەکانی ترەوە بەپێ بێت بۆ گۆڕستانی دێ بنە، بۆ یادی ئەنفال سەیارە قەدەغەبێت ؟ لە وەڵامدا سەردار ووتی: ئەوە مێژووە ئەوە جوانترین یادکردنەوەی ئەنفالە من پشتگیریت دەکەمو بڕیاربێت لەو ڕۆژەدا گوشت خواردن لە ماڵمان قەدەغە دەکرێت جا هەرکەسێك میوانم بێت .

## با ڕۆژانی یادی هەڵەبجەو ئەنفال بکەینە ڕۆژی سەرنەبرینو گۆشتی هیچ زیندەوەرێکیش نەخۆین

**مستەفا محەمەد مەحمود خەڵکی گوندی عەزیزقادر :**

# کەبسکیتێك بەدەست منداڵیکەوە دەبینم مردنی براکەم لەنوگرەسەلمان بیردەکەوێتەوە .

ئەوکاتەی گوندی عەزیز قادر ئەنفالکرا تەمەنی مستەفا لەهەشت ساڵ تێنەپەڕی بوو، پاشئەوەی بەکەمپەکانی کۆکردنەوەدا تێپەرین لەتۆپزاوا جیاکرانەوەو ئەوانیش وەك هەزاران خانەوادەی تر بەرەو گرتووخانەی نوگرسەلمان راپێچکراون، ئەوان کەپێشتر مەینەتی زۆریان بەدەست پیاوانی بەعسو بەرپرسانی تۆپزاواوە بینیبوو لەنوگرە سەلمان دۆزەخیان بەچاوی خۆیان بینی، مستەفای تەمەن هەشت ساڵ ماوەی ٥ مانگی لە نوگرسەلمان بووەو دەربازبوویەکی خانەوادەکەیەتیو ئێستا لەناحێی رزگاری ( صمود ) دەژی، ووتی: من خوێندەواریم نیە بەلاّم حاجی عەلی بۆی خوێندینەوە لەقەد دیواری لای دەرگاگەورەکەی نوگرە سەلمان نوسرابوو وەیل.

مستەفا هێشتا بەقورسی لەژێرکاریگەری دیمەنی مردنی قادری برایدایە، کە بەدەم کروزانەوەوە لە باوەشی دایکیدا (خەیریە کەریم) گیانی لەدەستداوە، دەڵێت باوکم قۆندەرەی (حەجاج) ئەفسەرە دزێوەکەی نوگرەسەلمانی ماچکردو زۆرلێی پارایەوە بۆئەوەی کوتێك نانی بداتێ بۆ برابچکۆلەکەم هەتا لەبرسان نەمرێت، بەلاّم ئەو زاڵمە نەیدایەو لەباوکمی دا، قەت ئەو دیمەنەم لەبیرناچێتەوە کەشەقێکی لەباوکم هەڵداو بەتوندی کوتایە ئەرزا.

مستەفا بەنیگەرانییەوە دەیگوت کاکە رەزالەتێك ئێمە دیمان کافرنەیبینێ، دەڵێت : حەجاج چاڵێکی کردو پری کرد لە ئاو باوکمو هەردوو خوشکەکەم فازیلەو سەمیرەی فرێدایە ناوی دەیگوت: با بخنکێن ئێوە دوژمنی ئیسلام نینو دوژمنی سەرۆکی فەرماندەن، هەرچی لەنوگرە سەلمان بوویێ ئەو دیمەنەی بەچاوی خۆی بینیوە . کەنان دەخۆم برا شەش ساڵانەکەم (قادر) م بیردەکەوێتەوە کەچۆن



بەبەرچاومەوە لەبرسا مرد، قادر لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٢ بوو، تەنها دووساڵ لەمستەفا بچوکتربووە، خانەوادەی مستەفا ٦ کەس بوون ٣ کەسیان (کامیلە خوشکە گەورەکەی قادر برا شەش ساڵانەکەی ماهیرە خوشکە بچوکەکەی). لەنوگرەسەلمان لەبرسا مردن.

مستەفا زوو زوو دەیگوت: هەتا مردن ئەوتاوانەو مردنی خوشكوبراکانم لەبیر ناکەم. براکەم هەتا گیانی دەرچوو بەباوەشی داایکمەوە داوای نانوئاو باوکمی دەکرد ئێستا بمایە زەلامێك بوو دایكوباوکیشی پاشئەوەی لەنوگرەسەلمان هاتنەوە لەداخی ئەو خوشكوبرایەم مردن.

سەبارەت بە روخساری دزێوی حەجاج دەلێت بنیادەمی واناشرینم نەدیوە ئێستا بیبینم ئەگەر شێوەی گەنجییەکەی مابێ دەیناسمەوە. پاشئەوەی لەقسەکردن وەستاو هەلوەستەیەکی کرد ووتی: رۆژێکی گەرم بوو حەجاج هاتە گیانمان خوشکەکانمی بەستەوەبە سیمێکەوە. ئەم کورە کە ئێستاباوکی پێنج منداڵە، بەردەوام لەیادەوەری رۆژگارە سەختەکانی نوگرەسەلماندا دەژی، لەبارەی ناونانی منداڵەکانی دەلێت : دوو کوڕو سێ کچم هەیە تەنها کچێکمم بەناوی فەزیلەوە ناو ناوەتەوە هەرچەندە فەزیلە لەژیانیشدا ماوە بەلاّم مەینەتیو رەزالەتی زۆری چەشت لەنوگرەسەلمان. هەرچیم کرد دلّم نەهات بەناو ئەنفالکراوەکانمەوە ناویان بنێم، تەنها فەزیلە نەبێت بەلاّم قەت ناوی ناهێنم.چونکە کەنان دەخوم براکەم بیردەکەوێتەوە کەمنداڵێك دەبینم بسکیت دەخوات براکەمم بیردەکەوێتەوە ژیانم نەماوە. (جگەلە براوخوشکەو براکانی ) زۆربەی کەسوکارەکەی ئەنفالکراون. لەدوای گەرانەوەیان لە

نوگرەسەلان دایكوباوكی مردن ئێستا مستەفاو فازیلەو سەمیرە لەژیاندا ماون، بەلام هەریەكەیان بەمەینەتییەكەوە گیرۆدەن، سەمیرە دیسان بێوەژن كەوتووەتەو لەبەرئەوەی پیاوكەی لسەیارەوەرەگەرا ئێستا مندالەكانی بێباوكن..

گوندی عەزیز قادر ئێستا ئاوەدان كراوەتەوەو ٢٥ تا ٣٠ مالێكی تێدایە.

---

## ئاگاداریەك لە گۆڤاری ئەنفالستانەوە

**بۆهەموو ئەو نوسەرو رۆژنامەنوسە بەرێزانەی بابەت و رێپۆرتاژو دیداری رۆژنامەوانی بۆ ئەم سالنامەیە دەنێرن، تكایە ڕەچاوی ئەم خالانە بكەن:**

**١. ئەنفالستان دەستەواژەی كارەسات لەبری تاوان بەكارناهێنێ چونكە هیچ كام لەتاوانەكانی كیمیاباران و ئەنفال و جینۆسایدكردنی بارزانیەكان و كۆمەلكوژی و ولاتبەدەركردنی كوردانی فەیلی كارەسات ن... تسویونامی و بومەلەرزەوە بوو بێت.. بۆیە ئ... بگۆرین بەتاوان لەبەرامبەر ئەو دۆسێیانەدا .**

**٢. دەستەواژەی پاشماوەی ئەنفال بە ناشیاو دەزانین بۆ قور...**

**٣. هیچ بابەتێكی دەستونس و تایپ نەكراو... رەوانە بكەن**

**٤. كۆمەك وەرنەگرتن لەخەلكانی نە... ئەخلاقییەو پێیەوە پابەند دەبین بەبەلگەی دروستەوە ئاگادارمان بكەنەوە لەهەركۆمەككارێكی لەو جۆرە .**




# ئەنفال و سێ دیمەنی بەرگری و تراژیدیا

## دیمەنی یەکەم :

لەدوای لێبوردنەکەی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨ رژێم رێگە پێدانێکی کاتی دایە ئەوکسانەی لەناوچەکانیان کەلوپەلییان شاردووەتەوە بچن بیهێننەوە، ئەمەش مەبەستێکی سیاسی لەپشتەوە بوو دەیویست نهێنی شوێنی ئەو پێشمەرگانەش بزانێ کە لەناوچەکەدا مابوونەوە، چونکە لەگەڵیدا کۆمەڵێك چەتەو جاسوسی خۆشی دەنارده ناوچەکەوە، لەو کاتەدا رووداوێکی زۆر ناخۆش رویدا، ئەو کاتە چاودێری رووداوەکانم دەکرد، خەڵکێکی زۆر رۆیشتەوە بۆ ناو هەردەکان بۆ هێنانەوەی ئەو شتانەی خۆیان شاردبوویانەوە، بەداخەوە دوو تاوان رویاندا کە هەرگیز لەبیرم ناچنەوە، ئەوانیش کوشتنی مام عەلی پیرۆز بوو لەگەڵ خوشکەزایەکی خۆیدا بەناوی سامان محمد رەزا کەتاقانە کوریشی بوو، لەلایەن موخابەراتی کەرکوکەوە گیران توشی رووداوێکی زۆر ناخۆش بوون،. مام عەلی و سامان پێکەوە چووبون بۆ گوندی بنکە شتی شاراوەی خۆیان بهێننەوە، مفرەزەیەك چەتەی موخابەرات کە کوردی خۆفرۆش بوون، ئامر مفرەزەکەیان بەناوی خەلیل کەرکوکی، چووبون بۆ راوە پێشمەرگە لەناوچەکەدا بەڵام کەسیان دەست نەکەوتبوو ئەو مام عەلییەو سامانیان گرتبوو هەردوکیان کوشتبوو، مام عەلی پیاوێکی خانەدان و روح سوك بوو زۆر هاوکاری خەڵکی دەکرد، بەرلەئەنفالیش سەیارەی هەبوو هاتوچۆی شارولادێی دەکرد مفرەزەکەی خەلیل کەرکوکی لە گوندی بنکە مام عەلی و سامانیان گرتبوو، کوشتبوویانو تەرمەکانیان هێنایەوە بۆ شاری کفری لەلای دائیرەی ئەمنی کفری، تەرمەکانیان فرێدان. لەوکاتەدا تەعدایەکی گەورەیان لەکوردو شاری کفری کرد، ئەویش بەشێواندنی تەرمی ئەو دوو کەسە بەریزەی گوندی بنکە، کورێك هەبوو بەناوی شاهێن قالە تەیبیان ئەویش بەعسییەکی خراپەکاربوو، ئەو شاهێنە لەگەڵ ئەمنەکانی تر کارێکی زۆر قێزەوونیان ئەنجامدا، تەرمەکانی مام عەلی و سامانیان روتکردەوە (جلەکانیان لەبەردا فرێدان) ئینجا ئەیاندان بەسەر یەکدا وێنەیان دەگرت، جارێك مام عەلیان ئەدا بەسەر ساماندا و جارێکیش سامانیان ئەدا بەسەر مام عەلیدا و وێنەیان دەگرت گوایە ئەمانە موخەریبن و بەد رەوشتن و خەریکی کاری سێکسین و هێزە ئەمنیەکان لەو حاڵەدا گرتوویانن، ئەو دیمەنە هەرگیز لەیادم ناچێتەوە،ئەوکارە دزێوەش ئەو شاهێنەو پیاوانی ئەمن پێی هەڵدەستان، لەساڵی ١٩٩١ شاهێنیان لەشاری کەرکوك گرت و بەسزای خۆیان گەیاند.

دوای ئەو دیمەنە ناخۆش و قێزەونانەی بە کامێرا وێنەیان گرت، تەرمەکانیان بە شۆفلێکی شارەوانی بردبوو لەلای گۆرستانەکەی کفری باوشاسوار کردبوویانە ژێر خۆڵەوە، سایەق شۆفلەکەی شارەوانی مام فازڵی مەلا برایم بوو،کە دایپۆشیبوون هات بۆلامان ووتی: مەجالم هێشتووەتەوە بۆیان بچن دەریان بهێننەوە لەلای قەبری پێشمەرگەیەکەوە دایپۆشیبوون (١٠) ئێمەش نەمان دەوێرا لەوکاتەدا بچین بەلایدا، بەڵام کە دەچووم بۆسەرقەبران هەموو جارێ بەلایدا دەڕۆیشتم و چاودێری ئەو شوێنەم دەکرد، ئیتر دوای راپەرین لە ڕیورەسمێکدا تەرمەکانیانمان دەرهێنایەوەو بەخاکمان سپاردنەوە.

## دیمەنی دووەم :

ئەنفال و خۆراگری .

سەید محمەد ی گوندی تەپسپی یەکێك بوو لەپێشمەرگە پارتیزانەکانی دوای ئەنفال، لەکاتێکدا

**پاشماوەی ئەنفال.!؟**

**تکایە خۆت لە بەکارهێنانی دەستەواژەی "پاشماوە" بۆ قوربانیانی ئەنفال بەدور بگرە چونکە ئەویش جۆرێکە لەسوکایەتی پێکردن .**

[10] پێشمەرگەکەش ناوی جیهاد کەرکوکی بوو لەشەرێکدا لەگوندی حسیرە شەهیدکرابوو جەنازەکەیان بەناو کفریدا راکێشاو لەوێ دایانپۆشیبوو.

لەناوچەکەدا مابوونەوە، هیچ ئاسۆیەك نەمابوو، تاریکی بەعس باڵی بەسەروڵاتدا کێشابوو، پێشمەرگە دەبوایە لەرۆیشتندا شوێنپێکانی خۆیان بسریبایەتەوە، بەڵام لەو کاتەشدا ئەو هەمیشە گەشبین بووە، پێشمەرگەیەك گێرایەوە، کە سەید محمد وتوویەتی: رۆژێك دێت ئەم رژێمە ستەمکارە باجی دڵرەقیو گەمژەیی حوکمڕانی خۆی بداتو لە بەرامبەر هەر خشتێکی قوری ئەم گوندانە قەرەبووی بلۆکێك بکاتەوە، رۆژێك لە پێشمەرگە پارتیزانەکان جیابووەو بەرەو گوندی تەپەسپی شۆڕ ببووەو چووبووە سەر داروپەردوی روخاوی ماڵەکەی خۆی ئەو ماڵەی رۆژانێك جێگەی قاوقیژی منداڵو بۆنو بەرامەی چیشتی دەستی کەیبانووی ماڵەکەیو رازونیازی خۆیو هاوسەرەکەی بووە، لەژێر داروپەردوی خانوی ماڵەکەیدا بیجامەیەکی یەکێك لەمنداڵە بچوکەکانی دۆزیبووەوە بۆنی پێوە کردبوو بەسەریدا گریابوو، کاتێك پێشمەرگەکان لێی نزیك ببوونەوە لێیان پرسیبوو کاك سەید ئەوە خەریکی چیت، ئەو بۆ ئەوەی پێشمەرگەکانی هاوسەنگەری نەروخێن ووتبووی هیچ هاتمە سەر شوێن خانووەکەمو دەڵێم ئەم حکومەتە گەمژەیە دەبێت رۆژێك بێت قەرەبووی هەموو ئەم تاوانانە بداتەوە.

## دیمەنی سێهەم

## ئەنفالو دەردە سەری سەگەکە :

ئێمە لەتاوانی ئەنفالدا تەنها باس لە بەسەرهاتومەینەتی مرۆڤەکان دەکەین، بەڵام ئەنفال ئاژەڵەکانیشی توشی مەینەتیو ئازاری زۆر کردووە. ماڵی پورێکم لە گوندی سەرەش بووون لەناوچەی زەنگنە، کە ئەنفال بوو هەرچۆنێك بوو ئەوان خۆیان رزگارکردبوو کە گیشتنە شار ڕانەکەشیان هێنابوو فرۆشتیان سەگێك لەگەڵ ڕانەکەیاندا بوو، کە رانەکەیان فرۆشتبوو سەگەکە تەنیا مابووەوە، هەرئەوکاتەی وا رووداوەکەی مام عەلیو سامان رویدا ئەوانیش گەرابوونەوە گوندەکەی خۆیان بۆ سەر ڕەش، کە بینیبوویان وا سەگەکەیان لەوێیە، پاسی خانووە روخاوەکەیان دەکات، بەڵام لەبرسا زۆر لاواز ببوو، وەڵا لەگەڵ خۆیان هێنابوویانەوە بۆ صمودە، بەڵام کە لەڕەوەکە رامان کرد .. ئیتر جارێکی تر سەگەکەش لێی قەوما،کە لە ئێرانەوە گەرانەوە نەیاندییەوە.

صدیق محمود ئەلی مراد

# ئەنفال ڕیشەی بڕیمەوە، ئەنفال فەوتاندمانی

ئەم پیرەمێردە دانیشتووی گوندی ئۆمەربلە ٢٣ کەس لە خانەوادەکەی ئەنفالکراون و خۆشی پاش ٦ مانگ و ١٢ ڕۆژ لە نوگرەسەلمان گەڕاوەتەوە، ئێستا لە گوندی ئۆمەربل لەخانوویەکدا تەنیاکەوتووەو ئەگەر دەرودراوسێ خواردنی ژەمەکانی بۆنەبەن خۆی توانای دروستکردنی پیاڵە چایەکی نیە، مەینەتی و خەمەکانی ئەم پیرەمێردە ئەوەندە زۆرن هەرگیز قەلەمەکەی من و تەنانەت زومی کامێراش قودرەتای نیە بتوانن پەی بەهەموو ئازارەکانی ئەم مرۆڤە شکستخواردووەی ئەنفال بەرن، ئەو ڕۆژەی من دەمەو عەسرێکی درەنگ چوومە دیدەنی بەتەنیا لەبەربەرۆژکەی ماڵی دراوسێکەیان بەتەنیاوبەکساسی دانیشتبوو، کەزانی ئێمە چوین بۆ دیدەدەنی زۆری لەخۆی کرد، هەستێتەپێ ویستم بچمە ژێربالی بەلام هەرئەوەندەی بەلۆژە لۆژ گەیشتە بەردەم هەیوانی ژورەکەی ئیتر لەوە زیاتر نەیتوانی و بەگاگۆلکێ و لەسەرچنگ پێشمان کەوتبوو بۆ ژورە تەنیاکەی، کە ئەو پیرەمێردە ماندووە فەرمووی دەکردین و خولقوخۆی دەنواند، زۆر سوپاسی هەلویست و بەختی خۆمم کرد کە بەرپرسێکی گەندەلی ئەم ولاتە نەبووم، ئاخر ئەگەر من بەرپرسێك بم و تەنیاکەوتووەکانی ئەنفال بەو شێوەیەو ئەنفالچییەکانیش بەبێباکی و سمێلی بۆیاخکراوەوە ببینم دەبێت چۆن لەرووم بێت بچمە سەر شاشەی تیڤییەکان و درۆبکەم و بلێم کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراون " تاجی سەرن و بەرێزن و شکۆدارن و ئەم قسە ناراستانە.

سەرەتا مام صدیق ئەوەندە بەگەرمی بەخێرهاتنی کردین ماوەیەکی زۆر دلم گیراو نەمدەتوانی قسەبکەم، بەتایبەتی کە ئەوپیاوە لەدلەوە دەیگووت: یاخوا بەخێربێن بان ئەم دوودییەم، وەلاهی وەکو ئەوە وایە حەجێکتان کردبێ.. دەی برا خۆمن تەنیایی کوشتمی، من لەوکاتەدا شعورێکم لادروستبوو توبلێی هەرلەئەزلەوە کۆمەلخەلکێك بۆ زولم کردن و کەمینەیەکیش بۆ زولمکردن دروستبن..؟ کەکەوتینە پرسیارکردن مەلا جەمیلی گوندی ئۆمەربل خۆی کرد بەژورداو سەلامی کرد، ئیتر ئەویش چوو لە تەنیشت مام صدیقەوە دانیشت، هاتنی مەلا جەمیل بۆئەوە بوو ئەگەر کاربەدەستێك بێن ئەوبتوانێ هاوکاری مام صدیق بکات و



باشتر تێمان بگەیەنێ کە ئەم پیاوە مافی بەسەرهەمووماناوە هەیەو باشتر هاوکاری بکەین، لەراستیدا هاتنی مەلا جەمیل هاوکارییەکی باش بوو بۆ ئیمە کەپرسیارم لەبارەی ئەنفالکراوەکانیەوە کرد مام صدیق ووتی: بەخوا ٢٢ تاکە نەفەرم ڕۆیوەو هەرخۆم ماومەتەوە بەلام مەلا جەمیل ووتی: ٢٣ بەلام مام صدیق ووتی: ٢٢ لەمشتومری نێوانیاندا مەلا جەمیل راستی کرد چوونکە یەکێك لەمندالەکانی خانەوادەکەی بەپێی زانیاری مەلا جەمیل هەرلە گرتووخانەی تۆپزاوا لەدایکبووە، ئینجا مام صدیق سەری رەزامەندی بۆ راوەشاندو ووتی: راست دەکەی من فکرم باش نیە یەکێك لەبووکەکان لەوێ مندالی بووە بەلام بون و نەبوون بەمن چی خۆی دنیایان نەدیتەوە..؟ بەراستی پرسیارێکی بەجێ بوو لەدایکبوون لەقەراغی گۆرەکانی کۆمەلکوژی جگەلە تۆمارکردنی تاوانێکی ترچ مانایەکی هەیە..؟! مەلا جەمیل هەناسەیەکی هەلکێشاو لەپڕ ئاخێکی هەلکێشا وتی: ئاااااااااااااا خخخخ بەخوا خۆشی ئەنفالە ئەی برا ئەمە ئێستا ئەنفال نیە ..؟ تەنها بۆ خۆی ماوە .. مام صدیق دوای ئەوەی نەرمە کۆکەیەکی بۆ کرد ووتی: یاخۆ بەخێربێن بەخوا من بەرۆژ باشترم بەلام بەخوا بەشەو حالم نیە مندالەکان دێنە خەونم و ناهێلن ئیسراحەت بکەم، زۆر بیریان لێ ئەکەمەوە ئەی برا ئەو هەموو گورگەلە ئەو هەموو کەنیشکە ئاوبردنی ئەرزقوتی دان ..؟ نازانم گوناهیان چی بوو..؟

هەرکەسێك بۆیەکجار سەردانی ئۆمەربل بکات بە ئاسانی تێدەگات گەندەلی چی بەم میللەتە کردووە...؟



ئاخر حکومەت پلانی هەیە بۆئەوەی ناتەندروسترین خەلك بدۆزێتەوە بیکاتە کارگێروکاربەدەست کەچی پلانی نیە مرۆڤێکی وەك مام صدیق لەخانەیەك، خەلوەتگایەکدا نیشتەجێ بکات کە شایستەی مرۆڤ بێت، مام صدیق لەناو ماڵەکەی خۆیدا بەگاگۆلکێ هاتوچۆدەکات ئیتر موچەی ئەنفالکراوەکانی بەو چیو چۆن وەری گریۆ بەم هەموو رۆتیناتو بێنەوبەرەیەوە چۆن بگاتە دەستی ...؟ ئەگەربشگاتە دەستی چی لێبکاو چی پێبکا کە دەرودراوسێ نانو چای ماڵی خۆیانی بۆ بەرن ..؟

مەلا جەمیل ووتی: ئەم پیاوە ئەنفال ڕیشەی دەرهێنا کوڕوکچو ژنو کورەزاو کچەزا، ئەو کچانەشی لێرەو لەداوێ شویانکردبوو هەرهەمووی تاکە یەك کەسیان دەرنەچووە لە ئەنفالدا، هەرچەندە برازاکانی دێن بۆلای بۆی باشن دێن ئەیبەن بۆلای خۆیان بەڵام ئیدارەناکاتو دێتەوە بۆ ئەم خانووی خۆی.. ئیتر مام صدیق قسەکەی لەدەم وەرگرتەوەو ووتی: ئیدارەناکەم برا ئیدارەناکەم شەوان کورەکان دێنەخەوم کەنیشکەکان دێنە خەوم ناهێلن ئیسراحت بکەم.. هەرئێرەم باشترە. ئیتر سەرێکی راوشاندو ووتی: بڕێ خەتای خۆشمی تێدابوو پیرەژنەکە هاتەوە بۆلام ووتی: منیان دەرکردەوە لەلای کەنیشکەکان ناردویانمیانەوە بۆ لای ئێوە بۆلای پیرەکانیان ناردووەتەوە، بەڵام من زۆرم لێکرد ووتم کچێ چی کەی لای من برۆ بۆلای کەنیشکەکان بەجێیان مەهێڵە ئەوەیان خەتای من بوو من ناردمەوە ئیتر رۆیشتن نەم بینینەوە. ئەی برامن چووزانم ئەو کافرە ئاوامان پێئەکات منیش ئاگری جگەرم وای پێکردم کێ ئەیوت ئەم حەمکە زەلامە سەرنگوم ئەکەن .. بەخوا زۆرییەکەی لە عەقلانەبوو دەی چاور کەنەفتی وەك منیان بۆنەگبەتی هێلاوە..

مام صدیق بە ووتەی خۆی بەردەوام وێنەی کورێکیانی بەدەستەوەیەو چاویلەکەشی یاریدەی نادات بۆئەوەی باش ببینێت، بۆیە هەر ئەمدیوەودیوی پێدەکات هەتا تەواو شەکەت دەبێت .. بەحەسرەتەوە دەلێت: منداڵەکانم چواریان کوڕبوون( تەلعەت، بهجەت، عوسمان، خەلیلو خاوەنی ژنو منداڵی خۆیان بوون، ١١ مندڵیان هەبوو بێجگە لەژنەکانیان، کەنیشکەکانیشم، یەکێکیان ناوی سبریە بوو، یەکێکیان ئامینوحمدیەو ژنەکەشم ناوی ماهیەدەبوو) مام صدیق خۆزگەیەکی هەیە وای بۆدەچم خۆزگەی هەموومان بێت ئەویش : دادگایی کردنی هەموو تۆمەتبارانی ئەنفالو سزادانی تاوانبارانە.



عەلی نامیق :

# هەرخۆم ماومو پێویستم بەهاوکاریە

عەلی نامیق – خەلکی گوندی عەلەیانی سەربەناحیێی تیلەکۆی قەزای کفرییەتاکە دەربازبووی خانەوادەکەیەتی ئێستا لە بارێکی دەرونی ناجێگیردایە، هەرچەندە خاوەنی ماڵو حاڵی خۆیەتی بەلاّم نەبونی سەنتەروبنکەی چارەسەری پێویست بۆ ئەو قوربانیانە بێباکیو خەمساردی کوردو حکومەتەکەیەتی دەرهەق بە ئەنفالو ئەو دۆسێی کۆمەڵ:وژیانەی لە کوردستان کەوتوونەتەوە. لەگەشتەکەی سەرەتای ساڵی ٢٠١١ ەمدا بۆ ناوچەی گەرمیانو گەرانم بەدوای ئەو کەسانەی تاکە دەربازبووی ئەنفالن لە شەوێکی درەنگ وەختدا بە سواری جێیێ:ی واز کە ئۆتۆمبیلێ:ی نەریتی ناوچەی گەرمیانە لەبەردەرگای ماڵی عەلی نامیق دابەزین.. پاشئەوەی بەخێرهاتنیان کردین کامیرام دابەستو دەستمانکرد بە گفتوگۆ..

**ئەگەر خۆت بناسێنیتو شوێنی نیشتەجێ بوونت لەسەروەختی ئەنفالدا ؟**

عەلی نامیق خەلکی گوندی عەلەیانی سەربەناخیێی تیللەکۆم.

**ئەوکاتەی ئەنفالت بیرە**

بەڵی باشم لەبیرە وەك ئێستا چونکە ئەوکاتە تەمەنم ٢٥ ساڵ بوو خۆشم هەرخوا نەجاتی دام

**چۆن**

ئەوکاتەی جەیشوجاش هاتنە دەوروبەری گوندەکەمان ئێمە لە عەلەیان بووین، بۆمباران بوو تەیارە بەئاسمانەوە سوڕی ئەخوارد ، ئیتر ئیمەش هەرزوو کەوتینە رێ ووتیان هێرشی ئەمجارە وەکو ئەوانەی تر نیە کەس ناهێلێ ئیترهاتینە خوارەوە بەرەو ملەسورەو میلقاسم، ئیمە لەگەڵ ئاژەڵدابووین باش بوو رێمان کەوتە لای جاشێك پیاوێ:ی باش بوو زۆر هاوکاری کردین، ئەگینا ئەگەر ئەونەبوایە ئێستا منیش وەکو ئەوان گۆر بزر دەبووم .



**چۆن هاوکاری کردن ؟**

ووتیان کاکە نەرۆن بەرەو کفریو کەلار چاوەروانبن هەتا دنیا تۆزیك درەنگ دەبێت خۆمان ئیشارەتان بۆ دەکەین بەشەو لێرەوە لەلای ئێمەوە برۆن هاوکاریتان دەکەین، ئیتر هاوکارییان کردینو ئیمەش گەیشتینە شارو ئاژەلەکانمان بە نیوە قیمەت فرۆشت.

**ئەی کێتان ئەنفالکراوە...؟**

بەس من دەرچووم دایکمو باوکمو خوشکەکانم هەموویان ئەنفالکراون.

**چەند کەستان ئەنفالکراون ؟**

چوار خوشکمو دایکمو دووبرامو دایکیشم شەهیدی سەنگەرە.

**دەتوانی ناوەکانیانم پێبلێیت ؟**

( دایکم رابیعە کاکەولاّ صالّح، خوشکەکانم مەلیحە مەوالیدی ٦٧ بوو، سۆیبە، پەرژین، قومری، براکانیشم شەریفو عومەر، ئەمانەم هەمووی ئەنفالەو تۆفیق براشم شەهیدی سەنگەرەو باوکیشم ئەنفالکرا شەش مانگ لەنوگرەسەلمان بوو، باش بوو ئەو هاتەوەو ئەوە سێ مانگە وەفاتی کردووە. ئەویش هەر بەرەزالەت هەر دوو چڵ ئێسقانمان بۆ هاتەوە بە حاڵ روحی تێدابوو.

**ئەی تۆفیقی برات کەی شەهیدبووە ..؟**

ئەویش هەرلەکاتی ئەنفالدا شەهید بوو ووتیان جەنازەکەی کەوتووەتە دەستی حکومەت.

**حەمە عەلی عالیانت دەناسی ؟**

ئـەی چـۆن نەمدەناسـی خزمیشـم بـوو، فـەقێرە لـەو کۆمەڵکوژییـە لەدەسـت عسـکەرەکان رزگـاری بـوو کەچی لێرە بەکارەساتێکی تر شەهید بوو،.

**ماڵی ئێوەش لەگەڵ ماڵی حەمەعەلی ڕۆیشتن..؟**

هەروەیەکـەوە بـوون بەمەکینـە ڕۆیشـتن بـۆ میلفاسـەمو مللەسـورە، ئـیتر وەك ڕۆژی حەشـرەوابوو کـەس ئاگـای لەکـەس نـەبوو. هـەر پـێ:ەوە بـوون هـەتا بردبویـانن بـۆ مەیـدانو ئـەوناوە ( مەبەسـتی لـە قـەڵای قۆرەتـووە لـە ناحیێی مەیدان)

**ئـیتر کـە تـۆ بەتـەنیا مایتـەوە ئاگـات لەدایکـوباوکـو خانەوادەکەت نەما ؟**

نـەوەڵا بەرەزالـەتێك ژیـام هەرمەپرسـە .. خـۆم شـاردەوە هەتا لێبوردنەکەی ٦ی ئەیلول.

**لە کوێ خۆت شاردەوە ؟**

لـە صـمود بـووین مەتارەیـەکم هەڵـدەگرتو دەچـووم لـەو جەوڵانـە خـۆم دەشـاردەوە، هـەتا شـەو جـاری واهـەبوو سـەعات ١٢ی شـەو ئەهاتینـەوە ئەوکاتـە پێشـمەرگەش ئەهاتنـە نـاو صـمود هـەین حزبـی شـیوعیو کـاك عوسـمانی حـاجی محمـود ئـەوانیش دەهـاتن .. ئـیتر خـۆم تسـلیم کـرد. کـە باوکیشـم هاتـەوە هەرەیەکـەوە ئەژیاینو باوکیشم هەرچاوەرانی کوشتی..؟

**ئەی ژنی نەهاوردەوە ؟**

نـەخێر نـەوەڵا هەرچـاوەروان بـوو پارەشمـان نـەبوو ژن بۆمن بێنێ ئیتر هەرووەیەکەوە ژیاین.

**لەکوێ ئەژیان ؟**

لە صمود ئەژیاین.. بەڵام وەرزالەت پێت نالیم .

**خانووتان هەبوو یان لەخانووی کریدا بوون..؟**

نـەوەڵا خانومـان لـە کـوێ بـوو ئەرزەیـە ڕەقوتـەقیان دایـەوە بـاوکم پێمـان نەئـەکریا وەخـانوو، لـەخانووی خەڵکدا بووین هاوکارییان ئەکردین.

**ئـەی باوکـت چـۆن لـە دایکـتو ئـەوان جیـاکرابووە مەبەستم ئەوەیە هەتا کوێ بەیەکەوە بوون..**

ووتـی هـەتا کـەرکوك بەیەکـەوە بـووین، ئـیتر کـە تسـکەرەکەیان لێـی سـەندبوو جیایـان کردبوونـەوە،ووتی خـەریکبوو دایکیشـت بنێرنـەلای ئێمـە بـەڵام خوشـکەکانت، تێـی ئـاڵان لێـی نەدەبوونـەوە ئـیتر ئەویشـیان خسـتەلای ئـەوان، ئیتریـەکتریان نەبینیەوەو کەسمان نەمان بینیەوە.

**ئـەی کـەس لـە حـزمو کـەس لەوانـەی لەنوگرەسـەلمان گەرانـەوەیان لـە هەرشـوێنێک سۆراخیان نەبوو..؟**

نـەوەڵا بـەڵام خزمێکمـان بـوو نـاوی سـولتانە ووتـی: ئـەو ڕۆژەی دایکتوئـەوانیان بـارکرد عسـکەرێك دای بەپێشـی سـەیارەکەیا ووتـی دەبـرێن تـازە دنیـا بەچـاوی خۆتان نایبیننەوە..

**لـە ٦ی ئـەیلول کـە تەسـلیم بوویتـەوە چـیان لێتاتکرد..؟**

ئـیتر بووینـە سـەرباز لـە ئـەبوغرێب بـووم دەورە سـایەقی دوایـی نـەقلیانکردین بـۆ خـان بنـی سەعدولەوێشـەوە بۆ دهۆك دوایی تسریح کراین .

**ئیتر لەساڵی ١٩٩٨ هاوسەرگیریم کرد.**

لەسـەرەتاوە باسـی ئـەوەت بـۆکردم کـە نەخۆشـیتو دەبـێ دەرزی بکریـت..

**نەخۆشیەکەت چیە ؟.**

مـن نەخۆشـی عصـابم هەیـە ئەگـەر دەرزییەکـە فریـام نەکەوێ تێك دەچم.

**کێ پێی ووتی ئەو نەخۆشییەت هەیە ؟**

دکتـۆر نـزار محمـد محمدئـەمین پرۆفیسـۆرە ئـەو ووتی، هەرئەویش ئەو دەرزیانەی بۆ نوسیوم.

**وتی: دەبێت ئەو دەرزیەبدەیت لەخۆت ؟**

ئـەرێوەڵا ووتـی: ئەگـەر ئەودەرزیـە نـەدەی لـەخۆت ئەیدەی بەشاخا ..

**دەرزیەکە بەچەند دەکریت ..؟**

هـەموو جـارێ بـە پێـنج هـەزار دینـار دەیکـرم، ئەجنەبیەکەشـی بـە هەشـت نـۆ هـەزارە ئێرانـیو عێراقیەکەشـی بـە دووسـێ هـەزارە . ئـەبێ هـەموو مانگێبیدەم لەخۆم ئەگینا ئەیدەم لەزەوی.

**چۆناهی دەیدەی لەزەوی ؟**

کەنەیدەم لەخۆم خەوم نامێنێ کە خەویشم نەما عەقڵم تێك دەچێت.

نانا کاک عەلی مادام هەستی پێدەکەیت عەقڵت تێک ناچێت شوکر عاقلیتو عەیبت نیە..

نەوەڵا تێك دەچم ( دەستی بۆ ژنەکەی راکێشا) ئەوە خۆشی .. ( هاوسەرەکەشی لەتەنیشتیەوە هەلیدایەو ووتی بەخوا وەزعێکمان هەیە بەدەستیەوە هەرمەپرسە هەمووجارێك دەرم دەکاو دەمنێرێتەوە بۆماڵی باوکم) .. عەلی درێژەی پێداو وتی: من چاوەکانیشم ئاوی سپیان هەیە.. چاویشم وا کوێر دەبێت. ئبۆ نەشتەرگەری پێویستم بەبری ٥٤ ملیون دینارهەیە.

ئاخر خۆت تەسلیم مەکە کەسێک ئەگەر نەخۆشیش نەبێت هەربەخۆی بلێت نەخۆش نەخۆش دەکەوێت، بە پێچەوانەوە بلێ هەرگیز نایێت نەخۆشی دەرەقەتی من بێت.

ئاخر بەدەست خۆم نیە .

بۆ بەدەست خۆت نیە ؟

وەلا ئەوە لە دەسەڵاتی خۆمانیە تێکدەچم تەواو.

زۆر بیردەکەیتەوە ؟

ئەرێوەڵا کە بیر لەخوشکەکانم دەکەمەوە خەریکە تێکدەچم، حوشکە بچوکەم زۆر یری لێدەکەمەوە قومری تەمەنی ١٠ ساڵان بوو، ئەوە خۆ ئەوان دەزانن چەندجوان بوون ..ئەرێوەڵا خەریکە تێك دەچم. خۆزگە خۆشم ئەنفال بویام بەس ئەو ئەنفال نەبوایە خەریکە شێت ئەبم.

ئەی دادگایی کردنو لە سیدارەدانی عەلی حەسەن مەجیدو سدامو تاوانبارانی ئەنفال کەمێک سەبوریيان نەدایتێ ..؟

با بەرێوەڵا زۆر دلخۆش بووم زۆرم پێخۆش بوو.. چۆن پێ/خۆش نەبوو. خۆزگە هەموویانیان دادگایی دەکردو ئەوانەی تریشیان سزا دەدا.

ئەم دیدارەت پێخۆشە یان حەزت نەدەکرد برینت بکولێنمەوە..؟

نەوەڵا زۆرزۆرم پێخۆشە حەزئەکەم گشت کەسێك هەموو دنیا بە ئەنفال بزانێ زۆر بەخێربێن ئەرێوەڵا زۆرم پێخۆشە.

خەز دەکەی ئەم دیدارەت بڵاو بێتەوە .

بەڵی حەزدەکەم بابڵاو ببێتەوە ژیانی منیش بخەنە بەرچاو حکومەتو خێرحوازان بەلکو کارێك بکەن بۆ چاووم خۆت دەزانی چاو عەزیزە حەزدەکەم حکومەتو خێرخوازان چارەسەرێك بۆ چاوم بدۆزنەوە چونکە خۆم ناتوانم پارەی زۆر گەرەکە.

عەلی ماوەی سێ چوار حیمایەی بەرپرسی یەکەمی ئیدارەی گەرمیان مەلاسەعید بووە، هەرچەندە گللەیی لێی نیە بەلاّم ئەو ئیدارەیە پارەو پولێکی زۆر بۆ کاری لاوەکی بەهەدەردەدات بەلاّم نەیانتوانیوە دۆسێی سەدان کەسی وەکو عەلی بکەن بە خەمی خۆیان. ئێستاش بەهۆی ئەو بارە دەرونییەیەوە هیچ کارێك ناکاتو تەنها بەموچەی ئەنفالکراوەکانی دەژیو دەلێت ئەگەر ئەوەنەبوایە تێکدەچووم‌و چاوەکانیشم لەدەست دەدا، هەروەکو دکتۆریش دەرونیو تەندروستی عەلی زۆرباشە، هەروەکو خۆشی دان بەو راستیەدادەنێ و دەلێت ئەوکاتانەی کاردەکەم بیرودەرونم ئارامترە. بۆیە ئەرگی حکومەتی هەرێمی کوردستانە تەنها بەبرینەوەی موچەیەك کەسوکاری ئەنفالکراوان‌و کیمیاباران فەراموش نەکات، چونکە ئەوان جگەلەبژێوی چەندین گرفتی کۆمەلاّیەتی قورسیان هەیە، عەلی یەکێکە لەو حالّەتانە.

# گللەییەك لە ئیدارەی گەرمیان

گەرمیان لەنیسانی سالّی ١٩٨٨ خاوەنی سەدان هەزارچیرۆکی شکست‌ومەقاومەتە، چیرۆکی دەیان هەزار پیاوی پالّەوان‌و ژنی ئازای ئەنفالکراوی تێدا بەجێماوە، بەرپرسی ئیدارەی گەرمیان، لەمەملەکەتی ئەنفالکراوەکاندا رۆلّی پارێزگار دەبینێ، ئەفسووس ئەوئیدارەیە بێ بیرلێکردنەوەو پلاندانان هەتا ئێستا شەقامێك، باخچەیەك‌وقوتابخانەیەکی بەناوی (ئەنفالکراوێکەوە ناونەناوە) کەچی هەریەلۆجێکی (گلّی دوردەرمانە) لەشاری کفری شەقامێك‌و لەرزگاریش باخچەیەکی بەناوی برا قژ زەردو چاوشینەکانەوە ناوە.. بێگومان بەرێزان " هاریڤان بۆمەلّ‌و کریستیان" شایانی ئەوەن بەرێزەوە تەماشابکرێن.. بەلاّم کورد دەلێت: (هەتا مالّ پێویستی بێت بەمزگەوت حەرامە) باواز لەوەش بهێنین ئەو ناوانە بۆچی پێشنیارکراون‌وچۆنکراون..؟!! بەلاّم هەربەراستی مادام مەسەلەکە ئەنفالە دەربازبوویەکی گۆڕی بەکۆمەلّ (حەمە عەلی عالیان) لەپێشتر بوو، یان هاری ڤان بۆمەل ..؟ بۆشێخ حسێنی هەزارکانی لەپێشتربوو یان، بۆستیڤان ..؟

شیخ حسێن ئەوپیاوەی لەئەنفالدا عەرشی صدامی گچکەکردەوەوقسەی ئەوی رەتکردەوە کە بەفەرمانی صدام ئازاد کرابوو کەچی ووتی: هەتا ئەو قەومەم لە قۆرەتوو بەرنەدەن من بەتەنها ناچمە دەرەوە) چ عەیبێکی گەورەیە بۆ ئیدارەی گەرمیان هەتا ئێستا شەقامێك لەشارەکانی بەناوی ١٤/٤/ ەوە ناونەنراون ..؟! پێموایە ئیتر وەختی ئەوە هاتوە ئەم لۆجیکی خۆبەکەمگرتنە کۆتایی پێبێت .. بائەمەش وەکو تورەکەی کەلاری لێنەیات .. کە لەتوری هەموو جیهان پاکترو ئاودارتروبەسودترە کەچی لەئێرانەوە تورمان بۆ دەهێنن.. هیوادارم ئەو تێگەیشتنە چەوتە بخرێتە لاوە، چونکە بەدلنیاییەوە هەرچی چاوی شین بوو، قژی زەردبوو لە ئێمە بەتواناترو پرۆفیشنالّتر نیە.. بەتایبەتی لەسەر دۆسێی ئەنفال هاری‌وکریستا هەردووکیان مرۆڤی چاکن‌و شایانی رێزن بەلاّم پێموایە شێخ حسێنی هەزارکانی‌و حەمەعەلی عەلەیان‌و ئەنفالکراوانی گەرمیان لە پێشترن بۆ رێزلێنان. بەهیوام ئەمە ببێتە پرۆژەیەك‌و هەریەکەیان پەیکەرێکیان بۆبکرێت لەسنوری ئەو ئیدارەیەدا.

ڕێنمایی کردووە کە کاربکات، چونکە بۆ باری

## جومعە کەریم محەمەد:

### ئەوکاتەی چالآکانم بینی قسەی شێخ ئەلعەشیرەکەم بیرکەوتەوە کە ووتی بەشەو لەلای گۆڕەکان ئیش بکەن.

جومعە کەریم محمد دانیشتووی شاری دوزخورماتووە، ئێستا مامۆستای بەشی هونەری شێوەکاریە لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی شاری کفری، ئەوکاتەی تیمێك چووینە شاری کفری ئێوارەیەك بەرێکەوت مامۆستا جومعەم ناسی دوای ئەوەی کەوتینە گفتوگۆ لەسەر تاوانەکانی ئەنفال ئەو وتی: من تۆ دەناسم و گۆڤاری ئەنفالستانم خوێندووەتەوە، لەناو باسەکماندا باسی لە دۆزینەوەی ئەو گۆڕەکرد کە خۆی دۆزیویتیەوە، ئەو کاتەی لە سالآنی ١٩٩٤ -١٩٩٥ خوێندکاری زانکۆبوو، لە بەغدا هاوینان بۆ پەیداکردنی بژێوی خۆی پێویستی بەوە بوو کارێك بکات هەتا خەرجی خوێندنەکەی دەستەبەر بکات، مامۆستا جومعە لە پشووی هاوینی سالی ١٩٩٤-١٩٩٥ دا بووەتە سایەقی دەراسە، لە کێلگە کشتوکاڵیەکانی ناوچەی تکریت، لەبەر ئەوەی مالی مامی شەریکی کابرایەکی عەرەبوون لە کرینی دەراسەیەکدا، لەو ماوەیەدا هەستی کردووە کە ئەو ناوچەیەی دروێنەی تێدا دەکات چالی نامۆ دەبینێت. دوای بە دواداچوون بۆی دەرکەوتووە کە ئەو شوێنە گۆڕی بەکۆمەڵی تێدایە، جومعەش کە وەك هەرکەسێکی دوزخورماتوو کەس‌وکاری ئەنفالکراوەو هەتا ئەوکاتەش بێسەروشوێن بوون، دەکەوێتە پرسیارکردن هەتا دەگاتە دڵنیایی . ئێمە بۆ ئەوەی چۆنێتی دۆزینەوەی ئەو گۆڕانە بزانین ئەم دیدارەمان لەگەڵدا سازکرد.

**ئەگەر خۆت بناسێنیت ؟**

جومعە محمد کەریم ، خەلکی شاری دوزخورماتووم و ئێستا مامۆستای بەشی هونەری شێوەکاریم لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کفری.



**ئەگەر باسی دۆزینەوەی ئەو گۆڕە بەکۆمەڵەی پارێزگای تکریت.**

من لەسالی ١٩٩٥ خوێندکاری زانکۆبووم پێ‌یستم بەوە بوو هاوینان کارێك بکەم، مالی مام دەراسەیەکیان هەبوو شەریکبوون لەگەل کابرایەکی عەرەبی تکریتیدا، سەربەعەشیرەتی عوبید بوون بەناوی شێخ تالیب، من ئەو هاوینە چووم بووم بەسایەقی دەراسە لە ناوچەی تکریت، لەپێشەوە لە خۆراوای دوز ئیشمان دەکرد، کە ئیشی دروێنەی مالی شێخ تالیبمان تەواو کرد چووینە شوێنێکی تر، لەدەشتی حمرین لەسەر رێگای تکریت، لە حمرین چووینە خوارەوە ئەوناوەش باش شارەزاین، بەدەستی راستدا لامانەدا دوومال بوون کە دروێنەمان بۆ دەکردن یەکێك کەوتبووە خوارەوە مالی عەرەب عادەتیان وایە کەمێك دوورەدەبن لەیەکتری، ئەوانیش هەر عوبیدی بوون مالی یەکەم شێخ زاری بوو، ئەوی تریانم بیرنایەت، ئەوان دەرەویان هەبوو، رۆژێك کاتی نانخواردنی نیوەڕۆبوو باوکی و کوڕەکانی پێکەوە قسەیان دەکرد، منیش عەرەبیم باش دەزانی باوکیان ووتی: ئەو پارچە با ئێستا دەرەوبکەن ئەو پارچەیەی لای قەبرەکان با شەودەرەوی تێدابکەن، منیش ئاسایی ئەو قسەیەم وەرگرت، (الزرع یم الگبور) ئاوای ووت. بەهەرحال ووتی شەو ئەوەی لای قەبرەکان بدورنەوە .

**ئەوان تۆیان باش دەناسیو دەشیان زانی لەعەرەبی تێدەگەی ؟**

بەلێ دەیانزانی .. بەلآم من لەوە کەوتمە گومانەوە کە عەرەب قەبرستانی نیە وەك لای ئێمە ئەوش بەلای

منــەوە كێشــەیەك نــەبوو لــەكوێ شــەو ئــیش دەكــەمو لــەكوێ بــەڕۆژ ئێــوارە داهــات چــووم بــۆلای دەراســەكە چــونكە مــن بشــەوان ئیشــم دەكــرد دووشــەفت بــووین، ئــیتر ئێــوارە داهــات یــەكێكیان لەگــەڵما هــات ســواربووین ڕۆیشــتینە ســەر كیلگەكــە خــۆت دەزانــی بشــەویش حوگرافیانانســیتەوە بــس ئــەوەم زانــی بەرزاییــەك بــوو چــومە خــوارەوە ئــیتر نــەجادەی گشــتیم لێــوە دیــاربوو نەماڵــەكانیش ، ئــەوەی كــە لەگەڵمــدا ســواربوو فریــەك بــەدەوری خەلەكــەدا ســواربوو ئــیتر دابــەزی وتــی: ئــیتر ئیشــبكە، ئیتر ئــەو شــەوە مــاوەمــاوە هەســتم دەكــرد دەراســەكە دەكەوتــە چــاڵییەكەوەو دەهاتــــەوە دەرەوە چــــاڵیكەش ئەوەنــدەنــــەبوو هــــەروا بیســــت مــــەتریك بــــەلام جۆربــــوون ئــــیتر كــــە ڕۆژبــــووەوە شــــەفتی مــــن تــــەواو بــــوو چــــوم ووتم بــزانم ئــەم چــالانە چــی بــوون واشــەو دەراســەكەم تێــی دەكــەوت، كــە چــوومە شــوێنەكە هەســتم كــرد زەویــك دابــەزیووەو هــی ئــاودریش نیــە ئــیتر كســەیرم كــرد چــەند دۆلێــك ئــەو چــالانەی زۆر تێــدابوو، بــەوەش كەوتمــە گومانــەوە كــە ئەوچــالانە كــراون بــەهۆی بارانــەوە گڵــەكانی ســەریان دابــەزیوون، ئــیتر چــوومە دۆلێكــی ئــەودیوتر چــاڵیكم بینــی پــڕ نــە كرابــووەوە دانپۆشــرابوو بــەلام بــەهۆی بارانــەوە گڵــی قەراغــەكانی دابەزیبوونــە نــاو چــاڵەكەوە كــە چــوومە نــاوی هــەروا بقــەدەد پشــتێنی زەلامێــك قــوڵی مــابوو، ئــیتر زۆر هێنــاوم بــردم.. لەبەرئــەوەی هێشــتا لەچــاوەڕوانی ئەنفالــدابووین و خــزمو كــەسمان ئــەنفال بــوو شــكم بــۆ گــۆڕی ئــەنفالكراوەكان چــوو، بەتایبــەتی كــە قســەی كــابرم بیركەوتــەوە ووتــی: ( بالیــل خلــی یــم الگبــور) ئــیتر چــوومە نــاو ئــەوەی كــە بــان نــەدرابوو ووتم بــزانم پیوانەیــەكی بكــەم درێژیەكــەی ١٢ پــێ بــوو بــەنیوەی بــالای زەلامێكــیش قــوڵی مــابوو، ئــەوی تــری بــە بــاران و داخزانــی خــۆڵ پڕبــووەوە، دیــارە دوای ئەوەی ٥ ساڵ باران لێی دابوو كۆن ببوو.

**دیارە ئەو چاڵە كەسی تێنەكراوە ؟**

بــەڵی بەدڵنیاییــەوە كەســی تێنــەكرابوو هەربۆیــە نــایش نــەدرابووەوە. بــۆ بــەیانی بــۆ هاوكارەكــانم باســكرد، لێیــان ئــەمین بــووم ئــەوانیش خزمــی خــۆم بــوون، ووتم ئــەو حاڵەتــەم بینیــوە، ئــیتر بۆبەیانیەكــەی لەماڵەكــەمان پرســی كــە درووێنــەمان بــۆ دەكــردن، كــابرا بزەیــەكی لێــوە هــات ووتــی: هــیچ نیــە لێــی مەپرســن، ئــەوە هــی




خۆمانــــە زۆر هەوڵمانــــدا كــــابرا شــــێخ زاری هیچــــی پێنــەگوتین، زۆر ئەترســا بــەلام كــورێكی گــەنجیان هــەبوو ئــیتر مــن وازم نــەهێنا لەكورەكــەیم پرســی وتــی: بەشــەرتێك ناومــان نــەهێنن ووتم ئێباشــە خۆتــان دەزانــن ئێمــە كــوردین و بەعســی نــین چیــە پێمــان بلــێن مــەمنون دەبین.

**ناوی كورەكەت بیرنیە ..؟**

نــەوەڵاهی نــاوی كورەكــەم بیرنــەماوە بــەلام ماڵەكــە دەزانم لەكوێدایــەو شــوێنی گۆڕەكــانیش دەزانم بــەم نیوشــەوە بچین یەكسەر دەتوانم بچینە ماڵەكە. ئێمــە نەماندەویســـت هـــیچ لـــەبارەی ئەنفالـــەوە بلێیندەمانویســـت ئـــەو بلێـــت، ووتم ئەمـــە هـــی كەیـــە ووتـــی: هـــی پێـــنج ســـاڵ پـــێش ئێســـتایە ووتـــان چـــۆن بـــووە ئەمـــە ووتـــی ئـــەوە عســـكرییە هـــاتووە لـــەم نـــاوە یـــەك دوو ڕۆژ حمایــەو رەبایــەی دانــاوەو حــەفارەیان هێنــاوەو

چالّیانکردووەو ئێمەش شوانمان هەیشوانەکانیان تبلیغ کردبوو بەو ناوەدا نەچن.. ئیتر هەرچی شوان هەیە پێیانیان ووتبوو ئیتر لەم ناوچەیە مەڕ نەلەوەڕێنن دوربکەونەوە، نزیکەی سێ رۆژ لەو




ناوەمانەوە حەفارە ئیشی دەکردو سەیارەیەکیش خواردنو شتی بۆیان دەهێنا ئیتر دوای ئەوە هەموویان رۆیشتن بەلاّم ئێمەیان ئاگادار کردەوە کەکەس نەچێت بەوناوەدا لەبەرئەوەی مەوادی کیمیاویو شتی خراپ لەوناوەدا دەشارینەوە توشی زەرەر دەبن، ئێمەش ترساین بەلاّم هەرچووین ووتمان بزانین چییە، هیواش هیواش قەراغمان دەگرتو نزیک دەبووینەوە کە بینیمان چالّی زۆریان کردبوو بەلاّم نەماندەزانی بۆچییە چالّەکانیش زۆر بوون، ئەوکورە ووتی یەکێکمان چووەتە ناو چالّێکیان نەیتوانیوە دەرچێت هاوریێەی دەستی بۆ درێژکردبوو ئینجا دەرچووبوو.

**ئەی نەیوت دوای چەند رۆژ ئەنفالکراوەکانیان بۆ هێنابوو ؟**

با ووتی دوای ١٥ رۆژ هاتنەوە هەرچی لەوناوە بوو دەریانیان کردبوو، ئەمجارە هەرەشەشیان لێمان کرد شوانێك لەوناوەدا بوو نزیکی چالّەکان گرتبوویان لێیاندابوو، بردبوشیان بەلاّم نازانم بەربوویان نا. بەلاّم کە هاتبوونەوە ئەمجارە لە جیاتی حەفارە شۆفلّیان پێبوو، حیمیایەو سەیارەی زۆری ئیستخبارات ئەمجارەسوپاش نەبوون ئیستخبارات بوون، ئەوانە بەس بەشەو هاتوو چۆیان دەکرد ئەوانیش نزیکەی ١٥ شەومابوونەوە .. ئەو کورە ووتی: ئیتر لەنێوان ئەو ١٥ شەوەدا بەردەوام سەیارەی مقەبەت ( سەرداپۆشراو) هاتوو چۆیان دەکرد سەیارەکان وەکو ئیسعاف وابوون بەلاّم درێژ بوون، سەرداپۆشراوبوون بە چینکۆ نەك بەچەتر ئیتر شەوی وا هەبوو ١٥ سەیارە لەوانە دەهات شەوی واهەبوو ٦-٧ سەیارە دەهاتنو دەگەرانەوە.. ئیتر ئەمە بەشەو بەرۆژیش هیچ حموحۆلّ نەبوو تەنها حیمایە هەبوو لەبان بەرزیەکان، دوای ئەو ماوەیە رۆژێك گەرانەوەو عەینەن پێشوو تەبلیغیانکردینەوە نەچین بەوناوەدا شتی خراپوخەتری لێییە، بەلاّم ئیمەش هەروەکو جاری پێشوو بە پارێزەوە چوینەوە شوێنەکە. هەرچەندە زۆریش بایەخمان بەوە نەدەدا چوزانین عەسکەرییەو هاتووە.

**ئەی نەتان پرسی چ وەرزێک بووە ..؟**

با پرسیمان ووتی کاتی درەو جۆ بوو واتە بەهارێکی درەنگ.

**ئیتر ئێوە گەیشتنە ئەنجامێک لەسەر قسەکانی ئەو کورە یان زیاترتان دەویست ..؟**

ئیمە لەگەلّ ئامۆزاکانمانو خزمەکانمان گەیشتینە ئەو قەناعەتەی ئەوە تەرمی ئەنفالکراوەکانە.

**بۆچی ئەوان هیچ ئاماژەیەکیان لەسەر ئەنفالدا؟**

نا ئەوان هیچیان نەدەزانی کێ بوون و چەند کەس بوون، بەڵام ئەوەیان ووت کە دوایی مەرومالاتیان بردووەتە شوێنەکە کەل‌وپەل و جلی کوردیان بینیووە بۆ نمونە باسی شەروالی سپیان کرد .. (مەبەست لە سپی جلی بۆرە ). بەتایبەتی جلی پیاویان بینیبوو.

**دوای ئەوە چیتان کرد ..؟**

ئیتر ئێمە لەدوزیش لەلای کەس قسەمان نەکرد .. خزم و کەسمان هەبوو لەوانە کاك وەهاب، لەلای پێشمەرگە کۆمیتەی دوز ئەوکاتە بارەگایان لە کفری بوو، هەستام کردمە راپۆرتێك و بە نەخشەوە ناردم بۆیان و ووتم ئەوان خۆیان چیدەکەن با سەرپشك بن.

**چۆن نەخشەکەت کرد ؟**

من خۆم شێوەکاربووم، کارێکی قورس نەبوو بۆم..

**ئێستا دەتوانی ئەو نەخشەیە بۆ منیش بکەیت ؟**

بەڵێ دەتوانم، ئەو کاتەش هەربە قەڵەم و وەدەستی خۆم ئەو نەخشەیەم کرد.

لە ساڵی ٢٠٠٣ یش جارێکی تر کردمانە راپۆرتێك و دامانە مەڵبەندی ١٦ی خەمرین..

**کەواتە ئەو گۆڕەی ئێستا لەلای دوزخورماتوو دۆزراوەتەوە کاك وەهاب و ئەوان چوون هەڵیاندایەوە هەر ئەوەیە ..؟**

بەڵێ پێموایە هەر ئەوەیە .

# بێرێزی

رۆژێك بەرێکەوت گرتەیەکی ڤیدیۆیی ناومۆبایلیان پیشاندام، کە وێنەی کیسەڵێکە، بە بەدەنگی کەسێك لاسایی ژنێکی ئەنفالکراوی گەرمیانی دەکاتەوە کە چۆن لەگوندەکەی خۆیانەوە ئەنفالکراون و براون بۆ تۆپزاواو نوگرەسەلمان و کورەکان و کچەکانیان لێسەندووەو پەتپەتێنی زۆریان پێکراوە..!! بێگومان لەوساتەوە هەتا ئێستاو بۆ دواتریش بەدوای ئەوکەسە بێ باکەدا دەگەڕێم کە بە هەستێکی لاوازو عەقلێکی وێرانەوە چێژ لە لاسایی کردنەوەی ئەو قوربانیانە دەبینێ و قەشمەرییان پێدەکات، تا بزانم کێیەو بەچ مافێك بێرێزی بە قوربانیانی تاوانێك دەکات. کە بە تاوانی سەدەی بیستەم ناسراوە..؟!

تکایە هاوکاربن لە دۆزینەوەی ئەوکەسەدا تا بتوانین لە رێگەی دادگاوە سزای خۆی وەربگرێ..

ئەفسوس .. ئەگەر رژێمی بەعس وەدەوڵەتی عێراق ئەنفالکراوەکانی کۆمەڵکوژو زیندەبەچاڵکرد و ژیانی کەسوکارەکانیانی خستبێتە دۆزەخەوە.ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ژیانی بۆ نەکردن بەبەهەشت، بۆیە خەڵکانێکی نەفس نزم لە بری هاوکاری کردنیان چێژ لەلاسایی کردنەوەیان دەبینن .

**گۆڤاری ئەنفالستان**

**نعمان حەمەئەمین :**

## کورەکانم بەناوی براکانمەوە ناو ناوەتەوە بۆ ئەوەی هەرگیز ئەنفالم لەبیر نەچێتەوە.



نوعمان سالی ١٩٧٨لە دایکبووە ئەم کورەش وەك زۆربەی منداڵەکانی گەرمیان پاشئەوەی دایکیو خوشکەکانی ئەنفالکراون لەگەڵ برایەکی تریدا سەرگەردان بووەو کاتێك هەستیان بە مەترسیو بێکەسی خۆیان کردووە بەمەبەستی ئەوەی خۆیان

هەتا ئێستا نعمان گرێیەکی لەدڵدایەو پێناچێت هەرگیز بکرێتەوە ئەویش ئەوەیە کە ماوەی دوومانگ بوو لەدایكوباوکی دابرابوو بەهۆی ئاژەڵدارییەوە چوو بوو بۆماڵی باوای " باپیرە"ی

**نوعمان یەکێك بوو لەو کەسانەی گەرەکم بوو دیداری لەگەڵدا سازبکەم، چونکە لە روخساریدا زۆر شتم دەخوێندەوە، بەڵام بەداخەوە خۆی نەدەدایە دەستەوە، هۆکارەکەشی ئەوەبوو نەیدەتوانی لەبەرامبەر کامێرا قسەبکاتو خۆشی پێی لەو راستیەدەناو دەیگوت ئەگەر ئەو کامێرایە لابدەی حەزدەکەی هەتا بەیانی ئەم کاتە قسەت بۆدەکەم، هەربۆیە ئەم دیدارەی نوعمان تایبەتمەندی خۆی هەیەو کاتێك خەریکی نا نخواردن بووین بێ ئەوەی ئەو هەستبکات کامێرام دابەستو بە پارێز بەدەم نا نخواردنو چاخواردنەوە کەوتینە گفتوگۆو لەگەڵ تێربوونمان دیدارەکەش کۆتایی هات.. هۆکاری ئەوەشی دەگێرایەوە بۆئەوەی هەتا ئێستا کەس نەچووە لەوبارەیەوە قسەی لەگەڵدابکات هەتا شەرمی بشکێو چاوی بکرێتەوە. ئەو بەنیگەرانیەوە تەماشای ئەرکی رۆژنامەنوسانی دەکرد، ووتی: بەتایبەتی حزبو رۆژنامەنوسەکانی هەربەجارێك ئیمەیان فەرامۆش کردووە، خەڵك هەیە چەقۆکەی ئەهێنا بەلەپی دەستیاو تیژی دەکردەوەو بێشەرمانە ئەیگوت کەسوکاری پێشمەرگەی پێسەردەبڕم، ئێستەش بێشەرمانە خۆی خستووەتە پێشەوەو خەڵکی وەکو من دەبێت بچێت واسیتەی پێبکات، بەڵام هەرگیز ناچمەلایان خۆ نامرم لەبرسا ئەوەی لەو جۆرە خەڵکانە دەستم بکەوێت نامەوێ بەدەست خۆم نیە ..؟**

بژێنن هەرچەندە تەمەنیشیان منداڵبووە، بەڵام ناچاری پاڵی پێوەناون تا بۆ ماوەیەکی زۆر بڕۆن بۆ ناوچە عەرەب نشینەکەی لای جەبارەو لەگەڵ باکەیدا پێکەوە بووەنەتە شوانی عەرەبە عەشائیرەکانی بەیاد ، نعمان سێ برای بەناوەکانی ( گۆرانو کاروانو سۆران)و خوشکەکانیشی (نەجیبەو حەسیبە)و دایکی ئەنفالکراونو حەمەئەمینی باوکیشی توانیوێتی خۆی بگەیەنێتە لای موستەشارە فریادرەسەکەی ناوچەی گەرمیان (سەعید حەمەغەریبی جاف)، هەتا وەکو زۆرکەسی تر لەلای خۆی داڵدەی بداتو لەمەرگی بەکۆمەڵی ئەنفال رزگاری بێت،

لەوێ خەریکی شوانی بوو، کە پەلامارەکانی ئەنفالیش گەیشتە ناوچەکەیان ئیتر ئەوەبووە دابرانی یەکجاریو دایكوخوشكوبراکانی ئەنفالکرانو ئێستاشی لەگەڵدابێ سۆراخیان نەبوو ئەمیش ماوەیەکی زۆر لەگەڵ براکەیدا سەرگەردانو ئاوارەی ناوچەعەرەب نشینەکە بوو، ئیتر هەر ئەو رۆیشتنە بوو چاوی بەدایكو خوشكو براکانی نەکەوتەوە، ئەنفال پەتپەتێنی زۆری پێکردووەو هەتا ئێستاش کایگەرییەکی زۆر قوڵی لەناخی نعماندا بەجێهێشتووە، ئەو پاشئەوەی تەمەنی منداڵی بەشوانی مەرومالاتی عەرەبەکانو شاگرد فیتەریو

بێکەسی و مەینەتی بەسەربرد دواجار توانیوتی بەسەر کۆسپەکانی بەردەمیدا سەربکەوێت و هاوسەر گیری بکات، لەناو ئەوتراژیدیایەی ئەنفالدا سەروەرییەکی گەورەی بۆماوەتەوە ئەویش ئەوەیە ئەوتاوانە نەیکردووە بەدرندە، بەڵکو سەرباری نەخوێندەواریشی هەستێکی مرۆڤانەی زۆری پێبەخشیوە، نعمان دەڵێت : هەرگیز ناچم بۆ پرسەو سەرەخۆشی هیچ جاش و موستەشارێك بۆئەوەی ویژدانی خۆم نارەحەت نەکەم، مەگەر سەعید جاف ئەویش لەبەرئەوەنا کەباوکمی رزگارکردووە لەبەرئەوەی هەرلەم دێیەی ئێمە نزیکەی ٨- ٩ کەسی رزگارکردووە، ئەو حسابی لای ئێمە جیاوازە، لەوەش جوانتر ئەوەیە کە ووتی: کورەکانم بەناوی براکانمەوە ناوە ئەگەر هاریش بکەن بەهیچ جۆرێك دەستم ناچێتە کورەکانم زللەیەکیان لێبدەم چونکە جارێکیان کورەکەم توورەی کردم ویستم زللەیەکی لێبدەم یەکسەر گۆرانی برام بیرکەوتەوەو دەستم لێی گێرایەوە. بۆیەش بەناو ئەوانەوە ناوم ناونەتەوە بۆ ئەوەی قەت ئەنفالم بیرنەچێت.

نوعمان زۆر بەبرپرسیارانە رەفتار دەکات سەرباری شەرمنیەکەشی بەڵام بەوردی بیر لەرابوردوو دەکاتەوە ئەمەش کاتێك دەرکەوت کە ووتی: ( وەرە هەموو کەس‌وکارت خوشك‌وبراو دایکت ئەنفال بێت باوکیشم ناچاربوو لەلای موستەشارێك خۆی پەنابدات‌و خۆشمان بووینە شوانی عەرەب بەپارەیەکی زۆر کەم ئێمە خواخوامان بوو نانمان بدەنێ‌و بژین بەپارەیەکی زۆر زۆرکەم شوانیمان دەکرد ..!! زۆر ناخۆش بوو ئەوە لە گێرانەوە نایات .. کاتێکیش دادام (نەنك)م بەناوی سەوسەن لە نوگرسەلمان بەربوو زۆردڵناخۆش بوو، ووتمان ئەوانی تریش بەردەبن بەڵام سۆراخیان نەبوو ئیتر ئێمەش وازمان لەشوانی عەرەب هێناو هاتین لەگەڵ دادام خانویەکمان گرت‌و پێکەوە دەژیاین. ئیتر بومە شاگرد فیتەر رۆژی بە ٣ دینار خواخوای ئەوەبوین سایەقێك دیناریکمان پێبدا .. نوعمان سەرباری ئەوەی کاسبی دەکات‌و لەژیانی خۆشی رازیە بەڵام راستیەکەی ئەوەیە کە هێشتا ژیانی باش بەرێوەناچێت چونکە داهاتێکی کەمی دەست دەکەوێ‌و خاوەنی ژن‌و ٣ منداڵەو ئەو موچەیەشی لە وەزارەتی شەهیدو ئەنفال وەری دەگرن بەشێکی کەمی بەردەکەوێ، باوکی هێشتا لەژیاندایەولەدوای دایکی نوعمان دووژنی تری هێناوەتەوە.

نوعمان دەیەوێت هەموو جاشەکان‌و ئەوانەی بەشداری ئەنفالیان کردووە دادگایی بکرێن‌و ئەوەی خراپەی کردووە سزای خۆی وەربگرێت، بەڵای ئەوە دادگایی کردنی صدام‌و عەلی حسەن مەجید چێژێکی زۆریان هەبووە‌و ئاسوودەیی زۆری پێبەخشیوە. چونکە ئەوەی ئەوان کردیان نابێت لەبیر بچێتەوە برا ئەوەی ئەوان کردوویانە کفرە خۆ هەموو کەس خوا دەیکوژێت بەڵام ئەنفالکراوەکان خوا نەیکوشتن، ئەو تاوانبارانە کوشتنیان ئەگەر خوا بیکوشتنایە کفنیان بە نسیب دەبوو.. بۆیە هەقوایە ئیتر دادگایی بکرێن‌و کێ تاوانبارە سزای خۆی وەرگرێ.



# سالّح هەلاج
# ئەو پیاوەی منداڵوشیعرەکانی پێکەوە ئەنفالکران.

سالّح عەزەددین فارس بە(سالّح هەلاج) ناسراوە، ساڵی ١٩٥٤ لەگوندی عەلیانی ناحێی تیلەکۆلـەدایکبووە، لـەخێزانێکی قەرەباغـدا هاتووەتە دنیاوە پێنج براودووخوشك، ئەم پیاوە سەرباری ئەوەی ئەنفال گورزی کەمەرشکێنی لێداوە بـەڵام هێشـتا قسەخۆشوهەمیشـە دەم بەپێکەنینە ، بەپێی زانیاریەکانی ئەنفالستان کە یادی ئەنفال نزیکدەبێتەوە پتر لەهەرکاتێکی تر هەموو هەستەوەرەکانی دەکەونـە سەرئاگرولەرۆژی ١٤/٤ دا قوڵپ دەدەن.

مەینەتیەکانی هەلاج لە سەروەختی ئەنفالەوە دەست پێناکەن بەڵکو لەوساتەوەختەدا دەگەنـە لوتکـەی غەدروسـتمەکاری، ئەوهێشـتا تەمەنی سێ ساڵان بووکەباوکی بووەتە پێشمەرگەوخانەوادەگەیان پەنایان بـردە بەرگونـدە ئازادکراوەکـان، سـاڵی ١٩٦٦ بەشـێوەیەکی پچرپچڕ لە قوتابخانەی شەوانە خوێندوویەتی، ساڵی ١٩٧٣ دوورخراوەتەوە بـۆ پارێزگـای بصـرە تـا سـەرەتای سـاڵی ١٩٧٦ سـەرەتای ئاشنابوونی بەجیهانی ئەدەب لەناوکتێبە کۆنەکانی باوکیەوە دەستی پێکردوە.

ساڵی ١٩٨٠ بۆتە پێشمەرگە لەهەرێمی پێنجی قەرەداغ، لەمانگی ١٠ساڵی( ١٩٨٧) گوندی (کـانی عوبیـد)ی گـەرمیان لەلایـەن فرۆکەکانی ڕژێمی عێراقەوە بۆردومان دەکرێ‌ودایکیو برایەکی بەو بۆمبارانە شەهید بوون.

سالح هەلاج لەپەلاماری ئەنفالی گەرمیاندا هاوسەرەکەی‌وحەوت منداڵی ئەنفالکراون‌وهەتا ئێـستاش گـۆڕبزرن، جگـە لەحانەوادەکـەی شیعرەکانیشی ئەنفالکران، کەزیاتر لە (٤٥٠) شیعری کورت‌ودرێژی لەگەڵ کۆمـەڵێ دەستنووسـی لەکتێبخانەکەیدا ئـەنفالکران، ئەوەش بەتەنیشت منداڵەچاوگەشەکانیەوە هێشتامایەی خـەمێکی گەورەیـە بۆئـەوپیاوە هەستناسـکە. لەدیـدارێکی کورتـدا ووتـی: لەپرسەیەك جاشێکم بینی کەزانی من خەڵکی عەلـەیانم ئـەو بەگەمژەیـەتی خـۆی دەنـازیو وتـی: مامۆسـتا لەجاشـێتیدا چـووینە عەلەیان کتێبخانەیەکی زۆر گەورەی تێدابوو هەموویم گڕدا.. ئای گەمژەیی .. چیت بەم میللەتە کرد..

ئەگەرچی ئەنفال، شیعرومنداڵەکانی لێسەند بـەڵام هـەرگیز نەیتوانی قەڵەمەکەی سالح هـەلاج زەوت بکـات، ئـەو هـەتا ئێستاش شیعر دەنوسێ‌وئەم کتێبانەشی چاپکراوە:

١- لێك دابڕان (شیعر). ٢٠٠٨

٢- گوڵبژێرێك لەمێژووی شیعروشاعیرانی گەرمیان : ٢٠٠٨

٣- دیـوانی عەبـداڵ : بەهاویەشـی لـە گـەڵ ( هـەردەوێڵ کاکەیی) چاپکراوە: ٢٠٠٩

٤- پەیکی خەمـەکانی ئێـوەم: کۆمەڵـە شـیعری ژنەشـاعیری گەرمیان( نەمام عەبدوڵلا): ٢٠٠٩

٥- بۆنی کەنیرەی سیروان دێ (شیعر: ٢٠١٠

٦- دیوانی فەقێ مام سمایلی زەنگەنە: ٢٠١٠

٧- پیـاوێـك گـرەو لـە نـەمری دەباتـەوە. میهرەجـانی مـەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس:٢٠١٠

ئەم بەرهەمانەی ئامادەی چاپن:

١- چەردەیەك لە مێژووی ناوچەی گەرمیان:

٢- ئەلبوومی گەرمیان:

※ ئەنـدامی سـەندیکای ڕۆژنامـە نوسـانی کوردسـتان و کۆنفدراسیۆنی ڕۆژنامە نوسانی جیهانە:

※ئەندامی ئەنجومەنی باڵای گۆڤاری بانە ڕۆژ):

هاوکارێکی بەردەوامی ساڵنامەی ئەنفالستانە .

لەزۆربـەی ڕۆژنامەوگۆڤارەکوردیەکانـدا بابـەتی ڕۆژنامـەوانی بلاوکردۆتەوە.

عەزیز جەبار عەبدوڵا :

# ئەو کەسەی براکانمی دایە دەست بەعسەوە ئێستا پێشمەرگەی پارتیە لەهەولێر .

ئەو شەوە باراناویەی گەیشتمەوە ناحیێی رزگاری تەنها بەنیازی دیدارێك بووم لەگەڵ کاوەی تاقە بەجیماوی ئەنفال، بەڵام کە گیشتینە ماڵی کاك کاوە کۆمەلێك گەنجی تر دانیشتبوون، هەر کەسەری قسەمان دامەزراند لەو کۆڕی دانیشتنەدا دەرکەوت هەموویان کسوکاری ئەنفالو لەناویاندا سێ کەسیان تاکە دەربازبوونو هەمان مەینەتی کاوەیان بینیوە، عەزیز جەبار یەکێك بوو لەمیوانەکانی ماڵی کاوەی بەئەنفال داخبوو، هەرکە دەمی هەڵهێنایەوە ووتی: برا دەردی منیشش لەکاوە سوکتر نیە، ئەگەر تۆحەکیمی دەردی ئێمەش تیماربکە درێژەی بەقسەکانیداو ووتی: منیش خەلکی بنەکەم لەدایکبووی ١٩٧٢ لەکاتی ئەنفالدا لەنیسانی ١٩٨٨ پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لەم دەرفەتەدا بیرەوەریەتاڵەکانی خۆی بۆ ئەنفالستان دەگێڕێتەوە.

وتی: بەحەقەت ئەو رۆژگارەتاڵانەی ئەنفال لەگیرانەوە نایات، ئەوسا من پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوومو لەگەرمیان بووین، بەچاوی خۆم رەوکردنی خەڵكو چۆڵبوونی گوندو دوکەڵو سوتانی گەرمیانم بینی، بەرلە ئەنفالی گەرمیانیش شەوێك رۆیشتین بۆناوچەی قەرەداخ بۆ شاخەکەی پشتی نەوتی سەعات سێی شەوبوو، کە دنیایەکی تاریكو شاخێکی سەخت بوو گوێمان لەدەنگی خەلك بوو، کیمیاوی لە قەرەداغی دابوو، خەڵك شلەژابوونو بەناویەکدا دەهاتنو دەچوون، ئەوکاتە نەماندەزانی ئەنفال چییە، کەلەخەڵکمان پرسی چییە؟ بۆ وا




شلەژاون وتیان وەزع خراپەو حکومەت بەچەکی کیمیاوی لێی داوین، خەڵك ئالودەبووبوو، هەبوو چاوی کوێرببوو هەبوو تەنگەنەفەس ببوو، ئیتر ئەو خەڵکە دیمەنێکی ترسناکی پیشانی ئێمەش دا کەدەیانویست بڕۆن بەرەو سلیمانیو نەسر بۆئەوەی خۆیان رزگاربکەن، ئیمەش هەرئەو شەوە رۆیشتین بەرەو قەرەداغ کە چووین کیمیاوی لەوێشی دابوو، لەوێش بریندارهەبوو ئەوەی بەدکتۆرەکانی پێشمەرگە کرا، ئەوکاتە دکتۆر ئاتیلا هەبوو دواتر شەهید بوو، ماتۆرێکی هەبوو بەسەرەوە دەگەراو تەداوی دەکرد، هەروەها دکتۆ جەبار بوو.

ناخۆشترین خالەتو کاریگەرترین دیمەن.

پاشئەوەی ناوچەی قەرەداغ گیراو لەلایەن ئێمەشەوە چۆڵکرا گەیشتینە گوندی گوندی قولیجان، ئیمەش بەرەو گەرمیان رۆیشتین ووتمان ئەگەر مردنیش بێت بالەگەرمیاندا بێت، رۆژێکیان لەکەلوەزێکدا خۆراکێکی زۆرمان دۆزییەوە، چەند رۆژێك بوو هیچمان نەخواردبوو ئیتر تەواو پەکمان کەوتبوو، دەمەو عەسرێك لەگەڵ پێشمەرگەیەکی هاورێمدا رۆیشتینە ناو گوندەڕوخاوەکە هەستم بەدەنگێك کرد، ئیمەترسی کەمینی جاشمان هەبوو، بەڵام بەپارێز بەرەو دەنگەکە چووم لەناو خانووە روخاوەکاندا لادیوارێك بوو بەسەر حەمامێکدا روخابوو دەنگەکە لەوێوە دەهات، منیش چووم هەتا دۆزیمەوە بەڵام ئەوکاتە دنیا تەواو تارکی کردبوو منیش تێمخوڕی

کێی زەلام..؟ وەڵامێکی دامەوە هیچی لێتێنەگەیشتم بەڵام کەنزیکبوومەوە لولەی تفەنگەکەم لە پێش خۆمەوە ڕەتکرد، بەڵام کەچووم دۆزیمەوە سەیرمکرد ئیختیارێکە زۆر بەتەمەن بوو، کە ئەو دیمەنەم بینی لەناو گوندێکی روخاودا پیرەمێردێك بەو بێکەسییەوە بەجیماوە تفەنگەکەم فرێدا بانگم لێبەرزبووەوە بەدەست خۆم نەبوو زۆر گریام. نیشتمانێك کە ئێمە بەنیازبووین دیفاعی لێبکەین وا بەسوتاویو خەڵ:ەکەی بەو مەینەتیەوە ببینین .. کارەسات بوو . کەچووم بەدەمیەوە لێمپرسی تۆ کێیت ناویم نەدەزانی ئەو یەکسەر ووتی: تۆ جاشی کێیت ؟ خی حەمەی ئەحەفەراشی ؟ ووتم نا من پێشمەرگەم ، ئیتر ئاهێکی بەبەرداهاتەوە زۆری پێخۆش بوو، ووتم لێرەبە ئێستا دێمەوە بۆلات چوم لەلای پێشمەرگەکان نانو ئاوم بۆهێنا نانەکە چی بوو یەکدوناوساجیو کەمێك ئاو لەمەتارەیەکدا خۆمان ناوساجیمان کردبوو، باشبوو کەمێك هۆشی هاتەوە بەر ئیتر دوای ئەوەی لێمپرسی چیدەکەیت لێرە ووتی: من خەلکی کەلارم هاتووم بۆماڵی کچەکەم ئاوا لێمان قەوماوەو من نەمتوانیوە لەگەڵ خەلك رابکەمو بەجێماوم ئینجاووتی من باوکی ( مەلا رەزا )م لێرە پەکم کەوتووەو بەم هیلاکەتیە بە جێماوم، مەلارەزام دەناسی ماموستای گوندەمان بوو، پێمان دەگووت مەلا ئاوارە ئیتر منیش خۆم پێناساندو ووتم خەلکی بنەکەم دلنیام کرد لەوەی هاوکاری دەکەین، ئیتر ئەو دیمەنە زۆر کاری تێکردمو ماوەیەك لەداخی ئەو پیاوە ئاگام لەکەسوکارەکەی خۆشم نەما، هەڵسام چووم لەوناوە گوێدرێژێکی بەرەڵام دۆزییەوە سوارم کرد ووتم دەیبەمەوە نزیك ئاواییەکەی خۆمان خواشاهیدە بەنیازنەبووم بەجێی بهێلم، لەگەڵ پێشمەرگەیەك خستمانە سەرکەرەکەو هێنامان لەگوندەکەی خۆشمان دەرم کرد ووتم هەتا نەیبەمە نزیك ئاوەدانیەك دەستبەرداری نابم بەڵام ئەو نەیدەتوانی خۆی بەبان کەرەکەوە بگرێت، ئیتر هاورێکانم وتیان کاکە ئیمە پێشمەرگەین، ئێستا ئەگەرجاشوجەیش لەسەرمان کۆببێتەوە چی لەم پیاوە بکەین، ئیتر ناچار هێنامەوە شوێنەکەی خۆی لەوێ دامناو زۆریش داوای لێبوردنم لێکرد ووتم: حاڵەکەی ئێمەش ئاوایە ئیتر ووتی برۆن باوکم ئیتر لەناو کەلاوەکان بەجێمهێشت ئێستاش نەمزانی چارەنوسی ئەو پیاوە چیبوو. ئەوە ناخۆشترین دیمەن بوو.

خۆشمان ماوەی مانگێك لەناو هەردەو جەوەلەکاندا ماینەوە، ئیتر ئێمە تادەهات وەزعمان خراپ دەبوو نانمان نەبوو، پیلاومان بدرایە جلمان بدرایە نەبوو ئیتر چیمان بکردایە، ئیتر یەکێکمان پێشتر رۆیشتبووەوە لەلای سەعیدی حەمە غەریب ببووە جاش، بەڵام جاشی چۆن هەر بەوەرەقە، ماڵی ئاوابێ کە زانی لێمان قەوماوە هاتە دەنگمانەوە. ئیتر زۆر گەرابوو لەبن کەلوەزێکدابووین ئێمەی دۆزییەوە ووتی: چۆن ماون ..؟! وتمان لەوەمەپرسە تۆ چیت پێدەکرێت بۆمان بکەیت، ئیتر ئەوحاڵو وەزعی پێگوتین کەکەسوکارمان هەمووی رۆیوەوسۆراخیان نیە، وتی: ئێوەش لێرە ئیدارەناکەنو من هەوڵدەدەم بێنەوە بۆناوشارو خۆتان تەسلیم بکەنەوە، ئەمە بەعەقلماندا نەدەچوو حکومەت ئەوهەموو ژنومنداڵەی بردبێ بێچەكو بێگوناه ئێمە چۆن خۆمان تەسلیم بکەینەوە ئیتر ئەو رۆیشتو دوای هەفتەیەك هاتەوە ووتی: موستەشارەکا بەڵێنی داوە بتان پارێزێو تەسلیمتان نەکات، کێ یە ئەو پیاوە ووتی: سەعید مەخەغەریب جافە، ئیمەش بریارماندا لەگەڵیدا برۆین ، شەوێك هاتە ووتی: وەرنە گوندی کانی ماران ئێمەش دێینە شوێنتان ئیمە حەوت پێشمەرگە بووین بەڵام بڕواشمان نەدەکرد، بەڵام

ناچاربووین برسێتیو نەبوونی تەنگی پێهەڵچنیبووین، ئیتر شەوەکەی سەیارەیەك هات بەدواماندا سمایل خۆشی لەگەڵیاندابوو، سەعات ١٠ی شەوبوو سواربووینو رۆیشتین بۆ فەوجەکەی سەعیدی حەمە غەریب جاف رێزێکی زۆری لێگرتین. بەڵێنی پێماندا بمانپارێزێ، بۆمێژوو ئەوەشی پێمان ووت ئەگەر برواشتان نیە نانتان خواردووە، چیشتان پێویستە ئەتان دەمێو سواری سەیارەتان دەکەم بۆکوێ ئەڵێن ئەتانبەم حەزئەکەن ئەتانبەمەوە ئەوجێیەی کە لێیەوە هاتوون، ئێمەش دلنیابووین لەوەی نامانداتە دەستەوە. ئیتر ئاواماوەیەك لەسەر قەلاّ و صمود لەماڵی خزمو ناسیاودا خۆمان شاردەوەو ماینەوە هەتا لێبوردنێك دەرچوو .

جەبار هەناسەیەکی هەڵکیشاو ماوەیەك بەبێدەنگی مایەوە دیاربوو خەمێك بەربینی گرتبوو، ئیتر کەوتەوە قسەکردن ووتی: لەراستیدا براکانم لەملەسورە خۆیان رزگارکردبوو نەگیرابوون، لەماڵی خۆمان تەنها خوشکێکم گیرابوو بە (٦) منداڵەوە ئیترماوەیەك لەگەڵ براکانمدا ماینەوە، بەلاّم کەسێك لەناو صمود هەستابوو چووبوو ئیخباری کردبوون، راستەبراکانم سەربازی هەلاّتووبوون بەلاّم لە ژیانیاندا پێشمەرگە نەبوون، ئەوکەسە عوسمانی ناوە ئێستا پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستانە، هەستا ووتی: کاکە من پەیوەندیم هەیە لەگەڵ حکومەتدا ئێوەش وەکو دۆستوناسیاو ئەتانبەم تەسلیمتان دەکەم هیچتان بۆنابێت، بەلاّم ووتی: دەبێت بلێن ئێمە پێشمەرگەین، ئیتر براکانم هەرئەو رۆیشتنەبوو جارێکی تر نەگەرانەوەو چاومان پێیان نەکەوتەوە، ئیمەش نەمانوێرا بچین بە سۆراخیانەوە تەنانەت ئەوکاتە باوکیشم مابوو هەرچەندە پیریشبوو بەلاّم نەیوێرا بچێت بەسۆراخیانەوە براکانم ناویان: ( محمد کە ئێستا ٥ منداڵی هەیە، عەلیو جەمال ) لەگەڵ کوڕێکی تر بەناوی عەلی ئەویش ئامۆزامە ئیتر هەر ئەو رۆیشتنە بوو. ماوەی ٣ شەو لەکفری هێڵرابوونەوەو بردبویانن بۆ بەعقوبە لەویش زانیاریمان هەبوو کە ٣ شەومابوونەوە ئیتر لێیان بێئاگابووین، براکانم ئەو پیاوە دانییە دەستەوە بەلاّم نازانم چەندی وەرگرتووە لەبەرانبەریاندا.

عەزیز بە کۆمەڵێك پرسیارو گللەیی لەحکومەتی هەرێم کۆتایی بەقسەکانی هێناودەلێت: با ئەمەش نەچێتە قالبی سیاسیەوە ئێستا منو برایەکم ماوین، خۆبراکانم مرۆڤ بوون ئەی حکومەت بۆ ناپرسێتەوە، کێ بوو براکانتی دایە دەستەوە ؟ ئێ خۆ براکانی من لە ئیستخباراتی کفری درانە دەستەوە، ئەوکەسەشی دانیە دەستەوە ئێستا پێشمەرگەی پارتیە، ئەی هاولاّتیو مافی هاولاّتی یانی چی ؟ ئەی دادگا بۆچیەو ئەرکی چیە؟ ئەی ئازادی بۆچیە؟

## ئەنفال کارەسات نیە..!

**بەکارهێنانی ووشەی کارەسات بۆتاوانی ئەنفالو هەڵە بجەو دۆسێی تاوانەکانی تر، تینەگەیشتنێکی ترە لە واتاو خەسڵەتی تاوانی جینۆساید**



تاهیرعوسمان ڕۆغزایی :

# ئێستا چۆن دیوەخانانە وەردەگرن ئەو کاتەش زۆربەی رەئیس تیرەکانی جاف لەلای فەتاح بەگ دیوەخانەیان هەبوو

دیدار :عومەرمحمد

( تاهیر عوسمان ڕۆغزایی) ئامر مفرەزە خاصەی ژمارە ٦٢ بووە، لە سەروەختی ئەنفالیشدا ئامر سریەی جاش بووە لە فەوجی ٣٥. ناو بەناو لە ماڵپەڕەکاندا بە تۆمەتباری ئەنفال ناوی دەبەن. لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا خۆی ناساندو داوای کرد ببمبینێت، مەبەستەکەی ئاشکرا کرد کە لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانیدا دیەوێت ئەستۆپاکی خۆی بۆخەڵکی کوردستان رابگەیەنێت، بەڵام من پێم راگەیاند کە ئەستۆ پاکی ئەویان هەرتۆمەتبارێکی ترلەرێگەی دادگاوە دەبێتولەوێ دەتوانن بێگوناهی خۆیان یەکلایی بکەنەوە، نەك لەرۆژنامەدا، بەڵام ئەوسووربوو لەسەرئەوەی کەئەودیدارە سازبکەین، منیش پێشوازیم لە داواکەی کردوچاوەڕێ بووم تائێوارەی ٢٠١٠/١١/١٣ هات بۆسلێمانیو ئەم دیدارەمان سازکرد. بەڵام بەداخەوە کاتێك چاوپێکەوتنەکەم ناردبۆ ڕۆژنامەی هاولاتی بێجگە لەوەی بەناوی منەوە بلاویان نەکردبووەوە بەجۆرێك کورتکرابووەوە کەهیچی وا لەدیدارەکەی ئێمەدا نەمابووەوە، دەنا بەنیازبووم ئەوەی هاولاتیو ئەوەی کەماوە کەنزیکەی ٤٠ لاپەڕەیA4ە هەموو پێکەوە لە سالنامەی ئەنفالستانی ژمارە ٨ دا بلاو بکەمەوە، بۆیە منیش بەناچاری جارێکی تر چۆنناردبووم بۆ هاولاتی بەهەمان ئەو مانشێتەی خۆم بۆم دانابوو دیدارەکە بلاودەکەمەوەوئەوهەڵانەش راست دەکەمەوە کە رۆژنامەی هاولاتی کردبوویان، دیسانەوە ئەوەش پێویستە راست بکرێتەوە کە ناوبراو لەسەر وەختی ئەنفالدا موستەشارنەبووە بەڵکو فەرماندەی سریە بووە.

بفەرموون ئێوەو دەقی دیدارەکە

**کاک تاهیربەخێربێت.** سوپاست دەکەم

**ئەو راستیە بزانە ئامانج لەم دیدارە ئەوەنیە من تۆبخەمە بۆسەوەو تۆش بەهەمان شێوە، نابێت بەچاوی دوژمن تەماشای یەکتری بکەین، تۆ دەتوانیت داکۆکی لەخۆت بکەیتو منیش داکۆکی لەپیشەی رۆژنامەوانی خۆم، ئەوەی من بەدوایەوەم تەنها تۆمەتباری تۆیە لەسەردۆسێی ئەنفال، تۆش دەتوانیت قسەی خۆت بکەیت، ئەنجامیش لەلای دادگایە**

بەڵێ .

**ناوی سیانی خۆت و سالی لەدایکبوونت ؟**

تاهیر عوسمان رۆستەم، سالی ١٩٥٧ لەدایکبووم

**نازناوت هەیە؟**

نیمە هەربە تاهیرعوسمان ناسراوم.

**سەربە چ عەشیرەتێکیت ؟**

جاف – رۆغزایی

**پلەی خویندەواریت چەندە؟**

سیهەمی ناوەندی

**ئێستا سەبەرچ حزبێکی ؟**

هیچ

**واتا چەكداری هیچ حزبێک نیتو یانی هیچ حزبێک نیە دالدەی تۆی دابێت ؟**

نەخێر ؟

**سالی چەند پەیوەندیت كردووە بەحكومەتەوە) بەكوردیەكەی كەی بویتە جاش)**

سالی ١٩٧٦

**هۆكاری چی بوو چەكت لەدژی میللەتەكەی خۆت هەلگرت..؟**

چەكم لەدژی میللەتەكەم هەلنەگرت، سالی ١٩٧٥ تووشی كیشەیەكی كۆمەلایەتی بووین بەداخەوە براكەم كەسیكی خزمی خۆمانی كۆشتو ئیتر رامانكرد.

**بۆكوێ راتانكرد ؟**

ئیمە ئەوكاتە لە ئاوایی بووین.هەرلەگەرمیان قاچاغ بووین..

**ئاواییەكە ناوی چی بوو سەربەچ ناحیەك بوو ؟**

ئۆمەرخەجان عاید باوەنوورە بوو. ئیتر سالیك قاچاغ بووین لەوماوەدا دووجار بەرینەدار بووم ، دوای ئەوە مفرەزەیەكی پێشمەرگەی پارتی (تەحسین شاوەیسو مەلا فاتیح) وچەند پێشمەرگەیكی تر پەیدابوون.. ئەوان خەلكیان نارد بۆ لامان ووتیان مادام لەحكومەت قاچاغن و ئیمەیش پێشمەرگەین بایێن پەیوەندی بەئیمەوە بكەن ئیتر لەگەلیاندا بووینە پێشمەرگە....

**من بزانم یەكەم مەفرەزە سیروان تالەبانی بووە ؟ نەك تحسین شاوەیس ؟**

نا ، یەكەم مەفرەزە پارتی بوو ئەو كاتە قیادە موەقەتە بوو ، مەفرەزەكەش تەحسین شاوەیسو مەلا فاتح كادر بوو، ئەوە بوو لە ژالەی مەملەحە لە گەل ٧ كەسی تردا شەهیدبوو، جانتاكشیان گیراو بە هۆیەوە خەلكێكی زۆری سەركەلو كانی ماران گیران، دوای ماوەیەك كاغەزێكمان لە مەفرەزەیەكی یەكێتیەوە بۆ هات ئەو كاتە كۆمەلە بوون. دوایانكرد بوو لە دێی گۆری ئەسپ لەمالی مام صالح بمانبینن كە چووین، ئەوان كاك ئاوات قارەمانیومەلازم جوامێرو گۆران تلەزەیتیو حەمەی تەلە (شاهۆ) بوون، لە راستیدا نیازیان باش نەبوو وتیان یان دەبێت لەگەل ئیمەبن یان چەكەكانتان دابنێن، ئیمەش چەكی خۆمان بوو ماوەی سالیك پێش ئەوانیش قاچاغ بووین، ئیتر جەیش هاتە سەرمان برینداربووینو یەكێكیشمان شەهید بوو ناوی عەلی ئەحمەد كاكە مەند رۆغزایی، هەر ئەو كاتەش بوو كە باوكمو مالەوەمانیان گرتو بردیانن بۆ (سەماوە) باوكم دوو سال زیندانی بوو، وارێككەوتین من لەگەل كاك ئاوات قارەمانیدا رۆیشتم بۆ قەرەداغو دوایی چوومە لای سیروان تالەبانی .

**تۆ بوویتە یەكێتی ؟**

بەلی بوومە یەكێتی ئەو كاتە ١٢ كەس بووین .

**ئەوان دەیانزانی كە ئێوە بە هۆی دوژمنایەتیەوە قاچاغ بوون .**

نــا کــس نەیـدەزانی و کەسـیش بـۆی نـەبوو پرسیار لە ناوی کەس بکات.

**ئەوکاتە چالاکیەکانتان چی بوو ؟**

یەکـەم چـالاکیمان شـەڕی ڕەبایەکـەی دارەڕەش بـوو، لـەوێ حەمـەی تەلـە بریندار بوو، بـەلاّم چـوار تفـەنگی کلاشـینکۆفمان گـرت، ئـیتر ئەگـەراین باسـی سـەر هەلّدانـەوەی شۆڕشـی نوێمـان بـۆ خـەلّك دەکـردو بـەدوای ئـەو موختارانەشـدا دەگەراین کە ئیخباری خەلّکیان دەکرد .

**ئێـوە دووبرابـوون، بۆچـی یـەکێتان بوونـە یەکێتی و یەکێتان بوونە پارتی؟**

ویستمان نەبینەمایەی دووبەرەکی.

**ئەی چۆن هاتییتەوە بۆیتە جاش ؟**

ئامـاژەم پێکـرد ، سـاردی هـەبوو لەلایـەن هەردولایانـەوە ئـەو موشـکیلانە پەیـدابوون، ئەمـەش پێویسـتی بـەکاتێکی زۆرهەیـە لێرەدانـاتوانم هـەموو شـتێك بـاس بکـەم، کاکەشـم ووتـی: ئەمـە بـۆ ئێمـە نابێـت چـونکە ئێمـەش بنەمالّەیـەکی دیـاربووین لەگەرمیانـدا ئـەو دوبەرەکیـە بـە ئێمـە نـەدەکرا، بۆیـە بریارمانـداو تسـلیم بووینـەوە .کێشـەکەمان هـەرمابوو، بـرای کوژراوەکـە ئـامۆزای خـۆم بـوو هـات تـەنازولی بـۆکردین و کێشـەکە چارەسەربوو.

**بێ هیچ سولحێک ؟**

-سـولح چـی بـوو، ئێمـە هـیچ پارەوشـتێکمان لەبەرامبەرنەدا ئەوان لێمان خۆش بوون..

**ئـەی کەوایـە هۆکارچـی بـوو بوویتـە چەکداری بەکورتی بۆچی بوویتە جاش ؟**

ئاخر کەهاتینەوە ئەبوایە ببوینایەتە چەکدار.

**ئەوکاتە بوونە مەفرەزەخاصە ؟**

بەلّی

**ژمارەی مەفرەزەکەتان چەند بوو ؟**

مەفرەزە خاصەکە (٦٢)

**دوای ئەوە**

دوای ئـەوە بەسـەیارە لەزەلامێکمـدا، لـێم خـۆش بـوون کەچـی کابرایـەك لەسـەرم بـووە شـاهید دادگـا بریاریـدا ٥ سـالّ حەقئـەلعام بمگـرێ، منـیش ملـم نـەداو رامکـرد بوومـەوە پێشمەرگەی حسك

**بۆچی ئەمجارەیان ح. س. ک.**

کەچـوومە شـارەزوور لەبنەمالّـەوە کـاك محەمـەدی حـاجی محـمودم دەناسـیی و کـاك شـێخ محەمـەد شـەکەلی لـەوێ بـوو، مـاوەی ٣ مـانگ لـەوێ پێشـمەرگە بـووم رۆژێـك لەتـەپی کـەرەم لەگـەلّ مـەلا هـەژاردا بـەینمان تێکچـوو. لەسـەر ئـەوەی وتـی: ئـەبێ چـەکەکەت دابنێـی ماوەیـەك لەژێرچـاودێریدابیت، عەینـەن فلمەکـەی سـالّی ٧٦ منـیش ئـەوەم زۆرپێناخۆشـبوو، رۆژێـك ووتیـان لەسـەرکردایەتی ئیشـیان پێتـە. منـیش ووتم ئـەوە لـەم دەقیـەوە مـن پێشـمەرگەنیم، ئیترچـووم لـەمالّ حـاجی رەشـیدی گـەلالّی چـەکەکەم دانـاو نامەیـەکم نوسـی بـۆ کاکـە حەمـە کـەوا چـەکەکەم لـەمالّی حـاجی رەشـید دانـاوە، ئیتر هاتمەوە ماوەی ١٥ رۆژ خۆم شاردەوە..

**-ئەی دوایی جارێکی تر بوویتەوە بەجاش ؟**

نـا نـەبووم بـەجاش، لـەمالّ دانیشـتم . هـەتا سـالّی ١٩٨٥ فـەوجی فـەتاح بـەگ تشـکیل بـوو لەوێ سربیەم وەرگرت .

**بـەلاّم بیسـتوومە مـەفرەزە خاصـە بویـتو رۆلّی خراپیشت لە ئەنفالدا گێراوە . ؟**

مـن لەفـەوجی ٣٥ بـووم باخـەلّك خـراب تـێ نـەگات خـەلّکێکی زۆرم رزگـارکردووە ١٥ تـا ٢٠ نـاوم لایـە خـەلکم لەئیسـتخبارات

رزگارکردووە زور لەم ژمارەیە زیاتر بەلام ئێستا ناوی هەموویم لامنیە

**کە تۆ سرێیەکی جاشە سوکەکانت هەبوو چۆن ئەتتوانی لەئیستخبارات دەریانبکەیت ؟**

جاشە سوکەکان نا فەوجی دفاع وەتەنی ئەو قسەیە خۆش نیە مەعنای زۆرە

**ببورە مەبەستم ئەوەنەبوو.. چونکە مرۆڤ ئەگەر تاونباریش بیت دەبێت بەرێزەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، تۆش مرۆڤی**

کاکە خەلکم بەتەلەفزیونێك دەرکردووە پارەمداوە یان ئاسکێك، بەرتیلم ئەدا بۆ ئەوئیشانە

**حەزدەکەم ئەوەم بەووردی بۆ باس بکەیت** هەرکەس بەشیوەیەك لەگەڵ دائیرەکاندابوو بۆبەرژەوەندی خویان یان هەرجۆرێکی تربێ نمونەیەك حمەصالح عەبدولڵا هەبوو هەرقەوم خۆمان بوو.ئەویش ئامرسریە بوو لەفەوجی ٣٥ .رۆژێك هات بۆلام ووتی کەریم لەئیستخبارات گیراوەو منیش عەدەم تعروزم بۆ کردووە بەرەسمی خۆیەوە. منیش هەستام چووم بۆلای نقیب کریم.

**نقیب کریم ئیستخبارات بوو چی بوو؟**

مدیری ئیستخباراتی کەلاربوو ماوەیەك لە دەربەندیخان وعەربەت وسلیمانی بوو.

**ناوی سیانیەکەی چی بوو خەڵکی کوێ بوو؟**

ناوی باوکی نازانم بەلأم پلەی گەیشتە عەقید. ئێستاش لەبەغدایە

**بابێینەوە سەرباسی کەریم کەگیرابوو چون هاوکاریت کردووە؟**

چوومەلای نقیب کەریم لەژوورەکەی خۆی سەعات ٩ی شەوبوو عەدەم تەعروزەکەی کەریم لەسەرمێزەکەی دانرابو یەکسەرکردەمە گیرفانمەوە.لیمرا دەبینی ئەویش بەپێکنینەوە ووتی: چیترت دەویٚ؟ وتم بابرۆم وبیمەوە چووم بۆلای حمەصالح لەناو سیارەکە دانشتبوو لە دەرگا ووتم:عەدەم تەعروزکەیم هێناوە شتێکی دەدەمیٚ و هەوڵدەدم خۆشی بەربەدەم..چوومەوە بۆلای ووتم: ئەو زەلامەم ئەوێتەوە چەندێك پارەت پێویستە؟ ووتی ٣٠٠دینارو تەلەفزیونێکیشم دەویٚ ئینجا ووتی: من ئیستا خۆم ریگایەك ئەدۆزمەوە.. ووتم فەرمو؟ ووتی من ئەڵێم کەریم سیلیەتی ئیستخبارتەکان ئەنیرم بۆ خەستەخانە هەتادرزی سیلیان لیٚ بدەن بۆئەوەی شك نەکەن، بەلام نائیب زابتك دائەنیم بۆ بەردانی. تۆ ئێستا بەر لەوەی لەخەستەخانەبێنەوە سیارەیەك ئامادەبکە، لەدەرگای دائیرە نەك سیارکەی خۆت، من ئەڵیم ئەم سەگبابە سیلیەتی دەریبکەنە دەرەوە بابڕوا گشتمان تۆوش ئەکات باسەیارەکە یەکسەر بیبات وبڕوا.. من ئەم قسانەم بەحمەصالح ووت و ئەویش جیبەجێکردو بەیانی ٣٠٠ دینار وتەلەفزینیکمان داپێی وقابوو قاچاخی دائیرە کەشم کڕی لەبەر ئەوەی ئەشیای خواردنیان هەموو فڕی دا. بوئەوەی جماعەتی دائیرە لەچۆنێتی بەردانەکەی شك نەکەن,

**ووتت ئەو کەریمە خزمی نزیکت نەبووە ؟**

ئەو رۆغزاییە ئەگینا من هەرنایناسم حەمە صالح ئەی ناسی.

**ئێستا کەریم ماوە ؟**

ئا ئا ماوە

**ئەگەرخواکردی سبەی هەموو جاشەکان خرانە بەردەمی دادگا ئەو کەریمە**

**ئامادەیــە لــە بــەردەمی دادگــا داکۆکیــت لــێ بکات . ؟**

وەڵاهــی ئــەوە ئەکەوێتــە ســەر ویــژدانی خــۆی. مــن دەڵــێم حــەمەی عــەزە شــانە بــانگ بکــەن ئەوکاتــە دیارئــەدا مــن ئەنفالچــی بــووم یــان نــا..مــام نــامق خــەڵکی کــانی عوبیــد پێشــمەگەبوو لەگــەڵ نجــم الــــدین حــــاجی حمــــەعلی لــــەدێی کونــــەکۆترگیرابوون رۆژی دوایــــی بەئامرکــــەم ووت ئەمانــە خزمــی مــنن لــەلای دێــی ژالان بــەریانی داوخویــان گەیانــد بــووە صــمود لــەوێ ئیخبــاری نجــم الــدین یــان کردبــوو گــیرا .بــەلاّم مــام نــامیق لــە ١٩٩٧بــە دەســتی حزبێکــی ئیسلامی شهیدکرا.

ئەی دووایی کەریم چی بەسەرهات ؟

کــەریم گــیرا ، بــەلاّم خزمــەکانی خۆیــان دایــان بەدەستەوە نەك من .

**چــاکەت بەســەرخەڵکەوە هەیــە دەتوانیــت باســی بکــەیت چــونکە دوایــی پرســیاری ئەوانەشت لێدەکەم کەداوتنە دەستەوە.**

وەڵاهــــی لەســــەردەمی ئەنفالەکــــەدا خــــەڵك هــــەبووخانووم داوە پێــــی هاوکــــاریم کــــردووە، ئێستا لەسەرم ئەنوسن.

**بۆچی لەسەرت دەنوسن ؟**

نوســـــینەکە لەسەرکێشـــــەی کۆمەڵایەتیـــــە، لەبەرئــەوە نیــە کــە مــن خــەڵکیانم ئــەنفالکردووە، ئــەگینا پێشــترئەیانگوت لــەدادگاش داکۆکیــت لێدەکەین .

**ئێســتا تــۆ هەردەتــەوێ داکــۆکی لــەخۆت بکــەیت هــەمووماڤێکی داکــۆکی کردنیشــت هەیــە بەکــەیفی خــۆت .. بــەلاّم تــۆ تۆمەتباری بـەتاوانی ئـەنفال بـا قسـە لەسـەر ئەوە بکەین.**

بەراســـتی مـــن نـــالێم دیفـــاع لـــەخۆم دەکـــەم حەقیقەت دەڵێم.

**منــیش پێــت دەڵــێم داکــۆکی لــەخۆت بکــە چونکە مافێکی ئاسایی خۆتە.**

من دەڵێم حەمەی عەزە شانە بانگ بکە ؟

**ئەوپیاوە کێیەوچ کارەیە ؟**

ئێســــتا عەقیــــدی دارســــتانە ئەوکاتــــە پێشــــمەرگە بــــوو، هــــەتا دوا فیشــــەك لەئەنفالــدا شــەری لەگــەڵکردین بزانــە ئــەو دەڵێت چی ؟

**بێگومــان پرســیاری لێدەکــەم، هــەتا لەوانــەش کــەنیزاعیان لەگــەڵ تۆهەیــە، دیــارە لەســەر ئــــەنفال نــــەك کێشــــەی کۆمەڵایــــەتی بەتایبەتیش ئەوانەی ناویان دەهێنی .**

بــەڵێ .. حەمــەی عــەزە شــانە مەفرەزەیــەك بــوون، خــۆی و حســەنی بــرای هــەتا ئــاخری شــەریان لەگــەڵکردین کەچــووینە خــوار کوڵــەجۆوە خــۆم دووربینەکــەم پێبــوو، کــە حەمــە هــات قــاتێکی خاکی لەبەردابوو منیش زابتێك لەگەڵمابوو.

**زابتەکە ناوی چی بوو.**

نوری

**ئـەی پلـەی چـی بـوو، بەرپرسـی چـی بـوو..؟**

**ناوی سیانیەکەی نازانیت ؟**

نایزانم .رائید بوو بەرپرسی اتصالات بوو .

**خەڵکی کوێ بوو ؟**

خەڵکی خالص بوو شیعە بوو .

**واجبی ئێوە چی بوو لەئەنفالدا ؟**

ئێمــــە لەگــــەڵ هێزێکــــی ســــوپادا بــــووین پێیانــــدەگوت لیــــوا (زئــــب) ، لەتــــەك شــــۆفڵەکاندا، ئــــەیانووت: ئەوخانووانــەی کەچــۆڵن ئــەبێ تــەخت بکرێــت . رائیــد نــوری لەگــەڵما وســتابوو کــە خەڵکەکــە ئــەرۆیی وەنــەبێ ئێمــە

بەزۆر سواری سەیارەمان کردبن، لەئەنفال ئەبوایە خەڵك بڕۆیشتایە،ئێمە واجبێك بوو لەسەرمان.

**ئێستا باپرسیارێک بکەم تۆتوشی دوژمنایەتی ببوویت، لێت خۆش بوون، بوویتە مەفرەزە خاصەو وازت هێنا، ئەی بۆچی دوایی خۆت توشی جاشێتی کردەوە ؟**

ئاباپێت بلێم لەراستیدا من عەسکەریم پێنەدەکرا.. کەلە پێشمەرگایەتی هاتمەوە چووم بۆ عەسکەری بۆ بەسرا بۆ رومادی بۆ عەمارە ئەو عەسکەرییە زۆر کاری کردە سەرمن بۆم نەدەکرا.

**هەربۆذت ئارەزەوی چەکداریت هەبوو ؟**

نا نەخێر ئەگەر حەزم لێبوایە وازم لەپێشمەرگایەتی نەدەهاورد. بەلاّم من تووش بووم مەجبووربوم کە مەجبوریش بووم کەوتمە ناوەوزعەکەوەنەمدەتوانی لێی دەرچم.

**بۆچی نەتدەتوانی .؟**

نەمدەتوانی وازبهێم کاکە مەحاڵە لێی دەرچی، من خزمو کەسێکی زۆرم هەبوو، ئەوانەی ئێستا واملێدەکەن بەمنەوە شانازیان دەکرد ، دیفاعم لێیان دەکرد لەخۆیان لەهاربیان لەپێشمەرگەیان ئێستا خەڵك هەیە لەم سلێمانیە براکەی پێشمەرگەبووە سەیارەکەمی سوتاندووە ، بەلاّم من براکەیم داڵدەداوەو لە ماڵی خۆم قایم کردووە خۆیو ژنەکەی ئێستا ماوە هالە سلێمانیە . فارسی عەزەی نەجە

**تۆ فارست دالدەدابوو ؟**

فارسیان دەتوانی بانگی بکەیت لەکاتێکدا براکەی ئەو پێشمەرگە بوو سەیارەکەمی سوتاندبوو ، لەوکاتەشدا مالی پێشمەرگە دەبوایە یان بگیرێت یان حجزبکرێت.

**باسی حەمەی عەزە شانەت تەواو نەکرد گیرا رزگارت کرد چی ؟**

نەخێر رزگارم کرد. رائید نوری هات ووتی: سواریان کەن ووتم: نەولاّ ئەوە چەکداری منە ، هەرچەندە ووتی: ئەوە موخەریبەو من ووتم نائەوە چەکداری منە، بەلاّم من وام زانی هەردووکەسن خۆیوحەسەن برای کەچی ٧ کەس بوون، دوایی عەسکەرێك چوو تفەنگەکانیان هێنایەوە منیش پێم گووت حەمە چیت گەرەکە..؟ من ناتوانم لێرە یارمەتیت بدەم. ئەوەندە دەتوانم دورت بخەمەوە دەتوانی خۆت بشاریتەوە ؟ ووتی بەڵی دەتوانم منیش چەکدارم لەگەڵیاندا ناردو ڕۆیشتن. خۆیان شاردەوە خۆی ماوەو دەتوانی پرسیاری لێبکەی .

**بەلاّم ئەگەر حەمەت نەناسیبایە هەمان کارت لەگەڵ دەکرد ؟**

باشە ئەگەرمن ئەنفالچی بوومایە خۆ پێشمەرگە بوو، بۆئەوتەسلیم ناکەم؟ خەڵکی فەقیر تەسلیم دەکەم ؟

**ئاخر من دەزانم تۆ خەڵکت تەسلیم کردووە، بەلاّم من دەمەوێ بۆم ڕونبکەیتەوە بۆچی تەسلیمت کردوون، ئەوهۆکارە چی بوو ؟**

باشە پێت دەلێم.

**ئەوانەی تەسلیمت کردن هجومت کردبووە سەریانو گرتبووتن..؟**

نــا نــا هـــەموویان خۆیـــان هـــاتوون هـــەتا جەماعەت لێخورەکان خۆیان هاوردیانن .

**چەندکەست تەسلیم کردووە ؟**

من ناتوانم پێت بلێم ئەوەندە.

**بــەڵام مــن دەزانم تــۆ ۲٥ کەســت تەســلیم کردووە**

مــن نــازنم چــەند کەســن بــەڵام ئێســتا ئــەڵێن ٦٥ کەســت تەســلیم کــردووە.مــن ئــەوە حــەوت ســاڵە لەکــەلارم ، مــاوەی ئەوحــەوت ســاڵە یــەکێك لــەدەرگامی نــەداوە بلێــت کاکــە تــۆ ئەنفالچــیت ؟..

**راســت دەکــەیت، بــەڵام کــوا لــەدەرگای کــام ئەنفالچی دراوە ؟ هەتا لەهی تۆ بدرێت ؟**

برائــەوە یــەکێك نــەیتوانی دووان نــەیتوانی، نەچــەکی هــیچ حــزبێکم پێیــە نــە هــەویی هــیچ حــزبێکم پێیــە نەلەگــەڵ هــیچ حزبێکــدام . چــەکدارنیمو لەماڵیشــەوە نیمــە تــەنها گــاڵۆکێکم هەیــە .. ئەشــەمبیلا تــاپرێکم هەیــە بــۆ راو بــەڵام ئێســتا راویــش مەنوعــە، کــەی هــاتن بردیــان ئەیانــدەمێ باهـــەموو خـــەڵك بیزانێـــت لـــەوتاپرە زیاترم نیە..

**ئێستا چــەندکەس ســکاڵایان لەســەرتۆ هەیــە ؟**

ئێســتا هەنــدێك کــەس لەســەرم دەنوســن گوایــە حیمایـــەی بـــۆکراوە لەبەرئـــەوەی زاواکـــەی لەمەڵبەنـــدە.. بـــەڵام مـــن کاتێـــك ژنم داوەتـــە ئــەوکورە لەمەڵبەنــد نــەبووە، میمکــزای خۆمــەو خوشکەزای باوکمە.

**ئــەوە ناهەقیــە چــونکە نابێــت کــورو کچــی کــەس بــاجی باوکیــان بــدەن، کــورت مــافی ژنهێنــانی هەیــەو کچــت مــافی شــوکردنی هەیــەو دەبێــت رێزیشــیان لێبگیرێــت.. خــۆ ئەوان دادگایی ناکرێن.**

نا ئەوە دەگەرێتەوە بۆخۆم.

**کــورو کچــی تــۆ ئــازادن کچــی تــۆ شــوو بــە بەرپرســی مەڵبەنــد دەکــات بــەهی لقــی دەکــات بــە شــیوعی دەکــات ئــەوە مــافی کــەس نیــە قســەی لەســەربکات . ئــەوە مــافی شەخصیە .**

ئەگــەر مــن لەبەرئــەوە کچــم دابێــت، ماســتاو کردنە

**بــە بــروای مــن واز لــەو مەســەلەیە بهێــنین چــــونکە کوروکچــــی تۆئــــازادن . چــــۆن هاوســــەرگیری خۆیــــان دەکــــەن. گــــرنگ ئەوەیــە ئــەوان هــاوڵاتینو مــافی کــەس نیــە قسەلەوبارەیەوە بکات.**

تەحــەدا دەکــەم لەوەتــەی ئــەو زاوایــەم چــووەتە مەڵبەنــد ســەرم بەمەڵبەنــدا کردبێــت، مــن خــۆم داکــۆکی لــەخۆم دەکــەم نــەك بەرپرســی مەڵبەنــد .

**بــاواز لــەو مەســەلەیە بهێــنین بێینــەوە ســەر ژمارەکـــە ووتم تـــۆ ۲٥ کەســـت تەســـلیم کـــردووە خۆشـــت دەلیـــی ٦٥ ئەمـــەم بـــۆ رونبکەرەوە .**

مـــن نـــەمووت ٦٥ ، ئـــەڵێم لەســـەرمیان نوســـیووە ئـــەوان ئـــەڵێن ٦٦ کەســـی تەســـلیم کردووە .

**ئەی ئەوتەسلیم کردنە چۆنە ؟**

ئێمــە کــە رۆیشــتین ووتیــان لــەخوار پەلەوشــکەوە لەکونــەکۆتر پێشــمەرگەی لێیــە، بــاران بــوو هــەتا ئێمــە گەیشــتین هێزەکــە گەرایــەوە نزیکــەی ۷۰۰ تــا ۸۰۰ کــەس دەبــووین، ژنێــك هــات ووتی کامە تایەرە؟ ووتم فەرموو.

**ئەو هێزە هەمووی فەوجی ٣٥ بوو ؟**

بەڵێ

**ئەی هێزی ترکێی تری لێ بوو ؟**

فەوجەکانی تر لەخوارتربوون . ئەوەی خوارەوە عایدی بارق بوو ئێمە لەگەڵ ئەونەبووین. ئێمە جەیشی ترمان لەگەڵدا بوو.

**ئەی ئامری لای ئێوە کێ بوو..؟**

نازانم

**باسی ژنێکت کرد ئەگەر تەواوی بکەیت ؟**

ژنەکە خێزانی نەجمەدینی حەمەعەلی کوڵەجۆبوو هات ئەیدا لەخۆی ئەگریا کات زۆردرەنگ بوو، وتم فەرموو وتی وەڵا نەجمەدین گیراوە (دوو زەلامی تریشی لەگەڵدا گیرابوو) وتی: خۆی حازرکردووە بێ بۆلای تۆ بەلام گیراوە، وتم: ئێمە هیچ بەدەستین، چیمان پێدەکرێت ؟؟ ئەو نەیووت مام نامیقیان لەگەڵدایە مام نامیق پێشمەرگەی کۆن بوو، بەهەرحال چووم لەگەڵ ئەفسەرەکە قسەم کرد وتی: بۆ بەیانی ئەوانیش هەرلەناو دەبابەکەدا بوون من نەمبینیبوون.

**ئەفسەرەکە کێ بوو**

عەقید روکنێك بوو ئامرفەوجی لیوای ١٠ بوو

**ناوەکەی**

نازانم.

**کاك تاهیربێ پێچەوو پەنا پرسیارت لێدەکەم ئەم ناوانەم بەلاوە گرنگە، خۆ ئەگەرتۆش بتەوێت خزمەتێك بکەیت چونکە من دەمەوێت ناوی ئەم ئەفسەرانە لە مێژووی ئەنفالدا وون نەبن.**

نا زۆر اعتیادیە، بەلام ئەو عەقید روکنە خۆمن نەدەیناسم نەهیچ بەلام ئەوەی لەوم بینی باوەرناکەم هیچ کەس بیکات.

**چیت لێ بینی باش یان خراپ ؟**

نانا بە چاکە.

**چۆن ؟**

ئەو سیانە مام نامقو ئەوان کە لە ناو دەبابە کەدا مابوونەوە چووم بۆلای ئامرکەو پێمگووت ئەمانە خزمی منن، ئیتر وتی: ئەکید خزمی تۆن..؟ ووتم ئەکید ووتی دەبیانبەمەوە . مام نامقو کاك نەجمەدین لە دەبابەکە دابەزین کە بینی ئەملاو لای یەکتریان ماچ کرد ووتی: دەمادام وایە تفەنگەکانیشیان بدەنەوە .

**یەعنی ئەوان هەرلەناو دەبابەکەدا مابوونەوە ؟**

بەلێ . نەجمەدین پێشمەرگش بوو ، هەر لەوێ پێمگووتن من ناتوانم لەوە زیاتر یارمەتیتان بدەم، لەوێ رزگارم کردن، دوایی هاتبوون بۆ صمود لەوێ دابوویاننە دەست ملازم کریمەوە، گیرابوون.

**کەوایە ئەوانیش گیران ؟**

ئا نەجەمەدین ئیخباری کرا

**ئینجا ئێستا ئەوانیش لەسەر تۆ ماڵن ؟**

ئەزانی بۆچی لەسەرمن ماڵە ؟

**نەخێر چۆن بزانم؟**

لەبەرئەوەی من لەناودەبابەکە رزگارم کردوونو دوایی لەسمود گیراوە کەوایە هەرلەسەرتایەر ماڵە .

یەعنی کەسێك هەیە بیناسیت کە داوێیەتیە دەستەوە..؟

نا من کەس ناناسم من خۆم لەوێ نەبووم.

بەڵام ئەو دەمانچەیەکی پێبووە لەلای زاواکەی داینا وگیراوەوئەنفالکراوە ئەی مام نامیق بۆنەگیرا ..؟

ئەو مایەوە ئەنفال نەکرا ..؟

نا ئەودوایی لەشەری ئیسلامیدا کوژرا .

**ئەی مام نامیق نەیزانی کێ نەجمەدینی داوەتە دەستەوە ؟**

ئەی مام نامیق لە ساڵی ١٩٩٧ کوژراوە خۆ نایات شایەتی بۆمن بدات ..

**مەبەست ئەوە نیە شایەتی بۆ تۆبدات مەبەست ئەوەیە ئەو تاساڵی ١٩٩٧ مابێت لەلای کەس باسی نەکردووە؟**

هەرکەسەو لەشوێنێک خۆی شاردووەتەوە.کوڕێکی خزمیشمان هەبوو مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی هەبوو ناوی حەمەبوو ئێستا ئەنفالکراوە ، با من واقعەکەی بڵێم باشترە، ئێمە کەزانیمان وەزعەکە ئاوایە پێش دوو مانگ جوابمان بۆنارد بێت تەسلیم بێتەوە، حەمە وتی: من نایەمە خوارەوە بەڵام هوێیەکی ئیستخباراتم بۆ بکەن. ئێمەش بۆمان کردوو بۆمان نارد.

**چۆن ئێوە جاش بوون‌ودەتانتوانی هویەی ئیستخباراتی بۆ بکەن ؟**

ئاباپێت بڵێم .. هەموو فەوجێك لەژێرئەوامری ئیستختباراتدا بوو، بۆ هەرشتێك دەبوو ئاگاداری ئیستخبارات بکەی .

**یەعنی فەوجی ئێوە لەبەرئەوەی سەر بە فەتاح بەگ بوو تایبەتمەندی هەبوو ؟**

نەخێر هیچ فەوجێك تایبەتمەندی نەبوو ؟ سێسەدو قسور فەوجی جاش هەبوو، نزیکەی سێسەدو پەنجا هەزار چەکدار هەبوو زۆربەیان ئەهاتن لای ئێمە فەوجیان وەرگرتبوو. فەتاح بەگ رەئیسی جاف بوو، ئێستا چۆن دیوەخانانە وەردەگرن ئەوکاتەش زۆربەی رەئیس تیرەکانی جاف لەلای فەتاح بەگ دیوەخانانەیان هەبوو. ( مارف اغای گەڵاڵی) نەبێ هەمووی وەری دەگرت، من دوو سالیشە لەگەڵ فەتاح بەگ قسەم نیە لەسەرمەوزوعێك عاجزین، بەڵام کەفەوجی وەرگرت وتی من فوج بۆعەشیرەتەکەم دەکەمەوە دیفاع لەعەشیرەتەکەی خۆم دەکەم.

**بەڵام عەشیرەتەکەی فەتاح بەگ لەهەموویان زیاتر ئەنفالکرا..! هەست دەکەم تۆ لەپرسیارەکەی من باش تێنەگەیشتبی ؟ مەبەستم ئەوەیە بڵێم فەوجی فەتاح بەگ لەلای حکومەت فەرقی هەبوو لەوانی تر ؟**

بەلی تێگەیشتم نا فەرقی نەبوو . حەمەسێ زەلامی ناردتەسلیم ببنەوە، شەوچووم بۆ ئیستخبارات بۆلای زابتەکە.

**ناوی زابتەکە چی بوو ؟**

نەقیب کیفاح خەلکی رومادی بوو .

**ناوی سیانی چی بوو**

نازانم

بەنەقیب کیفاحم گووت ئێمە ئەوخەڵکانەمان هەیەوعایدی خۆمانن دەیانەوێت تەسلیم ببنەوە، ووتی: ئێمە ناتوانین کەس عەفوو بکەین، خەبری دایە منزومە ووتیان سەعات ١٢ وەڵامتان دەدەینەوە، سەعات ١٢ چوومەوە بۆ ئیستخبارات وەرەقەیەکم بۆکرد بۆم نارد.

**وەرقەی چی بوو ؟**

وەرەقەی ئیستخبارات، ئەگەرحەمە هاتەخوارەوە چەندکەسی لەگەڵ دابوو چەکدارو بێچەك مەسموحن‌و ئەوە عاید ئیستخباراتی کەلارن. ئەوەبوو بەکیمیاوی دای لە قەرەداغ لەسێوسێنان ماڵ پورزایەکی خۆمی پێوەبوو ماڵی مەهدی کەسیان دەرنەچوون .

**با محمدیان دەرچووەو ئەوماوە من دەیناسم .**

بامەوزوعەکەی حەمە تەواوبکەین، کە هاتبوونە خوارەوە لەگەرمیانیشەوە جەیش رۆیشت بۆ قەرەاغ پێشمەرگەش ئیترنەیانهیلابوو کەس بێتە خوارەوە هەتا قاچی خەڵکیشیان شکاندبوو، لەو وەزعەدابوو حەمەهات، ووتی خزمەکان خۆمانم جیاکردووەتەوە لەژاڵە. جەماعەت خۆشمان "حەمەی مارف‌و ئەوان " رۆیشتبوون بۆگامەخەڵوسەرکەل، منیش چووم بۆژاڵە لەویٚ حەمەو ئەوانم بینی‌و ووتم: برۆن بۆلای جەماعەتەکەی خۆمان، ئینجا چووم بۆلای زابتەکەو پێمگووت تۆ وەرقەت بۆکردوون، هەرهیچ نەبێت بالەگەڵ ئەوخەڵکەیا برۆن‌وحاڵیان وەکوئەوخەڵکە. لەراستیدا ئێمە نەماندەزانی ئەوخەڵکەی دەروات چی بەسەردێت، لەوقەناعەتەدام ئامرفەوجەکەش نەیدەزانی خەڵك وای بەسەردێت، بەڵام لەخوارمللە سورەوە عەسکەریە دانیشتبوو هەرچی ئەچوو ئەیانکردە ناو ئیڤاوەو ئەیانبرد .

**ئەی ٢٥ کەسەکەی تەسلیمت کردوون ؟**

25- نەبوون ئەوانە پێنج کەسیان ئامۆزای خۆم بوون . ئەو جەماعەتە عایدی حەمەی حسەینی گۆمەزەرد بوون. ئێمە واجبەکەمان خەڵك گرتن نەبوو.

**چۆن یەعنی تۆ کەست نەکوشتووە ، کەست نەگرتووە ؟**

کەسم نەکوشتووە، بەڵام خەڵکم گرتووە چەکەکەم لێسەندووەو بەرەڵام کردووە، کەسمان نەکوشتووە ؟ خەڵکم گرتووەوچەکم کردووەو بەرەڵام کردووە ئەمەش بۆئەوەی بەچەکەکەیەوە نەیگرن‌و حسابی پێشمەرگەی بۆنەکەن، خەڵك هەبوو دەمانچەکەم لێسەندووەو داومە بەزابتەکە ووتوومە ئەوە بۆخۆت بەڵام زەلامەکە بەردە، بەریشیداوە ئێستا ماوەو لەساڵی ١٩٩٢ هاتبووە گیانم داوای دەمانچەکەی لێدەکردمەوە . زۆر کەسیان وابوون. ئێمە واجبەکەمان ئەوەبوو چەك لە تۆ بسێنم. ئەوجەماعەتەش ئاوابوون کەتۆباسیان دەکەیت. ئەگینا من کەسم ئەنفال نەکردووە.

**کەس نیە ئێستا سکاڵای لەدژی تۆ هەبێت ؟**

ئەزانی چۆنە هەندێك لەوانە عەداواتی شەخسیان لەگەڵمدا هەیە، ئێستا ئەوانە هاتوون بوونەتە نوێنەری ئەنفال‌و لەوێوە دەڵێن باجاری حەقی خۆمان لەتایەربسەنین. جاریٚ ئەوان دەیانەوێت رقەکەی خۆیان ساغ بکەنەوە .

**-ووتت ٥کەسیان ئامۆزای خۆتبوون ؟**

بەڵی ؟

**ناوەکانیان چی بوو ؟**

سەعید، مەجید، بورهان، حەمە، من ویستم رزگاریان بکەم‌و ئیشەکە ئاوای لێهات. ئەوانەی لەگەڵ حەمە هاتبوون، وەرقەمان بۆکردن گوایە عایدی ئیستخباراتن‌و بەنادیمەن تەسلیمیان بکەین. بەنەقیب کیفاحم ووت: ئەوجەماعەتەکەی حەمەم هاوردووەتەوە دەیانەوێت تەسلیم ببنەوە ووتی: بیانهێنە

ئیترسەیارەك ئیستخباراتم برد. لەوێ پێشمەرگەیەك ویستی سواربێت ووتم داراگیان تۆسوارمەبە، ووتی بۆ؟ ووتم کاکە ئەمانەخزم خۆمنوئەڵێم عشایرنوتۆ پێشمەرگەیتو ناتوانم تۆبەرمەوە، ووتی هەردێم.

**دارا ناوی باوکی چی بوو چ کارە بوو ؟**

دارای حەمەی رۆستەم، پێشترلەگەڵ خۆمان لەفەوجی ٣٥ خۆیو باوکی چەکداربوون، رای کردبوو ببووە پێشمرگەوچەکیشی بردبوو، ووتم تۆسوار مەبە .ووتی تۆ عیلاقەت نەبێ خۆم چاری خۆم دەکەم بە هەرحاڵ بردمن بۆ ئیستخبارات، ووتم: مام عەزیز تۆمەیە بەڵام بورهانم بردوحەسەنم داگرتە خوارە.

**بۆچی داتگرتە خوارەوە ؟**

بۆدامگرتنە خوارەوە؟ وتم ئێوە دوبران ئەگەر تیاچوون بایەکێکتان تیاچێت ئەگەر دەربچوون دوایی مشوری ئێوەش دەخۆم.

**گومانت هەبوو لەوەی دەرنەچنو ئیستخبارات بیانگرێت ؟**

ئەمزانی چۆن بوو سەرمان لەوە وەزعەکە دەرنەدەچوو. پێشترسەدان پێشمەرگەم هێناوەتەوەو تەسلیمم کردووەتەوەو رایکردووەتەوە. زەلام واهەیە دەجار تەسلیمم کردووەتەوە، بەڵام ئەوجارە مەوزوعەکە وانەبوو ئەیانوت ئەیانبەن بۆئەوبەرجیایان ئەکەنەوە ( ئەوبەرمەبەست لەقەڵای قۆرەتووە)

**نەیان ئەگووت بۆ جیایان دەکەنەوە ؟**

ئەیان گوت ئەوانەی خێزاندارن ئەیانبەن بۆصەمودو ئەوانەی پێشمرگەشن ئەیانبەین. ئیترمن خەمی ئەوەم بوو کەئەوخزمانەی خۆمانم جیاکردەوەو ویستم فریایان بکەوم.

ئێوە لەهەموو کەس باشترئەو رۆژی حەشرەتان بینیوەولەناو وەزعەکەدا بوون تصورتان چیی بوو پێتانوابوو چی لەوخەڵکە دەکەن.؟

نەك من کەس لەوبروایەدانەبووئەوەی رویدا روبدا

**نزیکترین خزمەت کێیە لەوانەی ئەنفالکراونو تۆ تەسلیمت کردوون ؟**

ئامۆزاکانم

**داراش ئەنفالکرا ؟ یان چارەی خۆی کرد ؟**

ئەنفالکرا

**بێجگە لەخزمەکانی خۆت ئەوانەی تەسلیمت کردوون هیچ جۆرە ناخۆشیەک نیزاعێکت لەگەڵیاندانەبوو .؟**

ئەبەد

**ئەی حەمەوئەوان کە کتابی ئیستخباراتت بۆ کردبوون چۆن ئەنفالکران..؟**

من خزمیکی زورم هەبوو بشبەحاڵی خۆم نەم ئەمزانی چارەنوسی ئەوخەڵکەچی ئەبێ.. بەڵام هەرئەترسام بۆیە بەچەند کەسێکمان ووت ئێوە لێرە بمێنن هەتا بزانین ئەمانە چیان بەسەردێ. کەهاتینە ئیستخبارات ئیفادەیان سەندن لەگەڵ محمدو ئەکبر ناوێکیان گێرامەوە بولای جماعەتەکەی تر.(ئەکبر ئێستا ماوە، کەئیفادەی تەواوبوو ووتی: من ئەچم بۆماڵ خزمێکمان دوایی دێمەوە، چوو بوماڵ خزمەکەیان تاکو ئێمە گەڕاینەوە بۆکوڵەجۆ خەبەریان پێمدا کە امر ئیستخبارات ئەڵێت باکەسی ترنەهێنی خۆی بێت..کە گەڕامەوە چووم بولای ووتی: ئەمن کردویانەتە سەرمان ئەڵێن استخبارات بۆی نیەهیچ کەس بەنادیەن تەسلیم بکاتەوە. ئەوانە ئەبی بدرێنە دەست ئێمە بەڵام ئیستخبارات

ئیفادەوکتـــــــابی نادیمەنەکــــــەیان لەگەڵیانـــــــدا نـــاردبوو (کەئەمانــــە عشـــــائیربوون پەیونـــدیان بەاســـــتخباراتەوە هـــەبووە): پــێ ووتم هەرکەســـێ ترمــــاوە مەهێنـــــە باخۆیـــان بشــــارنەوە تــــابزانین وەزعەکــــە چـــۆن ئـــەبیت، دیــــاربوو بەفـــەرمانی علــی حســن مجید دائــیرەی ئــەمن سەرپەرشــتی عەمەلیاتی ئــەنفال بکــات، ئــەوان بــەرپرس بــوون دوایــش دەرکــەوت راســت بــوو ئــەوەی ئــەمن پشـــتگیری بکردایـــە نەئـــەگیرا خـــەڵك هـــەبوو لەوکاتــــەدا تەســـلیم بـــوو لەئـــەمنی ســـلیمانی ناردیانــــەوە بــۆ ماڵــەوە پێشـــمەرگەی رەمیش بـــوو، خـــەڵکیش هـــەبوو بەئـــەمری ئـــەمن لـــەکرکوك گەڕایــــەوە لەبەرئـــــەوەی ســــەربەخۆیان بـــووە ئێستاش ماوە لەگەرمیان دائەنیشیت..

**ئـەو جماعەتــەی لەجەوڵەکــە بــوون چـیان لــێ بەسەرهات ؟**

چــوم بۆلایــان ١٥ کــس بــوون ووتم مــام عــزیز وەزعەکـــە خراپـــە هەرلەوجەوەلانـــــە خۆیـــان شــــاردەوە ئــــیتر بـــەکوڕێ ئــــامۆزای خومانـــدا خواردنمـــان بۆیـــان ئـــەنارد هـــەتا عافواتەکـــەی ١٩٨٨ ئینجــــا چــــووم ئەوانیشـــــم هێنایـــــەوەو تەسلیمم کردنەوە.

**ئێســتا کەســوکاری ئەوانــەی تەســلیمتکردوون هیچ سکالایەکیان لەسەرتۆ هەیە..؟**

ئەوانــەی وا تەســـلیمم کـــردن هەنـــدێکیان خـــانووی خـــۆم بۆچـــۆڵکردبوون‌وداڵدەمـــــدابوون، حـــەیوان‌و ماڵاتیـــان هێنـــاوبـــۆم فرۆشـــتن، هـــەتا وەزعیـــان بـــاش بـــوو، هـــیچ کێشـــە لەنێوانمانـــدا نـــەبوو تـــا ســـاڵی ٢٠٠٦ یـــش ئــــەم دواییـــە کێشـــەی کۆمەڵایـــەتی کەوتـــە بەینمانـــەوە ئێســـتە لەســـەرم ئەنوسن.

**سکالایان هەیە لەدژی تۆ ؟**

نا

**مـادام وایــە بۆچــی ســڵ لــەدادگایی کردنــی جاش‌و موستەشارەکان دەکەیتەوە ؟**

ئێســــــتا سێسەدوپەنجاهەزارچـــــەکدار بەشــــــداری ئەنفالی کردووە.

**زیاتریش**

زیــــاتریش لـــەوەکیل‌و موختـــارو ئەمانـــە حســـاب ناکــەین، بــەڵام بۆچـــی لـــە کوردســـتان تـــەنها تــــەرکیز کراوەتــــە سەرچــــەند کەســــێك ..؟ ئەگـــەر ئەمەکێشەی کۆمەڵایەتی‌و شەخصی نیە ؟

**بــەڵام مــن هەســـت دەکــەم تــۆ وادەزانــی تەرکیز هەرلەسەرچەند کەسێکە ؟**

وانیـــە ئـــەوەی کـــە لەجەریـــدەو ئەنتـــەرنێت لەســـەری دەنوســـرێ هەرچـــەند کەســـێکە.. مـــن نمونـــەت بـــۆ دەهێنمــــەوە محمــــودی حــــاجی حەمــــەجان خـــۆی‌و مــــاڵو منـــــداڵی ئـــــەنفالکراوە ئێســــتا کراوەتــــە ئەنفالچــــی ئــــامۆزای دایکمــــە، مەلاحســـــەن خـــۆی‌و مــــاڵو منــــداڵی لـــەنوگرە ســــلمان گەراونەتـــەوە ئێســـتا نـــاوی بـــەوە هاتووەتـــەوە یــــەکێك لەئەنفالچــــییەکانە..؟! ئـــەو بۆخـــۆی ئـــەنفالکراوە ئێترچـــۆن ئەنفالچـــییە ئەمـــە راســـتە.؟ حــــاجی رەفعـــەت رەئیســـی تـــەرخانی بووخـــۆی لەنوگرســـــلمان بووخێزانەکەشـــــی ئـــــەنفالکراوە جــارێکی تــر لەکــەرکوك گیرایــەوە ئەمــە بۆچــی ئەنفالچـــییە ؟ موختارەکــــەی زەرایـــــەن خــــۆی خەڵکی رزگارکردووە بۆچی ئەنفالچییە ..؟

**باشــــە تـــۆ تۆمـــەتباریت‌و نـــاوت هەیـــە بۆناچـــــیت لـــــەدادگا ئـــــەم راســـــتیانە روونبکەیتەوە ؟**

مـــن کـــەی بانگیـــانکردم بۆدادگـــا بابچـــم، کـــەی رۆژێـــك لـــەرۆژان ووتوویانـــە تۆئامرســـریە بوویـــت

تـا بچم كاكـە مـن ئـامر سـرییەك بـووم خـۆ موستەشار نەبووم.

**خەریكـــــە گفتوگۆكـــــەمان چـــــردەبێتەوە تۆدەڵێیـت بـانگ نـەكراوم تابچم ئـەی نـاوت لەلستی دادگادانیە..؟**

ناوم لە قایمەكەیا هەیە.

**مـن نـەمزانیبوو كـەناوی تـۆ لەقایمەكەدایـە ژمارە چەندی لەو لیستەدا ..؟**

جارێك هەیەوجارێك نیە هەرجارەی ژمارەیەكە

**شتی وانیە دەبێت ژمارەیەكت هەبێ**

هـــــەرجارەی بـــــەجۆرێك بلاودەبێتـــــەوە. مـــــن رۆژنامـــــەی هـــــاولاتی دەخوێنمـــــەوە ئـــــەمجارە ١٢٩یەو جارێكیان ١٠٧ بوو.

**نانـا مـن بـاس لەراگەیانـدن ناكـەم بـاس لەولیســتەدەكەم كــەدادگا داوای كــردوون .**

**مـن یــەكێكم لــەو كەســانەی نــاوی تــۆم بلاوكردووەتــــەوە، بــــەلام خــــۆمن نــــەتۆم ناســــیوەونەشمزانیوە رۆژێــــك روبــــەروت دەبمـەوە، چـۆن نـاوت دێـت ئـاواش دەتـوانی داكـۆكی لـەخۆت بكـەیت.. بـەلام تاوانبـاریو**

بێتاوانیتان دادگا یەكلای دەكاتەوە.

بەڵێ

**ئێستا ئەگەردادگا داوات بكات دەچیت ..؟**

مـن هـەر كاتێـك بـزانم دادگایـەك حەقانیـە دەچـم، نەیشزانم حەقانیە ئەوە شتێكی ترە.

**جـا دادگـا دادگایـە حـەقانیو ناحـەقانی پاساونیە.**

ئەم دادگایەی ئێستا سیاسیە.

**ئـەی بـۆ لێبوردنەكـەی بـەرەی كوردسـتانی سیاسی نەبوو ؟ ئەی بۆ بەوەرازی بووی ؟**

سیاسیە بۆچی پەشیمان دەبنەوە ؟

**جـا كـوا پەشـیمانبوونەتەوە.؟ ئەوەنیـە داڵدەی جاشەكانیان داوە ..؟**

من نالێم سەركردایەتی پەشیمان بووەتەوە

**یارمـەتیم بـدە مادەیـەك هەیـە لـە باسـاكە ئـەو لێبوردنـە گشـتیە هەڵدەوەشـێنێتەوە، لـە بەرئـــەوەی تـــاوانی ئـــەنفالو تاوانـــە گـەورەكانی تـری لـەو جـۆرە لێبوردنانـە گـەورەترە، ئەگـەر ئـەوان بەراسـتی لـە ئێـوە بـوراون دەبێـت پێتـان بڵـێن كـە ئێـوە لـەدادگا كێشـــەتان هەیـــەوخۆتان بچـــن یـــەكلایی بكەنـــەوەوچـــونكە ئێمـــە نـــاتوانین كـــاری نایاسایی قبوڵ بكەین.**

باشـــە بۆچـــی نـــاتوانن رەئیســـی حكومـــەتو رەئیسی هەرێم كوردنین..؟

**نـەحێر بـەپێی ئـەو یاسـایەی بـۆ تـاوانی جینۆسـاید هەیــە، لــە توانــای ســەرۆكی دەوڵەتیشـدا نیـە تۆمـەتبارانی بپـارێزیو سزاكانیان سوك بكات .**

ئـەی بۆچـی بەرلـە ئینتیفازەكـە بـە ئێمـەیان دەگوت براچەكدارەكان (نەیان دەگوت جاش)

ئەوەیان سیاسەتە ئەوە پەیوەندی بەدادگاوە نیە

ئـــەی كەوایـــە باهـــەمووی پێكـــەوە بنێـــرن بۆدادگایەكی نێودەوڵەتی فەرموو من دەچم.

**تـۆ لەسـەرەتاوە باسـی ئـەوە بـۆمن دەكـەیت كـــەبێگوناهیتوخـــەلكت رزگـــاركردووە، كەچـی كـە دێتـە سـەردادگا پاسـاو دەهێنیتەوەودەتەوێت نەچیت؟**

ئـــاخر دادگاكـــە حەقیقـــەت نیـــە .. ئەگـــەر حەقیقەت بێت دەچم

**ئـەی منـیش هەقمـە گومـان لـە هـەموو قسەوپاسـاوێك بكـەم، ئـەی كـەهیچ لـەخۆت شـك نابـەیت بۆچـی ناچیـت ؟ باشـەكێن**

**ئەوانـــەی لـــەداگا یـــاخی دەبـــن و ناچـــنە بەردەمی ؟**

مـــن دەچـــم ئەوکاتـــە کەمـــەجبوربووم دەچـــم ؟ نالێم ناچم دەلێم سیاسیە.

**باشە پرسیارێک دوبارە دەکەمەوە ؟**

فەرموو

**چەند سکالآت لەسەرتۆمارکراوە ؟**

هەتا ئێستا هیچ.

**ئـەی بۆچـی سـڵ لـەدادگا دەکەیتـەوە خـەڵک سکاڵاشـی لەسـەرێت سـڵ لـەدادگا ناکاتـەوە تـــەنها ئەوانـــە لـــەدادگا دەترســـن کـــە تاوانبارن.**

ئاخرئێســـتا لەگـــەڵ جەماعـــەتێك خزمـــی خۆمـــان موشکیللەم هەیە.

**ئێنجـــا خۆحـــوکمی دادگاکـــە بەدەســـت خزمەکانی تۆوە نیە.**

نالەوانیـــە بچـــم و ئـــەوان شـــایەتی بـــدەن کـــەمن ئەنفالچیم .

**ئـەی مـادم خـەڵکت رزگـارکردووە چـەند کەس دەلێن ئەنفالچی نیت ؟**

لەوانیـــە لـــە صـــمودا پێـــنج ســـەد کـــەس هـــەبێ کشایەتیم بۆ بدەن بلێن ئەنفالچی نیە.

**ئێباشـــە بـــا کەمینەیـــەکیش بلـێن ئەنفالچییە ؟ خـــۆ دادگـــا بریـــار لەســـەربەڵگەوحەقیقەت دەدات.**

بائـــەوەش بلـــێم خـــۆ ئەوانـــەی ئـــەلێن ئەنفالچیـــە رەنگـــە بەپەنجـــەی دەســـتێك بـــژمێردرێن بـــەلآم ئایـــا دادگـــا گـــوێ لەوانـــەش دەگـــرێ کـــە دەلێن ئەنفالچی نیە ..؟

**کـــاک تایـــەر مـــن بـــاس لـــەدادگاو یـــەکلایی کردنـــەوەی راســـتی دەکـــەم ئەگەرشـــتێک نـــاوی دادگابێـــت هـــەموو مـــافێکی داکـــۆکی کردنت بۆدەستەبەر دەکات.**

ئەگـــەر وابـــێ نـــەك جارێـــك هـــەزارجار ئامـــادەم بچـــمە بـــەردەمی دادگـــا مـــن ئەگـــەر دادگـــا گـــوێ لەوکەســـانەش بگرێـــت کـــەرزگارم کـــردوون بـــروام پێیەتی..

**دادگـــا مـــافی خۆیـــەتی بـــەوردی هەلسـوکەوت بکـات ئەنفالچـی هەیـە زیـاد لـە پـەنجا کەسـی تەســـلیم کـــردووە، مەفرەزەخاصـــە هەیـــە بەدەســـتی خـــۆی زیـــاد لەکەســـێکی کوشـــتووە ئایا تۆ کەست بەدەستی خۆت کوشتووە ؟**

نەخێر قەتلم نەکردووە .

**ئـــەی باشـــە هەیـــە پـــەنجا کەســـی ئـەنفالکردووەو دەلێـت مـن بێتـاوانم، یـەکێکی تـریش پـەنجای ئـازادکردووەو هـەردەلێت بێتـاوانم ئـەی ئێـوە مـاف نادەنـە ئەودادگایـە راستیەکان یـەکلایی بکاتـەوە..؟ باشـە ئەگـەر بێتـــاوانی تاکـــەی قایـــل دەبیـــت لەگـــەڵ تاوانبـــاران لیســـت بکرێیـــت ..؟ بـــۆ ناچـــیتە بـەردەمی دادگـاو خۆتـان لـەوان جیابکەنـەوەو رێزی هاوڵاتیەکی بێتاوانتان بیگەرێتەوە. ؟**

باشـــە کاکـــە چـــەکدار هەیـــە دوودوو ســـێ ســـێ وچوارچوارپێشـــمەرگەی کوشـــتووەو بەعەلـــەنی کوشـــتوویەتی ئـــەی ئـــەمرۆ بۆکـــەس نـــاوی نـــاهێنێ ..؟ ئەگـــەر ئەمـــە عـــەداواتی لەپشتەوە نیە .

**مـــن لەگـــەڵ تـــۆم ئەگـــەردادگابێت دەبێـــت بۆتاوانبـــاران بێـــت و قـــەرەبووی ئەوانـــەش بکاتـــەوە کـــەناویان زراوەو ســـبەی بـــێ گونـــاه دەردەچـــن.. راگەیاندنـــەکانیش هەقـــە ئـــەوە لەبەرچاوبگرن و لایەنداری نەکەن.**

باشەلەکوردستان سێسەدو پەنجا هەزار چەکداری کورد هەبوو خۆلانی کەمەکەی دووسەد هەزاری پیاو خراپ بووە، خۆ هەمووی ئیمامی عەلی نەبوو لەنیوانیاندا من یەکێك لەپیاوخراپەکانم خۆ هەمووی هەرفریشتە نەبووە. ئێ بۆچی لەناوئەوهەموو خەڵکە هەر بیست کەس دیارە.

-باشە ئەگەرخواکردی و رۆژێك هەموو تاوانبارانی ئەنفال چوونە بەردەمی دادگا تۆ پێت وانیە ئەمە بۆ خۆت باش بێت ئەگەر بێ تاوان بیت..؟ لەوە باشترنیە هەموو رۆژێك ناوت لەناو لستی تاوانباراندا بێت ..؟

با بشەرتێك قورئانخۆری ناهەقی تێدا نەبێ، خۆ ئەگەر کەسێکیش توانی بیسەلمێنی من پێشمەرگەم کوشتووە بەئەنقەست خەڵکم ئەنفالکردووە بەپێی خۆی نەهاتووە بەنیەتێکی پاکەوە بۆ رزگارکردنم نەبردووە.. ئەوە خۆئێمەش مردنێك هەرقەرزارین وبادادگا بریاری خۆی بدات. بائەوەش بلێم خەڵك هەیە کەئێستا بەمن دەڵێت ئەنفالچی ئەوکاتە بۆخۆی چی بۆ مفەوزخالید دەکردوخۆی چی هەبوولەگەڵ ئەودا..؟من ناوی ناهێنم بەلام کە ئەم مقابلەیە بلاوبێتەوە خۆی ئەزانێ کێ دەڵێم

**من پرسیارێکم ماوە**

فەرموو ؟

**هۆی چی بوو تۆ بەلێبوردنی بەرەی کوردستانی رازی نەبوویت وچوویتەوە بۆ بەغدا .؟**

وەلامی ئەوەش ئەدەمەوە من لەبەغدا نەبووم لەجلولا بووم لەساڵی ١٩٩١ تا مانگی ٦ ساڵی ١٩٩٢ لەکەلاربووم، لەراپەرینیدا یەکەم ئاربیچی من ناوەمە بەکوپەیتەرەوە لەکاتی رزگارکردنی کەلارئەم بەریزانە هاتنە مالم لەریگای حەمەی کویخا قادر ئاوەکەڵەوە (حامید حاجی خالید، ملا احمد دسکرە،شیخ جعفر ) چەند بەرپرسێکی تر لەوێوە چوون بوکفری لەلای کەلار کۆن، گەیشتم بەچەند کەسێك یەکیك خۆی ناساند ووتی: من سردار ناوتاقیم ئەبی لەگەڵ مندا بیت منیش پێموت: لەگەڵ کاك حامید وملا احمد دسکرەم بولای کەس نایەم لەدوای ئەوقسانە رقی لێم هەڵگرت ، چەند جاریك لەدەربندیخان تەقەیان لێمکردولەکەلار هاتنە سەرمالم و ورقەیان ئەخستە سەرسیارەکەم هەرەشەیان لێم ئەکرد ..جەماعەتی سردا ربوون بەلام خەلکی کەلاربوون، رۆژێك لەتونێلەکەی دەربندیخان سردار لەگەڵ جماعەتەکەیدا وەستابوو سوپری ٨٢ی سپی پێبوو منالەکانم لەگەلدابوو ووتی: راوەستە، وەستام، ووتی: دیوربکەرەوە بەرەوکەلار بۆتۆ مەمنوعە لەم تونیلەوە هاتووچۆبکەی توخوا هەرکەسێ تربێ ئیسرائیل دالدەی بدات ناچی بولای..؟ ئەوکەسانەی ریگایان لێم ئەگرت، مفرزەیەك بوون عائدی ئەوبوون دوانیان کەلاری بوون رۆژێکی ترلەناو دەربەندیخان چواردەوریان گرتم ئێوارە بووعلی حاجی عبداللە فقی فریام کەوت، ووتی: چیتان هەیەلەگەڵیدا ؟ ناتوانن ئەم پیاوە بکوژن، وتیان: کاك سردار ووتوویەتی ئەو زەلامە بکوژن. لەدوای ماوەیەك کاغەزێکیان ئەخستە سەیارەکەمەوە هەرەشەیان تیا ئەنوسی، بەیانیەکیان سەعات شەش هاتن وتیان وەرە لەکۆمیتە بانگت دەکەن ئێ کوا سەعات شەش کۆمیتە دەوامی

هەیـــــــەء؟ ..ئەگەرمەبەســــــــتیان کوشـــــــتنم نـــەبێ.ســـــەعات ٩ چـــومەلای کـــاك صـــلاح ئەوکاتـــە ئـــەو بـــەرپرس بـــوو خـــۆمم پـــێ ناســـاند ووتـــی: ئیمـــە ئاگـــادارنین ئەوانـــەش هـــاتوون عائدی ئیمەنین

**ئـــەم کێشـــەیە پەیوەنـــدی بەئـــەنفالو کەسوکاریانەوە هەیە ؟**

نەهیچ پەیوەندیەکی بەئەنفالەوە نەبوو.

**ئـەوەی مـن بەدوایـەوەم تـەنها تۆمەتباریتـە لەسەرئەنفال.**

ئـــاخر تـــۆ پرســـیارتکرد بۆچـــی ڕۆیشـــتوویتەوە بۆبەغـــــــــدا ، خۆدەبێـــــــــت بــــــــــۆت ڕونبکەمەوەولەسەرچی ڕۆیشتمەوە.

بەڵێ فەرموو

ئـــیتر چـــووم بـــۆلای کـــاك عـــادل شـــوکور ومـــام صـــالح ومامۆســـتا علـــی هەرســـێکیان مـــاون پێمـــوتن: ئـــەوە وەزعـــی منـــە وەرەقـــە ئەکـــەن بســـەیارە کەمەوەهەرشـــەم لێدەکـــەن مامۆســـتا علـــی ووتـــی ئەگـــەر ئـــەیانوێ بتکـــوژن تـــۆش بیانکوژە.

**ئەمە مامۆستا عەلی ووتی ؟**

بـەڵێ، ووتم مامۆسـتا عـەلی مـن کـەس نـاکوژم ودوانیـــان خـــزم خـــۆمن، دســـتم ناچـــێتە خـــوێنی کـــەس. چـــووم بـــۆلای محمـــود بیکیســـیو دوان ســـیانێ تـــر ڕەوانـــەیانکردم تاســـەیتەرەکەی کفـــری ئیترچـــووم بـــۆ جەلـــەولاو لـــەوێ دوکـــانێکم داناودەســـتم کـــرد بەتایـــە فرۆشـــتن .ئـــیتر خـــەریکی کاسبی بووم

**یەعنی نەبوویتە ئیستخباراتو چەکدار ..؟**

نەچەکداری چی خەریکی کاسبی خۆم بووم.

**ئیستخبارات نەبووی.؟**

جـــا گـــوێ بگـــرە ســـاڵی ١٩٩٥ لـــەوە دوا ووتیـــان ئەوانـــەی کـــوردن نابێـــت لێـــرە بـــژین یـــان ئـــەبێت بچـــن بـــۆ ڕومـــادی یـــان بۆحلـــە. یـــان ئـــەبێت ببیتـــەحزبی ووتم : بابـــە مـــن لـــەحزبی وشـــت نـــازانم من تەنها چەکداری ئەزانم.

**ئەی پێشتر بەعسی نەبوویت ؟**

نـــەخیرحزبی نـــەبووم، ئـــیتر تـــا ســـاڵی ٢٠٠٢ مـــن ئاوامـــامـــەوە دوایـــی شـــتێك هـــات پێیـــان ئـــەوت مەکرەمـــــــــەی ســـــــید الـــــــرئیس پلـــــــەیان بەرزدەکردیتـــەوە بەتایبـــەتی بـــۆ ئـــەو کوردانـــەی هاتبوونـــــەخوارەوە وەکـــــو هانـــــدانێك ئینجـــــا ویســـتیان بمکەنـــە(عـــەزو فرقـــە)ووتم کاکـــە مـــن ســـقافەی حـــزبیم نیـــەو مـــن نـــاتوانم ئـــەوە بکـــەم جەماعـــەتێك لـــەوێ بـــوون وتیـــان بـــرا تـــۆ مەســـئولمان بیـــت باشـــترە ئیمـــە یارمـــەتیت ئـــەدەین دوایـــش کرامـــە ســـکرتێر جمعیـــەی فلاحـــی سـلیمانی .. هەفتـــەی ڕۆژێـــك امـــر ســـیترە حـــزب بـــوم لـــەجلولا ئـــەوپیاو و ژنانـــەی ئـــەهاتن بـــۆ کاســـپی هەنـــدیکیان کســـوکاری ئـــەنفال بـــوون، بەهـــەزاران کـــەس ڕۆژانـــە ئـــەهاتن ..بـــڕۆ لەکـــەلار بپرســـە بزانـــە کـــێ لـــەو ســـەیتەرەیەی جەلـــەولا کـــاری کـــردووەو تایـــەری وەسمـــان یارمـــەتی نـــەداوە..؟ بڕوابکـــە لەهەفتەیەکـــدا ٢٠٠٠کـــەس لـــەکفری صـــمود دەربەنـــدیخانیش دەهـــاتن مـــن یارمەتیم داون وهەمووشیان دەزانن..

**کارەکانیان چی بوو ؟**

قاچیغیان دەکـرد ، باشـە ئـەی خـۆ ئەوانـە دەهـاتن هەنـــدێکیان کســـوکاری ئـــەنفال بـــوون زۆر جـــار ئەمانەوبـــەپیاو ژنـــەوە شـــەو لـــەماڵی مـــن ئـــەبوون هاوکاریـــانم کـــردووە ئـــەی ئەوکاتـــە بـــۆ ئەنفالچـــی نـــەبووم..؟ هـــەموویان منیـــان ئەناســـی ومنـــیش زۆریـــانم ئەناســـی بـــەلأم مـــن نـــەك یـــەك ودوو

بەهەزارانیان هاوکاریم کردوو، فەرموو برۆ کامێرایەك دابنێ پرسیاربکە بزانە یەك کەس لەوانە دەبینی من هاوکاریم نەکردبێ.ئەگەروانەبوو .ئەوکاتە دیارە من راستم نەکردوە ..ئەگەروانەبوو خراپترین کەس بم لەکەلاردا نەك هی ئەوان تەنانەت من فیشەکیشم ناردووەتە ئەمەدیووەوە خۆ بۆ پێشمەرگەم نەناردووە لەجیشەکەم کریووەو هەربەپارەش رەوانەی ئەمەدیووم کردووەتەوەوپێم فرۆشتوونەتەوە .

**کاک تاهیر وەک رۆژنامەنوسێک بۆ من گرنگە بزانم تۆ تاچەندە راستگۆیت، چونکە جیاوازیەکی زۆر لەنیوان تێوەگلاوێکو ئەنفالچییەکو جەلادێکدا هەیە..چۆن دلنیابم لەوەی کە تۆ تێوەگلاوی نەک ئەنفالچیوجەلاد (قاتل) بوویت**

من ئێستاش دوبارەی دەکەمەوە لە کەلاردا سورِ دەخۆم هەموو کەلاریش دەزانن تایەر وەسان کێیە، چەکم پێنیە، چەقۆیەکیش هەڵناگرم، ئەوە دەلیلە لەسەر ئەوەی خۆم دەناسم کە هیچ خراپەیەك لە خۆمدا شك نابەم، بەلاّم نایشارمەوە ئێستا من کێشەیەکی کۆمەلاّیەتیو سیاسیان بۆ دروستکردوم هیچی تر

**بۆچی هەنگاوێک ناهاوی ؟**

چییە ئەوە ؟

**خۆت دەرگایان بۆ بکەرەوەو پێیان بڵێ بچن سکالاّت لەسەر تۆمار بکەنو ئەوکێشەیە یەکلایی بکەرەوە، تۆ دەستپێشخەری بکە لە دادگایی کردنی جاشەکاندا لە خۆتەوە دەست پێبکە .**

من زۆرم پێخۆشە کێ شکاتی هەیە بچیت شکاتم لێبکات بەلاّم بە نیەتی پاكو بە زەمیرەوە من دەچم .

**تاچەند زەمیرت مرتاحە کە منداڵەکانت بەهۆی جاشایەتی تۆوە ئازاری ویژدانی دەکێشن؟**

ئەوان لەجاشایەتیا نەخیر بەلاّم شانازی بەچاکەوپیاوەتیی منەوە ئەکەن کەیەکی ئەڵێ باوکت چاکەی لە گەڵماداکردوە...

**ببورە من ئەو مافەم نیە پرسیار لە سەر پیاوەتیو ناپیاوەتی کەس بکەم من قسەم لەسەر رەفتاری جاشایەتیە .**

نەخیرخۆشم شانازی بەجاشایەتی ناکەم بەلاّم لەسەرە تا باسم کرد هەرکەس بەشێوەیەك ئەکەویتە ناوسیاسەتەوە ئیتر بەهەرشێوەیەك بوبێت، زورکەسیش شورشگێربوو کوردییشی دەکوشت لەپێناوی ئەو سیاسەتەی کەدوای کەوتبوو.. بەلاّم من وەك تاکەکەس جەکداری حوکمەت بووم. حزبی کوردیش هەبوو بەوەکالەت شەری بۆ بەعس ئەکرد ناوی (جبهەی وگنی) لەخۆی نابو لەساڵی ١٩٧٥ شورشی کوردی هەرسپێهێنا، هەندی لەلایەنگرانی ئەوان داوای دادگای جاش ومستشارەکان دەکەن کە خۆیان جاش بوونو ئێستا خۆیان بەنوێنەری ئەنفال دەزاننو لەم حوکمەتەی کوردستان نارِازین ﴿ شاخی گۆلان﴾ شایەتە سەدان پێشمەرگەی تیا شەهید بوو، ئەی هەرجاش و مستشارنەبوو بەپشتیوانی جەماوەر توانیان کوردستان رزگاربکەنو بشتی حوکمەتی بەعس بشکێنن . ئێستاش دەیلێمەوە هەرکەسێك لەسەرم دەنوسێ بابێت بەناوی خۆیەوە لەسەرم

بنوسـێو چـی راسـتە ئـەوە بلێـت نـەك كێـی گەرمیانیو كێی زەنگنەو نەزانم كێیە .

**وەڵامی تۆچیە بۆپرسیارەكەی من**

نـا هـەرگیز شـانازی بـە جاشـایەتی منـەوە ناكـەن خۆشـم شـانازی پێـوە ناكـەم هەڵەیەكـەو كردوومـە، بـەڵام ئـەویش زروفێـك بـوو باوەرناكـەم جـارێكی تردووبـارە ببێتـەوە. لای منـەوە دوبـارە نابێتەوە.

به هیوام دوباره نەبێتەوە .

## قسەی قوربانیان :

هەرییـك لەحەمـەی عـەزە شـانەو جـەلال فـارسو عـەتا محەمـەد رۆغزایـی: لەپەیوەنـدی تەلەفۆنیـدا: ئـەوەیان پشتراسـتكردەوە كـەتاهیر وەسمـان لـەوەزعێكی زۆرنارەحەتـدا فریایـان كـەوتووەو رزگـاری كـردون، عـەتا ١٠كـەس لـە خانەوادەكـەی لەوانـە دایـك بـاوكی ئـەنفالكراون لەسـەردەمی ئەنفالـدا لـەماڵی تایـەری وەسمـان دالـدەدراوە، جـەلال فارسـیش دەڵـێ: ئێمـە ١٥ كـەس بـووین لەوجەولانـە لـە دوای ئـەنفال لـە وەزعێكـی خراپـدا بـووین تایـەری وەسمـان هاوكـاری كـردینونـانو غەرازیشـی بۆمـان دەنـارد، ئەوەشـی ووت كـە تاهیركـاتی خـۆی زۆرپـێش ئـەنفالیش چـاكەی بەسـەرمەوە هـەبووە، كـە ئـەو نەبوایـە ئێسـتا تـەرمی باوكمـان نـەدەزانی لەكوێیـە، كـە بـە بەیانناەمـەوە گیرابـوو، ویسـتبویان لـە بەعقوبـە گوللـەبارانی بكـەن بـەڵام بـاوكم رایكردبـوو كوشـتبویان، ئینجـا تەرمەكـەیان بردبـوو بـۆ خانـەقین ووتبوویـان ئێرانیمـان كوشـتووە، زۆر بەنارەحـەتی تەرمەكـەی وەرگرتـەوە. مـن ئـەوەی لەسـەرمە ئەوەیـە بڵـێم كـە تـاهیرە چـاكەی زۆری لەگـەڵ ئێمـەدا كـردووە، ئـیتر لەگـەڵ كـێ خراپـەی كـردووە دەتـوانێ راسـتیەكەی بلێـتو ئـەویش خراپەی باس بكات.

هەرچـی حەمـەی عەزەشانەشـە لەسـاڵی ١٩٨٢وەوە پێشـمەرگەیە، لـەكاتی ئەنفالـدا فەرمانـدەی مـەفرەزە، بـووە ئـەویش جـەخت دەكاتـەوە كـە لەئەنفالـدا تـا دوافیشـەك شـەریانكردووەو دواتـر گـیراوەو تایـەر عوسمـان ئـازادی كـردوون، بـەجۆرێك كـە ئیسـتخباراتەكە لـەداخا گۆچـانەكەی كردووەتـەملم. بـەڵام سـەرباری ئەوانـەش هەنـدێك لەكەسـوكاری ئـەنفالكراوەكان ئامـادە نـەبوون لـەبارەی تایـەری وەسمانەوە قسەمان بۆ بكەن.

بـەڵام بەپێچـەوانەی ئەمانـەوە هەرلـەم ژمارەیـەدا عـەلی تاكـە دەربـازبووی گونـدی بنەكـەی خەپەكوێر بـەخراپی باسـی رۆڵـی ئـەم فەرمانـدەی سرییە دەكات .

# د. مکرەم تاڵەبانی :

# نامەیەکم دەربارەی ئەنفال دایە صدام بەنیازم بڵاوی بکەمەوە .

دیدار : عومەرمحمەد

پاش ئەوەی بیستم (د.مکرم تالەبانی ) چووەتە لای صدام حسین بۆ دەربازکردنی، ئەنفالکراوێك ئیتر کەوتمە سۆراخکردنی ئەوەی کە داخۆ کێ ببێتە رایەڵەی پەیوەندی نیوانمان، چونکە من وای بۆچووم کە ئەو چیرۆکە شێخ حسێنی هەزارکانی بێ، سەرئەنجام کاك محمد مێرگەسووری بوو بە ئەلقەی پەیوەندی نیوان منو دکتۆر مکرەم تاڵەبانی.

رۆژێکی مانگی ١١ / ٢٠١٠ زەنگێکی نەناساراوم بۆ هات، ئەویش مێرگەسۆریی بوو بێگومان منەتباری کردم بەوەی کە زۆر بەپەرۆشەوە بەپیر داواکەی منەوە هات لەبری ئەوەی ژمارە تەلەفۆنی خۆی بداتە هاورێ سوارە ئەو ژمارە تەلەفۆنی منی وەرگرتبوو، بۆ خۆی پەیوەندی پێوە کردم، ئیتر ئەوە بوو دەمەو عەسریکی درەنگ وەختی رۆژی (١٢/٢٢ ) پێکەوە چووینە ماڵی د. موکەرەم تالەبانیو ئەم دیدارەمان سازکرد.

لە بەرئەوەی هەم خۆیو هەم هاوسەریشی گوێیان گرانە، پاشئەوەی لە دەرگای دەرەوە پاسەوانی ماڵەکەی پێشمانکەوت، ماوەی خولەکێکیش زیاتر لە بەر دەروازەی ژوری میوانەکەیان راوەستاین، تا گوێیان لێبوو دەرگاکەیان بۆ کردینەوە. دکتۆر مکرەم تاڵەبانی تەندروستی تەواو نیەو دڵی بەجیهاز ئیش دەکات، پێویستە زۆر دەنگ بەرز بکەیتەوە ئینجا گوێ بیستت دەبێو وەڵامت دەداتەوە، کەچووینە ژوری میوان، هەرپاش یەکتر ناسین من



کامیرام دامەزراند، بەڵام هەر لە وەڵامی یەکەمین پرسیاردا ئەوە رون بووەوە ئەوەی من بەسۆراخییەوە بووم " شێخ حسێنی هەزارکانی" نەبوو، بەڵام چیرۆکیێ:ە هاوشێوەی یەکترن، بەهەرحاڵ دواتر کەوتینە پرسیار لەسەر ئەنفال وئەم دیدارەی لێکەوتەوە.

**کاک دکتۆر من بۆیە هاتووم بۆلات، بەسۆراخی چیرۆکی ئازایەتی پیاوێکەوەم کە لەئەنفالی سێدا گیراوەو تۆ بۆی تێکەوتوویتو چوویتەلای صدام بۆ بەردانی دەکرێت بزانین ئەو مەسەلەیە چۆن بووە ..؟**

ئەو پیاوە کوێخا برایم بوو لەدێی ( هەرچەندی کرد ناوی گوندەکەی بیرنەکەوتەوە ) چاکەی بە سەرمەوە بوو، خزمەتی زۆری پێشمەرگەی شیوعیەکانی کردبوو، کە شیخ عەتای برام بەرپرسیان بوو، ئیتر هاتەلام، ووتی: کورەکەم گیراوە بەڵکو هەولێکم بۆ بدەیت. منیش هەستام چووم بۆلای صدام ناوی کورەکەی کوێخا برایم پێدا، صدامیش سکرتێرەکەی بانگ کرد ناوەکەی دایە دەستی ووتی: لەژێر زەویش بێت بیدۆزنەوە . پێموووت ئەوکورە بۆیەلەوناوچەیە ماوەتەوە عایدی منەو بەودا نامەم ناردووە، مراسل بووە لەنیوان منو حیزبەکاندا، ویستی بچێتە کفری دابنیشێ بەڵام من نەمهێشت، وتم هەرلەوێ بمێنەرەوە

.. ئیتر ئەوە بوو لە ماوەی دووسێ رۆژدا کورەکە یان دۆزییەوەو بەربوو .

**لەکوێ بەربوو ..؟**

لەنوگرە سەلمان بوو ، بەڵام ژن و منداڵەکانیان نەدۆزییەوە رۆیشتن‌و تێدا چوون.

**ئەوکورەی کوێخابرایم کە ئازادت کرد ناوی چی بوو ..؟**

ناوی هیدایەت بوو .. هیدایەتی کوێخا برایمی قەواڵی (لێرەدا ناوی گوندەکەی بیردەکەوێتەوە) هێنایان بۆ ماڵی ئیمە هەرخۆی بوو ئیتر پرسیم ئەی ژن‌و منداڵەکەی ووتیان بەخوا ئەو شوێنانەی ئەم سجنانەی لێیە هەمووی گەڕاوین نەمان دۆزیوونەتەوە ..(ئەمە زۆر پرسیار هەڵگرە چونکە ئاستی مەترسیداری کۆمەلکوژیەکەی گەرمیان دەستپێشخەری لەکۆڵکردنەوەمان پیشاندەدات )

**ئێستا ئەو کاک هیدایەتە لەکوێ دەژی ؟**

ئەوە کۆچی دوایی کردووە، نەماوە .

**جا ئەو ئەڵقەی پەیوەندیتان بوو لەگەڵ حزبەکوردستانیەکاندا ..؟**

نەخێر هیدایەت پێشمەرگەی حزبی شیوعی بوو .. شێخ عەتای برام ئامر بەتالیون بوو لەگەڵ شیوعیەکاندا ئیتر ئەوە بوو کەباوکی هیدایەت هاتەلام ئاوای ووت. بەڵام باوکی جارجا نامەی بۆ دەبردم بۆلای مام جەلال و نەوشیروان .

**ئەی کەسی تر شک نابەی هەمان چیرۆکی هەبێ لەسەروەختی ئەنفالدا ؟ مەبەستم ئەوەیە بەواستەی کەسێکی وەک تۆ چووبێتە لای عزەت دوری‌و صدام‌و بەربووبێ...؟**

نا، بەڵام رواداوێکم بەچاوی خۆم بینی هینی ئەنفال .. رۆژێك لەبەغدابووم ماڵمان لەگەرەکی ( حی ملوك ) بوو چووم نان بکڕم مەکتەبی زات سلاسلی پێدەلێن ئیبتیدائی بوو لەوێ بینیم کۆمەڵێك ئافرەت پیاویان لەگەڵدا نەبوو تەنها عەسکەریان لەگەڵدا بوو ئۆتۆمبیلێکیان پێبوو ..

**ببورە عەسکەرەکان جلی چۆنیان لەبەردابوو .. مغاویری یان هەر جلی جەیش بوو ؟**

ئەوەندە دیقەتیانم نەدا ئۆتۆمبیلێکیان هێنا ژنێك‌و پیاوێکی تێدا بوو لەگەڵ کچێك. هەتا ئۆتۆمبیلەکە ( ژمارەکەی هەولێر) بوو دیار بوو ئەوانە لەخانەوادەیەکی (متمکن) دەوڵەمەند بوون، ئیتر ژن و کچەکەیان هێنا پاڵیان پێوەنان بۆلای ( کۆمەڵە ژنەکەی تر ) ئەوانەی لای ( مکتب ژات السلاسل) دیاربوو ئەوکۆمەڵەی تریان پێشتر هێنابوو، کچەکە دەگریاو لەخۆی دەدا منیش کە ئەوەم دی چووم بۆلایان ووتم: ئەوە لەخوا ناترسن ئەو ژنانە ئاوا لێدەکەن عەسکەرێکیان ووتی : ئەمانە ئەنفالن فەرمانی حکومەتەو دەبێ ئیعدام بکرێن.

**چەند ئافرەت بوون..؟**

هەروا دە، دوانزە کەسێك دەبوون.

**ئەی تەمەنیان لەدەوری چەندا بوو ؟**

وەڵاهی ئیتر ئافرەت بوون تەمەنیان هەبوو، گوندنشین بوون .

**ئەو عەسکەرەی کەتۆ چوویتە لای چی بوو، بەرپرس بوو یان هەر عەسکەری ئاسایی ؟**

نازانم بەڵام عەسکەرێك بوو زۆر هەوڵم لەگەڵیدا، ووتی بابە حکومەت منیش ئیعدام دەکات .

**جۆر و ژمارەی سەیارەکەو ڕەنگی چۆن بوو ..؟ ئەوەی بەژن و پیاوەکە بوو ژمارە هەولێرەکە ؟**

ژمارەکەی نازانم، سۆپەرێکی ڕەنگ ڕەساسی بوو . ئەوەندە دەزانم ژمارە هەولێر بوو.

**ئەمە مانگی چەند بوو ؟**

وەڵا لەدەوری مارس و حوزەیران بوو .

**ئەی تۆ خۆت پێ نەناساندن کە بلێی من کەسایەتیەکم دەتوانم صدام ببینم ..؟**

عەسکەرەکان لەمنەوە دووربوون هەرئەوە بوو . دیار بوو پێشتر هێنابوویانن لەپشت مەکتبەکەوە خێمەیان هەڵدابوو دەیانپێچایەوە.

**دکتۆر من بۆ سۆراخی شێخ حسێنی شێخ کاکە حمەی هەزارکانی هاتم بۆ لات ئەویش چیرۆکەکەی وایە ..هیچ لەو بارەیەوە نازانی ؟**

نایناسم من ناوی شێخ حسێنی هەزارکانیم نەبیستووە . با شتێکت بۆ بگێرمەوە، هەروا چەند رۆژێك لەمەو بەر کاغەزێکیان هێنابوو لەژێر دەرگاکەماندا فرێیاندابوو،من نایناسم لەنامەکەدا نووسیویەتی من (هوشیار بەرزنجی)م قەرزاری دکتۆر مکرەم تالەبانیم لەبەرئەوەی لەساڵی ١٩٨٩ منی لەمردن رزگارکرد ، کە سجن بووم ئێ من نایناسم لەخزمەکانم پرسی ووتیان نایناسین.

**خۆت بیرت نەماوە ؟**

نەوەڵا بیرم نەماوە ئەوەندەشم خەڵك رزگارکردووە ..

**کە ئەنفال بوو تۆ تەصوری چیت دەکرد لەسەر ئەو پەلامارانەی بەعس ؟**

لەچی ناحیەیەکەوە ؟

**مەبەستم ئەوەیە ئایا تۆ هەستت دەکرد ئەو هەموو خەڵکە بکوژرێ ..؟**

من بروام وایە لە ٩٩٪ی بەعسیش نەیدەزانی ئەو تاوانە ئەنجامدراوە صدام کۆمەڵێکی تایبەتی هەبوو ئەو کارانەیان دەکرد زۆر بەنهێنی ئەو کۆمەڵکوژییەیان کردبوو.

**هیچت لەبارەی ئەنفالەوە لە صەدام نەپرسی ؟**

رۆژێك لەگەڵ تارق عەزیزدا بووە دەمەقاڵەمان، پێمگووت: کورد چۆن لەگەڵ ئێوە راست بێت کە ئێوە ژن و کچەکانیان بەخلیج بفرۆشن.. کورد چۆن لەگەڵ ئێوەدا ساغ دەبێتەوە..؟ ئەویش چوو بوو ئەمەی بە صەدام گوتبوو، رۆژێك تەلەفۆنیان بۆکردم ووتیان ئۆتۆمبیلێکت بۆ دەنێرین سەرۆك داوات دەکات . منیش چووم ئەمەپاش لێدانەکانی جەنگی کوێت بوو، لەرێگا دەمبینی هەرچی کۆشك و خانوو بوو روخا بوو، لەدەغەلێکدا بوو چوار ژوور بوو دروستیان کردبوو، صەدام لەوێ دانیشتبوو، نەختێکی پێچوو صدام هات کورەکەی لەگەڵدا بوو (قوصەی ) صدام وتی: وات ووتووە ؟ وتم بەڵێ ووتوومە، ووتی بەڵگەیەکی مەلوسم دەدەیتێ ؟ کە ئەمە راستە..؟ چۆن ئەمانە دەرکراون و براون بەکوێت و خلیج فرۆشراون ؟ ووتم بەڵێ هەرکە بەغدا بۆمبارانکرا من منداڵەکانم برد بۆ سلێمانی و عەینەن رۆژ گەرامەوە بۆ بەغدا..لەگەرانەوەمدا گوێم لەکوردێك بوو لەگەڵ شۆفێرەکەدا قسەی دەکرد کوردەکە بەرگی سەربازی لەبەردابوو (خەتێکی عەریف) بە قۆڵییەوە بوو، ووتی: ئێوارەیەك لەبرسان چووینە مالێك لەکوێت ..سەرەتا ووتمان ئێمە کوردینو دسەڵاتمان نیەو بەزۆر هێنراوین بۆ سەربازی ژنی ماڵەکە زۆر بەخولق وخۆ وە پێشوازی کردین و هەر بەزمانی کوردی ووتی بەخێربێن.زۆر سەرمان سورما کە ژنەکە کوردە، ئیتر هەروا خەریکی خواردن کردن بوو کەپیاوەکەش هاتە ژوورەوە ژنەکە ووتی: منیان لەعەمەلیاتی ئەنفال هێناوە و فرۆشتوویانمە ئەم پیاوە. کابراش ووتی ئەوە راستە من بەپارە کریوومە بەلاّم من ئیسلامم‌و لەسەر شەریعەتی ئیسلام چووم لەمحکمە مارەم کردووە و ئێستا خێزانمەو منداڵم لێی هەیە، هەرکاتێکیش کەس‌وکاری پەیدابوو ویستیان بیبەنەوە دەسەڵاتم نیە، هەتا ووتی دراوسێکەشمان هەروا ژنێکی کوردە. ئەمە سەربازەکە دەیگێرایەوە هەتا ئەوەندە بە بڕواوە باسی دەکرد ناوی

گوندەکشی دەهێنا ووتی خەڵکی (عەلەیانە)[١١] ( من خەڵکی عەلەیان دەناسمو تەنانەت ئەو ماڵەش دەناسم کەخاوەنی ئەو کچەن- دکتۆر موکەرەم)

**تۆ ئەمانەت بە صەدام گووت؟**

ئەمانەم پێگوت هەتا ئەوەشم پێگوت کەمن گوندەکەش شارەزام و عائیلەی کچەکەش دەناسم. صدام ووتی بۆم بنوسە، ئیتر نوسیم و دامپێی . صەدام زۆر بەلایەوە نامۆ بوو چونکە ئەو لەناوچەیەکدا گەمارۆی دابوون و دەیویست بەنهێنی هەمووشتێك بڕێتەوە ئیتر چۆن ئەمانە دەربازبوونو فرۆشراون،هەتا لەمحکەمەکەی ئەنفال کابرایەك باسێکی وای کرد .

**بەڵێ دەیناسم کاک عەبدولخالق، خەڵکی کفری بوو.**

پارزێزگارەکەی موصل تاهیر ئەلعانی باسی ئەوەی کرد ووتی: من ئاگام لێی نەبووە و بەمنیان نەگوتووە کە ئەو خەڵکە دەهێنین لەوێ لەپارێزگاکەی تۆ دەیانکوژین. هەتا لەمحکمە

ووتی: بچن لەمکرەم تاڵەبانی بپرسن بزانن من پیاوێکی خراپم یان باشم..؟ ئەوەشی ووت .

**ئەی تۆ چ دەڵێی تاهرعانی پیاوێکی باش بوو ؟**

وەڵا پیاوێکی خراپ نەبوو . ئیتر خۆ صدام لایدا .

**من دەمەوێ پرسیارێک بکەم، ئەو چیرۆکەی لەسەر ئەو ژنانە بۆ صەدامت گێڕایەوە تۆ خۆت باوەڕ دەکەی؟**

بەچی باوەڕ بکەم ؟

---

[١١] عەلەیانکوندێکی ناوچەی گەرمیانەو سەربەناحیێی تیلەکۆیە، ئەو گوندە خەڵکێ:ی زۆری ئەنفالکراونو حەمە عەلی یەکێکە لەودەربازبوانەی لە قەراعی گۆرێکی بەکۆمەڵ رایکردوهاتەوە بۆ کوردستان . لە ژمارەی پێشووی ئەم ساڵنامەیەدا باسێ:ی لەسەر ئەو دەربازبووە تیدایەو لەم ژمارەیەش باس لە ژیانی کراوە.

**کە بەعس بەد ڕەفتاری وای کردبێ ؟**

ئا .. باوەڕ دەکەم. هەر ئەو ژنانەی من بینیمن لەبەغدا عسکەر بردیانن خۆ چیان پێیە سجلاتیان پێ نیە ؟ ڕەنگە شتی وایان کردبێ .

**بەلام بەڵگەنامەیەک هەیە لەسەر کۆمەڵێک ژن کە فرۆشرابن ..تۆ نەتبینیوە ؟**

هیچی ؟

**باس لە فرۆشتنی ژنانی ئەنفال دەکات .**

ئەوەم نەبینیوە، من ئەوە دەزانم کە ئەو عەسکەرە گێڕایەوە.

**تۆ چی تر دەربارەی ئەنفال و بەعس دەزانی ؟**

وەکو چی ؟

**هەرچییەک دەربارەی بەعس و ئەنفال بێت، چیت لایە بۆم باسبکەیت؟**

مەسەلەن لەگەرمیان فەتاحی کەریم بەگی جاف هەبوو ڕەئیسی جاش بوو ڕوتبەیەکی عەمیدیشی بەسەرشانەوە بوو ئەفسەری ئیستخبارات بوو، هات سوێند و قورئانی خوارد بوو بەخەڵکەکەی گوتبوو ئێوە ورنە سەرجادەکە هیچتان بۆ نابێت من سەرۆك بەڵێنی پێمداوە (صەدام خوا وە دیاری سەرییەوە بێ) هەتا هەموویانی هاوردە سەرجادە و هەموویانی بردوو تەسلیمی کردنو نەهاتنەوە.

خوا وەدیاری سەرییەوەبێ مەبەست لە (حفظە اللە) کە یە؟

ئا ئا حفیزووولا . خوا بەدیار سەرییەوە بێ .. جا ئەوە (بە پێکەنینەوە) صەدام ناردمی بۆ لای مام جەلال و کاك مەسعود گەڕامەوە یەکێك لەجافەکان ڕەفیقم بوو حەمە سەعید جاف، ووتیان ئۆتۆمبیلەکەی دەعمی کردووە لە خەستەخانە بوو، منیش چووم بۆلای هەموویان دانیشتبوون سەردار جاف و فەتاح و ئەمانەبوون باسیانکرد ووتیان ئینشاء اللە چوونەکەت خێری تیابێ .. فەتاح هاتە

تەنیشتمەوە دانیشت دەستی کردە قسە: ( بەخوا قایدێکی تاریخیە خوا وە دیار سەرییەوە بێ و ئەم قسانە) منیش ووتم: ئەری فەتاح بسە ئەگەر مەبەستتە ئەم قسانە بگەیەنمە صەدام بەخوا لەم ژورە دەرناچێت. دەزانم مەبەستت ئەوەیە ئەم قسانە بگەنەوە بەصەدام .

**ووتت فەتاح بەگ ئەفسەری ئیستخبارات بوو ؟**

من لە وەزارەتی رەی بووم رۆژێك سكرتێرەكەم هات ووتی: زابت ئیستخبارت فەتاح كەریم هاتووە بۆلات ، منیش ووتم ئەگەر فەتاح بەگە با بێت بەخێربێت ئەگەر زابت ئیستخباراتە بانەیەت، من ئیشم بە ئیستخبارات نییە.. كەهاتە ژوورەوە ئەو بوو منیش ووتم : جابۆ بە ناوی خۆتەوە نایەیت؟ ووتی: بۆ ئەوەی دوام نەخەن ئەگینا من ئیستخبارات نیم.

**دكتۆر من نامەوێت لەبەر باری تەندروستیت زۆر پرسیارت لێبكەم ئەگینا من پرسیارم زۆرە ..**

نانا ، قەیناكە وەڵامت دەدەمەوە .

**لەراستیدا من هاتم بۆ سۆراخی ئەو كەسەی كە چووەتەلای صەدام بۆ ئازادكردنی شێخ حسینی هەزاركانی ؟**

وەڵاهی من ئەو شێخ حسێنە ناناسم .

**ئەی ناتوانی هاوكاریمان بكەیت بزانین كێ بووە چووە بۆلای صدام؟**

دەپرسم بزانم چۆن بووەو ئەوكەسە كێ یە.

**دەكرێت بزانم دەربارەی ئەنفال چیترت لەگەڵ صەدام باسكردووە..؟**

نامەیەكم بۆنوسی (و یسألونك عن الأنفال) ئەوە ناونیشانی ئەو نامەیەیە كەبۆ صەدامم نوسیوە ئەوەم لە قورئانەوە وەرگرتووە، نامەیەكی درێژە هەتا لەو نامەیەشدا باسی فەتاح بەگم كردووە كە سویندی بۆ خواردوون بێنە سەرجادە و هیچیان بۆنابێت كەچی فرێیاندانە ناو سەیارەی عەسكەری‌و بردنیان بۆمردن.

**ئەی صەدام وەڵامی نامەكەی دایەوە ؟ .**

نا وەڵامی نەدامەوە .. فەتاحیش ئەوەتا ئێستا لەكەلار دانیشتووە .

**هیچ پەیوەندیتان پێكەوە هەیە؟**

نا پێشتریش هیچ پەیوەندیەك لەنێوانماندا نەبووە، بەڵام لەگەڵ مستەفا بەگی برای لە سەرەتایی پێكەوە بووین‌و دوایی رۆی بووە پێشمەرگەو دوایی رۆیی بۆ ئێران‌و دیسان هاتەوەو ئینجا ئەمر خوای كرد.

**بێجگە لە صەدام، لەپێشەوایانی بەعس لەگەڵ كێی تریان نێوانت هەبوو ..؟**

وەڵاهی تارق عەزیز ئەلقەی پەیوەندی من و صەدام



بوو، كە دەهاتمەوە بۆ كوردستان‌و دەگەرامەوە بەوم دەگوت هاتومەتەوە یا ئەی گوت سەرۆك داوات دەكات یان دەیگووت: چی بووەو چییان وتووە بۆمان بنوسە. لەگەڵ عزت دوری نیوانمان خراپبوو .

**بۆچی ؟**

چونكە وەزیرم بوو، منیش پشكنەری گشتی وەزارەت بووم، جارێكیان لەسەر پرۆژەیەك نێوانمان تێك چوو، ئەو بەعمل شعبی كردبووی كە راپۆرتەكەم بینی رەتمكردەوە، نوسیم ئەمە

سەرکەوتوونیە. ئیتر لەسەرئەوە ڕقی هەستا هەتا ڕۆژێك بووە دەمە قاڵەمان، ڕۆیشت بۆ مجلس وزەرا بروسکەیەك هات بمگوازنەوە، ئیتر من شتەکانم پێچایەوەو ڕیشتمەوە بۆ ماڵەوە، نەچووم بۆ ئەو شوێنەی ئەو بۆی دیاریکردبووم، ئیتر نێوانمان زۆر خراپ بوو، دوو.. سێ جار ئەحمەد حسن بەکر ئاشتی کردینەوە سودی نەبوو. نێوانمان هەروا مایەوە. هەر نەمدەبینی بەڵام کاتێك کە لە١٩٩١ هێرش کرایەوە سەر ئێرە لە حەویجە بینیم خەریکی هێز کۆکردنەوە بوو هێرش بکەنە سەر سلێمانی ئیتر هەر ئەو جارە بوو نەمبینیەوە..بەڵام لەگەڵ تەها جەزراوی پەیوەندیم هەبوو.

**ئەو کاتەی کە ئەنفال دەستی پێکرد، قەت هەوڵت نەدا صەدام ببینی یان هەوڵێک بدەی هەڵمەتەکە رابگیرێ ..؟**

ئەی نەمگوت نامەیەکم بۆ صەدام نووسیووە ؟ کاغەزێکم بۆ نوسیووە کاغەزەکە هەیە ( لە عینوانەکەیدا نوسیوومە: ( بسم الله الرحمن الرحیم واژا الموودە سویدە، بای ژنب قُتِلت) نوسیومە جەنابی سەرۆك لەخوا ناترسی سبەینێ بەرامبەر خوا دەوەستی و جواب دەدەیتەوە. بیستووتە لەمێژوودا سەرۆکێك بەم توندوتیژییە، ڕەفتار لەگەڵ میللەتی خۆیدا بکات) ؟

**ئەو نامەیەت ماوە ؟ چۆن دەکرێت کۆپییەکم دەست بکەوێ ؟**

ناردوومە بۆ چاپ

**چۆن صەدام ئەمەی لێ قبوڵ کردی ..؟**

وەڵا هەندێك جار ناکۆکی بووە لەنیوانماندا بەڵام صەدام لەبەرئەوە لێمی قبوڵ دەکرد، پێچ و پەنام نەبوو، هەتا لە ساڵی ١٩٧٩ کۆبوونەوەیەکی دوور و درێژ لەنیوان من و صەدامدا بووە بۆئەوەی لەنیوان بەعس و حزبی شیوعی چاو خشاندنەوەیەك بکرێت و پەیوەندیەك دروست ببێتەوە، بانگی کردم ئەو خۆی ووتی: ئیمە تۆمان هەڵبژارد لەبەرئەوەی پێچ و پەنا ناخەیتە گفتوگۆکەوە و دەتوانیت پێمان بڵێیت چیتان ئەوێت، منیشیان هەلبژارد لەبەرئەوەی ئێوە دەزانن من چەندە قسەم دەخوا لە ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا.

**من مەبەستێکم هەیە دەمەوێ بزانم صەدام کە زۆر لە هاوڕێیانی خۆی لەحزبدا کوشت، زۆر پێشەوای سەربازی کوشت، چۆن ئەم مامەڵەیەی تۆی قبوڵ دەکرد ؟ بۆچی لەگەڵ تۆدا نەرم بوو ؟**

ئاخر ئەزانی بۆچی نەرمبوو ..؟ لەبەرئەوەی پێچوپەنام لەگەڵ نەدەکرد. جارێکیان لەکۆبوونەوەیەکدا صدام تورە بوو پرۆژەیەك بوو من ڕایەکی ترم هەبوو لەسەری ئەو بە تورەییەوە ووتی: قابیلە هەموو مجلس وزەرا بەپرۆژەکەی تۆوە خەریك بکەین ..؟ منیش توڕبووم فایلەکەم فڕێدایە سەرمێزەکە و وتم: قابیلە خۆخانوو بۆماڵی باوکم دروستناکەم، بۆ ئەم ولاتەیە.. ئیتر تورە بوو کۆبوونەوەکەی بەجێهێشت . منیش دووسێ کۆبوونەوە نەڕۆیشتم، من پێچ و پەنام لەگەڵ نەدەکرد ، هەتا کاغەزێکی بۆ من نوسیووە، وەڵا دوسێ کاغەزن ئێستا وا لەلای مام جەلال و ئەوانن (کتێبێکە بەتەمان بۆم چاپ بکەن) ئەو دەڵێت کوردەکان مەبەستی حزبە کوردستانیەکانە دوای ئەوەی ئێران جەنگی دۆڕاند ئینجا دێن داوای ڕێککەوتن دەکەن، منیش ووتم نەخێر. بۆم نوسی نەخێر . ئەوان لەپێش ئەوەی ئێران تەنازول بکات ئامادەبوون گفتوگۆتان لەگەڵ بکەن، ئێوە نەتان کرد..

ئەمە تۆ بۆ صەدامت نوسیووە؟

بەڵی لەکاغەزێکی تردا بۆی نوسیووم دکتۆر موکەڕەم دەبێت (ئەمین) بێت لە گواستنەوەی

راستیەکان و ڕوداوەکان چونکە ئەمانە بەڵگەیان لەسەرهەیە، منیش لە کاغەزێکدا بۆم نوسیووە بەڵێ من ئەمینم لەگواستنەوەی قسەدا، بەڵام جەنابتان دەتانەوێت من پابەندیتان پێوە بکەم من بەخواوە نەبێت پابەند نیم بەکەسەوە، خەڵکێکی زۆر پابەندن بە تۆوە، چ پێویستتان بەپاندی من هەیە، خەڵکی پابەند هەموو چواردەوریان گرتوویت. بریارمداوە لەخوا بەولاوە پابەندی کەس نابم.. ئینجا لەکاغەزێکی تردا لێبوردنی نوسیبوو.

لەراستیدا من بۆ سۆراخێکی ترهاتبووم بەڵام پرسیارەکان شۆڕیانکردینەوە ناو باس وخواسی تر بۆیە ناچارین پرسیاری تر بکەم..؟ پێتوایە سەرکردایەتی کورد بەرپرسیارێتی ئەنفالی دەکەوێتە ئەستۆ ..؟

ئەوەیان خۆیان دەبێت (تقدیر)ی بکەن من "هێن"ی ناکەم .. من شتێکی تر باس دەکەم جارێکیان لەساڵی ١٩٩١ دا کەهاتنەوەو بووە گفتوگۆو درێژەی کێشاو دوایی هیچ نەکرا، چوومە لای صەدام پێی گوتم : ئەوان بەگیانێکی پۆزەتیڤەوە نەهاتن بۆ گفتوگۆ، پێمگوت ئیجابیەت لەوە زیاتر چیە سەد و هەشتا و ئەوەندە هەزار کوردتان لەئەنفالدا کوشتووە . پێنج هەزار کەستان لە هەڵەبجە کوشتووە، مەسعود بارزانی کە سەرۆکی وەفدەکەبووە سێ برایەت کوشتووە، (عوبیدیلا و سابیر و لوقمان ) هاتوون لە بەرامبەر عەلی حەسەن مەجید دانیشتوون .. ووتم، وەڵا من بوومایە دانیشتنەکەم بەجێدەهێشت و گفتوگۆم نەدەکرد. ووتی: عەلی حەسەن مەجید ڕۆڵی نەبینیوە تارق عەزیزو عەزەت دوری وەفدی سەرەکی بوون، هەتا من بەکاك کۆسرەتو مام جەلالیشم گووت نەدەبوایە عەلی حەسەن مەجید قبوڵ بکەن وەفدی حکومەت بێت.

تۆ قەت لەگەڵ عەلی حەسەن مەجید روبەروو دانیشتوویت؟

قەت نەمبینیووە (بەپێکەنینەوە) هەر لە مەحکەمەکە لەتەلەفزیۆن بینیم . بەڵام یەکجار بەتەلەفۆن قسەم لەگەڵدا کردووە . ئەویش ئەوەبوو برازایەکم جارێکیان مدیر ئەمن بانگی کردبوو جنێوی پێدابوو ووتبووی مامت رای کردووە بۆ مۆسکۆ و باوکت چووەتە لای مخربین (منیش لەبەغدابووم و براکەشم بەرێوەبەری شارەوانی کفری بوو ) ئیتر ئەمەم پێگوت ئەویش تەلەفۆنی بۆکرد بوو ئیتر مدیر ئەمن برازاکەمی بانگ کرد بوو داوای لێبوردنی لێکرد بوو.

**پێتوایە درەندەیەتی بەعس لە ئەنفالدا هۆکارێکی سەرەکی شکستی گفتوگۆی ١٩٨٣و هاوپەیمانیتی حزبەکوردیەکان بوو بێت لەگەڵ ئێراندا ..؟**

وەڵاهی مەسەلەی سیاسی هەندێك جار تەنازولاتی تێدایە، بەڵام نابێت مەسەلە بنەرەتیەکە لە بیر بکەن

**تۆ زۆر جار وەفدی نیوان کورد و بەعس بوویت، نیازەکانی صەدامت چۆن دەبینی، داخوازیەکانی سەرکردایەتی کورد لەچ ئاستیکدابوو ..؟**

کە راپەرینەکە بوو هەموو شارەکانی کوردستان گیرابوون، کەرکوکیش لە مەترسیدا بوو، صدام منی بانگ کرد ، ووتی: ئێمە دوو شتمان دەوێت یەکەم نەدەبوایە ئەوان بهاتنایەتە ناوشارەکان .. بائەوان لەچیاکان بونایەو ئیمەش لەشارەکان، دووهەمیش نەدەبوو رێگای نێودەوڵەتی ئیبراهیم خەلیلیان بگرتایە ئەوە کەلوپەل و پێداویستی گەلی لێوە دێتە عێراق .. پێیان بلێ ئەو رێگەیە نەگرنو هەندێك پالاوگەی نەوتمان ماوە لە کەرکوك لێنەدراوە، پێیان بلێ رێگە بدەن بەکاریان بهێنین بۆ پێداویستیەکانی

ناوخۆ .. ئیتر من هاتم بۆ کوردستان بۆ ئەو مەبەستە.

**هێشتا خەڵک ئاوارە نەبوو بوون؟**

نا..نا، هێشتا خەڵك لە شارەکاندا بوو .. کەهاتم لە رێگە بینیم هێز کۆدەکەنەوە نزیکە ٢٥٠ دەبابەو ١٥٠ تۆپیشم ئەژمار کرد، عەسکەرێکی زۆریان خڕ کردبووەوە کە هاتمە حەویجە تەماشام کرد ٥٠ دەبابەیەك لایانداوە لە نێوانیاندا دۆشکاشیان دانابوو، لەپردەکە پەڕیینەوە من برازایەکی خۆمم لەگەڵدا بوو، عەسکەرێك هات ووتی: ممنوعە نابێت لێرەوە بڕۆن منیش خۆم پێناساند ووتی: بەڵێ بەخێربێیت بەڵام پێشەوا دەیەوێت بتبینێت، کەچووم (بارق عەبدوڵا حاج حنتە) بوو، ووتی بەڕێز جێگری سەرۆك دەیەوێت بتانبینێت .. عزەت دوری بوو دیار بوو زۆر لێیەوە دوور نەبوو تەلەفۆنی کرد بەهەمووی پێنج دەقیقەی نەبرد هاتەلامان، ئیتر باوەشی پێمدا کرد ووتی لەبەغدا یەکتری نابینین، منیش بەگاڵتەوە پێمگوت: ئێمە لەوەزارەتێکدا یەکترمان نەدەبینی...، بەهەرحاڵ ووتی: تۆ دەڕۆیت بۆ باکور ئێمە کەرکوك دەگرین، لە گەڕانەوەدا ئەگەر زانیت لێرەوە شەڕە، لەرێگەی موصڵەوە بڕۆرەوە ئێمە عەلی حەسەن مەجید ئاگادار دەکەینەوە کەلەوێوە رێگەت بۆ بکاتەوە ئەو بەرپرسی ئەو قۆڵەیە. ئیتر هەرچۆن بوو گەیشتمە سلێمانی (عومەر فتاح و نێچیرڤان و ئەمانەم بینی پێشیانم ووت هەتا نەخشەکانیشم بۆکردن ١٦ ساروخی ئەرز ئەرز دامەزرابوو.. ووتم ئەوە حاڵەکەیە ئیتر پەیوەندیان بەمام جەلالەوە کرد لە زاخۆ بوو، ووتی: ئەگەر پەلەتە وەرە بۆ دهۆك ئەگەر پەلەشت نیە، بمێنەرەوە دووسێ رۆژ چاوەڕێ بکە دێمەوە، من چاوەروانم نەکرد پەلەم بوو چووم بۆ دهۆك لەوێ بینیمن.

**کێ‌وکێت بینی؟**

مام جەلال‌وکاك مسعود و نەوشیروان بوو، کەریم ئەحمەدی حزبی شیوعی بوو، رەسوڵ مامەندیش بوو مسعود زۆر معتدل بوو ووتی: ئەو شەڕەی کردمان لەسەرەتاوە هەڵەبوو، زۆرجەختی لەمن دەکرد بە زوترین کات بگەڕێمەوە بۆ بەغدا، ئەمان ووتیان: ئامادەین بۆ گفتوگۆو بێین بۆ بەغدا، بەڵام جفرەیەکیان داپێم ووتیان ئەگەر وەزع لەبار بوو بەو شفرەیە پەیوەندیمان پێوە بکە، ئیتر کە گەرامەوە ویستم لەرێگەی ئاسکی کەڵەکەوە بگەرێمەوە شەڕ بوو ، تۆپ باران بوو بە هەزار حاڵ پێچمانکردەوە ئیتر کە گەرامەوە بۆ بەغدا پێشتر چوو بونەماڵەوە وتبوویان هاتووەتەوە یان نا..؟ کەگەیشتم تەلەفۆنم بۆکردن، ووتم: هاتوومەتەوە ، بەڵام جیهازێکم بۆ بنێرن جفرەیەکیان داومەتێ بۆ ئەوەی پەیوەندییان پێوە بکەم، بۆئەوەی وەفدیان بێت، ئیتر جیهازەکەیان بۆ ناردم " غاندی محمد حسن دزەیی" هات ئەوسا نائیب مدیر عام بوو، ووتی : جفرەکەمان بدەرێ نامەیەکمان هەیە بۆ مسعود بارزانی دەنێرین: منیش ووتم: وەڵا مسعود بارزانی جفرەی نەداومەتێ بیدەم بە مخابەراتی عێراق چۆن جفرە دەدەم بەئێوە ..؟ ئیتر ووتی: من باوکم رەفیقتەو تۆ من ناناسیت ؟ ئیتر هەندیك پرسیاری کرد و رۆیشتن‌و سەعاتیکی پێچوو ئینجا خۆی‌و مدیرعامی کۆشکی کۆماری هاتن دوبارە داوای جفرەکەی کردەوە وتیان: سید رەئیس بۆخۆی داوای دەکات ووتم: بەخوا سەید رەئیس بۆخۆی بێتە ئێرە نایدەمێ .. ئیتر رۆیشتنەوە ئەمجارە هاتنەوە ووتیان سەرۆك سەدام داوات دەکات‌و دەڵێت بێت بۆلام: ووتم ناتوانم بەخوا نەختێکی تری پێچوو هاتەوە ووتی: سەید رئیس دەڵێت قەیناکا ئەمڕۆ بەرۆژووە سبەی بێت بۆ لام بۆ سبەی چووم بۆ لای، هەر بۆ خۆی گووتی: هەڤالان زۆر نیگەران بوون لەو قسەیەی کە وتووتە ئەگەر سید رەئیس بێت

من جفرەکەی نادەمێ ، من پێم ووتن ناهەڤاڵان بی تاقەت مەبن ئەوە ئامانەتێکی لایە (جفرەکە) نایدات بە کەس لەبەرئەوەی کەسێکی ئەمینە.. ئەگەر ئامانەتی ئیمەشی لابێت نایدات بەوان ..

**وەفدەکە هاتن بۆ گفتوگۆ ؟**

ئا.. کە هاتن وەفدەکەیان بەهێز نەبوو.

**کاتەکەی لەبارنەبوویان وەفدەکە بەهێزنەبوو؟**

وەڵا مستەوایان وانەبوو هەرچەندە لەوەش بەهێزتریان نەبوو هەرچەندە جارجار خۆشیان مام جەلالو کاك مەسعود و کاك نەوشیروان و دکتۆر محمود عوسمانیش دەهاتن .. بەلام بۆ نمونە لەوە نەدەچوو مەسەلەی کەرکوکیان کردبێ بە ئەساس . نەوشیروان لەمنی پرسی ئەگەر هاتو وەزارەتیان دا بەسەرماندا چی هەڵبژێرین باشە.. ؟ هێشتا هیچ نەبوو لە سەرەتای گفتوگۆدابون منیش ووتم: وەزارەتی چی ئێوە باسی کەرکوك بکەن، کەچی ووتی: ئینجا کەرکوك چی کردووە بۆکوردستان؟ ئێمە لەسەری بووەستین ؟ ووتم کاك نەوشیروان کەرکوك بەقەد هەموو کوردستان قوربانیداوە ئەگەرئەنفال ١٨٠ کەس بن ١٥٠ هەزاری لەلیوای کەرکوکە . وەفدی کورد ئاوا بوو سەرئەنجامەکەشی ئەوە بوو هیچ نەکرا



**مام بەکرقادر جەلەمۆردی :**

## کە لە نوگرەسەلمان بەریاندایـن، بەرپرسێك پێی گوتین بچن بە تەپاڵە خانوو بکەن، زەوی نادەین بەئەنفال.

بەداخەوە مام بەکر جەلەمۆردی هەمووی چەند رۆژێك لە دوای ئەم دیدارەوە کۆچی دوایی کردو فریای بینینی ئەم ژمارەیەی ئەنفالستان نەکەوت ئێمە وێرای پرسەو سەرەخۆشیمان بۆکەسوکاری ماتەمینی خۆشمان بۆ کۆچی مام بەکر رادەگەیەنین و بە نوسینەوەی چیرۆکی ئەم مرۆڤانە رێز لەژیانیان دەگرین و بەرپەرچی ستەمکاری و دلرەقی دەدەینەوە.. چونکە مەرگی مام بەکر پێمان دەلێت: لەگەڵ مردنی هەرکەسێك لەم قوربانیانە زیاد لە چیرۆکێکیشمان دەچنە ژێر گڵ .

مام بەکر پاشئەوەی منداڵەکانی ئەنفالکران ماوەی دسال بەتەنیا مایەوە ئینجا هاوسەرگیری کردووەتەوە. جگەلە" گوڵباخ نامیق محمد "ی هاوسەری ١٠ منداڵیشی ئەنفالکراون، کچەکانی ( گلاوێژ، گولزار، زارا ، کوێستان، کابان، چنار، بنار، نیگار، کورەکانیشی محمدو رێباز). بە قسەی مام بەکر بەرلە ئەنفال جەلۆرد ١٣٠ ماڵی تێدابووە، ئەوش بەوەدا دەزانێ کە خێریان کردووە، ١٣٠ بەشەخێریان داناوە بۆ بەخشینەوە. هەرچەند ئەو دەلێت گوندەکەمان ١٨٠ کەسی ئەنفالکراوە، بەلام لەراستیدا ئەو گوندە ٤٧٥ کەسی

ئەنفالکراوە. لەبارەی رۆژی پەلاماری گوندی جەلەمۆردەوە مام بە کرووتی: ئێمە لەماڵی سەعات دەوری چواربوو لەماڵی خۆمان دانیشتبووین، مەلایەك خەڵکی ئێرە بوو لە مامليێسی هات ووتی کیمیایی لە گۆپتەپەی داوە بەخوا سبەی سەرەی ئێوەشە ، ئێمەش جەلەمۆردمان چۆڵکرد چووینە ئەو هەلەتانە نزیکەی چوار پێنج شەو ماینەوە، ئیتر خەڵکێکی زۆری برینداری گۆپتەپە هاتنە ئێرە، خزمەتمان کردن هەتا شیرەکەیان دەخوارد باشتر بوون، ٥ رۆژی دوای ئەوە جەیش گەیشتە سەرمان، ئێمەش کە گیراین هێنایانین بۆ ئێرە، جاشی دێیەکەی خۆشمانیان لەگەڵدا بوو، ئامرەکە بەجاشێکی گووت ئەوەی خزمی خۆتە جیای بکەرەوە، ئێمەیان بەسەیارەی زیل بارکرد بردیانین بۆ تەقتەق شەوێك لەوێ ماینەوە، بۆ رۆژی دوایی بردیانین بۆ تۆپزاوا، سەعات شەش لەوێ دایانگرتین، لەوێ جیایانکردینەوە، گەنج بەجیاوپیر بەجیاو ئێمەیان نارد بۆ تۆپزاوا، لەوێ هەموومانیان لێکجیاکردەوەو ئێمە پیرەکانیان برد بۆنوگرەسەلمان ماوەی شەش مانگ بە رەزالەت ژیاین، نەنامنان هەبوو نەئاو، ژەمی یەك سەمونی بچوکیان دەداینێ بەخوا ئەگەر چایەکمان دەستبکەوتایە لە قوتودا بە پاگەتی جگەرەو ئاغزەجگەرە لێمان دەنا، ئەویش زۆر کەمبوو جاری واهەبوو ئەفسەرەکە دەهات شەقی تێهەڵدەداو لێی دەڕشتین.

ئەوەی هەتا ئێستاش لەیادەوەری مام بەکردا ئازار بەخشە ئەوەیە کە دەگێڕێتەوە: رۆژێکیان بانگیانکردین بۆ ناونوسین ووتیان وەرن خۆتان ناونوس بکەن بەرتان دەدەین، خەڵك لەخۆشیان رایدەکردە پێشەوە بەخوا ئەفسەرەکە کێبڵی لەسەری کابرایەکدا هەرلەوێ بەبەرچاومانەوە هەتدێك لەرزیولینگە فرتەی کردو مرد کوشتی . من گوتم بەخوا ناوناسم با لێرە بمرم باشترە. ئەوەشی بمردایە دەمانبرد لەپشتی قەڵاکەوە هەروا بستێك قوڵمان دەکردو دەمانشاردەوەو دوایی سەگ دەچوو تەرمەکەی دەردەهێنایەوەودەیخوارد.

رۆژێك تەنکەری ئاوهاتبوو خەریکی ئاو وەرگرتن بووین دەنگوباس بڵاو بووەوە وتیان صدام عافواتی داوە هەموو بچنەوە جێگاو رێگای خۆیان، ئینجا دەیانگووت



ماڵو منداڵەکانیشتان ئەوە لە دەرەوە لە سەماوە هەموو بەربوونو دەگرین بۆ ئێوەو چاوەروانتان دەکەن، ئێمەش بۆ ئەوان دەگریاین. تومەس درۆیان دەکرد، کە بەریشدراین هەموو هەفتەیەك وەجبەیەکی ٣٠٠ کەسیان بەردەدا، کەبانگیانکردین، نزیکەی ٢٠٠ کەسیان هەڵەبجەیی بوون ئەوانیش لە گەڵ ئێمە بەربوون، هێنایانین لە سلێمانی بەرەڵایانکردین، خەڵکی سلێمانی زۆر هاوکارییانکردین، بەفەردە صمونیان دەهێناو قاڵبە سەهۆڵیان هێنا، ووتیان هەرکەسەو بە قەزای خۆی جیابێتەوە، ئێمەیان بارکردەوە بردیانین لە چەمچەماڵ فرێیاندا ین، قایمقام ئەوکاتە کوردێك بوو ناوی عەزیز بوو ووتی سبەینێ وەرنەوە وەرقەتان بۆدەکەین، ئینجا چەمچەماڵیش هاتن هەرکەسەو خزمو کەسی خۆی دەبردەوە مالی خۆیان وەڵا نەشیان ناسیایە هەردەیانبردەوە، ئێمە بێ کەس مابووینەوە، من کورێك دەستی گرتم نەشم دەناسی، ئێمە شەش مانگ لەبرسان مردبووین، هەتا لەنوگرەسەلمان یەکترمان نەدەناسییەوە ئاخر شەش مانگ بێ نانو بێ ئاوخۆت نەشۆردبێ هەربباش بوو مابووین، بۆبەیانی چووینەوە موختارەکە هات پارچەیەك وەرقەی داینێ ووتی: بچن بۆ تەکیە زەوی وەرگرن، بەخوا مانگو نیوێك بەدوای ئەو ئەندازیارەدا

گەرام نەمدۆزییەوە، کوریك هات بەبەرپرسێکی ووت: ئەرێ ئێمە کەی زەویمان دەدەنێ ؟ کابرا ووتی: تۆ چیت؟ ووتی: کورەکە ئەنفالم، ووتی برۆ ئەنفال زەوی شولی ناکات، ووتی: ئەی چۆن بەچی خانوو بکەین..؟ ووتی: برۆ بەتەپاڵە بیکە. ڕۆژگارێکی ناخۆش بوو.

لە جەلەمۆردەوە بۆبەغدا

مام بەکر یەکێکە لەوشایەتحاڵانەی گوندی جەلەمۆرد کە چووە بۆ دادگا تا شایەتی لەسەرصدام‌ودارودەستەکەی بدات، لەوبارەیەوە ووتی: ئەو ڕۆژە من شایتیمدا کەعەلی حسەن مەجید هستایەوەو ووتی: ئێستاش دەسەڵاتم بکەوێتەوە دەست خراپتریان بەرامبەردەکەم . ئەو ڕۆژە دوو کەس لە ئەمریکاوە هاتبوونەوە بۆ شایەتیدان کە لە عەرەبستان لەکاتی کۆمەڵکوژییەکەدا رایانکردبوو، من لێرە بووم کە صدامیان لەسیدارەداو زۆرم پێخۆش بوو.


Council of Ministers
Ministry of Martyrs & Anfal Affairs

لستی منداڵە ئەنفالکراوەکانی مام بەکر

# چالاکیەکی هونەری

هەموو ساڵێك لەیادی تاوانی ئەنفالدا قوتابخانەی راستگۆی بنەرەتی چلاکی دەنوێنو بەکارەهونەریەکانیان رێز لەقوربنیانی ئەوتاوانە دەگرنو یادی تاوانی ئەنفال دەکەنەوە. ئەمساڵیش لەبەرواری ٢٠١١/٤/١٤ شانۆیی (وەرزێکی شوم) لە ئامادەکردنو دەرهێنانی هونەرمەند ئەرسەلان چیمەنیو بەبەشداری ٢٠ ئەکتەر بۆماوەی ٣ رۆژ لە هۆڵی قوتابخانەکە نمایشکراو بینەرێکی زۆر ئامادەی بوون. شایانی باسە موسیقای ئەو شانۆییە لەلایەن حامد عوسمانەوە ئامادە کرابوو، ئەکتەرەکانی ئەو شانۆییە بریتی بوون لە(بەهار فتاخ، ئارمان حمە رەشید، لانە محمود، لاڤە محمد، سیلان محمد پەروا عوسمان، شێواز حسن، مزگێن عبداللە، ئاریان کاوە، سۆما صالح، سۆما سعید، چیلەر محمد، روجینا بێباك، مەریوان کەریم، ژیار لوقمان، عەبداللە بختیار، زانیار کامەران، هەوار، بژار ناصح، بیلال جەلال. شایانی باسە هەرلەو یادەدا خویندکاران چەندین هونراوەو پەخشانیان خویندەوە هەندێکیان بەسەرهاتو چیرۆکی تاوانەکەیان بۆ ئامادەبوان گیرایەوە



## سەردار حاجی ڕەشید :

# لە خانەوادەکەم (٦٨) کەس ئەنفالەو باوکم لەنوگرەسەلمان گەڕایەوەو فیراق کوشتی.

ئێوارەی ١٩/ ١/ ٢٠١١ عەسرێکی درەنگ گەیشتمە گوندی ئۆمەربل، بەرلەوەی بگەمە ناو دێ بەتەنیشت ڕێگەکەوە تیمی کامێرای فلیمسازی تەهای کەریمی و چەند گەنجێکی ئۆمەربل بە یالەکانی ڕۆژهەلاتی گوندەکەوە گیرسابونەوەو کۆمەلەیان بەستبوو، کەگەیشتمەلایان دوای بەخێرهاتن و هەوالپرسین و خۆناساندنم یەکەم کەس کەلەکۆمەلەکە بۆیان هەلبژاردم دیداری لەگەل بکەم سەرداری حاجی رەشید بوو، کە تاکە دەربووزبووی خانوادەیەکی قەرەبالغە سەردار هێشتا مردنی باوکی و دیمەنی تارای کچی کە لەترسی تەیارە گریاوەو لەترسا گوارەکەی گوێی لە بلوسەکەی گیراوەو خوێنی لێهێناوە وزۆر ئازاری دەدەن، ئەو خۆشی کەوتووەتە دەست سوپا بەلام بە ئازایەتی خۆی و هاوکاری فەرماندەیەکی جاش بەناوی عەباس جەبران و دواتریش دالدەدانی لەلایەن سەعید جاف موستەشارەکەی فەوجی ٢٥٩ دەربازکراوە. لەعەسرێکی درەنگ وەختدا بەرامبەر گوندی ئۆمەربل دانیشتین و دیدارەکەمان ئەنجامداندا.

**ئەگەر خۆت بناسێنیت ؟**

ناوم سەردار حاجی رەشیدە خەلکی ئەم گوندەم ئۆمەربل، ئەم گوندە هەرلەسەرەتای دروستبوونەوەی شۆڕش و پەیدابوونەوەی پێشمەرگەوە دایم شەڕوشۆڕی تێدابووە، لەبەرئەوەی قەت پێشمەرگەی لێنەبڕاوەو دوایش بارەگایان لێدانان، ئیتر ئەم گوندە مانگانە



بۆی برابووەوە کە شەڕی تێدابێ و تۆپبارانی لەسەربێ، بەلام هەتا پەلاماری ئەنفال نەگیرا ئەویش کە هیچ گوندێک نەما ئینجا ئێرە کۆنترۆل کرا. ئەویش دوای شەڕێکی قورس گیراو پێشمەرگش کەمو ماندووبوون.

**ئەو پێشمەرگانە لێرەبوون کێ بوون ؟**

یەکێتی بوون کاک عوسمانی حاجی محمودو ئەحمەدی حاجی رەشیدو مامەقالە بوون، بەرپرس بوون کاک ئەحمەد بەرپرسی یەکەمی ئەو هێزەی ئێرەبوو. کە شەڕیان دەکرد. باش بوو ئەوکاتە ئۆمەربل چۆل بوو لەبەر بۆمبارانو شەڕی بەردەوام هەرزوو خەلکەکەی ڕۆیشتبوونو دابەش ببوون ٧ مال چوبونە ئەو جەوەلانەی پشتەوە لەوێ بەشۆفل ژێر زەمینی گەورەو زۆری باشو قایمیان لێ دروستکردبوو، هەندێک چووبوونە چوارشاخو ئیمەش پێنج مالبووین چووبووینە گوندی جوامێراغا وا کەوتووەتە پشت ئۆمەربلەوە. ئیتر شەڕێکی زۆر سەختی تێداکرا، جەیشو جاشێکی زۆر هێرشی هێنا تۆپبارانێک بوو قەت وەدەم باس ناکرێت.

**خۆت لەشەرەکەدابوویت ..؟**

من ئێوارەکەی واتە ڕۆژێک پێش ئەنفال بەرواری ٤ی نیسانی سالی ١٩٨٨ هاتمەوە بۆ ئێرە کاک ئەحمەدی حاجی رەشید پێی گوتم بڕۆرەوە بۆمالەوە منیش کەڕۆیشتم لەجەوەلەکانی پشتەوە خوشکێکی

خۆمتوش بوو، ناوی نەجمەبوو بەداخەوە ئەنفالکرا، وتی: ئەلێن بەیانی جەیش‌وجاش دێتە سەرمان ئیتر منیش گەرامەوە بۆلای کاك ئەحمەد بەڵام ئەو وتی: شتی‌ی وانیە بڕۆرەوە بۆماڵەوە بەیانی وەرەوە .. ئیتر بەیانی شەڕەکەبوو لەبەر قورسی ئێوارە ئەم کاتەتوانیمان بگەینە ئێرەو عصرێکی درەنگ گەیشتین ئیتر لەو یالانەی ئەوبەرمان جەیش ڕەبایەی کردو نەڕۆیشتەوە ئەمجارە وەکو شەڕەکانی پێشوو نەبوو، جاران تا ئێوارە شەڕیان دەکردو دەگەڕانەوە.

**ئەی پێشمەرگە بەنیازی چی بوون..؟ زانیاری ئەوەیان نەبوو کە ئەم شەرە بێهودەیەو بەو چەکانەی دەستیان پێش بەو جەیشە پرچەکو زەبەلاحەی ئەنفال ناگیرێ ..؟**

زانیاری هەبوو زۆر شوێنی تریش گیرابوو، لە زۆر شوێنی تر پێشمەرگە شەڕیانکردبوو شکابوون، لێرەش فیشەك کەم ببووە، بەڵام کاك ئەحمەد مایەوەو شەویش کاك عوسمانی حاجی محمود هات بۆلایان. بۆرۆژی دوایی پاش شەرەکە جەیش ئاوایی ئۆمەربلی گرت، رۆژی پێشتریش دەوروبەری گرتبوو روخاندبووی، من لەبەرئەوەی ماڵ‌ومندالم لە جوامێراغابوون گەرامەوە بۆ ئەوێ وەزعەکە شێوابوو هەڵیانم گرت‌و رۆیشتین بەرەو هەوارە قوڵە، ٢٢ کەس بووین، ئیتر پێشمەرگەش ناچار پاشەکشەیان کرد، ئێمەش چەکەکانمان شاردەوە و رۆیشتین بەرەو مللەسورە ، کە ماڵ‌ومندالمان رەوانە کرد خۆشمان کەوتینەرێ بەرەبەیان گەیشتینە پردەکەی لای صمود بەڵام بارانێك دایکرد تەواو شپرزەی کردین‌و هەموو گیانمان تەڕبوو، کە گەیشتینە ژێر پردەکە هەرلەویا خەوم پیاکەوت کاتێکم زانی بە دەنگی سەرباز خەبەرم بووەوە ( گوم، گوم) دەیانوت هەستن، ئیتر بەو جۆرە گیراین، کورێکمان لەتەکا بوو خەڵکی فتاح هۆمەربوو، ناوی عومەر بوو تفەنگێکی ژێر سێی ئێرانی پێبوو، جوندی لێیان دەداو دەیانگوت هەردەبێ بەفارسی قسەبکەی تۆ فارسیت، ئیتر بردیانینەلای رەبایەیەك جیهازیانکرد سەیارەی سەربازییان هێنا کەسواربووین ئیڤاکە کارتۆنی بسکیتی زۆرتێدابوو سەربازێك خەرەسمان بوو دەستی کرد بەشکاندنی کارتۆنەکان یەکی دوو تۆپ بسکیتی داپێمان بەڵام سەربازەکە دەگریاو فرمێسك بەچاویدا دەهاتە خوارەوە، مامەم عەلی حاجی فەرەج ناودارێکی ئۆمەربل بوو لەگەڵمان وتی: ئەوە بۆ دەگری منیش ووتم ئەوە بۆ ئێمە دەگری بەخوا بەو پێیە بێت دەمانکوژن. هەرلەوێ بریارمدا دەرفەت هەبێ رادەکەم ٨ کەسی تریان ئەوانیش لەتەکمندا بریاریاندا راکەین.. ووتمان خۆ هەردەمانکوژن ئیتر بۆ رانەکەین..بەم خەیالانەوە بووین .. بردیانین بۆلای ئەفسەرێك مقدم بوو، لەوێ لیکۆلینەوەیەکی هاکەزایی لەگەڵکردین، ئێوە چین‌و خەڵکی کوێن ..؟ هەموومان ووتمان خەلکی فتاح هۆمەرین.. ئەویش لستێکی کردوو دایەدەست ئەفسەریکی یەك نەجمەوەو سواری سەیارەیان کردین‌و بردیانین .

**بۆکوێ دەتانزانی بۆکوێتان دەبەن ..؟**

بۆ مەیدان ( قۆرەتوو) ئائەمانزانی .. دوو ئیڤابوون ژن‌ومندالەکانیان کردە سەیارەیەکی چادربەسەرەوەو ئێمەش ئیڤایەکی بێ چادر هەرچەمچەی پێوەبوو .. مامەم لەرێگە دیسان باسی جوندیەکەی کردەوە ووتی ئەو جوندیە بسکیتیشی داپێمان‌و ئەشگریا ووتم مامە ئەوە بۆ ئێمە دەگری ووتی بۆ ووتم بەخوا دەمانکوژن.. ووتی: شوکوربۆخوا جا چیمانکردووە ئەمانکوژن من ووتم بەخوا رائەکەم ئیتر لەرێگەدابووین فرسەتم هێنا خۆم هەڵدایە خوارەوە ئەفسەرەکە چاوی لێبوو دەمانچەی هەڵکیشا دوو فیشەکی دەمانچەی پێوەنام بەڵام کەدام لەزەوی ئیتر

ئاگــام لەکــس نــەما ســەیارەکەش دەڕۆیــی بــەڵام نەوەســتا دوای مــن چــواری تریــان خۆیــان هەڵــدابووە خــوارەوە.. ئێســتا مــاون یــەکێکیان مامــە قالــەی کــانی مــاران بــوو ئێســتا وا ئەفســەرە رائیــدە، ئــەوی تریــان حــەمە سمایــل بــوو ئێســتا ئــەویش مــاوە هالــە ئــاوایی، ئــەوی تریــان کــوڕی کوێخــای فــەتاحی گونــدی فتــاح هۆمەر بوو ئەوانە لەژیاندا ماون .

**ئەی چۆن ئەو ئەفسەرە بۆتان نەگەڕایەوە .**

وەڵا نــازانم بــەڵام مــن عــەباس جــەیران فریــام کــەوت هات وەستاو کردمیە سەیارەکەیەوە .

**عەباس جەیران کێیە ؟ چکارەبوو ؟**

عــەباس جــەیران خــەڵك کفیــە ئامرســریەی جــاش بــوو لــــەلای ســــەعید حەمــــەغریب جــــاف ئــــەویش موستەشــــاربوو زۆر هاوکــــاری خــــەڵکی کــــردو ئیمــــەی پەنادا ماڵی ئاوابێت.

**پێشتر سەعید جاڤت دەناسی ؟**

نــەوەڵا کــە عــەباس بردمــی بــۆ لای فەوجەکــەی کوڕێــك منــدالکار هــات کردیــە قۆڵمــاو ووتــی: باوکــە وەرە ئەمەیــە منــیش دەســتم راپســکاند نەمــدەزانی ئــەوە کــێوەو کــوڕ موستەشــارە تومــس کــوڕ ســەعید جاشــی موستەشــاربوو مــالی ئاوابێــت لێــی تورەبــوو وتــی: دەســتی بــەردە ئەوەنــدەم زانــی کــوڕێ هــات ئێســتەش مــاوە وا لــەدائیرەی کارەبایــە لــە ســلیمانی تاقمێــك فیشــەکی کــردە پشــتماو ووتــی: بیبەســتە ئــیتر ســەعید جــاق بەتــەکلیفو ئــەملاولا چــەکی بــۆ پەیــداکردینو لای خــــۆی هێشــــتینیەوە ئەگــــەر چــــەکمان پێنەبوایــــە عسکەرێکە ئەی گرتین..

**ئەی ئەوانەی تر ؟**

ئــەوانیش هــەر عــەباس جــەیران هێنــانی بــۆلای ســەعید جــاف بەهــەمان حــالّی مــن پاراســتینی هــەتا لێبــوردنێکی نادیمەنیــدا ئیمــە لــەلای ســەعید جــاف پــەنادراین مــالی ئاوابێــت. ئــەگینا ئیمــش فــەوتابووین.

ئــەگینا هــەوالێکیش هــات ووتیــان ٢٣ کەســتان لــە ئــەمنی عامــەوە فــەرمانی گرتنیــان هەیــە ئــیتر ســەعید جــاف دوودوو ســێ ســێ کردینیــە ســەیارەوەو بردینــی شــاردینیەوە هەریەکــەمان لــە شــوێنێك ئێمــە لەصــمود بــووین عــەدنانو قــاسمی بــرد بــۆ قەرەتەپــە بــەو لەونــە رزگاری کردین.

**مەبەســتم ئەوانەیــە وا رۆیشــتنو خۆیــان هەڵنەدایــە خوارەوە ؟**

ئەوانــە رۆیشــتن کــس نــەیزانی چــییان پێهــات ئەنفالکران .

**ئەی کەسوکارت گشتی ئەنفالکرا .**

گشتی ئەنفالکرایاوە

**واتە بەس خۆت ماویتەوە لەخانەوادەی خۆتان ؟**

بەلێ تەنیا خۆم ماومەتەوە .

**تۆ چەندکەست ئەنفالکراوە ؟**

مــن خــۆم ژنەکــەمو دوومنــدالّم ئــەنفالکراوە.ئــەوان نەهاتنــەوە دایکــمو بــاوکم لەنوگرســەلمان هاتنــەوەو لێــرە وەفاتیــانکرد ، براکــەمو عائیلەکــەی هــەموویان ئــەنفالکراون. مامــە عــەلی حــاجی فــەرەج تــەنیا حســەنی دەربــازبووە، ١٠ ســەخێزان بــوون دوو ژنــی بــوو . بەهــەمووی لــە بنمالەکــەم ٦٧ کــەس ئــەنفالکریاوە .وەکــو خوشــمان خێزانــی خۆمــان ٥٣ کــەسمان ئەنفالکراوە.

**ژنومندالّیشیان تێدایە یان هەر گەنج ؟**

مندالّو ژن کورکچی گەنج هەموویان ئەنفالکراون.

**ئــەی هــەموو گونــدی ئۆمــەربل چــەند کەســی ئەنفالکراوە ؟**

٢٤٤ کســی ئــەنفالکراوە بێجگــە لەوانــەی لــە نوگرســەلمان گەراونەتــەوە .. ئەوانــەش بــەزۆری پیرەکــان بــوون. نزیکــەی ٤٠ شــەهیدی سەنگەریشــمان هەیــە وا لەپشتی ئاواییەوە نێژراون.

**ئێوە کە لەنادیمەنەکە تەسلیم بوونەوە چیان لێتانکرد بوون بە سەرباز ..؟**

بەڵێ کتابیان بۆمانکرد سەوقیانکردین بۆ عسکەری .

**کەس سۆراخی بۆنەهێنانەوە لەوانەی لەنوگرەسەلمان گیرابوون؟**

با دایکم و باوکم وتی لەتۆپزاوای کەرکوک جیمانیان کردەوە ئیتر گەنج و پیریان جیاکردەوە ئیتر هەرئەوەبوو نەمان بینینەوە. ئیتر خۆشیان کە هاتنەوە زۆر نەژیان مردن هەر فیراق کوشتنی .

**خێزانەکەت و کچەکەت ناویان چی بوو ؟**

خێزانەکەم ناوی سەبریە محمود و کچەکەشم ناوی تارا تەمەنی هەروا سێ ساڵان بوو. قەت ئەو کچەم لەبیر ناچێتەوە کە جارێکیان تەیارە هاتە سەر گوندی جوامێراغا ئیمە لە یالەکان بووین تارا زریکەیەکی کرد زۆر ترسا کەچووم بەلایەوە تەماشامکرد گوارەکەی لە بلوسەکەی گیربوو خوێن لە گوێی دەهاتە خوارەوە .

**ئەی دایکت ناوی چی بوو ؟.**

دایکیشم ناوی نێرگز ئەحمەد عەلی بوو.

**باوکت لێرە مرد مەبەستم ئۆمەربلە ؟**

باوکم ..(ماوەیەك بێدەنگی ) مردنێ: مرد قەت لەبیرم ناچێتەوە .. چووبوو بۆ دوکانێك دانیشتبوو خەڵك باسی مامەمیان بۆ کردبوو عەلی حاجی فەرەج پیاوی بەهەیبەت و ناسراوبوو ئیتر ووتبویان بەخوا حەیف بۆعەلی و عەلی پیاوێ ئاوا ئاوا بوو ئیتر جگەرەیەکیان دابویە دەست فریای داگیرساندنی نەکەوتبوو کە باوکم دابووی لەزەوی جلدە لێیداو یەکسەر هەرلەوێ گیانی دەرچووبوو.

**ووتت شێخ حسێنی هەزارکانیان لەتۆپزاوا بینیوە کێ بینیبووی ؟**

شێخ حسێن لەگەڵ مامەم عەلی حاجی فەرەج بینیبوویانن هەردوکیان پێکەوە بە پشتێنەکەی خۆیان کەلەپچەبوون . جا شێخ حسێن پیاوێ رێكوپێك بوو پیاو سنورەکەبوو باسکردنی تەواونابێت.

**هەست دەکەیت وەکو پێویست لە ناو کۆمەڵگەی کوردستان رێزتان لێدەگیرێت ..؟**

وەاللە حورمەتمان ئەگرن بەڵام ئەنفال شتێك نیە تایبەت بێت بە ئیمە میللەتێك تێداچووە .

**ئەی حکومەتی هەرێم و بەتایبەتیش هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکە چۆنن لەگەڵتاندا ؟**

وەڵاهی خراپ نین شەهیدانە وەردەگرین و خانومان بۆ کراوە ئەی چیترە ..؟

**ئەی چۆن سەیری موستەشارەکان دەکەیت ..؟**

وەڵا موستەشارەکان ئەم سەعید حەمە غەریبە زۆر زۆر هاوکاری کردووین بەیانی دادگا بێت من وەکو خۆم ئەچم شاهیدی حەقی بۆدەدەم برا ئەو هەربەکەڵکی ئۆمەربل نەهات گشت دەڤەرەکە خەڵکی لێرزگارکردووە. ئەو هەموو خەڵکەی رزگارکردووە گاڵتەنیە .

**هەرئەوناڵێم موستەشار ؟**

ئەوی لێدرچێت هەرموشتەشارێك تەواوی کردووە هەقە خەڵك بچێت بەرامبەری لێبگرێت و داوای مافی خۆی لێبکات، ئیمە داوا لە حکومەت دەکەین ئەوە بکات، چونکە موستەشار هەیە دەستی لە خوێنی خەڵکدایە .

# ئەنفالی گەرمیانو هۆکارەکانی زۆری ژمارەی قوربانیەکانی

مامۆستا داود - سەرقەڵای کفری

ئەم بابەتەی مامۆستا داود توێژینەوەیەکی زانستیەو لەچەند تەوەرێکی جیاواز پێکهاتووە لە کتێبێکی بلاوتەکراوەی ٦٩ لا پەرەیدا بۆ سالنامەی ئەنفالستان نێردراوە بەلام لەبەر زۆری لا پەرەکانی و نەگونجانی لەگەڵ باری دارایی و سروشتی سالنامەکە ئێمە چەند تەوەرێکی ئەو توێژینەوەیەمان هەلبژاردووە .

لەپەلامارەکانی ئەنفالدا گەرمیان بەرکوشندەترین زەبری هێرشی هێزەکانی رژێم کەوت بە رادەیەك (٤٠٪) زیانەکان بە تایبەتی لەرووی مرۆییەوە بەر ناوچەی گەرمیان کەوت، زۆری ئەو رێژەیەش دەگەرێتەوە بۆچەند هۆکارێك لەوانە:

١- هۆکاری سیاسی: مەبەست لە چالاکی هێزی پێشمەرگەو لایەنە سیاسییەکانە لە ناوچەی گەرمیان بەگشتی وئەو ناوچانەی بەر پەلامارەکە کەوتن بەتایبەتی، سەرەرای نا لە باری سروشتی ناوچەکە هێندە بە هێزو پەرسەندووبووە بەرادەیەك پێش ئەنفال ناوچەیەکی بەرفراوان دەسەلاتی پێشمەرگەی تێدا چەسپابوو، چالاکی پێشمەرگە بریتیی بووە لەپەلاماری هێزەکانی عێراق و زیانی زۆریان پێیان دەگەیاند، لەلایەکی ترەوە هێزی پێشمەرگە لەنزیك شوێنە گرنگەکان ئەوچالاکیانەیان ئەنجام دەدا وەك کەرکوك ودووزخورماتوو وخانەقین وکەلار، بۆیە هەمیشە سەرکردە سەربازیەکانی عێراق نیگەران وتورەبوون و کاردانەوەی توندیان بەرامبەر خەلکی سڤیلی گەرمیان هەبوو، چونکە ئەو خەلکە پشت وپەنای پێشمەرگە بوون، لەبەرئەم



هۆکارانەو وەك کاردانەوەیەکی توند لەپەلاماری ئەنفالدا بەشێکی زۆری خەلکی گەرمیانیان بێسەروشوێنکرد، ئەمەش هەولێك بووە بۆ بنەبرکردنی یەکجاری شۆرش و سەنگەرەکانی پێشمەرگە، لەپەلامارەکەشدا هیچ جیاوازییەکیان لەنیوان پێشمەرگەو خەلکی سڤیلدا نەدەکرد، هەر بۆیە ناوچەکانی گەرمیانیان وێران وتالان کردوو هەرچی دیهاتەکانیش بوو سوتاندیان ئەمە جگە لە بێسەرو شوێن کردنی ژمارەیەکی زۆر لەخەلکی ناوچەکە(١٢).

٢- هۆکاری بەرزونزمی زەوی (تۆپۆگرافیا): لەو هێرش وپەلامارە سەربازییاندا بەرزو نزمی زەوی رۆلێکی بەرچاوی هەبوو، بۆیە لەدارشتنی پلان ونەخشەی سەربازیدا گرنگییەکی تایبەتی پێ دەدرێت، چونکە ئەوناوچانەی کەهێرشی بۆ دەکرێ ئەگەر بەرزو شاخاوی بێ ئەگەری سەرکەوتن تێیدا کەمە، بە پێچەوانشەوە ئەگەر ناوچەکان دەشت وگردی نزم بێت ئەوا پێویستی بەهێزێکی کەمتر دەبێ و ناوچەکەش زوو کۆنترۆل دەکرێ، بەم پێیە ناوچە نزمایەکان بۆشەری پارتیزانی لەبار نیە وەك ناوچە شاخاوییەکان، لە ناوچە نزمەکان (دەشت وبانەکان) بە ئاسانی سەنگەرەکان دەدۆزرێتەوە و دەکەوێتە بەر بۆردومان، هەروەها جموجۆلی ئۆتۆمبێلە سەربازییەکان و تانك وزرێپۆشەکان

(١٢) جاسم محمد محمد علی، ئەنفالی گەرمیان لێکۆلینەوەیەك لە هۆکارەکانی زۆری بێسەرو شوێن کردنی خەلکی گەرمیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٤٧-٤٩.

وهێزەکانی پیادە لەناوچەی دەشت وبانەکان زیاتر ئەتوانن ئامانجەکانیان بپێکن بەتایبەتی بەرامبەر هێزی پێشمەرگە چونکە ناهاوتاییەکی زۆر هەبوو هەر لە ڕێژەی ژمارەی شەڕکەرەکان و جۆری کەرستەی جەنگیش، ئەم حاڵەتە لە ئەنفالی (٨,٧,٦,٥,١) لە بەر سەختی ناوچەکان بە شێوەی ئەنفالی گەرمیان نەبوو، وێڕای بە کارهێنانی چەکی کیمیاویش پێشمەرگە توانی بەرگری توند بکات بۆ ماوەی چەندمانگێك، بەڵام لە ناوچەکانی گەرمیان وەك باسمان کرد بۆ بەرگرییەکی لەو شێوەیە شیاو نەبوو بۆیە پاش (٧) ڕۆژ لە دەست پێکردنی پەلامارەکە هیچ بەرگرییەك نەما، زیانی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالی گەرمیان دوای ئەوە هات کە سوپا هیچ بەربەستێك لە بەردەمی نەما، تەنها لەڕۆژەکانی ١٣-١٥ی ١٩٨٨/٤دا بە تایبەتیش لە ١٤/٤ سوپا توانی زیاتر لە (٢٠) هەزار کەس دەستگیربکات، کە زۆربەیان ژن ومناڵ بوون، بەم شێوەیە زیانەکانی ئەو ڕۆژانە گەورەترین وزۆرترین زیان بوون، کە بە سێ یەك بۆ نیوەی کۆی قوربانییەکانی هەموو زیانەگیانی وماددییەکانی ئەنفال مەزندە دەکرێ(١٣).

٣- هۆکاری سنووریی: ناوچەکانی گەرمیان هاوسنوورە لەگەڵ ناوچە بەعەرەب کراوەکانی کوردستان، ئەگەر بەووردی سەرنجی ئەنفالی گەرمیان بدەین دەبینین زیاتر لە ٦٥٪ سنووری ئەنفالی گەرمیان لەلای باشوور وڕۆژهەڵات وڕۆژئاواوە هاوسنوورە لەگەڵ ناوچە بەعەرەب کراوەکان، حکومەتی عێراق هەمیشە هەوڵی داوە ئەو ناوچانە دانیشتوانە ڕەسەنەکەی بگوازێتەوەوعەرەب لەشوێنیاندا نیشتەجێ بکات، بۆئەم مەبەستەش پلانێکی درێژخایەنی دارشت وقۆناغ بە قۆناغ کەوتە هەوڵی پیادەکردنی، چونکە لەدیدی بەعسدا خاکێك نیە بەناوی خاکی کوردستان(١٤).

سنووری ئەنفالی گەرمیان لە گەڵ ناوچە بەعەرەبکراوەکان کە دەسەڵاتی سەربازی وسیاسی حکومەتی عێراقی تێیدا زۆر زاڵە، لە دوو ڕووەوە بووە هۆی ئەوەی سوپا بتوانن ژمارەیەکی زۆری خەڵکی گەرمیان بێ سەروشوێن بکەن، لە لایەك خەڵکەکە نەیاندەتوانی بەو سنوورانەدا دەربازبن، چونکە بەئاسانی دەستگیردەکران بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تری ئەنفالکراو لەکوردستاندا، لە لایەکی دیکەوە نەبوونی سنووری نێودەوڵەتی لەگەڵ ئێران بووە مایەی ئەوەی خەڵکەکە نەتوانن خۆیان دەربازبکەن، بە پێچەوانەوە لە ئەنفالی (١، ٥، ٦، ٧، ٨) ناوچەکانیان هاوسنوور بوون لەگەڵ خاکی تورکیاو ئێران بۆیە بەشێکی زۆری خەڵك توانیان خۆیان بگەیەننە سنوورو ڕزگاریان بێ(١٥).

٤- هۆکاری ئابووری: لە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی عێراق و لکاندنی باشووری کوردستان پێوەی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق چاویان لە سەروەت وسامانی ناوچە کوردیەکان بڕیوەو دەستیان بە سەر بەشێکی زۆری ئەوناوچانەدا گرتووە وبە توندیش بەرپەرچی هەر هەوڵێکی بزافە ڕزگاریخوازەکانیان داوەتەوە کە هەوڵی ڕزگارکردنی ناوچەیەکیان دابێ و هەموو هەوڵکیشیان داوە بۆ سڕینەوەی کوردستانی بوونی ئەو ناوچانە بە تایبەتیش ئەو ناوچانەی کەپێگەیەکی گرنگیان لە داهاتی نەتەوەی عێراق دا هەیە بەتایبەتی شاری

(١٣) عەلی مەحمود، کوردۆ ساید، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆمان، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٤٨-٤٩.

(١٤) د. محمد أسماعيل محمد، المصدرالسابق، ص٢.

(١٥) جاسم محمد محمد علي، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠-٥٢.

کەرکوک، پەلاماری ئەنفال لوتکەی ئەو هەولانەبوو بۆ لەناوبردنی کورد، ناوچەکانی ئەنفالی گەرمیان و دەوروبەری بە یەکێك لەگرنگترین ناوچەکانی عێراق وکوردستان دادەنرێت لە ڕووی ئابوورییەوە، ئەویش لە بەر دوو هۆکاری ئابووری:

١- نەوت: ناوچەکانی گەرمیان دەوڵەمەندن بەنەوت، حکومەتی عێراق هەوڵی بێ سەروشوێنکردنی زۆرترین ژمارەی کورد لە وناوچانەو دەوروبەری داوە، وەك دەبینین عەشیرەتەکانی (جەباری، زەنگەنە، داودە، گەل) بەهۆی نزیکیان لەکێڵگە نەوتییەکان بە شێوەیەکی فراوان ڕووبەڕووی پەلامارەکانی ئەنفال بوونەوە، تەنانەت لەدوایشدا ئەوانەی بەرپەلامارەکە نەکەوتوون نەتوانن بگەڕێنەوە بۆناوچەکانی خۆیان، کە ئەمەش خزمەت بە بەعس دەکات، لە لایەکی دیکەوە حکومەت هەوڵی داوە پشتێنەیەکی ئەمنی بە دەوری شاری کەرکوکدا دروست بکات بۆ پاراستنی چاڵە نەوتییەکان وزۆر مەبەستی دیکە وەك شێواندنی ڕەوشی دیموگرافی، ئابووری وکۆمەڵایەتی ئەوناوچانەی مەبەست بوو لەپەلامارەکانی ئەنفالی سێ(١٦).

٢- بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ: لەڕووی بەخێوکردنی مەڕو ماڵاتەوە ناوچەکانی گەرمیان لەوەرگای سروشتی زۆری لێیە و توانای بەخێوکردنی مەڕوماڵاتی زۆرە چونکە کوتۆتە ناوچەی بارانی (٢٥٠-٦٠٠)ملم، لە کاتی پەلاماری ئەنفالی گەرمیاندا نزیکەی (٧٧٠٧٤٢) سەر مەڕوبزن لە ناو چوون و بەتاڵان بران، خستنە ڕووی ئەم ژمارە زۆرەی سەرەوە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ بایەخ وگرنگی ناوچەکە لەڕووی سەروەت وسامانی ئاژەڵ بەخێوکردنەوە، ئەمە جگەلە جاندنی بەروبومی کشتوکاڵی وەك گەنم وجۆ ونۆك و...هتد، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت گرنگی ناوچەکە لە ڕووی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵییەوە پاڵنەرێکی دیکەی ئابووری بووە کە حکومەتی عێراقی چاوی تێبڕیبووە(١٧).

**ئەو فەوجانەی لە ئەنفالی سێ (گەرمیان )دا بەشدارییان کردووە:**

١- فەوجی (٢) بە سەرۆکایەتی مستەشار صابر سورچی

٢- فەوجی (٥) بە سەرۆکایەتی مستەشار ئەسعد جهانگیر هەرکی

٣- فەوجی (١٨) بە سەرۆکایەتی مستەشار صالح محمد جەمیل ئاغا خۆشناو

٤- فەوجی (٢٥) بە سەرۆکایەتی مستەشار سعید یوسف ئەسعد زراری

٥- فەوجی (٣٥) بە سەرۆکایەتی مستەشار فەتاح کەریم جاف (فەتاح بەگ)

٦- فەوجی (٤٦) بە سەرۆکایەتی مستەشار موشیر ئیبراهیم ئەحمد (سەرگەڕانی)

٧- فەوجی (٧٥) بە سەرۆکایەتی مستەشار کیسرا محمد سعید جاف

٨- فەوجی (١٣١) بە سەرۆکایەتی مستەشار ئەنوەر محمد ڕەزا لەك

٩- فەوجی (١٠٠) بە سەرۆکایەتی مستەشار محمد عیسا جاف

١٠- فەوجی (١٠١) بە سەرۆکایەتی مستەشار جەلال ڕەفیق کاکەی

١١- فەوجی (١٣٩) بە سەرۆکایەتی مستەشار محمد علی ئاغا حسن زەنگەنە

---

(١٦) کامەران عەزیزعەبدوڵا، هۆکارەکانی دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی، گۆڤاری مێژوو، ژ (٣)، ٢٠٠٧، ل٤٧-٤٨.

(١٧) یوسف دزەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣.

١٢- فەوجی (١٥١) بە سەرۆکایەتی مستەشار نەقیب عبداللە حسن بابان

١٣- فەوجی (١٧٩) بە سەرۆکایەتی مستەشار محمد سعید ئەحمەد جاف

١٤- فەوجی (١٩٩) بە سەرۆکایەتی مستەشار سەعید قادر محمد جاف(١٨

## کەمپەکان: گۆڕستانی مرۆڤە زیندووەکان

### بارودۆخی ئەنفالکراوەکان لەکەمپەکاندا(بەندیخانەکان)

دوای کۆکردنەوەی گوندنشینەکانی کوردستان لە کەمپەکاندا قۆناغێکی تری نەهامەتی دەستی پێکرد ئەویش برسێتی ونەخۆشی و مردنی بە کۆمەڵ بوو لەو بەندیخانانەدا، چونکە هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەکی ئەوتۆ پێشکەش بەگیراوەکان نەدەکرا تا ئەوکاتەی ویستیان بەشێکی کەم لەو گیراوانە ئازاد بکرێن، کە زیاتر پیرەکان بوون، ئەو کاتە حکومەتی عێراق هەندێ هەنگاوی سەرەتایی نا وەك پێدانی چارسەرونارنی دکتۆر بۆناو زیندانیەکان کە ئەمە پێشتر نەبوو، هەر بۆیە بارودۆخی ئەو خەڵکە لەوپەڕی خراپی دابوو(١٩).

شایەتحاڵێك لەوبارەیەوە دەڵێت: بارودۆخی ئەنفالکراوەکان لە زیندانەکاندا زۆر ناخۆش بوو بە هەموو شێوەیەك ئازار دەدراین، ئەو خواردنەش کە پێمان دەدرا دڵنیا نەبووین کە پاکە یان ژەهراوییە، جارێکیان شەربەتیان پێداین من بەچاوی خۆم (حەپم) لە ناو شەربەتەکەدا بینی بە هاوڕێکەم گووت شەربەتەکە حەپی تێدایە لەوانەیە ئەو حەپە ژەهراوی بێ، چونکە ئەو بارودۆخە چاوەڕوانی شتی وای لێدەکرا، نەشمانوێرا خەڵکی لە ژەهراوی بوونی ئەو شەربەتە ئاگاداربکەینەوە، ئەوەبوو بۆ بەیانیەکەی (٢٥) کەس مردن، ڕۆژانە خەڵکی دەمرد بەڵام بەو ڕێژە زۆرە نەبوو، شێوازی مردنی ئەو خەڵکەش هەموو ئەوانەی کە مردن پێش مردنیان دەرشانەوەو پاشان ئاوێکی زەرد بە دەمیاندا دەهاتە خوارەوە و دەمردن، ئەمەش نیشانەی ژەهراوی کردنی ئەو خەڵکەبوو لەو ڕۆژگارەدا(٢٠).

شایەتحاڵێکی تردەڵێت: جگە لە برسێتی و نارەحەتی ژیانمان شەڕی دەروونیان دەکرد بەرامبەرمان، سەربازەکان پێمانیان دەوت بۆیە بەو ڕێژە زۆرەتان لێ دەمرێ ڕۆژانە چونکە بۆنی کیمیاوی هەڵبجەییەکانتان گرتووە، ئەمە لەکاتێکدابوو هەندێ لە خەڵکی هەڵبجەش لەوێ سجن بوون، ژیان زۆر زەحمەت بوو بە تایبەتی بۆ مندالأن و بەتەمەنەکان، هەر بۆیە من لە ماوەی یەك هەفتەدا (دوو) منداڵم لەوێ مردن ئەمەش لە بەر نەبوونی خواردنودکتۆرو پیسی بەندیخانەکە(٢١).

ئەو تاوانانەی دەرهەق بە گەلی کورد کرا بەشێکیان دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە حکومەتی عێراق دڵنیابوو لەوەی کە وڵاتانی زلهێز بێدەنگ دەبن لە

---

([١٨]) هەوارعباس، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٦.

([١٩]) جەمال ئارێز، چاوپێکەوتن لە گەڵ دکتۆر: سادات، دکتۆرە خاکێکەی نوگرەسەلمان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٤٨٥٥)، ٢٠٠٩/٤/٢٧" دکتۆر سادات: خەڵکی وڵاتی میسرەو پێش ئەنفال و تاماوەیەك دوای ئەنفالیش ناوبراو لە عێراق دکتۆر بووە لە شاری سەماوە بووە، ئەم دکتۆرە بە فەرمانێکی حکومی ڕەوانەی قەڵای نوگرەسەلمان دەکرێ بە مەبەستی چارەسەری نەخۆشەکانی ناو زیندانیەکە، ناوبراو هەموو ئەو بارودۆخەی کە زیندانیەکانی تێدا دەبێت بە چاوی خۆی دەیبینێ و بۆ ماوەیەکیش لە نوگرەسەلمانیش دەمێنێتەوە بە مەبەستی چارەسەری نەخۆشەکان

([٢٠]) دیدار لە گەڵ حمید ئەحمد نەزەر وەیس، گوندی سەید چەژنی ٢٠٠٩/٩/١٣.

([٢١]) دیدار لە گەڵ فەریدە ڕەوف تۆفیق، گوندی قولی جان ٢٠٠٩/٣/١٠فەریدە ڕەوف تۆفیق، لە دایك بووی ساڵی (١٩٦٢)ە یەکێکە لەو ئافرەتانەی لە کاتی شالأوی ئەنفالی گەرمیاندا بەر ئەو شالأوە کەوتووە و نزیکەی (٦) مانگ لە تۆپزاوا و نوگرەسەلمان زیندانی کراوە، ئێستا لە گوندی قولی جان نیشتەجێیە.

ئاستی ئەوتاوانانە هەر بۆیە بە شێوەیەکی توند مامەڵەیان لە گەڵ کوردا دەکردو لە زیندانەکانیشدا زۆر بێبەزەییانە ڕەفتاری دژ بە مرۆڤایەتیان بەرانبەر کوردەکان دەکرد(٢٢).

شایەتحاڵێك لەوبارەیەوە دەڵێت :بۆ زیاتر ئازاردانی دەرونمان چەندین ڕێگەیان دەگرتە بەر، لەوانە چەندین جار سەربازەکان چەند پیرە پیاوێکیان کۆدەکردەوە دەبوایە ئەو پیرە پیاوانە هەڵپەڕکێی کوردیان بکردایەو گۆرانیان بووتایە بێ گومان ئەم کارانەیان بە زەبری هێزدەکرد، ئەم بارودۆخە بە شێوەیەك ئازارمانی دەدا لە ناخەوە دەسوتاین، هەروەها کاتێ کەسێ بمردایە بە (عارەبانەی دەستی) دەیان بردو هەر بەجلی خۆیەوە دەیان ناشت و پاش کەمێك ئەو تەرمە بەدەم سەگەکانەوە دەبینرا(٢٣). یەکێکی تر لە نارەحەتیەکانی ئەو ڕۆژگارە دڵڕەقیو بێ بەزەیی حەجاج(٢٤)، بوو بەرانبەر ئەو خەڵکە (ئەنفالکراوەکان) کە هەمیشە بەشی ئازاردانی ئەو خەڵکە بوو لە زیندانەکانی نوگرەسلمان(٢٥).

هەموو ئەو تاوانانەی دەرحەق بەئەنفالکراوەکان دەکران تاوانێك بوون دژبەمرۆڤایەتی(٢٦) هەر لە ئازاردان و لە ناوبردن و زیندە بە چاڵکردن و شەڕی دەرونی و خراپی گوزەراندن لە بەندیخانەکاندا هەموو ئەم تاوانانە دەرهەق بە گەلی کورد کراوە بە تایبەتی لە پەلاماری ئەنفالدا(٢٧). لە لایەکی دیکەوە ئەو ئافرەتانەی کەوتنە بەر پەلاماری ئەنفال پشکی شێریان بەرکەوت لە ئازارو نەهامەتیەکان، بە جۆرێك لە زیندانەکانداو لە پیش چاوی کەس وکاریان دەست درێژیان دەکرایە سەر، ئەمە جگە لەوەی بە هەزارانیان لە ناوبران وزیندە بە چاڵ کران، لە لایەکی دیکەوە بەشێك لەو ئافرەتانە وەك (جاریە) فرۆشرانە ولاّتان لەوانە ولاّتی میسر(٢٨).

لە کاتی پەلامارەکانی پرۆسەی ئەنفال ئافرەتی کورد بە سەخترین قەیراندا تێپەڕی، چونکە لەو دەمەدا بەشێکی زۆری ئەو ئافرەتانەی بەر ئەو پەلامارەکەوتن بۆ ماوەی چەندین مانگ یان چەندین ساڵ زیندانی کران لەو گرتوخانانەی کە تایبەت کرابوو بە ئەنفالکراوەکان هەروەها بەشێك لەو ئافرەتانە لەو گرتوخانانەدا منداڵیان بوو بە بێ پێداویستیەکانی منداڵ بوون، ئەمە جگە لەو هەموو مەینەتی وئازاردانە دەرونی و جەستەیانەی کە بە درێژای تەمەنی زیندانیان توشی بوون(٢٩).

بەم شێوەیە ئەنفال گەورەترین کارەساتی مرۆیی بوو دەرهەق بەگەلی کورد کراو تێیدا هەموو یاساو

---

(٢٢) سەمانسا پاوەر، ئەمریکاو ئەنفال، و: بەختیارکەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٢٩–٣٨

(٢٣) دیدار لەگەڵ حمید ئەحمد نەزەر وەیس، گوندی سەید چەژنی ٢٠٠٩/٩/١٣.

(٢٤) حەجاج: گەنجێکی کەتەی کەچەڵ بوو، کەسێکی ترسناکی قێزەونی سەر بە بارەگای ئەمنی بەغداد بوو، بەرپرسی بەندیخانەی نوگرەسەلمان بوو، لە ئازاردانی بەندکراوەکان (ئەنفالەکان) ناوبانگی دەرکردبوو.

(٢٥) حیکمەت فایەق، چاو پێکەوتن لە گەڵ: ئەنجام صالح هەژار، گۆڤاری ئەنفالستان، ژ(٤)، ٢٠٠٧، ل١٦–٢٠.

(٢٦) نامق هەورامی، دۆسیەی ئەنفال وکیمیاباران لەدادگاییکردنی سەدام ودارودەستەکەی، گۆڤاری گولان، ژ (٥٠٨)، ٢٠٠٦، ل٣٤–٣٧.

(٢٧) عارف قوربانی لەگەڵ زارا کەریم، بە ناوی تەعویزەوە بردمانیان بۆ نوگرەسەلمان، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژ(٩٠٧)، ٢٠٠٩، ل٨.

(٢٨) ئارام سدیق، ڕامانێك لەمەڕکاریگەریەکانی ئەنفالە سەرژنی کورد، گۆڤاری گیرفان، ژ (سفر)، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ل٦٦–٧٦.

(٢٩) هاوڕێ ئەحمد، ئەنفال وئافرەت، ڕۆژنامەی ژیانی نوێ، ژ (١٧٧)، ٢٠٠٩، ل١٢.

ڕیساکانی مرۆڤایەتی ژێر پێ خست و زیانێکی گەورەی گیانی و ماددی لێکەوتەوە(٣٠).

ئەو ئافرەتانەی لە زیندانەکاندا دەست درێژیان دەکرایە سەر ئەگەر هەر هەڵوێستێکی بەرەنگاربوونەوەیان هەبوایە ئەوا بێگومان بەزەبری هێز بەرپەرچ دەدرایەوەو هەندی جاریش دەکوژرا(٣١)، ئەنفالەکان دوای دەستگیرکردنیان و ڕاپێچکردنیان بۆ زیندانەکان برسێتی وسوکایەتی پیکردن ومەرگ بووە بەشیان(٣٢)، زیندانیەکان بە شێوەیەك ژیانیان ناخۆش بوو هەرگیز ئەو ڕووداو نەهامەتیانەیان بیرناچێتەوە(٣٣)، گرتنە بەری ئەو ڕێگایانەی کە لە زیندانەکاندا پەیڕەودەکرا (ئازاردانی لەشی وروحی) بە مانای جینۆسایدکردنی بەشێنەی و لە سەر خۆی کوردە لە ڕوانگەی جیارەگەزی ونیشتمان پەروەرییەوە(٣٤)، دوا بە دوای کۆکردنەوەی ئەنفالەکان لە زیندانەکاندا، دەستە دەستە دەکوژران ودەخرانە چاڵی گەورەوە و پاشان بە شوفڵ ئەو تەرمانە دادەپۆشران، بەم شێوەیە ئەنفالەکان لە ناوبران( ٣٥).

سەنتەرەکانی کۆکردنەوەی خەڵکی گەرمیان:

دەست نیشان کردنی کۆمەڵێ لە کەمپی تایبەت و سەربازگە بۆ کۆکردنەوەی ئەنفال کراوەکان نیشانەی ئەوەن ئەم پەلامارانە بە پێی پلانێکی توکمە دارێژرابوون، کە لە هەموو قۆناغەکانی ئەنفالدا شوێنی تایبەت دیاری کرابوو بۆ کۆکردنەوەی خەلکە دەستگیرکراوەکان، لەم ڕووشەوە لە ناوچەی گەرمیان چەندین شوێن ئامادە کرابوو بۆ کۆکردنەوەی ئەو خەلکانەی دەکەونە بەر پەلامارەکە، ئەوە بوو زۆر بینای تایبەت کە بەشێکیان مۆلگەی سەربازی بوون لە ناوەوەو دەرەوەی شار وشارۆچکەکان بۆئەمەبەستە تەرخان کرابوون، گرنگترین سەنتەرەکانی کۆکردنەوەی خەڵکیش ئەمانەی لای خوارەوەن:-

١- سەنتەری ملەسوورە:

ئەم سەنتەرە دەکەوێتە نزیك شاری کەلارەوە، زۆرترین ئەنفال کراوەکانی دەڤەری گەرمیان لەم سەنتەرەدا کۆکرانەوە، تەنها لە ڕۆژی ١٤/٤/١٩٨٨ زیاتر لە (٢٠) هەزار ژن ومناڵ و پیاوی تێدا کۆکرانەوەو پاشان قۆناغ بە قۆناغ بۆ قەڵای قۆرەتوو گواسترانەوە.

٢- قەڵای قۆرەتوو:

دەکەوێتە ئەوپەڕی زێی سیروان لە ناحیەی قۆرەتوو کە سەربەقەزای خانەقینە، ئەم ناوچەیە لە ساڵی ١٩٧٥ دانیشتوانەکەی ڕاگوێزران بۆ قەزای کەلارو باشوورو ناوڕاستی عێراق، عەرەبی هاوردە لە

---

(٣٠) سەرۆ قادر، ئەنفالەکارەساتێکەوە بۆکێشەیەکی ستراتیژی، ڕۆژنامەی هەولێر، زنجیرە وتار، ژ (٥٢١، ٥٢٠، ٥١٩، ٥١٨، ٥١٧، ٥١٦، ٥١٥، ٥١٤، ٥١٣)، ٢٠٠٩، ل٤.

(٣١) نامیق هەورامی، ئەنفال پەندو وانە، گۆڤاری گولآن، ژ(٥٨١)، ٢٠٠٦، ل٣٤-٣٥.

(٣٢) علی محمودمحمد، چەند لاپەڕەیەکی شاراوە لە مێژووی کۆمەڵکوژییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراپخا، کەرکوك، ٢٠٠٦، ل١١٨.

(٣٣) عارف قوربانی، گەڕانەوە بۆکەرکوك، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراپخا، کەرکوك، ٢٠٠٤، ل٣١-٣٢.

(٣٤) هەژار عزیز سورمێ، کوردو جینۆساید وئیبادەکردنو هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وبلاّوکردنەوەی موکریان، کوردستان، ٢٠٠٦، ل٧٣.

(٣٥) عارف قوربانی، لە ئوم ڕیعانەوە بۆ تۆپزاوا، چاپخانەی ئاراپخا، کەرکوك، ٢٠٠٤، ل١٦-١٧.

جێگاکەیان نیشتەجێ کران، ئەم قەڵایە بارەگای فیرقەی (٢١)ی پیادەی عیراق بوو.

٣- سەنتەری لەیلان:

ئەم سەنتەرە دەکەوێتە شارەدێی لەیلانەوە لە خۆرهەڵاتی شاری کەرکوك، ئەوژن ومناڵ وپیاوانەی لە ناوچەکانی بناری گڵ وزەنگەنە وشێخان و بەشێك لە ناوچەکانی جەباری کە لە سنوری ناحیەی قادر کەرەم خۆیان دا بە دەستەوە یەکسەر روانەی ئەو سەنتەرانە کران،پاشان گوێزرانەوە بۆ تۆپ زاواڵەویش پیاو وژن ومناڵیان لە یەك جیاکردەوەو شوێن بزرکران.

٤- سەنتەری ئالیاوا:

ئالیاوا گوندێکە بە چەند کیلۆمەترێك دەکەوێتە خۆراوای ناحیەی قادرکەرەمەوە، حکومەتی عێراق لە بەر قەرەبالغی ناوەندی ناحیەکە بە چاکی نەزانی خەڵکە ئەنفال کراوەکە لە نیوناحیەکەدا کۆبکاتەوە بۆیە لە تەختاییەکی نزیك گوندەکە تێل بەنێکی دروست کردو بەشێك لە ئەنفال کراوەکانی ناوچەکانی قادرکەرەمی لەم تێل بەندا کۆکردەوە، بەشێکی تری رەوانەی چەمچەماڵ کرد و لەوێشەوە رەوانەی کەمپە تایبەتێکان کران لە (تۆپ زاوا، تکریت، دبس...هتد)(٣٦).

٥- سەنتەری ئۆردوگای قادرکەرەم:

ئەم ئۆردوگایە دەکەوێتە خۆرئاوای ناحیەکەوە هەر لە سەرەتای پەلاماری سوپا بۆ سەر ناوچەکانی بناری گڵ و زەنگەنە وشێخان ئەوەی دەستی سوپا وجاش بکەوتایە وەك قۆناغی سەرەتایی لەو سەنتەرە کاتییە کۆ دەکرانەوە پاش ناونووسکردنیان رەوانەی لەیلان وئالیاوا وچەمچەماڵ دەکران(٣٧).

٦- سەنتەری لاوانی دووزخورماتوو:

ئەم سەنتەرە بۆ ئافرەت ومنداڵ وپەککەوتەکان دانرابوو، نزیکەی (٤٠٠٠) کەسی تێدابوو ئەوخەڵکەی لەم سەنتەرەدا کۆکرابوونەوە بۆ ماوەی (٣-٧) رۆژ لێرە مانەوە، هەرچەندە بە هۆی هەوڵی خەڵکی شاری دووزخورماتوو و چەند جاش ومستەشارێکەوە چەندان لەو گیراوانەوەی کە لەم سەنتەرەدا کۆکرابوونەوە رزگاریان بوو بەڵام زۆربەشیان رووبەرووی مەرگ وشوێن بزرکردن بوونەوە ئەمە جگە لەوەی سەربازەکان کە زۆربەیان عەرەب بوون رەفتاریان خراپ بوو لە گەڵ ئەو خەڵکە هەرچی پارەو زێڕوشتی بە نرخیان پێبوایە لێیانیان دەستاند وپێیانیان دەوت ئێوە هاوکاری هێزی پێشمەرگەتان کردووە(٣٨).

٧- سەنتەری دواناوەندی ڕەشید لە دووز خورماتوو:

ئەم سەنتەرە تەنها بۆ پیاوان تەرخان کرابوو کە بە زۆری تەمەنیان لە نێوان (١٨-٥٠) ساڵی دابوو، هەموویان لە سنووری شاری دووزخورماتوو و دەوروبەری دەستگیرکرابوون کە زۆربەیان خەڵکی ناوچەی داودێ بوون، دوای مانەوەیان بە چەند رۆژێ لەم سەنتەرە پاشان گواسترانەوە بۆ نزیك شاری تکریت، پاش ماوەیەك و دووبارە گواسترانەوە خواروی عێراق بە مەبەستی شوێن بزرکردنیان.

٨- سەنتەری چەمچەماڵ:

ئەنفال کراوەکانی ناوچەی شوان و هەمەوەندو جەباری بە هۆی نزیکیانەوە لە چەمچەماڵ، هەمووی لەو سەنتەرە کۆکرانەوە، هەروەها بەشێك لە

(٣٦) حسن بارام، بەشێك لە ئەنفالی گەرمیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٥-١٦٧.

(٣٧) حسن بارام، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨-١٧١.

(٣٨) میدڵ ئیست ووچ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٣.

ئەنفالکراوەکانی زەنگەنە بە تایبەتی پیاوان لە ڕۆژانی١٢، ١٣، ١٤ی ١٩٨٨ ڕەوانەی ئەم سەنتەرە کران، ئەمە جگە لەوەی بەشێك لە ئەنفالکراوەکانی ناوچەی زەنگەنە و بناری گڵ ڕاپێچی هەمان شوێن کران(٣٩).

حکومەتی عێراق پلانی پەلاماری ئەنفالی بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو دەست پێکرد ، سەرەتا ئەو خەڵکانەی دەگیران لە سەنتەرە کاتیەکاندا کۆ دەکرانەوە پاش ناونوس کردنیان و پرۆسەی جیاکردنەوەی ژن وپیاو ومندال و گەنجانی هەردوو ڕەگەز دەستی پێ دەکردوو پاشان ئەو خەڵکەی دەگواستەوە بۆ کەمپە تایبەتەکان بە ئامانجی درێژەدان بە پرۆسەی شوێن بزرکردنیان.

لە گرنگترین ئەو کەمپانەش:

١- کەمپی تۆبزاوا:

ئەم کەمپە دەکەوێتە دووری چەند کیلۆمەترێك لەشاری کەرکوکەوە، بەشێوەیەکی کاتی جیگای (٥٠٠٠) کەسی تیدا دەبووەوە، لێرەوە ناونوسین و جیاکردنەوەی ژن وپیاو بە زەبرو زەنگ دەستی پێکرد مێرد منداڵ ولاو وپیاوەکانیان ریزدەکردو هەرشتێکیان لەپارەو زێرو ناسنامەو...هتد. پێبوایە لێیانیان وەردەگرت، ئەمە جگە لەوەی جل وبەرگیان لێیان دەکردەوە، پاشان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵیان دەکردوو و پاشان قۆناغ بە قۆناغ بەشێك لە پیاوە بەتەمەنەکان وهەندێ لەمناڵ وژنیان گواستەوە بۆ نوگرەسلمان(٤٠).

٢- کەمپی دبس:

ئەم کەمپە مۆڵگەیەکی تایبەتی سوپا بوو لە نزیك شارۆچکەی دەبس سەر بە پارێزگای کەرکوك، دوای ئەوەی کەمپی تۆپزاوا پڕ دەکرێ لە ئەنفالکراوەکان بۆیە بۆ جیاکردنەوەی ئەو خەڵکە حکومەتی عێراق پەنای بردە بەر ئەم جێگایەو چەندین هەزار ژن ومندالی لە تۆپزاواوە گواستەوە بۆ ئەم کەمپە کە بەزۆری خەڵکی زەنگەنە وجەباری وبناری گڵ و داودێ بوون، ئەم کەمپە بەشێك لە ئەنفالکراوەکانی لە خۆگرتبوو، ماوەی چەند مانگێك لەم کەمپەدا مانەوە هەرچەندە دواتر ژمارەیەکی ئەو خەڵکە ڕەوانەی نۆگرسملان کران،

٣- کەمپی تکریت:

یەکێکی ترە لەو شوێنانەی کە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە ئامادەکرابوو بۆ بەشێك لەو خەڵکانەی لە پرۆسەی ئەنفالدا دەستگیردەکرین، پێشتر ئەم کەمپە مۆڵگەیەکی تایبەتی سوپا بوو لە نزیك شاری تکریت، دوای ئەوەی خەڵکی ناوچەی داودێ دەستگیرکران و چەند ڕۆژێ لە شاری دووزخورماتوو کۆکرانەوە وجیاکرانەوە لە یەك(پیاو وژن) پاشان ڕەوانەی ئەم کەمپەکران، سەرەرای ئەمەش دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق پاش ماوەیەك کەوتنە هەوڵی دەستگیرکردنی ئەو خەڵکانەی کە لە ناوەندی لاوانی دووزخورماتوو بە شێوەیەك لە شێوەکان ڕزگاریان بوو، ئەم هەڵمەتە بەشێك لە شارنشینەکانیشی گرتەوە کە گوایە پەنای گوندنشینەکانیان داوە ئەوەبوو نزیکەی (٧٠٠) کەسی تریان دەستگیرکردو ڕەوانەی ئەم کەمپەیان کرد ، هەندێ لە ژن ومندالی کەمپی تۆپزاواش گواسترانەوە بۆئەم کەمپە(٤١).

**٤- نوگرەسەلمان:**

---

(٣٩) حسن بارام، هەمان سەرچاوە، ل ١٧٢.

(٤٠) سەرکوت شەریف، ئەنفالەدیدی ڕۆژئاییی یەکانەوە، گۆڤاری عەرعەر، ژ (٤) چاپخانەی کوردستان، ٢٠٠٩، ل١٨٢

(٤١) حسن بارام، هەمان سەرچاوە، ل ١٧٦-١٧٩.

زیندانی نوگرەسەلمان دەکەوێتە بیابانەکانی نزیك ناوچەی عەرعەری سنوری عێراق سعودیەوە ئەو زیندانە هەر لە سەردەمی پاشایەتییەوە دروست کراوە پێش ئەنفالیش لە لایەن حکومەتی عێراقەوە وەك زیندانی بە کاردەهێنرا، ئەوانەی دەنێردرانە ئەم شوێنە (نوگرەسەلمان) نە دەتوانرا وەك زیندانییەکی ئاسای سەردانیان بکرێت و پەیوەندییان پێوە بکرێ، ئەم زیندانە بە شێکی زۆری خەڵکی کوردستانی تێدا زیندانی کراوە، بە هۆی کەمی خزمەتگوزاری و برسێتی و تینۆتی و خراپی مامەڵەکردن لە گەڵیان بەشێکی زۆری ئەنفالەکان لەم زیندانە مردن بە تایبەتی بەتەمەنەکان ومنداڵەکان[٤٢].

## ڕۆڵی دانیشتوانی گەرمیان لە ئازادکردنی ژمارەیەك ئەنفال کراو:

کاتێك دانیشتوانی ناوچەی داودێ وبناری گڵ بەر پەلاماری ئەنفال کەوتن و گواسترانەوە بۆ سەنتەری لاوانی دووزخورماتوو و قوتابخانەی ڕەشید چەند ڕۆژێك لەوێ مانەوە لە ماوەی ئەوچەند ڕۆژەدا خەڵکی شاری دووز بە هەموو شێوەیەك یارمەتی ئەو خەڵکەیان دەدا وەك ناردنی خواردەمەنی بۆ ناو بەندکراوەکان وجل وبەرگ و...هتد، لە پاڵ ئەمانەشدا هەوڵی ڕزگارکردنی ئەوخەڵکەیان دەدا، کاتێك سوپای ئەنفالچییەکان ویستیان ئەوخەڵکە بگوازنەوە بۆ ئەم مەبەستەش دەیان ئۆتۆمبێلی سەربازیان ئامادەکرد لە ڕۆژی ١٤/٤/١٩٨٨ بە سەدان کەس لە خەڵکی شاری دووزخورماتوو هەڵیان کوتایە سەر ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە بە نیازبوون ئەنفالکراوەکانی پێ بگوازنەوە.

کە بووە مایەی پەشێویەکی زۆرو دەرئەنجام پرۆسەی گواستنەوەی ئەنفالکراوەکان بۆ ماوەیەك ڕاگیراو هێزەکانی حکومەت بە فیشەك وەڵامی خۆپیشەراندنیان دایەوە، لە ئەنجامی دەستڕێژی گوللەی هێزەکانی ڕژێم گەنجێك بە ناوی (عەبدول باست عەبدول کەریم ئەحمەد) بە سەختی برینداربوو(٤٣).خەڵکی شاری دووز پەنایان بۆ زۆر شێوازبرد تا ڕزگاریان بکەن بەخۆپیشاندان، هەروەها (بزمار)یان لەسەرجادەکە بڵاوکردەوە تا سەیارەکان پەنجەربن وپرۆسەکە دوابکەوێ چونکە تا ئەوخەڵکە لە دووز بمایەتەوە زۆرترین کەسیان لێ ئازاد دەکرا، دوای ئەوەی سێ ڕۆژ مانەوە لە ڕێی خەڵکی دووزەوە ئازاد کرام(٤٤).هەروەها لە شاری چەمچەماڵیش خۆپیشاندانی گەورەی خوێندکاران و لاوانی شارەکە بەرپابوو لە دژیسوپای ئەنفالچیەکان کاتێك بەشێك لە ئەنفالەکانی گەرمیانیان بەوشارەدا بردووە، دیمەنی گواستنەوەی خەڵکی گوندنشینەکان بە ئۆتۆمبێلی سەربازی وخراپی بارودۆخیان بووە مایەی ئەوەی خەڵکی چەمچەماڵ هەڵوێست وەربگرن وڕێی بەو کاروانانە بگرن، خۆپیشاندان تا دەهات فراوان دەبوو کە لە هەندی سەرچاوەدا بە ڕاپەڕین ناودەبرێت، لە ئەنجامی ئەو هەڵویستەی خەڵکی چەمچەماڵ حکومەتی عێراق بە زەبری هێز وەڵامی خۆپیشاندەرانی دایەوە، نزیکەی (١٠) هەلیکۆپتەر بە سەر شارەکەدا دەسوڕانەوە ئەمە جگە لە دەست ڕێژی گوللەی سەربازەکان بەناو خەڵکی دا، فڕۆکەکانیش تەقەیان لەخۆپیشاندەران دەکرد، لە ئەنجامی ئەو تەقەکردنەدا کچێکی خوێندکار بە ناوی (فەهیمەفەتاح حسن)بووە قوربانی وخەڵکانێکی

(٤٢) کاروان، شوێنە جیاجیاکانی گۆڕە بە کۆمەڵەکان، گۆڤاری ئەنفالستان، ژ (٤)، ٢٠٠٧، ل٧٥.

(٤٣) دیدار لە گەڵ علی مجید محمد، دووزخورماتوو ٢٠٠٩/١٢/٣ علی مجید محمد، لە ساڵی ١٩٦٨ لە دایك بووە لە کاتی خۆپێشاندنی جەماوەری دووزخورماتوودا لە ناو ڕوداوەکە بووە ناوبراو ئێستا لەشاری دووزخورماتوو نیشتەجێیە.

(٤٤) دیدار لەگەڵ خیریە صالح کاکەخان، دووزخورماتوو ٢٠٠٩/١٢/٣.

تــــریش برینـــــــدابوون(٤٥).شـــــایەتحاڵێك لەوبارەیـــــەوە دەڵێـــت :خۆپیشـــــاندان هـــــەموو چـــین وتوێـــــژەکانی گرتـــەوەو لـــە ماوەیـــەکی کەمـــدا خـــەڵکی شـــاری چەمچـــەماڵ بــــە جـــاڕی ڕژانــــە سەرشــــەقامەکان بـــۆ ڕێگـــرتن لــە گواســـتنەوەی ئەنفالـــەکان، ئـــەوە بـــوو تـــا دەهــــات خوپیشــــــاندەرانگەرمتر دەبــــوون لـــــە هەڵویســـتەکانیان بۆیـــە (بـــارق عبداللـــە حونتـــە) بڕیاریــــدا بـــە گوللـــە وەڵامـــی خۆپیشـــاندەران بدرێتـــەوە بـــەم شـــێوەیە و بـــەزەبری هێـــز ئـــەو ڕاپەڕینـــە جەماوەرییـــە کپکرایـــــەوە کـــــە چـــــەندین شـــــەهیدو برینـــــــداری لێکەوتەوە(٤٦).

**زیانەکانی پەلامارەکە:**

زیانـــەکانی پـــەلاماری ئـــەنفال تـــاوەکو ئێســـتا بـــە شـــێوەیەکی پوخـــت نـــەزانراوە، چـــونکە پـــەلامارەکانی ئـــەنفال ناوچـــەیەکی فراوانـــی لـــە کوردســـتان گرتـــەوەو چـــەندان خێـــزان هـــیچ نەوەیـــەکیان نـــەماون، ئەمـــە جگـــە لـــەوەی بـــە دواداچـــوونێکی وردیـــش بـــۆ زیانـــەکانی ئەوپـــەلامارە نـــەکراوە، لـــە گـــەڵ ئەمەشـــدا زۆربـــەی سەرچـــاوەکان بـــەم شـــێوەیەی خـــوارەوە زیانـــەکانی پەلاماری ئەنفالی گەرمیان دەخەملێنن:

١- (٤٥، ٧٧٧) خێـــــزان ئـــــاوارەو بەنـــــدو بـــــێ سەروشوێن کراون.

٢- (٧٨١) گونـــــد و (٦) ناوەنـــــد (مرکـــــز)ی ناحیـــــە سوتێنراون وخاپوورکراون.

٣- (٣٩١٧٨)خانووبـــــــــــەرە،(٣٨) قوتابخانـــــــــــە، (٦٥٧) مزگەوت، (٦٩) نەخۆشخانە وێران کراون.

٤- (٥٢) عـــــەماراوو مـــــاتۆڕی ئـــــاو، (٤٧) مەکینـــــەی ئاش، (١٣٥) کارێزو ئەستێل تەقێنراونەتەوە.

٥- (١٥٧) تەکیەوخانـــــەقاو مەرقـــــەدو شـــــوێنی ئـــــاینی وێران کراون.

٦- (١٤٣٥) ڕەزوبـــــــــــاخ ســـــــــــوتێنراون، (٥٧٠) هەزارتـــــەن گـــــەنم وجـــــۆ دانەوێڵـــــە فـــــەوتاون وســـــوتێنراون و بەتاڵان براون.

٧- (١٧٢٢٠) تراکتـــــــــــــــــۆر (مەکینـــــــــــــــــە)ی جۆراوجۆرسوتێنراون و بەتاڵان براون.

٨- (٤٧٢٧٧٠) ســــــــــەرمەڕو بـــــــــزن، (١٥) هـــــــــەزار ڕەشوڵاخ بەتاڵان براون ولەناوچوون(٤٧).

٩- بێســـــەرو شـــــوێن کردنـــــی زیـــــاتر لـــــە (٨٠) هـــــەزار هاوڵاتی کورد لەژن منداڵ وپیرو گەنج.

بـــەم شـــێوەیە پـــەلاماری ئـــەنفالی گـــەرمیان لـــە هـــەموو پـــەلامارەکانی تـــری ئـــەنفال کـــە کرایـــە ســـەر ناوچـــەیەکی فـــراوان لـــە هـــەرێمی کوردســـتانی عێـــراق زەرەرمەنـــدتر بـــوو لـــە هـــەموو ڕویەکـــەوە، پـــەلاماری ئـــەنفال بـــە شـــێوەیەك ناوچـــەکەی وێـــران کـــرد کـــە تاماوەیـــەکی زۆر کاریگـــەری خـــۆی لـــە ناوچـــەکە بەجێدەهێڵێ، بـــە تایبـــەتی لـــە بیروهـــزری ئـــەو کەســـانەی کـــە لـــە نـــاو پەلامارەکـــە دابـــوون وبـــە شـــێوەیەك لـــە شـــێوەکان ڕزگاریـــان بـــووە، کاریگـــەری تـــەواوی لـــە ســـەر تـــەواوی‌پاشماوەی ئـــەنفال **بەجێهێشتووە بۆماوەیەکی زۆر**(٤٨).

---

(٤٥) لەتیف فاتیح فەرەج، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧-٤٦.

(٤٦) دیدار لە گەڵ عمر ئەحمەد حسن، چەمچەماڵ ٢٠١٠/٣/١٤ عمر ئەحمەد حسن، لە دایك بووی (١٩٥٦)ە ناوبراو ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییەی کە لە شاری چەمچەماڵ کراوە لە کاتی شاڵاوی ئەنفالی گەرمیان خۆی بەشداری تێدا کردووەو هەموو ئەو ڕوداوانەی بە چاوی خۆی دیوە، ناوبراو ئێستا لە شاری چەمچەماڵ نیشتەجێیە وپیشەی کارمەندی ئاسایشە لە شاری چەمچەماڵ.

(٤٧) جاسم محمد محمد علی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧-٣٨.

(٤٨) حسن بارام، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

# كۆنفرانسێك بۆ ( نەهێشتنی بێدادیو قەرەبووكردنەوەی قوربانیانی دەستی ڕژێمی پێشوو )




وەزارەتی كاروباری شەهیدانو ئەنفالكراوان لەژێر دروشمی ( ڕاستكردنەوەونەهێشتنی بێدادپەروەریو قەرەبوو كردنەوەی قوربانیانی دەستی ڕژێمی پێشوو) كۆنفرانسێكی لەشاری هەولێر سازكرد.

٢٦/٩/٢٠١٠ یەك شەممە وەزارەتی كاروباری شەهیدانو ئەنفالكراوان بەهاوكاری ڕێكخراوی ئیگیفی ( AGEF ) ئەلمانیو بە ئامادەبوونی سەرۆكی دادگای فیدراڵ و ژمارەیەك لەوەزیرو ئەندامانی پەرلەمانو یاساناسان ویەكێتی مافپەروەران و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنیو شارەزا لەو بوارەدا سازكرد. كۆنفرانسەكەكاتژمێر ١٠:٣٠ی سەرلەبەیانی لەهۆڵی شەهید سەعد عبداللە لەژێر ناوی (ڕاستكردنەوەونەهێشتنی بێدادپەرووری وقەرەبوكردنەوەی قوربانیانی دەستی ڕژێمی بەعس) بەڕێوەچوو.

تەوەری دووەمی كۆنفرانسەكە بە سێ باسی تایبەت لسەرداداگاوشێوازی قەرەبووكردنەوە بوون:

١- ماتیاس نوینەر(شاڵاوی ئەنفالودادگایی كردنو هەوڵی قەدەغەكردنی جەنگی كیمیاوی)

٢- د.ئینگۆ ریش ( یاسای قەرەبوو كردنەوەی فیدراڵ لە ئەلمانیا)

٣- هایدی مێرگ وەزیری پێشووی دادی ئەلمانیا ( كۆكۆژیو قەرەبووكردنەوەی قوربانیانو ڕێگاكانی پێكەوە سازان )

شایانی باسە لیكۆلینەوەكەی ماتیاس نوینەر بەتوندی لەلایەن بەڕێوەبەری ناوەندی چاكو ئەندامانی دەستەی داوەری دادگای باڵای تاوانەكانەوە ڕەتكرایەوەو ڕەخنەی لێگیرا كە باسی لەوەكرد دادگای عێراق هەڵەی كردووە لەوەی عەلی حەسەن مەجیدی بەتاوانی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید سزا داوە. دەبێت ئەوەش بگوترێ كە



ماتیاس دادوەری تاوانە نێودەوڵەتیەكانەو حاڵی حازر بەرپرسە لە دۆسێی دادگایی كردنی تیرۆركردنی ڕەفیق حەریری سەرۆكی پێشووی لوبنان.

# پرسی ئەنفال دوای (٢٣)ساڵ

سەیوان خورشید

لە٢٣یەمینساڵیادی تاوانی ئەنفالدا.پاڵپشتی پرۆژەی نەخواردنی گۆشت و قەدە غەکردنی سەربرینی پەلەوەرو دەکەین ومن یەکەم کەس دەبم جێبەجێ دەکەم .

دەخوازین ئەمەهەنگاوێکی مێژوویی بێت ئەگەر بۆ ئەمساڵیش نەبێت بۆ ساڵانی داهاتوو بکرێت بە ڕۆژی قەدەغەکردنی سەربرینو لەو یادەوەریانەدا هیچ گۆشتێك نەخورێت. هەرهیچ نەبێت لەبەر خاتری روحیانەتی پاکی ئەوپەپولانەی کە هێشتا هەندێکیان چاویان هەڵنەهێنابووکە لەبیابانەکانی خوارووی عێراقدابەبێ ئیرادەی خۆیان لەگڵنران.

٢٣ ساڵ بەر لە ئێستا تاوانی ئەنفال ئەنجامدرا لەم ڕوژە دابوو کە ڕژێمی بەعس تاوانی ئەنفالی دژ بەخەڵکی بەشمەینەتی ئەم دەڤەرە ئەنجامدا. کە (١٨٢)هەزار هاولاتی مەدەنی بە هەموو چین و توێژەکانەوە ئەنفالکران و لەو ژمارەیەش جگە لەئەنفالکردن بەچەندین شێوەی ترهەر لەکوشتن و ئازاردان زیندە بەچاڵکردن وچەندین شێوازی نا مرۆڤانەو تاوانیان بەرامبەر کرا ، ئەم تاوانە پرقوربانییە.پەڵەیەکی رەشە بە نێوچاوانی مێژوی مرۆڤایەتییەوە.١٤-٤ ی ساڵی ١٩٨٨ز- ئەم دەڤەرەی ئێمە.لەسەر دەستی بەعسیەکان چەندین گوند وێرا ن وخاپورکرا.پڕ کرا لە بۆنی باروت. لەو پرۆسەیەدا لەسەر دەستی بەعسیەکان چەندین مامەڵەی نامرۆڤانە دەرحەق بەکەسوکارەکانمان کرا. کەچی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لێی بێدەنگ بوون، ئەمرۆش لەلایەك فرمێسکی تیمساحیمان بۆ ئەڕێژن و"لەلایەکی دیکەش ناحەزان ئامادەن خوێنمان برێژن )

دەولەتی عێراق لەبری ئەوەی داوای لێبوردن لەگەلی کورد بکات ئەوەتا فەرماندەیەکی سەربازی سەردەمی ئەنفال دەنێریتەوە کەرکوك، بەپلەوپایەو داڵو نەجمەی زیارترەوە لە دژمان راوەستاوەتەوە، ئەمەش مایەی نیگەرانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی گەرمیانە. فەرماندەی ئەو سوپایەی کەلە سنوری کەرکوك. جێیگیر کراون لیوایەکی بەرەگەز عەرەبە.کە لەسەردەمی ڕژێمی بەعسیشدا باڵادەست بووە. هەروەکو خەڵکی ناو چەکە باسی دەکەن و بەپی زانیاریەکانیش لەسەردەمی بەعس دا هەر لەهەمان ناوچەو بەپلەی سەربازیەوە سەرپەرشتی ئەنفالکردنی سنوری ناحییەی قادرکەرەمی کردووە.کەسوکاری ئەنفالکراوانی سنورەکەش شاهێدی ئەوەدەدەن. بەچەندین شێوازی نامرۆڤانە تاوانی دەرحەق بەهاولاتیانی ناوچەکە ئەنجامداوەو. دەستێکی بالای هەبووە لەپەلامارو تاوانی ئەنفالدا، ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەو لیوایەکە لەسوپای نوێی عێراقدا لە سنوری کەرکوك.. ئەمەش پرسیار گەلێك دروست دەکات؟.

# دۆسیەکی ئاڵۆز

## مرۆڤێك لە نێوان شکستو هەستانەوەدا

نگینیش قوربانیە، بەڵام قوربانی بوونی ئەو لە هەموو قوربانیەکانی تری ئەم وڵاتە جیاوازە ئەو هەر بەتەنها بەعس غەدری لێنەکردووە، بەڵکو غەدری کۆمەڵگە زۆر قورسترە.

نگین دەڵێت : من بنەڕەتی خۆم نازانم ئەوەندە نەبێ دەزانم کوردمو گەرمیانیم، دەنا نازانم خەڵکی چ گوندێکو کچی کێو تەنانەت ناوی راستەقینەی خۆشم نازانم چ جای ناوی دایكوباوکم..!؟ بەپێی قسەی نگین هێشتا تەمەنی پێنج شەش مانگ بووە، کە کەوتووەتە دەست پیاوێك بەناوی (حسن نەزیر) ی دانیشتووی قلیاسانی شاری سلیمانیو پێدەچێت ناوبراو یەکێك بوویێت لەو جاشانەی لەئەنفالدا بەشداربووە، چیرۆکی نگین بەو شێوەیەیە کە باوکی لەتەنگانەدا ناچاربووە منداڵە شەش مانگیەکەی بداتە دەست حەسنو نامەیەکیشی داوەتێ و پێی ووتووە ئەم (کەنیشکە) ئامانەتی تۆو خوای گەورەبێت.

لەو ساتەوە نەگین لەماڵی حەسەن نەزیر ژیاوەو بەردەوام ئەم ژنو مێردە کێشەیان لەسەر ئەم منداڵەهەبووە چونکە ژنەکەقایل نەبووە، لەمالیان بێت، هەر بۆیەش لەتەمەنی ١٣ ساڵیدا حسن نەزیر، وەك لەکۆڵخۆکردنەوەیەك بەبێ گرێبەستی هاوسەرگیری داوێتی بەپیاوێکی کوردستانی رۆژهەڵات بەناوی (خەلیل محمود) بەڵام لەم هاوسەرگیریەشدا بەخت یاوەری نابێ چونکە پاش ئەوەی دوو منداڵ (کورو وکچێك) یان بەناوی روئیاو موبین دێنە دنیاوە خەلیلیش کۆچی دوایی دەکاتو دیسانەوە نگین بەدوو منداڵەوە سەرگەردان دەبێو بەناچاری دێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان .

### گرفتەکانی نگین :

نگین سەربەهەر دائیرەو فەرمانگەیەکی حکومەتی هەرێمەوە دەنێت، بەوهۆیەوە دەست دەنێن بەروویەوە کە ناسنامەی باری کەسێتی نیە، بەهەمان شێوە " چ خۆیو



چ روئیاو موبین" لە ناسنامەو رەگەزنامەی ئێرانیش بێبەشنو ئەمەش بووەتە سەرەکی ترین گرفتی ئەم مرۆڤانە. ئەگەر موبینو روئیا بنەرەتیان دیارەو دەزانن کە دایكوباوکیان کێیە ئەوا نگین لەوەش بێبەشەو تەنانەت ناوی راستەقینەی خۆی نیەوئەوناوەش هەر حەسەن نەزیر لێی ناوە.

ئەوکاتەی روخسەتم لێخواست وێنەیەکی بگرم نگین زۆر بەشڵەژانەوە ووتی: فەرموو وێنەم بگرە بەڵام توخوا لەرۆژنامەو تەلەفزیون بڵاووی مەکەرەوە چونکە هەروا هەشت مانگێك لەمەوبەر تەلەفزیونێك کەهێشتا بۆی رون نیە ناوی کەناڵەکە چیە ئەوەندە نەبێت کە هی پارتی بووە، دەڵێت ئەو دیدارە بۆم بووە ژەهری مارمن ویستم باسی مەینەتیو داماوی خۆم بکەم، بەڵام ئەوەندەی تر فرێی دامە ناو دۆزەخ، لەبەرئەوەی ماڵی خەزوورم بینیبویان، هاتن دۆزیمیانەوەو دەیانویست منداڵەکانم لێبسەننەوە بەڵام لەپۆلیس شکاتم لێکردن، بۆیە ناتوانم توشی گرفتبم.

گرفتەکانی ئەو ژنە لەهەموو قوربانیەکانی ترئاڵۆزترو ئەستەمترە، چونکە ئەگەربەجیماوی ئەنفال بێت ئەوا لەهەموو ئەو ئیمتیازانە بێبەشە کەلەهەرێمی کوردستان دەدرێتە وارسەکانیان، بێگومان ساغکردنەوەی ئەو کێشەیەش ئاسان نیەو بگرە زۆریش ئاڵۆزە. ئەو کە ئێستا نەخۆیو نەمنداڵەکانی ناسنامەی باری کەسێتیان نیەوئەمەش بووەتە لەمپەرلەبەردەم ژیانیدا، ئەوکەئێستا لەگەڵ روئیاو موبین لەگەرەکێك دەژینو مانگی ٢٥٠٠٠٠ دوسەدو پەنجا هەزار دینار کرێی خانوو دەدات، بێئەوەی هیچ ئیشوکارێکی هەبێت، تەنها خەڵك خێری پێدەکاتو زۆریش بەوە شەرمەزارو نیگەرانە. لەبەرگرفتی نەبوونی ناسنامە کورەکەی بەگوێگر لە

خوێندن وەرگیراوەو ئەگەر ئەم گرفتەشیان بۆ چارەسەر نەبێت ئەوا منداڵەکانی لە خوێندن بێبەش دەبن .

## چیرۆکی نگین لە نیوان راستیو درۆدا .

ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کەوا نگین دایكوباوکی ئەنفال نینو لە بنەرەتەوە هاولاتی ئەم هەرێمەش نیەو لەوەش واوەتر باگریمانەی ئەوە بکەین کە هەرکورد نیە، بەلاّم خۆ خۆیو منداڵەکانی مرۆڤنو پێویستیان بەچارەسەرە، ئەوکەگەنجێکی رەنگ پەریووە، ترس سەرتاپای رۆحی داگیرکردووە، دەشێت قوربانیەکی ئەنفال بێتودەشێت واش نەبێت. بەڵکو دۆسییەکەی لەخانەیەکی تردا خۆی ببینێتەوە.. بەلاّم بەپێچەوانەوە ئەی باگریمانەی ئەوە بکەین کە منداڵیکی لەئەنفال بەجێماوە ؟ ! ئەمە ئەوپرسیارە ئالۆزەیەو رەنگە وەلاّمدانەوەی زۆر ئاسان نەبێت چونکە ئەگەر راست بێتو دایكو باوکی ئەنفالکرابن ئەوا لەم حالەتەدا لەهەموو ئیمتیازاتی موچەو زەویو ئەوسەروەریەش بێ بەش دەبێت کە بەرکەسوکاری ئەنفالو منداڵە بەجیماوەکانیان کەوتووە. بەلاّم بەدیوەکەی تریشدا وەها دۆسیێەك گرفتێکی ترە، خۆ ناکرێت هەرکەسێك هاتو بلێت من بێ ناسنامەمو هەمان ئیمتیازاتی بێسەروشوێنانی ئەنفال بیگرێتەوە. بەلاّم پرسیارە ئالۆزەکە ئەوەیە ئەگەر راست بوو نگین کچی پیاوێکی گەرمیانو لەدامێنی ژنێکی گەرمیانی کەوتبووە خوارەوەو ئێستا وەکو دەیان هەزار گەرمیانی تر لەبیابانەکان بێ کفن کۆمەلّکوژکرابوون..؟ چون رەوایە کچەکەیان ئاوا بەبێ نازیو کەساسی بگوزەرێ..؟ ئیتر کێیە گرێ کوێرەی دۆسێی نگین دەکاتەوە..؟ ئەوە ئەرکی حکومەتە .

## هەرەشە لە مامۆستا هێمن عەبدولاّ مەحکوم دەکەین

مامۆستا هێمن عەبدولاّ ئەندامی دەستەی ناساندنو بوژاندنەوەی گۆپەپەوئەندامی ناوەندی چاكو ستافێکی چالاکی گۆڤارەکەشمانە.

بەداخەوە بەهۆی چالاکیەکانیەوە هەرجارەو گرفتێکی بۆ دروست دەکەن، پار ساڵ لەکاتێکدا سەرقاڵی یادی کیمیابارانکردنی گوندەکەیان بوو ئاسایشی ناوچەکە بانگهێشتی دەکاو پێی دەلێن: ئەگەر عاقڵ نەبیت ( پشتت لە ورگت نەرمتر دەکەین) ..

پاشئەوەی ناوەندی چاك، قایمقامی چەمچەماڵولیژنەی بالای یادی ئەنفالی لەو هەرەشانە ئاگادارکردەوەو بەرێوەبەری ئاسایش، پاشەکشەی کرد ، کەچی دواجار کەوتنە دروستکردنی سیناریویەکی تر. بەوەی رۆژنامەنوسێکی گوێ لەمستیان هاندا بوو داوایەکی یاسایی لە سەر تۆمارکردبوو، گوایە هێمن عەبدولاّ فۆتۆی ئەوی بەکارهێناوە..؟! بەلاّم لەوەشدا مایەپوچ بوون.. چونکە هێمن عەبدولاّ نەك فۆتۆی ئەوی بەکارنەهێنابوو، بەپێچەوانەوە فۆتۆکانی خۆشی لەلایەن وەزارەتی شەهیدانەوە بەکارهاتبوون بێئەوەی پرسی پێبکرێ یان پاداشتێك بکرێ .

ناوەندی چاكو گۆڤاری ئەنفالستان بەتوندی ئەو سیناریوو هەرەشانە ریسواو مەحکوم دەکات، کە دەرهەق بە ستافێکمان خراوەتە گەڕ.

چ شەرمەزارییەکە دەستو پەنجەی هەزاران ئازیزمان لە بیابان تێکەڵ بەلم بوون، کەچی خەلّکێکانێك ئەوا شەرانگێزانە مامەلّە بکەن، بە هیواین ئەوانە لەبری دلّپیسی بیرلەوغەدرە ئینسانیو نەتەوەییانە بکەنەوە کە لەلایەن بەعسیزمەوە دەرهەقمانکراوە چونکە بۆخۆشیان باشترە. ماوەتەوە بلێین سەلامەتی گیانی هێمن لە ئەستۆی دەزگا ئەمنیەکانی ناوچەکەدایە.

# دۆزینەوەی تەرمەکانی گۆپتەپە



م.هێمن عبدالله

دوای لێبوردنی گشتی ٧ ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨ بەشێك لەپیروپەکەوتەکانی کە ئەنفالکرابوون‌و لە گرتووخانەی نوگرەسەلمان‌و تۆپزاواوە ڕزگاریان بووبوو.پەروەردگار ئومێدێکی تری پێبەخشینەوە قەدەریان نەکەوتە بیابانەکانی عیراق . لەدوای راپەرینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ یشەوە بۆ دووبارە درێژە دان بەژیان وئاوە دانکردنەوەی گوندە وێرانکراوەکانیان .خەڵکی گوندی گۆپتەپەی شەهیدانیش گەڕانەوە بۆسەر زێدی خۆیان .کە ناوچەکەیان گەورەترین قوربانیی ئەنفال‌وکیمیابارانی داوە هاوشێوەی هەڵەبجەوشوێنەکانی دیکەی کوردستان .

چیرۆکەکان بۆماندەگێڕنەوە کە لەکیمیابارانی گۆپتەپەدا سەدان کەس بونە قوربانی‌و گوندەکە لە ئێوارەیەکی سامناکدا بووە کوشتارگایەکی گەورە لەناومالّ وبەردەرگاو سەرکانی و تەنانەت لەسەر تاتەنوێژەکانی مزگەوتی ئاوایی‌و ناومەزراوکێڵگەکان.

قوربانیەکانی گۆپتەپەش بەهەمان شێوەی هەڵەبجەو سێوسێنان‌و دۆڵی بالیسان سەر لەئێوارەی ڕێکەوتی(١٧)ی ڕەمەزان ٣/٥/١٩٨٨ گازبابارنکراو دەیان کەس هەرلەجێدا گیانی پاکیان سپارد ، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە گوندنشینەکان لەچاوەروانی ﴿اللەوأکبر﴾ی مزگەوتەکاندا بوون تابەربانگ بکەنەوە بەلآم چ بەربانگێك.. ؟ ئەو بەربانگەی تا رۆژی حەشرو حیساب درێژەی هەیە؟؟ ئەوکاتە ١٥٠خێزان دەبوو بەبەراورد لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوانەکەی گەورەترین قوربانی‌و تاوان‌وکارەساتی لێکەوتەوە کە زیاترلە(٤٥٠)کەس بوونەقوربانی پەلاماری چەکی کیمیاوی و دواتریش پەلاماری ئەنفال.

## دیاردەی گۆڕستان

دوای گەڕانەوەی خەڵکی بۆ ئاوەدانکردنەوەو سەرلەنوێ درێژەدانەوە بەژیان، ئەمەشوەك پێداگری لەسەر زێدی خۆیان‌و کۆڵنەدان، دژ بە ڕژێمی بەعس لەلایەك‌و لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی نەیارانی لەوە تێبگەن کەگەلی کورد مل بۆ هیچ دیکتاتۆرێکی دوونیا کەچ ناکات . بەڵام بەداخەوە خەڵکی گۆپتەپە. سەرباری کۆسپی نەبوونی‌و هەژاری روبەرووی دیاردەیەکی مەترسیداریش بوونەوە کەهەتا ئێستا درێژەی هەیە، ئەویش دۆزینەوەی تەرمی بەتاك‌و کۆمەڵە. پارساڵ رۆژێك دوای مەراسیمی یادی کیمیابارانی گۆپتەپەتەرمێك لەژێر خانوویەکدا دۆزرایەوە، ئەمە هەتا ئێستاش دیاردەیەکی مەترسیدارەو بووەتەمایەی ترس‌و دڵەراوکێ‌و گومانی زۆری دروستکردوە لەوەی لەهەموو هەنگاو نانێکی ناو گوندەکەدا بترسن لەسەرئەوەی بەسەر پەیکەری مرۆڤێکی بێگوناهدا هەنگاوبنێن لەقوربانیانی چەکی کیمیاوی .



ئەو قوربانیانەی ئێستا هەموویان لەسەرقەڵای گۆپتەپە بەخاك سپێردراونەتەوەو بەدەستەو پەنجەی هونەرمەندی پەیکەرتاش (عومەر بێ بەش) پەیکەرێکیان بۆ دروستکراوە، بەناوی پەیکەری هاوار کەلەهەمولایەکی گۆپتەوە وەك سیمبولی ستەمو غەدری کۆمەڵکوژی ناوچەکە دیارەو ئێستا ئەو گۆرستانە بەقەڵای شەهیدان ناو دەبرێت .یەکەمین پۆلی دۆزراوەی شەهیدانی کیمیاباران بوون کەژمارەیان ﴿١٠٥﴾کەسەو لەسەرەتای ئاوەدانکردنەوەی گۆپتەپەدا لەژێر داروپەردوە ڕوخاوەکاندا دۆزرانەوە هەتا ئێستا دۆزینەوەی تەرمی شەهیدانی کیمیاباران لەگەڵ هەڵدانەوەی خانوەڕوخاوەکاندا. بەردەوامە، لەساڵی ﴿1992﴾سێ تەرم لەحەوزی مزگەوتی گەورەی گۆپتەپەدا دۆزرانەوە یەکێك لەو کسانەی کەلەکاتی پاککردنەوەی حەوزەکەدا لەوێ بوو. بەبڕوای خۆی کوڕکەی لەپرۆسەی ئەنفالدا ونبووەو نەگەڕاوەتەوە، کەچی پاش چەندچرکەیەك تەرمی کوڕەکەیان لەژێر داروپەردوی روخاوی حەزەکەی مزگەوتدا دۆزیەوە ئەمەو چەندین چیرۆکی هاوشێوەی تراژیدیای تر ،لەگۆپتەپە.

لەبەرواری ٢٧/١٠/٢٠٠٠ لەکاتی پاککردنەوەی خانوویەکدا چەند پارچە ئێسکێك بەدەمی خاکەنازی دەستی کرێکارێکەوە دێنە دەرەوە، بەڵام کریکارەکە بەناوی (محمدعارف) گوێی پێ نادات بەردەوام خەریکی کارکردن بوو، بەڵام تادەهات وردەوردە ئێسکەکان زۆردەبوون ، تا بوونەجێی گومانیوئەویش بەئاگادارکردنەوەی خاوەنی زەویەکەلەکاروەستان ولایەنی پەیوەندی داریان لێ ئاگادارکردەوەوپاش ماوەیەك دەستیان کرد بەهەڵدانەوەی گۆڕەکەسەرئەنجام گەیشتنە﴿١٠﴾تەرم . دواتریش لەلایەن کەسوکاروئامادەبوان وکەناڵەکانی ڕاگەیاندن، لەمەزاری شەهیدانی گۆپتەپەوبەئامادەبونی فرمێسکی چاوی دایکانی ڕەش پۆش چارێکی تر بەخاك سپاردرانەوە.بەهۆی بونی چەندپەڵگەوپێناسێکەوە لەلایەن کەسوکاریانەوەناسرانەوە.تەرمەکان منداڵیان لەگەڵدابوو ،کەتەمەنی تەنها(٣)مانگ بووە. سەرلەبەیانی ڕۆژی ٤/٥/٢٠١٠بەیەك ڕۆژدوای یادی کیمیاباران وئەنفال، تەرمێکی تریش دۆزرایەوە لەلایەن ئەندامانی دەستەی ناساندن وبوژاندنەوەی گۆپتەپەی شەهیدان وکەسێك وبەشێك لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن .لەهەمان کاتدا وەزارەتی شەهیدان وئەنفالکراوەکان وبەرپرسانی ناوچەکەولیژنەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی لێ ئاگادار کرانەوە ،بەڵام بەداخەوە ئەورۆژە نەهاتن بەدەنگمانەوە.تەرمەکە هەڵدرایەوە .بۆڕۆژی دواتر لیژنەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان هاتنە گۆپتەپەوتەرمەکەیان لەگەڵ خۆیان بردتالێکۆڵینەوەی بۆ بکەن تائامادەکردنی ئەم بابەتەکەنزیکەی( ٧)مانگە تەرمەکە نەگەڕێندراوەتەوەوبەپێی سەرچاوەیەك تائێستا هیچ کارێکی یاسای بۆنەکراوە!!

ئەمەلەگەل ئەوەی کەلەلایەن دانیشتوانی گۆپتەپەودەستەیەك لەگەنجان وبەچەندبابەتێکی ڕۆژنامەبەرنامەی تایبەتویاداشتێك کەئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستان کرا.ئاگادارکرانەوە لەبونی تەرمی تربەڵام زۆر بەداخەوە هیچ کاریکی دڵخۆشکەر ی بۆنەکراوە..جاهیوادارین بەدەنگ داواڕەواکەمانەوە بێن و کارئاسانی بۆگەڕانەوەی ئەوتەرمەبکرێت لەساڵی ٢٠١٠دا دۆزراوەتەوە کەئێستا لەپایتەختە...!!؟؟

# دیمەن چۆن لە گازبارانی بالیسان ڕزگاری بوو

## لەکتێبی کیمیابارانی خۆشناوەتیەوە

خەمساردی ئێمەی کورد لەوەدایە کەهەرناوچەیەك بەرپەلاماری ئەنفال‌وکیمیاباران کەوتبێ دەیان‌و بگرە سەدان چیرۆکی وەکودیمەن‌وگەردۆیان تێدا بەجێماون مەگەر چۆنها دەنا کەس لێیان ناپرسێتەوە، چیرۆکی رزگاربوونی "دیمەن" کچە ساوایەکی بالیسانی دەشێت هەوێنی چەندین تابلۆوهۆنراوەوفلم‌وکورتە فلمی سینەمایی‌کورد بێت، وەلی کەخەم نەبوو ئەوانیش بەدەم دلڕەقی رۆژگارەوە دەمرن. بۆیە لەدوای ساڵی ١٩٩١ وە لەگەڵ مردنی هەر قوربانیەکدا بەلایەنی کەمەوە چیرۆکێکیشمان مردووە..

ئێمە لێرەدا وێرای دەستخۆشیمان لەدەستەی ئامادەکارانی ( کتێبی کیمیاباران لەخۆشناوەتیدا ) کە لەدۆڵی بالیسان‌وخۆشناوەتی هەستاون بە نوسینەوەو دۆکۆمێنتکردنی تاوانی کیمیابارانی ناوچەکەیان بەشانازییەوە ئەم دوو چیرۆکە لەکتێبە بەنرخەکەیان هەڵدەگوێزین‌و بەشانازیەوەو بەئیجازەی ئەوان لە گۆڤاری ئەنفالستاندا جارێکی تر بە دەستکاریەوە چاپی دەکەینەوە، ئامانجیش لەبلاوکردنەوەی تەنها ئەوەیە کە چیرۆکی دیمەن لە کوێستانەوە بگوازینەوە بۆ گەرمیان‌و بە زۆرترین خوێنەری ئاشنا بکەین .. بەهیواین بەم کارەمان توانیبێتمان خزمەتێکمان کردبێ‌و لەپالیشیدا چەند پرسیارێك قوتبکەینەوە کە وەلامەکەی بۆخوێنەر بەجێدەهیلێن ئەویش لەوبروایەمانەوە سەرچاوە دەگرێت کە وەلامی حازربەدەست نەدەینەوەو خوێنەر بخەینە پاش بەدواخستنی وەلامەکان.. پرسیار لەمەرئەوەی داخۆ لەدوای چیرۆکی دیمەن چەند کوردی تر بەناهەق لە شاخی زەینەتیر لەخۆڕاییی‌و بەناهەق لەشەڕی ناوخۆدا خوێنیان ڕژا ..؟ ئێستا دیمەن چەندە هەلی خوێندن‌و پێگەیشتنی بۆ فەراهەمکراوە



بەتایبەتیش لەبەراورد لەگەڵ وەچەی ئەو پیاوانەی لەسەرحسابی دیمەن‌و مەینەتی میللەتێك مەدالیای ئازایەتی دکتاتۆریان بەسنگ‌و بەرۆکیاندا هەڵدەواسی‌وئەمرۆش بەبێ منەتی بەتەنیشت یمەن‌و بەبەرچاوی ئێمەوە بەئۆتۆمبیلی های مۆدیل تەراتین دەکەن‌و لێپرسراوانیش مەنەتی ئازادیمان پێدەفرۆشنەوە..؟!

( حاجی صادق ) پیاوێکی دڵسۆزی گوندی شێخ وەسانان بوو، ئەوگوندەی کەلەدامێنی چیای شۆپە بە هەژاری گیرسابووەو خەڵکەکەی بەکشتوکاڵ‌وئاژەڵداریەوە سەرقاڵ بوون، لە ئێوارەی ١٦ی نیسانی ١٩٨٧ گازبارانکرا، شۆپە هەمیشە قەڵغانێکی سەخت بووە بە رووی داگیرکەانی کوردستانداو زۆرجاربووەتە پشت‌و پەناو بەسختی خۆی دالدەی خەڵکی ناوچەکەیداوە لە ملهوڕی‌و دەستڕێژیەکانی رژێمەکانی دەوڵەتی عێراق.

حاجی صادقی شێخ وەسانی ئەو پیاوەبوو کە بڕیاری دابوو تاکو کوردستان ئازاد نەبێت‌و بەنەوتی کەرکوك ڕدێنی تەڕنەکا نەیتاشێ، بێگومان ئەو ردێنەی نەتاشی وبەکسەری ئەوئومێدەوە سەری نایەوەو بەگازی کیمیاوی گیانی لەدەستداو ئەویش وەك هەرگوندنشینێکی شێخ وەسانان بەگازی کیمیاوی خنکاوشەهید بوو، ئەو پیاوە، با بزانین حاجی بە چ شێوەیەکی تراژیدی لەگەڵ بووکەکەی شەهیدبوون.جێگەی بیرهێنانەوەیە کە چیرۆکی حاجی صادق لە ژمارە پێنجی ئەنفالستان بلاوکراوەتەوە

ئێوارەی ١٦ی نیسانی ساڵی ١٩٨٨ حاجی صادق، لەگەڵ بوکەکەی‌ومنداڵێکی ساوا بەناوی ( دیمەن ) کەئەو ساتەوەختە تەمەنی هەروا چەند مانگێك دەبوو دوای ئەنجامدانی تاوانی گازبارانی کیمیابارانی بالیسان‌و شێخ وەسانان، بەناچاری بە

سواری گوێ درێژێك گوند بەجێدەهێڵن‌وبەرەو شاخی زینەتیری بەرانبەرگوندی تۆتمێ دەكەونەرێ، بەنیازبوون بچنە شارۆچكەی شەقڵاوە وخۆیان دەرباز بكەن ، بەڵام ئەفسوس دەگەنە بناری چیای زینەتیر، لەوێ لە زەردەپەری ئێوارەدا، جارێكی تر فرۆكەوانە دڵرەق‌و بەدكارەكانی بەعس دەگەنەوە سەرئاسمانی ناوچەكەو دەكەونەوە بۆمبارانكردنی چیاكان بەچەكی كیمیاوی، لەوێ حاجی وبوكەكەی كە هاوسەری نادری كوڕی بوو، كە دووگیان ئەبێت شەهید ئەبن و دیمەنی كۆرپەش بەباوەشی دایكە مردووەكەیەوە لەچیای كیمیابارانكراو لەوشەوە تاریكەدا لەناوخوێناوی باپیرەی ردین سپی‌وتەرمی دایكیدا بەجێدەمێنێ‌وهەتاكو بەیانی بەبەر سینگ وبەرۆكی دایكە شەهیدەكەیەوە رۆژدەكاتەوە لەودەقەرە ترسناكەدا، منداڵێكی بەجێماوجار بەجار مەمكی دایكی (باشتروایە بڵێین مەمكی تەرمێكی ساردەوە بوو) دەمژێت، كسەرچاوەی ژیان و سۆزی دیمەنی كۆرپە بوو لەمەترسی وبرسیەتی .

### كێ بووە فریاد رەسی دیمەن ؟

هاوولاتی ( مام رەسوڵ حاجی عولا ) رۆژی دواتر بەسواری تراكتۆرەكەی بەمەبەستی گواستنەوەی شەهیدەكان دێتە ناوچەكەو لەئاست دیمەنی هەردوو شەهیدەكە حاجی صادق‌ودایكی دیمەن سەرسام دەوەستێ، دەبینێ جوڵەیەك لەناوگیای دەوروبەری هەیە دواتر گوێ بیستی دەنگی نوزانەوەوگریانی منداڵەكیش دەبێت، ئەویش بەمەبەستی دەربازكردن‌و چارەسەركردنی هەڵیدەگرێتەوە.

چیرۆكی دەربازبوونی باوكی دیمەن ( نادر حاجی صادق ) یش رووداوێكی ترو سەرسوڕهێنەرترە كە ئەوسەروەختە پێشمەرگە بووەو لەكاتی كیمیابارانكردنەكەدا لای ماڵ ومنداڵی نەبووە، بەڵام ئەویش لەكاریگەری كیمیابارانەكە بەدەرنەبوو..!! بابزانین چۆن ؟ ئەویش وەكو هەرفریادرەسێك كە بەهانای خەڵكەوە چووبوو، دوای زامدار بوونی بەهۆی كیمیابارانەوە ( هاوولاتی ( مام ئسعەد نادر ) وچەندین زامداری تربەرەوهەولێر ئەبات بۆچارەسەركردن، دوای دابەزینیان لەبەردەم نەخۆشخانە، كاك نادرهەست دەكات كە سیخورو پیاوە نەفسنزمەكانی رژێمی بەعسی نیازیان بەرامبەرنادر خراپە دەیانەوێت بیانگرن، بۆیە هەر زوو بەخۆ دەكەوێ‌و هەوڵی خۆ دەربازكردن ئەدات ، بەڵام كاتێك پۆلیسێك لێی دەپرسێ بۆكوێ ئەچیت ؟ ئەویش پێی دەڵێت: ( برام تۆكوردی ومنیش كوردم ، رێگام بدە دەچمە سەرئاو ) پۆلیسەكە نەرمی دەنوێنی‌و رێیپێدەدات، ئەویش ئەودەرفەتە دەقۆزێتەوەولەكەلێنێكەوە بۆی دەرئەچێت وئامۆزاكەی كە بەسەیارەیەكەوە لەدەرەوە چاوەڕوان بوو، خێرا سواردەبێت وهەڵدێت لەم كاتەدا سەیارەیەكی نەژدەی پۆلیس بەدوایان دەكەوێت خۆش بەختانە لەنێو كۆڵانەكاندا لەیەك بزردەبن، پاشان ( محمد عومەر) نادری زامداری كیمیاوی دەباتە لای دكتۆر ( هیوا سەید ئەحمەد) كە ئەویش پیاوێكی بەهیمەت‌وكتۆرێكی بەهەڵوێست بوو.. لەوێ دكتۆر هیوا كەلێی دەپرسێت بۆچی‌و بەچی وات لێهاتووە ؟ نادریش لەبەرئەوەی لەبارێكی نائاسایی‌و ناثارامدایەو ئازانێ دكتۆری ناوبراوخاوەن ویژدانێكی گەورەیە، بۆیە لەوەڵامدا دەڵێ لەشەر بەگازی ئێران وامان لێ هاتووە ( دكتۆر هیوا ) بەتوڕەیی قسەی لەگەڵدا دەكات‌وتەنانەت جنێویشی بەنادر ئەدات ، پاشان نادر راستی رووداوەكەی پێ دەڵێ و دكتۆریش نێوچاوانی ماچ دەكات و بەووردی چارەسەری دەكات .

بەم شێوەیە نادر لەمەرگی داسەپاو خۆی رزگاردەكات‌و جارێكی تردەگەرێتەوە نێو ژیان، بەڵام دكتۆر هیوا پێی دەڵێت: تۆچیترمەیە بۆلام ، بەڵكو من بۆخۆم دێم چارسەرت دەكەم، باپیاوانی رژێم نەتگرن.

سەرئەنجام بەهەوڵ‌وهیمەتی دكتۆرهیوا نادر چاوەكانی چاك بوونەوە و تەندروستی بەرەو باشی رۆیشت پاش سێ مانگ هەواڵی شەهید بوونی باوك و هاوسەرەكەی زانی، هەواڵی بەتەنیا مانەوەی كۆرپەكەی لەوچۆڵەوانیەتاریكەدا جارێكی ترنادر

دەخاتەوە نێو زام وئازار، نادر لەقولاّیی تیّ فکرینەوە دەلّیّ تۆ بلّێی لەوشەوە دەیجوورە سامناکەدا نوزەوگریانی دیمەن دار وبەردی ئەوکێوەی وەقسە نەهێنابیّ و وویژدانی وولاّتێکی ئیسلامی یا



مرۆیی نەهەژاندبیّ ، دەبیّ ئەم هاوارە چی بیّ ؟ ( دادە ... مەمە ... دادە مەمە ) چاوەڕێی بزە وخەندی پڕمیهری دایك بكات کەتوند بەباوەشیەوە بگریّو دیمەن بەگژمەرگ وئەژدیهای سەردەم و درندەترین ڕژێمی فاشی ئەوسا بووە و ئێستا کچێکی ٢٣ سالاّنەی شاری پیرە قەلاّیە وەلیّ ئەفسوس ئەویش وەکو هەر قوربانیەکی تری جینۆسایدکردنی ئەم میللەتە هەربیّ نازە ونالّەی ئازارەکانی ئەوسەردەمەی نەتەوەیەکی هەرشەلێکراوە.

## گەرانەوەی قاسماغاو نارەزایەتی قوربانیانی دەشتی کۆیە

پاشئەوەی لە مانگی ئەیلولی سالّی رابوردوو هەوالّی گەرانەوەی کۆنەموستەشاری بەعس لە کوردستان بلاّوکرایەوە نارەزایەتیەکی توندی لەلایەن کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالو خەلّکی ئازادیخوازی کوردستانی لێکەوتەوەو بەهۆیەوە چەندین بەیاننامەی نارەزایەتیو کەمپەیی لێکەوتەوە.

سەرەتا کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوانی کۆیەو دەشتی کۆیەو تەقتەق بەدەنگ هاتنو دواتریش لەکۆی شاروشارۆچکەکانی کوردستان وەك پشتگیری کردن دەنگی نارەزایەتی لەدژی ئەو کۆنەموستەشارەو کۆی جاشەکانی تر بەرزبووەوە. زۆری نەبرد کە لەژێر فشاری دەنگی نارەزایەتی خەلّکدا پارێزگاری هەولێر هاتەسەرخەتو لەرێگەی میدیاکانەوە بە خەلّکی راگەیاند کەوا قاسماغامان لەشاری هەولێر دەرکردووە، بەلاّم ژنەکەی ئەو هەوالّەی رەتکردەوەو لێدوانی بۆ رۆژنامەی هاولاّتی دابوو کەوا ئەو هەرلەکوردستانەو جگەلە سەرۆکی هەرێم حساب بۆکسی ترناکەن.

سەرئەنجام لەنێوتەپوتۆزی ئەوهەرای راگەیاندنەو ئەم روداوانەی دوایدا دۆسێی قاسماغاش ونبوو جارێکی تر باسی لیّ نەکرایەوە. پێویستە ئەوەش بگوتریّ کەوا دەسەلاّتی هەرێمی کوردستان نەك هەربەرامبەر بەقاسماغا بەلّکو بەرامبەر بەکۆی تاوانی اشومستەشارەکان کەمتەرخەمەو هەندێکیشیانی دالّدەداوەو حسابی بۆ هەستومافی قوربانیانی ئەنفال نەکردووە..











# پەپولە بەخشندەکانی گۆپتەپە خەڵاتی ئەنفالستانیان وەرگرت

لەژمارە(٧) ئەم ساڵنامەیەی ئەنفالستاندا چەند منداڵێك کە ژمارەیان (٩) منداڵ بوو لەگوندی گۆپتەپەی شەهیدان توشی تیڕامانێکی سەر سوڕهێنەریان کردین بەوەی هەستێکی بەرزیان نواندبوو، نازانیین چۆن بیریان لەوە کردبووەوە کە ڕۆژانەکەی خۆیان پێشکەش بەساڵنامەکە کردبوو..؟ لەراستیدا ئێمە لەنێوان وەرگرتن‌و رەتکردنەوەدا دۆشدامابووین، وەرگرتنی پارە لەسندوقی پاشەکەوتی منداڵ کارێکی زەحمەتەو رەتکردنەوەشی بەومانایەی حساب بۆبون‌و هەستی نەکەی لەوە زەحمەتتر..بەڵام سەرئەنجام گەیشتینە ئەو بڕیارەی کۆمەکەکانیان وەربگرین‌و بەشێوەیەکی بەرچاو بڵاوی بکەینەوە ، تا بتوانین لەئایندەدا کاری هەرەوەزی‌و بەتەنگەوە هاتنی یەکتری‌و بەرپرسیارێتی هەڵگرتن بکەینە نەریتێکی بایەخدار، ئێمەش بۆ ڕێزگرتن لە هەستی جوانیان بڕیارماندا هەریەکەوخەڵاتێکی ڕێزلێنانی پێببەخشین.

لەبەرواری١٤/٤/٢٠١١بۆ بەرزراگرتنی گیانی قوربانیانی تاوانی ئەنفال، مامۆستا هێمن عەبدوڵا سەردانی قوتابخانەکانیانی کرد، بەمەبەستی ئەوەی خەڵاتەکانیان پێ ببەخشێت کە ساڵی رابوردوو لەدەمی خۆیان گرتبووەوە بۆ ئەنفلستان،جێگەی باسە ئەمساڵیش ئەو مرۆڤە ناسکانە دووبارە ئامادەی خۆیان بۆ هاوکاری ژمارە(٨) ئەنفالستان بەبری ١٠٠٠ دینار دەربڕی .

## ئەوپەپولانەی دوو ساڵە هاوکاری ئەنفالستان

| ناوی خوێندکاری کۆمەکار | قوتابخانەکەی |
|---|---|
| ڕۆژگار عبدلا | بنەڕەتی گۆپتە پە |
| ئەزیزعبدلا | بنەڕەتی گۆپتە پە |
| تریفەفاخیر | بنەڕتی قامیشلی |
| محمدفاخیر | بنەڕتی قامیشلی |
| أحمدفاخیر | بنەرەتی قامیشلی |
| کامەران ڕەزا | بنەرەتی قامیشلی |
| بەڵێن ڕەزا | بنەرەتی قامیشلی |
| کاڵێ ڕەزا | |
| پەرێز محمد مجید | |

# ئەنفالو تێگەیشتنە جیاوازەکان پرۆژەیەك بۆئێستاو ئایندە

سمکۆ سابیر




ئەنفالو تێگەیشتنە جیاوازەکان پرۆژەیەکی رۆژنامەنوس سمکۆسابیرە کە ماوەی چەند ساڵێکە پێوەی سەرقاڵەو پارساڵ لەیادی ئەنفالدا لە میانەی پرۆژەی ١٠ کتێب یەکەمین بەرهەمی کەوتە بەردیدەی خوێنەران.

سەبارەت بەو پرۆژەیە سمکۆ سابیری رۆژنامەنوس لە لێدوانێکیدا بۆ ئەنفالستان ووتی: ئەنفال وەکو کۆستێکی نەتەوەیی، خوێندنەوەو شرۆڤەی کۆی ئەو هۆکارانەیە کەپاڵ بەسیستمێکی تۆتالیتاری وەکو بەعسەوە دەنێت، تاوەکو گەلی کوردی پێ ئەنفال بکات، تەنها کارێك نییە کە رۆشنبیرو روناکبیری کورد بۆئەم ساتەی دوای روداو. بەڵکو کەشفکردنێکی ئەوساتەوەختەشە کە لەهەموو زەمەنێکدا حەقیقەتێکی تر بەدوای خۆیدادەهێنێت.

بەخوێندنەوەیەکی تازەتر ئەوجینۆسایدە، پێماندەڵێت " کە بەعسیزم چییەو مێژووی ئەم ناوچەیەی کەلەگەڵ عەرەبو ئەو جیاوازییە کۆماندەکاتەوە، چ قەیرانێکی لەروی فرەیی‌و پێکەوە ژیان تێدا بەرجەستەبووە.

پرۆژەکە ( ئەنفالو تێگەیشتنە جیاوازەکان) هەوڵێکە بۆئەوەی هەموکەس بەتایبەتیش نەوەی نوێ خوێندنەوەی جیاوازی هەبێت، بەرگی یەکەمی ئەو کتێبە نزیکەی نۆساڵی خایاند. ئەوەش بەهۆی چەندین هۆکارەوە بوو کەلێرەدا جێگەی باسکردن نین. بەلاّم بۆکتێبی دووەم. کەهیوادارم هەوڵێکی جدی تربێت، لەپاڵ هەموو ئەوهەولاّنەی کە روناکبیران‌و رۆشنبیران‌و رۆژنامەنوسانی کورد ، بەگشتی‌و چالاکوانانی پرسی ئەنفال بەتایبەتی بۆ ناسینەوەی رەگەزەکانی ئەنفال، چ وەکو کۆست. چ وەکوتاوان‌و جینۆساید کاری لەسەردەکەن.

هاوکات لەگەڵ ئاشناکردنمان بە تەواوی لایەنەکانی ئەوتاوانە. بەتایبەتیش پرسە مێژوییەکەو، عەقڵیەتی شۆڤێنی بەعس‌و ئەوبیدەنگییانەی کەجیهانی عەرەبی هەڵیدەبژێرن. بەکارهێنانی ئایەتێکی قورئان بەناوی ئەنفال و رەهەندە ئاینیییەکانیتر لەگەڵ چەندین رەهەندو باکگراواندی تر .کەواتە دەگەین بەوراستییەی کەقسەکردن لەجینۆساید قسەکردنێك نییە بۆ ساتەوەختێکی دیاریکراو. بەڵکو دەبێت قسەکردنێکی بەردەوام بێت بۆناسینی هەموو ئەو رەهەندانەی کەتاوانەکەی بەرهەمهێناوە. دەستنیشانکردن‌و ناسینەوەی ئەوتاوانە، بە دیدە جیاوازەکانەوە قسەی لەسەر بکرێت . کەبێگومان ئەوە خەیاڵی ئێمە ئاسوودەتردەکات کەئەنفال ببێت بەبەرپرسیارێتێکی ئەخلاقی لەهەناوی خۆماندا. دوواجاریش دەبێتە فاکتەرێك بۆشەرمەزارکردنی زیاتری ئەوکەس‌و لایەنانەی لەئەنفالدا بازرگانی بەخوێنی بێگوناهەکانی نیشتیمانەوە دەکەن‌وگیرفانی خۆیانی پێپڕدەکەن. بۆیە بەردەوام بوون لەسەر ئەم پرۆژانە، بەردەوامبوونە لەسەر رێزگرتن لە قوربانییانی ئەنفال‌و ئەو باجە قورسەی کە بۆخاك‌و نیشتیمانەکەیان پێشکەشیانکرد.

# بەرپرسیارێتی ئەڵمانیاو بۆچوونی وەزیری پێشووی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان.

فەلاح مراد خان

رۆژی ١٧ی شوباتی ٢٠١١ قونسوڵی ئەڵمانیا ستیڤن باتلەرلەگەڵ ژمارەیێك چالاكوانی دۆسێی ئەنفال‌وكیمیاباران كۆبووەوە.

ستیڤان باتلر ئاماجی كۆبوونەوەكەی نەشاردەوەكە لێك تێگەیشتنە، لە نێوان كوردو ئەلمان، چونكە پارساڵ لەرۆژی ١٦-٣-٢٠١٠ نوێنەری ناوچەكیمیابارانكراوەكانی پارێزگاكانی هەولێرو سلیمانی هاتبوون لێرە خۆپیشاندنیانكردبوو، شایانی باسە ئەوخۆپیشاندانە بەسەرپەرشتی رێكخراوی سپی لەبەردەم كونسوڵخانەی ئەڵمانیائەنجامدراو لەو رۆژەدا پەیامێكی ئاشتیان ئاراستەی ئەو وڵاتەو جیهانكردو داوایان كردبوو كە ئەڵمانیا داوای لێبوردن لەگەڵی كورد بكات لەبەرامبەر فرۆشتنی چەكی كیمیاوی بەرژێمی بەعس.

لەوكۆبونەوەیەدا كەنزیكەی ٣٠ كەسایەتی ئەوبوارە بانگهێشتكرا بوون، قونسوڵ ووتی:حكومەتی ئەڵمانیا بەجدی بەدواداچون بۆ ئەوداوایە ئەكات ودەیانەوێت لەنزیكەوە گفتوگۆی لەسەربكەن .

ئەگەرچی دوای هاتنە دەرەوەمان هەموومان بەوە دڵخۆشبووین كە لەكۆبونەوەكەدا قسەی باشكراو، جەخت لەوەكرایەوە كەدەوڵەتی ئەلمانیا ئەركێكی ئەخلاقی لەسەر شانەوەبێت پێوەی پابەندبێت، بە داخەوە كەمینەیەك باسی لاوەكی‌و ستایشی قونسولیان كرد، دەنا بەگشتی قسەی جدی كرا، لەوانە هەریەك لە (عومەرمحەمەد، عەدالەت عومەرصالح، پارێزەران دلاوەر حەیدەرو گۆران ئەدهەم، دكتۆرفوادبابان.) بەڵام ئەوەی توشی شۆكو شلەژانی كردین هەڵوێست‌وقسەكانی وەزیری پێشووی شەهیدان‌وئەنفالكراوان دكتۆرە " چنار سەعد عەبدوڵا" بوو، كەووتیی: (پێمواںیە ئەڵمانیا بەرپرسیارێتی یاسایی بكەوێتە ئەستۆ) وتیشی من ماوەیەك پێش ئێستا بۆ وەها دۆسێیەك بانگهێشتكراوم بۆ

ئەڵمانیا، ئێوە لەمامەڵەكردن لەگەڵ ئەوكارەساتانەدا زۆرشارەزان، داواكارم هاوكاریمان بكەن لەبەجینۆسایدی ناساندنی ئەم دۆسێیەو فێرمان بكەن ئێمەش چۆن شارەزایانە مامەڵە بكەین " هەرچەندە زۆربەی ئامادەبوان لەنورە قسەی خۆیاندا بەرپەرچی بۆچونەكەی وەزیری پێشویاندایەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو بۆچونە ئاراستەی گفتوگۆكەشی گۆری .

بەپێچەوانەشەوە یەكێك لەبەشداربوان ئاماژەی بەوەدا كەئەگەر ئەم نەوەیە بەداوای لێبوردن رازی بێت ئەوا نەوەی داهاتو رەنگە ئەمەش قبوڵ نەكات، جەختیش لەوەكرایەوە ئەڵمانیا نەك هەرچەكی بەرژێمی پێشو فرۆشتوە بەڵكو یارمەتیداوە لەدامەزراندنی كارخانەی چەكەكان ومەشقكردن بەشارەزایانی عێراق‌و لەو رووەوە چەندین بەڵگەنامە پێشكەش بەكونسوڵكرا .

ئەگەرچی كونسوڵ راشكاوانە قسەی كردو زۆربەسنگفراوانی گوێی بۆسەرنج‌و پێشنیاروڕەخنەی ئامادەبوان گرتبوو، بەڵام بەو حاڵەشەوە هێشتا زۆرپرسیار بێ وەڵام بوون، بەڵام راستەوخۆ كونسوڵ وتی هیچ هیوایەك نابینێت لەلایەن حكومەتەكەیەوە چونكە ئێستا ئەڵمانیا بە دوو ئاراستەدا پێچەوانەی بۆچونەكانی ئێوەیە: یەكەمیان ئەوەیە خۆی بەقەرزداری كورد نازانێ دووهەمیشیان ئەوەیە كە ئەو دۆسێیە بەجینۆساید ناناسێت.

مەترسیەكانی بۆچونی حكومەتی ئەلمانیا لەتێگەیشتنی ئەواندا نیە بەڵكو لەوێشەوەیە كەبۆچون‌و قسەیەكی وەك ئەوەی وەزیری پێشو بەڵگەی راستییەكی تاڵە لەنەبونی ئەجندایەكی فەرمی حكومەتی هەرێمدا، كەكەسایەتیەكی وەكوچنارسەعد ماوەی چوارساڵ وەزیری كاروباری شەهیدان بوە.

پێویستە ئەوەش بوترێ هەر زوو ستیڤان باتلەر دای بەگوێماندا كە ئەمساڵ لە١٦/٣دەچێتە هەڵەبجەوبەشداری مەراسیمی یادكردنەوەكە دەبێت، بەڵام لە نۆرەی خۆیدا پێی گوترا: مەچۆ بۆ هەڵەبجە لەبەرئەوەی ١٦/ ٣ ئێمە دێینەوە بۆلاتان‌و وەڵامان دەوێت بەداخەوە رووداوەكانی ١٧ی شوباتی شاری سلێمانی‌و شیرازەی دۆخەكە رێگربوون لەوەی ئەمساڵیش بچینەوە بەردەمی قونسوڵی ئەلمانیا.

## ناوەندیچاکلەجنێف بەشداری لە میزگردێکینەتەوە یەکگرتوەکانداکرد

لەبارەگایسەرەکیینەتەوەیەکگرتووەکان لە جنێف، ناوەندیچاك) بەشدارییلەمێزگردێکدا کرد بەناوی: مافیمرۆڤلەعێراق وبەربەستەکانی ڕۆژی ٢٠١٠/٦/٨ ناوەندیهەڵەبجە دژبەئەنفال وجینۆسایدیگەلیکورد (چاك) بەشدارییلەمێزگردێکداکرد ،کەلەبارەگایسەرەکیینەتەوەیەکگرتووەکان لەجنێفرێکخرابوو، چارلزگرەیز لەو دەرفەتەدا دکتۆرە چۆمان هەردی لە سەربانگهێشتیناوەندیچاك ،لێکۆڵینەوەیەکیپۆستدەربارەی ژنانی دەربازبوویئەنفال بە ناونیشانی" تاوانیئەنفال و ئاکامەکانیلەسەرژنان" پێشکەش کرد شایانی باسە بابەتەکەی چۆمان هەردی بووە مایەی سەرنجولەکۆتایدابەجۆشەوە پێشوازی لێکرا. لەناو هەمووباسوتارەکانیتردازۆرینەیپرسیارەکانڕووبەڕووی هەردی کرانەوە ،بەبڕوایئامادەبووانلیکۆلینەوەکەی چۆمان ئەوکاریگەرترین بابەت بوو.

کەتیشکیخستبووەسەربارودۆخیژنلەکاتیئەنفالوپاشئەنفالبەتایبە تیباسیئەوژنانەیکردکەلەزیندانەکاندا بەندکرابوونوئەوانەشکەبەهۆیتاوانەکەوەئاوارەیولاّتانیدراوسێبووبوون.

هەروەهائەوژنانەیلەپاشئازادبوونیانڕاپێچیئۆردوگازۆرەملێکانکرانوبەبێ هاوسەرمابوونەوەوبەبێهیچپشتگیرییەکدەستیانکردەوەبەبنیاتنانەوەیژیانیخۆیانومنداڵەکانیان.

دکتۆرە چۆمان لەدەرەنجامەکاندا چارەسەرێکی گشتگیری بۆ کێشە درێژخایەنەکانخستەروو. لەسەرئەمسێئاستەیخوارەوە:

١ - قەرەبووکرنەوەیلەدەستدانیماڵ،موڵك،بژێویژیانوئەندامەکانیخێزانیانبەدابینکردنیژیانێکیهێمنوتێروتەسەل.

٢ بەدەستهێنانیچەمکیدادپەروەریو دادگاییکردنیتۆمەتباران.




٣ دابینکردنیزانیاریدەربارەیقوربانیانیئەنفالوکارکردنبۆگێڕانەوەهێنانەوەی ڕوفاتیئەنفالکراوانبۆزێدیخۆیان.

گێڕانەوەیهیواوئومێدیدەربازبووان:

گێڕانەوەیشکۆویەکسانییکۆمەلاّیەتیوزەمینەسازییبۆبەشداربوونیدەربازبووانلەنێوەندیبڕیاروپۆستەبالاّکانیحکومەتوکارگێڕییلەئاستەجیاوازەکاندا.

### ئەوپرسیارانەیئاڕاستەکران :

چالاکوانێکیبواریجینۆسایدیخەلّکیپاکستانپرسیاری ئەوەی کردئایاهیچهەولێکدراوەبۆبەنێونەتەوەییکردنیتاوانی ئەنفال؟

هەردی: لەسەرەتایسالێینەوەدەکانەوەڕێخراوی" چاودێریمافیمرۆڤ" دانیبەجینۆسایدکردنیخەلکیکورددستاندانا. ئەمرێکخراوە بەپشتبەستنبەدۆکۆمێنتانەیحکومەتیعێراقکەلەکاتیراپەریندادەستخەلّککەوتنو هەروەهاچاوپێکەوتنلەگەلّزیاترلەسێسەدمرۆڤیدەربازبوویئەنفالوهەلّدانەوەیچەندگۆڕێکیبەکۆمەلّراپۆرتێکیان بەناوی " جینۆسایدلەعێراقوئەنفالدژیکورد" بلاّوکردەوە.

هەرئەوکاتەئەمرێخراوەهەولێداقەناعەتبەدووولاّتیهەمیشەییینەتەوەیەکگرتووەکانبکاتکەسکالاّییاساییدژیدەولّەتیعێراقتۆماربکەن، بەلاّمئەمەسەرینەگرت.

دواترلەدۆسیەیدادگاییکردنیگەورەبازرگانیهۆلّەندی " فرانسڤانئانرات"دادادگایهۆلّەندییدانیبەوەداناکەئەنفالدەچێتەخانەی جینۆسایدەوە. دادگایبالاّیعێراقیش جینۆسایدکردنیکوردییەکلاکردووەتەوەو پەرلەمانیعێراقبەفەرمیقەبولّیکرد. پارێزەرێکیبەشداربووئەو پرسیارەیئاراستەیدکتۆرچۆمانکردکەئایاهیچ

کاملەوکۆمپانییانەیمادە یان
چەکیکۆکوژییانبەعێراقفرۆشتووەراپێچیدادگاکراون؟
چۆمانلەوەلامداوتی:
لەسالی ٢٠٠٢ عێراقدۆسیەیچەکیکیمیاییپێشکەشبەنەتەوەیەکگ
رتووەکانکردکەتیایداباسیپرۆگرامیدروستکردنیچەکیکۆکوژیوسە
رچاوەکانیبەدەستهێنانیکەرەسەیخاویکیمیاییکرد.
بەلامبەبڕیاریئەمریکاوبەریتانیاوچەندزلهێزێکیترئەمزانیاریانە
لەدۆسیەکەدالابرانبەبیانوویئەوەیکەنەکاولاتانیدیکتاتۆریبەخراپیی
سوودلەمزانیاریانەوەربگرنو
بۆدروستکرنیچەکیکیمیاییبەکاربیهێنن.
هەندێکزانیاریشسەبارەتبەمکۆمپانیانە
لەرۆژنامەیەکیئەلمانیدابلاوکرانەوە.
رۆژنامەکەووتبوویبەشێکیزۆریئەوکۆمپانیانەئەمریکیو ئەلمانین.
هەرئەوکاتەچەندچالاکوانێکهەولیبەدادگەیاندنیئەوکۆمپانیانەیا
ندابەلامهەتا ئێستا هیچئاکامێکی نیە. هۆکاریئەمەش
نەبوونیزانیاریپێویستوبڕواپێکراوەپاشانپشتگیریولاتەزلهێزەکانونا
وگۆڕینیزۆرێکلەوکۆمپانیانەوکەمتەرخەمیدەسەلاتیکوردستانە
لەبەدواداچوونیئەمدۆسیەیەدا.



ئەوکاتەی چۆمانماوەکەی تەواوبوو،دەستی پرسیارەکان هەر بە ئاسمانەوەبوون. لەدەرەوەی هۆلەکەش زۆرێك لە نوێنەرانی ناوەندی چاك ئالابوون بۆ ووتوویژی زیاترو باسکردن لەوتاوانی ئەنفال.

## سوپاسی تایبەت

- سوپاس بۆ بەرێزان: کاك ئاکۆ محمد وەهبی و کاك کاوان عومەر قەرەداغی کەبێئەوەی کەس رویان لێبنێت، پاشئەوەی زانیبویان ئەم سالنامەیە بری ٤٧٠ هەزاردیناری چاپخانە قەرەزدارە خۆیان ئەو برە پارەیان دابوو، بە چاپخانە، لەوەشدا گەورەییان نواند کە هیچکامیان ئامادەنەبوون بری کۆمەکی دابینکراویان ئاشکرابکەن، تا ناویان لەم ژمارەیەدا بلاوبکەینەوە، بەلام ئەنفالستانیش بەوە قایل نەبوو کە بلاوکردنەوەی ئەو هەلویستەیان فەرامۆش بکات. دوبارە سوپاسیان دەکەین
- زۆرسوپاس بۆ هاورێی خۆشەویستم کاك عەبدولای سەیدگول لە وولاتی ئەلمانیاوە کامێرایەکی جۆری ( MeDion ) دیجیتالی بە سالنامەکەمان بەخشی .



# با هەموومان وەك تۆبین

## وەفادارییەك بۆ مەلا رەحیمی سەرقەڵا

سەرکۆ محمد ڕۆستەم - ٢٠١٠/٤/١٦

ئەنفال خەمێکی گەورەی ئێمەیە.. ئێمەی ڕێکەوتەی سەرگۆی زەوی و ڕێکەوتەی ئەومێژووە کەچەندینجار تاوان و شکستی بە ڕووی گەلی کورد دا هەڵشاخاندوە بەلاّم گەورەترین تاوانیش لە نێو ڕوداوەکاندا ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەیە، ڕاستە شکست و کوڕە و کارەسات گەلێکی تر دەرهەق بە ئێمە کراوە بەلاّم ئەوەی بوەتە جێی لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەو یاد کردنەوەو بیر نەچوونەوە بۆ ئێمە تاوانی گەورەی وەك ئەنفالە کە نابێت لێی بێدەنگ بین. ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەرکێ و کێ لێی بەرپرسە لە ڕاگەیاندن و شرۆڤەکردنوجەختکردنەوە لەسەر ئەم نەهامەتیە گەورەیە کە بتوانێت بەجیهانی بناسێنێ.. بەدڵنیاییەوە ئەو بەرپرسیاریەتە دەکەوێتە ئەستۆی خۆمان، وە درێخی کردنیشی تاوانێکە وەك ئەوەی خۆمان دووپاتی بکەینەوە.

ئەگەر بڕوانین تاوان لە مێژووی نەتەوەی (**عەرەب**)دا ڕوویداوە بەلاّم بە هەڵەی هاوڕەگەزی خۆی.. کە چۆن دەستیان چوەتە خوێنی خۆیان وچۆنیش ئەوتاوانەی لای خۆیان ڕێزی لێدەگیرێ هەتا ئەمڕۆ، بگرە زیاتریش لەم سەردەمدا تەشەنەی کردووەو ئەو ڕێزگرتنە بەرە بەرە پەلی هاویشتوە بەرەو (**کوردستان**). ئەوان لە ڕۆژی عاشورادا چۆن ئالاّ ڕەشەکانیان لە سەرماڵەکانیان ڕادەگرن و بۆچەندین ڕۆژجل وبەرگی ڕەشی، پەلاسی سەرتا قەدەم دەپۆشن سەیر تر لە وەش بەزنجیر دەکەونە گیانی خۆیان و شین ومۆری دەکەنەوە. هەریەکەو بەپێی توانای خۆی لە دەفری گەورەدا ژەمە خواردنی نایاب و شیرینی و نوقڵ بە سەر دۆست و دراوسێ وماڵە هەژار ودەوڵەمەندەکانیشدا دەبەشنەوە، ئەمە بۆ چەند ڕۆژێ بەردەوامە، کۆڕو کۆبونەوە وسازدانی دەنگ وئاوازولاوانەوەی بەشین و شەپۆڕ تائەم یادەوەریەی خۆیان بەرز ڕابگرن، بۆئەوەی لەناو نەچێ و نەوە بە دوای نەوە بۆیەکتریان جێهێشتوە، وەك چۆن هەتا ئێستاش بۆیان ماوەتەوە.

من ئەم پەرۆشیو خۆشەویستیەم بۆ بۆ یادەوەریەکانمان تەنها لە مەلا رەحیمی سەرقەڵا بینیوە، تەنها ئەو دەبینم لەر ڕۆژی ١٤/٤/ی هەموو ساڵێکدا وەکو لەوێنەکەدا دەیبینن هەردوو شانەکانی لەقوڕدەگرێ و بە خۆشویستییەوە یادی قوربانیانی ئەوتاوانە بەرز ڕادەگرێ.

زۆر نمونەی جوان لە مێژووی ژیانی ئەم مەلا پارتیزانەدا بەدی دەکرێو زۆریشی لەسەردەگێرنەوە. بەلاّم کورد ووتەنی تەنها مشتێك لە خەرواری ئەو جوانیانە بەسە، مەلا رەحیم یەکێکە لە پێشمەرگە پارتیزانەکانی دوای ئەنفال، کە لەگەرمیاندا مابوونەوە ، ڕۆژێکیان خۆیو هاوڕێکانی ویستبویان ئاگر بکەنەوە، بەلاّم هیچیان دەستناکەوێ بیسوتێنن، دوای گەرانێکی زۆر تەنها (**بێشکە**) یەکی شکاو دەدۆزنەوە کە لە ئەنفال بەجیماوە هاوڕێکانی دەیهێنن بۆ ئەوەی بیسوتێن، بەلاّم مەلا رەحیم بە دۆزینەوەی ئەو بێشکەیە زۆر نیگەران دەبێ و بە هاوڕێکانی دەڵێت: نابێت بیسوتێنن، چونکە ئەمە تەنها سووتانی چەند پارچە تەختەو دارێك نی یە، بەڵکو سووتانی ڕۆحی منداڵانی ئەنفالە.

# تاوانێکی پشتگوێخراو
# کیمیابارانی گوندی وەری



ئەنفالستان

ئێوارەی ١٧/٥/١٩٨٨ دواهەمین رۆژی مانگی رەمەزان گوندنشینەکان خۆیان بۆ جەژن ئامادەدەکرد، کاتژمێر ٧:١٥ ی ئێوارە پۆلێك فرۆکەی جۆری سیخۆی دەولەتی عێراق چوونەتە ئاسمانی گوندەکەو سێیانیان شۆردەبنەوەو هەریەکەیان ٢ بۆمب فرێدەدەنە خوارەوە، هەر شەش بۆمبەکە لەسەرووی گوندەکە دەکەونە خوارەوە دوای ئەوەی دەتەقنەوە دوکەڵێکی سپیو مەیلەو زەردیان لێدێتە دەرەوەو بە ئاراستەی بادا رووەوگوند ورۆژم دێنیو بەناومالاّندا بلاّودەبێتەوە، هەرچەندە بۆمبەکان دەنگیان کەمو بێ گرمەونالە بوون، بەلاّم ئەم بۆمبە بێدەنگانە تاوانی گەورەیان لەهەگبەدابوو گوندی هەژارنشینی (وەرێ)یان کردە کوشتارگایەکی گەورە، خەڵکی گوند فریای جەژن نەکەوتن. فرۆکەوانە بەعسیەکان سەلیقەیەکی زۆری کۆمەڵکوژیان هەبوو، بە جۆرێك تاوانەکەیان ئەنجامدا تەواوبەدڵی سەرکردەکانیان بوو. کە بۆمبەکانیشیان لەسەروی گوند فرێدابوو مەبەستێکی درندانەیان هەبوو، هەڵکەوتەی گوندەکە بەشێوەیەك بووکە تەواو بە قازانجی پەلامارە کیمیاویەدا شکایەوە، گوندی وەرێ لەبناری چیاوە سەرەو لێژ بوو، بۆ بەدبەختی گوندنشینەکانیش ئەو رۆژە ئاراستەی با بەتەواوی هاوکارو یاریدەدەری نیازی بەعسیەکان بوو، هەموو ئەوگازە ژەهراویەی لەوبۆمبە بێدەنگانەوە هاتنە دەرێ بەناومالّو حالّی ئەوخەڵکە بێگوناهە وەوەر بوو، ئەو رۆژە (تەکنەلۆژیاو سروشت) پێکەوە بەکەیفی دکتاتۆربوونو کۆمەڵکوژیەکی گەورەیان خولقاند.

## ئێوارەی ژەهراوی :

دەمەو ئێوارەی ١٧/٥/١٩٨٨ ژنانی گوند بۆ خۆ ئامادەکردنی جەژن قۆلیان لێهەڵمالی بوو بۆکولّو جلوبەرگ شۆرین چووبوونە سەرکانی، بەو نیازەی خۆیان بۆ پێشوازی جەژن ئامادەبکەن بەلاّم زۆربەیان هەرلەوێ نەگەرانەوە ناومالّەکانیانو هەر لەسەرکانی هەموویان بەکۆمەڵکوژرابوون یان بریندارببوون، ئەو قوربانیانە هەندێکیان مندالّ بوونو دایکیان بردبویان بیانشۆنو بۆ سبەی جەژن ئامادەیان بکەن، ئەم ژمارەیەی ئنفالستان کە بۆرێزگرتن لەقوربانیانی ئەو تاوانە لەچاپ

دەردەچێ ئامانجێتی بەدنیا بلێت، سالێك پاش تاوانی کۆمەڵکوژی بالیسانو شێخ وەسانان ئەم گوندەش هەبەدەردی ئەوان چوو، لەلایەکی تریشەوە مەبەستی ئەوەیە بەراگەیاندنی کوردی بلێت : ئەم تاوانە بەبەراورد لەگەڵ هەڵەبجەو شوێنانی تر گەورەترین غەدروتاوانی دژی مرۆڤایەتی بوو لەسەردەستی بەعسیەکانی چونکە ژمارەی کوژراوەکانی لەچاوگوندەکەدا نیازی ریشەکێشکردنی کورد رونترنیشان دەدات..

ئەو رۆژە هەردانیشتوانی گوندەکە نەبوونە قوربانی، بەڵکو چەند میوانێکی گوندەکانی دەوروبەریش لەگەڵ خانەخوێکانیان

گیانیان لەدەستدا ، کۆمەڵکوژی هەرمرۆڤەکانی نەگرتەوە، بەڵکو مەلوباڵندەوپەلەوەرو ئاژەڵیش بوونە قوربانی و ئەوانیش هەرلەجێدا مرداربوونەوەو لەگەڵ خەڵکی ئاوایی بەدەم زریکەو جریوەوەوقیژەو گریانەوە رۆحیان دەرچوو. هەندێکیشیان رۆژانی دوایی دەکەوتنە سەر زەوی و لەپەلو پۆدەکەوتن ومنداردەبوونەوە، ئەو رۆژەی وەریّ لێی قەوما جگەلە گوندنشینەکانی دەوروبەری، نەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەپەیماننامەی قەدەکردنی جینۆسایدو نەجاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ بەهانای کوردەوە نەهاتن، بەڵکو ئەوانە لە درۆیەکی گەورە واوەتر نەبوون، کۆمەڵکوژی گوندی وەریّ بەچەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی، وێنەیەکی رونی دلرەقی و ستەمکاری هەر سیستمێکی تۆتالیتاریزمە ، پەڵەیەکی رەش بەتەویلی ئەفسەرە دلرەق و توندرەفتارەکانەوە کە ئەمرۆ بەهامان بیری شۆڤێنیزمی عەرەبییەوە لەسوپای عێراقدا پۆستیان وەرگرتووەتەوە. کیمیابارانی وەریّ پەلەیەکی رەشە بەئابروی شۆڤێنیزمو تەنانەت بەتەوێلی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشەوە.

نابێت ئەوەش لەیادبکەین کە هەردوای رەوینەوەی تەمومژی گاز خەڵکی گوندەکانی تر بەتایبەتی ( توتمە، هەرتەل، میرگەسەر) جوامێرانە بە هانایانەوە هاتوون وبەئەرکی ئەخلاقی وئینسانی خۆیان هەستاونبەسواری تراکتۆروگوێدرێژ بەرەوخەستەخانەکەی سەروچاوەیان بردوون، بەلاّم لەبازگەکانی رژێم سەرباز رێگەیان نادەن بچن بۆسەروچاوەودەیانگێرنەوە، ئەوخەڵکەی کیمیاوی جەستەو رۆحی هەلاهەلا کرد بوون، بەناچاری و دلشکاوییەوە بەبریندارەکانیانەوە گەرانەوەو بەشلەژاوییەوە رووەوچەمی قەشان بەرێدەکەون و لەوێ هەتا بەیانی بریندارەکان بەدەم ئازارەوە دەتلێنەوەو بەرەبەر لێیان دەمرێت، بەم شێوەیە هەتا بەیانی رۆژ دەبێتەوە یەك بەدوای یەکدا گیان لەدەست دەدەن و دەمرن.

لەگەڵ رۆژبوونەوەشدا خەڵکی ئۆردوگای شکارتە دەچنە هانایانەوە بەلاّم تازە بەهاناوە چوون چ سوودی نەمابوو،چونکە کەگەیشتنە جێ رووبەرووی تراژیدیایەکی گەورەوترسناك




بوونەوە، کاتێك بەسەر جەستەی ساردوسڕی بریندارەکاندا چوون و بینیان هەموویان گیانیان لەدەستداوە.

ئەوانەی پێشتر بەرلەم تاوانە هاوماڵ وجیرانی گوند بوون ئێستا هەموویان مردوون وفریای جەژنە پیرۆزە نەکەوتن، کە بەنیازبوون ئەمرۆ لەیەکەم رۆژی جەژنی رەمەزاندا گەردن ئازایی لەیەکتر بکەن..! ئیترخەڵك بەناچاری هەرلەشوێنی خۆیان و بەجل وبەرگ وجەستەو رۆحی ژاهراوی بوویانەوە، لە چەمی قەشان دەستیانکرد بەناشتنیان، هەتا ئێستاش قوربانیانی ئەوتاوانە هەرلە شوێنی خۆیاندان و گۆرستانێکی شایستەیان بۆکراوە.

ئەنوەربەگی بێتواتەیە کە ئەوکاتە سەرەك جاش و دەسترۆیشتووی ناوچەکە بوو، گوندی وەریش سەربەناحیێی بێتواتەو لەژێر قەلەمرەوی ئەواندابوو تەنانەت جورئەتی ئەوەشی نەکردبوو ئەو قوربانیانە بهێنرێنەوەو بە رێورەسمی ئایینی و کۆمەڵایەتی بەخاك بسپێردرێن، بەڵکو بەخەڵکەکەی وتووە هەرلەشوێنی خۆیان بیان نێژن ومەیانهێننەوە بۆئێرە...!

**کیمیابارانی گوندی وەریّ**
**پەڵەیەکی ترە بەتەوێلی شۆڤێنیزمی عەرەبییەوە**

# ئەنفالی چوارو بەسەرهاتی قادرو نادرومستەفا.

دیدار: هێمن عەبدوڵا

**لەم دیدارەی مستەفا قادری گۆپتەپەدا زۆر خاڵی گرنگ دەخوێنیتەوە بەڵام لەهەموویان گرنگتر چارەنوسی نادری برایەتی کە چۆن بێئەوەی خۆی بخوازێت سیاسەتی تەعریبی بەسەردا دەسەپێو بێئەوەی بەخۆی بزانێت بەهۆی خەمساردیو بێباکی سیاسە تمەدارای کوردەوە سیاسەتی بەعەرەبکردن پەیرەودەکات.**

**کاک مستەفا ئەگەر بکرێت خۆت بناسێنیتو بەسەرهاتی خۆتمان لە کیمیابارانی گۆپتەپە بۆ بگێریتەوە..؟**

من ناوم مستەفا قادر ئیسماعیلە دانیشتووی گوندی گۆپتەپەم. رۆژی ٣ی ئایاری سالّی ١٩٨٨ دەمەو عەسربوو کە کیمیابارانی گۆپتەپەکرا، هێشتا فرۆکەکان نەهاتبوون، من لە چەمەکەوە بەرەومالّ دەبوومەوە، کە گەیشتمە ناودێ نزیکی مزگەوتەکە بوومەوەو فرۆکەکان هاتن، لە پێشەوە یەکدوو جارسورانەوە دیارە بۆ ئەوە بووە ئاراستەی هەوا وەرگرن. هێشتا بۆمبەکان بەرگۆپتەپە نەکەوتبوون، مالّی کاک عەبدول لەچەکەدا بوون، ئەوان ١٨ کەس بوون، لەپێشەوە دوو بۆمبی بە زێیەکەدا کێشا، ئینجا گەرانەوە بۆ سەرگۆپتەپە، چوارجار سورانەوە،من دەمویست بگەمە لای دایکم ئەوان، تەماشامکرد کەسێك پێشمەرگەیەکی بەدەستەوە بوو حالّی خراپ بوو، کەفی سپی لەدەمی دەهاتە دەرەوەو بەلادا کەوت منیش ووتم: ئەوە چی بوو بۆ وای لێهات پێشمەرگەکە دەمامکی کردبوو، وتی: کورە برۆ فریای خۆت بکەوە ئەمەکیمیاویە منیش رامکرد پشتێنەکەم تەرکردو لەسەرو چاووم ئالاند، رام کرد بەرەو چەمەکە لەوێ دیمەنێکی زۆر ترسناکم بینی، مالّی کاك عەبدول ١٥ کەسیان بەسەریەکدا کەوتبوو هەندێکیان هەر یەکسەر مردبوونو هەندێکیش هێشتا لەقە فرتەیان بوو، ژنەکان نانیانکردبوو بەسەر ئاردوو دەرخۆنەکانیان بەدەمدا بەکەوتبوون، لەوەش ناخۆشتر منداڵەکانیان لەباوەشدا مردبوو، منیش بەرەو گردێك سەرکەوتم خەریکبوو چاوەکانم لەدەست دەدا، محمودێك هەبوو بەرەو رووم هات ووتی: ئەوە چییە ووتم: نەچیتەوە بۆناودێ کیمیایی لێداوە ئەو دەستی گرتم نزیکەی سێسەد مەترێك دەستمی گرتبوو دیاربوو لەجلەکانی منەوە ئالّودەبووە، ئەویش کەوتە رِشانەوەو دەستی بەردامو رایکرد منیش ماوەیەك بەدوایدا رامکرد گوێم لەدەنگی تاقموتفەنگەکەی بوو دەنگی دەهات، رۆیشت نەمزانی چی لێهات بەڵام ئەو دوایی گیراو ئەنفالکرا، لەسەرگردەکە کورێکی لێبوو تایەری ناوبوو ئەویش لەترسان خۆی رووتو قوتکردبووەوە ئیتر منیش بەتەواوی چاوەکانم لەدەستدا. قۆلیمگرت ووتم بەرەو ئاغجەلەرم بەرە رۆیشتین چووینە شێخ بز لەوێ ئەویش رای کرد منیش کەوتمە ئاوێکەوە، بەتەواوی خۆم لە ئاوەکە هەڵکیشاو دەموو چاوم شۆرد بەڵام وەزعم زۆر خراپتربوو، بەیەکجاری چاوەکانم لەدەستداو کەوتمە ئەو دەشتەوە هەرلە خۆمەوە هاوارم دەکرد بەڵکو یەکێك فریام بکەوێ کەس نەبوو، لە رِۆیشتندا کاتێکم زانی لەسەر

پردێکەوە کەوتمە خوارەوە بۆناو ئاوێك باشبوو تەنك بوو، ئیتر سەرلەنوێ دەموچاوم شۆردەوە ئینجا ڕشماوە بەو رشانەوەیەکەمێك لەشم سوکترو باشتربووم، بەلاّم چاوم هەر نەدەبینا، ئیتر منیش هەردەرۆیشتموهاوارم دەکرد بەلاّم کەس نەبوو بەفریام بکەوێ .

**ئەو کاتەی چاوت دەبینی چیترت بینی بمرێ لەناو گۆپتەپە ئاژەڵ و مەل ؟**

لەوکاتەدا من هەر ئەو پێشمەرگەیەم بینی ئەویش بەلامەوە سەیربوو خوێنی پێوەنەبوو کەچی بەلادا هات و مرد. دایکم و ئەوانیش بەتەپوتل لەحەوشەی خۆمانەوە هاتنە خوارێ، هەندێك گەنجیش لەناو مزگەوتەکە بوون بەتەقلە کەوتنە خوارێ من لەناو ۆپتەپە ئەوەندەم بینی، بەلاّم لەخوارێ مالّی کاك عەبدولڵ بەو وەزعە بینی کەباسم کرد. بەلاّم لەوێ چۆلەکەی کوشتبوو، سەگ تۆپی بوو، هەتا دوو لەق لەق هەبوون ئەوانییشی کوشت .

**یەکەم جار بۆمبەکەی بە ئاوەکەداداوە بۆ ئەوەی ئاوەکەش ژاراوی بکات ؟**

یەکەم قومبەلە لەبەری گوندی کانیبی دا، دووهەم و سێهەمی لەناو ئەوەکەیدا ئینجا لەناو گۆپتەپەی دا. ئینجا دواتر خۆمن لەتاوی خۆم ئاگام لەدایکم و ئەوانیش نەما . بەو وەزعەمەوە کە رۆیشتم سەگ پەلاماریاندام باش بوو شوانێك هات سەگەکانی دورخستەوەو بردمی بۆ گوندەکەی خۆیان، قەلاّچۆغە هەرچەندە بەهۆی گۆپتەپەوە ئەویش شلەژابوو، هەرچەندە هاوارم کرد ماستاوم بدەنێ و جلەکانم بگۆڕن نەیان پەرژایە سەرمن مالیان ئاوابێ کە دێیەکەیان چۆلکرد بەجێیان نەهێشتم لەگەڵ خۆیان بردیانم سواری کەرێکیانکردم، رۆیشتین لەرێگا کەرەکەش هەلّدێرا هەردووکمان کەوتینە چالّێکەوە. لەوێ عەبدوالرەحمانی مەلا حەمەدەمین فریام کەوت، کەرەکەمان بەجێهێشت دەستیان گرتم، بردیانم شەوەکەی بەدزییەوە گەیشتینە تەکێ بەلاّم نەیانوێرا من بەرنە ناو ناحێکەوە لەنیوان رەبایەکاندا شاردمیانەوە، کە رۆژبووەوەو رۆژەکە لە چاومیدەدا خەریك بوو رۆحم دەردەچوو، حالّم زۆر پەریشان بوو، سەرەم دادنەواند پشتم دەستووتا دەکزایەوە هەموو لەشم کیمایی لێیدابوو، منیش نەدەمتوانی بڕۆم نەدەمتوانی هاواربکەم . بەلاّم چارم نەما هاوارم کرد لەرەبایەیەکەوە جاشێك هات بۆلام ووتی: ئەوە کورە تۆ بۆ وات بەسەرهاتووە تۆ چ کارەی هەموو لەشم پیس و قوراوی بوو، وتی: تۆ درۆدەکەیت تۆ خەڵ:ی گۆپتەپەی بەچاوت دیارە کیمیایی لێی داویت.. منیش راستیەکەم پێگوت ووتم یان بمکوژە یان فریام بکەوە، مالّی ئاوابێت ووتی: کاکە ناتوانم بتبەمە ناو رەبایەکەوە لەبەرئەوەی ئیستخباراتی عەرەبی تێدایە بەلاّم ناوم نەبەی دەتبەم بۆ مالّێك .. بردمی مالّێك بوو منداڵیان هەبوو بەژنەکەم گوت ئەومندالاّنە بەرە دەرەوە با کیمیاوی نەبن ژنە رۆیشت خۆشی نەیدەوێرا لێم نزیك بێتەوە. منیش برسیمبوو تینووم بوو، دوایی بانگم کرد ووتم وەرن فریام بکەون یان نانێکم بدەنێ یان بچۆمالّی خالّم بۆ بانگ بکە ئەحمەد عەنبەر خالّم بوو مالیان لەتکێی بوو، لەگەڵ مالّی حاجی عەلی گۆپتەپەیی ژنە ووتی: وەلا مالّی ئەوان نازانم بەلاّم مالّێ:ی گۆپتەپەیی جیرانمانن دەچم بانگیان دەکەم .. کەهات شادی کاکە مەجیدی بوو ئەویش کەهات دەستی کرد بەگریان بۆ مالّی باوکی منیش ووتم وەختی ئەوە نیە بچۆ مالّی خالّم بۆ بدۆزەرەوە، ئەوانیش نەیانوێرابوو بەرۆژ بێن بەشەو هاتن بردیانم حەمامیان بۆ داخستم خۆم شۆردو خەوم لێکەوت. زۆر ورێنەم کردبوو، دوو هەفتە ئاوا بە ئازارەوە بووم ئینجا خالّم وێرای دکتۆرێك بدۆزێتەوە، یەکەم دکتۆر کەهاتە سەرم دکتۆر خالید بوو، مالّی لەتەکێ بوو، دوو دەرزی بۆ پەیدا کردم

لەماوەی دوو هەفتەدا هەردوو دەرزیەکەی بۆ کردم، زۆر سودم لێبینی ئەگەر ئەونەبوایە دەمردم یان سەقەت دەبووم .. هەر منیش نەبووم فریای زۆرکەس کەوت

**تۆ یەکێک بوویت لەشایەتحاڵەکانی تاوانی ئەنفال ..؟**

بەڵێ من چووم بۆ شایەتدان لەسەر صدام حسێنو عەلی کیمیاوی بەڵام خۆ هەر ئەوان تاوانبارنین ئەوهەموو جاشومستەشارو مەفرەزە خاسە چییان لێهات، شوان هەبووە لەم دەشتە سەریان بڕیوەو بردویانەتەوە بۆ بەعس وتوویانە ئەمە پاسداری ئێرانیە، بە حکومەتیان دەفرۆشتەوەو ئێستاش بەرپرسنو موچەی بەرزیان هەیە، ئێمەش ئەو هەموو شەهیدو ئەنفالە، گۆرستانی شەهیدانی گۆپتەپە یەك ریزیان کە بەتەنیشت یەکەوە نێژراون کەسە نزیکەکانی منن، یەك موچەم هەیە لە حکومەتی هەرێم، ئەوانیش بە عەقیدو ئامر فەوج خانەنشینکراونو بە ملیۆن موچەیان هەیە، جەلەمۆرد ٤٧٥ ئەنفالکراوی هەیە، ئەوە حاڵی ئێمەو جەلەمۆردە کە دەیبینن.

**وتت ئەو ریزە شەهیدە هی ئێوەن لەم گۆرستانە ؟**

ئەم ریزەی کە بەتەنیشتیەوە دانیشتووم ١٧ کەسیان هی ئێمەن کەلەگۆپتەپە کیمیایی کوشتوونی تەنها دوو دانەی کۆتایی خانەوادەی ئێمە نین.

**کەچووی بۆ دادگاکە چۆن شایەتەکەت دا..؟**

کەچووم لێرەوە زۆر ریزیان لێگرتین سەیارە هات بەدوامانداو بە فرۆکەبردیانین، لەوێ وتم من شایەتی دەدەم باسی هەموو کەس دەکەم تەنانەت ئەوانەش کە لەمەڵبەندی دووش بوون، رێگربوون لە خەڵك، وتم موستەشارو هەمووی تانەت ئەگەر باوکیشم بێت، بەڵام کە زانییان قسەدەکەم، پێیان وتبووم من یەکەم کەس دەبم لەوێ شایەتی دەدەی کەچی منیان دواخست، دوایی وتیان تۆ خراویتە پێنج شەمە لە یەك شەمەوە بۆ پێنج شەمە دوایانخستم، پێنج شەمەش وتیان تۆ سەعات یەك شایەتی دەدەی سەعات یەکی ئەو رۆژەش لە هۆڵەکە بووە گاڵەگاڵو بەهەر حاڵ نەیان هێشت قسەبکەم، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە دەیانزانی من قسە دەکەم.

**واتا نەیانهێشت تۆ بەرامبەر صدامو عەلی کیمیاوی تاوانبارانی تر قسە بکەیت.؟**

نەوەڵا نەیانهێشت هەرلەبەرئەوەی کە باسم کرد.

**دەڵێن برایەکتان هەیە دوای ئەنفالی ناوچەکە پەریوەتە ناوعەرەبو هێشتا لەوێ دەژی ؟**

بەڵێ ئەوەراستە .

**ئەگەربکرێت بۆمان باس بکەیت ؟**

ئێمە لە ئێوارەی ٣/٥/١٩٨٨ هەر لەناو گۆپتەپە ٩ کەسمان کیمیایی کوشتی، منیش برینداربوومو باوکمونادری براشم دەرچوون، بەلێقەوماوی چوینە تەکێ بناوانمان نەمابوو کابانیمان بۆ بکات، نادری برام رۆیشت بوو بەشوانی کابرایەکی عەرەب، ناوی شێخ مونزرە لەتەلەبجۆ، ئەوە ٢٠ ساڵە هەر لە جنوبەونە هاتووەتەوە لەوێ پێشتر شوانی ئەومالە بووە، دواتر بردویانەتە دیوەخانو باوەریان پێکردووەو ژنیان داوەتێو ماڵی پێکەوە ناوە، ئێستا ٤ مندالیی هەیە، هەر لەوێیەو نەهاتووەتەوە، بۆ گۆپتەپە لە راستیدا کەس لەو حکومەتە بۆ تەنیا جارێکیش لێی نەپرسیوینەتەوە، سۆزێکی وای نەداینێ هەتا دڵی براکەم رازی بکات بەوەی بێتەوە بۆ نیشتمانی خۆی، کەسێك نەیگوتووە ئێوە خاوەنی ئەو هەموو شەهیدەن ئەو برایەت بۆ نایەتەوە. جارجار دێتەوە بۆسەردانمان بەڵام هەر بۆدیدەنیێ دێو دەرواتەوە.



هونەرمەند
فرانكویس رۆبێرت

## پەیامی هونەر

هونەرمەند فرانكویس رۆبێرت بە رەگەز سویسریە بەهونەرەكەی دەیەوێت بەرپەرچی هەموو جەنگ‌وتوندوتیژیەك بداتەوە، ئێمە ئەم وێنانەمان لە ریگەی ماڵپەرەكەیەوە دەست كەوتوون، كە بۆیەكە مجار برای هونەرمەند ماهیرئەمین چەند وێنەیەك‌و دواتریش لینكی ماڵپەرەكەی بۆ ناردین، پێموایە گواستنەوەی هونەرەكەی بەو ئاستە بەرزەیەوە دەتوانێ یاریدەدرەی بیرو تێفكرینی ژیانمان بێت بەتایبەتیش بۆ ئێمەی كورد كە زیاد لەجارێك كۆمەڵكوژكراوین. بەهیواین هەلەیەكی یاسایمان نەكردبێت كاتێك بەبێ پرسی خۆی ئەم تابلۆیانە دەگوازینەوە بۆ خوێنەرانی ئەم ساڵنامەیە.

# جەنگ‌و توندو تیژیی ڕاگرن

ئامادەكردنی ئەنفالستان.
وەرگێرانی تێكستەكە لەعەرەبییەوە : حسن حسێن .
سەرچاوە ماڵپەڕی فرانكویس رۆبێرت .







ئەمە پەیامی هونەرمەندێكە كەبە شێواز و كەرەستەیەكی جیاواز لە تاوان‌و كارەسات و تراژیدیاكانی جەنگمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەنفالستان وەك رێزلێنانێك لەكارەكانی ئەو هونەرمەندە ئەم بابەت نمایش دەكات، بە ئومێدی ئەوەی بتوانین سودێك بە دوراڕۆژی مرۆڤایەتی بگەیەنین.



ئەمجارەیان ئێسك و پروسكی قوربانییەكان خۆیان هێنراونەتە گۆ تا بە وێنەو شێوەی جیاواز جیاواز، ئاكامە نامرۆیی و كاولكارەكەی جەنگ نیشان بدەن. هونەرمەندی وێنەگر" فرانكویس رۆبرت" Francois Robert پەیكەرە ئێسكی مرۆیی راستەقینەی لە زنجیرەیەك كاری هونەریدا بەكار هێناوە بۆ ئەوەی دەرەنجامەكانی شەڕو توندوتیژیی نێوان مرۆڤ نیشان بدات و بە پێداگرییەوە ناوی هونەری راستەقینەی لێ ئەنێت چونكە، بەبڕوای ئەو، لەگەڵ ئەوەی ژیان ئازیزە بەڵام توڕەهاتی ژیا نمان بیردەخاتەوە.



ئەم كۆمەڵە وێنەیە كە ناوی ناون( توندوتیژیی راگرن ) بەرەنجامی ڕێكەوتێكە لە ژیانی ئەو هونەرمەندەدا، كاتێك كە " فرانكویس رۆبرت" چەند دۆڵاب( لۆكەر )ێكی قوتابخانە دەكڕێت بە ٥٠ دۆلار، پاشان پەیكەرە ئێسكێكی مرۆڤ لە یەكێك لە دۆڵابەكاندا دەدۆزێتەوە، كە بە پەتێك گورزە كراوە و لە نێو لۆكەرەكەدا هەڵواسرا بوو. ئەویش ئێسكە پەیكەرەكە دەباتە ستۆدیۆ تایبەتەكەی خۆی و نزیكەی دە ساڵ دایدەنێت بەبێ ئەوەی بیری لێ بكاتەوە. ڕۆژێك لە پڕ دێت بەبیریدا كە ئێسكەكان بە جۆرێكی هونەری ریز بكات كە شێوازی جۆراوجۆری تەعبیریان لێ دروست بكات، وەك تفەنگ، دەمانچە، تانك و فڕۆكەو... هتد. ئەو دەڵێت:" هەر وێنەیەك هێمایەكە لە هێماكانی جەنگ وەكو تفەنگ وفڕۆكە. من ویستم بەشێویەكی غەمناك ئەوە روون بكەمەوە كە بە گشتی ئەوە ئێسكە پەیكەری مرۆڤە لەو توندوتیژییانەوە دەمێنێتەوە. ئا ئەمەیە كە لەدوای جەنگەوە جێ دەمێنێت، پاشماوەی جەستەكان".









ئەو هونەرمەندە ئەمریکییە ،بەرەچەڵەك سویسرییە، ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەژنۆکانی دانیشتووەو وەك خۆی ئاماژەی پێداوە ئازارێکی زۆری تووش هاتووەو ماندوێتییەکی زۆری کێشاوە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو ئێسکانە بکاتە وێنە، وشەو هێما و تابلۆی هونەرییان لێ دروست بکات، پاشان وێنەیان بگرێت.ئەگەر ئێسکە پەیکەری مرۆڤێك ببێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ دروست کردنی زنجیرەیەك تابلۆو وێنە، ئەوا دەبێت ئێسکە پەیکەری سەدان هەزارو بگرە چەند ملیۆن مرۆڤی قوربانیی جەنگ و توندوتیژییەکانی بەتەنها یەك سەدەی ئەم وڵاتەی کە ناوی ئێراقە چەند تابلۆی لێ دروست بکرێت بۆ ئەوەی چیرۆکی مەرگەساتەکانی خۆیان بگێڕنەوە.



# شایە تحاڵێك دەربارەی گۆڕە بە کۆمەڵەکەی نزیك کارگەی بیبسی کەرکوك بۆ ئەنفالستان دەدوێ



ساڵی ١٩٨٨ سەردار کریکار ی ڕۆژانە کاربوو، لەگەڵ هاوکارانی بە زۆری لەبن پردێك دەوەستان، کە ئەنفالکراوەکانیان بە ژێردا دەبرد بۆتۆپزاوا، لەوکاتەدا کارێکی چنگکەوتبوو، بەڵام تەواو مەترسیدار بوو، سەردار زوو ئەوەی بەبیرداهاتووە کە " ئەم تاوانە تەواو بێت دوایی ئێمەش دەکوژن بۆ ئەوەی نهێنیەکە ئاشکرا نەبێت ، دوای هەفتەیەك لەچاڵ هەڵکەندن بۆ تەرمی ئەو کوژراوانەی سەردار دیبوونی وا دەیانشارنەوە ترسێك دای دەگرێت، بۆیە کە هەق دەستەکەی وەردەگرت ئیتر نەچووەوە بۆ سەرکار.

سردار ئێستا پێشمەرگەیە، کە لیواکەیان بەرەوکەرکوك ڕۆیشت لە شوێنێك بارەگایان خست تەواو بەدڵی سەردار بوو، دەمێکە هیوای بۆ دەخواست و نەیدەوێرا سەردانی بکات، ئەو نهێنی کوشتنی بەکۆمەڵی لەلابوو، خۆی لەگەڵ حەفارەکاندا بەشداری لە هەڵکەندنی ئەو گۆڕانەدا کردووە کە دەکەونە پشت کارگەی بیپسی، بەرانبەر ناوچەی پیشەسازیی کەرکوك.

بەپێی قسەی سەردار گۆڕەکان حەفارە هەڵیکەندون وکرێکاریش بە ئەندازەیەکی لە دار دروستکراو لە ناوهەر خەندەکێکدا چەند گۆڕێکیان هەڵکەندووە کە دوو تا سێ تەرم و زیاتریان تێیدایەو چواردوەریشیان بە شایگەری ٨٠+٨٠ دەورە دراوە، تەرمەکانیش ئاسەواری گوللەیان پێوە دیارە.

پێدەچێت ئەوانە کورد بن، کە ساڵی١٩٨٨) کوژرابن، چونکە ئەو سەردەمە بەعسیەکان سەر قاڵی کوشتن و لە کۆڵکردنەوەی ئەنفالکراوەکان بوو.

بە بۆچوونی بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە کە بۆ کوردستان تیڤی دوا ئەوگۆڕە بەکۆمەڵە زۆر گەورەیەو ئەگەری زیاتر لە ٣٠٠٠ سێ هەزار قوربانیی تێدا دەکرێت. هەرچەندە سەردار ئەو سەروەختە بەچاوی خۆی تەرمەکانی بینیوەو بەشداریشی لەهەڵکەندنی گۆڕەکاندا کردووە لەم بارەیەوە جۆرێکی تر بۆ ساڵنامەی ئەنفالستان دەدوێ: دەلێت من ناتوانم بلێم هەمووکوردن یان شتی ترن، ناشتوانم بزانم چەند قوربانیان تێدایە بەڵام جارێکیان تەرمێکیان لەدەست کەوتە خوارەوە شەرواڵی کوردیو قەمسەڵەیەکی مغاویری بەڵەکی لە بەردابوو.

ئەو تەنها شایەتی لەسەر گۆڕێکی بەکۆمەڵ دەداو دەلێت من تەنها دەتوانم لەسەر بلۆکی دوو قسە بکەم کەخۆم کارم تێدا دەکرد بەسەیارەیەك تەرمەکانیان دەهێنا وەکو ئیسعاف یان سەیارەی ئایسکریم وابوو، دوایی ئیمام تابورێکی ریش درێژ هات بەرگی سەربازی لەبەردابوو، یاسینی لەسەرخوێندن و ڕۆیشتن، ئەوەشی گیرایەوە کە سەیارەیەك سورایەوە بەقەد یەك بەرمیلی نەوت خوێنی لێرژا.. بەڵام ئیتر نەهاتمەوە بۆ ئیشەکە بێگومان پێش منیش و دوای منیش کۆمەڵکوژی هەربەردەوام بووە

- لەژمارەی داهاتوودا دیدارێك لەگەڵ سەردار بڵاودەکەینەوە

# ( فلمی من بەکرێگیراوی سپیم )



نوسین‌ودەرهێنانی تەهای کەریمی

وێنەگرتنی : سەرکێو مسگەری

دەنگ عەلی وەفایی

فۆتۆ: ئەوین شەریفی

یاریدەدەری دەرهێنەر: سەیوانی سەعیدیان

بەرێوەبەری بەرهەم : عبدولرەحمن محمەد

راوێژکار: عومەرمحمەد

مۆنتاژ: ئاراس رەسەفی

مۆسیقا : حمید پۆرسی

من بەکرێگیراوێکی سپیم فلمێکی دۆکۆمینتاریەو هەول‌وتیکۆشانی بەکرێگیراوێك( موستەشـ ارێکی بەعس ) دەخاتە رووکەدەیەوێت خۆی لەناوزراندن پاك بکاتەوە. ئەم فلمە باس لە هەولەکانی موستەشارێك دەکات لەئەنفالی سێی گەرمیاندا بەزۆری لەشاری کفری‌و ناجێی رزگاری‌و گوندەکانی دەوروبەری شەرقەلا وێنەی گیراوە.

لە لێدوانێکدا بۆ سالنامەی ئەنفالستان دەربارەی بیرۆکەکەی فلمەکە ووتی : ( سەعید جاف موستەشارێك بووەو بەشداری تاوانی ئەنفالی کردووە، بەخۆی‌و ١١٠٠ چەکدارەوە کامێرایەکی ڤیدیۆی هەلگرتووەوگوند بەگوندومالبەمال بەدوای ئەو شایە تحالانەدا دەگەرێت، کە لە رۆژگارە دۆزەخیەکەی ئەنفال رزگاری کردوون ).

فلمەکە بەدوای هەردولادا چووەو گوێی لەهەردولا گرتووە بۆیە فلمەکە ئەوەندەی پشتی بە زمانی دیالۆگ بەستووە ئەوەندە لەسەر"مەنەلۆژ" گیرانەوە نەوەستاوە. لەنیوان دوو جەمسەری دژبەیەکدا. ژیان‌و دەردی بەکرێگیراوی دەردێکە هێشتا لەکوردستان ئاورِی لێنەدراوەتەوە کارەکتەری سەرەکی ئەم فلمە گرێیەکی نەکراوەیە، سەعید جافی کۆنە موستەشار هەلگری ژانێکی تایبەتە کە رەنگە زۆرکەس هاوسۆزنەبن لەگەلێدا، لەم فلمەدا ئەم ژانەوئەو دەردە لەگەل کۆی دەردوژانەکانی تر وێناکراوە.

**پرۆفایل**

تەهای کەریمی لەدایکبووی ١٩٧٦ی کوردستانی رۆژهەلاتە . دەرچووی دەرهێنانی سینەمایە لە زانکۆی هونەری تاران. کۆلیژی سینەما.

**فلیمەکانی پێشووی بریتین لە**

- کوێستانی قەندیل
- چەند کورتە فلمێکی تر
- سنوری ژن
- زریان
- کوێستانی سپی
- نەوت شێر پەنجەی شارەکەمان
- نان و نەوت
- چەندین ونحیرەی تەلەفزیونی دیکۆمینتاری
- بەشـداری ٤٥ ڤیسـتڤاڵی نێونەتـەوەیی و ناوخۆیی کردووە

## ( ئەگەر من سواڵکەربم ئێوە چین )

**ئەندامی باڵای " چاودێری کوردۆساید کە ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنوسان لقی کەرکوکیشە" لە رۆژنامەی ئاوێنەوە سوکایەتی بە چالاکوانانی ئەنفال دەکاو لەچەند دێریکدا بەناهەق پەلاماری زۆرکەسی داوە، بەڵام نەك هەرخۆی بەڵکو ئاستی بەرپرسیارێتی و بێپاکی ئەو رێکخراوانەشی ناساندووە کەتێیاندا ئەندامە فەرموون بزانن سەبارەت بە " ئەنفالستان" چ شەکرێك دەشکێنێ :**

**( قێزم لەوانە دەبێتەوە کار بۆ ئەنفال دەکەن !** ) (ئەمە مانشێتی نوسینەکەیەتی ..!! سەبارەت بەئەنفالستانیش دەڵێت :

**( فلانە کەس گۆڤارێك بۆ ئەنفال دەردەکات بایی موچەی ٣ ساڵی ئێمە سواڵ کۆدەکاتەوەو گۆڤارەکەش بەخۆڕایی دەردەکاتو خۆشی بە قارەمانی یەکەمی ئەنفال دەزانێت )**

**خاوەنی ئەو قسانەی سەرەوە شایانی وەڵامدانەوە نیە، بەڵکو روی قسە لەئەندامانی چاودێری کوردۆسایدە، مەگەر خۆیان بە داکۆکی کاری دۆسیێ ئەنفال نازانن..؟ خێرە ئەندامەباڵاکەیان قێزیان لێدەکاتەوە و ئەوان بێدەنگن ؟ ئەو پرسیارە بۆ سەندیکای رۆژنامەنوسانیشە ئەگەر ئەوە دەمو لەفزی ئەندامەکارا کەیان بێت، ئەی نا کاراکانیان چۆنن؟ بەتایبەتیش لقی کەرکوکی سەندیکاو لیژنەی داکۆکی لەماف و ئازادیەکانی رۆژنامەنوسان کە بە بەرچاویانەوە بێرێزی بە مرۆڤو قەڵەم دەکرێت..؟ ئەوە بۆ دووهەمینجارە بە ئاگاداری سکرتێری ئەو لقەو سکرتێری لیژنەی داکۆکی کابرا گێچەڵمان پێدەکاو ئێمەش ئامادەنین دابەزینە ئاستی ئەو ، لێرەوە جەخت دەکەینەوەو رایدەگەینین کە هیچ کێشەیەکی کەسیمان لەگەلیدا نیەو ئاشکرایە گێچەڵی ئەویش لە ئێرەیی بەولاوە شتێکی تر نیە، بەهیواین ئەگەر هەست بەکێشەیەك دەکات هەڵکشێتە سەرەوە بۆ ئەوەی بتوانین قسەیەکی لەبارەوە بکەین.**

**سەیر لەوە دایە کەچالاکوانێکی دۆسیێ ئەنفال کاك " لەتیف فاتح فەرەج " سکرتێری لقی کەرکوکی لەم سوکایەتی پێکردنەمان ئاگادارکردبووەوە ، بەرێزی وتبووی " خەمت نەبێ قسەی بەهیچمان نەووتووە.؟ وەك بلێی قسەی سوك بەخەڵکانی تر رەوابێ و ئیدانەکردنی ئەرکی ئەوان نەبێت ..؟!**

# کۆمەك بەخشانی ئەم ژمارەیە

## کەلار

| ناوی کۆمەککار | بڕی وەرگیراو | ناوی کۆمەککار | بڕی وەرگیراو |
|---|---|---|---|
| برلمانتار برهان محمد فرج | ١٠٠٠٠٠سەدهەزار | محمەد سابیر کەمەر | ١٠٠٠٠ دەهەزار |
| پەرلەمانتار سالار محمود | ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار | ئازاد عوسمان | ١٠٠٠٠ دەهەزار |
| ئەکرەم سالّح | ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار | عقید یاسین خدر | ١٠٠٠٠ دەهەزار |
| هیرش محمد سەنکەری | ٢٥٠٠٠ بیستو پێنج | تەهاباجەلان | ٧٠٠٠ حەوت هەزار |
| مەلارەحیمی مەلارەشید | ٢٥٠٠٠ بیستو پێنج | نەقیب سەرچڵ عەبدولکەریم | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار |
| شێرزاد باوەنوری | ٢٥٠٠٠ بیستو پێنج | ئاوارە جاف | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| فایەق رەحیم | ٢٥٠٠٠ بیست و پێنج | ملازم عوسمان عەبدولکەریم | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| عەمید نازم وەستاشەریف | ٢٥٠٠٠ بیست و پێنج | سیروان محمود مراد علی | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| پشکۆمحمد رۆستم | ٢٥٠٠٠ بیستو پێنج | شێرزاد کەریم عباس | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| محەمەد عەلی قادر | ٢٠٠٠٠ بیست هەزار | ئەنوەر عومەر فەرەج | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| شوان محەمەدر ۆستەم | ٢٠٠٠٠ بیست هەزار | عەلی عەبدالعزیز قادر | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| ابراهیم احمد هواس | ٢٠٠٠٠ بیست هەزار | حسێن صالح حسێن | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| عومەرشەریف کەریم | ١٥٠٠٠ پانزە هەزار | عەباس مەحمودگەرمیانی | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| فریادفەقێ عەلی | ١٥٠٠٠ پانزە هەزار | عەلی تازەدێی | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| ئاریان رەئوف | ١٢٠٠٠ دوانزە هەزار | م.جبارمحەمەدعەلی | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| سمکۆسابیر | ١٢٠٠٠ دوانزە هەزار | رێبین جەماڵ | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| نەقیب شەهید ئیبراهیم | ١٠٠٠٠ دە هەزار | کریم حسێن | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| عەقید حەسەن حەمید | ١٠٠٠٠ دە هەزار | کامەران یاروەیس | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| سەرداررەحیم | ١٠٠٠٠ دە هەزار | سارێژسالّح هەلا ج | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| فریاد حسێن | ١٠٠٠٠ دە هەزار | م.سالارحسێن محێدین | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| مقدم محەمەد عەبدولڕەزا | ١٠٠٠٠ دە هەزار | کامەران فایەق | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| عەقید بەکر شاکر | ١٠٠٠٠ دە هەزار | ئیبراهیم قادر حسێن | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| علی فرج کریم | ١٠٠٠٠ دە هەزار | بنەماڵەی شەهید ئەنوە هەوس | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| جەمیل محمەد ابراهیم | ١٠٠٠٠ دە هەزار | سۆران ابراهیم | ٤٠٠٠ چوار هەزار |
| کاوە جبار محمد | ١٠٠٠٠ دە هەزار | رێبین تەها | ٣٠٠٠ سێ |
| سەحەر یاوەر صابر | ١٠٠٠٠ دە هەزار | هۆشیارئیسماعیل | ٣٠٠٠ سێ |
| عەدنان تۆفیق صدیق | ١٠٠٠٠ دە هەزار | م.جەلال مەلەك | ٣٠٠٠ سێ |
| عیماد نجم الدین فقێ | ١٠٠٠٠ دەهەزار | ئازاد عمر محمد | ٣٠٠٠ سێ هەزار |
| محمد عبدالله محمد | ١٠٠٠٠ دەهەزار | حسین عزیزعلی | ٣٠٠٠ سێ هەزار |
| بەکر مارف رۆستەم | ١٠٠٠٠ دە هەزار | محمد عزیز خداد مراد | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| حاجی ئازاد حسێن | ١٠٠٠٠ دە هەزار | مەریوان عەلی حوامێر | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| بەکر مارف رۆستەم | ١٠٠٠٠ دە هەزار | سامان عومەر | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| عیماد نجم الدین فقێ | ١٠٠٠٠ دەهەزار | | رحمان عەبدولکەریم محمد | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| سەرکۆمحەمەدرۆستەم | ١٠٠٠٠ دە هەزار | | ئاراس گەرمیانی | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| محمد عبدالله محمد | ١٠٠٠٠ دەهەزار | | م.عومەرحەمەی ئایش | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| گەرمیانی حەمەی پور | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | رەسوڵ بارام | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| فەریدە رۆزان محمد | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | یاسین لەتیف | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| سیروان محمود مراد علی | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | ئەحمەدستار | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| عەلی عەبدالعزیز قادر | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | سەیدعەدنان | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| محەمەدعەلی عەزیز | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | جمعە حسێن | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| نامیق صدیق عبدالرحمن | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | سەلام عەزیم عەزەم | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| شێرزاد کەریم عباس | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | م.سەرحەدمحەمەد رەشید | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| ئەنوەر عومەر فەرەج | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | رێبوار فقێ محمود | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| حسێن صالح حسێن | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | مجمد عزیز خداد مراد | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| محەمەد حەسەن | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | گۆر ان رەحیم سەمین | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| گێلاس مستەفا محمەد | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | تالیب ئەسکەندەر | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| سامان علی یارویس | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | ئەحسان قادرساڵح | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| فتح الله شمس الله جهانکیر | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | رحمان عەبدولکەریم محمد | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| د.مناڤر عباس | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | مریوان کلار | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| سامان رحیم محمد | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | ئارام صابر محمد | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| سەربەست رحیم علی | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | عیماد بەشارەت ناسر | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| حاجی امیر رشید | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | مەرەی مامەساله | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| یادگار فتاح احمد | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | نامیق عەلی باباخان | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| یادکار علی محمد | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | سەیوان عومەر | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| م. وریا صابر | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | احمد جلال میر احمد | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| عبدالله باشا | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | خلیل عادل محمد | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| فازل رحیم حمد | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | ئەرسەلان بەرۆش | یك هەزار |
| صالح میروەیس | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | کاروان سامان | یك هەزار |
| ئەبوبەکرحەسەن | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | ئالان ئەرکان | یك هەزار |
| م. ستارعەزیزمەجید | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | کاوە جاسم قاسم | یك هەزار |
| دڵشادعوسمان مستەفا | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | هەفال ابراهیم | یك هەزار |
| زمناکۆعەبدولکەریم | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | ریاض رضا محمد عبدلی | یك هەزار |
| م.جەلال سەعدوللا | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | سعید حسن | یك هەزار |
| محمد کامران محمد | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | سواره ئاغا علی | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| کاروان علی یار وەیس | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | عباس انۆر محمد | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| عەباس مەحمودگەرمیانی | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | صباح علی سلیمان | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| م.حەسەن سەرتیپ | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | احمد صابر کەمەر | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| فەریدە رۆزان محمد | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | ماریا محمد صابر | ٢٠٠٠ دوو هەزار |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| فەرمانبەرانی پقە کلار | ٤٠٠٠ چوار هەزار | | عوسمان عبدالقادر | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| تەلعەت سعدالله | ٣٠٠٠ سێ هەزار | | ئاسۆوەهاب | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| ئەنوەری مالیە | ٣٠٠٠ سێ هەزار | | سۆران رۆستەم | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| سالارعەزیز | 3000سێ هەزار | | امین صالح | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| ئەركان جەوهەر | 3000 سێ هەزار | | مریوان علی جوامیر | یەك هەزار |
| جیهاد مەولودەلۆیی | ٣٠٠٠ سێ | | ابراهیم محمد عبدالكریم | یەك هەزار |
| **کۆی گشتی** | ١٠١٢٣٠٠٠ یەك ملیون‌وسەدو بیست‌وسێ هەزار دینار | | | |

| سلێمانی | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بڕی وەرگیراو | ناوی کۆمەککار | | ناوی کۆمەککار | بڕی وەرگیراو |
| ئەندازیار تەیب جەبار | ١٥٠٠٠٠سەدو پەنجا هەزار | | ابراهیم لازیانی | ١٠٠٠٠ دەهەزار دینار |
| مەریوان نصرالدین | ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار دینار | | بەختیار شێخ عوسمان | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار |
| هونەر مەند عومەر درویش | ٢٥٠٠٠بیستو پێنج هەزار | | مەلانەوزادی شەهیدان | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار |
| سامالٚ عبدالرحمن/ شەهیدان | ٢٥٠٠٠بیستو پێنج هەزرا | | ئامانج اسماعیل | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار |
| دارا محمد عەلی<br>حاجی جەزا سالەیی | ٢٠٠٠٠ بیست هەزار<br>١٠٠٠٠ دەهەزار | | خیلان مستەفا محمد<br>شێخ محمد بەکرەجۆیی | ١٢٠٠٠ دوانزە هەزار دینار<br>١٠٠٠٠ دەهەزار دینار |
| شادان صدیق حسن | ١٠٠٠٠ دەهەزار | | عەبدولا کەریم محمود | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| فازل قادر محمد | ١٠٠٠٠ دەهەزار | | حەپسە رەشید | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار |
| فرهاد غەفور عبدول | ١٠٠٠٠ دە هەزار | | عمر علی محمد | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار |
| کافیە محمد حەمە سور | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | رزگار قادر محمود | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| لۆڤان عومەر محمد | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | خۆشناو قادرمحمود | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| لاس عومەرمحمەد | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | هیوا رەحیم محمد | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| لەرێ عومەرمحمد | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | کامەران عەلی ئەمین | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| کارزان محمود | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | شیروان محمد ئەمین | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| ژیلوان ئەحمەد سید حەمەلاو | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | | |
| **کۆی گشتی** | ٤٢٠٠٠٠ چوارسەدو بیست هەزار | | | |

**ئەنفالستان بۆ فرشتن نیە ..؟**

## بـــــــــازیـــــان

| ناوی کۆمەکار | بڕی کرمەك |
|---|---|
| ماموستا فەهمی گەرمیانی | ١٠٠٠٠ دەهەزار |
| غفور بابکر ژاژلەیی | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| ڕەهیل بەکر بابەکر | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| راوێژ بەکر بابەکر | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| ماموستا ئەرسەلان چیمەنی | ١٠٠٠٠ دەهەزار |
| وەحدەدین یاسین چیمەنی | ١٠٠٠٠ دەهەزار |
| شەماڵ یاسین چیمەنی | ١٠٠٠٠ دەهەزار |
| ئارام یاسین چیمەنی | ١٠٠٠٠ دەهەزار |
| عەلی یاسین چیمەنی | ١٠٠٠٠ دەهەزار |
| سویلە یاسین چیمەنی | ١٠٠٠٠ دەهەزار |
| لەیلا یاسین چیمەنی | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| شەهلا یاسین چیمنی | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| سۆران حمە ڕەشید | ١٠٠٠٠ دەهەزار |
| عەبدوڵا بچکۆل هەیاسی | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| **کۆی گشتی** | ١٩٢٠٠٠ سەدو نەوەدو دوو هەزار دینار |

## گوندی ئۆمەربلی ئەنفالکراو

| ناوی کۆمەکار | بڕی کرمەك |
|---|---|
| حسن علی حاجی فەرەج | ١٢٠٠٠ دوانزە هەزار |
| سەردار حاجی ڕەشید | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| سۆران جلال فرج | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| مریوان عمر فرج | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| سیروان حسن امین | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| نعمان عدنان حمە امین | ٤٠٠٠ چوارهەزار |
| حمە سەعید حمە صالح | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| نجم الدین محمد محمود | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| گۆران حسن اسماعیل | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| بەختیار سعید محمد | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| زۆراب مدحت غفور | ٢٠٠٠ دوو هەزار |

## بالیســـــــان

| | |
|---|---|
| ماموستا محمد ئەمین لاسە | ١٢٠٠٠ دوانزە هەزار |
| توانا مصلح | ١٢٠٠٠ دوانزە هەزار |
| ماموستا ئەدیبە عوسمان | ١٢٠٠٠ دوانزە هەزار |
| ماموستا ئەحمەد مستەفا | ١٢٠٠٠ دوانزە هەزار |

## دەربازبوانی کۆمەڵکوژی گوندی کوریمێ

| | | | |
|---|---|---|---|
| هاشم محمد رشید | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار | عەبدولکەریم نایف | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار |
| عەبدالقهار خەلیل | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار | ئەبابەکر عەلی | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار |
| صدقی خەلیل | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار | **کۆی گشتی** | ٢٥٠٠٠ بیستو پێنج هەزاردینار |

| گۆپتەپەی شەهیدان | | | |
|---|---|---|---|
| ناوی کۆمەککار | بری کۆمەك | ناوی کۆمەککار | بری کۆمەك |
| م. چنار ڕانیەی | ١٥٠٠٠ پانزە هەزار | جلال احمدجمیل | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار |
| م. هێمن عبداللە | ١٢٠٠٠هەزار دینار | عوسمان محمد امین | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار |
| سەردار سالار | ١٠٠٠٠ دەهەزار | م بختیارلەتیف | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار |
| هونەر سالار | ١٠٠٠٠ دە هەزار دینار | ساکار عبدولا | ٤٠٠٠ چوار هەزار |
| ئاوارەحامید | ١٠٠٠٠ دەهەزار | م .مسعود مجید سەنگاوی | ٣٠٠٠ سێ هەزار |
| م .فەرهاد لتیف | ١٠٠٠٠ دەهەزار | م زاهیر احمد | ٣٠٠٠ سێ هەزار |
| پێشڕەو سالار | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار | م .مەریوان حەسەن | ٣٠٠٠ سێ هەزار |
| سعیدعبداللە | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار | م هونەر مامڵێیسی | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| بەشدار عبدالرحمان | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار | دارەوان سعیدعلی | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| هاوڕاز حاکم ڕێبوار | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار | بیلال محمد أمین | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| غازی مجید | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار | ئارام عەبدولرەحمن | یەك هەزار |
| ناو | کۆمەکی منداڵانی گۆپتە پە | | |
| ڕۆژگار عبدلاّ | بنەڕەتی گۆپتەپە | بەڵێن ڕەزا | بنەرەتی قامیشلی |
| ئەزیزعبدلاّ | بنەڕەتی گۆپتەپە | کاڵێ رەزا | منداڵ |
| تریفەفاخیر | بنەڕەتی قامیشلی | أحمدفاخیر | بنەرەتی قامیشلی |
| محمدفاخیر | بنەڕەتی قامیشلی | کامەران ڕەزا | بنەرەتی قامیشلی |
| پەرێز محمد مجید | ئەم پە پولانە هەریەکەو ١٠٠٠ دیناریان بەخشیووە. | کۆی گشتی | ١١٣٦ سەدسیو شەش هەزار |

## ١٢٠٠٠ دوانزە هەزار ..!! ؟

**بە پێچەوانەی ئەوانەی هەر فێربوون وەربگرن و نەبەخشن بە شێوەیەکی خۆرسك هەندێك لە کۆمەك بەخشەکانی ئەم ساڵنامەیە بێئەوەی یەکتری بناسن یان پێشوەخت لەسەری رێك کەوتبن لە لای خۆیانەوە بریاریانداوە هەموو مانگێك یەك هەزار دینار یان زیاتر پاشەکەوت بکەن بۆ دەرچوونی ئەم ساڵنامەیە ، کە کۆی ساڵەکەش بەهەزار دینار دەکاتە ١٢٠٠٠ هەزار بێگومان هەندێکیشیان زیاتریان داناوە ئەم هەستە بەرزە چیمان لێ داوا دەکات خۆشەویستی و خۆبەخشی نەبێت**

| ڕێکخراوەکان | |
|---|---|
| ڕێکخراوی( Wdi ) وادی ئەلمانی | $1000 هەزار دۆلار |
| ناوەندی هەڵەبجە – چاك | ١٠٠ $ سەدۆلار |
| کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەلآیەتی کەرکوك | ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار دینار |
| ریکخراوی ژیان نوسینکەی کەرمیان | ٦٠٠٠٠ شەست هەزار |
| سەندیکای ڕۆژنامە نوسان ن. خانقین | ٥٠٠٠٠ بەنجا هەزار |
| ناوەندی ڕۆشنبیری بازیان | ٢٥٠٠٠ بیست‌و پێنج |
| دەستەی ناساندن‌و بوژاندنەوەی گۆیتەپە | ١٥٠٠٠ پانزە هەزار |

## گوندی کلیسەی ئەنفالکراو ٥٠٠٠٠ پە نجا هەزار دینار

| کـفـــــــری | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ناوی کۆمەککار | بری کۆمەك | | ناوی کۆمەککار | بری کۆمەك |
| رئیس کەمالی ئاسایش | ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار | | مامۆستا صلاح الدین عبدالحمید | ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار |
| عاصی فرود عەزیز | ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار | | مام نەوزاد امرفوج-٣ | ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار |
| جلیل شهید مام فایەق | ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار | | مەلا ئیدریس | ٢٥٠٠٠ بیست‌و پێنج هەزار |
| نقیب سەرکەوت نارینی | ٣٠٠٠٠ سی هەزار | | قادر فاتح وەیس | ٢٥٠٠٠ بیست‌وپێنج هەزار |
| | | | | |
| | | | **کۆی گشتی** | **٣٣٠٠٠٠ سێسەدوسی هەزار** |

| خورماتوو | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ناوی کۆمەککار | ناوی کۆمەککار | | ناوی کۆمەککار | ناوی کۆمەککار |
| شلال عبدالاحمد | ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار | | احمد حاجی قادر | ٥٠٠٠ پیچنچ هەزار |
| نەجات حسن ملا علی | ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار | | کامەران شەهیدان | ٥٠٠٠ پێنح هەزار |
| مامۆستا سردار محامی | ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار | | حسێن دوزی | ٥٠٠٠ پێنح هەزار |
| موفق مام مردان | ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار | | مامۆستا عەلی محمد وەلی | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| مامۆستا جوان رمەزان | ١٥٠٠٠ پانزە هەزار | | حسێن عەلی محمد | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| کەریم حسین | ١٢٠٠٠ دوانزە هەزار | | بەختیار عەلی محمد | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| سجرە سگون حمید | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | | سرود محمود صادق | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| هاشم حەوت تەغاری | ٥٠٠٠ پێنچ هەزار | | **کۆی گشتی** | **٢٧٣٠٠دووسەدو خەفتاوسێ هەزار** |
| | | | | |

| کۆمەکی بەشداران  به دۆلار | | | |
|---|---|---|---|
| ناوی کۆمەککار | بری کۆمەك | ناوی کۆمەککار | بری کۆمەك |
| ڕێکخراوی وادی ئەلمانی | $ ١٠٠٠ | پەروین عەزیز | $١٠٠ |
| ناوەندی چاك | $ ١٠٠ | عەدالەت عومەر صالح | $١٠٠ |
| حمید هەنجیرە | $ ١٥٠ | وەیس جەلیل | $٤٠ |
| شێخ سەلام داودی | $ ١٠٠ | فەلاح مراد خان | $ ٢٥ |
| دلێر محمد کۆلنەدەر | $١٠٠ | سوعاد ئاو ڕەحمن | $ ٢٥ |
| د. محمد کریم ئابوری ناسان | $١٠٠ | شاملۆ فلاح | $ ٢٥ |
| شوان رەوف | $١٠٠ | شوشه فلاح | $ ٢٥ |
| جمال خالد – ئوتێل دم دم | $١٠٠ | شەپۆل سەعید | $ ٢٥ |
| مستەفا سەعید | $١٠٠ | دەریا سەعید | $٢٥ |
| دکتۆر عاصی | $١٠٠ | کۆگشتی | $ ٢٢٤٠ |

| هەولێر | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ناوی کۆمەککار | بڕی وەرگیراو | | بڕی وەرگیرلو | ناوی کۆمەککار |
| سەمیرە نادر قادر | ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار | | د.زەیتۆئیسماعیل | ١٠٠٠٠ دەهەزار |
| شێخ ناصر عومەر | ٢٠٠٠٠ بیست هەزار | | غەفورحەمەدەمین | ٨٠٠٠ هەشت هەزار |
| فارس شێخانی | ١٥٠٠٠پانزە هەزار | | سەردارقادر | ٨٠٠٠ هەشت هەزار |
| کەمال حوسێن | ١٥٠٠٠پانزە هەزار | | غازی کەریم | ٧٠٠٠ حەوت هەزار |
| مەریوان سابیرشەریف | ١٠٠٠٠ دەهەزار | | ڕەسوڵ ئەحمەد | ٧٠٠٠ حەوت هەزار |
| واحید ئەحمەد | ١٠٠٠٠ دەهەزار | | بەشدارسەلاّح | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| قارەمان سابیرشەریف | ١٠٠٠٠ دەهەزار | | فەیسەڵ سەعیدمەعروف | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| عەبدولقادرعەلی ڕەسوڵ | ١٠٠٠٠ دەهەزار | | دڵشاد مەولود سەعید | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| جەعفەرهاشم | ١٠٠٠٠ دەهەزار | | کەمال مشعان | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| دڵشادرەمەزان | ١٠٠٠٠ دەهەزار | | ستارعەبدولڕەحمان | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| شێروان عوسمان | ١٠٠٠٠ دەهەزار | | کامەران سابیر | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| ئەحمەدمەجید حەسەن | ١٠٠٠٠ دەهەزار | | سەرفرازغانم | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| کۆی گشتی | ٢٦٠٠٠٠ دوسەدو شەست هەزار | | ناصح محمد سعدون | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |

سوپـــــــاس بۆبەڕێزان :

- محمد سابیر کەمەر
- مامۆستا کامەران حاجی عەلی
- جەمیل محمد ابراهیم
- فەیمەی کەریمی
- ئومێدی کەریمی
- ئیبراهیم لازیانی
- خیلان مستەفا

ئەنفالستان مەکرەو بیخوێنەرەوە

سوپاس بۆ برای بەڕێزم " زانیار نەجم الدین " کە لە ژمارە ی ئەم ئەم ساڵنامەیەوە خۆبەخشانەو بەبێ بەرامبەر دیزاینی بەرگی گرتووەتە ئەستۆ . . دوبارە سوپاس و نمونەیان زۆربێت .

سوپاس بۆ ڕێکخراوی هەڵوێست کە ئەمساڵ لەیادی ئەنفالدا خەلاتی ڕێزلێنانیان بەخشیە سەرنوسەری ساڵنامەی ئەنفالستان

ســـوپاس بـــۆ ئـــەو بەڕێزانـــەی هەســـتیان بەبەرپرســـیارێتی کـــردوو خۆیـــان بـــۆ کۆمـــەکی ئـــەم ســـاڵنامەیە پەیوەنـــدیان پێـــوەکردین. بەتایبـــەتی ڕێکخـــراوی (Wadi) ی ئـــەڵمانی کـــە بڕی ١٠٠٠ $ یان بەخشیە ئەم ژمارەیە .

**هەموو کاریکی مەزن کۆمەڵێك گەمژەی چکۆلەی بۆ پەیدا دەبێ، بۆیە ئاساییە کەسانی بەدگومانو دڵ پیس بەسواڵکەروخراپتریش ناومان بەرن**